عەتا نەهایی

# سەرجەمی ڕۆمانەکان



دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسەر: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناوونیشان:
دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، شەقامی گوڵان، هەولێر

## عەتا نەهایی

# سەرجەمی ڕۆمانەکان

### گوڵی شۆڕان - باڵندەکانی دەم با



کتێب: سەرجەمی ڕۆمانەکان "گوڵی شۆڕان - باڵندەکانی دەم با"
نووسینی: عەتا نەهایی
نووسیار: فەخرەدین ئامێدیان
بڵاوکراوەی ئاراس- ژمارە: ٥٠٤
دەرهێنانی هونەریی ناوەوە و بەرگ: ئاراس ئەکرەم
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل
سەرپەرشتیی چاپ: ئاوڕەحمانی حاجی مەحموود
چاپی یەکەم، هەولێر- ٢٠٠٦
لە کتێبخانەی گشتیی هەولێر ژمارە (٧٧٥)ی ساڵی ٢٠٠٦ی دراوەتێ

# گوڵی شۆڕان

## لە شوێن چارەنووسێکی ون

**پێشکەشە بە دایکم:**

«رەحمەی ڕەسووڵ ئاغا»

بە فرمێسکە شاردراوەکانی

بە چاوەڕوانییە بێ کۆتاییەکەی

# یەک

لاس کوڕە گەورەی وسووئاغا دواپانزە ساڵ و لە ساڵڕۆژی مەرگی خۆیدا گەڕایەوە. لە دەشتی قاییەرد لە کاتێکدا هیچی وای بۆ شار نەمابوو، سێبەرەکەی لە پێش خۆیەوە دەکشا و لە لێلایی سەرەتای شەودا ون دەبوو. لە قەراغ چۆم و لە نێو قۆرغە چنار و بییەکەدا ئەوەندە پەلەی بوو قرەقرِی قرپۆک و خشەخشی گەڵا و لق و پۆپە وشکەڵەکان چێژیان نەدەدایە. بەترسەوە لە بەردەبازەکان پەڕییەوە و هەنگاوەکانی بە باریکەڕێیەک سپارد کە لە پشت ساڵەهاوە بەچاوی هەست دەیبینی. نەیدەزانی ئەو ڕێیە لە بەر قەسابخانەیەکی تازە سازەوە ڕەت دەبێ. بەخشەی پێی، پۆلێ قەلەڕەشی سەر خەوشی خوار قەسابخانەکە هەڵفڕین. لە قاژە قاژ و دیمەنی هەڵفڕینیان لە ئاسمانێکی ڕەشی شینباودا سڵەمییەوە. دوابەدوا چەند سەگە بەڕەڵا لێی وەڕین. ڕاوەستا، بەڵام بێ ئەوەی دانەوێتەوە و بەردیان بۆ هەڵگرێ دیسان ملی ڕێی گرتەوە. سەگەکانیش کە لە بێ ئازارییەکەی گەیشتن، زۆر شوێنی نەکەوتن و وازیان لێ هێنا.

کە گەیشتە یەکەم ماڵی قەراغ شار ڕاوەستا؛ هەناسەیەکی لە ناخەوە هەڵکێشا و بەحەز و تاسەیەکی زۆرەوە پڕ بەسییەکانی هەوای شاری هەڵمژی. لەماوەی کورتی ڕاوەستانەکەیدا تاقە منارەی مزگەوتێک سەرنجی ڕنیەوە.

بەر لە پانزە ساڵ هەموو مزگەوتەکان بێ منارە بوون. بەدەم شۆڕبوونەوەی نیگایەوە شانی هەڵتەکاند. لەخوار منارەکەوە شار وەک ریزەماڵێک بوو چرای ناو ژوورەکانی بەرودوا هەڵکرابوون. تەنگەتاو و بەپەلە هەنگاوی گورجتر کرد.

بیری گەیشتنەوە بۆ ماڵی خۆیان، هەموو بیر و خەیاڵێکی تری ڕاونا. کە خۆی بەیەکەم کۆڵاندا کرد دوو پیاو و چەند منداڵی دی. بێ ئەوە سەرنجیان ڕاکێشێ لە حاستیانەوە تێپەڕبوو. لە ئاخری ئەو کۆڵانەدا مێرمنداڵێک لە بەردەمی قوت بۆوەو سڵاوی لێ کرد. هەنگاوی شل بوو. بێ ئیختیار بۆ ناسینەوەی لێی ورد بۆوە. سەری لە کردەوەکەی خۆی ڕاوەشاند. بڕیاری دا تا دەگاتەوە ماڵ گوێ بەکەس و هیچ نەدا. هەر زووش بڕیارەکەی فەرامۆش کرد. بەدەم ڕۆشتنەوە چاوی بەدیوارەکاندا دەخشاند و جار جاریش سەری بۆ



پەنجەرە نزمەکان هەڵدەبڕی؛ وەک منداڵی چەتوون بەلاسایی کوێرە بێ چاوساغەکان، کۆڵانە و کۆڵان دەستی لە خشت و بەردی دیوارەکان هەڵدەسوو. زۆری نەخایاند کە هەنگاوەکانی بەرەو کۆڵانێکی بن بەستیان برد.

ئاخر دەروازەی ئەو کۆڵانە ڕایوەستاند. بۆ ساتێکی کورت دڵیشی ڕاوەستا. کە هەناسەی بەبەردا هاتەوە و سیوای لە ساتەکە بۆوە، یەک دوو هەنگاو کشایەوە. ئەوەندەی ڕۆشنایی بواری دەدا دەروازە و دیواری بەچاو دۆزی و سەری بۆ ئەودیو دیوارەکە هەڵبڕی. تەنیا ژوورێک لە ماڵی پشت دەروازەکە چرای دەئایسا.

پرسیارێک شاڵاوی بۆ مێشکی برد؛ خەریک بوو پەرێشانی کا. بەڵام دەرفەتی پێ نەدا، چەندە کشابۆوە ئەوەندە بەرەوپێش چۆوە. دەستی هەڵبڕی و بەئارامی لە ئەڵقەی دەروازەکەی نزیک کردەوە. تەزوویەک برووسکە ئاسا رایتەکاند و دەستی پێ کێشایەوە. بۆ جاری دووهەم بەترسێکی زیاترەوە دەستی بۆ ئەڵقەکە برد. هێشتا نەیگەیشتبوویە خشپەیەک لە پشت سەریەوە دایچڵەکاند. گورجێک وەرچەرخا. تاپۆیەکە لەوسەری کۆڵانەکە خزا و ون بوو؛ گوێی پێ نەدا. ئاڵقەکەی بەدەستەوە گرت و بەرزی کردەوە تەق.. تەق... تەق... دڵی داخورپایەوە.

خەیاڵی بۆ پشت دەروازەکە فڕی. دارتوویەک لە ناوەڕاستی حەوشەکەدابوو. جووتێ کەو لە قەفەسدا بەپەلێکەوە و مەشکۆڵە دۆیەک بەپەلێکی تریەوە. حەوزێک لە بنیداو بەردەنوێژێک لەملایەوە. هیچ دەنگێکی لەودیو دەروازەکە نەبیست. توندتر کوتای. زۆری پێ نەچوو دەروازە وەک پێڵووی چاوی نووستوویەک درزی برد. جیڕەیەک بێدەنگی کۆڵانەکەی دڕی. بەحاستەم سەری بۆ حەوشەکە کێشا. مێر منداڵەیەکی قەڵەویچکە لە پشت تادروازەکە بێدەنگ وەستابوو. بۆنێکی ناخۆش، وەک بۆگەنی پیسایی لە دەماخی گەڕا.

– من لاسم. کوڕی ئەم ماڵە.

بێ فەرمووکردن چووە ژوور. بۆگەنەکە لە بۆکڕووز و بۆ دووکەڵدا توایەوە. شەوێکی بەقەدەر پانزە ساڵ دوور و هەناسەیەک نزیک لێ ژیایەوە. لە بەر چاویداماڵەکە گڕی گرت. بڵێسەی بەرەو ئاسمان هەڵکشا. هەورێک لە گڕ و گەرما شاڵاوی بۆ هێنا. هەر دوو بەرەدەستی کردە سپەری ڕوومەتی. دەنگێک لە ژوورەوە هات:

– کێیە هیوا؟

دەنگی دایکی بوو. بەهەڵاتن بەپلیکانەکاندا هەڵگەڕا.

«گەڕامەوە دایە. گەڕامەوە».

لە دالانەکە ڕەت بوو. شانی ماندووی بەلاشیپانی دەرکەی ژوورەکەوە دا و زەردەخەنەیەکی کاڵ ڕوومەتی نەخشاند.

پیرێژن سەری بەرز کردەوە بەباڵایدا هەڵزنا. لە کەڵەموستی پێیەوە بۆ تۆقی سەری. ئەوسا نیگای بۆ سێبەرە درێژەکەی بەدیواری ئەودیو دەرکەوە گوێزایەوە. سێبەرەکەی لاس سێ کەڕەت شکابۆوە. یەکەمیان لە هێڵی نێوان زەوی و دیوارەکە. دووهەمیان لە نێو دەرکەی ئاوەڵای ژوورەکەی بەرامبەر ئەو ژوورە تاسەر سنگی سێبەرەکەی هەڵلووشیبوو. سێهەمیان لە هێڵی بن میچەکە. پیرێژن لچی هەڵقرچاند. ڕەنگە لە بەر خۆیەوە گوتبێتی:

– ئەو پیاوە لار و لەوێرە کێیە؟

– نامناسییەوە؟ لاس، کوڕە گەورەی وسوو ئاغا. کوڕی خۆت.

پیرێژن لەوە دەچوو نەیبیستبێ؛ یان بەسەرەتاتکەی ناوەختی کۆنە بیرەوەرییەکی زانیبێ؛ بۆیە سووکە ئاخێکی هەڵکێشا و بەحاستەم سەری لەقاند. بەڵام دوا ئەوە بۆ دووهەم جار بیستی، موچڕکەیەک لەشی ڕاتەکاند و ئەوەندەی تریش سەری پێ هەڵبڕی. چاوی بچووک کردەوە و هەمدیسان لە باڵای کابرای ناو دەرکەکە ورد بۆوە. دیمەنی لاستیکی قالۆرەئاسا کەوتە سەر پەردەی مێشکی. ملێکی باریک و ڕوومەتێکی تێک قوپاو. بەسەر سووڕمانەوە گوتی: «لاس!».

لەوە دەچوو مستە کۆڵەیەکی گورچکبڕی لێ درابێ. خەریک بوو لە هۆش خۆی بچێ. بەو حاڵەش خۆی ڕاگرت و تیژتر سەیری کرد. جووتێ چاوی بەقووڵداچووی دی، وەک دو کولانەی دەعبای سلۆک و ترسنۆک. بەرزتر گوتی: لاس؟ کوڕی من؟

نیگای بەڕوومەتی لاسەوە ڕچی. بزوە و جووڵە لە گیانی بڕا. بۆ ساتێک بوو بە بەرد. نەیزانی چی وەخۆی هێنایەوە. ناودەمی تاڵ بوو؛ وەک ژاری خواردبێ. تفی قووت دایەوە. بەرەدەستی بەزەوییەوە نووساند و بەرز بۆوە. بەئارامی بەرەو پەنجەرەکە چوو. پەردەکە بەحاستەم لادرابوو، دایدایەوە. لەوە دەچوو لە سەرەتاتکەی کەسێک بترسێ.

لاس هەروا بە پێوە لە نێو دەرکەکە لە دایکی دەڕوانی، ڕامابوو. لە بیری ئەوەدابوو کە بلێی بەهەڵە نەچووبێ؟ وێنەی دایکی کە لە پانزە ساڵ لەوەبەر بەدیواری مێشکیدا هەڵواسرابوو لەتەک ئەو پیرێژنە کەم دوێنەدا بەراوردی کرد. هەر ئەوەندە لەیەک دەچوون کە دڵنیابێ بەهەڵە نەچووە. گوتی:



– وەک سەگ لمبۆزم لە دار و بەرد و شاخ و دەوەن هەڵسووە تا گەیشتوومەتەوە ئێرە.

پیرێژن لەوکاتەدا پشتی لێی بوو. پەنجەی بێزاری چڕنووکی لە دڵی گرت. سووکە ئاوڕێکی لێ دایەوەو گوتی:

لاس دەمێک ساڵە مردووە.

هێشتا زەردەخەنەکە ڕوومەتی لاسی بەجێ نەهێشتبوو.

– بەڵام من زیندووم و گەڕاومەتەوە. بەرچەی خوێنی خۆمدا گەڕاومەتەوە.

پیرێژن لەو قسەش دانەچڵەکی. «گەڕاویتەوە؟» بەچاو ئەو پرسیارەی ڕووبەڕوو کردەوە. لاس بەمانای «بۆ گەڕاویتەوە؟» وەری گرت.

– گەڕاومەتەوە تا سەگی وڵاتی خۆم پێم بوەڕن. تا سەگی وڵاتی خۆم قولاپەم بگرن.

پیرێژن بەرەو جێگەی خۆی چۆوە دەستی لەرزۆکی بۆ حەوجۆشەکە برد: «لاس هەرگیز ئاواتی ئەوەندە نزم نەبووە».

لەبەر خۆیەوە ئەوەی گوت. لاس تێنەگەیشت. ئەژنۆی شل بووبوو. لەوە زیاتر بەسەر پێوە خۆی بۆ ڕانەدەگیرا. شانی لە لاشیپانەکە کردەوە و هەنگاوێکی بەرەو ژوور هەڵێنا. لە ترسی کەوتن دەستی بەدیوارەکە گرتبوو. پشتی پێوە دا و ئارام ڕووخا.

پیرێژن سەرهەڵدانی هەزار پرسیاری لە چاویدا دی. گوێی پێ نەداو خۆی بەحەوجۆشەکەوە خەریک کرد. لاس بێ پێشەکی و لەنەکاو لە پڕمەی گریانی دا. بەدەم هەنیسکەوە چۆلەکەی دەیان پرسیار لە قەفەسی دڵی دەرباز بوون.

– ئەوانی تر کوان؟ خانزاد، یادگار، فەرخە لە کوێن؟

لە ترسی وەڵامی دایکی نەیدەوێرا ژێر بێتەوە. لەشی بەهۆی سەرمایەکی ناوەختەوە دەلەرزی.

لاس پێشتر هەر کاتێ چاوەڕوانی هەواڵێکی ناخۆش دەبوو، بەوپەڕی ڕەشبینییەوە خۆی بۆ دڵتەزێنترین ڕووداو ئامادە دەکرد. ئەمە بۆ ئەوە بوو دوابیستنی هەواڵەکە ئاخێکی ئارخەیانی هەڵکێشێ و بڵێ: «باشە شوکور! بەس نییە ئەوەی بیرم لێ دەکردەوە نەهاتۆتە دی».

بەڵام ئێستا بەپێچەوانەوە لە دڵی خۆیدا دەیگوت: «خۆزگە ئەوەی بیرم لێ دەکردەوە بهاتایەتە دی».

لەوکاتەدا دایکی کە زیاتر لە سەعاتێک بوو قسەی بۆ دەکرد و ڕووداوەکانی ئەو پانزە ساڵەی بۆ دەگێڕایەوە گوتی:

– هەر من و هیوا لە ژێر سێبەری ماڵی وسوو ئاغادا ماوین.

لاس بەئارامی سەری بەرزکردەوە، بەشەرمەوە لە دایکی ورد بۆوە. پیرێژن لەو ماوە کورتەدا ئەوەندەی تریش پیر بوو بوو. داماو و ماندوو، وەک ئەوە لە سەفەرێکی سەخت و ناخۆش گەڕابێتەوە، وەک ئەوە هەموو ئەو ڕووداوانە لەو ماوە کورتەدا ڕوویان دابێ. هەموو ئەو بەڵا و موقەدەرانە لەو سەعاتەدا بەسەری هاتبێ. بەو حاڵەش وازی نەدەهێنا و نەیدەبڕاندەوە. لەوە نەدەچوو هەست بە بوونی کەسێک بکا. دەتگوت بەتەنیایە و ڕابردووی دەور دەکاتەوە. دەتگوت وڕێنە دەکا. بەسۆزەوە وشەکانی دەکێشا. هێندێ وشە و ڕستەی دووبارە و چەندبارە دەکردەوە. وەک دەنگدانەوە. بەتایبەت ئەو کاتە کە دەیگوت «هەر من و هیوا».

لاس نیگای بۆ ڕوخساری هیوا گوێزایەوە. سۆزی گێڕانەوەکەی دایکی ئەویشی گرتبوو. سەری زلی بەملیەوە شۆڕ بووبۆوە. مەچەکی دەستی خۆی دەکرۆشت و دەگریا.

لاس دیسان هەستی بەبۆگەنی پیسایی کرد. دەبوو بەبێزەوە تف بکاتەوە. ناچار نیگای لێ دزیەوەو بەچوار قوڕنەی ژوورەکەیدا گێڕا. چوار دیوارییەک کە هێشتا دووکەڵ شوێن فلّچەی کۆنە تەڕاوی نەسڕیبۆوە. ئایەتولکورسیەک بەلای ژووررووی دیوارەکەوە بوو. ڕەسمی وسوو ئاغا لە سەر تاقی ژێر ئایەتەکە تۆزی لێ نیشتبوو. بۆ ڕەسمی خۆی گەڕا. لەسەر تاقەکانی تر جگە لە ڕادوێیەک و قورئانێک و چەند کتێب هیچی تری نەدی. کتێبەکانی باوکی ناسییەوە. شانامەو خەونامەو کتێبێکی شەرعیات. یەک دوو گوڵی لاسیقی لە گوڵدانێکی بلووردا لە سەر تاقە بچووکەکە بوو. ئایا پێشتریش ئەو گوڵدان و گوڵانەیان بوو؟ بیری نەکەوتەوە. پێی خۆش بوو هەواڵی ڕەسمەکەی خۆی و خانزاد بزانێ. ئەو ڕەسمە کە وەستا حسێنی عەکاس پێش لەدایک بوونی یادگاری کوڕیان گرتبووی. نەیوێراله دایکی بپرسێ. بیوێرایە هەواڵی ڕەسمەکەی فەرخەی براشی دەپرسی. ئەو ڕەسمەش لەهەمان ڕۆژدا گیرابوو. ئەو ڕۆژە زۆر لەبەر دایکیشیان پاڕابوونەوە کە بهێڵێ ڕەسمی لێ بگرن.

نیگای لە سەر ڕوومەتی دایکی چەقی. بۆ یەکەم جار لەخۆی پرسی، بۆ ئەوەندە پیر بووە؟ پێی وابوو ئەو چرچ و لۆچانە هەموویان بەڕۆژێک ڕوومەتیان بەو مەرەیە بردووە. لەزەینیدا چرچەکانی سڕییەوە. چاوەکانی دایکی گەش بوونەوە. وەک ساڵانی زوو میهرەبان و پڕ لە بەزەیی. ئەو حاڵەتە زۆری نەخایاند. سپیەنەکانی وردەوردە زەرد و بۆرەقنە بوونەوە. برژانگەکانی بەرەودوا هەڵوەرین و پێڵووی شۆڕ بوونەوە.



ئەو تێڕامانە دایکی بێزار کرد. لە بەر ئەو بێزارییە، یان لە ترسی پرسیاری تر لەبەر خۆیەوە گوتی: «فرەوێژیم زۆر کرد». ئەوسا بەدەم هەناسەیەکی قووڵ و تەقەلای بەرزبوونەوە درێژەی پێ دا: «ماندووی. بڕۆ لەو دیو ڕاکشێ».

لاس خۆشحاڵی خۆی لەو ئیجازەیە پێ نەشاردرایەوە. وەک بەرۆکی پاڵتۆ کۆنێک بگرن و بەرزی بکەنەوە هەستا. لەبری ئەوە خۆ بە ژوورەکەی تردا بکا بەرەو بانیژەکە چوو.

سێبەری ماڵەکە هەموو بانیژەکەی گرتبۆوە. مانگ تازە لە جنێرەوە سەری دەرهێنابوو. بۆ دیتنی دەبوو بەپلیکانەکاندا داگەڕێ و خۆی بگەیەنێتە ئەو سەری حەوشەکە. تاپۆی ناوەڕاستی حەوشەکە پێشتر وەک ورچێک دەچوو؛ بنەدارێکی سووتاو بوو. ڕەشایی تۆخی لە بەر تریفەی مانگەشەودا دەبریسکایەوە. وەک تەواف، چەند جار بەدەوریدا گەڕا. بەری بەکوڵی گریانی گرت. حەزی کرد توند لە باوەشی بگرێ و دڵی پێوە بنووسێنێ. دڵی خۆی دەدی کە وەک مەلێکی کوژراو، وەک پارچەیەک خوێنی دەڵەمە لە ناوەوە بەپەراسوەکانیەوە لکابوو. بەپێچەوانەوە چەند هەنگاو لێی دوور کەوتەوە. لە شوێنێک کە ڕاست مانگی بەژوور بنەدارە سووتاوەکەوە دەدی، ڕاوەستا. نیوەی ڕوومەتی مانگ لە پشت پەڵە هەورێکەوە بوو. وەک ئەوە لە باخەڵی دزێکدا بێ. ئەوەندە سەیری کرد تا پەڵە هەورەکە هەمووی لێ شاردەوە. بنەدارەکەش لە بریسکە کەوت. ڕۆشنایی کزی ئەو دیو پەنجەرەی ژوورەکان(ژوورەکەی دایکی و ئەو ژوورە کە قەرار بوو لێی ڕاکشێ) سەرنجی ڕاکێشا. ئەو دیمەنە لەسەر تەختە بەردێک– کە پێپلیکانەی تەندوورەکە بوو– داینیشاند. دەستی پێ ژێر چەناگە نا و بۆ شەوانی سەردەمی منداڵی بردەوە.

لاس لە پشت پەنجەرەوە سەیری ژوورەکەی دەکرد. لەسەر مجریە پۆڵاکە چرایەکی گڕسۆز دەئایسا. سێبەری میوانەکان لە سەر دیوارەکە بەرزتر و گەورەتر لە خۆیان دیمەنێکی سەیر و سەمەرەیان سازکردبوو. میوانەکان پیاو ماقووڵانی گەڕەکی خواروو بوون. شێخ ساڵە، مەلا خالید، حاجی سمایل و میرزا حەمە کەریم. هەموو جارێک دوا گەڕانەوەی وسووئاغا لە ڕاو لێیان دەگێڕدرایەوە. میوانی بوو و کۆڕی شەوانە و شەڕە شێعر: «قولوڕفی.. لمن توفیق.. قلم گفتا کە من شاە جهانم... قلم زن را بەدولت می رسانم. بەمیم» پیتی ئەلف و بێ بڕابوو میوان نەبەزیبوون.

لاس لەوەڕز یا لە ژوورەکە هاتبووە دەر، تاقەتی دانیشتن لەلای خواروو نەبوو؛ ڕێگەی لای خاڵە نایەریشیان نەدەدا. خاڵە نایەر لە ژوور هەموو میوانەکانەوە، لە

تەنیشت پەنجەرەکە دانیشتبوو سەری بەکۆشیدا شۆڕ کردبۆوە. سێبەری ڕیشە سپییەکەی لە لاشانەوە کەوتبووە سەر دیوارەکە و بەحاستەم دەلەرایەوە. دیاربوو لە بەر خۆیەوە قسەی دەکرد. تا ساتێکی تر میوان دەڕۆیشتن و میوانخانە چۆڵ دەبوو. ئەوسا لاس دەچووە بن ڕیشی چۆکی دادەدا و دەیگوت: «دەی خاڵە، بەیت».

خاڵە نایەر دەیزانی لاس دەمێکە چاوەڕوانە. دەستە سپییەکەی بەسەردا دەهێنا و بەزەردەخەنەوە دەیگوت: «دوێشەو تا کوێمان گوت؟»

لاس لە بیری بوو. وەبیر خاڵە نایەریشی دەهێنایەوە. خاڵە سەری بۆ دەلەقاند و ئارام دەستی پێ دەکرد:

*«خەزاڵ بە لاسی گوت:*
*چبکەم ئەویش بۆ من دەبێتە خەم، ئەمن بابان وێرانێ*
*پێیان گوتم، گوڵی شۆڕانێ هەن لە چل پلەی عومانێ*
*چراو لالەت ناوێ. سەربەخۆ دایسێ هەتا سبحەینانێ*
*لاس گوتی:*
*مایینی شێ خزم بۆ دەرێنن بەیەکجاری*
*ڕمبی نەزەریم بۆ دەرێنن دەگەڵ جووتێ زەرگی خوندکاری*
*خۆم دەسپێرم بە خولاو بە جەباری*
*یان سەری خۆم دادەنێم یان گوڵی شۆڕانێ دێنم بە دیاری*
*یای خەزاڵ گوتی:*
*چبکەم ئەمنی سەر بەتاڵ و مل بەکوێنە*
*مایینی شێ خزم بۆ لە بەهاربەندێ دەرهێنا*
*دەپشتیان دەکردەوە زینە*
*هەگبەیان بۆ دەهێنا*
*پڕیان کرد لە نانی شەکرینە*
*لاس گوتی:*
*یای خەزاڵ ئەتۆ ئەو هەگبەت بۆ چییە؟*
*ئەنگۆ بۆم بێنن ڕمبی نەزەری کەوایەکی دوولاییە*
*زەوادم ناچێتە سەر زاری هەتا گوڵی شۆڕانێت بۆ نەهێنم بەدیارییە...»*



سەیر ئەوە بوو ئەگەرچی لاس زوو شتی لەبیر دەچۆوە و کەم بیر و هۆش بوو، بەڵام وشەبە وشەی بەیتەکانی لەبەر دەکرد. وەها کە بۆ ساڵی دواییش دەتگوت خاڵە نایەر لە مێشکی دایە و ئەم داوای لێ دەکا «دەی خاڵە...» خاڵەش درێژەی دەداتێ:

*«لاس دەڵێ شەڕ شەڕی کاوڕان نییە. شەڕ شەڕی بەرانانە...*
*ئەمن لاسی باڵەکیم بۆ گوڵی شۆڕانێ هاتووم، تەواوە.*
*یان دەبێ شەڕم لەگەڵ بکەن یان دەبێ لە چل پلەی عومانێ بکەن بڵاوە*
*بەو شەوە چل گوڵیان، گوڵی شۆڕانێ هێناوە.*
*دەسک بەدەسکیان کرد لە هەگبەی لاسیان ناوە.*
*بە ئاوریشمی دووکانێ پێچراوە».*

لەوەدوا خاڵە نایەر نەبوو کە بەیتی دەگوت. لاسە شۆڕی باڵەکیان بوو لە مەیدانی مێشکی کوڕە بچکۆلەی وسوو ئاغادا دووڕێیانێکی دەهاتە بەر. ڕێیەکی یەک ڕۆژەی پڕ مەترسی و ڕێیەکی چوار ڕۆژەی ئەمین. ڕێی پڕ مەترسی هەڵدەبژارد. ئەو ڕێیەی کە بەوڵاتی چلکنانا ڕەت دەبوو. ئەوەندەی دەزانی تیرێکیان دەهاویشتێ. کە ئاوڕی دەدایەوە و سەری هەڵدەبڕی دەیدی تیر هاوێژ لە بەرزییە. لەوێوە زورگێکی بۆ دەخست و دەیئەنگاوت. تیرێکی تریان دەهاویشتێ، بەر ڕانی دەکەوت و زینی لەگەڵ دەبڕی. دەیگوت: «وەڵاهی دەری نایەمەوە تا بەدەستی خەزاڵ دەرنەیەتەوە». ئەوسابە بریندار دەگەڕایەوە.

خاڵە نایەر دەیگوت و بەدەمیەوە خۆی ڕادەژەند. ڕەنگە ئاگای لە گوێگرە بچووکەکەی نەبوو کە چۆن ڕکێفی لە مایینە شێ خز دەدا و ڕمبی هەڵدەکێشا.

لاس ڕۆژی دوایی، کاتێ وەبیری دەهاتەوە لە خەونەکانیدا پیاوێکی تەواو بووەو سمێڵی بەملاولادا باداوە و لە خەڵکی عومانێ گوڵی شۆڕانێی ویستووە، ڕادەما و بەخۆی دەگوت:

– ئەگەر ڕۆژێ لە ڕۆژان گوڵی شۆڕانێ بێنمەوە، پێشکەش بەکامە یای خەزاڵی کەم؟

وەڵامی ئەو پرسیارەش بەلای خاڵە نایەرەوە بوو. بۆیە تا ئێوارە چاوەڕوانی گەڕانەوەی خاڵە دەبوو. کە خاڵە بۆ دەستنوێژگرتن دەچووە سەر بیرەکە لاس لێی دەچووە پێش و بەشەرمەوە دەیگوت:

– دوێشەو چووم و دەسکێک گوڵی شۆڕانم هێنا.

خاڵە دەستی بەڕیشی دا دەهێناو ئاوی دەستنوێژەکەی لێ دەچۆڕاند و دەیگوت: «دەی؟»

لاس کە نەیدەزانی وەها پرسیارێکی لێ دەکرێ، بەرەدەستی لەیەک دەسوو بەمنگە منگ دەیگوت:

– دەی هێنام.

خاڵە هەمدیسان دەیپرسییەوە:

– دەی باشە چیت لێ کرد؟

لاس بیری دەکردەوە. هێنابووی. دەسکێک گوڵی زەرد و سوور. بەڵام:

– بەڵام نەمزانی چی لێ بکەم.

خاڵە نایەر ڕووی لێ گرژ دەکرد و دەیگوت:

– ئەی یای خەزاڵ؟ بۆ نەتدا بە یای خەزاڵ؟

– کامە یای خەزاڵ؟

خاڵە بیری دەکردەوە. ڕادەما. چاوە نەرمەکانی لەدوور دەبڕی و چەند جار لەبەرخۆیەوە دەیگوت: «یای خەزاڵ.. یای خەزاڵ...» پاشان ئاخێکی قووڵی هەڵدەکێشا و دەیگوت:

– بتدایە بە من....

– بە تۆ؟

منیش بەمنداڵاندا بڵاوم دەکردەوە. سەرو چلێکم دەدانێ و دەمگوت، ئەمە دیاری لاسە شۆڕی خۆمانە.

بەڵام تا لاس دیسان خەون ببینێتەوەو دەسکێک گوڵی شۆڕان بێنێتەوە، ساڵ یەک لە دوایەک تێدەپەڕن و خەڵک بەخەمەوە دەڵێن: «سۆفی نایەر خۆتان خۆش». هەروەها کە ساڵانێک لەوەدواش گوتبوویان: «لاس خۆتان خۆش».

لاس لە ماوەی ئەو پانزە ساڵەدا کە لە بنەماڵەکەی دابڕابوو، زۆر جار بیری لەوە کردبۆوە. ڕەنگە هەواڵی مردنی بە کەسوکاری گەیشتبێ؛ بەڵام هەرگیز بیری لەوە نەکردبۆوە ئەو هەواڵە وا بە ئاسانی جێگەی خۆی کردبێتەوە. دایکی ئیمشەو گوتبووی: «پانزە ساڵ تێپەڕیوە. پانزە پاییزی ئاوا دار و درەختی ڕووت کردۆتەوە».

لاس لە زۆربەی ئەو ماوە دوورییەدا، ئەگەر چی جگە لە کوتێک ئاسمانی کەرت کەرت هیچی تری نەدیبوو، بەڵام هەستی بەتێپەڕینی زەمان کردبوو. بەتاریکی و ڕوون بوونەوە



پەیتاپەیتاییەکاندا، بەهات و چووی پەڵە هەورەکاندا، بەتوانەوەی سات لە دواساتی وزەو توانای خۆی و کاڵ بوونەوەی بەشێک لە بیرەوەرییەکانیدا. زەمان لای ئەو ئارام و بەکاوەخۆ تێپەڕیبوو. بەڵام بیری لەوە نەکردبۆوە زەمان لە شارەکەشی، لە ماڵی خۆشیان تێپەڕیبێ. هەروەها کەبیری لەوە نەکردبۆوە کەس هەواڵی مردنەکەی لێ بەڕاست گەڕابێ. بەدایکی گوتبوو:

کەس نەبوو گومان لەمردنم بکا؟

دایکی گوتبووی: «جگە لە...» ئەوسا قسەکەی لە ئاخ و هەناسەیەکی سارددا شاردبۆوە.

لاس گورجێ پرسیبووی:

– جگە لە کێ؟

دایکی گوتبووی:

– خەڵک بڕوایان بە مردن زیاترە تا بە ژیان.

کەواتە لاس لە پێناوی سەلماندنی ئەو بڕوایەدا مردبوو. پرسەیان بۆ دانابوو. لاواندبوویانەوە. بۆ گۆڕی ونی گریابوون. ئەوسا دوا چلوان وەک هەموو مردوویەکی تر لە بیریان کردبوو. ناویان سڕیبۆوە، لە مێشکیاندا، لە بیرەوەرییەکانیاندا، لەسەر هەموو ئەو شتانە کە هی ئەو بوون، تەنانەت لەسەر ژن و منداڵەکەشی.

دایکی گوتبووی:

– لاس ئێستا هیچی نەماوەو ناوی لە سەرهیچ نییە. کەواتە نابێ گەڕابێتەوە». پیرێژن بەکوڵی گریانەوە ئەوەی گوتبوو.

لاس هێشتا لە سەر پلیکانەی تەندوورەکە بوو. هێرشی دووبارەی قسەکانی ئیمشەوی دایکی دواهەم سەنگەری ورە و توانای داگیر کردبوو. پەککەوتەتر لە هەمیشە چاوی لە ڕەشایی بێ سنووری ئاسمان بڕیبوو. ئەستێرەکان پۆل پۆل لەبەر چاویدا کوژابوونەوە. کزترینیان– کە بە هی خۆی زانیبوو– پێشتر لە هەموویان لە ڕەشاییەکەدا توابۆوە. هەستێکی نوێ لە سووچێکی ناخیدا سەری هەڵێنا. گومان پەلوپۆی دەرکرد و هەموو گیانی داگیر کرد: «بڵێی نەمردبم؟»

پانزە ساڵ تەمەن و ئازار و چاوەڕوانی لێ بووە شەقەی باڵی مەلێکی هەڵفڕیو و خشپەی دەعبایەکی ون. بەوەوە نەوەستایەوە، لە لەدایکبوونیشی دڕدۆنگ بوو: «بڵێی خەونی بوونێک نەبم؟ یان حەقایەتێکی هەڵبەست؟»

ئەو پرسـیـارە چووە بن باڵی و بەرزی کـردەوە. وەک شـێت هەڵات و بەپلیکانەکـاندا هەڵگەڕا. تا ژووری دایکی نەوەستایەوە. بەرەو تاقی کتێبەکان چوو. دەستی بۆ قورئانەکە برد. پارچە سەوزەکەی لەبەر داماڵی و لێکی کردەوە. هیچ ئایەتێک سەرنجی ڕانەکێشا. دواهەم لاپەڕەی هەڵدایەوە. لەپشت قورئانەکە بەخەتێکی خۆش ناو و ساڵی لەدایکبوونی نووسرابوو:

«لاس... تەمەنی درێژ و بەرەکەتی ئەم قورئانە ڕێنوێنی ژیانی بێ».

سەیری مێژووی لە دایکبوونی کرد. سێ ڕۆژ پێش ئەوەی ڕووس ئاگر لە شار بەردەن لە دایک بووبوو.

«یەکەم گریانی لاس ڕەنگە لەبەر هێرشی سپای داگیرکەری ڕووس بووبێ»؛ دایە گوڵێی دایکی ساڵانێک لەوەدوا کاتێ بیرەوەری ڕووداوەکانی ئەو ڕۆژانەی دەگێڕایەوە، ئەمەی دەگوت.

ڕووسەکان دوای تورکی عوسمانی شاریان گرت. خەڵک دەیزانی ئەمانیش مرخیان لەڕاووڕووت و کوشتوبڕ خۆش کردووە. بەوپەڕی داماوییەوە بۆ پێشگری و چارەدۆزی لە دەوری یەک کۆبوونەوە. تەنانەت وسوو ئاغاش لە بیری نەمابوو لەو ڕۆژەدا لە کوێخا و ریش سپییەکانی شار کێ ئامادەی کۆبوونەوەکە بوو. بەڵام لە بیری بوو، یان دواتر بیستبوویەوە هەموو ئەو کەسانە کە ماوەیەک لەوەپێش بەفتوای یەک دوو مەلا بۆ پاراستنی دینەکەیان و هەڵقڕان لەسەرحوکمەتی خەلیفە ئالای سەوزیان هەڵکردبوو، بۆ بەگژداچوونی سپای ڕووس تا میاندواو چووبوون، ئەو ڕۆژە لە هیچ کونێکەوە دیار نەبوون.

ریش سپی و پیاو ماقووڵ- ئەوانەی لە خۆیان ڕووسوور بوون- بیریان لەوە کردبۆوە چی بەرەو پیری داگیرکەری نوێ ببەن و شەرمی چی پاشەکشەیان پێ دەکا. پێشتر قورئانیان بەرەو پیری سپای خەلیفە بردبوو، گوێیان نەدابوویەو گوتبوویان قورئانی کوردان بەغەڵەت نووسراوە. هەر بەو تاوانەش داریان هەڵدابوو ملی چەند کەسیان بەپەتەوە کردبوو. یەکێ لە پیاوە زیرەکەکان پێشنیاری کردبوو ماڵی جوولەکەکان پێش خۆیان بخەن. ئەوانی تر سەیری یەکتریان کردبوو. دواماوەیەک لەیەکڕامان تێکڕا سەری ڕەزامەندییان لەقاندبوو. مالم لەو کۆبوونەوەدانەبوو؛ یان بابڵێیم بانگ نەکرابوو تا پرس و ڕای پێ بکەن. بەو حاڵەش هەموویان دڵنیابوون بێ قسەییان ناکا و رازی دەبێ. بۆ دەبوو ڕازی



نەبێ؟ ئەویش وەک ئەوان خەڵکی شارەکە بوو. باب و باپیری لەو شارەدا ژیابوون. ئەگەر چی هاودینیان نەبوو، ئەگەر چی زۆر کەس بێ حورمەتییان پێ کردبوو، سەگیان پێ گوتبوو، ئەگەر چی شەمۆیان منداڵی جەربەزە و هاروهاجیان فێرکردبوو کەوا شۆڕەکەی ئاگر دەن، بەڵام مالم عاقڵتر و دڵ گەورەتر لەوە بوو کە ئەوانەی لە بیر نەچێتەوە. بۆیە هەر کە پێیان گوت و لە بڕیارەکەیان گەیاند ترسی فەرامۆش کرد و بەرەو خێوەتی میوانە قژ سوورەکان پێشیان کەوت:

– بەسەری پوتری مەزن، عوسمانی دەردێکیان پێ داین جەنابی مالم بۆمان دەگریا. هەموویان وەک دەستەیەک قوتابی سروودخوێن ئەوەیان بەڕووس گوت. مالم کە چێژی ڕێزگرتنەکە ورەی دەدایە، سەری ڕەزامەندی لەقاند و بۆ پێشکەش کردنی وتارەکەی لێیان چووە پێش. ڕووسەکان لەوەش کافرتر بوون گوێ بۆ وتارەکەی شل کەن. بەقاقای گاڵتەپێ کردنەوە وەدەریان نان.

بۆ بەیانیدا یان هەر ئەو ڕۆژە قژ سوورە چاوشینەکان بۆ دامرکاندنەوەی چڵێسییەکانیان لە ئوردووگاوە بەرەو کۆڵانەکانی شار ڕێچکەیان بەست و دەرکەی ماڵانیان شکاند. کاریکیان کرد، ساڵەها لەوە دواش خەڵک لە ڕوویان نەدەهات ڕاستی ڕووداوەکان بگێڕنەوە. تەنیا لە بەرخۆیانەوە هەناسەیەکی قووڵیان هەڵدەکێشا و دەیانگوت: «باش بوو زوو بڕیاریان دا ئاگر لە شار بەردەن».

ماڵی وسوو ئاغاش وەک هەموو خەڵکی شار بەپەلەپرووزێ وڵاخیان بارکرد و گاوگۆلیان پێش خۆیان دا و شاریان بەجێ هێشت.

دایە گوڵێ هەر کاتێ دەگەیشتە گێڕانەوەی بیرەوەری ئەو ڕۆژانە، بەداخەوە دەیگوت:

– گەنج بووم؛ دەربەستی زەیستانی نەبووم، خەمی لەدەست چوونی شت و مەکی نۆماڵیشم نەدەخوارد؛ بەڵام قارنەکە بەوەندە دەستبەردار نەبوو، هەموو سامانی لە چنگ دەرهێنایین.

ئەوسا لاس دەرفەتی بێدەنگییە پڕ لەماتەمەکەی دایکی دەقۆستەوە و دەیگوت: بۆ چی تری لە چنگ دەرهێنان؟

دایە گوڵێ تالاوی بێخی دانەکانی قووت دەدایەوە، دوو دڵۆپ ئاوی پەنگ خواردووی نێو چاوەکانی دەڕشت و وەک ئەوە بەسەر خۆڵەمێشی هەموو سامانیدا چۆکی دادابێ بیرەوەری کۆنی لێ دەژیایەوە...

بەرۆژێکی شـەست و ڕەهێڵ، باریان کـرد. هەر خـۆیان نەبوون؛ دوو بنەمـاڵەی تـریش شـوێنیـان کـەوتبـوون. بنەماڵەی ڕەحمـان ئاغـا، براگـەورەی وسـووئاغـا، کـاسـبێکی دەستەوەستان کە هەمـوو تەمەنی بەسەر شایەن و پێوانەدا نـەوی بۆوە. ئەوەندە شارەزای سەنگ و سووکی خورما و مێوژ و ماش و برویش بوو، دوو ئەوەندە نەشارەزای ساردی و گەرمی ڕۆژگار بوو. لەگەڵ وسوو ئاغـادا خودایان یەک بوو، لەخودا بگەڕێتەوە دایکیان. باوک برا نەبوون. لەماڵە باوانی وسوو ئاغـا هەر ئاوەڵناوی «ئاغـا»ی بەخێـر پێ برابوو. ناو و ناوبانگ و شـان و شکۆ، هیچ. خـات حـەلاوی ژنی لە خـۆی دامـاوتر، ژنێکی سەرسەپۆلی بێ دەم و زمان بوو. ئەویش وەک خات گوڵێ زەیستان بوو. جگە لەدوو کوڕی چڵمنی دەرووژوورەکەر، کچێکی ساوای بەبەرەوە بوو. بنەماڵەی دووهەم دایک و باوکی خات گوڵێ بوون. پیرێژن و پیرەپیاوێکی بەسالاچوو. لە پانزە مناڵ تەنیا کوڕ و کچێکیان گەورە کـردبوو. کوڕە ڕۆشـتبوو ئاوڕی لێ نەدابوونەوە، بۆیە تەنیـا چاویان لە بالای گـوڵێ بوو.

باران وەک لە گـــۆزەی ســـەروبن برژێتـــە خـــوار، دەباری. زەوی یەقی دابۆوەو ئاو لە شیوەڵەکاندا دەیلرفاند. لە پردە دارینەکەی چۆمی شار پەڕینەوە. بەڵام شیو و جۆی دەشتی قەراغ شار بەگران بواریان دەدا. دەیان وڵاخ بەبارەوە کەوتبوون. ژن و منداڵ و پیر و جوان لە قوڕ چەقیبـوون. قوڕ ماجوومی ئاسا توند بوو. گـوێ شیـوەڵەکانیش وەک لیـتە شل. ئاسـمـان چڵکن بـوو. وەک پەڕۆی قـوڕاوی گـوشـراو. ئاسـۆ لێڵ و تاریک بوو. زاق و زرووقی منداڵ و گـریان و پاڕانەوەی گـەورەکـان دەگـەیشـتـە ئاسـمـان. وەک دایە گـوڵێ دەیگوت لە دەشتی مەحشەر دەچوو. خەڵک بەدڵنیـاییـیـەوە بەرەو بەهەشت نەدەچوون. لە دۆزەخێکەوە بۆ دۆزەخێکی تر. لە شارێکەوە- کە چارەنووسی سووتان بوو- بۆ شوێنێکی ون و نادیار. کاروانی مـاڵی وسووئاغا بەسێ وچان گەیشـتە «نەمەشیر». دێیەکی بچووک لەسەر چەقی ڕێی دۆڵێکی هەراش. لە تێمیسکێک دەچوو بە لێوی کوێستانەوە.

– لێرە نەگـیـرسێـینەوە لێمان دەقەومێ. خات گوڵێ ئەوەی گوتبوو. ڕەنگە زانیبـێـتی کوێخای دێ کۆنە باوکی وسوو ئاغا بووە.

وسوو ئاغـا گـوتبـووی: «جابڵێی مـیـوان ڕاگرن؟» ڕەنگە زانیـبـێـتی لە ڕۆژی وا ڕەشدا ئاوڕ لەیەکتر نەدانەوە ناپیاوی نییە. بەدەنگ یەکترەوە هاتن ئازایەتییە.

کوێخا هەباس ئازا بوو. پیاوی نـاو پیاوان بوو. بنەماڵە و کـەس ناس بوو. بەپیریانەوە



چوو. وسوو ئاغای لەباوەش گرت و بەهەناسەی گەرمی بناگوێی تەزیوی لاواندەوە. ئەوسا ڕووی لە کەسوکارەکەی کرد و گوتی:

– خـۆتان بەلێـقـەومـاو نەزانن. کـەندوومـان پڕە لە گـەنم و جۆ و هەرزن. تا بەشی کـرد پێکەوە دەیخۆین. لێشمان بڕا پێکەوە ڕوو لە خودا دەکەین.

میوان بزەیان بزووت. هاوکات ئاسۆ ڕوون بۆوە و زەویش بەرامەی پژاند. کوێخا هەباس ژن و منداڵی خۆی دەنگ دا:

– ژووریان بۆ چۆڵ کەن.

دوو ژوور بۆ وسوو ئاغا و کەسوکارەکەی خاوێن کرایەوە. لەلای ژووروویی میوانخانەش دۆشەکیان بۆ خۆی ڕاخست و بەجووت سەرینیان بۆدانا.

خـۆشـحـاڵی وسـوو ئاغـا لەو مـیـوانداری و ڕێز و حـورمـەتە زۆر دەوامـەی نەبوو. بەپێچەوانەی چاوەڕوانی هەمـوو لایەک، کۆچ و ئاوارەییـیـەکە زۆری خایاند. جگەلەوەش هەواڵ و باس ڕۆژ لە دواڕۆژ ناخۆشتر دەبوو. لە شەڕێکی وا عالەمگیرا مەترسی قات و قڕی دەکرا. مەترسی زستانی ئەم وڵاتە. هێرشێکی سارد و دڕندە. کوێخا هەباس لەگەڵ یەکەم بەفـردا سەری کەندووەکانی هەڵدایەوە. دەغڵ زۆر خزابوو. لە ساڵان گـەلێ زیاتر. ڕەنگ بەڕوویەوە نەما. دەنگی لە هەموو ژوورەکاندا پەنگی خواردەوە:

– دەست بەدەغڵ و دانەوە بگرن ئافرەت، زستانی ئیمساڵ کتێبییە.

ئافرەتی ماڵی کوێخا داچڵەکین. ڕەنگە پێشتریش داچڵەکابێتن. ژن لە دەلاقەی چاوی پیـاوەوە دەڕوانن. چاوی کـوێخا پێشـتـریش ترس و خۆفی درکـاندبوو، بەڵام نەیاندەزانی دەبێ چی بکەن. چۆن دەست پێـوە بگرن؟ کـامـە هەڵڕێژ و پەڵڕێژیان کـردبوو کـە لەوەدوا نەیکەن؟ بیریان تەنیا بۆ شتێک چوو. دەرکەیان گاڵەدا.

«تەق... تەق... تەق...»

هەرکەس تەقەی دەرکەی دەبیست، بەتووڕەییـیەوە دەنگی هەڵدەبڕی:

– نایکەینەوە، ئاومان سەر ئاگر نەناوە».

ناو دێ پڕ بوو لە خـەڵکی ئاوارە و لێـقـەومـاو. دەسـتـەیەک دەڕۆیشـتن، چوار دەسـتـە دەهاتن. شەرم و شوورەیی نەمابوو. سکی برسی نانی دەویست.

هەرکـەس هەواڵی پیـاوکـوشتن، مـاڵ بڕین یان ڕووت کـردنێکی دەبیـست، دەیگوت: «پیاوی ئازا ئەوەیە کوتێ نان بۆ ماڵ و منداڵی پەیداکا». کـەس باسی ئەوەی نەدەکرد ئەو

کوتە نانە لە دەمی کامە منداڵ یان لە ناندێنی کامە ماڵ دزراوە. هەموو دەیانزانی لە دۆزەخدا باسی تاوان ناکرێ. تاوان لەوەپێش کراوەو لە دۆزەخدا سزای تاوانی پێشوو دەدرێتەوە.

کوێخا هەباس ئەگەرچی نەیدەزانی تاوانی میوانەکانی چییە، نەیدەویست شەریکی سزایان بێ؛ بۆیە ڕووی لێ تاڵ کردن. وسووئاغا بیری لەوە دەکردەوە ئەگەر هەر خۆیان بوونایە دەربەستی ڕۆشتن نەبوون. بەڵام هەر خۆیان نەبوون. پێنج سەر خێزانی ماڵی ڕەحمان ئاغا و دایک و باوکی گوڵێ، پیرێژن و پیرە پیاوێک کە لەم ئاخریانەدا لە سەر کولێرەیکی هەرزن دایک و باوکی یەکتریان لەگۆڕ دەردەهێنا.

دایە گوڵێ دوا ئەو هەموو ساڵە لە بیری نەمابوو خۆی یان وسوو ئاغا، کامیان پێشتر گوتبوویان: «بریا دەستبەردارمان بوونایە».

بەدەم ئەو گوتنەوە ڕۆحیان هەرەسی هێنا. تاوان لە خەیاڵێکەوە دەست پێ دەکا. هەردووکیان تەسلیمی خەیاڵەکە بوون. وەها تەسلیمێک کە بەگوێی یەکترا چرپاندیان:- دەبێ لەیەک هەڵبڕێین. ئەوان بەڕێی خۆیان، ئێمەش بەڕێی خۆمان.

بەشەرمەوە ئەوەیان گوت. چونکا دەیانزانی وەک ئەوەیە بڵێین «دەبێ ئەوان بکەینە قوربانی خۆمان. دەبێ بەسەر مەیتی ئەواندا بپەڕێینەوە و خۆمان ڕزگار کەین». ئەوان کێ؟ دایک و باوک، برا و برازا.

– ئێمە ناچارین لێرە بڕۆین. ناچارین بەجێتان بێڵین». وسوو ئاغا کاتی گوتنی ئەو قسە بیری لە هیچ شتێکی مرۆڤانە نەدەکردەوە.

«ئەی ئێمە؟» ڕەحمان ئاغا کاتێ ئەوەی دەپرسی سەیری حەلاوی خێزانی دەکرد. هەردووکیان دەمیان داچەقیبوو. ترس وەک تەرزە لە چاویانەوە بەسەر ڕۆحی وسوو ئاغا و خات گوڵێیدا دەباری. وسوو ئاغا بۆ خۆدەربازکردن لەو تەنگانەیە ڕووی لێ وەرگێڕان و لە خەسوو و خەزوورەی نزیک بۆوە:

– ئێمە بەجێتان دێڵین.

– ئێوە کێ؟

– من و گوڵێ و ئەو منداڵە.

پیرێژن و پیرەپیاو لەبەر داماوییان نەپاڕانەوە و خودا و پێغەمبەریان بەگژدا نەکردن. سەریان هەڵبڕی. ماوەیەک لەگوڵێ ورد بوونەوە و ئەوسا گوتیان: «بڕۆن».



هەر ئەوەندە. خات گوڵێ لە ڕێگەشدا بیری بۆ لەوە زیاتر نەدەچوو؛ «بڕۆن». پێی خۆش بوو شتێکی تریان گوتبایە. هەر شتێک جگەلەو تاقە وشە. وشەکە ئەوەندە قورس بوو، لەوەدواش هەرکاتێ بیری دەکەوتەوە پێی وابوو بەردێکەو بەمێشکی دادەدرێ و دەیخاتە زەوی.

بارو بنەیان پێچایەوە و سەرپشتی وڵاخێکیان نا. خات گوڵێ و منداڵەکەش سوار وڵاخێکی تر بوون. وسوو ئاغا سێ چوار دەستەنان و تفەنگەکەی هەڵگرت و دوو سەر مەڕی خۆی لە تەویلە هێنایە دەر. ئەوسا دوای ماڵئاوایی خواستن، سەر ڕێ کەوتن.

دایە گوڵێ هەموو جارێک بەگریانەوە دەیگوت:

– ئەوەی بوومان لەبەر دەرکی ماڵی کوێخا هەباس بەجێمان هێشت و ڕۆیشتین. دایک، باوک، برا و برازا...»

دوو ڕۆژ بوو نەباریبوو. هەوا سارد و بێ جووڵە بوو. وشک و ڕەق. دنیا سپی بوو. سپییەکی ڕوون. بەڵام لە ڕوانگەی دڵی ئەوانەوە ڕەشتر لە هەموو تاریکە شەوێک. کێوەکان لەدوورەوە لە ریزێکدا دەکشان و دەخزان و دوور دەبوونەوە. ئەوسا لە سنووری خۆڵەمێشی نێوان زەوی و ئاسماندا ون دەبوون.

ڕێگەبڕین لە سروشتێکی یەکڕەنگی کاکی بەکاکیدا، سروشتێکی بێدەنگی کڕ و مات، بەرەو دوورە دەستێکی خۆڵەمێشی، بەرەو چارەنووسێکی ون، دواهەم دڵۆپەکانی ورەی وسووئاغا و خات گوڵێی دادەچۆڕاند. دوا ماوەیەکی زۆر ئاوارەیی و لێقەومان بۆ یەکەم جار هەستیان بەتەنیایی دەکرد. هەستێکی تاڵ و تاریک کە مردنی وەبیر دەهێنانەوە. مەرگی خەڵکی شار، دەر و دراوسێ، کەس و کار، لەهەموو ئەوانە تاڵتر مەرگی خۆیان. بۆ پێشتر بیریان لێ نەکردبۆوە؟ بۆ پێشتر پێیان نەزانیبوو؟ ڕەنگە تەنگانە نەیهێشتبێ. خەمی کۆچ، خەمی بەجێ هێشتنی ماڵ، خەمی دابڕان لەهەموو ئەو شتانە کە زەحمەتیان پێوە کێشابوو، شانازییان بەبوونیەوە دەکرد، نەیهێشتبێ بیری لێ بکەنەوە. ڕەنگە پێکەوەبوون، بەشکردنی سووکایەتی، سەرما، ترس و برسیایەتی دەرفەتی ئەوەی نەدابێ پێ بزانن. بەڵام ئێستا ترس لە مردن لە هەموو ترسێک سامناکتر بوو. ئێستا مردن لەگەڵیان بوو. وەک سێبەر و بگرە نزیکتریش؛ وەک هەناسە. بەو حاڵەش خوویان پێ نەدەگرت. سیوایان لێی نەدەبۆوە. ئەمان خۆیان لێ دەدزیەوە و ئەو گاڵتەی پێ دەکردن. چاوشارکێی لەگەڵ دەکردن. پێی ڕادەبواردن. پێیان پێ دەکەنی و دەمەلاسکەی دەکردن..یە...یە...یە... زیاتر لێی دەترسان.

پێشتر وا نەبوون. پێشتر مردن حەق بوو، «کل نفس ذائقة الموت». سەرلەقاندن و ئاخێکی قووڵ هەڵکێشان، داوای ئیمان کردن و زەلیلی سەر جێ نەبوون. پێشتر مردن قسە بوو. قسەیەکی بێ ناوەڕۆک. بۆ دراوسێ بوو. بۆ هەموو کەس جگە لە خۆیان. بەڵام ئێستا مردن شتێکی ترە. دە پەنجەی ڕەش و ڕەق کە گەردن هەستی پێ دەکا. ها ئێستا، ها ساتێکی تر. بڕوا ناکەی سەیرکە...

وسوو ئاغا و خات گوڵێ سەیریان دەکرد. لە قەراغ دێیەک ژنێکی شووشکەڵەی ڕەشتاڵە بەدارێکەوە بەسترابۆوە. سەری دانەنەویبوو. قژی بەدارەکەوە بەستبووی. چاوی دەرتۆقیبوون. وەک دووپشیلەی مردوو لە دوو دەلاقەی ئاوەڵادا. دوو پشیلەی مردوو کە زەق دەیانڕوانی. لەوە دەچوو نیگایان پێش مردن بەخانووەکانی ناو دێوە لکابێ. ژنە پێستێکی ڕەش و چڵکنی بوو، وەک چەرمی گا. کراسەکەشی بەستبووی. نەدەشەکایەوە. بەوەحشەتەوە پرسییان:

– ئەمە کێیە؟ بۆ بەو دارەوە بەستوویانەتەوە؟

گوایە دوێنێ عەسر برسیایەتی وەها زۆری بۆ هێناوە لە تاواندا منداڵێکی خۆی کوشتووە.

– کوشتوویەتی؟

کوتە گۆشتی منداڵەکەی سەر ئاگر خستووە. کە بەسەریدا چوون خەریکی خواردن بووە. گوایە خەڵکی دوا ئەوە زۆریان لێ داوە، بردوویانە بۆ دیوەخانی ئاغای دێ. ئەویش ئەمری کردووە بەو دارەوە بیبەستنەوە تا ڕەق ببێتەوە. خودا دەزانێ کەی گیانی دەرچووە.

ئێستا مردن ئەوەیە. دەعبایەکی نگریسی هەزار دەست و هەزار پێ. هەر ساتە و بەشێوەیەک خۆی نیشان وسووئاغا و خات گوڵێ دەدا.

لە«بڵەسەن» گیرسانەوە. لە داوێنی کێوی «بڵوو». دیسان لە ماڵی کۆنە دۆستێکی باوکی وسوو ئاغا. سۆفییەکی کورمنەی سوورکارە. تا سەری ساڵ میوانی ئەو بوون. لەسەر بانی ماڵی ئەوان ئاگری نەورۆزیشیان کردەوە. نۆبەرەی گیلاخەشیان خوارد. ئەوسا وسووئاغا بیری لە ڕۆشتنەوە بۆ شار کردەوە.

ڕووس وڵاتیان چۆڵ کردبوو. کە حوکمەتەکەیان ڕووخابوو، لەشکریان لەهەموو شوێنێکەوە گەڕابۆوە. ئەوانیش دەبوو بگەڕێنەوە. وەک هەموو خەڵکی شار، بۆ سەر ماڵەکانیان کە لە ئاگردا بەجێیان هێشتبوو. دەبوو بگەڕێنەوە و سازیان بکەنەوە. ئەو



ساڵە شوێن ون بووەکانیان بگەڕێن. وسوو ئاغا و خات گوڵێ بەدرێژایی ئەو زستانە لە بیری کەس و کاریاندا بوون. دەبوو بیانبیننەوە. دەبوو کۆتایی بەو ئازارە گرانە بێنن. مردوون یا زیندوو؟ ڕۆژی هەزار کەڕەت ئەوەیان لە یەکتر پرسیبوو.

سۆفی خانە خوێیان کاتێک بەبڕیارەکەیانی زانی، بە وسووئاغای گوت:

– تۆ پیاوی، بڕۆ لە شوێنیان بگەڕێ. بەڵام ئەم زەعیفە و منداڵەکەی دەبێ لێرە بن.

سۆفی پیاوێکی دنیادیتوو بوو. دەیزانی ئافرەتێک و منداڵێکی ساوا لە شەڕو شۆڕ و بگرەو بەردەی شاردا، چاک نییە بێ پیاو بن.

شەڕ و شۆڕ؟.

وسووئاغا لە پێشدا لەو دوو وشە سڵەمییەوە، بەڵام زوو لەو ڕاستییە گەیشت کە تەرمە سووتاوەکەی شار وازی لێ نەهێندراوە. عەشایەر لە سەری هەڵدەپەڕن. وسوو ئاغا بەقسەی سۆفی کرد و پێش ئەوەی سەر لە شار بدا سەر ڕێ کەوت. ڕۆشتنەکەی دوو سێ مانگی خایاند. کە گەڕایەوە هەر حەلاو و منداڵە ساواکەی لەگەڵدا بوو. خات گوڵێ پێش ئەوە باوەشیان پێدابکا و بەسەریاندا بگرێ، پرسی: «ئەی دایکم و باوکم؟»

دایک و باوکی چوار ڕۆژ دوای ئەوەی بەجێیان هێشتبوون. لە قەراغ دێیەک رەق ببوونەوە. خەڵکی ئەو دێیە کوتەپەڕۆی جل و بەرگی پیرێژن و پیرە پیاوێکیان هەڵگرتبوو، تا ڕۆژێک لە ڕۆژان یەکێک بیانناسێتەوە. وسوو ئاغا ناسیبوونیەوە، بەڵام خۆی بەخاوەن نەکردبوون. «بڵێم ئەمانە خەزوور و خەسووی منن، ناپرسن بەتەنیا و بەو چلەی زستانە لەو دەشت و کێوە چییان دەکرد؟» وسووئاغا ئەوەی بۆ خات گوڵێ نەگێڕایەوە. هەروەها بۆی نەگێڕایەوە کە خەڵکی ئەو دێیە تەرمی ئەو دوو پیرەیان لە سەگی ئەو ناوە سەندۆتەوە. پێی نەگوت لە کێشەی بەش و ڕیش کردنی تەرمەکاندا سێ سەگ یەکتریان هەڵدڕیوە. زۆر شتی تریشی بیستبوو کە بۆ خات گوڵێی نەگێڕایەوە. خات گوڵێ لەوەدواش پێی وابوو دایک و باوکی لە مزگەوتی گوندێکی گەرمیان، وەک زۆر خەڵکی تر، وەک زۆربەی کەس و کاری دوور و نزیکی خۆیان بەنەخۆشی مردوون. ئەوەی ئەو بۆ دایک و باوکی بیستبووی چیرۆکی مەرگی ڕەحمان ئاغا و دوو کوڕە بچکۆلەکەی بوو. چیرۆکێک کە حەلاو، ژنی ڕەحمان ئاغا هەرگیز بۆ کەسی نەگێڕایەوە.

ناوەڕاست مانگی هاوین بوو. وسوو ئاغا بۆ دوا جار ماڵاوایی لە سۆفی خواست. گیا زەرد بوو بوو. پووش پەڕیبوو. پیاوێک و دوو ئافرەت و دوو منداڵ کە پاشماوەی

سەفەرەکەیان وڵاخێک و چوار کوت ڕاخەر و پێخەف بوو، بەرەو شار گەڕانەوە. بەرەو شارێک کە سەدان ڕازی سەر بەمۆری لە دڵدابوو. سەدان ڕووداوی لە بیر بوو. مەیدانی کێشەیەکی هەتاهەتایی بوو. بەرەو شارێک کە تەنیا ماڵە جوولەکەکانی بەپێوە مابوون. ئەوانیش چاوەڕوانی ڕۆژێک بوون کە لەشکری کورد بەتاوانی سپایەکی داگیر کەر، لە تۆڵەی ڕقێکی کوێردا ئاگریان تێ بەربدا.

لە «کانی مامۆستایان»ەوە بەرەو دەشتی شار داگەڕان. دەشتێکی زەرد کە لە بۆنی میزی ئێستر زیاتر، هیچ بۆنێکی لێ نەدەهات. دەشتێک کە دەیان ڕچەی ڕمبازێنی لێ دیار بوو. ئاو زۆر نەبوو. لە چۆمەکە پەڕینەوە. بۆنی کەلاک و خۆڵەمێش زیادی کرد. بەقەراغ تەبارە گڵی خانووە تەپیوەکاندا تێپەڕبوون. بەشوێنێکدا کە زەمانێک کۆڵانی تەسک بوون و خەڵک هاتوچۆیان پێدا دەکرد. بەرەو شوێنێک کە زەمانێک ماڵ بوو. ماڵی وسوو ئاغا کە لە باوک و باپیریەوە مابۆوە. ماڵێک لە ناوەندی شارێکی بچووکدا. ئاخر ماڵی کۆڵانێکی داخراو. پڕ لە بیرەوەری دەیان وەچەی یەک لە دوایەک. میچکوت لە خەونی ڕەنگاو ڕەنگی منداڵان. پێشتر پەنجەرەکانی لەوسەری کۆڵانەوە دەبیندران. دیواری حەسارەکە بۆی نەدەشاردرانەوە. ئەو دیوارە ئێستا تێک تەپیبوو، لە پشتیەوە تەبارێک گڵ بوو. کێ دەیوێرا ئەو دیو کەوێ؟ وسوو ئاغا چاوقایمتر بوو، پەڕییەوە. ئەوانی تر بێ سرتە و شیوەن و گابۆڕ، تەنانەت بێ ئاخ هەڵکێشانێک بەدوایدا چوون. بەتەبارەکەدا هەڵگەڕان. لووتیان پڕ بوو لە بۆکرووز. دارتووەکەی ناوەڕاستی حەوشە سووتابوو. باڵای ئەستووری ڕەژی بوو. بەبیرەوەری ئەوان نەمامی ئەو دارە نەچەقابوو، بەڵام سووتانی لەگشت ڕووداوەکانی ئەو ساڵە زیاتر خەمباری کردن.

«ئەی ئەوە چییە؟» چاوی خەم لێ نیشتوویان سپی بوو. واقیان وڕما و حەپەسان. قیژەیەک لە سنگیاندا کۆبۆوە و بەدەم پرسیارەکەوە دەرباز بوو «ئەوە چییە؟» نەمامێکی تازە لەوە دەچوو لە سەر دڵی دارە سووتاوەکە ڕوابێ، بەڵام بستێک بەولاوەتر بوو. نەمامێکی ساوای شۆخ. یەکێک لە بنیا ڕاکشابوو. جووتێ کڵاشی ژێر سەر نابوو، ئەژنۆی بەسکیەوە نووساندبوو، وەک منداڵێک دەچوو لە سکی دایکیدا. وسوو ئاغا بەئاگای کردەوە. کابرا هەستا و تۆزی لە خۆی تەکاندا. پیرێکی ریش کڵوو بەفری نێو چاوان ڕوون، بەدەم زەردەخەنەیەکەوە کە بە خەوتوویش لەسەر لێوی بوو، گوتی:

– هاتنەوە؟ بەخێربێنەوە.



– خێر بێتە ڕێت. تۆ کێیت؟

– عەبدێکی خودا. پێم دەڵێن نایەر.

– خەڵکی کوێیت؟

زەردەخەنەکە وەک مشتێ ئاوی ڕوون و خاوێن بەگشت ڕوخساریدا بڵاو بۆوە.

– ئێستا خەڵکی ئێرەم.

– خەڵکی ئێرە؟!

دەی باشە میوانی ئێرەم.

کابرا نەرم دەدوا. گفتی ئەوەندە گەرم بوو، دەتگوت لەگیانی گوێگرەکەیدا دەدوێ. لەکوێوە هاتبوو؟ بۆچی و کەی هاتبوو؟ هیچی تریان لێ نەپرسی. خۆی هاتە دەنگ:

– بە پیاسە بەسەر ماڵە کاولەکاندا دەگەڕام، ئەم دارە سووتاوە ڕایگرتم. نەمامێکی تووم پێ بوو چەقاندم. ئەوسا دڵم نەهات بەجێی بێڵم، بەدیاریەوە دانیشتم. هەموو ڕۆژێ ئاوم بن کردووە و چاوەڕوانی ئێوە بووم. ئەرێ ئەو کوڕە بچکۆلە ناوی چییە؟.

وسوو ئاغا سەیری منداڵەکەی باوەشی گوڵێی کرد. سەیرێکی قووڵ، وەک ئەوە پێشتر نەیدیبێ :

ناوی؟

– ئا.. ئا... ماشەڵا کە جوانە.

تاقە کوڕی وسوو ئاغا ناوی چی بوو؟ کەسیان نەیاندەزانی. کوڕەکە.. ئەو کوڕە.. ئەو منداڵە.. بیریان لەوە نەکردبۆوە کە منداڵ دەبێ ناوی ببێ. خات گوڵێ منداڵەکەی لەسەر تەبارە گڵەکە دانا و لێی دوور کەوتەوە. منداڵەکە چنگی لە خۆڵ ڕۆکرد. پیرە بەرەوپیری چوو و لەباوەشی گرت:

– ڕەنگە ناوی لاس بێ.

– ئەرێ لاسە. ناوی لاسە.

وسوو ئاغا بێ بیر لێکردنەوە بۆی سەلماند. بەڵام بۆ لاس؟ لە وەڵامی پرسیارەکە نەگەڕا.

– منداڵ، منداڵە و ناو، ناو. چی دەبێ با لاس بێ. زۆر خۆشە.

پیرە لە کاتێکدا سەرنجی وسووئاغای بۆ لای خۆی ڕادەکێشا، پرسی:

– ئەی ئەو منداڵەی باوەشی ئەو ئافرەتە داماوە چیتە؟

– برازامە.

پیره زەردەخەنەکەی بوو بەپێکەنین. نەرمە پێکەنینێک کە وسوو ئاغا دەمێک بوو بە ڕوومەتی کەسەوە نەیدیبوو.

– خانزاد. ئەویش ناوی خانزادە، وانییە؟

ئەو ڕۆژە کەس هیچی نەپرسی. بەڵام دوای ساڵەها کە کچەکە گەورە بوو، پرسییان:– ئەرێ خاڵە بۆ خانزاد؟ خۆ خەزاڵ خۆشتر بوو.

ئەویش هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا و لە بەرخۆیەوە گوتی: خەزاڵ؟... ئای یای خەزاڵ...»

ئەوسا ئەوان بێ ئەوە لە هیچ گەیشتبێتن وازیان لە پرسیارەکە هێنا.

یەکەم بەرهەمی گەڕانەوەیان ناو بوو بۆ منداڵەکان. یەکێک لەو ناوانە دوا چەند ڕۆژ لە پشت قورئانە گەورەکە نووسرایەوە:

«لاس... تەمەنی درێژ و بەرەکەتی ئەم قورئانە ڕێنوێنی ژیانی بێ».



## دوو

پەنجەی لاواندنەوەی نەرمە ڕووناکاییەک لە پەردەی ناسکی پەنجەرەکەوە خۆی بەژووردا کرد و لاسی بەئاگا کردەوە. بەیانی یەکەم ڕۆژی گەڕانەوەی بوو. نیگای بە ریزەداری میچەکەدا خزا و بەدیوارەکەی بەرامبەریدا شۆڕ بۆوە. هێشتا نەیدەزانی لە کوێیە. بەسەیر و سەر سوڕمانەوە هەموو ژوورەکەی دۆزی. کە وە بیری هاتەوە، لە پشتێن بەرەو ژوور ڕاست بۆوە. شەو لە بیری چووبوو کڵاو و مێزەرەکەی دانێ. کڵاوەکەی کەوتبوو، مێزەرەکەش لە ملی ئاڵابوو. لەسەری کردنەوە و بەرەو پەنجەرەکە هەڵخزی. لۆیەکی پەردەکەی هەڵدایەوە و چاوی بەئاسمان کەوت. هەستا و پەردەکەی تەواو لادا. حەوشەکە بوو بە مەیدانی ڕوانینی. دایە گوڵێ لەسەر بەردەنوێژی حەوشە بوو. دیار بوو دەمێکە هەستاوە. بیری کەوتەوە ساڵانی زووش لە پێش هەموو خەڵکی گەڕەکدا هەڵدەستا.

خۆی گەیاندە سەر بانیژەکە و سییەکانی پڕ بەسنگی کردەوە. بۆنی خاک و هەوای ساردی هەڵمژی. سەری بەرزکردەوە. خۆر لە دەلاقەی ئاسۆوە پرچی بڵاو کردبۆوە. سەرمای شەوی درێژی پاییز وەک بلوور ورد و خاش دەبوو. هەر کوتێکی وەک چزووی زەردەواڵەیەکی چەواشە بە لاڕوومەتیەوە دەدا. دیمەنی شار، ئەوەندەی لەوەوە دیار بوو گۆڕابوو. ئەوەی نەگۆڕابوو، «ئاربەبا» بوو کەوەک هەمیشە شێرە بەردینەیەکی زەلام بوو. چنگی لە زەوی و پشتی بەدیواری ئاسمانەوە بوو. لاس دوا ساڵەها بۆ یەکەم جار هەستی بەبەختەوەری کرد. بیری کردەوە بۆ دەبێ وا هەست بکا؟ نیگای لەو دیمەنە هەڵکەندرا و نائومێدییەکی ئان و ساتی هەڵیکوتایە گیانی. ئەو حاڵەتە پرسیارێکی لێ قوت کردەوە؛ «من لێرە چی دەکەم؟» دوێنێ ئەم کاتانە هەزارویەک هۆ بۆ هاتنەوەی بوو؛ بەڵام ئێستا تەنانەت هۆیەکی بۆ مانەوە شک نەدەبرد. خەیاڵێک کە دوێشەو خۆی لێ دزیبۆوە بەرۆکی پێ گرتەوە. «واچاکە چۆن هاتووم، هەر واش بگەڕێمەوە». بۆ کوێ؟ چوار گۆشەیەکی بچووک لە ئاسمان لە پشت شەش مێلەوە تەنیا دیمەنێک بوو کە لە پشت گەڕانەوەیەوە بیری بۆی دەچوو. لە هەموو ئەم دنیا گەورەدا جگە لێرە بستێک خاکی شک نەدەبرد لێی بحەوێتەوە، بەڵام ئێرەش شوێنی حەوانەوە نەبوو.

«کەس ناتناسێ. کەس بڕوا بە بوونت ناکا. لەهەر کوێ زیندووبی، لێرە مردووی».
دوێشەو دایکی بەوەها دڵنیاییییەکەوە ئەمەی گوتبوو، کە لاسی خستبووە گومانەوە. بۆیە بەدرێژایی گینگڵدانی ناو جێگە بەبیرەوەرییەکانی دایک و باوکیدا چووبۆوە. ساڵانی لەدایک بوون و گۆشکردنی خۆی دەور کردبۆوە؛ تا ئەوەی دڵنیا بووبوو ڕۆژێ لە ڕۆژان کوڕێ بەناوی لاس لە پشتی وسوو ئاغا و داوێنی دایە گوڵێ کەوتبووە خوار. ئێستا بیری دەکردەوە.

– ئایا من هەمان کوڕم؟

دایکی– ئەگەر چی ناڕاستەوخۆ– نکوڵی لەوە دەکرد. کەواتە دەبوو مانی خۆی و زیندووبوونی بسەلمێنێ. ئەو بیرە وەک گاڵتەیەکی بێ تام بەمێشکیدا تێپەڕی، بەو حاڵەش دەکرا پارسەنگی لێرەمانەوەی بێ. دەکرا بنەمایەک بێ بۆ گەڕان لە شوێن ڕابردووی خۆی، بۆ سەلماندنی ئێستای، بۆ پەی بردن بەچارەنووسی. پەی بردن بەژیانی ئەو کەسانە و ئەو شتانە کە ڕۆژێک لە ڕۆژان بەشێک لە چارەنووسی بوون. ئەو بیرە تاڕادەیەک پاشەکشەی بەنائومێدییەکەی کرد. خۆشییەکەی ساتێ لەوەپێشی بۆ گەڕاندەوە.

دایە گوڵێ هێشتا لە سەر بەردەنوێژەکە بوو؛ بێ جمە و جووڵە؛ وەک بەشێک لە بەردەکە. وەک پەیکەرێکی بەردین. بەڵام پەیکەرەکە بزووت و هەستا. لاس پێی وابوو لە شەو پیرتر بووە. دوێشەو سەرنجی ڕێگەڕۆشتنی نەدابوو؛ ئێستا دەیدی کە بەلارەلار دەڕوا. بەزەحمەت بەپلیکانەکاندا هەڵدەگەڕا. نیگای لە بەر پێی چەقیبوو. دیار بوو بەئەنقەست خۆی لە چاوی لاس دەدزێتەوە. بۆچوونێکی گێلانە بوو ئەگەر پێی وابوایە. دایکی بۆ دەم ساردیەکەی دوێشەوی هەست بەشەرمەزاری دەکا. بەڵام یەکێک لەو بۆچوونانە بوو کە دەیویست بەخۆی بسەلمێنێ. هەنگاوێک بەرەو پیری چوو. بۆ ئەوە خۆی وەبیر بهێنێتەوە گوتی:

– دەمێکەیە بەئاگای؟

دایە گوڵێ بێ ئەوەی گوێی بداتێ لە حاستیەوە ڕەت بوو. لاس بەلارەملیەوە شوێنی کەوت. لە ژوورەوە هیوا لە بن لێفەکەیدا پەپکەی خواردبوو. لاس بەچاو ئاماژەی بۆ کرد و گوتی:

– وا زوو هەڵناستێ؟



دایە گوڵێ بەساردیەوە وەڵامی دایەوە:

– هەستێ چی بکا؟ مەچەکی خۆی بکرۆژێ؟

لاس بیری کەوتەوە دوێشەو هیوا تا خەوی لێ کەوتبوو مەچەکی خۆی کرۆشتبوو. لە دایکی بیستبوو کە ناتەواوە؛ بەڵام نەیپرسیبوو بۆ مەچەکی دەکرۆژێ. ویستی لێی بپرسێ، ژێوان بۆوە و گوتی:

– مەچەکی بۆ ببەستە. شەو بینیم گۆشتی سووری دەرکەوتووە.

دایە گوڵێ بێ ئەوەی وەڵامی بداتەوە بەنووکەپێ لە هیوای کوتا:

– هەستە... هەستە بەیانییە....

هیوا کە دیار بوو خەوی سووکە ڕاپەڕی. چاوی بەچواردەورا گێڕا و نیگای بەڕوومەتی لاسەوە گیرسایەوە. بەلایەوە سەیر بوو. لەوە دەچوو لە بیری نەمابێ دوێشەو دیوبەتی. نیگای بەپێچەوانەی شەوەوە ئارام نەبوو. تیژ و شێتانە بوو. لاس تێگەیشت ئەوە هیوایە کە بیری پیسایی دەخاتەوە. بۆیەکەم جار هەستی کرد خۆشی ناوێ. تەنانەت ڕقیشی لێیەتی. ڕەنگە لەبەر ئەو چاوە درشت و بزانە کە هیچیان نەدەدرکاند. یان هیچیان تێدانەبوو، جگە لە عەجایباتی کە ئەویش زۆری نەدەخایاند؛ هیوا ڕووی لە دایکی کرد و لە کاتێکدا دەمی بۆ پان دەکردەوە، گوتی: «زۆر درەنگە؟»

دایە گوڵێ وەڵامی نەدایەوە. ناچار خۆی درێژەی پێ دا:

– نا زۆر درەنگ نییە. خۆ حوجرەی دانەخراوە.

لاس تێگەیشت ئەوە قسەی دایکیەتی و خودا دەزانێ کەی پێی گوتووەو ئێستا ئەم دەیڵێتەوە. هیوا بەپێچەوانەی شەوەوە کەیف خۆش دیار بوو. دەستی بەرەو لاس ڕاکێشا و لە دایکی پرسی:

– ئەمە کێیە؟

دایە گوڵێ بەبێزارییەوە سەری ڕاوەشاند و هەستا. هیوا تائەو دیو دەرکەکەش بەچاو بەڕێی کرد. ئەوسا ڕووی لە لاس کرد و گوتی:

– تۆ کێیت؟

لاس تاقەتی دواندنی نەبوو. بەو حاڵەش وەڵامی دایەوە:

– من لاسم. برا گەورەی تۆ.

ئەو هەواڵە هیچ شتێکی لە ڕوخساری هیوادا نەگۆڕی. تەنانەت نەیگوت، باشە. هەستایە سەرپێ. ئەمسەراوسەرێکی ژوورەکەی کرد و چووە دەر. لاس لەدواوە سەیری کرد. ئەوەندەش قەڵەویچکە نەبوو کە شەو بەرچاوی کەوتبوو. دوا هاتنە ژووری دایکی، لاس گوتی:

– پێم وابوو لاڵە، بەڵام فرەوێژیشە.

دایەگوڵێ دوو پیاڵە چای تێ کرد و گوتی:

– ئەرێ، فرەوێژە.

لاس گوتی:

– نەتگوت چۆن بوو وای لێ هات. خۆ لە منداڵییەوە وا نەبووە.

دایە گوڵێ سەری هەڵبڕی. لێی وردبۆوە. ویستی بڵێ: «تۆ چووزانی لە منداڵییەوە وانەبووە؟» بەڵام گوتی: «تا چوار پێنج ساڵ باش بوو؛ یان ئێمە نەماندەزانی چییەتی. بەڵام لەوەدوا ڕۆژ لەدوارۆژ خراپتر بووە».

دەست ناوەشێنێ؟

نا، زۆری بۆ بێ لەخۆی دەدا.

«لە خۆی دەدا؟» لاس ئەوەی بەلاوە سەیر بوو.

– ئەی بۆ مەچەکی خۆی دەکرۆژێ؟

خووی پێ گرتووە.

ئەوسا لاس پێشنیارەکەی پێشووی دووپات کردەوە:

– مەچەکی بۆ ببەستە. گۆشتی سووری دەرکەوتووە.

بێزی لێ دەکەی؟

لاس لەو پرسیارەی دایکی داچڵەکی. بەڵام سەر خۆی نەهێنا.

نا، بەزەییم پێدا دێ؟

بەزەیی؟

دایە گوڵێ بەتەوسەوە ئەوەی پرسی. هیوا خۆی بەژووریدا کردەوە. دەست و چاوی شتبوو. لاس وازی لە گوتن هێناو ملی لەخواردن نا. بەدەم خواردنەوە بیری کردەوە. «دایکی دوێشەو مێهرەبانتر بوو». ئەوسا بەدزییەوە سەیری ڕوومەتی کرد. «چ نەفرەتێک



لە گیانیدایە؟» پێی وابوو شەیتان چۆتە بن کلێشەی، لەو دیو ئەو لەشە پەککەوتەیەوە هەستی بەبوونی شەیتان دەکرد. ڕێگەی بەخۆی نەدا بەر بەو خەیاڵە نەگرێ. تەشبیهێکی تر فریای کەوت «لە قەڵایەکی تەلیسمکراو دەچێ». ئەمەیانی زیاتر بەدڵ بوو. بەمنداڵی گەلێ حەقایەتی دەربارەی ئەو چەشنە قەڵایانە لە خاڵە نایەر بیستبوو. کەواتە دەبوو بیگرێ و بیپشکنێ. دەبوو بزانێ لەو دیو ئەو ڕوخسارە بێ مەبالاتەوە، لەپشت ئەو نیگا بێ گیانەوە چی ڕادەبرێ. نیگای لاس بڕی نەدەکرد. سەری لەدیواری سەهۆڵ دەدرا؛ دیوارێک لە نێوان خۆی و دایکیدا؛ لە نێوان ئێستا و ڕابردوویدا. ئەو ڕابردووەی کە لاس لێی دەگەڕا و دایکی خۆی لێ دەشاردەوە. دایکی بێدەنگ بوو. ئەوە لاسی وەڕەز دەکرد. نەیدەزانی ئەو بێدەنگییە چەندە دەخایەنێ. دەستی لە خواردن کێشایەوە. دایە گوڵێ چایەکی بۆ تێ کرد و بەداماوییەوە لێی پرسی: «دەچیتە دەر؟»

لاس تا ئەو کاتە بیری لێ نەکردبۆوە. بچیتە دەر یان نا؟ وەڵامی ئەو پرسیارە ئەوەندەش ئاسان نەبوو. دەرەوە یانی شار، هەموو خەڵک. ئەوانەی دەیانناسی و لە مەرگیدا گریابوون. ئەوانەی نەیاندەناسی و ناویشیان نەبیستبوو. لای هەر دوو دەستەکە نەبووبوو. بەڵام دەکرا ئەو هەستە، ئەو بۆچوونە پووچەڵ بکاتەوە. دەکرا بڕوا و بڵێ:

– من، لاس، کوڕە گەورەی وسووئاغا زیندووم؛ گەڕاومەتەوە. لەوەدوا چی؟ لاس وەڵامی پێ نەبوو. دەکرا زۆر ئاسایی لەناویاندا بژی و گوێ بەهیچ نەدا. دەشکرا دەست بۆ پارچە پارچەی ژیان و چارەنووسی بگرێتەوەو هەر کوتەی لە شوێنێک بدۆزێتەوە. زۆر کاری تریش دەکرا. هێشتا یەکەم ڕۆژی گەڕانەوەی بوو. دەبوو زیاتر بیر لێکردنەوەی بۆ ڕۆژێکی تر دانێ. بۆیە گوتی: «بڕۆمە دەر چی بکەم؟ بۆ کوێ بڕۆم؟»

خۆشییەک لە دڵی دایە گوڵێ گەڕا کە ڕوومەتی نەیتوانی نەیدرکێنێ. لاس هەستی پێ کرد و قۆستییەوە. گوتی:

– پێت خۆش بێ سەرێکی دەرەوە دەدەم.

ئەو قسە بەئاشکرا دایە گوڵێی شڵەژاند.

– نا...نا.. بۆ دەبێ پێم خۆش بێ؟» ئەوسا بیری کردەوە، لەدوێشەوەوە لە چوونەدەری لاس ترسابوو. «بەمن بێ لە ژوورەوە دانیشی و هەرگیز نەچیتە دەر.

لاس تێگەیشت. بەو حاڵەش پرسی: «بۆ؟»

بۆ؟

دایە گوڵێ بەسەر سوورمانەوە پرسیارەکەی لاسی دووپات کردەوە. لە دواقسەکانی دوێشەو چاوەڕوانی ئەو «بۆ؟» یە نەبوو.

لاس دیسان پرسییەوە: «ئاخر بۆ؟» ئامادە بوو هەزار کەڕەتی تریش بپرسێ «بۆ؟ بۆ؟ بۆ؟» بۆ نەدەبوو زیندوو بێ و گەڕابێتەوە؟ بۆ نەدەبوو لە ماڵ بچێتە دەر؟ بۆ دایکی لە خەڵکی دەشاردەوە؟ لە پێناوی کامە تاواندا دەبوو هەتا هەتایە دیل بێ؟

تاوان... ئەو وشەیە ئاوڕی لە قسەکانی دوێشەوی دایکی پێ دایەوە. تاوان کرابوو. تاوان هەرەسی بە شکۆی ماڵ و بنەماڵەی وسوو ئاغا هێنابوو. کەی؟ ساڵانێک لەوەپێش. ئەو ساڵانە کە لاس لەماڵ نەبوو. ئەو ساڵانە کە لاس مردبوو. فەرخەی برای، خانزادی ژنی، دایە گوڵێی دایکی، هەموویان تاوانبار بوون جگە لە خۆی. ئەوە بڕوای لاس بوو. تاوانبارەکان زیندوو بوون. لەناو شار و لەناو خەڵکدا دەژیان. بەڵام ئەو دەبوو مردبێ و نەچێتە ناو شار و خەڵک نەیبینن؛ بۆ؟

دایە گوڵێ نەیدەویست دەرخۆنە لەسەر کۆنە حەقایەتی بنەماڵەکەی هەڵگیرێ؛ نەیدەویست هەمدیسان چرای ماڵانیان لەسەر بکوژێتەوە؛ نەیدەویست لاس لە ڕاستی کارەساتەکە بگا.

لاس گاڵتەی بەو بۆچوونە دەهات، بەڵام دەبوو کەڵکی لێ وەربگرێ. بیری کردەوە: «کەواتە مامەڵە دەکەین». گوتی:

– تۆ وابێدەنگ بی تاقەتم دەچێ و ناچار دەچمەدەر.

دایە گوڵێ تێگەیشت و لێوی خۆی گەست. گوتی:

– دەتەوێ گۆرانیت بۆ بڵێم؟

لاس بەخۆیدا نەشکایەوە. گوتی:

– گۆرانیم بۆ مەڵێ بدوێ تێمگەیەنە چیمان بەسەرهاتووە؟

لاس لەو کاتەدا بیری لەوە دەکردەوە، مادام کە خەونی پانزە ساڵەی بەتاڵ بۆتەوە و خانووی ئاواتی ڕماوە، دەبێ گڵ و بەردی هەڵبداتەوە. ئەوە داخوازییەکی زۆر نەبوو بەڵام بەقەدەر وزە و توانای بوو. بۆ جارێکی تر هەستی بەوە کرد، چەند تینووی تێگەیشتن لەو بەشە گومەی چارەنووسیەتی. بۆیە گوتی:

– سێیەکی تەمەنم بەلای ئێوەوەیە؛ سێیەکی چارەنووسم. پێدەنەوە بابزانم لەکوێوە هاتووم و بەرەو کوێ دەچم.



–«هەر ئەوەندە؟» دایە گوڵێ ئەوەی بێدەنگ پرسی. ڕەنگە چاوەڕوانی شتێکی تر بووبێ. لەخۆی نەدەگەیشت. پێش ئەوەی لاس هەستێ، چاوی لە دەستی بڕی. ئەو دەستە وا داماوانە گەدایی لاپەڕەکانی مێژووی خۆی دەکرد.

لاس هەستایە سەرپێ. بەرەو پەنجەرەکە چوو. هەتاو تیشکی بەهەموو لایەکدا بڵاوکردبۆوە.

لاس بەدرێژایی ئەو ڕۆژە لەبەر پەنجەرەکەدا پیاوێکی خەمبار بوو کە دوا تێپەڕبوونی ساڵەها بەسەر مەرگیدا، دواساڵەها چاوەڕوانی، لە هۆڵە دوور و درێژەکەی بەرزەخ، حوکمی بۆ دەرچووبوو بە نهێنی بگەڕێتەوە سەر دنیا و لەو ژوورە و لە پشت ئەو پەنجەرەوە سەیری سەرتاپای ژیانی خۆی بکا. نەیدەزانی ئەوە سزای تاوان و ئەشکەنجەیەکی دۆزەخی بوو، یان پاداشتی چاکە و چێژوەرگرتنێکی بەهەشتی. تەنیا ئەوەی لێی ڕوون بوو هەرکامەیان بێ، بۆ ئەو حاڵەتێکی هەڵبژاردە بوو.

جگە لە چەند وێنەی لێڵ و دوور، وەک ئەو ڕەسمە ڕەش و سپییە پەرتووکاوانە کە مرۆڤ جارو بار لەدووتوێی کۆنە ئەلبۆمێکدا دەیانبینێ و هەرچی لێیان ورد دەبێتەوە بیری هیچی ناخەنەوە، کۆنترین بیرەوەری لاس ئەو عەسرە بوو کە بەدوولنگەیەکی شین و تەپلەیەکی بچووکەوە لە قوتابخانە گەڕایەوە؛ کتێبەکانی لەبن دارتووەکەی حەوشە دانا و بەپلیکانەکاندا هەڵگەڕا. لانکەیەک لەسەر بانیژە بوو. لە ژێر جاجمەکەوە سەری بۆناو لانکەکە برد. لە تاریکیدا دەمی بەکوڵم و لاملی منداڵەکەوە نا و ماچی کرد. منداڵەکە لە خەو ڕاچەنی و گریا. دایە گوڵێ لەحەوشەوە هاواری لێ بەرز بۆوە:

– «لانی کەم جاجمەکەی لەسەر هەڵبدەوە جا ماچی کە».

لاس لە ماچ کردنی تێر بووبوو. سەری لەبن جاجمەکەوە دەرهێنا و لەکاتێکدا بەپشتە دەست دەمی خۆی دەسڕی، بەبێزلێ کردنێکی درۆزنانەوە گوتی:

–چاوم لێی بێ ناتوانم ماچی کەم.

منداڵەکە کوڕێکی سوورهووڵەی ورد بوو. چاوەکانی بەقەدەر دوو دەنکە جۆ بوون. هەموو قژە سەری ڕژابوو. ئەوەی بیدیبایە دەیزانی هێشتا چلەی نەچووە. دوا ئەوە لە دایک بووبوو، مەلۆتکەیان کردبوو بەپێی داخوازی دایکی بردبوویان لەبن دارتووەکە لە کۆش خاڵە نایەریان نابوو، «بانگی بەگوێیدا بدە خاڵە.»

خاڵە نایەر ئەگەر چی دەمی پیرۆز بوو ناوی خۆشی دەبینییەوە، بەڵام خۆی لەو ئاهەنگە

دزیبۆوە. دوا ئەوە بەحاستەم دەمی بەکوڵمیەوە نابوو دوعای خێری بۆ کردبوو، ناردبوویەوە: –ناولێنانەکەی دادەنێین بۆ ڕۆژێکی تر. ئێستاهیچم لەیاد نییە.

نەدەبوو خاڵە نایەر ناوی خۆشی لە بیر نەبێ. بەڵام نەدەکرا زۆریشی لێ بکەن. دایە گوڵێ لەوە ترسابوو «نەکا خاڵە شتێک بزانێ؟ نەکا منداڵەکە نەژی؟»

وسووئاغا گاڵتەی بەقسەکەی کردبوو

– مردن و ژین لە عیلمی خودایە ئافرەت.

دایە گوڵێ پرسیبووی: «ئەی بۆ خاڵە ناوی لێ نەنا؟»

وسوو ئاغا بەتەوسەوە سەری لێ ڕاوەشاندبوو:

– خاڵە جگە لە لاس و خانزاد ناوی کامە منداڵی تری ناوە؟

دایە گوڵێ ئەوەی دەزانی، بەوحاڵەش دڕدۆنگ بوو. وسوو ئاغا گوتبووی: کفتە و گۆشتێک لێ بنێ، خۆم ناوی دەنێم.

ئەوسا ناوی نابوو فەرخە. ئەوە لاسایی کردنەوەیەکی خاڵە نایەر بوو. ئاوڕدانەوەیەک لە بەیتی شێخ فەرخ. خاڵە نایەر پیرۆزبایی لێ کردبوون.

لاس دوا ئەوە وازی لە فەرخە هێنا گەڕایەوە بۆ حەوشە. دایە گوڵێ دەستی لەکارەکەی هەڵگرت و پرسی:

– هەواڵ و باسی قوتابخانە؟

لاس لەبەرامبەریدا قیت ڕاوەستا و بەدۆخێکەوە کە خۆی پێی وابوو زۆر پیاوانەیە گوتی:

– فارسی سخن بگویید.

ئەوە پیشەی هەموو ڕۆژێکی بوو. دایە گوڵێ دەیزانی ئەوە ئەمری حوکمەتەو لە کوتە کاغەزێک نووسراوەو بەژوور دەرکەی قوتابخانە هەڵواسراوە. تەنانەت ئەوەشی دەزانی کە زۆر شەو ئاژانێکی سمێڵ قیت دەچێتە خەونی لاسەوە و ئەوەی لێ دووپات دەکاتەوە. بەو حاڵەش لاس گاڵتەی پێ دەهات. منداڵانی گەڕەکی لەخۆی کۆ دەکردەوە، تەڕەشوولێکی لێ بەدەستەوە دەگرتن و بەلاسایی مەلا ڕەحمانی مامۆستای قوتابخانە، دەیگوت:

– تا نباشد چوب تر فرمان نبرد گاو وخر.

منداڵ لەبەری هەڵدەهاتن و ئەو شوێنیان دەکەوت.



تۆ لەسەر ئەو هەموو منداڵەدا شوێن من دەکەوی و بەمن دەوێری. خانزاد بە گریانەوە ئەوەی گوت و بەتۆراوییەوە بەرەو ماڵ ڕۆیشتەوە.

لاس شوێنی کەوت. لەترسی دایکی و لە بەر دڵی ئامۆژنە حەلاو دەستی گرت و گوتی:

– ئەمە گاڵتەیە. نابێ بگری و بتۆرێی.

خانزاد بەنووزە نووزەوە گوتی: «تۆ ڕقت لە منە». ئەوسا خۆی لە دەستی ڕاپسکاند و گورجتر هەنگاوی نا.

لاس هەرچی دڵخۆشی دایەوە خانزاد ئاشت نەبۆوە. ناچار وازی لێ هێناو بۆ ناو منداڵەکان گەڕایەوە.

ئێوارە خاڵە نایەر وەک هەموو ڕۆژێکی تر چاوەڕوان بوو لاس و خانزاد بەرەو پیری بچن و ماندوونەبوونی لێ بکەن. بەڵام ئەوان بەشەرم و تاوانبارییەوە هەر یەکەیان لە سووچێکی حەوشەکە ڕاوەستابوون و لچیان داژەندبوو. خاڵە نایەر بەسیلەی چاو سەیری کردن. پێش ئەوە بێتە قسە و بیاندوێنێ، دایە گوڵێ گوتی:

– گوێیان مەدەرێ خاڵە. دەبێ تەمێ کرێن.

خاڵە نایەر گوتی: نەکا دیسان شەڕیان کردبێ؟

دایە گوڵێ گوتی:

– وەک سەگ و پشیلەیان لێ هاتووە. دانوویان پێکەوە ناکوڵێ.

خاڵە نایەر بەرەنجاوییەوە گوتی: «کە واتە پیاسەی ئەم ئێوارەیان لەکیس چوو». لاس و خانزاد بەسیلەی چاو لە یەکتریان ڕوانی. نیگایان پڕ لە سەرزەنشت و گلەیی بوو. دیسانەوە سەریان داخستەوە و دڵیان پڕ بوو. خاڵە لە دوێشەوەوە بەڵێنی گەڕانی پێ دابوون. ئەوانیش لەبەیانییەوە چاوەڕێی زووگەڕانەوەی بوون.

خاڵە نایەر کۆپانی لەپشت گوێدرێژەکە داماڵی و گوتی:

– بمزانیبایە وا زوو نەدەهاتمەوە.

منداڵەکان ئومێدیان بڕا و دڵیان پڕ بوو. خاڵە نایەر ڕووی لە دایە گوڵێ کرد و بەدەم زەردەخەنەیەکەوە گوتی:

– چۆن دەکرێ من دوو منداڵ کە شەڕیان بووە و لەیەک تۆراون، بگێڕم؟

دایە گوڵێ ویستی قسە بکا. خاڵە بەچاو داوای بێدەنگی لێ کرد:

– خۆزگە ئاشت دەبوونەوە و منیش گەڕانەکەم لە کیس نەدەچوو.

منداڵەکان لە پڕمەی گریانیان دا. خاڵە نایەر لە لاس نزیک بۆوە. دەستی گرت و ئارام بەرەو خانزادی برد:

ئەگەر هەر ئێستا ئاشت ببنەوە و دەم و چاویان بشۆن، منیش ئامادەم.

لاس و خانزاد وەک ئەوەی شەڕیان نەبووبێ، ئاویان بەدەستی یەکتردا کرد.

خاڵە نایەر زۆربەی ئێواران کە زوو لەدەشت دەگەڕایەوە ئەوانی پێش خۆی دەدا و لەشار دەیبردنەدەر.

ئەو ئێوارەیەش دوا ئەوەی کۆڵانە و کۆڵان لەشار چوونەدەر، بەکابە جارەکاندا و بەناو دێراوە تووتنەکاندا هەڵگەڕان. لەولای شیوی «میرزابەگ»ەوە بەداوێنی «ئاربەبا»دا ڕەزاوڕەز ڕۆشتن. بن مێو بەبن مێویان پشکنی. سەیری هێشووەکانیان کرد کە لەبن سێبەری لەرزۆکی گەڵا مێوەکاندا خۆیان شاردبۆوە. هێشووی زەرد و ئاڵتوونی، ڕەش و قەترانی. لە ڕەزی دۆستێکی خاڵە نایەر یەک دوو هێشوو چاوقڵکەی نایابیان لێ کردەوە. لە دەسرۆکەیەکیان نا و بەباریکەڕێی بن سێبەری دارهەرمێ و قۆخەکاندا، شان بەشانی تەیمانێکی نزمی هەژگ و چیلکە، بەرەو کانی و ئەستێری خاوەن ڕەزەکە چوون. ترێکەیان خستە نێو حەوزی بەر کانییەکە و خۆیان لەبن دارەکان دانیشتن.

لاس و خانزاد ساڵانێک لەوەدوا بیریان دەکردەوە لەو گەشت و پیاسانەدا فێر بووبوون چۆن چێژ لە سروشت و جوانییەکانی وەربگرن. هەست بەگۆڕان و جیاوازی وەرزەکان بکەن. مۆسیقای خوڕەی ئاوی شیوەڵەکان ببیستن و بەفێنکایی ئاوی کانیاوەکان پێستە سپی و ناسکەکەی ڕوومەتیان بلاوێننەوە. خاڵە نایەر ئاسمانی نیشان دەدان. خۆری دەمەو ئێوارە کەلەپشت کێوەکانەوە ئاوادەبوو. داوای لێ دەکردن گوێ بۆ دەنگەکان شل کەن. بۆ جریوە جریوی ئەو مەلانە کە لە ناو لق و پۆپی دارەکاندا خۆیان شاردبۆوە. بۆ دەنگی شنە و لەنجەی گەڵاکان و وڕەی فڕینی ئەو باڵندانە کە تەنیا سێبەری باڵە بچووکەکانیان بۆ ساتێک دەبیندرا.

ئەوەندە ماندوو نەبووبوون کە زۆر بحەسێنەوە. هێشووە ترێکان هێشتا لەبەر پلووسکی کانییەکەدا بوون. لاس و خانزاد لەوەزیاتر خۆیان بۆ نەگیرا. دیسانەوە دزەنیگا و زەردەخەنەو چپەچپ. لاس گوتی:

– تۆ پێی بڵێ.

خانزاد لە شەرما لێوی خۆی گەست و گوتی:



– نا، تۆ پێی بڵێ.

خاڵە نایەر تێگەیشت. ڕووی لەلاس کرد و بەپێکەنینەوە گوتی:

– لە بری ئەو چپە چپە برۆ ترێکە بێنە با بیخۆین و بگەڕێینەوە.

لاس بەرەو کانییەکە چوو. بۆڵە ترێکان لە بن ئاوەکەدا دەبریسکانەوە. هێشووەکانی دەرهێنا. چۆڕاوی بن هەر بۆڵێیک دڵۆپێ ئاوی زەرد و ئاڵتوونی بوو. خۆی پێ نەگیرا. بۆڵێکی خستە ناو دەمی. لەگەڵ دان پیانانیدا شەربەتاوێکی شیرین پڕژایە ناو دەمی. لە خۆشییا لە نەکاو و بێ تێفکرین باوەشی بەخاڵە نایەردا کرد و بەگەشکەیەکی منداڵانەوە گوتی:

– زۆرم خۆش دەوێی خاڵە.

خاڵە نایەر بەخۆیەوە گوشی. بەلێدانی توندی دڵە بچووکەکەیدا هەستی بەخۆشەویستییەکی بێ گەرد کرد. خۆشەویستییەک کە بۆی خولقابوو و بەجیهانە بچووکەکەیەوە دەبەستەوە. گوتی: «منیش تۆم خۆش دەوێ». ئەوسا سەیری خانزادی کرد. ئەویش بە هەمان خۆشەویستییەوە لێی دەڕوانی. باوەشی بۆ ئەویش کردەوە و گوتی: «هەر دووکتانم خۆش دەوێ».

لەگوتنەکەیدا خەمێک بوو کە لاس پێی نەزانی. لە بەر ئەوە جگە لە خۆشەویستی هیچی تری نەدەناسی. هەستی بە هیچی تر نەدەکرد؛ نە خەم، نە نەفرەت. لاس هێشتا منداڵ بوو، دەبوو ساڵەها تێپەڕێ تا ئەو شتانە بناسێ و تاقییان بکاتەوە.

پێشبینی ئەو ئایەندەیە بۆ خاڵە نایەر گران نەبوو. ڕەنگە ئەو ڕۆژەی لەبەر چاو بووبێ کە لاس لەگەڵ چەند هاوڕێی لە قوتابخانە دەگەڕانەوە. وەک ڕۆژانی تر لە گەڕەکی ژوورەوە بەقەراغ شیوە گەورەکەدا دەهاتنە خوار. بەپێشنیاری یەکێکیان بەرەو «گۆڕی غەریبان» چوون. لەوێ زۆر نەمانەوە، بەرەو «کانی گوڵان» بایان دایەوە. پێش ئەوە بیگەنێ خەڵکێکی زۆریان بینی لەسەر کانییەکە کۆببوونەوە. بەڕاکردن بەرەو قەرەباڵغییەکە چوون. لە قەراغەوە ڕاوەستان و گوێیان هەڵخست. بەوەش ڕازی نەبوون، هەریەکە لەسووچێکەوە خۆیان بەناو خەڵکەکەدا کرد. ئەوەی دەیانبیست دژوێن و قسەی ناخۆش بوو؛ دیار بوو شەڕ بوو. لاس هەرچی چاوی گێڕا کەسی نەدی لە یەکێکی تر راسابێ. دیمەنەکە لەدوا شەڕ دەچوو. ئەو کاتانە شەڕکەر لەیەکتریان دابوو ناوبژی کرابوون؛ بەڵام خەڵکی سەیرکەر دڵیان نەدەهات شەڕگە چۆڵ کەن. لاس لەنێوان قسە پچڕ

پچڕەکاندا چەند جار ناوی ئامە بێوەژنی بیست. «ئامەی کلۆڵ... بەڕە لەلای تەنکییەوە دەدڕێ... بێوەژن کۆشی... منداڵ بەخێوکە و...» دەستبەجێ بیری فەتەی کوڕی خات ئامە کەوتەوە.

فەتە یەکێک لە منداڵە سەرچڵەکانی گەڕەک بوو. لاس دڵنیا بوو شتێکی بەسەر هاتووە؛ دەمێکە بوو فەتەی نەدیبوو. پێش ئەوە بیر لەماوەی نەدیتنەکەی بکاتەوە، بیری بۆ ئەوە چوو کە جارێک بیستبووی فەتە خۆی تووشی قڕەیەکی گەورە دەکا. زۆری پێ ناخۆش نەبوو؛ فەتە تاقە منداڵی گەڕەک بوو کەشەڕی پێ دەفرۆشت. گوێی لێ بوو یەکێک گوتی: «خوا بکا نەمردبێ». بەبیستنی ئەو قسە داچڵەکی. لەبەر خۆیەوە گوتی: «نەکا چەقۆیان لێ دابێ!» نەیزانی بۆ بیری بۆ چەقۆ چوو.

لەو کاتەدا کۆبوونەوەکە شەقی برد، ئافرەتێک وەک مەیت بەسەردەستی پیاوێکەوە دەرکەوت. لاس دیسان لەبەر خۆیەوە گوتی: «حەتمەن خات ئامەیە و لەهۆش خۆی چووە». لەبن دەستی خەڵکەکەوە سەری هەڵبڕی. ئانیشکێک بەر سەری کەوت، گوێی پێ نەدا. لە ئافرەتەکە ورد بۆوە، خات ئامە نەبوو. ناسییەوە، نازداری کچی بوو؛ خوشکە گەورەی فەتە.

لاس پێشتر لەودیو پەرژینی حەوشەکەیانەوە دیبووی کە خوری شە دەکرد. ئێستا بە سەر دەستی کابراوە درێژتر دیار بوو. لە ئەژنۆ بەرەو خواری بەربووبۆوە. سەری لەبن باخەڵی کابرا ئاخنیبوو. لاس سەیری ڕوومەتی کابرای کرد. ئەوەندە تووڕە بوو، لێی ترسا. کابرا گورج و قایم هەنگاوی دەنا و جەماوەر شوێنی کەوتبوون:

«ئەی فەتە چی بەسەر هاتووە؟

ئەوەندە بەرز پرسی، پێی وابوو کەسێک وەڵامی دەداتەوە. چاوی بۆ هاوڕێکانی گێڕا. کەسیانی نەدی. گورجتر شوێن کابرا کەوت. جەماوەر تا دەهات زیاتر دەبوون. هەرکەس دەهات، لەڕێوە دەیپرسی: «چی ڕووی داوە؟» ئەوەی تاقەتی گێڕانەوەی بوو، دەیگێڕایەوە «حسێن ئاژانی قورمساغ تاوی داوەتێ و لەچکەی لەسەر داماڵیوە». بەرۆژی ڕووناک تاوی داوەتێ؟ دیمەنی کەڵگرتنی مانگا سووری خۆیان لێ ژیایەوە. بێ ئەوەی جارێ لە هیچ گەیشتبێ رقی لە حسێن ئاژان و کردەوەکەی هەستا. زۆری پێ نەچوو لە ڕاستی کارەساتەکە گەیشت. حەمە ڕەشیدێک- کە لاس نەیدەناسی- حەزی لە نازدار کردبوو؛ «هەتیوێکی بەڕەڵای خوێڕی»؛ خەڵک وایان پێ دەگوت. گوایە چەند جار سەر ڕێگەی پێ



گرتبوو. «کچەی بەستەزمان» نەیزانیبوو چی بکا، بۆیە تفی بۆ ڕۆ کردبوو. دوائەوەش «ئەو هەتیوە» ناردبووی بۆ خوازبێنی. خات ئامە گوتبووی:

-«دارمەیتی کچەکەشمی پێ هەڵناگرم.»

ئەویش لەداخا پارەیەکی خستبووە مشتی حسێن ئاژانەوە و دنەی دابوو لەهەر شوێنێک بەرگیری کەوت، جل و بەرگی لەبەردا دادڕێ و ئابڕووی بەرێ. دەیانگوت حسێن ئاژان چەند ڕۆژە خۆی لێ داگرتووە، تا ئیمڕۆ لەسەر کانی دەرفەتی لێ هێناوە و شاڵاوی بۆ بردووە. دوا ئەوە لەچکەی لەسەر داماڵیوەو چنگی لەپرچەکانی گیر کردووە، ویستوویەتی کراسەکەشی لەبەردا دادڕێ. نازدار لەترسا زریکاندبووی و بوردبۆوە. لاس گوێی لێ بوو کە دەیانگوت: «زراوی تۆقیوەو مردووە».

بیری فەتە کەوتەوە. بەیانیان لەگەڵ دایکی کۆڵەدار و کۆڵە چیلکەی دەهێنا و دوانیوەڕوان سەگەکانی لە منداڵان بەردەدا. لاس لەخۆی پرسی: «بڵێی ئێستا لەکوێ بێ؟»

شان بەشانی کابرای زەلام دەڕۆیشت و چاوی لە پا و پووزی باریک و ئێسکنی نازدار بڕیبوو. خات ئامە پەشۆکاوو سەراسیمە لەو سەری کۆڵانەوە دەرکەوت. بەدیتنی ئاپۆڕەی خەڵکەکە و نازداری لەهۆش خۆ چوو، قیژاندی. ڕەنگە پێی وابوو نازدار مردووە. قیژەکەی لە کپی کۆڵانە تەسکەکەدا دەنگی دایەوەو تەزووی بەلەشی خەڵکەکەدا هێنا. لاس هەنگاوێک کشایەوە، بەڵام گوشاری خەڵکەکە پێش خۆی دایەوە. خات ئامە پێش ئەوە بگاتە خەڵکەکە قەڵەمی ئەژنۆی شکا و ڕووخایە زەوی. ئەوسا بەچنگ گڵ و خۆڵی ئەو ناوەی بەسەری قۆتینی خۆیدا کرد. یەک دوو پیاو لێی چوونە پێش و دەستیان گرت. لاسیش لێی نزیک بۆوە. ڕوومەتی خات ئامە بەهۆی هاوار و قیژەکەیەوە گەڕابوو.

بەلایەوە سەیر بوو. ڕوومەتی مرۆڤ- ژنێک کە سەدان جار دیبووی- چۆن لە ئان و ساتدا وا ناحەز و ترسێنەر دەبێ؟ چاوی وەک دووبۆڵە ترێی گەنیو بەر بووبوونەوەو دەمی بەقەدەر هەموو ڕوومەتی هەراش بووبوو. نەیدەزانی ئەو قیژە تیز و سامناکە پەیتا پەیتایە لە کوێی ئەو لەشە ریوەڵەوە دێتە دەر.

لاس هێلنجی قووت دایەوە. پیاوەکان لەچکە داماڵدراوەکەی خات ئامەیان توند کردەوە و کەوتنە دڵخۆشی دانەوەی: «هیچ نییە ترساوە.». لە گەمارۆیان دا و بەسەریدا نەوینەوە: «هاوار هاوار مەکە.. بوردۆتەوە... ئەی سندان.. لێی گەڕێن کلۆڵە...

لەسەررێ.. مەیتۆقێنە... داوەشێی.. خوا حەقت...» خات ئامە لەوە نەدەچوو هیچ کامە لەو قسانە ببیستێ. لەسەر عەرزەکە درێژ بووبوو.

دوو سێ پیاو بەرزیان کردەوەو بەسەر تەیمانە تەپیوەکەدا پەڕاندیانەوە. کە نازداریش لە بەرچاوی خەڵکەکە نەما، چرپەیەک دایچڵەکاندن: «ئاژان هەڵنەکوتنە سەرمان!» خەڵکەکە ترسان. کاتی ئەوە بوو ریش سپییەک بێتە دەنگ: «تکایە بڵاوەی لێ بکەن. خوا ئیمانتان بداتێ چۆڵی کەن». جەماوەر بەنابەدڵ، بەڵام لە ترسا بەرەودوا چۆڵیان کرد. لاس ئیشتیای رۆشتنی نەبوو. لە پاڵ تەیمانەکە لەسەر بەردێک دانیشت. قیژە ترسناک و تیژەکەی خات ئامە ببووە لاواندنەوەی مردوویەک. «بڵێی مردبێ؟» لاس لەخۆی پرسی. هەستێکی نامۆ سەری پێ کز کرد و بەباوەشیدا شۆڕی کردەوە. نەیزانی ئەو حاڵەتە چەندەی خایاند.

گابۆڕی فەتە سەری پێ بەرزکردەوە. فەتە وەک شێت خۆی بەحەوشەدا کردبوو. ڕەنگی وەک جاو سپی بووبوو. تا ژێر نەبۆوە ڕێگەی چوونە ژووریان نەدا. دوا ماوەیەک زۆربەی ئەو ژن و پیاوانە کە لە ژوورەوە بوون، هاتنەدەر. دەنگی لاواندنەوە و گریانی خات ئامە لە بڕانەوە نەبوو. فەتەش دیسان دەنگی هەڵبڕیەوە. ڕەنگە لە بەر دەنگی ناخۆشی، دەریان کرد. بەدەم گریانەوە هاتە حەوشە. چاوی بەو چەند کەسەدا کە هێشتا نەڕۆیشتبوون، گێڕا، ڕوومەتی لاس سەرنجی قۆستەوە. بۆ ساتێک دەمی لێک نا و دیسان دەستی پێ کردەوە. لاس لەوە زیاتر خۆی پێ نەگیرا. لە پڕمەی گریانی دا و وەک پێشتر سەری بەکۆشی خۆیدا شۆڕ کردەوە. شانی بەهەنیسکەوە دەلەرایەوە. دایە گوڵێ - کە لاس ئاگای لە هاتنی نەبوو- دەستی بەسەردا هێنا: «هەستە کوڕم. هەستە بڕۆ بۆ ماڵەوە».

خانزاد لەماڵی ئەوان لەسەر پلیکانەی بانیژەکە کز دانیشتبوو. کە لاس دەرکەی حەوشەی کردەوە بەهەڵەداوان بەرەو پیری چوو و گوتی: «نازدار چی بەسەر هاتووە؟»

نزیکەی ساڵێک بوو خانزاد پێ بڕی دەرەوەی لێ کرابوو. ڕۆژێک وسووئاغا چووبوو بۆ ماڵیان و گوتبووی:

- ئیتر نابێ لە ماڵ بچێتە دەر.

خانزاد کە تا ئەو کاتە ڕاست و چەپی خۆشی باش نەدەناسی، بەسەر سووڕمانەوە پرسیبووی:

- بۆ، مامە؟



وسووئاغا بەتووڕەیی وەڵامی ئەوی دابۆوە:

- پێویست بەپرسیار ناکا. لەم دەرکەوە بۆ ئەو دەرکە، لە ماڵی خۆتانەوە تا ماڵی ئێمە، ئیتر بۆ هیچ شوێنێکی تر ناچێ.»

بەڵام بەئارامی بەخات حەلاوی براژنی گوتبوو:

- ڕەشی ئاژان دووسێ جار لەملاو لا دیویەتی. وەک خۆی دەیگوت، لەبەر دڵی ئێمە نەبوایە لەچکە و کراسی لەبەر دادەدڕی و ئابڕوومان دەچوو.

لاس بەخەمەوە گوتی: «کلۆڵە، پێم وانییە بژی».

شەو وسوو ئاغا و خاڵە نایەریش چوون بۆ ماڵی خات ئامە. نازدار هۆش خۆی هاتبۆوە بەڵام بەکەس دابین نەدەکرا. خۆی لە قوڕنە و قوژبنی ژوورەکە دەئاخنی و دەگریا و هاواری دەکرد: «توخوا فریام کەون... دەمبەن... دەمکووژن...».

ئەگەرچی وسووئاغا بەدڵنیاییەوە گوتبووی: «هیچ نییە ترساوە و تا سبحەینێ چاک دەبێتەوە»، بەڵام نازدار چاک نەبۆوە و بۆ هەمیشە شێت بوو.

یەکەم نیشانەی ئەو نەفرەتە کە دوا شێت بوونی نازدار لەگیانی لاسدا هێلانەی کرد، تفێک بوو کە لە خەیاڵیدا لە نێو چاوانی حسێن ئاژانی کرد. «تف بێ شەرەف» لەوەدوا هەرچی تەمەنی هەڵدەکشا، ڕوخساری حسێن ئاژان لەو قاپە نەفرەتەی بەرچاوی، کاڵتر دەبۆوە. ئەوەی لە چوار چێوەی قاپەکەدا دەما باڵای پیاوێک بوو بەجلوبەرگی حوکمەتی و تەپلەی شێرو خورشید نیشانەوە. ئەمنییەیەکی بێ ڕوخسار کە هەر ساتەو لەدوا هەر ڕووداو و کارەساتێک، ڕوومەتێک لەو بۆشایی و کاڵەوەبوویەیدا دەردەکەوت. بەو پێیە نەفرەتەکەی لاس هەموو پیاوانی حوکمەتی دەگرتەوە؛ ئاژان، گوروبان، سەروان و تەنانەت ڕەزاشای چاوبزی سمێڵ قیت کە ڕەسمی بەیەکەم لاپەڕەی هەموو کتێبەکانەوە بوو. حوکمەتێک کە میکرۆبی کوشندەترین نەخۆشی بەشاردا بڵاوکردبۆوە؛ ترس، لە پادگانی سەرچاوەوە بەدەمارەکانی شاردا، بەڕاستە شەقامە خۆڵینەکە و بەکۆڵانە تەسک و پێچاو پلووچەکاندا بۆ حەوشەو حەساری ماڵەکان و بەناو دڵی یەکەیەکەی دانیشتواندا بڵاو دەبۆوە. ترس لەگرتن، لێدان و کوشتن. ترس لە بێ ئابڕوویی و شێت کردن. ئەو ئەزموونە تاڵە جیهانەکەی لاسی مێردمنداڵی بەقەدەر گەورەیی شارەکە هەراو کردبوو. لاس وردەوردە شاری دۆزییەوە. پەی بەحەقیقەتی بەرجەستەو ئاشکرای دەبرد. شارێکی چۆڵ، خامۆش و خەمبار لە ژێر سێبەری ڕەشی تفەنگ و هەڕەشە و ئەمرە بەرەو دواکانی

حوکمەت؛ تفەنگ بۆ کوشتن و پاراستنی سێبەرەکەی؛ هەڕەشە بۆ بەڕێوەبردنی ئەمرەکان. ئەمری داکەندنی جل و بەرگی کوردی و لەبەرکردنی «ئەلمۆدە» ئەمری دەست هەڵگرتنی خەڵک لە خووخدە و داب و نەریتیان.

هاوکات لەگەڵ ئەو ڕۆژانە لاس پۆلی نۆی قوتابخانەی تەواو کرد و بەناچاری وازی لە خوێندن هێنا. تەنیا هۆی دڵخۆشی بۆ دابڕان لە قوتابخانە فڕێدانی دوولنگە و لەبەرکردنی ڕانک و چۆخەی مەرەز بوو. بەو کارە هەستی بە یاخیبوون دەکرد؛ یاخیبوونێکی پاڵەوانانە. وەک کوڕانی حەقایەت، کە لە هیچ کەس جگەلە خۆی نەدەوەشایەوە.

باوکی لەبەر ئەوەی مووچەخۆریماڵیە بوو، لەدەمێکەوە ملی بەئەمرەکەی حوکمەت دابوو. هاوڕێکانی باوکی– تەنانەت ئەوانەی مووچە خۆریش نەبوون– نەیاندەوێرا جلی کوردی لەبەر کەن. کاسب و دووکاندارەکانیش، زۆربەیان سەرو تەپلەیان بەسەر شایەن و پێوانەکانیاندا شۆڕ کردبۆوە. ئەوانەش کە ملیان نەدابوو و جلی کوردییان لەبەر دەکرد، هیچیان لە پاڵەوان نەدەچوون. لەپاش دووکان و پشت ڕەفحە و قەفەسە دارینەکاندا خۆیان دەشاردەوە و چاوەچاویان بوو ئێستا یان ساتێکی تر، ئاژانێک خۆی بەدووکانەکەیاندا بکا و بڵێ: «کوا تەپلەت؟ بۆ دوولنگەت لەپێ نەکردووە؟» ئەوسا ئەوانیش دەستەوداوێنی بن و لەبەری بپاڕێنەوە. ئاژانەکەش بەسەریاندا بگوڕێنێ و جنێویان پێ بدا: «هەی باوک نامەرد... موتەجاسیر» لاس ئەوەی بەیاخیگەری و سەرکەشی نەدەزانی، تەنانەت بێزی لێ دەکردەوە. ئەوان لە بەر ئاژانەکان دەپاڕانەوەو ئەم لاولایان ماچ دەکردن. بەو حاڵەش سووکایەتییان پێ دەکرا، لێیان دەدرا، نافۆکیان دەدڕا و دەبوونە قەشمەر جاڕ.

لاس هەموو ئەوانەی بەچاوی خۆی دیبوو. ئێستاش دوای ساڵەها کە تاسەی چوونەدەر و گەشتی ناو شار و گەڕانی کۆڵان و شەقامەکانی دەکرد، بیری ئەو ڕۆژە دەکەوتەوە کە باوکی رایسپاردبوو لەگەڕەکی ژووروو، لەماڵی حاجی بابە کتێبی هەزارو یەک شەوی بۆ بێنێ. کتێبەکە لە دەسڕەیەکی کەتانەوە پێچرابوو، بەبن هەنگڵییەوەبوو. لەکۆڵانی «مزگەوتی خان»ەوە بەرەو ڕاستە شەقامەکە دەچوو. نەڕەیەک دایچڵەکاند و هەنگاوی پێ گورج کرد. ڕەشی ئاژان بن باڵی پیاوێکی کورتە باڵای گرتبوو لە دووکانەکەی دەیهێنایە دەر. دراوسێ دووکانەکان چراغپا بوون، بەڵام نەیاندەوێرا توخنی کەون. لاس لێیان نزیک بۆوە. وەستا ئەحمەدی خەیاتی ناسییەوە. وەک مەڕ بەدەمی گورگەوە بوو. دەپاڕایەوە:



«ئاگر لە دووکانەکەم بەربدە بەڵام واز لە خۆم بێنە سەرکار».

ڕەشی ئاژان قاقا پێدەکەنی و دەیگوت: «ئەویش بۆ ڕۆژی خۆی وەستا. جارێکە وەرە».

تا ناوەڕاستی شەقامەکە داینەنا. خەڵکی ڕێبوار لە دەوریان کۆبوونەوە. لاس کەسیانی نەدەناسی؛ ویستی ملی ڕێگە بگرێ و نەوەستێ، چەند هەنگاو دوور کەوتەوە. لەپڕ وەک ئەمری پێ کرابێ، ڕاوەستا و گەڕایەوە. هیچی نەدەدی بەڵام گوێی لە دەنگی وەستا بوو کە دەگریا و دەپاڕایەوە. لاس خۆی گەیاندە پیادەڕۆکە و لەسەر سەکۆی بەر دووکانێک جێی خۆی کردەوە. وەستا باوەشی بەڕەشی ئاژاندا کردبوو: «لەدەورت گەڕێم سەرکار ڕەشی. لێم خۆش بە، بابڕۆینەوە ناو دووکانەکە. برا گەورەبە هەرچی بیفەرمووی بەچاوان».

لاس کوڵی گریانی قووت دایەوە. ڕەشی ئاژان چاوی بەخەڵکەکەدا گێڕا و گوتی: «هەتیوێک بڕوا مەقەستەکەی بێنێ».

کەس نەبزوا. ڕەشی ئاژان خولێکی بەناو خەڵکەکەدا دا. هەموویان سەر و هەنگاوێک کشانەوە. تووڕەتر نەڕاندی: «دەڵێم قوڕمساغێ مەقەستەکەی بێنێ».

لاس نەیزانی کێ بەقسەی کردو مەقەستەکەی هێنا. وەستا ئەحمەد گڕمۆڵە بووبوو. بەهەردوو دەست نافۆکی خۆی گرتبوو دەپاڕایەوە: «بیکە بۆ خاتری خوا. خۆ تۆ کافر نی».

ڕەشی ئاژان مەقەستەکەی لە ژوور سەریەوە لەیەک دەسوو: «دەست لابە وەستا، ئەگینا گەڵ و... دەبڕم».

لاس تریقانەوەیەکی بیست. بۆ ساتێک حەزی کرد کتێبەکە فڕێ داو لە خەڵکەکە بکەوێتە بەردەفڕکە. گوێی لەدژوێنێک بوو. چەند کەس بەبێزارییەوە وازیان لە ڕاوەستان هێناو ڕۆیشتن. لاس لەسەر سەکۆکە دابەزی. رەشی ئاژان بەقاقای پێکەنینەوە گوتی: «ئەمەش نافۆکی وەستا. بێڵە بزانم دەزگاکەی چەندەیە...»

کەس پێنەکەنی. ئەویش لە داخا بەتووڕەیی یەوە دڕی بەخەڵکەکە دا و پەڕۆکەی بەچڵە دارێکی ژوور دووکانی وەستاوە گرت.

لاس بەپێچەوانەی خواستی دەروونی پێی ڕۆشتنی نەبوو. هەستی دەکرد بەزۆر نیگای بۆ ئاڵا ڕەشەکەی سەر دووکانی وەستا ئەحمەد ڕاپێچ دەکەن. خەڵکەکەی دەدی کە لەدەوری کۆدەبوونەوە و ئاڵاکە بەژوور سەریانەوە دەشەکایەوە. خەڵکەکە لە حاستی بچووک و گولەکە دەبوونەوە. وەک ئەوە لە زەوی ڕۆبچن. وردەوردە سەری زل و ڕوومەتی تێک

قوپاویان بەسەر عەرزەوە دەما. سەری خڕ و بارەو شەق، کەلەبەرچاوی لاسدا بەشەقامەکەدا گلۆر دەبوونەوە. ڕەنگە هەر سەرەو بەرەو ماڵی خۆی...

ئەو دیمەنە خەون ئاسایە لاسی ترساند. هەموو توانای لە پێیدا کۆکردەوە و هەڵات. تا ناو دەرکەیماڵەوە ئاوڕی نەدایەوە. خاڵە نایەر لە حەوشە لە جێی هەمیشەی دانیشتبوو. لاس ترساو پەشۆکاو بەرەو پیری چوو. پێی خۆش بوو وەک جاران، وەک سەردەمی منداڵی خۆ لە باوەشی هاوێ. خاڵە نایەر باوەشی بۆ نەگرتەوە. ڕەنگە لەبەر ئەوەی باوەشی بۆ لەشی گەورەی لاس بچووک بوو، یان تاقەتی جارانی نەمابوو.

ساڵانێک لەوەدوا لاس یەکەم کەس بوو بیری کردەوە خاڵە نایەر تاقەتی جارانی نەماوە. ئەو دەمانە کە بەشی زۆری شەووڕۆژی لەگەڵ خاڵەدا بوو. بەیانییان لەگەڵیدا دەچوو بۆ دەشت و ئێواران شان بەشانی دەگەڕایەوە. بەدرێژایی ڕۆژ ئەگەرچی سەرقاڵی کار بوو، بەڵام چاوێکی لەخاڵە بوو. خاڵە بەپێچەوانەی جاران دڵی بەکارەکە خۆش نەبوو. بەئەشقەوە لە زەوییەکەی نەدەڕوانی. بەشێف و وەردەکاندا هاتوچۆی نەدەکرد. بەدەم کەروێشکەی گەنمەکانەوە نەدەخنایەوە. بەدەوری خەرمانەکەدا هەڵنەدەسووڕا. لەگێرەدابە گاکانی هەڵنەدەگوت و لە خەرمان هەڵگرتندا شێعری نەدەخوێندەوە.

لاس بەماندووی دەزانی؛ بۆیە داوای لێ دەکرد لە بن سێبەرێک بحەسێتەوە. خاڵە وەک لە خودای ویستبێ بەقسەی دەکرد. دادەنیشت و بەدانیشتانەوە خەو دەیبردەوە. ئەوسا تا دەمەو ئێوارە بەئاگای نەدەبۆوە. لە گەڕانەوەشدا بەسواری وڵاخەکەوە هەروا کزو بێدەنگ بوو. چاوی لە ڕێگە دەبڕی و تا بەر دەرکەی ماڵەوە سەری بەرز نەدەکردەوە. شەوانەش وەک هەموو پیرێکی پەککەوتە لەسووچێک دادەنیشت و هیچی نەدەگوت. لاس پێی خۆش بوو وەک سەردەمی منداڵی خۆی تێ هەڵسوێ و بچێتە بن ریشی و داوای لێ بکا بەیت و حەقایەتی بۆ بگێڕێتەوە، بەڵام لە ڕووی نەدەهات. فەرخەی فێر دەکرد و دنەی دەدا، ئەویش لای خاڵەی پێ خۆش نەبوو.

لاس خەمی لێ دەخوارد. بەنیگەرانییەوە لەخۆی دەپرسی، بڵێی چی بووبێ؟ بیری تەنیا بۆ نەخۆشی دەچوو. بۆیە شەوێک بەباوکی ڕاگەیاند: «خاڵە نایەر نەخۆشە».

باوکی لەو هەواڵە دانەچڵەکی. بڕێک بێدەنگ بوو ئەوسا گوتی: «خاڵە نایەر پیر بووە، کوڕم!».

لاس تێنەگەیشت، ئەو وتەیە وەڵام بوو یان هەواڵ؟ خاڵە پێشتریش پیر بوو. لەوەتی



لاس وەبیری دەهات. تەنانەت لەوە پێشتریش. بەبیرەوەری دایک و باوکیشی خاڵە نایەر پیر بوو. بەڵام هەرگیز ئەوەندە بێ تاقەت و وەڕز نەیدیبوو. گوتی: «خاڵە وەڕز و بێ تاقەتە، باوکە».

باوکی ئەمجارە بێ بیر لێکردنەوە گوتی: «بۆ دەبێ وەڕز و بێ تاقەت نەبێ، کوڕم؟» لاس بە قسەکانی باوکیدا هەستی بەچەشنێک بێ دەربەستی و بەخەمەوە نەبوون کرد. ئەوە بەلایەوە سەیر بوو. بێ دەنگەی لێ کرد و لەسەری نەڕۆیشت. بۆ ڕۆژی دوایی لە دایکی پرسی. ئەویش هەمان وەڵامی دایەوە: «خاڵە پیر بووە».

لاس دیسانەوە تێنەگەیشت. بیری کردەوە، دایک و باوکی هەر شەوە بەخەمێکی تازەوە دەتلانەوە. بەڵام ئەوە چ پێوەندییەکی بەخاڵە نایەرەوە بوو؟ دەبوو زۆر زیاتر گوێی بدەنێ و لە بیریدابن. دەبوو زۆر زیاتر بەخەمیەوەبن و کۆڵ بەوەڕزیەکەیەوە هەڵگرن. خۆی بۆ نەگیرا و شەوێک دوور لە چاوی خاڵە نایەر، بەتووڕەییەوە پێی گوتن: «ئێوە بەدەربەستی خاڵەوە نین».

ئەوسا لە ترسی ئەوەی بیانڕەنجێنێ لەماڵ هاتە دەر. خاڵە لەبن دارتووەکە، لەبەر ڕێژنەی تریفەی مانگەشەودا دانیشتبوو. سەری بەملیەوە بەربووبۆوە. لەوە دەچوو دیسان خەو بردبێتیەوە. لاس لێی نزیک نەبۆوە. هێشتا لەدایک و باوکی تووڕەبوو. هێشتا پێی وابوو بەقەدەر پێویست ڕێزی لێ ناگرن و پشت گوێیان خستووە. هێشتا لە بیری قسەکەی دایکیدا بوو کە گوتبووی: «بەقەدەر حەوت باوک حورمەتی لێ دەگرم. ئاوی بەدەستا دەکەم و بەرماڵی بۆ ڕادەخەم».

لاس تێدامابوو. ئایا دایکی بەبێزارییەوە باسی خزمەتەکانی دەکرد؟ ئایا بەچاویدا دەکۆڵایەوە؟

کۆتایی هاوینی ئەو ساڵە وسووئاغا وازی لە ماڵیە هێنا. ئێوارەی ئەو ڕۆژە بەخۆشحاڵییەوە، لەکاتێکدا پڕ پاکەتێ خورمای تایبەتی بەدەستەوە بوو، گەڕایەوە بۆ ماڵ. خاڵە نایەر و لاس تازە لە دەشت هاتبوونەوە. لەسەر بانیژەکە دانیشتبوون و چای پێش شێویان دەخواردەوە. وسوو ئاغا خورماکەی داناو بەخاڵەی گوت:

–شیرینی رزگاربوونمە. فەرموو.

خاڵە بەزەردەخەنەیەکەوە دەنکێ خورمای هەڵگرت و گوتی:

-رزگاری بەر دیوانی خوابی، وسووئاغا!.

وسوو ئاغا پاکەتە خورماکەی بۆ لاس ڕاگرت و بەئەویشی گوت: «بەم زووانە تۆش لە دەشت و بەرو فەلایەتی رزگار دەبی، لاس.»

لاس بەگورجی دەنکێ خورمای هەڵگرت و پاکەتەکەی لەدەست باوکی وەرگرت؛ دەیزانی مەبەستی باوکی چییە. وسوو ئاغا لە دەمێکەوە بڕیاری دابوو دووکانی قوماش فرۆشی بۆ لاس بکاتەوە. لاس ئەگەر چی لای باوکی نەیدرکاندبوو، بەڵام دڵی پێوە نەبوو. بەباوکی گوت: «دەشت و بەر بۆ من زیندان نییە. تەنانەت زۆر دڵم بەکارەکەشم خۆشە».

وسووئاغا گوێی بەقسەکەی لاس نەدا. ڕووی لە خاڵە نایەر کرد و گوتی: «لە سبحەینێوە لەگەڵتا دێم بۆ دەشت».

خاڵە وەک ئەوەی بیەوێ پشوویەکی ئێجگاری بدا. هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا و گوتی:

چاک دەکەی وسوو ئاغا. وەرە ئامانەتیەکەت وەربگرەوە.

سۆزی گوتنەکەی وسووئاغای ترساند. بێ ئەوە سەر خۆی بێنێ، دەستی خستە سەرشانی و بەپێکەنینەوە گوتی:

ئامەنەتی خوایە. هەر دووکمان بەجێی دێڵێن.

خاڵە بەزەردەخەنەکەی پێشوویەوە گوتی:

-من زووتر بەجێی دێڵم.

حەوتوویەک دوا ئەو شەوە خاڵە کەوت. لەسەر داوای خۆی لە نیوەڕۆوە تاشەو دەرەنگانێک لە بن دارتووەکە جێیان بۆ ڕادەخست. ڕواڵەتی لە نەخۆش نەدەچوو؛ نە هاوارێک، نە ناڵە و نرکەیەک. وسوو ئاغا دوکتۆری بۆ هێنا. خاڵە نایەر نەیهێشت بیپشکنێ، گوتی: «چیت لێم دەوێ؟»

دوکتۆرەکە بێ ئەوەی لێی بڕەنجێ گوتی:

-دەمەوێ هەستیتە سەرپێ. جارێ بۆ ماڵاوایی زوو».

خاڵە گوتی:

-کاتی خۆیەتی دوکتۆر. سەیرکە....

ئەوسا بەدەست ئاماژەی بۆ ئاسمان کرد. لەوکاتەدا پۆلە مەلێکی کۆچەری بەئاسمانی



ژوور حەوشەکەوە ڕادەبردن. دوکتۆر و هەموو ئەو کەسانەی لەحەوشە بوون، ماوەیەک بێدەنگ سەیری کۆچی پۆلە مەلەکەیان کرد. کە لە چاویان گوم بوو، نیگایان شۆڕ بۆوە. خاڵە ئەگەر چی زەردەخەنەکەی نەڕەوییبۆوە بەڵام دوو دڵۆپ ئاو لە چاوەکانیەوە بەچرچ و لۆچی ڕوخساریدا بەرەو ریشە سپیەکەی خول بووبوونەوە. لەو ڕۆژەوە خەڵک بۆ دیدەنی و لێپرسینی سەرەڕێژەیان کرد.

نەخۆشی خاڵە نایەر زۆری نەخایاند. عەسرێک بە لاسی گوت:

-کوڕم یارمەتیم بدە دانیشم.

لاس بن باڵی گرت و بەرزی کردەوە. خاڵە پاڵی بە دارتووەکەوە دا. ئەوسا بەهێواشی وەها کە لاس بەحاستەم بیبستی، گوتی:

-داوای چۆڕێ ئاوم بۆ بکە.

خانزاد کە بۆ یارمەتی ئامۆژنی هاتبوو، لە بانیژەوە گوێی لێ بوو. بەپڕتاو بۆی هێنا. خاڵە لەدەستی وەرگرت و بەسەریەوە نا. دوائەوەی چۆڕێکی لێ خواردەوە جامۆڵکەکەی دانا و نیگای لەچاوی خانزاد بڕی: «ڕوو سوور بی کچم».

نیگای قورس و تیژ بوو. خانزاد خۆی لەبەر ڕانەگرت و سەری بەکۆشیدا شۆڕ کردەوە. نیگای خاڵە نەخزی. لاس بەسەرسامییەوە لە هەردووکیان دەڕوانی. بێدەنگییەکی قورس زاڵ بوو. تەنیا نیگاکان لە ئارادا بوون. نیگای خاڵە لەسەر ڕوومەتی خانزاد. نیگای خانزاد بۆ کۆشی خۆی. نیگای لاس چەواشەو سەرگەردان. کەس ئاگای لە هاتنی دایە گوڵێ نەبوو. لێیان نزیک بۆوە و لە نەکاو زریکاندی...

ماڵاوایی خاڵە نایەر ماڵەکەی خستە ماتەمەوە. وسووئاغا دەیگوت: «ئەمە دووهەم جارە باوکم دەمرێ». دایە گوڵێ بەکوڵی گریانەوە دەیگوت: «بریا هەرگیز نەمناسیایە».

لاس نەخۆش کەوت. دوکتۆر دەیگوت کەوتوویی گرتووە و دوا هەشت نۆ ڕۆژ هەڵدەستێتەوە؛ بەڵام لاس هەڵنەستایەوە. وسوو ئاغا و دایە گوڵێ لە دوکتۆر و حەکیم و دەواودەرمان نائومێد بوون، هۆمەنیان بۆ شەخس و پیر برد. خێر و خێراتیان کرد. بەڵام لاس تا دوو مانگ لە پاییز لە جێدا کەوت.

ئەو ساڵە بەفر زووتر لە ساڵان باری. لاس لەگەڵ یەکەم بەفردا هەستایەوە. ئەو ڕۆژە خانزادیش لەماڵیان بوو. وەک ڕۆژی ماڵاواییەکەی خاڵە نایەر کز و بێدەنگ چاوی لەکۆشی خۆی بڕیبوو. دایە گوڵێ گۆرەوی دەچنی. ناو بەناویش نیگای لە کارەکەی

دەدزیەوە و لە خانزادی دەڕوانی.

کە لاس هەستا، خانزاد و دایە گوڵێ بەسەر سوورمانەوە بەباڵایدا هەڵڕژنان. تروسکەی شادی و گەشکەی خۆشی لەچاویاندا دیار بوو. ویستیان دەم هەڵپچڕن؛ لە ئان و ساتدا لە یەکتریان گەیاند هیچ نەڵێن. لاس بەرەو پەنجەرەکە چوو. سەیری دارتووەکەی کرد. تاقە گەڵایەک بەلقەکانیەوە نەمابوو. کڵوە بەفرەکان بەئارامی لەسەری هەڵدەنیشتن. لاس فرمێسکەکانی سڕی و بەرەو دەرکە چوو. خانزاد ئارامی لێ بڕا و شوێنی کەوت. دایە گوڵێ بۆلای پەنجەرەکە خزی. لاس پاڵی بەدارتووەکەوە دا. وەک ئەوەی پشتی پێ ببەستێ و هاوبەشی شکۆساکارەکەی بێ. هێشتا لە ناخەوە دەکوڵا و پیاوانە پیشی وەبەر خۆی دەبردەوە. خانزاد لە حاستی ڕاوەستا. کڵوەکان لە سەر شانی دەنیشتن و لاس چاوی تێ دەبڕین. خانزاد لەبەر چاویدا گەورە دەبوو. وەک ئەوەی زەمان باز بدا. ساڵێک و دووان و سیان...

خانزاد، کچۆڵەیەکی تیژکەڵەی بێدەنگ و بێ دەربەست، ئێستا لەش و لاری جوان و داڕژاو بوو. باڵای بەرز و گۆشتن بوو. سەرسنگی دیار و بەرجەستەی جووتێ کۆتر بوون کە لە ژێر کراسەکەیەوە باڵیان دەکوتا. نەرمە شەپۆلی بزەیەک بەڕوومەتی خۆشی گەورە بووبێ. حەزی کرد سەیری ئاوێنە بکا بەڵام سەیری ڕوومەتی خانزاد شیرینتر بوو. پێی خۆش بوو بیدوێنێ: «بڵێی ئاهەنگی وتنەکەی چۆن بێ؟» سەری لە خۆی سووڕما. بەیەکەوە گەورە ببوون و نەیدەزانی چۆن دەدوێ. بێدەنگییەکە ئەگەرچی شیرین بوو بەڵام دەیترساند. دەترسا خانزاد لە نەکاو سڵ بکا و بچێتەوە ژوور. خۆزگەی بوو بزانێ ئێستا ئەویش بیر لە چی دەکاتەوە. زمانی سەر بەخۆ هاتە گۆ: «پاییزێک بەسەر مەرگی خاڵە نایەردا تێپەڕی».

خانزاد سەری هەڵبڕی. نیگایان کەوتە گفتوگۆ. «چ خۆشە تا تاریکان کەسمان نەبزوێین». لاس پێی وابوو لەدڵی خۆیدا ئەوەی گوت. خانزاد بیستی و سروەی بزەیەک بەڕوومەتیدا تێپەڕی: «تۆش واناڵێیت؟» ئەو پرسیارە بێدەنگییەکەی تاراند. لاس لە گوتنی پەشیمان بۆوە. خانزاد هۆشی وەبەر خۆی هاتەوەو گوتی:

–دیارە شوکور چاک بوویتەوە.

لاس هیچی نەگوت. هەوڵی دەدا بێدەنگییەکە بگەڕێنێتەوە.

خانزاد گوتی:



–سەرمات دەبێ. بابڕیۆنە ژوور.

لاس سەرمای نەبوو. بیری لەوە دەکردەوە بۆ خانزاد شوێنی کەوتووە؟ چاوی بۆ پەنجەرەی ژوورەکەیان هەڵبڕی. دایە گوڵێ سەیری دەکرد. خانزاد تێگەیشت؛ دیسان گوتیەوە:

–تۆ ئێستا هەستاویتەوە. سەرمات دەبێ.

لاس دەترسا ئەوە بەخەمەوە بوونێکی ئاسایی بێ. لە دەمی دەرچوو: «تا تۆ ئاوا لە بەرامبەرم ڕاوەستێی سەرمام نابێ».

ئەو گوتە هەستی لاسی لە توێکڵدا نەهێشتەوە. خانزاد دیسانەوە سەری هەڵبڕی. نیگایان پێکەوە گرێ درا. دڵی هەردووکیان کەوتە تەپ و کوت. خانزاد خۆی بۆ نەگیرا. نیگای دزیەوە و وەک کەسێک بیەوێ مژدەیەکی خۆش ڕاگەیەنێ، هەڵات. کە بە پلیکانەکاندا هەڵدەگەڕا لاس پێی وابوو بەئەنقەست لەشی دەلەرێنێتەوە. لە سەر بانیژەکە پێش ئەوەی بچێتە ژوور ئاوڕێکی لێ دایەوە. ئەو دیمەنە وەک تابلۆیەکی تایبەتی بۆ ساڵانێک لەوەدوا بەمێشکی لاسدا هەڵواسرا. دوای ونبوونی خانزاد لاس وەخۆ هاتەوە. «چیم گوت؟ نەکا تاراندبێتم؟» لەگوتەکەی پەشیمان بۆوە. پەشیمانییەکە گشت خۆشییەکەی لە گیانی داچۆڕاند.

بۆ شەوێدا ئامۆژنە حەلاو هات. خانزاد مژدەی چاک بوونەوەی لاسی دابوویە. «ئەی خۆی بۆ نەهاتووە؟» لاس پەرۆشی بوو. دەبوو دایکی یان باوکی ئەوە بپرسن، بەڵام ئەوان لە خۆشیدا بیری خانزادیان نەبوو؛ کە واتە دەبوو خۆی بپرسێ. نەیدەوێرا؛ ئەو پرسیارە کە هەمیشە ئاسانترین پرسیار بوو ئێستا بەلایەوە گران بوو. بیری کردەوە. نەکا خانزاد قسەکانی عەسری بۆ هەموویان گێڕابێتەوە؟ ڕێی تێ نەدەچوو. نەکا لێی ڕەنجابێ؟ بەڵام قسەی وای نەکردبوو بیڕەنجێنێ. لاس تەنگەتاو بوو. ئێستا کە کەس هەواڵی خانزادی نەدەپرسی، واچاک بوو خۆی بپرسێ. لەو کاتەدا ئامۆژنی ڕووی لێ کرد و گوتی:

–خانزاد تا دوابانگی شەوان نەیگوت کە هەستاویتەوە؛ ئەگینا هەر ئێوارە دەهاتم.

بۆ پێی نەگوتبوو؟ خانزاد پێش بانگی شەوان ڕۆشتبۆوە. لەوە زیاتر خۆی پێ نەگیرا و پرسی:

–چۆن بوو خۆی نەهات؟

وسوو ئاغا و دایە گوڵێ بیری خانزاد کەوتنەوە:

ئەرێ بەڕاست خانزاد بۆ دیار نییە؟

خات حەلاو بەپێکەنینەوە گوتی:

-بێ ئەوە هیچ بخوا، ڕاکشا. پێم وابێ سەرمای بووە.

لاس ئاسوودە بوو؛ «کە واتە هیچی نەگێڕاوەتەوە». بیری بەفرەکەی ئێوارە کەوتەوە: «نەکا بەڕاست سەرمای بووبێ؟» لاس پێی خۆش بوو بەبیانوویەکەوە خۆ بەماڵیاندا بکا. دراوسێی دیواربەدیوار بوون و حەسارێکیان لە نێواندا بوو. ڕۆژی خۆی دوا مردنی باوکی خانزاد و گەڕانەوە لە ئاوارەیی، وسوو ئاغا بەشێک لە حەوشەکەی خۆیان بۆ بڕدابوون. لاس بیری کردەوە ئەگەر بەدزیەوە خۆی بگەیەنێتە خانزاد، لەو دەرفەتە کەمەدا چی پێ بڵێ؟ «بۆ نەهاتی؟»

بۆ سبەینێدا ئەوەی لێ پرسی. لەکاتێکدا جلی لە بەرکردبوو و پشتێنی دەبەس و دەیویست بۆ ماڵی خانزاد بچێ، ئەو هات. وەک هەمیشە خۆی بەژووردا کرد. کە لاسی ئامادەی چوونەدەر بینی، گوتی: «دەتەوێ بڕۆیتە دەر؟»

وەک هەمیشە و ئاسایی دەدوا. لەوە دەچوو قسەکانی دوێنێی لە بیر نەمابێ. لاس لە چاوی وردبۆوە. هیچی تایبەتی تێدا نەدی. کەواتە ئەو گشتە بیر و خەیاڵاتەی دوێشەوی لە خۆوە بووە. بەخۆیدا شکایەوە. گوتی: «دوێشەو بۆ نەهاتی؟»

-«نەخۆش بووم». خانزاد پێکەنی. «نەخۆشییەکەی خۆت بەمن دا».

لاس هەوڵی دا مانایەکی تر لە قسەکانی هەڵکرێنێ. بەرەو پەنجەرەکە چوو. دایە گوڵێ لە حەوشە بوو؛ کە واتە دووبەدوون. ئاوڕی لە خانزاد دایەوە.

-پێم وابوو لێم ڕەنجاوی.

خانزاد سەر خۆی نەهێنا. گەسکێکی بەدەستەوە گرت و گوتی:

-ئامۆژنم ناتوانێ، بڕۆ دەر با ژوورەکە گسک دەم.

لاس لە حاستیدا ڕاوەستا و دووپاتی کردەوە: گوتم دوێنێ لە قسەکانم ڕەنجای؟

خانزاد وازی لە گسکەکە هێناو گوتی: «بۆ چیت گوت کە بڕەنجێم؟»

ئایا بەڕاستی تێنەگەیشتبوو؟ لاس تازە دەیزانی لەگەڵ کچدا دەدوێ. گوتی: «گوتم حەز دەکەم هەمیشە لەلام بی».

هیچ گوتەیەک لەوە ئاشکراتر نەبوو. خانزاد پەشۆکا. شەپۆلێک خوێن بەژێر پێستە ناسکەکەی لاجانگیدا تێپەڕی. لاس بیری کەوتەوە، دوێنێش هەستی بەو شەپۆلە خوێنە



کردبوو؛ کەواتە هەر ئەو کاتە تێگەیشتبوو. لاس چاوەڕوانی وەڵام بوو. خانزاد دەیزانی دەرچوون و خۆخلافاندنی بۆ ناکرێ. سەری داخست و بەشەرمەوە گوتی: «هەمیشە لە لات دەبم، لاس».

هەردووکیان بۆ ماوەیەک بێدەنگ بوون. نەیاندەزانی چی بڵێن. خۆشی و چێژی حاڵەتەکە کاسی کردبوون. کە وەخۆ هاتنەوە شەرمیان دەکرد لە چاوی یەکتر بڕوانن. خانزاد تاوی گسکەکەی دایەوە و لاس بەگورجی ڕۆشتەدەر.

تازە بەفری ناو کۆڵان و حەوشەو حەسارەکان تواوبوونەوە کە بەرگی بووکێنییان بۆ خانزاد لەبەر کرد. کراسی خامەکی زەرد، کڵۆنجەی مەخمەڵ و پشتێنی عەلی خانی. تاسکڵاو گوڵ و دەمەکڵاو، ژێر چەنەی زێڕ و پەرچەک و گوڵێنگە و قەیاسەی ئاورێشم.

وسووئاغا پشتێنی بۆ بەست. ئەو مام بوو، باوک و خەزوور بوو، دەستی گرت. لە ماڵی خۆیەوە بۆ ماڵی خۆی. لەم دەرکەوە بۆ ئەو دەرکە. بووک لە چوار پێنج ژن زیاتر بەدوایەوە نەبوو؛ بێ دەهۆڵ و زوڕنا، بێ شایی و گۆڤەند. لاس لەسەر بانیژە چاوەڕوانی بوو. سێ چوار دەستە برای ئەمبەراوبەریان گرتبوو. بووک گەیشتە دارتووەکەی حەوشە. زاوا دەبوو سێوی بۆ بهاوێ. گوایە بەخێرهاتنی لێ بکا. سێوێکی سووری بەئارامی بۆ هاویشت فەرخەی برای لە حەوایە گرتیەوە.

## سێ

خانزاد دەیزانی فەرخە ئەو هەواڵە ترسناکەی لە یەکێ لە ناخۆشترین ڕۆژەکانی ژیانیدا بیستووە. ئەو دەیزانی ئیدارەکەیان (یەکێک لەو ئیدارانە کە پێوەندی بەکاروباری کشتوکاڵی گوندنشینەکانەوەیە) ماوەیەکە تووشی گیرو گرفتێکی ئابووری بووە؛ یان بەشێوەیەکی تر لەو ئیدارەدا پارەیەکی زۆر ون بووە و لە سەر مووچە خۆرەکانە کە لەماوەیەکی کورتی دیاریکراودا بیبیننەوە. بۆیە فەرخە پێش بیستنی هەواڵەکەش تووڕە و دەمارگرژ بوو. بەڵام بەبیستنی پشتی شکا و وەک ڕۆژی دوایی دەرکەوت بەتاکە شەوێ دوو بەشی مووی سەرو ڕیشی سپی بوو.

کە گەڕایەوە ماڵ، کێ بگەڕێتەوە؟ لەشێکی لەگرێژنەچوو و ڕوومەتێکی ڕەش و شین هەڵگەڕاو. نیگای وێڵ و سەرگەردانی بەهیچەوە، تەنانەت بەڕوومەتی خانزادیشەوە بەند نەدەبوو. خانزاد لە دیتنی دانەچڵەکی. بۆ ساتێکیش بیری بۆ گیرو گرفتەکەی ئیدارە نەچوو. هەستی بەبۆ کرووزی ڕۆحی کرد کە لە ئاگری هەواڵەکەدا دەسووتا. وەک ڕۆژانی پێشوو بەرەوپیری چوو و بەخێرهاتنەوەی لێ کرد. دەفتەرێکی گەورە و هێندێک کەلوپەلی بەدەستەوە بوو، لێی وەرگرت. فەرخە بێ ئەوەی هیچ بڵێ بەرەو دۆشەکی دانیشتنەکەی چوو. خانزاد بەئاشکرا خۆی لە سەیرکردنی ڕوومەتی دەدزیەوە. پێی وابوو ئێستا یان ساتێکی تر ئەو لەشە داهێزراوە لەبەر گوشاری خەمەکەی لێک هەڵدەوەشێ وەک هەویری سوێنەی شکاو بەسەر فەرشەکەدا بڵاو دەبێتەوە. بەپێویستی دەزانی بۆ ئاسایی کردنەوەی حاڵەتەکە یان بۆ دڵخۆشی دانەوەی، شتێک بڵێ. ئەگەرچی دەیزانی ئەو هەواڵە جگە لە بێدەنگی و خامۆشی چیتر ناخوازێ. خۆی پێ نەگیرا و گوتی: «ڕەنگە ڕاست نەبێ. دوا ئەو هەموو ساڵە جێی بڕوا...»

هەرچی هەوڵی دا نەیتوانی بەو شێوە کە دەیویست قسەکەی تەواو کا. بۆیە لە درێژەی دا گوتی: «نازانم...» شێوەی گوتنی ئەو وشەیە بەدرۆی دەخستەوە؛ ئەو دەیزانی. لە پێش فەرخەدا بیستبووی. مارفی پوورزای بۆی گێڕابۆوە. مارف بەچاوی خۆی لاسی دیبوو.

«پاڵتۆیەکی خۆڵینەی سەربازی لە بەردابوو. لە ژێر گڵۆپی سەر کۆڵانی مزگەوتەکە



بەیەک گەیشتین. من ڕادەبردم و ئەو دەهات. لووتمان بەلووتی یەکترەوە بوو. دیار بوو لە داڵغەدایە. سەرنجی نەدامێ. کە دیم دڵم داخورپا و ترسام. پێم وابوو ڕۆحیانەتەکەیەتی. خەریک بوو لەبەری هەڵێم. بەڵام خۆ منداڵ نیم، خۆی بوو. لاس، کوڕی وسووئاغا..بە هەڵە چووبێتم؟ من لەگەڵیا گەورە بووم. زۆر ئاسایی بەپەناما ڕەت بوو. دووراودوور شوێنی کەوتم. دیار بوو، دەیویست کەس نەیبینێ، بۆیە لەبن گوێسبانەکانەوە دەڕۆیشت. کە ئەو گەیشتە بەر دەرکەی ماڵی خۆیان، من لەمسەری کۆڵانەکە بووم. ڕەنگە گوێی لە خشپەی پێم بووبێ، بۆیە هەڵوێستەیەکی کرد و ئاوڕی دایەوە؛ زوو کشامەوە. ئەوسا ئەویش تەقەی لە دەرگادا. کەمێک ماتڵ بوو بەڵام کەس نەیکردەوە. هەمدیسان ئاوڕی لە ڕاستە کۆڵانەکە دایەوەو دەرکەی کوتایەوە. کەم و زۆری خایاند. جیڕەی دەرکەکەم بیست. گوێم لێ بوو گوتی، من لاسم، کوڕی وسوو ئاغا. لەسەر خۆ گوتی، بەڵام من بیستم. بەم دووگوێیەی خۆم بیستم. پوورزا چ بێ لە تۆ نهێنی. ناسینەوەی گران بوو.. تۆ چاکتر دەزانی. لاس کە ڕۆیی پاڵەوانێک بوو، بەڵام ئێستا پیرێکی پەککەوتەیە. لەوە دەچێ برینێکی کوشەندە هەرەسی پێ هێنابێ. دوێشەو تادەمەی بەیانی خەوم لێ نەکەوت لەداخ و مەراقی لاس، لە ترس و گومان. ئیمڕۆ دووسێ جار بەبیانووی کارێکەوە چووم بۆ کۆڵانەکەیان. پێم وابوو خەڵک زانیویانە و بۆ بەخێرهاتنەوەی دەچن، گوتم منیش دەچم وەک ئەو خەڵکە. بەڵام دەرکەی ماڵی خات گوڵێ داخرابوو، دەتگوت ساڵەهایە داخراوە. لە هەر کەسم پرسی بێ ئاگابوو. گوتم بێم بۆلای تۆ.. چییە پوورزا؟ ها ؟...»

مارف بەژوور سەری خانزادەوە دەخولایەوە و پەتاپەیتا دەیپرسی: «ها ؟... نەدەبوو...»

خانزاد هەموو هێزی کۆکردەوە و لە کاتێکدا ئامادەی هێرش بوو کشایەوە و دەرکەی حەوشەی پێوەدا. ڕوخساری لەوە دەچوو دزی دەرکردبێ. لە پشت دەرکەکەوە پاڵی بەدیوارەکەوە دا و لەبەرخۆیەوە گوتی: «ژنە قەرەچییەکە گوتبووی...» قسەکەی تەواو نەکرد و بەگورجی چووە ژوور. ماڵەکەی چۆڵ بوو؛ یادگار لە قوتابخانە نەگەڕابۆوە، هێرۆش لە کۆڵان کایەی دەکرد. خانزاد خۆی لە بەر ئاوێنەکەدا دیبەوە. ڕوومەتی ژنێکی پەشۆکاو لە ئاوێنەکەدا غەریبی دەکرد، تاراندی. لاس هەراوتر لە بزە دەمی کردەوە «دەچم بۆ گوڵی شۆڕان».

بۆ کێ؟ خانزاد بێ ئێختیار بەدەمیەوە پێکەنی. لە ئان و ساتدا پەشیمان بۆوە و برۆی وێک هاتنەوە. نیگای تووڕەی وەک مستە کۆڵەیەک ئاراستەی ڕوومەتی لاس کرد و

گورجێ ڕووی لێ وەرگێڕا. ترس و بێزاری و نەفرەت وەک مەلۆدرکێک لە گیانیدا ڕوا. هێلنجی گریان لە ناخیدا تەقییەوە. دەمێکە بوو نەگریابوو.

خانزاد پێی خۆش بوو فەرخەش بگری. حەزی دەکرد پێی بڵێ: «بگری. بەدڵ بگرێ... تا هێزت هەیە بگری...»

فەرخە نەدەگریا. پاڵی دابۆوە و چاوی لەخاڵێکی نادیار بەسەر دیواری بەرامبەریەوە بڕیبوو. خاڵەکە وردەوردە گەورە دەبوو. وەک ڕووانی دەمێک لە سەر ڕوومەتێک. «کوا ئامانەتیەکەم فەرخە؟»

دەمەو ئێوارە یادگار لە قوتابخانە گەڕابۆوەو یەکەوڕێ چووبووە ژوورەکەی خۆی. ئەو ژوورە وا حەزی دەکرد بەناوی خۆیەوە بێ «ژووری یادگار» خانزاد دڵی لەلای بوو. نانی بۆ بردبوو؛ بێ ئەوەی دەستی بۆ برابێ، گەڕاندبوویەوە. ئەوەی خانزادی هەراسان کردبوو ئەوە بوو کە ئیمشەو چۆن ڕۆژ دەکاتەوە؟ بیر لە چی دەکاتەوە و سبحەینێ چی دەکا؟ خانزاد چوونە ژوورەکەی پێ خۆش بوو. پێی خۆش بوو دەرکە لە سەرخۆی دابخا. پێی خۆش بوو هەموو درز و برینی ژوورەکەی بئاخنێ و نەیەتە دەر. تەنانەت ڕێگە بەهاتنەدەری یادیشی نەدا. هێرۆی کچە چکۆلەشی ڕەنگە هەستی بەهەواڵەکە کردبوو؛ بۆیە مات و بێدەنگ لە سووچێک دانیشتبوو، هیچی نەدەگوت. ڕەنگە بیری لەهیچیش نەدەکردەوە. خانزاد خۆشحاڵ بوو کە خەو پێی دەوێرا. پێڵووەکانی ئارام دەنیشتنە سەر یەک و سەری بەملیەوە بەردەبۆوە.. باوەشی پێداکرد و لە پاش دیوەکە ڕایکێشا.

مابوونەوە خانزاد و مێردەکەی؛ فەرخە و ژنەکەی. دوو نوقم بووی زەریای بێدەنگی و بەلەمێ قسە و پرسیار کە هەر دەستی خانزادی پێ دەگەیشت.

«تۆلە کێت بیست؟» خۆی بێزی لە پرسیارەکە کردەوە. فەرخە دەربەستی وەڵامدانەوە نەبوو. لە ڕاستیشدا نەیدەزانی لە کێی بیستووە. ڕوومەتێکی لێ نەدەژیایەوە. ڕەنگە دەمی هەموو خەڵکی شار بووبێتنە یەک و ئەو هەواڵەیان لە گوێدا تف کردبێتەوە. پاشان هەموو چاوەکان شوێنی کەوتبێتن و تا دەرکەی ماڵەوە ڕەدوایان نابێ. خانزاد وازی نەدەهێنا. پرسییەوە: «گوتم تۆ لە کێت بیست؟»

فەرخە داچڵەکی؛ سەرخۆی نەهێنا، بەڵام ترسی داچڵەکینەکە لە دەروونیدا پەرەی سەند. هەستی بەوەکرد خانزاد دەرفەتی لێ هێناوە و ئازاری دەدا.

لەچی راماوی؟



پرسیارەکان تیری یەک لەدوایەک بوون. خانزاد دەیزانی فەرخە لە چی راماوە؛ لە ڕەسمەکەی لاس. بەڕق و بەزەییەوە؛ وەک جاران، جارانێکی دوور. بەڵام ڕەسمەکە بەدیوارەوە نەبوو. فەرخە لایبردبوو. خانزاد گوتبووی: «بۆ لایدەبەی؟»

فەرخە گوتبووی: «قاپەکەی بۆ دەگۆڕم. سەیر کە چۆن پەرتووکاوە».

خانزاد بێزی لە درۆکەی کردبۆوەو گوتبووی: «قاپەکەی بۆ دەگۆڕی یان...»

فەرخە تەسلیم ببوو. «حەز ناکەم لە بەر چاوی یادگار بێ».

خانزاد بەتووڕەییەوە ڕەسمەکەی لەدەست سەندبۆوە و نیگایەکی گورج و بەپەلەی پێدا خشاندبوو. لەدڵی خۆیدا گوتبووی: «شاردنەوەی ڕەسمە دووکەسیەکەمان بەس نەبوو؟»

فەرخە گوتبووی: «ئەو ڕەسمە هەموو ڕۆژێ باوکی لێ دەژیەنێتەوە. بەشی مردوو فەرامۆش کردنە».

خانزاد بەهەمان تووڕەییەوە ڕەسمەکەی ژێر لاچکی کلۆنجەکەی دابوو. ڕەنگە بەو نیازە بەسنگیەوە بنووسێنێ. ئەوسا لە ژوورەکە چووبووە دەر.

فەرخە داماوانە بیری لەوە دەکردەوە کە لاس ئێستا بەڕاستی ژیاوەتەوە. لەم کاتەدا لای دایکیانە، لە ژێر سێبەری ماڵی باوکیاندا، سەری ماندووی خستۆتە سەر کۆشی دایە گوڵێ؛ ڕەنگە ئەویش بەسەرهاتی ئەم ساڵانەی بۆ بگێڕێتەوە. ڕەنگە بەدەم بیرەوەری گێڕانەوەوە بەسەر یەکتردا بگرین. خۆزگەی دەخواست ئێستا لەلایان بووایە. لەبەر نیگای تووڕەی لاس، خۆی بەهێرشی رق و قینی بسپاردایە: «ها، ئەمە سەری تاوانباری من و ئەوەش چەقۆی تۆڵەی تۆ». لە ژێر سێبەری بەزەیی دایکیدا «لێی مەپاڕێرەوە. دەستی مەگرە. چ دەبێ بابێ».

فەرخە لە سەری خۆی بێزار بوو. لە لەشی. لە هەناسەی کە پێی وابوو بۆگەنی کەلاکە تۆپیوی لێ دێ. دەمێکە بوو دایکی نەدیبوو. شەش مانگ یا ساڵێک؟ حیسابی مانگ و ڕۆژی ڕانەگرتبوو. دوا جەژنی ڕەمەزانی پارێکە کە دایکی دەری کردبوو، جارێکی تریش چووبۆوە، ڕۆژی دوا شەوێک کە خەونی پێوە دیبوو...

«باران لنگێزە دەباری. بایەکی زەمەن هەڵی کردبوو. هەوریش دەیگرماند. فەرخەی مێردمنداڵ بەتەنیا لەماڵەوە بوو. لەکۆنە ماڵەکەی وسووئاغا. لەترسی با و بارانەکە هەڵدەلەرزی. ئاڵقەڕێز و دوولایی دەرکە و پەنجەرەکان پسابوون. تاکانیان شەقەشەق و تەقەتەق بەیەکتردا دەدران. دەسەڵاتی داخستنەوەیانی نەبوو. تەنگەتاو و چاوەڕوانی

خۆش بوونەوە بوو. لەنەکاو دەعبا خۆیان بەژووردا کرد. ڕەنگە لەترسی با و بارانەکە. دەعبای جۆراو جۆر و ورد و درشت. مشکی قەلەویچکەی دەشتەکی، قالۆنچە و دووپشک. لە نێوان دارەڕای میچەکانیشەوە مار بەردەبوونەوە. ڕەش مار و سوورمار... جێ نەبوو خۆی تێدا بگرێ. هۆمەنی بۆ سووچێکی ژوورەکە برد. پشتی لەدیوارەکە جووت کرد. دیوار لە بەری نەدەڕەوییەوە. زۆری نەخایاند شەمشەمە کوێرەش هێرشیان هێنا وەک مێش و مێشوولە، زۆر بوون و خۆیان بەدیوارەکاندا دەپەلۆسی. هەر دوو دەستی بەڕوومەتییەوە گرت و چاوی قونجاند. دەعباکان لێی نزیک بوونەوە و بەپاو پلیدا هەڵگەڕان. ناچار دەستی لە ڕوومەتی بوونەوە و تێکۆشا بیانتارێنێ. کە دەرەقەت نەهات بەرەو تاقێکی ژوورەکە چوو. ڕەشمارێک پەپکەی خواردبۆوە. بەدەم زریکەیەکەوە کشایەوە و پەنای بۆ تاقی بچووکی کتێبەکان برد. نەیزانی چۆن لەوێدا جێی خۆی کردەوە. زریکە و هاوار هاواری، لەگژە گژی با و تۆفانەکەی دەرەوەدا ون دەبوو. سەیری دەرەوەی کرد. دایکی لە سەر بانیژەکەروا. هەر دوو دەستی بەسنگیەوە نووساندبوو. با و بارانە کە بێ ئەوەی پێی بوێرێ لاچکی کراس و سەرپۆشەکەی دەشەکاندەوە. فەرخە دڵی ڕوون بۆوە و هاواری لێ کرد. دایکی لەوە دەچوو نەیدیبێ، گوێی نەدایە. دەبوو لەتاقەکە بچێتە خوار. فەرشێک لەمار و دووپشک و جاڵجاڵۆکە لە ژوورەکەدا ڕاخرابوو. نەیوێرا بە سەریاندا بڕوا. دیسان هاواری لەدایکی کردەوە. دایکی وەک ئەوەی نەیدیبێ دەرکە و پەنجەرەی لەسەر پێوەدا و ئارام دوور کەوتەوە. فەرخە مابۆوە و ژوورێکی پڕ لەدەعبا. وردەوردە لە زریکە کەوت. موچڕکەی لەشی خاو بۆوە، ترسەکەی ئارام ئارام پاشەکشەی کرد و پێڵووەکانی بەهێمنی لەیەک ڕەوینەوە».

کە بەئاگای بۆوە لە ئاگری تایەکی سووتێنەردا بوو. لەشی وەک مێوەڕۆن نەرم بوو. خانزاد لە ژوور سەریەوە گوتی: «بنوو. تازە لەرزەکەت لە لەش دەرچوو. بنوو».

فەرخە ئێوارەی ڕۆژی دوایی، دوائەوە لە ئیدارە گەڕایەوە و وەک ڕۆژان قاپی ئارەقەکەی بەسەرەوە نا، چوو بۆ ماڵی دایکی. هیوا لە بەردەرکە بوو، بردیە ژوور. دایە گوڵێ لەحەوشە کەوڵی گوێرەکە ساوایەکی دەئاخنییەوە. فەرخە تازە دەیزانی گوێرەکەی مانگا قەشان مندار بۆتەوە. سڵاوی کرد و لەپەنا دایکیدا دانیشت. دایە گوڵێ وەک ئەوە



هەستی بەهاتنی نەکردبێ، سەری بۆ هەڵنەبڕی و وەڵامی سڵاوەکەی نەدایەوە. کەوڵی گوێرەکەکە تەواو ئاخندرابۆوە و لەسەر چوار پێی ڕادەوەستا. فەرخە لێی وردبۆوە. بزەیەکی هاتێ و گوتی: «فێڵ لە مانگا قەشان دەکەی؟»

دایە گوڵێ وەڵامی نەدایەوە. دیار بوو تاقەتی شەڕ و کێشەی نییە. فەرخە گوتی: «تۆ بڵێی مانگا قەشان نەزانێ گوێرەکەکەی زیندوو نییە؟»

هەر خۆی بیری کردەوە، ئەگەر بیزانیایە نەیدەلێستەوە و شیرەکەی وشک دەبوو. فەرخە تازە خەریک بوو سەرخۆش دەبوو. حەزی لە زۆربلەیی بوو. گوتی: «وەسیەت دەکەم دوامردنم کەوڵەکەم بئاخننەوە».

ئەم قسەی دایە گوڵێی تووڕە کرد. بەبێزارییەوە سەری هەڵبڕی و گوتی: «بۆ هاتووی؟»

فەرخە بەسەر کەوتووییەوە گوتی: «دوێشەو خەونێکی ناخۆشم دیوە».

دایە گوڵێ باوەشی بەکەوڵی گوێرەکەکەدا کرد. بەرزی کردەوە و بەرەو پلیکانەکان ڕۆیشت. ئەوسا لە سەر پلیکانەکانەوە بێ ئەوەی ئاوڕی لێ بداتەوە، گوتی: «تۆ و ژنەکەت دەبێ تا دەمرن خەونی ناخۆش ببینن».

فەرخە بۆ شەوێدا قسەکەی دایکی بۆ خانزاد گێڕایەوە.

خانزاد زۆر جار کە بیری ژیان و ڕابردووی دەکردەوە، پێی وابوو خەونێکی ناخۆش دەبینێ. بۆیە بەگورجی دەستی بۆ چاوی دەبرد و هەڵی دەگلۆفی. لەوکاتەدا چاوەڕوانی بوو لە پڕ بەئاگابێتەوە و باوەش بەدایکیدا بکاو بەدەم ئاخێکی ڕزگار بوونەوە بڵێ: «ئۆخەی خەون بوو». ئەوسا دایکی لە باوەشی بگرێ، دەست بە سەر و قژیدا بێنێ و داوای لێ بکا خەونەکەی بۆ بگێڕێتەوە. ئەوەیش بەدڵنیاییەوە لە ڕۆژی هاتنەی ڕووسەکانەوە دەستی پێ دەکرد.

ئەو ڕۆژە کەلەگەڵ دایکی بۆ ماڵی پووری چووبوون، ئەو ڕۆژە کە دایکی و پووری لەداڵان نۆکیان لەدەستار دەدا و ئەو لەسەر بیرەکە ئاوی هەڵدێنجا، ئەوڕۆژە کە مارفی پوورزای بەهەڵەداوان هاتەوە، خانزاد لەتەقەی کوتوپڕی دەرکەی حەوشە داچڵەکی. پێش ئەوەی ئاوڕ بداتەوە، مارف بەگورجی لەلاشانییەوە ڕەت بوو و خۆی بەداڵانەکەدا کرد. مارف هەمیشە پەشۆکاو و بەپەلە بوو. خانزاد بەتووڕەییەوە لەبەر خۆیەوە گوتی: «پوورم دڵی خۆشە کوڕی هەیە.. شێتێکە ئاو لێڵ ناکات».

لەو کاتەدا مارف شتێکی بەگوێی دایکی و پووریدا دەچرپاند. دەستارەکە لە هارە

کەوت و ژنەکان لەگەڵ «ئەیەڕۆ»یەک بەئەژنۆی خۆیاندا کێشا. خانزاد دۆڵەکەی هەڵکێشابوو، پێش ئەوە لە بیرەکە بیهێنێتە دەر، لەدەستی بەربۆوە. گوریسی دۆڵەکە وەک مار بەلەپە دەستیدا بۆ ناو بیرەکە خزی. پۆلێ قەلە ڕەشە وەک پەڵە هەورێکی ڕەش بەئاسماندا تێپەڕین و گێژەڵووکەیەک لەدوورەوە بەرەو پیریان هەڵچوو. لە ئان و ساتدا یەکێک لە گوێی خانزاددا گوتی: «ئەگەر دەرزیلە لە گێژەڵووکە رۆکەن دەبێتە دێو».

دایکی زریکاندی: «ئەی ماڵ وێران خۆین».

خانزاد وەک ئەوەی بیەوێ لاسایی زریکەکەی دایکی بکاتەوە، گوتی: «چی ڕووی داوە» بێ ئەوەی چاوەڕوانی وەڵام بێ بەرەو دالانەکە هەڵات. سەری بەتوندی بەر لاشیپانی دەرکەکە کەوت و لە ناخەوە ناڵاندی: «ئەی باوکەڕۆ» وتەکەی دایکی ئێشەکەی لە بیر بردەوە.

ڕووس وا دەگەنێ.

لە ڕوخساری دایکی زیاتر ترسا. لە بەر خۆیەوە گوتیەوە: «ڕووس؟»

ڕەنگە لەو کاتەدا سەیری مارفی کردبێ، بۆیە ئەو وەڵامی دایەوە: «ڕەنگە تا ئێستا گەیشتبن».

ترسەکەی پووری مارفیشی گرتبۆوە. ڕەنگە بەڕوویەوە نەمابوو: «پێم وابوو بیستووتانە».

مارف لەدالانەکە ڕۆیشتە دەر. هێشتا لە حەوشە بوو، خانزاد لێی پرسی: «بۆ کوێ دەچی؟»

بەدەم ڕۆشتنەوە وەڵامی دایەوە: «دەبێ بزانم باوکم و عارفی برام چییان بەسەر هاتووە».

لەوە دەچوو لەشوێن ئەوان هاتبێتەوە. خانزاد تاوی چارشێوەکەی خۆی دا. دایکی بەردەوام بەپشتە دەستی خۆیدا دەکێشا و دەیگوت: «ئاگر لەشار بەردەدەن. پێیان وەک دڵی کافران ڕەشە».

خانزاد چارشێوەکەی لەخۆیەوە ئاڵاند و ڕووی لەدایکی کرد و گوتی: «هەستە بڕۆین هەستە».

پوورێ بەحەپەساوییەوە سەیری دەکرد: «بۆ کوێ؟»



خانزاد شانی دایکی راتەکاند: «بۆماڵەوە».

دایکی بەگریانەوە هەستا. خانزاد پێشی کەوت. گوێی لە پووری بوو کە دەیگوت: «بەم رۆژە و دوو ئافرەتی زەعیفە؟ بۆ لەگەڵ مارف نەڕۆیشتن؟»

خانزاد تا نەگەیشتە کۆڵان ئاوڕی نەدایەوە. دایکی بەشوێنیەوە بوو. کۆڵان چۆڵ بوو. تاسەر کۆڵانەکەی لای مزگەوتی قازی بەڕاکردن ڕۆیشت. لەوێ دیسان ئاوڕی دایەوە. دایکی دواکەوتبوو. دڵی نەهات بەجێی بێڵێ، بەهەمان گورجییەوە گەڕایەوە. دەستی بۆ بن باڵی برد و گوتی: «پێ هەڵگرە دایە».

دایکی لەبەر خۆیەوە وریتەوریتی بوو. لە خودا دەپاڕایەوە. خانزاد لە بیری لاسدا بوو. «ئەگەر چووبێتەوە ماڵ لە شوێنمان دێ». لەوە دەترسا بیانگاتێ و لێیان تووڕەبێ. خۆیان بەکۆڵانی قەراغ مزگەوتەکەدا کرد. کۆڵانێکی باریک و پێچاوپڵووچ. خانزاد لە چۆڵییەکە ترسابوو. لە پەرژینەکانەوە سەری بۆ حەوشەی ماڵەکان هەڵدەبڕی. لەوسەری کۆڵانەوە چوار کەس دەرکەوتن. لە بری خۆشحاڵ بوون ئەوەندەی تریش ترسا. چوار کەسەکە سەرباز بوون. لەبەرخۆیەوە گوتی: «ئەمانە لێرە چی دەکەن؟ چییان دەوێ؟»

دایکی توند چارشێوەکەی گرتبوو. سەربازەکان لێیان نزیک بوونەوە. ریوەڵە و ڕەش و ڕووت بوون. خانزاد و دایکی ڕاوەستابوون. لەگەڵ نزیک بوونەوەی سەربازەکان بەرەو دیوارێک رۆشتن. لەکاتێکدا خۆیان لەیەکتر هەڵدەسوو، بەدیوارەکەوە نووسان. دیاربوو سەربازەکان سەریان لێ شێواوە، ترسابوون؛ نەیاندەزانی بەرەو کوێ بڕۆن. یەکێکی درێژیان لە پێشەوە بوو. خانزاد پێی وابوو ڕاست بەرەو ئەوان دێ. هەناسە لە سنگیدا پەنگی خواردەوە: «چییان لێمان دەوێ؟» بەرز گوتی: «ها... چییە؟...» تێیان نەدەگەیشت. سەربازەکان بەزمانێک دەدوان، کە نەیدەزانی. ئەوەندەی دەزانی تووڕەنین. لەوە دەچوو بپاڕێنەوە، یان داوای شتێک بکەن. «نان؟» بەبێزارییەوە دەستیان بۆ چاکەتەکەیان دەبرد. لەوە دەچوو بیانەوێ لەبەر خۆیاندا بیدڕێنن. بەهەمان بێزارییەوە دەستیان بۆ شەڵوارەکەشیان دەبرد. «چیتان دەوێ؟» خانزاد بەداماوییەوە لێی پرسین.

سەربازەکان بەنائومێدیەوە لێیان دوور کەوتنەوە. خانزاد و دایکی هێشتا نەجووڵابوون. لەپشتەوە سەیریان دەکردن. سەربازەکان لە ئاخری کۆڵانەکە هەڵوێستەیەکیان کرد. درێژەکەیان پاشەو پاش گەڕایەوە. خانزاد دیسان خۆی بەدایکیەوە نووساند. سەربازەکە زۆر لێیان نزیک نەبۆوە. بەسەر پەرژینی ماڵێکدا بازی دا و ئەوانی تریش وەک بزن

شوێنی کەوتن. خانزاد لە خۆشیدا چنگی لە قۆڵی دایکی گیر کرد و پاڵی پێوەنا. زۆر دوور نەکەوتبوونەوە تەقەی چەند فیشەکێک چەقاندنی. بەترسەوە سەیری یەکتریان کرد. دایکی گوتی: «ئەوان بوون؟»

تفەنگیان بەدەستی سەربازەکانەوە نەدیبوو. جگە لەوەش تەقەکە دوور بوو. تەپەتەپی پێی چەند کەسیان بیست. ئاوڕیان دایەوە. سێ چوار کوڕی گەنج بەڕاکردن دەهاتن. ئاهێکیان هاتێ چۆڵیەکە لەو ڕاکردنە ترسناکتر بوو.

«چی قەوماوە؟» خانزاد پرسی، بەڵام کوڕەکان وەڵامیان نەدایەوە. ئەمانیش ناچار هەڵاتن و شوێنیان کەوتن. گەیشتبوونە شیوەکەی کۆتایی کۆڵان و دەبوو لێی بپەڕێنەوە. خانزاد بازی دا. دایکی لە قوڕاوەکە چەقی. بە خێشکە خێشک ئەویشی دەرهێنایەوە. دوو سەربازی تریشیان بینی کە بەشیوەکەدا دەهاتنە خوار. ئەوانیش تفەنگیان پێ نەبوو. یەکی کراسێکی سپی و شەڵوارێکی سەربازییان لەبەردابوو.

یەکێکیان گوتی: «هەڵێ هەتیوە». دیار بوو کوردە. ئەوی تر وەڵامی نەدایەوە. پیرە پیاوێک کە نەیانزانی لەکوێوە هات، لەسەربازە کوردەکەی پرسی: «هەواڵ و باس چییە؟»

سەربازەکە گوتی: «ڕووس شاریان گرت».

پیرە پیاوەکە گوتی: «دەزانم کەسیان کوشتووە یان نا؟»

سەربازە کوردەکە گوتی: «نازانم. پادگان چۆڵی کرد. بۆ خاتری خودا پانتۆڵێکمان فریاخەن. ئێمەش کوردین».

پیرە پیاوەکە لەکاتێکدا لێیان دوور دەکەوتەوە گوتی: «خۆ بە ماڵێکدا کەن».

خانزاد ئێستا دەیزانی چوار سەربازەکە چییان دەویست. پیرە پیاوەکە لە خانزاد و دایکی نزیک ببۆوە. بەتووڕەیییەکی باوکانەوە گوتی: «ئێوە بەم ڕۆژە بۆ لە ماڵ هاتوونەتە دەر؟»

کەسیان وەڵامیان نەدایەوە. یەک دوو تەقەی تر کرا. خانزاد و دایکی گەیشتبوونە گەڕەکی جوولەکەکان. ئەوێ قەرەباڵغتر بوو.

پیاوەکانیان لەلای پردەوە دەهاتنەوە و ژنەکانیان لەبەر دەرکە ڕاوەستابوون. بێ ئەوەی لەگەڵ کەس قسە بکەن، لەماڵی خۆیان نزیک بوونەوە. کە گەیشتن لاس تازە گەڕابۆوە. بەرەو پیریان هات و گوتی: «خەریک بوو بێم بەشوێنتانا».

خانزاد چارشێوەکەی لەخۆی کردەوە. پاڵی بەدیوارەی تەندوورەکەوە دا و بۆ ماوەیەک



لەلاس و خەسووی ورد بۆوە. ئەوسا لە پرمەی گریانی دا. لاس لێی چووە پێش. «چی ڕووی داوە؟»

خانزاد توانای وەڵامدانەوەی نەبوو. لاس بەترسەوە لە خەسووی پرسی: «چی بووە ئامۆژن؟»

هیچ نییە زۆر ترساین.

لاس پێیان پێکەنی. ئەوسا ڕووی لە خانزاد کرد و گوتی: «داوەشێی چ ژنە کوردێکی».

لاس خۆشحاڵ بوو. بزەی سمێڵی دەهات. هەواڵەکانیشی بەکەیف خۆشییەوە دەگێڕایەوە. «سەدو پەنجا کەسێک بە ئاربەبا دا هەڵگەڕاون؛گوایە کوردی جوانڕۆیین. ڕووسەکان سەرهەنگ لەشکری و سەروان لاچینیشیان گرتووە. ئاخ بۆ کەسێک لە کونێکەوە سەیریان بکا».

دایە گوڵێ بەسەر سوورمانەوە چاوی لە دەمی لاس بڕیبوو: «نازانم لە سەر بەرماڵ بۆ سەرکەوتنی کێ لەخودا بپاڕێمەوە. ڕووس یان حوکمەت؟»

دیار بوو لاس پێشتر قسەی بۆ کردووە و کۆنە ترسەکەی لەڕووس لەدڵی تاراندووە. وسوو ئاغا هێشتا نەهاتبۆوە. لە مزگەوت لەگەڵ حاجی و مەلاکان ڕاوێژیان دەکرد. لاسی بۆ هاوەدەنگی ژن و منداڵ ناردبۆوە. گوتبووی: «ئافەرەت لەوەها کاتێکدا بێ پیاو زەندەقیان دەچێ».

وسوو ئاغا پێش بانگی شەوان گەڕایەوە. ماندوو و خەمبار بوو. تا زیاتر لێیان دەپرسی، کەمتر وەڵامی دەدایەوە. فەرماندەکانی پادگان گیرابوون و قەرار بوو سبحەینێ ڕەوانە بکرێن. ژن و منداڵەکانیشیان پەنایان بۆ ماڵی خەتیب بردبوو. خەڵک تا ئێستا بێ ئارەق دەرچووبوون. بەڵام خودا عالم. ڕەنگە سبحەینێ دار و پەتیان بۆ هەڵخەن و ئاگر لە شارەکە بەربدەن. وسوو ئاغا ئەوەی گوت و دایە گوڵێش بۆی سەندەوە: «هیچیش لە خەڵکەکە نەکەن، خێر و بەرەکەتیان بۆ ناهێڵن». لاس لەوە زیاتر خۆی پێ نەگیرا و گوتی: «بۆ خێر و بەرەکەت ماوە؟»

دایە گوڵێ لەسەر بەرماڵ پێش ئەوەی نوێژەکەی دابەستێ لەخودا پاڕایەوە: «خودایە ئێمە هیچمان لێ ڕوون نییە. خۆت بەزەییت پێماندا بێ و چیت پێ چاکە ئەوەمان لەگەڵ بکە».

ئەو دوانیوەڕۆیە سەرباز و دەرەجەدارەکان بەوەها ترسێکەوە پادگانیان چۆڵ کردبوو، چەکەکانیان فڕێ دابوو، بەشاردا بڵاو بوونەوە. کە زۆربەی خەڵک –بەتایبەت ئەوانەی

لەترسا نەیانوێرابوو لەماڵ بێنە دەر- پێیان وابوو سپایەکی چەند هەزار کەسی لەچوار لاوە پادگانی ئابلۆقە داوە و ئاگر و ئاسنی بەسەر سەربازەکاندا باراندووە. بۆیە خانزاد ئەو کاتە بەبەزەییەوە باسی چوار سەربازەکەی کۆڵانی مزگەوتی قازی بۆ خەسووی دەگێڕایەوە، فەرخە پێی پێدەکەنی.

فەرخە هاتنی ڕووسەکانی بەچاوی خۆی دیبوو. لەگەڵ منداڵانی هاوتەمەنیدا شوێن ئەو خەڵکە کە بەرەو پیری سپاکە چووبوون، کەوتبوو. خەڵکەکە لەوبەر پرد کۆببوونەوە. لە ترسا خۆیان لەیەکتر هەڵسووبوو، نیگایان لە چەقی ڕێگەکە بڕیبوو. بایەکی سارد هەڵی کرد و گڵ و خۆڵی بەڕوومەتی خەڵکدا پژاند و لق و پۆپی بییەکانی گوێ چۆمەکەی نەواندەوە. فەرخە دەستی لە گیرفانی پانتۆڵەکەی ئاخنیبوو. چاوەڕوانی لەشکرێک بوو کە نەیدەزانی سەربازەکانی چۆنن و لەچی دەچن. لەشکرێک کە قەرار بوو بێت و ئاگر لە شارەکە بەربدا؛ بەچپەچپی خەڵکەکەدا لەوە گەیشتبوو. چاوەڕوانییەکەی زۆری نەخایاند. لەشکر بەرایی دەرکەوت و خەڵک کەوتنە جم و جووڵ. نەیاندەزانی بڵاوەی لێ بکەن و لەبەری هەڵێن، یان بەرەو پیری بچن. کەس توانای بڕیاردانی نەبوو. لەشکر نزیک دەبۆوە. لەوە دەچوو شارەزای ڕێگەو بان بێ. لەهیچ نەدەسڵەمییەوە ئەژدیهایەک لە پێش لەشکرەکەوە بوو. یەکێک گوتی: «تانگە» فەرخە لە قەرەباڵغییەکەدا خۆی شاردەوە. لەگەڵ نزیک بوونەوەیدا ترسەکە ڕەوییەوە و لەبن دەستی خەڵکەوە خۆی بۆ پێشەوە کوتا. ریزە ئۆتۆمبیلێک بەدوای تانگەکەوە بوون. سەربازەکان هێشوو هێشوو نیگای جەماوەریان دەڕنییەوە. فەرخە چاوبرسی تر لە هەموویان، بۆ وەڵامی پرسیارێک دەگەڕا. «ئەو سەربازانە چ تەوفیرێکیان لەگەڵ خەڵکی ترا هەیە؟» گابۆڕێک بەرز بۆوە. خەڵک سەریان هەڵبڕی. گایەکی سووری تەوێڵ سپی بوو. فەرخە پێی وابوو ئەویش بۆ سەیر هاتووە. یەکێک گوتی: «جوولەکەکان هێناویانە». قسەکەی تەواو نەکردبوو، گایەکەیان بەعەرز دادا و چەقۆیان سەر ملی خست.

جوولەکەکان بەو بەر موسوڵمانەکانەوە دەستیان لە ڕووسەکان هەڵدەتەکاند. فەرخە بیری کردەوە، هەردوولایان کافر بوون. چاوەڕوان بوو سەربازەکان دابەزن و وەک دوو دەستەبرای لەیەک دابڕاو بەیەک شادبوو، یەکتر لە باوەش گرن. لەشکر لە شەقامی نێوان جوولەکەکان و موسوڵمانەکانەوە ڕەت بوو. دە پانزە ئۆتۆمبێل زیاتر نەبوون. یەکێک لەبەرخۆیەوە گوتی: «سەربازی ژن!»

ژاوە ژاوە کەوتە نێو جەماوەر. ڕووسەکان بێ ئەوەی گوێ بەکەس بدەن، مات و ماندوو



لە خەڵکەکەیان دەڕوانی. لەپردەکە پەڕینەوە. فەرخە و منداڵەکانی تر لەشەقامی دەرمانگاوە بەرەو پادگان شوێنیان کەوتن.

ئەو شەوە سەرباز ڕوویان لەماڵی وسوو ئاغاش کرد. تاریکان بوو لەدەرکەیان دا. لاس لێی کردنەوە. دوو گوروبانی کورد بوون. وەک دوو میوانی خۆشەویست بەخێرهاتنیان لێ کرا و بۆ ژوورەوە پێش خۆ دران. خانزاد و دایکی و دایە گوڵێ لە پەنجەرەی ژووری ژنانەوە سەیریان دەکرد. خانزاد لە بەرخۆیەوە گوتی: «پێم وابێ ئەوەی پێشەوەیانم دیوە...» دایە گوڵێش بۆی سەلماند.

ئەوەی پێشەوەیان کابرایەکی چوارشانەی ڕەشتاڵە بوو؛ جارێکی تر لەگەڵ لاسدا هاتبوو. لەلای ژووروو بەرامبەر بە وسووئاغا پاڵی دابۆوە. هێشتا دەستی لە نێو دەستی لاسدا بوو. وەک دوو کۆنە هاوڕێ لەپاڵ یەکترەوە دانیشتبوون وقسەیان دەکرد. خانزاد چای تێ کرد و فەرخە بۆ بردنی هات. فەرخە بەخۆشحاڵییەوە باسی تەیارەی دەکرد کە کاغەزی کوردییان بڵاو کردبۆوە. خانزاد تێ نەگەیشت. کەشەفە چاکەی دایە دەستی و دووراودوور چاوی لە لاس بڕی. لاس پێدەکەنی. خانزاد دەیزانی ئەو بە تێشکانی ئەرتەشی حوکمەت خۆشحاڵە، بەڵام لەخۆشحاڵی میوانەکان نەدەگەیشت. «مەگەر ئەوان پیاوی حوکمەت نین؟!» خانزاد بەسەر سووڕمانەوە ئەوەی لەدایە گوڵێ پرسی. «ئەوان بۆ دەبێ خۆشحاڵ بن؟!» دایە گوڵێش بەلایەوە سەیر بوو. سەری بەرز کردەوە و گوتی: «منیش تێ ناگەم شتەکان لەجێی خۆیاندا نین».

دوای شێوکردن خانزاد، بەبیانووی کارێکەوە چووە سەر بانیژە و لەپشت پەنجەرەی ژووری پیاوەکان، گوێی هەڵخست. پیاوەکان قسەیان لێ گەرم کردبوو. وسووئاغا دەیگوت: ئەمانیش داگیر کەرن و بۆ کوشتن و بڕین هاتوون. خۆ برای باوکی کورد نین».

دیار بوو ڕووی دەمی لەلاس بوو. بۆیە ئەو وەڵامی دایەوە و گوتی: «ئەمان لەگەڵ ڕووسی پێشوو فەرقیان زۆرە، بابە».

دایە گوڵێ ئەوکاتە لە ژوورەوە بوو لەترسی شەڕەدەنووکی باوک و کوڕ هەڵیدایە: «بڵێی ئەمان وەک جاری پێشوومان لێ نەکەن؟»

خانزاد لە نەدیویش هەستی بەترسەکەی دایە گوڵێ کرد. وسوو ئاغا بەدڵنیاییەوە گوتی: «ئەمان خراپترن، ئافرەت! ڕووسی پێشوو کافر بوون، بەڵام ئەمان کافر و کۆمۆنیستن. لە سەر بڕوای نێر و بەرانین».

خانزاد لە پشت پەنجەرەکەوە بەبیستنی قسەکەی وسوو ئاغا تەزوویەکی بەلەشدا هات. لاس وەک ئەوە ئاگای لە داچڵەکانی ژنەکەی بووبێ، گوتی: «بڕوا بەو قسانە مەکە بابە! ئەو قسانە حوکمەت بڵاوی کردۆتەوە».

خانزاد نەیزانی وسوو ئاغا چ وەڵامێکی دایەوە. بەڵام گوێی لێ بوو گوروبانە ڕەشتاڵەکە کە تازە دەیزانی ناوی بارامە، هەڵیدایە: «دڵنیام جەنابت ئاگاداری وەزعی دوەلی و جەنگی سەرتاسەری هەیت».

خانزاد لەوێوە تێگەیشت ئەو «هەیت»ە بەمانای «نیت»ە. بێ ئەوەی لە ڕاست و درۆ و چاک و خراپی قسەکەی گەیشتبێ، رقی لێی بۆوە. کابرا درێژەی بەقسەکەی دا: «ئەرتەشی سوور بۆ لەنێو بردنی حوکمەتی شاهاتووە».

خانزاد بۆ سبحەینێدا لە سووری ئەرتەشی رووس گەیشت. فەرخە بۆی گێڕایەوە: «هەموویان سوورن قژ سوور و ڕوومەت سوور. تەنانەت کونی چاویشیان سوورە».

ئەو ڕۆژە فەرخە بۆ سەیرکردنیان چووبووە قەراغ چۆمی گەورە. ڕووسەکان لەوێ قرپۆک و کیسەڵ و قرژاڵیان دەکوشت. ئەو خەڵکەی بۆ سەیرکردنیان هاتبوون، لە بەر خۆیانەوە دەیانگوت: «ئەمانە کافرن. قرپۆک دەخۆن بەڵام ماسی ناخۆن».

فەرخە تازە دەیزانی باوکی ڕاستی گوتبوو، ئەوان کافر بوون؛ وەک جوولەکەکانی لای خۆیان. بەڵام جوولەکەکان ماسییان دەخوارد و قرپۆکیان نەدەخوارد. هۆی ئەو جیاوازییەی لە خانزاد پرسی. دایە گوڵێ وەڵامی دایەوە: «جوولەکە لە ڕووس باشترن. بەس نییە نێر و بەران نین».

فەرخە بۆ سەلماندنی قسەکەی دایکی گوتی: «نازانی ئافرەتی چەندە جوانیان لەگەڵە». لەوکاتەدا بیری ئەو سەربازە ئافرەتە کەوتبۆوە کە لە سەر چۆمی وەک پیاوەکان بەردەفڕکەی دەکرد. ئافرەتێکی باڵابەرز کە قژی بەسەر شان و ملیدا پەخش ببۆوە. خەڵک سەیریان کردبوو. یەکێک گوتبووی: «سەیر کەن مەمکی چۆن خەریکە بەرۆکی کراسەکەی دەدڕێ».

فەرخە سەیری سەر سنگی ئافرەتەکەی کردبوو. بەدەم تریقانەوەوە هەڵدەبەزییەوە، بەڵام لەوە نەبوو بەرۆکی کراسەکەی بدڕێ.

فەرخە ئەو ڕۆژە لە ڕووی نەدەهات بیگێڕێتەوە چ چێژێکی لەو دیمەنە بردووە. ساڵانێک لەوەدوا بۆ خانزادی گێڕابۆوە: «یەکەم جار بەدیتنی ئەو ژنە ڕووسە مەیلم بۆ ئافرەت پەیداکرد». خانزاد گوتبووی: «چاوی حەزت بەژنە کافران پشکووتووە».



ئەو قسەی خانزاد فەرخەی بۆ ئەو دەمانە بردبۆوە کە شەیدای لەیلا جووە بوو. هەناسەیەکی لە ناخەوە هەڵکێشابوو، خۆزگەی بۆ ئەو دەمانە خواستبوو.

ڕووسەکان زۆر نەمانەوە. بێ ئەوەی ئاگر لەشار بەربدەن و خەڵک ڕاو نێن، چۆن هاتبوون هەر وا گەڕانەوە. چوار رۆژ دوا گەڕانەوەیان لەگەرمەی نیوەڕۆدا نرکەی تەقینەوەیەک خەڵکی شاری داچڵەکاند. خانزاد لەحەوشە دەفری دەشت. وازی لە کارەکەی هێناو بەڕاکردن بەپلیکانەکاندا هەڵگەڕا. هێشتا نەگەیشتبووە ژوور، نرکەیەکی ترماڵەکەی لەراندەوە و لەمیچەکانەوە گڵ و خۆڵ داباری. خانزاد قیژاندی: لاس!

لاس لە دەشت بوو. وسوو ئاغا سەری لەتایەکی پەنجەرەکەوە دەرکێشا. نرکەی سێهەم سەری پێ بردە ژوور. دایە گوڵێ لەپاڵ سەماوەرەکە نەبزوابوو. لە وسووئاغای پرسی: «چی ڕووی داوە؟»

وسوو ئاغا دوا ماوەیەک بێدەنگی گوتی: «لە پادگانەوە تۆپ دەهاون، ئیمشەو عەشایەر بەسەر شارا دەدەن».

پێشبینییەکەی وسوو ئاغا ڕاست بوو. نزیکەی سەعاتێک دوا بانگی شەوان تەقە دامەزرا و لەهەر چوار لاوە عەشایەر بەرەو شار هێرشیان هێنا. تا دەمەی بەیانی هیچ کەس لەبەر تەقە تفەنگ خەوی لێ نەکەوت. وسووئاغا مات و خەمبار لە سووچێکی ژوورەکەی دانیشتبوو جارو بار سەری بەقورئانەکەیدا شۆڕ دەکردەوە. دایە گوڵێ و خانزاد و دایکی لەژوورێکی تر لەپاڵ بەستەکەی نوێنەکاندا وەک سەربازی ترسنۆکی نێو سەنگەر، خۆیان لە یەکتر هەڵدەسوو. فەرخە لەپەنجەرەکانەوە سەرەتاتکەی دەکرد. لاس بێ حەجمێن و تەنگەتاو جنێوی بەحوکمەت دەدا. لە چێشتانی رۆژی دواییدا عەشایەر شاریان گرت و تەقە بڕا.

دەمەو نیوەڕۆ بۆ چەندەمین جار فەرخە لە کۆڵانەوە هاتەوە و بەبێزارییەوە گوتی: «خۆم بۆ ناگیرێ. ئاخر ئێمە چیمان لە خەڵک زیاترە؟ تەنانەت ژنان، دەرپێکانیشیان پڕ لە ئارد کردووە و دەیهێننەوە».

دایە گوڵێ لەسەر بانیژە چاوەڕوانی گەڕانەوەی لاس و وسووئاغا بوو. بەتووڕەییەوە گوتی: «کە واتە ئێمەش دەرپێکانمان بەشانماندا دەین».

فەرخە بەشەرمەوە لچی هەڵقرچاند و ڕووی کردە خانزاد و گوتی: «نازانن چ حەشرێکە. بەم چاوانەی خۆم ڕەشە بەرزام دی، جگە لە تێلیسێک کە خۆی بەشانیدا دابوو،

دوولینگی پانتۆڵەکەشی بەستبوو پڕی کردبوو لە ئارد و بە شانی نازەنینی کچیدا دابوو».
خانزاد بەپێکەنینەوە گوتی: «پانتۆڵی ڕەشە بەراز وەک بێژنگی قەرەچییەکان کون کونە، ئاردی تێدا بەند نابێ».

فەرخە ڕووی لە ئەویش وەرگێڕا و بەتووڕەییییەوە گوتی: «من خۆم پێ ناگیرێ. لەو خەڵکە کەمتر نیم. لانی کەم دوو پەتوو دێنمەوە».

دایە گوڵێ بەرز هەرای لێ کرد: «حەیامان نەبەی. لاس بزانێ گوێت دەبڕێ».

دوا ئەوەشار گیرابۆوە خەڵک وەک مێش لە کۆڵانەکان ورووژابوون. هەرکەسە و کوتێ شڕە، بەر کۆشێ ئاردو گەنم، یان تا پەنجەرەیەکی بەرەومال دەبردەوە. ناوناوە تەقەی فیشەکێک دەبیسترا، بەڵام کەس لێی دانەدەچڵەکی. زۆری پێ نەچوو، لاس فەرخەی پێش خۆی دابوو و گەڕایەوە. دایکی و خانزاد لە سەر بانیژەکە بوون. بەسەریاندا نەڕاندی: «کەس نەبوو تالانتان بۆ بکا، ئەمە نەبێ؟» ئەوسا چووە سەر بیرەکە و دۆڵەکەی بەردایەوە. «خۆتان منداڵ نەبوون. یەکی تێلیسێکتان بەشاندا بدایە و سەر رێ کەوتنایە».

دایە گوڵێ نەیهێشت درێژەی پێ بدا. گوتی: «لە تۆ وایە ئێمە ناردوومانە؟ دوو سەعاتە هەرای لێ دەکەم».

خانزاد گوتی: «هەواڵ و باس چییە؟»

لاس دۆڵەکەی هەڵکێشا و گوتی: «عەشایەر هەموو شاریان گرتووە. قشڵە و پادگان و هەموو ئیدارەکان بەدەست ئەوانەوەیە».

دایە گوڵێ لە بەرخۆیەوە گوتی: «سەد شوکور بەکفن دزی پێشوو». ئەوسا بەرزتر درێژەی پێ دا. «باوکت بۆ نەهاتەوە؟ نەکا خۆی لە کاروباری عەشایەر هەڵقورتێنێ؟»

لاس دوو مست ئاوی بەڕوومەتیدا کرد و بەپلیکانەکاندا هەڵگەڕا. «ناسەلامەتی لە ریش سپییانی شارەکەیە. دەتەوێ لە کونی ژوورەوە خزێ و خەڵک هەواڵی بۆ بێننەوە؟»

دایە گوڵێ بەخۆیدا شکایەوە: «باشە، لەکوێیە؟»

لەماڵی خەتیب.

مەیتەکان چییان بەسەرهات؟

خان ئەمری کردووە مەیتی هەر دوو لا بنێژرێ.



خانزاد لە کاتێکدا مێزەرەکەی لێ وەردەگرت بیتەکێنێ، گوتی: «ئەی دیلەکان؟»لەوان خۆش دەبێ. لەوانەی پەنایان بۆ مزگەوتی جامێعەش بردووە، خۆش دەبێ.

خانزاد دیسانەوە گوتی: «ئەی خەڵکی شار؟»

بڕۆنەوە سەر کار و کاسبی خۆیان. دێهاتی تالانچیش دەبێ بگەڕێنەوە.

کەواتە شەڕ دوایی هات؛ ها؟

دایە گولێ لەبەر خۆیەوە گوتی: «تا کەی دوای نەیەت؟ خودا دەزانێ چەندەها کەس کوژراون...»

خان لەگەڕەکی ژووروو لەماڵی حاجییەکی تاجر بارەگای کردەوە. هەر ئەو رۆژە وسوو ئاغا و چەند کەسی تر لە ریش سپییانی شار دیدەنیانی لێ کرد. وسوو ئاغا لەو دیدەنییە تەنیا ئەوەندەی بۆماڵەوە گێڕایەوە کە خان بەڵێنی بەخەتیب داوە ژن و منداڵی ئەفسەرەکان بۆ وڵاتی خۆیان دەنێرێتەوە. خان گوتبووی حەز ناکا نامووسی خەڵک بەبارمتە بگرێ. ئەو هەواڵە هەموویانی خۆشحاڵ کرد. دایە گولێ گوتی: «ئەوەی دەربەستی نامووسی غەوارە بێ، دەربەستی نامووسی خەڵکی شارەکەشە».

رۆژی دوایی لاس هەواڵێکی ناخۆشی هێنایەوە. «ئاغاکانی تەمووتە لە میرەدێ رێیان بەژنە ئەفسەرەکان گرتووە و تالانیان کردوون. جگەلەوەش تەمایان لە نامووسیان کردوون».

خانزاد لەو هەواڵە داچڵەکی. ئەوە یەکەم جار نەبوو هەواڵی دەستدرێژی بۆنامووسی ئافرەت تەزووی بەلەشدا دەهێنا و دایدەچڵەکان؟ بەشەرمەوە سەیری لاسی کرد و لێی وردبۆوە. لاس هەمیشە ئەو چەشنە هەواڵانەی بەبێزەوە دەبیست و دەگێڕایەوە. لەوەدوا بێزەکەی دەبووە بێزاری و دوایی تر دەبووە چەشنێک سووکایەتی پێ کردن و پێ هاتن. خانزاد نەیدەزانی کامە بەشی ئەو هەواڵە وەها هەستێکی لە پیاودا دەورووژاند. کردەوەکە کە داگیرکردن و تالان کردنێکی زۆرەملە بوو؟ بکەرەکە کە داگیرکەر و تالانچی و هەمیشە پیاو بوو؟ یان تالانکراوەکە؟ ئافرەتێکی بێ دەستەلات و بێ تاوان؛ کامەیان؟ خانزاد تێنەدەگەیشت. یان هەستەکەی لاس ئالۆز بوو، خۆی بەدەستەوە نەدەدا. ڕاستە دژوینەکانی ئاراستەی تالانکەر دەکرد و کردەوەکە بەلایەوە پیس و قێزەون بوو. بەڵام هیچ هاوخەمییەکی لەگەڵ تالانکراوەکە تێدا نەبوو. ئەگەر بەزەیی و هاوخەمییەکیش بوو، بۆ ژنەکە نەبوو، بۆ خاوەنەکەی بوو؛ بۆ بنەماڵە و بەتایبەت مێردەکەی بوو. خانزاد لە شتێکی

تر دەگەڕا. دەیویست بزانێ دەربارەی ژنەکە چۆن بیردەکاتەوە. شتێک کە ڕەنگە لاس هەرگیز بیری لێ نەکردبێتەوە. خانزاد ڕۆژانی دوا ئەو تەزوو و داچڵەکینە بیری دەکردەوە، لەو دەست درێژیانەدا ئەوەی بەتالان دەبرا سامانی ژن بوو؛ خودی ژن و هیچی تر. کە واتە دەبوو لەگەڵ ئەودا هاوخەمی بکردرێ. بۆیە لەناخەوە بۆی دەگریا؛ بیناسیبایە یان نا؛ نزیک بوویاە یان غەوارە، کورد یان عەجەم؛ ژنە ئەفسەر و خان یان ژنە ڕەعیەت و هەژار. هیچ جیاوازییەک نەبوو. لە بەر ئەوەی تەنیا سامانی ژن ناموسی بوو. هیچ ژنێک جگە لەو سامانە هیچی تری نەبوو. هەموو ژنێک بێ ئەو سامانە مرۆڤێکی داماوی تەریک بوو، کە کەس، تەنانەت ژنانی تریش، تەنانەت دایکی خۆشی بەزەیی پێدا نەدەهات و خەمی بۆ نەدەخوارد؛ کەس نەیدەلاواندەوە و نەیدەویست.

لەو ڕۆژەوە تفەنگچی کورد، لەبری ئەمنیەو ژاندارمەی حوکمەت بەشاردا بڵاو بوونەوە. ئەگەر چی کەم کەس لێیان دەترسا، بەڵام کەم کەسیش هەستی بەحەسانەوە و ئاسوودەیی دەکرد. وسوو ئاغا دەیگوت: «سەد شوکور بەکفن دزی پێشوو. جاران ئەگەر زوڵمێک دەکرا بەدەستی غەوارەی دوولنگە لەپێ دەکرا. بەڵام ئێستا هەر هەتیوە بەڕەڵایەک ساقۆڕێکی بەشانەوەیە و حوکمەت دەکات».

عەشایەر کەوتبوونە لەشکرکێشی. سەقز و سەردەشتیان گرتبوو. پیاوان ئەو هەواڵانەیان دەهێنایەوە ماڵ. بەڵام ژنان هەواڵی تریشیان دەبیست. خان و خانزادەکان هەر ڕۆژە کچێکیان بەزۆر دەسەند و لەخۆیان مارە دەکرد. گزیر و نۆکەرەکانیش خۆیان لە ژنان دادەگرت.

ڕاستە سەلیم خان رابە جوانێی بێ مارەو تەڵاق بەدیار خۆیەوە بەستۆتەوە؟ خانزاد هەر ڕۆژە پرسیارێکی ڕووبەڕووی لاس دەکردەوە. لاس ئەگەرچی ڕقی لە حوکمەت و دڵی بەتفەنگچییەکان خۆش بوو، بەڵام لەم ئاخریانەدا زیاتر لەهەموو کەس بێزی لە بارودۆخەکە دەکردەوە.

بارامە ڕەش دووجار بەمیوانی سەری لێدان؛ ئەو گوروبانە مەهابادییە کە شەوی هاتنی ڕووسەکان میوانیان بوو. هیچی لە پیاوەکەی ئەو شەوە نەدەچوو، ڕەزا سووک و تۆکمە. لە ڕۆژگارەکە رازی بوو. بزە لە ڕوومەتە ڕەشتاڵەکەی نەدەتارا. دەتگوت دێت و دڵخۆشی بەماڵەکەدا بڵاو دەکاتەوە: «خەمتان نەبێ ڕۆژی خۆشمان لەبەرە»

ئەوەی دەیگوت لاس دەیقۆستەوە. وسوو ئاغا بەبێ باوەڕییەوە سەری لێ ڕادەوەشاندن. دایە گوڵێ دڵنیا بوو «کەڵەکی کورد سەرناگرێ». خانزاد لە هەموویان پەرۆشتر، لەبەر



خۆیەوە دەیگوت: «بە ئێمە چی کێ حوکمەت دەکا».

خانزاد بێزاری خۆی لە بارام بۆ نەدەشاردرایەوە. لە سرتەسرتی لەگەڵ لاسدا و لەوەی بیر و مێشکی داگیر دەکرد، دەترسا. بارام هەموو جارێ باوەشێک ڕۆژنامە و کاغەزی کوردی بۆ دەهێنا و لاس دواخوێندنەوەیان بەهاوڕێکانیدا بڵاوی دەکردنەوە.

خانزاد ئەو شەوە بۆ یەکەم جار خەونی بەبارامە ڕەشەوە بینی. لە ماڵە کۆنەکەی وسووئاغا لەگەڵ لاس سرتەو چپەیان بوو. بارام وەکساڵەها لەوەپێش گەنج و تۆکمە، بەڵام لاس وەک چۆن مارف گێڕابوویەوە پەککەوتە و داماو بوو. ئەو خەونە و هەموو خەونەکانی تری ئەو شەوەی لەگەڵ بەئاگابوونەوەدا چوونە خانەی فەرامۆشییەوە.

خانزاد زووتر لە هەموو بەیانییەکی تر بەئاگای بۆوە. هەستی بەقورسی سەری کرد؛ پێی وابوو نەخۆشە. لەدڵەوە خۆشحاڵ بوو. نەخۆشی دەیخزاندە نێو جێگە و لە سەرلێشێواوی ڕۆژێکی ناخۆش ڕزگاری دەکرد. بێ ئەوەی لێفەکە لە خۆی بکاتەوە تەسلیمی حاڵەتەکە بوو. بەڵام ئێشەکە تا دەهات زیاتر دەڕەویەوە و لەگیانی دەردەچوو. تەنیا لەش گرانی و تەمەڵی دەمایەوە. بەنابەدڵ هەستا. بەهیوا بوو لەگەڵ بەرزبوونەوەیدا سەرەگێژەی تووش بێ و بکەوێتەوە. سرکەییەکی ڕەشی لەسەر بەست و توند جەڕی دا ئەوە بەس نەبوو بیری کردەوە بەدرۆ خۆی بخاتە حاڵی جاو: «کێ دەزانێ چەندە ناساغم.» چاوی بەژوورەکەدا گێڕا، فەرخەی نەدی. بەرەو پەنجەرەکە چوو. فەرخە لەحەوشە لە حاست باخچە بچووکەکە ڕاوەستابوو. خانزاد دڵنیا بوو ئەو شەوە خەوی لێ نەکەوتووە. ڕووی لێ وەرگێڕا و وەک هەموو بەیانییەکی تر بەرەو ئاوێنە گەورەکە چوو؛ لەخۆی ڕوانی. بەسرکەییە ڕەشەکەوە جوانتر بوو. جاران بووایە بزەیەکی دەهاتێ و بەخۆی دەگوت «هێشتا بەتەوە ماوە کچێ».
بەڵام ئێستا هەموو خۆشی یەکی لێ نامۆ بوو. تەنیا ئاواتی ئەوە بوو خۆی بەپێوە نەگرێ و بکەوێتە زەوی. چی لەوە باشتر لەم حاڵەی دەدزیەوە؟ لەم ژوورە و لە نیگای فەرخە و ئەو ترسە کوشەندە کە لە چاویدا هێلانەی کردبوو. لەدیتنی یادگار و لەو شەپۆلە شەرمە کەبێ بەزەییانە خۆی بەکەناری ڕۆحیدا دەدا؟ جیرەی دەرکەی ژووری یادگار هەموو بیرێکی لێ تاراند. ئاوڕی دایەوە. شەرم و ترس، هەست بەسووکی و ئازار لە چاویدا کۆبوونەوە. نیگای وەک مەلی سەر بڕاو کەوتە باڵەکوتە. بەهیچ شوێنێکەوە بەند نەدەبوو، لە هیچ کوێ ئۆقرەی نەدەگرت؛ ناچار ڕشتیە بەرپێی خۆی. دەستی بەسنگیەوە نووساند و پەنجەکانی لە یەکتر گیر کرد، چ دەبوو ئێستا لە جێدا بکەوتایە؟

«تاکەی؟» لەوەدەچوو یەکێک لە ناخەوە لێی بپرسێ. گوتی: «تا بڕانەوەی ئەم ڕۆژە».

«ئەی لەوەدوا».

«هەتا هەتایە. بۆ هەمیشە...» تاپۆیەک لەدەرکەی ژووری یادگارەوە هاتەدەر. ئارام ولەسەرخۆ.

بەیانی باش.

یادگار بوو بەیانی باشی لێ دەکرد؛ تاپۆی یادگار، سێبەری یادگار؛ «ئەی خۆی. کوا؟» پێی وابوو بەرز ئەوەی پرسی. لەبەر چاویدا یادگار هەیکەلێکی ترسناک بوو. ئەندامەکانی لەشی لەیەک ڕەوییبوونەوە. کە سەیری ڕوومەتی دەکرد، تاپۆیەکی بێ سەر بوو. کە نیگای بەلەشیدا شۆڕ دەکردەوە، سەرێک و جووتێ پێی دەدی، بێ سنگ و بەرۆک و دەست. کە سوکنایی بەدیتنی هەنگاوەکانی دەهات، پێی گوم دەبوو. خانزاد ترسا. «بۆ وام لێ هاتووە؟» ترسەکە مەیدانی بەشەرم چۆڵ کرد. سەراسیمە بوو؛ حەزی دەکرد باوەش بەیادگاردا بکا و بڵێ: «کوا سەرت کوڕم؟ کوا سنگ و بەرۆکت؟ کوا دەست و پێت؟» حەزی دەکرد لە ئامێزی بگرێ و دەست بەگشت گیانیدا بهێنێ و بەخۆیەوە بیگووشێ تا دڵنیابێ. ئەوسا بەسەریدا بگری؛ بەکوڵ، وەک ئەو دەمانە یادگار منداڵ بوو. ئەو دەمانە کە لاس تازە سێبەری لەسەر دزیبۆوە حەزی دەکرد بەسۆزەوە بیلاوێنێتەوە.

هەستێکی ئان و ساتی پاڵی پێوەنا، ئەژنۆی بەدوایدا نەهات. لەوە دەچوو هەموو ئەندامەکانی لەشی لە جووڵە کەوتبن. تەنیا چاوی بۆ مابۆوە. چاوی درۆزن و گاڵتەباز. «بەیانی باش» لەگوێیدا وەک چۆڕەی باران، وەک ڕەهێڵە لە تاریکیدا، لە تەنیایی و بێ کەسیدا، ترسناک و کوشەندە دەنگی دەدایەوە.

«بەیانی خۆت باش کوڕم. ژیانت باش». تاپۆکە نەمابوو. خانزاد بەترس و حەپەساوییەوە لە خۆی پرسی: «کوا یادگار؟» چاوی بەژوورەکەدا گێڕا، کەسی نەدی، دەرکەی ژوورەکەشی ئاوەڵابوو. کە واتە... بەرز پرسییەوە: «کوا یادگار؟...»

چووە دەر.

فەرخە بوو وەڵامی دەدایەوە. خانزاد زیاتر حەپەسا. ئەو دەنگە لە کامە قوڕگەوە دەهاتەدەر؟ بەگوێچکەی ئاشنا و نامۆبوو. فەرخە لەدوێنێوە تائێستا ئەوەندەی گوتبوو: «چووە دەر». دەنگەکە ناسک و زوڵاڵ بوو. دەتگوت لە گیانێکی ئارامەوە دێتەدەر. خانزاد لێی ورد بۆوە. دەیویست لە دەلاقەی ئەو گوتەوە خۆ بە ژووری ئەندێشەی دا بکا.



دەیویست بزانێ لە پشت ئەو ڕواڵەتە ئارامەوە چ تۆفانێک هەڵی کردووە. ڕەنگە لەدڵەوە گوتبێتی: «بیدرکێنە. چی لەمێکشتدایە؟» بێ گومان چاوەڕوانی قسەی تر نەبوو. بەڵام فەرخە دەبوو شتێکی تر بڵێ. نەیدەزانی چی. هەروەها کە نەیدەزانی ئەم حاڵەتە تاکەی دەوامەی دەبێ. فەرخە هیچی تری نەگوت. ئارام دانیشت. خانزاد ترسەکەی لێ بوو بەدەمارگرژی و تووڕەیی: «مردن لەم حاڵە خۆشترە». لەناخەوە گوڕاندی: «نەفرەت لە تۆ و لەو خوێنەی بەدەمارەکانتدا دێت و دەچێ. نەفرەت لەو بێدەنگییەت». یادگاریش لەو خوێنەبوو. میراتگری ئەو بێدەنگی و بێ قسەییە: «کە واتە نەفرەت لە یادگاریش».

–«کوا یادگار؟ ئەو تاپۆیە چۆن و بۆ کوێ چوو؟ نەکا...» بیری خانزاد فڕی. ئەندێشەی وەک کڵافە بەنێکی ئاڵۆز جەمسەری گوم بوو. لە فەرخە نزیک بۆوە. لە حاستی ڕووخا و دەستەوداوێنی بوو. «شتێک بڵێ فەرخە».

فەرخە ملی بەلارەوە نابوو. خانزاد تووڕەتر گوتی: «قسە بکە فەرخە. یادگار بۆ کوێ چوو؟»

فەرخە پێی وابوو یادگار بۆ لای باوکی چووە. بەبڕوای ئەو یادگار مافی بینینی باوکی بوو. خانزاد هەر دوو ئەژنۆی ڕاتەکاند و گوتی: «نەکا ئەویش.». قسەکەی بۆ تەواو نەکرا و لەقوڵپەی گریانی دا. فەرخە گوتی: «نەکا چی؟»

نەکا ئەویش بڕواو سەری خۆی هەڵگرێ.

بۆ کوێ؟

بۆ ئەو دۆزەخە وا باوکی چوو.

سەرسامییەکەی خانزاد فەرخەی نەگرتەوە. گوتی: «لە دەرەوەی ئەم شارە هیچ شتێک نییە یادگار شوێنی کەوێ».

–ئەی باوکی شوێن چی کەوت؟

«باوکی؟» فەرخە بیری بۆ ساڵانێک لەوە پێش چوو. لە لاسیان پرسیبوو: «شوێن چی دەکەوێ؟ بۆچی دەچی؟» لاس لەگەڵ زەردەخەنەیەکی تاڵ وەڵامی دابۆوە: «بۆ جەرەیەک ئاو شاری پێ بکوژێنمەوە».

# چوار

پانزە ساڵ لەوەدوا شەوێک لاس لە سەر بانیژەی ماڵێک- کە ڕەنگە ئێستاش خەڵکی شار پێی بڵێن ماڵی وسووئاغا- وەک دیلێکی بێزار کەوتبووە بیری پایزە شەوێکەوە کە مانگ وەک مەجمعەیەکی پڕ لە ڕووناکایی تیشکی شینباوی بەسەر شاردا بڵاو کردبۆوە. توێژاڵێکی نەرم و هاورێشمی زێوین وەک بەرگی زەماوەندی بووکێکی ئەفسانەیی بەسەر دارو گڵ و بەردداا کشابوو و دەبریسکایەوە. کوڕە گەورەی وسووئاغا بەتاقی تەنیا بەکۆڵانە داخراوەکەیاندا دەهات و دەچوو. کۆڵانێک و خشپەی جووتێ پێ و سەمای تاپۆ ئاسای سێبەری لق و پۆپی دارەکان کە لە پشت پەرژین و تەیمانەکانەوە بەسەر کۆڵاندا شۆڕببونەوە. شار کپ و خامۆش، هەڕەشەی مەترسی لە سەر بوو. هەواڵی چاوبزی ڕووداوێک لێی ڕاسابوو. شار نەجیب و بێ تاوان، وەک منداڵێکی پاک و بێ گەرد لە لانکەی سروشتدا خەوتبوو. «ئاربەبا» دەستی لە گەردنی «بابۆس»دا. «بابۆس»، شان بەشانی «دووزین» و «سلێمان بەگ» کز بەگۆڕیچەی میوانەکانیدا شۆڕ ببۆوە.

لاس تەنگەتاو بوو؛ وەک سروشت ماری خەمێک لە سەر دڵی پەپکەی خواردبوو. بوغزی مەراقێک بەربینگی گرتبوو. لەهەموو شتێک زیاتر لە بێدەنگی وەڕز بوو. پێی وابوو دیوارێکی تەقیو، ئێستا یان ساتێکی تر بەسەریدا هەرەس دێنێ. هەموو دەنگێک، تەنانەت خشەی گەڵای دارەکان بەدەم شیباوە و گڵ و بەردی گوێسبانەکان کە بەچنگ و دەنووکی چۆلەکە دەڕژانە خوار، دایاندەچڵەکاند. دەنگەکان جارو بار زیاتر دەبوون. گورگەلوورێکی دوور، سەگوەڕێکی نزیک و خشپەی مار ومێروو. کەوتە سەرکۆنە کردنی خۆی: «بریا منیش بڕۆشتمایە». وسووئاغا لە بەری پاڕابۆوە و ریشی لەمست نابوو: «ئەمە گاڵتەی پێ ناکرێ، کوڕم». دایە گوڵێ بەسەریدا گریابوو: «دەردەکەم لێ مەکە بەدوو دەرد، لاس». لاس بەقسەی کەسیانی نەکردبوو. تەنانەت گوێی بەخانزادیش نەدابوو. خانزاد تازیەبار و زەیستان بوو. هێشتا چلەی مەرگی دایکی و حەوتەی لەدایک بوونی یادگار نەچووبوو. بێ ڕەنگ و لاواز لە پاڵ لانکەکەدا ڕاکشابوو. دایە گوڵێ پێی گوتبوو: «کچم وەک منت لێ قەوماوە. وەک دایکت براژنە حەلاوی ڕەحمەتی.. هەستە خۆت وەپێچە».



خانزاد چاوی بۆ لاس هەڵبڕیبوو. وەک ئەوە لێی بپرسێ: «لاس، ئەوە ئامۆژن چی دەڵێ؟» لاس بەبێزارییەوە سەری لەقاندبوو. «هەستە. دەبێ شار چۆڵ کرێ... چۆڵ کرێ.».

شار چۆڵ بوو. دەتگوت ساڵەهایە چۆڵ بووە. لاس بیری شەوانی پێشوو کەوتەوە. ئەو شەوانە کە جاهێڵ و هەرزەکار دەستە دەستە بەپاڵ دیواری کۆڵانەکاندا دەستیان دەخستە بن گوێیان و چاویان بۆ پەنجەرەکان هەڵدەبڕی: «سەوزەڵێ سەوزە. باریکەی منداڵ، من بەڕەنگی زەرد، تۆ بەلێوی ئاڵ. یاخوا بەدکارمان بێ بەکۆی زوخاڵ...» لاس لە ئەوسەری کۆڵانەوە بۆ ئەمسەر، ئەو گۆرانییەی لەبەرخۆیەوە گوتەوە. ئەوسا خۆی بەحەوشەدا کرد و بەپلیکانەکاندا هەڵگەڕا. «تاق...تاق... تاق...» مەلێک دەیخوێند؛ لەدووریان لە سووچێکی مێشکی لاسدا. لە دانەجیرەی نەخۆشێکی خەوتوو دەچوو. بەدوایدا دەنگێک وەک دەنگی مرۆڤ ناڵە ئاسا لە بەرینایی شەوەکەدا خاو بۆوە. لاس وەک ئەوە بەژوور سەری نەخۆشێکی پەککەوتەوە بێ، بیری کردەوە: «نەکا دواهەناسەکانی بێ؟» دەرفەتی نەبوو لەخۆی بپرسێ، کێ؟ زریکەیەکی دووری بیست گوێ قولاغ بوو. هاوارە یان جاڕ؟ دەست بەجێ تێنەگەیشت. دەتگوت لە قووڵایی مێژووی وڵاتەوەیە، لە نووتەکترین سووچییەوە. وەک بەردێ لە بن میچی ئەشکەوتێکەوە بۆ ناو گۆلێ بەربووبێتەوە. لاس هەستی بەشلپەی کرد. پاشان شەپۆلێکی هێور، «ئای خەڵکینە...!» خەڵکینە؟ پێکەنینی بەهاوارەکە هات. «ئای خەڵکینە... کینە... کینە... کینە...!» شەپۆل بەشان و ملی دیوارەکاندا دەخزی. تەیمان و پەرژینەکان بەریان پێ نەدەگیرا. «کینە... کینە...» لاس گوێی نەدایە. هەواڵێکی تازە نەبوو. کۆنە جاڕێک بوو بەمنداڵیش لە دایک و باوکی بیستبوو. «بە ئەمری خان.. ئەگەر کەسێک... لەشاردا مابێ.. هەر ئێستا.. چۆڵی کا... شار ئاگری تێ بەردەدرێ... ئاگر ئاگر... گر... گر...» جاڕەکە باوکی وەبیر هێنایەوە. گوتبووی: «بۆ تێناگەی لاس؟ ئاگری تێ بەردەدەن.. گڕی تێ بەردەدەن.. تێ بەردەدەن...»

لاس نەیدەزانی چەند جار لێی دووپات کردبۆوە. پێشتر باوکی وەها نەدیبوو. دەست و پلی خۆی بۆ کۆ نەدەکرایەوە. لە ڕووی بهاتایە دەگریا. «لەگەڵمان رێ کەوە کوڕم. بەگاڵتەی مەزانە. شار سووتان حەقایەت نییە».

لاس بەحەقایەتی دەزانی. درۆ، هەڕەشە، پیلان، ئەتک کردن. هەمووشتێک جگەلەوەی دەگوترێ. «بە ئەمری خان... تا ساتێکی تر... بڵێسەی ئاگر لە ئاسمانە.. سمانە.. مانە.».

بێـدەنگی جـارچی ژاوەژاوێکی بەشوێنەوە بوو؛ وەک غـەڵبـەغـەڵبی جنۆکـە. لاس تێ نەگەیشت. بەلایەوە وەک سێبەری ئاڵۆزی ئاپۆڕەیەک لە سەر پەرژین، لەیەک هەڵنەداوار دراو. تەقـەتەق و شەقـەشەق. ناو بەناویش قریشکەی فـیـشـەکێکی دەرچوو لە گـەرەکی ژووروەوە بوو. «دەسـتـیـان بەراووڕووت کـرد». لەبەرخـۆیەوە ئەوەی گـوت و مـوچڕکـەی بیرێکی کۆن دیسان بەمێشکیدا تێپەڕی: «کەواتە پیلان بوو». بزەی خۆشی لەگیانیدا توایەوە. خۆزگەی بەخۆی هات. تەنیا کەسێک بوو شکی بۆ پیلانەکە چووبوو. بەباوکی گوتبوو: «دەیانەوێ خەڵک شاریان بۆ چۆڵ کەن و ئەوانیش بەئیشتیای خۆیان چی لەماڵ و دووکانەکاندا مابێ، ببەن».

ئەمە لە شار سووتانەکە بەلایەوە ناخۆشتر بوو. پێی ئەتک بوو. ئەتککردنی شارێک. بەدەنگی بەرز گـوتی: «من ئەو ئەتکەم بەشـانی خـۆم ڕەوا نەبینی». لەدەنگی خـۆی داچڵەکییەوە. ئەوسا وەک ئەوە سیبوای لەدەنگەکە بووبێتەوە بەرزتر گوتیەوە: «من ئەو ئەتکەم بەشانی خۆم ڕەوا نەبینی». لەوکـاتەدا پێی وابوو ساڵانێک بەسـەر ئەم شـەوەدا تێپەڕیوە و ئەو بەشانازییەوە بۆ منداڵەکەی دەگێڕێتەوە. چرا فانووسەکەی هەڵگرت و خۆی بەدیوەخـاندا کـرد. تفەنگەکەی باوکی هەڵگرت و لەشانی کرد. لەدڵی خۆیدا بڕیاری دا نەهێڵێ تاقە پیاڵۆکەیەک لەماڵی ئەوان بەتاڵان ببەن.

دیسـان بەرەو بانیژەکە ڕۆشتەوە. شار لە ژێر ڕێژنەی تریفەدا بوو. دەیزانی ئەگەر باوکی لەلای بووایە دەیگوت: «حەیف نییە ئەم شارە بسووتێ؟»

دایکی پێش لە ڕۆیشتن گوتبووی: «خودایە بۆچی دەبێ وەچەی چەند جار شار سووتان ببینێ؟»

لاس بڕوای بەهەواڵەکە نەبوو. لە مـێـشـکـیـدا سـووتانی شـارێک نەدەگـونجـا! نەدەکـرا بەئەمری کەسێک- تاقە کەسێک - مەشخەڵ بەگوێبانەی ماڵێکەوە بنێن و گڕ وەک لافاو شار بتەنێتەوە. لاس نەیدەتوانی بیر لەشارێک بکاتەوە کە سەرتاپا گڕی پۆشیبێ، کڵ و کۆی دامرکابێ و بووبێتە خۆڵەمێش. لە خۆی پرسیبوو: «ئەی ئەو کەسە دوایی چی دەکا؟ بۆ کـوێ دەچێ و چۆن سـەیری ئاگـرەکـە دەکـا؟ سـەیری خـۆی، دەسـتـی خـۆی؟» بۆیە بەدڵنیـاییـیەوە گوتبووی: «درۆیە، گوترابێ و نەگوترابێ درۆیە. پیلانە. یان هەڕەشەیە بۆ ترساندنی خەڵکی شار».

خـەڵـک لەیەکـەم ڕۆژی بیـسـتـنی هەواڵەکـەوە ترسـابوون. پیـاوان لە مـزگـەوتی خـاندا



کۆبـبوونەوە. سـەربان و بانیـژە، حەوشـە و حەسـار، تەنانەت کـۆڵانەکـانی ئەو ناوەش لە خەڵکی ڕەش و ڕووت جـمەیان دەهات. زۆربەیان لەبەر تیشکی هەتاوی پاییـزدا خـۆیان هەڵخـسـتـبوو و خـۆیان دەخوراند. یان لە بەرۆکی کـەواکـانیـان و پزووی پانتـۆڵەکـانیـان ئەسپێیـان دەدۆزی. ژنان و منداڵانیش لەبەر دەرکە و قەراغ تەمیانەکان لەناو گڵ و خۆڵدا دانیشتبوون. دیمەنەکە لە ڕۆژی مردنی گەورەپیاوێک دەچوو کەخەڵک چاوەڕوانی ناشتنی بن. پیـاو مـاقـووڵ و حـاجی و تاجرەکـانی شـار لە ژووری مـزگـەوت بوون. بۆ دیتنەوەی ڕێگەی چارە و پەشـیـمـان کـردنەوەی خـان ڕاوێژیان دەکـرد. خـان پێشـتـر بەگزادەکـانی بۆدیوەخـان بانگ کـردبوو؛ پێی ڕاگـەیاندبوون سـەرتیپ ئەفـشـار ناوێک بەیارمـەتی تیلەکۆیییان دەیەوێ هێرشیان بێنێتە سەر.

وسووئاغا لە زمانی بەگزادەیەکی دۆستیەوە بۆ لاسی گێڕابۆوە کە خان هەرگیز ئەوەندە تووڕە نەبووە. داوای لێ کردبوون بۆ بەرهەڵستی سپـای حوکمەت یارمەتی بدەن. بەڵام بەگزادەی بانە پێـمل نەبووبوون. «بۆ دەبوو پێـمل بن؟» بەگوێی یەکتـریاندا چرپاندبوو. لەمـاوەی ئەم دوو سێ ساڵەدا سەد ئەوەندەی پێویست یارمەتی خـانیان دابوو. لە شاری سەقز، لەشـەڕ لەگەڵ تیلەکۆیییان؛ بۆ گرتنی مەریوان، تاکەی دەبوو لە گیرفـانی خۆیان خەرج بکەن و تفەنگچی خۆیان بەکوشت بدەن؟ بەگزادەی بانە ماندوو بوون. نەیاندەزانی لە پێناوی چیدا شەڕیان کردووە. لەم ماوەیەدا گەلێک کەمتر لە سەردەمی «لەشکری» و «لاهیـجی» خاوەنی دەسـەڵات و قـەرار بوون، هەمـوو ئەرکی شـەڕ و لەشکرکێشی لەسـەر ئەوان بوون بەڵام دەور دەوری خان بوو. نا، دەبوو ئیتر واز بێنن. حوکمەت نەخۆش دەکەوێ و نامرێ. ئیمساڵ یان ساڵێکی تر شار دەگیرێتەوە و دار و پەت هەڵدەخرێ، ئەوسا ئەوەی ڕۆژێک لە ڕۆژان دەنکە جـۆیەکی مـاڵی پاشـای خـواردبێ، بێ ئارەق دەرنـاچێ. بەگزادەی بانە پێـیـان وابوو تا ئێـسـتـاش هەڵەیان زۆر کردووە کـە نەدەبوو بیکەن. خـان تووڕە ببوو. هەستابووە سەر پێ. چاوی لێ دەرپەڕاندبوون. دەستی بۆ دەمانچەی بەر پشتێنی بردبوو. ئەوسا بەڕق و تووڕەیییەوە، وەها کە حەزی کردبوو لە بری ئەو قسە بۆ کردنە تفـیان لێ بکا. گوتبووی: «من شـەرەفی ئێوە دەپارێزم. ئێستا ئێوە حاکمن. سبحەینێ حوکمەت بگەڕێتەوە چارشێو لەسەر ژنەکانتان دادەماڵێ و سەریان پێ ڕووت دەکا. دەبێ خۆشتان دوو لنگە لە پێ بکەن. هەتیوە شارستانی شوێنتان دەکەون و شاربەدەرتان دەکەن».

قسەکانی خان سوودی نەبووبوو. خان کابرایەکی ئێراقی بوو. شتێک بقەومایە خۆی و ماڵ و منداڵی دەچوونەوە بۆ ئەو دیو. ئەمان چی؟ بۆ دەبوو بەئاگری ئەوەوە بسووتێن؟

خان لە هەموو شتێک گەیشتبوو. عەشایەری ترساو وەک کەڵەشێری بەزیو بوون. چاوەڕوانی هیچیان لێ نەدەکرا؛ بۆیە بێدەنگەی لێ کردبوو. بەرەو پەنجەرەی دیوەخان چووبوو. شار لە ژێر تیشکی تیژی خۆری پاییزدا پێی پێکەنیبوو، گاڵتەی پێ کردبوو. «دەور دەوری خانە». ئەو دەمە وا لە هەموو کۆڵان و شەقامێک ئەو دروشمە دەدرا، بەسەر چووبوو. خان پێشبینی دروشمی سبحەینێ و دووسبحەی دەکرد: «دەور دەوری سەرتیپ ئەفشارە...» ڕەنگە دروشمی خراپتریش. جنێو و سەرکۆنەی خانی هەڵاتوو. بۆ کەم ڕووی دابوو؟ «شارستانی وەفایان بۆ کەس نییە». خان بڕوای بەو قسەیە بوو. هەر ئەوەش بیری سووتاندنی شاری لەمێشکدا گووراندبوو. سەری بەحاستەم لەقاندبوو. دەستی لەبەر پشتێن دەرهێنابوو و... بەئارامی چەناگەی خۆی خوراندبوو. بزەیەکی تاڵ نیشتبووە سەر لێوی و گوتبووی: «دوا من نابێ شارێک ببێ پێم پێبکەنێ و گاڵتەم پێ بکا».

بۆ پیاوی خاوەن دەسەڵات سەرەتای خەیاڵێک کۆتایی ڕووداوە پشتی لەشار کردبوو و ئاوڕی لە بەگزادەکان دابۆوە. هەموویان بەسەر پێوە بوون. وەک ئەوە پەلەی ڕۆشتنیان بووبێ. لەچاوی خان ورد بووبوونەوە. وەک کوانوو پزیسکیان لێ بووبۆوە. بڕیارەکەیان ئەوەندە یاخی کردبوون کە نەترسێن. خان لەوە گەیشتبوو پێی تووڕەتر بووبوو. ماوەیەک لە بێدەنگیدا هێشتبوونیەوە. ڕەنگە ویستبێتی جەسارەتەکەیان لێ بسێنێتەوە. دوا ئەو ماوە زمانی بەحاستەم هاتبووە. گۆ: «دوا خۆم شارێکتان بۆ ناهێڵمەوە تەسلیم بەحوکمەتی کەن و خەڵات وەربگرن». ماوەیەکی تر بێدەنگ بووبوو. بۆ ئەوە سەرەتاتکەی پرسیار لە چاوی یەکەیەکەیاندا ببینێ. ئەوسا دواهەم قسەی کردبوو و دوایی بە کۆبوونەوەکە هێنابوو. «شار دەسووتێنم...»

ئەو هەواڵە لە ئان و ساتدا خۆی بەهەمووماڵێکی شاردا کردبوو.

سپای خان تێک بشکێ شار دەسووتێنێ.

هەڕەشەیە.

هەڕەشەیەکە بۆ ترساندنی خەڵکی شار.

هەڕەشەیەکە بۆ پێمل کردنی بەگزادەی بانە.

ئەو هەڕەشە، خەڵکی شاری لە مزگەوت کۆکردبۆوە. وسووئاغا لە ژووری مزگەوت بوو. لاس لە حەوشەی مزگەوت لەگەڵ کۆمەڵێک لە دۆست و برادەرەکانی قسەی دەکرد. لە پڕ ئاپۆڕەی خەڵکەکە شڵەژا. ئەوەی دانیشتبوو یان ڕاکشابوو، ڕاست بۆوە. حاجی بابە و



حاجی حەمە عەزیز، دوو ڕیش سپی ناسراوی شار، لەناو پەنجەرەی لای چەپی مێحرابەکەوە ڕاوەستابوون. لاس چاوی بۆ باوکی گێڕا. لە تەنشت پەنجەرەکە، ڕوو لە ژوور و پشت لە دەرەوە دانیشتبوو. مامۆستاش هاتە نێو پەنجەرەکە. چەند جار دەستی ڕاتەکاند و داوای بێدەنگەی کرد. خەڵک بێدەنگ بوون و چاویان لەدەمی بڕی. مامۆستا وەک هەمیشە سێ چوار ئایەتی بەدوای یەکدا خوێندەوە و حەدیسێکی گێڕایەوە. خەڵک وەک جاران تامەزرۆی بیستنی نەبوون. وریتە وریت بەرز بۆوە. مامۆستا تێگەیشت و لەکورتی بڕاندیەوە: «ئێستاش جەنابی حاجی بابە و حاجی حەمە عەزیز جوزئیاتی مەشوەرەت و تەدبیری ئێمەتان بۆ دەگێڕنەوە».

حاجی حەمە عەزیز قسەی کرد. بڕیاریان دابوو هەردووکیان بڕۆن بۆ لای خان و دەستەو دامێنی بن تا لە بڕیارەکەی پاشگەز ببێتەوە. دوا قسەکانی حاجی، خەڵکەکە بڵاوەیان لێ کرد.

لاس لە شەقام چاوی بەفەرخەی برای کەوت. دیار بوو بەهەڵەداوان لە شوێنی هاتبوو. پێی وابوو مژدەی منداڵ بوونی خانزادی پێیە. گورجێ بەرەو پیری چوو. فەرخە هەواڵی هاتنی بارام و دوو کەسی تری پێ گەیاند. ئەوەش مژدەیەکی ناخۆش نەبوو. لاس هەیپێی لێ کرد. خۆشحاڵ بوو لەوەها ڕۆژێکدا بارامی دەدی. فەرخە شان بەشانی بوو بەخۆشییەوە باسی میوانەکانی دەکرد. هاوڕێکانی بارام دوو پیاوی کەڵەگەت بوون کە دەمانچەیان لە ژێر پشتێنیانەوە بەستبوو. گوایە لە کوردەکانی ئەودیو بوون و بەرەو ئێراقیش دەگەڕانەوە. لاس گورجتر هەنگاوی نا. کە گەیشتەوە، بارام و هاوڕێکانی ڕۆشتبوون. بەتووڕەیییەوە بەدایە گوڵێی گوت: «دەبوو تا من دەهاتمەوە ڕاتگرتنایە».

دایە گوڵێ گوتی: «دەتگوت لەسەر مەڵۆدڕکن. زۆر بەپەلە بوون».

ئەی بۆ لایان دابوو؟

دەیانگوت، ویستوومانە بەسەر پێوە چاومان پێی بکەوێ. قەرارە بارام ئێمڕۆ سبەی بگەڕێتەوە.

لاس تازە بیری دەکردەوە، بۆ دەبێ بارم بچێت بۆ ئێراق. گوتی: «نەیگوت، بۆچی دەچێ؟»

دایە گوڵێ گوتی: «ئەو هیچی نەگوت و منیش لێم نەپرسی».

خانزاد گۆڤارێکی خستە بەر دەستی. لاس بەسەیرەوە پرسی: «ئەمە چییە؟» ئەوسا لەگەڵ پرسیارەکەی لەڕوومەتی وردبۆوە. لە دوێشەوەوە کە ژانی هاتبوویە تا ئێستا زۆر

پێ چووبوو. لاس لێی پرسی: «ئێستا چۆنی؟» پێش ئەوەی خانزاد وەڵامی بداتەوە، لاس ئاماژەی بۆ سکە هەڵئاوساوەکەی کرد و بەزەردەخەنەیەکەوە کە لەپڕ هەڵیکوتایە سەر ڕوومەتی گوتی: «بەیادگار بلێ زوو بێتەدەر».

خانزاد وەڵامی زەردەخەنەکەی نەدایەوە. گەڵاوگەڵ دانیشت و گوتی: «دنیا ئەوەندە خۆش نییە حەز بکەم بێتەدەر».

لاس دەیزانی هاتنی بارام و بەجێ هێشتنی ئەو گۆڤارە خانزادی ترساندووە. ئەو هەرگیز نەیتوانیبوو بارام لای خانزاد شیرین بکا. دایە گوڵێ بۆ گۆڕینی قسەکان گوتی: «ئەو کتێبە چی تێدا نووسراوە؟»

لاس دەستی بۆ گۆڤارەکە بردەوە. «گۆڤاری نیشتمان». لەخۆشییا ترس و دڵەڕاوکەی ئەو شەو و ڕۆژەی لەبیر چۆوە. ئەوسا وەک گەنجێک بەباڵای دڵدارەکەیدا هەڵزنێ، سەیری کرد. لەسەر ڕووبەرگی گۆڤارەکە ئایەتێکی قورئان ئەمری بەعەدڵ و ئێحسان دەکرد. لاپەڕەی هەڵدایەوە. چەند لاپەڕە باسی موسوڵمان نەبوونی قوڕەیش بوو. وتارێک دەربارەی عەشایەری کورد سەرنجی ڕاکێشا. پێی وابوو وەڵامی هەموو پرسیارەکانی لەوێدایە. وشەبەوشەی خوێندەوە و تێی فکری، بەڵام وا دەرنەچوو. شیعرێکی قانع خۆشییەکەی بۆ گەڕاندەوە. شیعرێکی تری بەناوی «دڵی دایک» بەدەنگی بەرز خوێندەوە. ناوی شاعیرەکە زیاتر هەستی بزواند؛ «هەژار» پیاوێکی ڕووتەڵەی یاخی لەبەرچاویدا قەوارەی گرت. فەرخە ئاماژەی بۆ ڕەسمێکی گەورە کرد و گوتی: «ئەم کابرایە دایناوە؟»

لاس نەیدەناسی. پیاوێکی سەر ڕووت بوو کە ریشی وەک بزن هێشتبۆوە. هەرکەس بوو پیاو چاک بوو. لەبەرخۆیەوە گوتی: «خوا ڕاگیری کا». بەیتی ژێر ڕەسمەکەی خوێندەوە، زانی کار لەراگیرکردن دەرچووە. «کەواتە خوالێی خۆش بێ».

دوانیوەڕۆی شەوان وسووئاغا گەڕایەوە. ئەوەندە تووڕە بوو کەس نەیوێرا باسی بارام و گۆڤارە کوردییەکە بکا. لاس هەواڵی حاجی بابە و حاجی حەمە عەزیز ی لێ پرسی. خان گوێی بەقسەکانیان نەدابوو. گوتبووی: «لە داروخان، موڵکی باب و باپیرم شارێکی لێرە گەورەترتان بۆ ساز دەکەمەوە».

دایە گوڵێ بەترسەوە گوتی: «کەواتە شار دەسووتێنێ؟»

خانزاد بەدەم خورپەی ئازارێکەوە لە ژوورەکە چووە دەر و دایە گوڵێ شوێنی کەوت...

سێ ڕۆژ دوا منداڵ بوونی خانزاد تفەنگچییەکانی خان بۆ بەرەنگاری سپای حوکمەت



بەرەو «کەلی خان» بەڕێ بوون. خەڵک دەیانزانی هێزێکی وا بچووک دەرەقەتی هێرشی حوکمەت نایەت؛ بۆیە ترسیان لێ نیشت و قاو بڵاو بۆوە: «حوکمەت ئیمشەو شار دەگرێتەوە».

وسوو ئاغا گوتی: «ئەم جارەی من دەرەقەت نایەم».

دایە گوڵێ بەدەم گریانەوە یادگاری مەلۆتکە دەکرد.

لاس لە بری ئەوە بیر لەخانزاد بکاتەوە کە دەبوو بەزەیستانی خۆی بۆ کۆچ بپێچێتەوە، بیری لە بارام دەکردەوە. بارام گوتبووی: «بەدڵنیاییەوە ڕایەکی دیکە سپای حوکمەت چاوی بەم وڵاتە ناکەوێتەوە».

وسووئاغا بەقسەکەی پێکەنیبوو. گوتبووی: «ئەوەی ئێوە دەیڵێن وەک گێڕانەوەی خەونێکی خۆشە».

بارام بێ ئەوە لە قسەکە بڕەنجێ بەگوێی لاسدا چرپاندبووی: «ڕۆژی خۆشمان لەبەرە. ڕۆژی زۆر خۆش، لاس».

لاس لە سەر بانیژەکە بیری دەکردەوە «بڵێی بارام ئێستا بەتفەنگەوە لە پشت سەری جارچییەک بەشەقامی شارێکدا نەگەڕێ؟» ئەوسا وەک ئەوە بارام ئاگای لە بیر کردنەوەی بووبێ بەخۆیدا شکایەوە. بارام هەمیشە بەدڵنیاییەوە قسەی دەکرد. «پێت وانەبێ ئەم وەزعە ئاواتی ئێمەیە. عەشایەر ناتوانن تا سەر حوکمی شاریان بەدەست بێ. سبحەینێ کە گەل ڕاپەڕی و ئاڵای شۆڕش هەڵکرا، ئەوکاتە عەشایەر تەسلیمی بەرەی گەل دەبن. یان بەرەی گەل یان حوکمەتی بێ دەسەڵاتی شا. تازە ئەگەر ئەوانیش نیازی تەسلیم بوونیان نەبێ، پیاوەکانیان پێملیان دەکەن. ئەم هەموو تفەنگچییە لە خۆشەویستی خان دەستیان لەزەوی و زار و ماڵ و خێزانیان هەڵنەگرتووە. ئەمانە کە ئێستا ئێمە بێز لە هێندێک کردەوەیان دەکەین، لەداهاتوودا گیانفیدای گەل و نیشتمانن».

سبحەینێ... داهاتوو.. گیانفیدا... نیشتمان.. ئەم وشانە لە مێشکی لاسدا خانەی تایبەتی خۆیان نەدەدۆزییەوە. کۆمەڵێ وشەی جوان بوون کە وەک پۆلێ مەل لە قەفەسی مێشکیدا پەلەکوتەیان بوو. داهاتوو.. گیانفیدا... نیشتمان.. بارام لە بن دارتووەکەی حەوشە، لەو جێگە وا ڕۆژێک لە ڕۆژان خاڵە نایەر بەیتی گوتبوو، دوابوو:

هۆی لاسە شۆڕی باڵەکیانە

ئەزت بم بەقوربانی قمبەلی دەپەڕانە

هەرچی ئەتۆ کەیفت دێنێ وەکیلی بۆ من خۆشگوزەرانە
پیاوێکی زۆر نادری
ماڵی ئەو عێلەی بەزامن هەڵدەگرێ.
دەبێ لەسەر گیسکێکی ئەو عێڵە بمری.

«ئەگەر هەڕەشەکەی خان راست بێ، ئیمشەو دارتووەکەی خاڵە نایەریش دەسووتێ». لاس کە ئەوەی لەبەر خۆیەوە گوت، ئاواتی خواست تەنیا شەوێک دەرفەتی ببووایە لە بن دارتووەکەدا بخەوێ و خاڵە نایەر بێتە خەوی.

سوارەی خان بەتێشکاوی گەڕابوونەوە. حوکمەت لەسەر کەل بوو. جارچییەکان پەیتاپەیتا داوای چۆڵکردنی شاریان دەکرد.

خانزاد زەرد هەڵگەڕابوو. لەوە دەچوو دلۆپێ خوێن لە دەمارەکانیدا نەمابێ. ئەگەرچی باش خۆی پێچابۆوە و نەدەبوو سەرمای ببێ، بەڵام هەڵدەلەرزی. لەسەر بانیژە پاڵی بە بەستەکە نوێنێکەوە دابوو و چاوی بەحەوشەکەدا دەگێڕا. نیگای بەهیچەوە بەند نەدەبوو. لەوەدەچوو توانای بیرکردنەوەشی نەبێ. کاس و مەنگ بوو. با پەلکە خورماییەکانی لەبن لەچکەکەیەوە دەشەکاندەوە و شوخاڵی لە بناگوێی دەگرت. فەرخە بێشکەی یادگاری بەپلیکانەکاندا دەهێنایە خوار. کۆڵان پڕ بوو لە دەنگە دەنگ و ژاوە ژاو. کەس لە تەقەی دەروازەکە دانەچڵەکی. فەرخە کردیەوە. بەتەمابوون دراوسێکان بۆ گەردن ئازادی هاتبن. بەڵام دوو بارگیر بەکورتانەوە خۆیان بەحەوشەدا کرد. فەقێ ڕەحیمی کۆنە دۆستی وسوو ئاغا بەکوڕێکی گەنجیدا ناردبوونی. دایە گوڵێ بەخۆشییەوە خۆی بەژوورەکاندا کرد و یەک دوو باوەش شتومەکی تری هێنایەدەر. لاس و وسووئاغا وڵاخەکانیان بار کرد، خانزاد و یادگار لەنێو بەینی سووکە بارێکەوە سوار بوون. هێشتا کەلوپەلێکی زۆر مابۆوە. دایە گوڵێ دڵی نەدەهات بەجێیان بێڵێ. بەگریانەوە دەیگوت: «من بەقەدەر خۆم ژیاوم. لێم گەڕێن با لە ماڵەکەی خۆمدا بسووتێم».

کەس تاقەتی دڵخۆشی دانەوەی نەبوو. وسوو ئاغا چووە ژوور و تفەنگەکەی هەڵگرت. قەفەسی کەوەکان بەدارتووەکەوە بوو. جووتێ کەوی راو و جوتێ باڕی ئیمساڵ، دایگرتن. قەفەسێکی خاڵی بەلقی دارەکەوە مایەوە. هەموویان ئامادەی ڕۆشتن بوون، بەڵام کەس دڵی نەدەهات پێش کەوێ. لاس تێگەیشت؛ ناچار گوتی: «تۆم لەگەڵ نەبی، هەنگاوێک ناڕۆم».



لاس پێشتر بڕیاری دابوو شار چۆڵ نەکا؛ یان لانی کەم ئاخر کەس بێ کە چۆڵی دەکا. لە وەڵامی قسەکەی دایکیدا گوتی: «تا لەشار دەردەکەون مانگا و گوێرەکەکانتان بۆ لێ دەخوڕم».

کاتی چوونەدەر هەر وسووئاغا و گەنجە میراواییەکە نەدەگریان. لە کۆڵانەکە ڕەت بوون و بەلای گەڕەکی جوولەکەکاندا وەرچەرخان. لەوێش تاک و تەرا ماڵ مابوون کە بەرودوا چۆڵیان دەکرد. لە ئاخری گەڕەکەکە پیرە پیاوێک بەتەنیا خەریکی بارکردنی وڵاخێک بوو. دیار بوو نەیدەتوانی. لاس بەرەو پیری چوو. دەیناسی. وڵاخەکەی لەگەڵ بارکرد و گوتی: «مام شەلەمۆ بەخێر بەرەو کوێ؟»

پیرە لە بەرخۆیەوە دەگریا. لاس گوریس و قەیاسەی وڵاخەکەی بۆ توند کرد و گوتی: «ئێستا کاتی گریان نییە، مام شەلەمۆ».

کاتی گریان بوو؛ داودی کوڕی لە ماڵ نەبوو؛ لەگەڵ لەیلای کچی بەتەنیا مابوونەوە. نەیاندەزانی ڕوو لەکوێ بکەن. ڕۆژی وا جوولەکەش سەر یەکتر نەپەرژابوون. کچەکەی لە ماڵ هاتەدەر. کۆڵێکی سووکی بەپشتەوە بوو. باوکی بەسیلەی چاو سەیری کرد و سەرنجی بۆ لای ڕاکێشا. ئەوسا بەپاڕانەوە گوتی: «کوڕی وسوو ئاغا لەگەڵ خۆت بمانبە».

لاس گوێی لە پاڕانەوەکە و دڵی لە لای کچەکە بوو. کچێکی خوێن شیرین و باریکەڵە. بەزەیی پێدا هات و وڵاخەکەی ئەوانیشی پێش خۆی دا پەڵە هەورێک لە ڕۆژاواوە بەڕێوە بوو؛ زۆری نەخایاند هەموو ئاسمانی داپۆشی. لاس گوێی لێ بوو دایە گوڵێ دەیگوت: «لێزمە بارانێکی سەیر دەبارێ. وەک جاری پێشوو».

لەسەر پردی گەورە ڕێ بەر ڕێبوار نەدەکەوت. خەڵک لەتۆزی بەرپێی خۆیان و وڵاخەکانیاندا گوم بووبوون. ناو بەناو دەستەیەک تفەنگچی دڕیان بەخەڵکەکە دەدا. لەو بەر پردەکە لاس ڕاوەستا. کەسوکار لەگەڵیدا ڕاوەستان. خۆی لە بەر نیگایان بۆ نەدەگیرا. سەری داخست و گوتی: «ئیتر من دەگەڕێمەوە. لە میراوا دەتانگەمێ».

گریان و پاڕانەوەی خانزاد و دایکی پەشیمانی نەکردەوە. وسوو ئاغا ویستی بۆ جارێکی تر ریشی لەمست بگرێ و لەبەری بپاڕێتەوە. خەڵک سەیری دەکردن. ژیوان بۆوە. تفەنگەکەی لەشان کردەوە و پێی دا. ئەوسا مانگاو گوێرەکەکانی پێش خۆی دا و گوتی: «ئاگات لەخۆت بێ».

لاس خودا حافیزیشی بۆ نەکرا. بەپێچەوانەی شەپۆلی جەماوەر. بێ ئەوەی ئاوڕیان لێ بداتەوە، لێیان دوور کەوتەوە.

لەگەڵ خۆر ئاوابووندا، باران– کەلە دوا گەڕانەوەیەوە باریبوو– خۆشی کردبۆوە. ئاسمان وەک ئەوەی هەرگیز پەڵە هەورێکی بەخۆیەوە نەدیبێ ببووە مەیدانی خۆنواندنی مانگ.

شار خامۆشتر و بێدەنگتر لەهەمیشە خۆی بەگڕی چڵەدارێک سپارد. لاس نەیدەزانی گڕ لە کوێوە بەرز بۆتەوە. پێش ئەوەی بڕواتە سەربان و چاو بگێڕێ، قرچەکەی بیست. قروسکەی داماوانەی سەگێک تێکەڵ بەقرچەکە بوو. لاس خۆی گەیاندە سەر بان گڕەکە لە گەڕەکی ژوورەوە بوو. گڕی دار و تەیمان و پووش و هەڵاش پەرەی دەسەند و گەزارەی دەکێشا. لاس وڕ و کاس، وەک داوەڵێکی بێ گیان سەیری دەکرد؛ بێ توانای جمین و هێزی جووڵەیەک. لقەدارێکی چەقیو بوو سێبەری لە گوێسبانەکەوە کەوتبووەخوار. گڕ وەک لافاو بەچواردەوریدا شاڵاوی دەبرد و دنیای ڕووناک دەکردەوە. ئاربەبا ئاشکراتر دیار بوو. لەوە دەچوو بەسەر شاردا نەوییێتەوە. بۆ کرووز پاشەکشەی بەبۆنی خاک کردبوو. قرچەی سووتماکاکە بڵیندتر دەبوو. جارو بار قوولەیەک، هاوارێک تەقەیەک. نزیکتر سەگوەڕێک. نزیکتر قریشکەی پشیلەیەک. دیسان نزیکتر خشپەی پێیەک.. زرم و کوتی هەڵاتنێک. ئەمەی ئاخریان لاسی وەخۆ هێنایەو. گڕ بەداوێنی کێوەکاندا هەڵدەگەڕا. لەوە دەچوو بیەوێ ئەوانیش بسووتێنێ و بیانکاتە ڕەژی.

لاس زۆر لەوە دوا، لەو ڕۆژان و شەوانەدا کە بەقەفاوە ڕادەکشا و چاوی لە ئاسمانی پشت مێڵەکان دەبڕی؛ لەو ڕۆژان و شەوانەدا کە بەهۆی تەنیایی و بێ دەسەڵاتی بەبیرەوەرییەکانیەوە دەنووسا. بیری دەکەوتەوە گرینگترین بڕیاری ژیانی لە پزدانی ئەو شەوە دۆزەخییەدا گوورابوو. بۆ بەیانیدا دایکی پرسیبووی: «ئەم ئاگرە بە چی دەکوژێتەوە؟»

وسوو ئاغا وەڵامی دابۆوە: «بەجەرەیەک ئاو».

لاس دوا ساڵێک لە باوکی ڕاسپاردبوو: «پێی بڵێن بۆ هێنانی جەرە ئاوەکە دەڕۆم». ئەو قسەی کاتێک گوتبوو کە بڕیاری دابوو ژن و منداڵ و کەسوکاری بەجێ بێڵێ و شوێن ئەو خەونە بکەوێ کە بارام سابڵاخی لە دەمێکەوە کەرەسەی لە مێکشیدا خستبوو.

دوا شار سووتان لاس گوتی: «ئەگەر درەختەکانی ناو شاریش هەڵبدەنەوە و چۆلەکە لەسەر لق و پۆپیان بجریوێننەوە، من ناگەڕێمەوە.

وسوو ئاغا بێ ئەوەی لەگەڵی بلێ و سەرزەنشتی بکا ژوورێکی لەماڵی فەقێ ڕەحیم بۆ خواست و پارچە زەوییەکی بۆ وەرگرت. خانزاد بەهیوا بوو ئەم کارە بەزەوییەوە ببەستێتەوە



و ژیانیان– وەها کە بیری لێ کردبۆوە – تێک نەچێ. بەڵام ئێوارەی پاییزە ڕۆژێک – دوایی لێکیان دایەوە– لە ساڵڕۆژی سووتانی شاردا لاس لەبەرخۆیەوە گوتی: «من دەبێ بڕۆم».

خانزاد لە ماوەی ئەو ساڵەدا ئەوەندە سەری پرسیاری لەبەردی بێ دەنگی و بێ وەڵامی کوتابوو، نەیپرسی، بۆ؟

ئەو شەوە وەک دوو مرۆڤی بەیەک نامۆ خزانە نێو جێگەوە. ژن و مێرد کەسیان نەیانزانی ئەوی تر کەی خەوی لێ کەوت. هەر کامە لە جیهانی بەڕواڵەت کپ و خامۆش، بەڵام لەڕاستیدا پڕ هەرا و هوریای خۆیاندا بوون. یادگار نامۆتر بەهەردووکیان بێ ئەوە کەس هەستێتەوە سەری و بێشکەی ڕاژەنێ، گریابوو. بۆبەیانیدا لاس گوتییەوە: «من دەبێ بڕۆم». ئەوسا کەسێکی لە شوێن باوکی نارد. وسووئاغا نەخۆش بوو. فەرخە و دایە گوڵێ پێش لە نیوەڕۆ گەیشتن.

لاس بەهاتنی دایکی بەخۆیدا شکایەوە؛ تازە دەیزانی دووگیانە و سکی لەسەر دەمیەتی. داوای لێ کرد خانزاد ویادگار لەگەڵ خۆیدا بباتەوە. تکا و پاڕانەوەیان سوودی نەبەخشی. تەنانەت گریانە بەردەوامەکەی یادگاریش پەشیمانی نەکردەوە.

لاس لە چوارەمین ڕۆژی گەڕانەوەیدا چووە سەر بانیژە و بەدەنگی بەرز، بۆ ئەوەی دایە گوڵێ گوێی لێ بێ، گوتی: «دەبێ یادگار ئێستا گەنجێکی تەواو بێ، وانییە؟»

بە درێژایی شەوی ڕابردوو خەونی بەیادگارەوە دیبوو. دوانیوەڕۆی ڕۆژی پێشوو لەگەڵ دایکی زۆر باسی یادگاریان کردبوو. قسەکان لەوێوە دامەزرابوون کە بۆ چەندەمین جار لەو ڕۆژەدا دەرکەی ماڵەکەیان کوتابوو. هیوا لە سەر تاقی پەنجەرەکە وشکە جووی دەکرد. بەبیستنی تەقەکە هەستایە سەرپێ و ئاوڕی لەلاس دایەوە. ئەویش وەک پرسیارێک وەری گرت و ئارام سەری بۆ لەقاند. هیوا بۆ کردنەوەی دەروازەکە چووەدەر. دایە گوڵێ لە بانیژە بوو. بەری پێ گرت و خۆی بەپلیکانەکاندا داگەڕا.

لاس لەو ماوەیەدا بۆ بەر پەنجەرەکە چووبوو. بۆجارێکی تر هەستی بەدڵەکوتە کرد. بەدیتنی دایکی لەحەوشە زیاتر تەنگەتاو بوو.

دایە گوڵێ بەترس و گومانەوە هەنگاوی دەنا. ڕەنگە بەهیوا بووبێ تادەگا، کەسی پشت دەروازەکە وازبێنێ و بڕوا. بەپێچەوانەی ئەوەوە لاس حەزی دەکرد هەرچی زووترە

دەروازە بکرێتەوەو کەسەکە خۆی بەژووردا بکا. چاوەڕوانی بەهەموو قورساییەکیەوە هەڵیکوتابووە سەر دڵی. پرسیارێک و دەیان وەڵام لە مێشکیدا قوت بووبوونەوە. بڵێی کێ بێ؟ ڕەنگە دراوسێیەک و بۆ هەواڵ پرسینێک هاتبێ. ڕەنگە خزم یان ناسیاوێک هەواڵی گەڕانەوەی ئەوی بیستبێ. ڕەنگە کۆنە دۆستێک، یان هاوڕێیەکی تافی لاوی بۆ بەخێرهاتنەوەی هاتبێ. یان؛ ڕەنگە فەرخە کوندەیەک ئارەقی خواردبێتەوە تاوەک ئەو دەمانە کە دایە گوڵێ گێڕابوویەوە، مەست و کەلەلا خۆی بەژووردا بکا، بۆ سەردانی دایکی. یان بەگەڕانەوەی ئەوی زانیبێ و هاتبێ خۆی بەسەر پێڵاوەکانیدا بخا. بڵێی ئەو؟ ئەی کێ؟ ڕەنگە خانزاد. ئەرێ ڕەنگە ئەو بۆ بەخێرهاتنەوەی کۆنە مێردەکەی... کۆنە مێرد؟ ئەرێ کۆنەمێردەکەی... یان یادگار؟

یادگار بێ و پەتی پچڕیبێ. لە پەنجەرەی ماڵی فەرخەوە خۆی بەردابێتەوە، بەدیواری حەسارەکەیاندا هەڵگەڕابێ و خۆی هەڵدابێتەخوار. کۆڵانەو کۆڵان بەڕاکردن هاتبێ.. تەقەی دەرکە لە سەرخۆ نەبوو؛ کە واتە دەرکە کوتەکەش نەدەبوو لەسەرخۆبێ...

لاس لەبەیانییەوە بەبێ هۆ دڵنیا بوو هەواڵی گەڕانەوەی بەشاردا بڵاو بۆتەوە. چاوی لە هەنگاوەکانی دایکی و دڵی لەلای دەروازەکە و کەسی پشت دەروازەکە بوو. دایە گوڵێ گەیشت. بەئارامی تایەکی دەروازەکەی کردەوە و لەپشتیەوە ڕاوەستا.

لاس ئەوەندەی تریش هەناسەی سوار بوو. ڕەنگی گۆڕابوو. ئەژنۆی دەلەرزی. زمانی بەناو دەمیدا گێڕا، تەڕایی تێدا نەمابوو. بیری لەوە دەکردەوە ئێستا نا ئێستا هەرکەس بێ فەرموو دەکرێ و دێتە ژوور.

دایە گوڵێ پاشەو پاش گەڕایەوە. ڕوومەتی لە لاسەوە دیار نەبوو. بەشوێنیدا مەندیل بەسەرێ وەژوورکەوت. لاس گورجێ ناسییەوە، شێخ ساڵە بوو. بەشوێن ئەویشدا چەند ریش سپی هاتنە ژوور. ڕوخساری هیچ کامەیانی نەدەدی. پێدەکەنین یان مۆن و گرژ بوون؟ نەیدەزانی. دوابەدوای ئەوانیش فەرخە، فەرخەی پانزە ساڵ لەمەوبەر، بەڵام لەڕ و لاوازتر سەری داخستبوو، خۆی بەژووردا کرد. لەوەدەچوو سەرخۆش بێ تێدەکۆشا ڕەتەڵ نەدا. خانزاد لەپشتیەوە چارشێوە چیتە گول وردەکەی لەخۆی ئاڵاندبوو. شان بەشانی تازەلاوێک دەهات. بەدوای ئەواندا حەشامات، ژن و پیاو، پیرو جوان، هەموویان سەرنەوی و شەرمەزار بەسڵەوە سەر ڕێژەیان کرد. لاس بەگومان و سەرسوڕمانەوە لێیان ورد بووبۆوە. مەسڵەت و ئەو عالەمە؟ ناوبژی و هەموو خەڵکی شار؟ خەڵکی شار و حەوشەیەکی بچووک؟ بێدەنگییەکی وا قورس؟ لاس بەئومێدی بیستنی چپەیەک



پەنجەرەکەی کردەوە. هیچی نەبیست. لەوە زیاتر خۆی پێ نەگیرا. دەستی لەتای پەنجەرەکە بەردا و بەهەڵەداوان وەدەرکەوت. لەسەر بانیژە چاوی هەڵبڕیەوە. دەروازەکە پێوەدرابوو. دایە گوڵێ بەهەمان ئارامی پێشووەوە بەڵام دڵنیاتر دەگەڕایەوە. لاس گوتی: «کێ بوو؟»

–نەمناسی.

–بۆ نەهاتە ژوور؟

–لە ماڵێکی تر دەگەڕا.

–یان ڕەنگە نەتهێشتبێ بێتە ژوور؟

توانجەکەی لاس کاریگەر نەبوو. دایە گوڵێ سەر خۆی نەهێنا. ئەوە لاسی تووڕەتر کرد و گوتی: «ئەمە سێ چوار کەڕەتە دەرکە دەکوتن، بەڵام هەموو کەڕەتێک بەریان پێ دەگرێ و ناهێڵی بێنە ژوور».

لاس بەتۆراوی چووە ژوور. دایە گوڵێ شوێنی کەوت! مێهرەبانتر دیار بوو. بزەی بەزەیی بەڕوخسارییەوە دەبیندرا. گوتی: «چاوەڕوانی کەسێکی؟»

لاس وەڵامی نەدایەوە. ئەویش لەسەری نەڕۆیشت. بێدەنگییەکەی ئەوەندەی خایاند تا لاس بەزی و پرسی: «بۆ ناهێڵی هیوا دەروازە بکاتەوە؟»

دایە گوڵێ بەزەردەخەنەوە گوتی: «پرسیم چاوەڕوانی کەسێکی؟»

لاس بەداماوییەوە وەڵامی دایەوە: «حەقم نییە چاوەڕوان بم؟»

دایە گوڵێ سەری بۆ لەقاند: «حەقتە».

یەکەم جار بوو قسەی دەسەلماند. لاس گوتی: «بەڵام تۆ ئەو حەقەت لێ سەندوومەوە. لە خەڵکم دەشاریتەوە.».

زەردەخەنەی سەر لێوی دایە گوڵێ تارا. بەبێزارییەوە گوتی: «بەرم پێ نەگرتووی. حەز دەکەی بچۆرە نێویان، بەڵام دڵنیابە کەسی وانەبوو».

ئەوسا دەستی بەدیوارەکە گرت و دانیشت لاس دەیزانی باشترین کاتە بۆ قسەکردن. دەیویست ڕێگە بۆ داخوازییەک خۆش کا: «بڕۆ بەشوێن یادگارا».

لەبەر چاوی دایە گوڵێدا لە دێڵێکی تۆڵە ون بوو دەچوو کە داماوانە دەیقروسکاند.

شەو درەنگانێک لاس چووبووە ناو جێگە و خۆی لە سەر سنووری نێوان خەون و

بەئاگاییدا دیبۆوە. لەمەیدانی ئەوساتە سرک و ڕەوەکانەدا کە دەرفەتی ئەوە نادەن مرۆڤ لە باوەشیان بگرێ. لەسەر ڕایەڵێک کە چارەنووسی مرۆڤ لە کەوتندایە. بەم لادا بۆ بێداری وگینگڵدانی نێو جێگەو بەولادا بۆ خەو فەرامۆشی.. فەرامۆشی ؟ ڕەنگە خەون و کابووس.

لەلایەکەوە قرپینی مەلێکی دوور بوو لە تاریکاییەکەی دەرەوە، لە درز و کەلەبەری پەنجەرەکەوە خۆی بەژووردا دەکرد. لەلایەکی ترەوە دنیای ئاڵۆز و بێ سەرەو بەرەی خەوبینین. لاس نەیدەزانی واز لە کامەیان بێنێ و خۆی لەباوەشی کامەیان بهاوێ. جووڵەی ئەندامێکی لەشی بۆ ژوورەکە و جیهانی دەرەوەی هێنایەوە و خۆمتکردن تەسلیم بەخەونی دەکرد. خۆش و ناخۆش خەونی بەلاوە شیرینتر بوو، هاکا دنیایەکی ئاواتە خوازی. بۆیە مەلەکە لە قرپین کەوت...

نەیدەزانی چۆن ڕێی لە دارستانێکی چڕو پڕ کەوتووە. دارستانێکی نامۆ کە نەچاو و نەهەنگاو ئاشنای بستێک لە پێش خۆیان نەبوون. لە بری ئەوەی بترسێ و بیر لە خۆدەربازکردن بکاتەوە، هۆش و ئەندێشەی تەسلیمی گەورەیی دارستانەکە کردبوو. تەسلیمی ئەو درەختە باڵا هەڵکشاوانە کە لق و پۆپی چڕیان بەسەر یەکتردا هاتبوونەوە و ڕێژنەی تاریکییان دادەباراند. هیچ دەنگێکی نەدەبیست، نەدەنگی مەل و نەدەعبا، تەنانەت گوێی لە خشەی گەڵایەک نەبوو. بێدەنگی بۆش و هەراوی دارستانەکە، بێدەنگی چاوەڕوانی نەکراو و ترس هێنەری ئەو فەزایە کەجاروبار لەهێندێک شوێنیەوە ڕێگەی بەتیرێژە تریفەیەک دەدا تا دەیان دیمەنی لەرزۆک و سەیرو سەمەرەی تاپۆئاسا بخولقێنێ کە هەنگاوەکانی بەنەشارەزایی لەنێوان درەختەکانەوە ڕەتیان دەکرد و دەستەکانی چیلکە و چەوێڵی سەر ڕێگەیان لادەدا. نەیزانی ئەم ڕێ بڕینە شەو کوێرانەی چەندەی خایاند کە لە نەکاو هەستی کرد پێنج پەنجە مەچەکی پێ دەگرن. وشک بوو. لەگەڵ ڕاوەستانا قروسکەی دووری سەگێک بێدەنگی دارستانەکەی شکان. هەناسە لە سنگیدا پەنگی خواردەوە. توانای زریکاندنی- ئەگەر لەوکاتەدا پێویست بووبێ - لە خۆیدا شک نەدەبرد. سنگی لەبەر هەناسە پەنگ خواردووەکە ئاوسا. بیری کردەوە دەبێ ئازا بێ و بارودۆخەکە هەڵسەنگێنێ. پێی وابوو نیگای بۆ بەری پێی شۆڕ کردۆتەوە. تاریکاییەکە بواری دیتنی نەدەدا. هێشتا هەستی بەساردی پەنجەکان دەکرد. نیگای هەڵبڕییەوە. تاپۆکان ئەمجارە سپی و ڕوون لەزەمینە تاریکەکەدا سەمایان دەکرد. لە شایی جندۆکە دەچوو. هەستی کرد



تاریکاییەکە و هەموو دیمەنەکانی پەیان بەترسەکەی بردووە. بەخۆیدا شکایەوە. بۆ بەرپەرچدانەوەی حاڵەکە لەشە کۆم بووەکەی قیت بۆوە. ڕەنگە پێی وابووبێ دارستانەکە پەی بەئازایی درۆزنانەی بردووە. خۆشییەکی کاڵ لە ناخی گەڕا. هێشتا سەگەکە لەدوورەوە یان لە مێشکیدا دەیقرووسکاند. لەوە دەچوو ئەو داماوانەتر ترسابێ و بۆ شاردنەوەی ترسەکەشی هەوڵ نەدا. وەک ئەوەی خۆ بە بەشداری داماوی و ترسەکەی ئەو بزانێ. هەستی بەشەرمەزاری کردەوە. حاڵەتەکە لە شەرمەزاری تێپەڕی. مێشکی خەریک بوو لێک بڵاوبێتەوە و وەک تەقینەوەی بۆمبێک لە ژوورێکی ئاسنی بچووکدا بتەقێتەوە. بێداریەکی ئێجگار کورت دەربازی کرد و پشووی دا.

هێشتا لە دارستانەکەدا بوو. هێشتا بڕوای بەو پەنجانە بوو. هێشتا تاپۆکان سەریان بەیەکەوە نابووز دیسان ڕێ کەوتەوە. پێی وابوو سەگەکە بەدوایەوەیەتی. لە بیرکردنەوەی خەونەکەدا دەیدی، سەگێکی ریوەڵە، ڕەنگە برینداریش بووبێ، جاروبار ئاوڕی لێ دەدایەوە و چغەی لێ دەکرد. لە بیر کردنەوەی خەونەکەیدا سەگەکە گوێی نەدەدایە. هەروا داماوانە دەیقروسکاند و شوێنی کەوتبوو. بۆ جارێکی تر هەستی بەپەنجە ساردەکان کرد. ئەمجارە وەک مار، وەک ڕەگ و ریشەی درەختەکان سەریان لەزەوی دەرهێنابێ، لە مەچەکی پێی ئاڵان. دەتگوت بەئەنقەست نێچیری پێی بۆ ئەو تەڵە هەڵبڕیوە. نەلەبەر ئازایی و بەجەرگی بەڵکو بۆ شاردنەوەی ترسەکەی. ئەمە لێکدانەوەیەکی ئان و ساتی خۆی بوو کە زوو لێی پەشیمان بۆوە. لەڕاستیدا پێی بەنابەڵەدی ئەو داوەی تەقاندبۆوە. ئەمەیان ترسناکتر بوو؛ لەبەری هەڵات؛ لە پەنجەکان و سەگەکەش.

دارستانەکە تەنک بووبوو. لق و پۆپی درەختەکان دەرفەتی خۆنیشاندانی مانگیان دەڕەخساند. مانگ تریفەی زێوینی هەڵدەپژاند. بەر پێی تاریک و ڕوون بوو. دارستانەکە لەتەواو بوون بوو. درەختێک و دووان و سیان. خۆی لەسەر تەبارێک دییەوە. لەبەر ماندووی ئەژنۆی بەدوایدا نەدەهات. ڕاوەستاو لەسەر گازەرای پشت ڕاکشا. سەگەکەش لە ژوور سەرەوە هەڵتووتا و لەقرسوکە کەوت. چاوی لە ئاسمان بڕی. برینێکی گەش و سپی لەسەر دڵی ڕەشاییەکی کاکی بەکاکی خوناوەی زێوینی دەڕژاند. ئەو بیرە شوبهاندنێکی نائاسایی بوو. دوا ئەوە تێر حەسایەوە هەستا. مەیدانێ تروسکەی چرای کز لەبەرامبەری بوو. کۆمەڵە چرایەک کە تاکوتەرا لێیان دەکوژایەوە؛ پێی وابوو پێشتر ئەو دیمەنەی دیوە. خۆزگەی گەیشتن بەشار پاڵی پێوەنا. کە هەنگاوی هەڵێنایەوە سەگەکە لە پێشیەوە هەڵدەهات. ئێستا برینەکەی دەدی و بەزەیی پێدا دەهات. بەتەبارەکەدا داگەڕا.

قۆرغـەچنارو کـانی و ئاوێک لەسـەر ڕێی بوو. بەولاوەتر یەک دوو درەختـی گـەورە لق و پۆپیـان وەک چەتر بڵاو کـردبۆوە. پێی وابوو پێـشـتـر ئەو کـانی و ئاوەی دیوە.. ئاوێک بەڕوومەتیدا بکا زیاتر دەحەسێتەوە. گورجتر پێی هەڵێنا. ئەستێرێکی بچووک لە خوار کانیـیـەکەوە بوو. گوێدرێژێک لەولایەوە ڕاکشابوو. بەولاوەتر چەند کۆتەرەداری سووتاو دیار بوو. سەگەکە بەرەو گوێرێژەکە چوو. بەدەوریدا هەڵسووڕا و لمبۆزی لێ هەڵسوو. ئەوە سەرنجی لاسی ڕاکێشا. گوێرێژەکە لە تۆپیو دەچوو. لێی چووە پێش، هێشتا نەتۆپیبوو، بەڵام بەگیـان دانەوە بوو. پێی وابوو چاوی لێ بڕیوە. فرمێسکی بەچاوەوە دەدی. کەر و گریان؟ بەهەڵە نەچووبوو. گوێرێژەکە دەگریا. لە نزیکییەوە دانیشت. نەیدەزانی دەبێ چی بکا. بەڵام دەیزانی ئێستایان ساتێکی تر گوێرێژەکە دەتۆپێ. خەمبار بوو. ئەوەندە خەمبار کە خۆشی نزیکبوونەوە لە شاری لەبیرچۆوە. هەستایەوەو بەرەو کانییەکە چوو. پێی لەسەر دوو تاشـە بەردی ئەمـلاو لای دانا و مـشـتـی پڕ لە ئاو کـرد. دەنگە دەنگێک لەپشت سەرییەوە دایچڵەکاند. دەفری مشتی شەقی برد و ئاوەکە ڕژا. گورجێ ئاوڕی دایەوە، کەس لە پشتییەوە نەبوو. بەڵام لە دوورەوە ژن و پیاوێک بەرەو کانییەکە دەهاتن. ڕەنگە لە ترسی دەنگەدەنگە خەیاڵیـەکـە بووبێ کـەوازی لە ڕوومـەت شتێ هێنا. ژن و پیـاوەکـە نزیک بوونەوە. ژنێک و تازە لاوێک بوون، لەشارەوە دەهاتن. لەبەرخۆیەوە گوتی: «بەم شەوە؟» بەڵام بەیانی بوو. دنیـا ڕوون بووبۆوە. ژن و کوڕەکە گەیشتن. ژنەکە خانزاد بوو، کوڕەکەش یادگار. دانەچڵەکی. زۆر ئاسایی بەخێرهاتنی کردن. دیار بوو چاوەڕوانیان بوو. ئەوانیش ئاسایی لەگەڵیدا دوان. لەوە دەچوو بەیەکەوە بووبن. هەر سیـانیـان لەشارەوە هاتبن و بۆ شوێنێک بڕۆن. لەوە دەچوو ئەم بەشە خەونێکی تر بێ و پێوەندی بەخەونەکەی پێشوو نەبێ.

لاس بەئاگـا بۆوە. لە گـۆزەڵە ئاوەکـەی ژوور سـەری قـومـێکی خـواردەوە. دوا ئەوە بەسەرتاپای خەونەکانیدا هاتەوە، بیری لە ڕوخساری یادگاری خەونەکەی کردەوە. تازە لاوێکی بالاّبەرز، ڕوومەتێکی گەنم ڕەنگ. جووتێ چاوی گەورە و گەش.

لاس پرسیارەکەی لە دایە گوڵێ دووپات کردەوە: «دەڵێم دەبێ یادگار ئێستا گەنجێکی تەواو بێ».

دایە گـوڵێ لە بەیانی زووەوە پەسـتـایەک قـوڕی گرتبۆوە. تـاوەنەتاوێک دەمـەبێـڵـێکی لەسـەر شـانێکی شکاو دەکـرد و ورد و بەکـاوەخـۆ بە هەر چوار قـوڕنەی دیوارەکـان و ئەمـبـەراوبەری پلیکانەکـاندا دەگـەڕا و لە هەر شـوێنێک درزێ یان کـون و کـەلەبەرێکی



دەدی، کاسەکەی دادەناو مستێک قوڕی تێ هەڵدەسوو. ئەوە کاری گشت ڕۆژێکی بوو. لاس دەیزانی لە پێویستییەک تێپەڕیوە و وەک خووی لێ هاتووە. پێشتر لێی پرسیبوو: «لە کەیەوە خووت پێ گرتووە؟»

دایە گوڵێ سەری هەڵبڕیبوو گوتبووی: «خوو؟»

ئەو وشە بەچەشنێک بەسەر زمانیدا هاتبوو کە لاس پێی وابوو بەرهەمی تەقەلای دەیان ساڵەی ڕووخاندووە و ئەو دەڵێ «ئاخ!». ئەوسا لێی بیستبوو وسووئاغا دوا ئەوە لە سازکردنەوەی خانووەکەی بۆتەوە، پاڵی بەدارتووە سووتاوەکەوە داوە و گوتوویەتی: «ئەمجارەش خانووەکەمان ساز کردەوەو بەڵام من هیچ دڵم پێی خۆش نییە. هەست دەکەم بەم زووانە بەسەرمدا دەڕووخێتەوە».

لاس نەیدەزانی باوکی بەپێی ئەزموونی ژیانی پێشبینی داهاتووی شارەکەی کردووە یان پێش وادە مەرگی خۆی ڕاگەیاندووە. هەرچی بوو دایە گوڵێی ترساندبوو. ئەو ئەگەرچی چاوی بەماڵەکەدا گێڕابوو بەڕواڵەتێکی دڵنیاییەوە گوتبووی: «سەد ساڵ بەرگەی با و باران دەگرێ». بەڵام لە دەروونیدا ترس چەکەرەی کردبوو. دوامردنی وسووئاغا ترسەکەی لێ ببـووە نەخـۆشی. هەمـوو ڕۆژێک بەچواردەوری مـاڵەکـەدا گـەڕابوو، بست بەبسـتـی دۆزیبـوو. چووبووە سـەر بانەکەی و تەپاندبوویەوە. جیـرەی هەر دارێک دایچڵەکاندبوو. بەدەم زریکەوە توند دەستی بەگوێسبانەی ماڵی دراوسێکان گرتبوو. لاس لێی بیستبوو کە ڕۆژانی بەو ترسەوە بردۆتە سەر و شەوانیش خەونی پێوە دیوە. هەر شەوە و بەچەشنێک. جاروبار ڕەشەبایەک هەڵی کردووە، دەرکـە و پەنجـەرەی لە گرێژنە دەرهێناوە؛ گـورگـەی میچەکانی هەڵگرتووە و لادیوارێکی بەسەردا ڕووخاندووە. جاروبارەش بێ ئەوەی بەفر و باران بارییبێ یان با و تۆفان هەڵی کردبێ، ماڵەکە لە حاست خۆیەوە ڕۆچووە، یان لەناو قـەدەوە شـەقی بردووە و هەر لادیوارێکی بەلایەکدا رماوە. لاس لێی بیـسـتـبـوو کـە تا تەمەنی هاتۆتێ نێوانی خەوبینینەکانی زۆرتر بووە. تا ئەوەی ساڵی کەرەتێک خەونی پێوە دیوە، بەڵام هەر ئەو کەرەتەش بەس بووە ترسە مێژینەکەی لێ بژیەنێتەوە. لێی بیستبوو دوائەوە دەوری چۆڵ بووە ترسەکەی گۆشتی گرتووە. کەس نەبووە دڵخۆشی بداتەوە. کەس نەبووە لەگەڵی بلێ و دڵنیای کا. تەنیا هیوای لە لا بووە. ئەویش نەبە کەڵکی پشت پێ بەستن هاتووەو نە چاوەڕوانی دڵدانەوەی لێ کراوە.

لاس بیـری لێ کردبۆوە، بڵێی ئەوە چ ترسێک بێ؟ ترس لەمردن؟ پێی خۆش بێ یان ناخۆش، مردن لە پەنا گوێی دایە.

دایە گـولێیش بەوەی دەزانی. تەنانەت زۆر جـار دەسـتـەودامـێنی مـردن بووبوو داوای لێ کردبوو بێت و لەو تەنگانەیە رزگاری کا. لاس لێی بیستبوو رۆژێ جارێک ئێرەیی بەوانە بردووە کەلە هەرا و هوریای ناو خێزاندا سەریان ناوەتەوە.

لاس گـوتی: «مـێـرمندالّی منت لە بیـرە، هیـچ لەو کـاتـەی من دەچی؟ باسی یادگـار دەکەم».

دایە گولێ تا ئێستاش هیـچ وەڵامێکی نەدابۆوە. بەڵام بەبیستنی ئەو پرسیارە وازی لە کارەکەی هێنا. بەقەراغ سەرشانە قوڕەکە یەکە یەکەی پەنجەکانی سڕی. سەرشانەی لا پەستاقوڕەکە داناو پاڵی بەدارە سووتاوەکەوە دایەوە. لاس گوتییەوە: «کە منداڵ بووم دەتگوت چاوی لە چاو و برۆی من دەچێ. لە بیرتە؟»

دایە گولێ لە بیری بوو. زۆر شتی لە بیر بوو. هەموو ئەو رۆژانە کە لاس لێیان دەداو هەموو ئەو دەمانە کە لە ئەو بزر بوون. بەپێچەوانەی لاس کە هەر ئەو بەشە لە رابردووی لە بیر بوو کە بەشێوەیەک خۆی دەگرتەوە و لە ژیان و چارەنووسی خۆیدا دەوری بوو، بۆ دایە گولێ هەموو ڕابردووی بنەماڵەکە بیرەوەری بوو. لەسەر کاسە دانیشتن بۆ چوار کوڕ و کچێ. مردنی دوانییان، بێ سەروشوێن چوونی لاس، سەر چڵیی فەرخە، مەچەک کرۆشتنی هیواو هەموو ئەو کەسانە کە پێوەندییان بەوانەوە بوو؛ وەک یادگار. کوڕەزای گەورەی، یادگاری لاسە شۆڕی وسووئاغا. شێوەبزەیەک چرچ و لۆچی ڕوومەتی دایە گولێیی لەراندەوە. هەناسەی داخێک بەناخیدا پژایەوە و گوتی: «ئەرێ چاک لە بیرمە... دەتگوت چاو و برۆی لاسە چکۆلەیان بەو بەخشیوە».

لاس بەبیستنی ئەو قسەیە بەپلیکانەکاندا داگەڕاو لەحاست دایکی چوارمێلکەی دایەوە. دایەگولێ هەردوو بەرەدەستی بەخۆڵەکەی حەوشەدا هێناو پاشماوەی قوڕەکەی پێ سڕین. ئەوسا درێژەی دایە: «تەنیا چاو و برۆ نا. ئەو دەمانە هەموو شتێکی لە منداڵی لاس دەچوو».

چاوەکانی دایە گولێ بچووک بوونەوە. ڕەنگە بۆ وردبوونەوە لە شێوە لێڵەکەی منداڵی لاس. لاس و یادگار. لاس لە باوەشی خۆیدا و یادگار لە باوەشی خانزادی بووکیدا. لەوە دەچوو ئەو دوو دیمەنە هیچ نێوانێکی زەمانییان نەبێ. وەک دوو بیرەوەری لە رۆژێکدا. لاس تامەزرۆی بیستن بوو. پێش هەموو شتێک حەزی دەکرد دایکی ڕەسمی یادگار لەسەر پەردەی ئەندێشەی بکێشێتەوە. یادگار پانزە ساڵ لەمەوبەر، نا، یادگاری ئێستا. یادگاری تازەلاو. گوتی: «ئێستا چی، هیچ لە من دەچێ؟ یان بابڵێم لە تافی لاوەتی من دەچێ؟»



لاس هاتە سەر چۆک. بەرەدەستی خستە سەر ڕانی و داماوانە درێژەی پێ دا: «حەز ئەکەم بزانم باڵای چەندەیە؟ حەتمەن کەڵەگەتە. گەنجێکی کەڵەگەت و چاو و برۆ ڕەش. پێم بڵێ وت و وریا و زیرەکە یان نا؟ حەتمەن وت و وریایە. بەڵام نەکا...»

لاس بیـری بۆ ئەوە چوو لە مـاڵە باوەپیـارەدا گەورە بووە. مـام یان باوەپیـارە؟ گـوتی: «نەکا نەیانهێشتبێ پێ بگا! نەکا چەوساندبێتیانەوە!» زەردەخەنەی سەر ڕوومەتی ون بوو: «دڵنیام ئەو ماڵەی پێ خۆش نییە. لەو ماڵەدا بەختەوەر نییە. بۆیەوانت سپارد؟ بۆ لای خۆت ڕاتنەگرت؟»

ئەو پرسیارانە هیچ شتێکی لە ڕوخساری دایە گولێدا نەگۆڕی. لە وەڵامدا گوتی: «لای دایکی خۆیەتی. لە باوەشی دایکیدا باشتر دەحەوایەوە. تۆ ئێستاش لەو ڕاستییە نەگەیشتووی؟»

لاس تفی رۆکردەوە: «بەڵام دایکی دەستەندە خواری یەکێکە کە باوکی یادگار نییە. من بەم ڕاستییە دەزانم».

بیرکردنەوەو بۆچوونیان یەکی نەدەگرتەوە. لاس پێی خۆش بوو بزانێ یادگار بەدرێژایی ئەو ساڵانە چۆن ژیاوە. پێی خۆش بوو بزانێ چۆن لەگەڵیدا بزواونەتەوە. چەندەیان خۆش ویستووەو چەندە ئازاریان داوە. چییان بۆگوتووە و چۆنیان لە ڕاستی ژیان گەیاندووە؛ بۆیە پەیتا پەیتا و یەک لەدوایەک پرسیاری دەکرد. ئایا خانزادی خۆش دەوێ؟ رقی لە فەرخەیە؟ باسی باوکی دەکا؟ دەربارەی باوکی چی بیستووەو چی دەڵێ؟

دایەگولێ خۆی لە زۆربەی پرسیارەکان دەدزیەوە. کەم و کورت وەڵامی دەدایەوە. بەنابەدڵ لە شێوەی گوزەران و بیرکردنەوەی دەدوا. ڕەسمی کوڕێکی گێلەکەی لەمێشکی لاسدا دەکێشا. لاس نەیدەناسییەوەو بەکوڕی خۆی نەدەزانی. لای ئەو یادگار کوڕێکی تازە پێگەیشتوو بوو، بەکۆمەڵێ خووخدەی تایبەتەوە. بەو ڕەفتار و بیرکردنەوەوە کە لاس لە ماوەی پانزە ساڵ دووریدا خولْقاندبووی. هەموو باس و گێڕانەوەیەکی دایکی، مادام لەو چوار چێوەدا نەگونجایە ڕاست نەبوو. درۆیەک بوو پیرێژن هەڵیدەبەست. یان لانی کەم بەشێک لە ڕاستییەکانی لێ دەشاردەوە. یان ئەویش بەتەواوی ئاگاداری ژیانی نەبوو. بەڵام بۆ؟

# پێنج

سەیر نەبوو لاس بیر لەوە بکاتەوە؛ مادام یادگار لەم چەند رۆژەدا سەری لە دایە گەورەی نەداوە، کە واتە نێوانیان خۆش نییە و دایە گوڵێ خۆشی ناوێ: «بۆیە هیچی وای لێ ناگێڕێتەوە؛ بۆیە هیچی وای لێ نازانێ. تەنانەت بۆیە بۆم بانگ ناکا تا چاوم پێی بکەوێ...» ئەم بیرکردنەوەیە پرسیارێکی لا دروست دەکرد. ئەوە چ نەفرەتێکی نائاسایی و شێتانەیە لەدڵی ئەو ژنە مێهرەبان و ماقووڵەی ساڵانێک لەوەپێش هێلانەی کردووە؟ نەفرەت لە لاس و یادگار. نەفرەت لە خۆی و ڕابردووی. لە داهاتووی. نەفرەت لە هەموو شت و هەمووکەس جگە لە هیوا.

لاس دەیزانی دایە گوڵێ هیوای خۆش دەوێ. لە ماوەی ئەم چەند رۆژەدا هەستی پێ کردبوو. خۆشەویستییەکی گێلانە کە ڕەنگە هەموو کەسی ئەم دنیایەی لە بەرچاو خستبێ. لە خەڵکی کردبێتە دوژمن. پێ بڕی بەکەس و کارو دەر و دراوسێ کردبێ. شار و ژیانی پشت ئەو چوار دیوارەی لە بیر بردبێتەوە.

ئەو کاتە لاس بیری لەمانە دەکردەوە، دایە گوڵێ لەوپەڕی تاسەو تەنگەتاوییەوە لە خۆی دەپرسی: «بۆ یادگار دیار نییە؟» ئەو پرسیارە بۆ ئەوە نەبوو وەڵامی داخوازییەکەی لاس بداتەوە؛ یان حەز بکا لاس بەداخوازییەکەی شاد بێ. پێی خۆش نەبوو یادگار چاوی بەباوکی بکەوێ. تەنانەت دەیویست بەر بەو دیدەنییەش بگرێ. نەیدەزانی بۆ. هەروەها کە نەیدەزانی تا چ ڕادەیەک توانای ئەو بەرپێگرتنەی هەیە. تائێستا، هەرکاتێ لەدەرکە درابوو دڵی داخورپابوو. «بلێی یادگار بێ؟» بەرەو پیری چوو بوو. بۆ ئەوە نەهێڵێ بێتە ژوور؟ خۆی ساغ نەکردبۆوە. ئەو بڕیارەی دانابوو بۆ کاتی دیتنی یادگار. یان دەیهێنایە ژوور و لاسی پێ دەناساند. یان دەیتاران و ئەو مۆتەکە - لاس و گەڕانەوەی - لێ دەشاردەوە. ئەو مۆتەکە کە هاتبوو باوکی خەونەکانی بکوژێ و بۆ جارێکی تر و بۆ هەمیشە هەتیوی بکا.

لاسی خەونەکانی یادگار پاڵەوانێک بوو. ساڵەها لەوەپێش بەدەستێ رانکو چۆغەی مەرەز و کڵاو جامانەیەکی قیتەوە، بۆ هێنانی گوڵی شۆڕان سوار ئەسپی هەورەکان بوو



بوو. دایەگوڵێ ئەو چیرۆکەی پێ خۆش نەبوو، ئەگەر چی خۆی شەوانێکی زۆر یادگاری منداڵی پێ خەواندبوو. ئەو شەوانە کە گرووی باوکی دەگرت و لە باوەشی دایە گەورەی خەونی بەباوکیەوە دەدی.

لاس ئەوەی نەدەزانی. بەلای ئەوەوە هیچ چیرۆکێک ڕاستتر لە گەڕانەوەی و هیچ خەونێک شیرینتر لەدیتنی یادگاری کوڕی نەبوو. هەروەها کە هیچ دیمەنێک قێزەونتر لەدیمەنی مەچەک کرۆشتنی هیوا نەبوو.

ئەو رۆژە هیوا لێی دوور نەدەکەوتەوە. لە هەر کوێ دادەنیشت لە بەرامبەریدا هەڵدەتووتا. ددانی لەکونە سرکەییەکی کۆن کە مەچەکی پێ بەسترابوو گیر دەکرد. گەزێک زمانی دەردەکێشاو سرکەییەکەی دەلستەوەو بەتف و لیک دەیخووساند. ئەوە هەموو شتێکی پیسی وەبیر لاس دەهێنایەوە؛ بۆیە مۆڕەی لێ دەکرد. هیوا تێک نەدەچوو. سەری هەڵدەبڕی و لەکاتێکدا زمانی بەلچیەوە بەردەبۆوە، دەتریقایەوە. لاس تا ئەو رۆژە هیچ هەستێکی لە ڕوخساریدا نەدیبوو؛ نە دۆشدامان و بەخەمێکدا شۆڕبوونەوە، نە تریقانەوە و پێکەنین. دیمەنەکە بەلایەوە غەریب بوو.

هیوا ڕەنگە خۆشحاڵ لە سەیر کردن و تێڕامانی لاس، بەدەم گەشکەی شادییەوە وەک سەگ زمانی دەردەکێشا. لاس لە هۆی شادییەکەی نەدەگەیشت. کەسێک لە دەروونیدا پێی وابوو سووکایەتی پێ دەکرێ. تووڕە بوو. لە هەمان کاتیشدا هەستی بەهێڵنجدان کرد. خۆی بەکەسەکەی دەروونی سپارد و ڕوو لە هیوا گوتی: «بەس بتریقێرەوە سەگەی پیس».

هیوا لە تووڕەبوونەکەی دانەچڵەکی. دایەگوڵێ لێیان دوور بوو. سووکە ئاوڕێکی لێ دانەوە. لاس گوێی نەدایە. بەنوکە پێ لە هیوای کوتا: «گوم بە لەبەر چاوم».

دایەگوڵێ ئاگای لێ بوو. هەرای لێ کرد: «وازی لێ بێنە».

ئەو هەرایە کەسەکەی دەروونی لاسی دنە دا. هەستایە سەر پێ و بەشەق لە هیوا بەربوو: «دە گوم بە بۆگەن» نەیدەزانی ئەو گشتە رق و تووڕەییە چۆن لەناخیدا کۆ بۆتەوە و سەرڕێژ دەکا. هیوا ڕووی لەدایکی کرد. وەک تۆڵەیەکی ماڵی تاراو زمانی بەئارامی بۆ ناو دەمی هەڵخزی. دایە گوڵێ لەوەزیاتر خۆی پێ نەگیرا و هەستا: «ئەمەیە دیاری سەفەرەکەت، لاسە شۆڕ؟»

چاوەکانی دایکی هێشتا بڕشتی پێشوویان مابوو: «دوا جارت بێ دەستی بۆ هەڵبێنیتەوە».

لاس بەزی. ڕووی لەهەردووکیان وەرگێڕا و دانیشتەوە.

دایە گوڵێ بەلایەوە سەیر نەبوو لاس بێز لە هیوا بکاتەوە. لە یەکەم شەوەوە هەستی پێ کردبوو. لە دڵی خۆیدا گوتبووی: «هەموویان بێز لە یەکتر دەکەن».

لاس ئێستا بەئاشکرا دەیدرکاند: «بێزی لێ دەکەم. ڕقم لێیەتی».

دایە گوڵێ لەبەر خۆیەوە گوتی: «کلۆڵینە هەمووتان ڕقتان لەیەکترە».

لاس لەکاتێکدا دیسان بیری گوو کەوتبۆوە، درێژەی بەقسەکەی دا: «ئەمیان لەویتر خراپترە. هەردووکیان وەک یەکن. پیس و بۆگەنن».

دایە گوڵێ پێشتر ئەو چەند وشەی لەیەکێکی تر بیستبوو. «کاس بووم. مێشکی سەرم هەڵگیرا». بیری کردەوە. فەرخە گوتبووی. کەی و لەکوێ لە بیری نەمابوو. بەڵام لە بیری بوو، ئەو دەمە یادگار کە ڕەنگە زۆر منداڵ بووبێ، بەقسەکەی مامەی گریابوو. دایە گوڵێ دەیزانی جگە لە خۆی کە هەستی بۆن کردنی لەدەمێکەوە نەمابوو، هەر یادگار بێزی لە هیوا نەدەکردەوە؛ یان ڕەنگە بێزی لێ کردبێتەوە و سەر خۆی نەهێنابێ. هەرکاتێ دەهات، لەکۆڵانەوە – ئەگەر هیوا لە کۆڵان بووایە – دەستی دەخستە سەرشانی و لە حەوشە تۆز و خۆڵی لێ دەتەکاند و لەبەر بیرەکەدا دەست و چاوی بۆ دەشت و دەیهێنایە ژوور. ئەوسا بەبیانووی یارمەتیدانی دایە گەورەی، خەریکی شتنەوەی حەوشە و بانیژە و تەنانەت ژوورەکانیش دەبوو. ئەگەرچی بەشێک لە بۆنەکە وەک سواغی دیوارەکان بەماڵەکەوە دەما بەڵام یادگار سەر خۆی نەدەهێناو بەخۆشییەوە ڕوو لە دایە گوڵێ و هیوا دەیگوت: «ئێستا ئەم ماڵە بۆنی بەهاری لێ دێ».

دایەگوڵێ نەیدەزانی ئەو قسە چەندەی ڕاستەو چەندەی لەبەر دڵی ئەوانە.

لاس ئاگای لەو ڕۆژانە نەبوو. ئەو نەیدەزانی یادگار هیوای خۆش دەوێ. ڕەنگە ئەگەر بیزانیبایە بەلایەوە سەیر بووایە. خۆشویستنی کوڕێکی شێت و پیس و پەڵۆخ؟ بەدایکی گوت: «لانی کەم پێی بڵێ کەم مەچەکی بکرۆژێ و دەسڕەکەی بلێسێتەوە».

دایە گوڵێ سەری ڕاوەشاند و گوتی: «ئەی چی بکا؟»

–چی دەکا بیکا بەڵام مەچەکی نەکرۆژێ.

دایەگوڵێ دەیزانی هیوا جگە لەمەچەک کرۆشتن هیچی تری لەدەست نایەت. هیوا میراتگری هەموو بێ دەسەڵاتی بنەماڵە بوو؛ بۆیە چاوەڕوانی هیچ کارێکی لێ نەدەکرا. هەرگیز چاوەڕوانی هیچ کارێکی لێ نەکرابوو. هەرگیز ئومێدی پێ نەبەسترابوو. لە ڕۆژی



لە دایکبوونیەوە، تەنانەت لە پێش لەدایکبوونیشیەوە، دایک و باوکی شەوێک لەو شەوانە کە دەبوو چاوەڕوانی هاتنە دنیای بن، دانەنیشتبوون و بیریان لێ نەکردبۆوە. بەخەیاڵ مەلۆتەکەیان نەکردبوو. بەدەم گاڵتەو گەپیەوە نەتریقابوونەوە. نەیان ناردبووە قوتابخانە و پیشەیان بۆ نەدۆزیبۆوە. نەیانکردبووە عاسای دەستیان و پشتیان پێ نەبەستبوو. نا، بیریان لە هیچ شتێکی نەکردبۆوە. تەنانەت بیریان لەوەش نەکردبۆوە کە کچ دەبێ یان کوڕ؟ چ ناوێکی دەبێ؟

کە لە دایک بوو وسووئاغا هێشتا لە سازکردنەوەی ماڵەکەی نەبووبۆوە. هێشتا دیوارەکانی سواغ نەدابوو. وسووئاغا ئەو ساڵە دەستی لە هەمیشە بەتاڵتر و دڵی تەنگتر بوو. لاس، کوڕە گەورەی ئەگەرچی قولاغی بوو، بەڵام داهاتووی نادیار بوو؛ تفەنگی پێ بوو. مادام دەیکوشت، ڕێی تێدەچوو بکوژرێ. ئەو ساڵە خانزاد دڵی ناسک بوو چاوی وشک نەدەکردەوە. یادگار فێری گوتنی بابە بووبوو، برینەکەی دەکولاندەوە. فەرخە هەڕەتی هەرزەکاریی بوو، دڵی نەدەچووە هیچ کارێک. لاس هەواڵی لەدایکبوونی برایەکی چکۆلەی پێ گەیشتبوو. دووراودوور ناوی هیوای بۆ دۆزیبۆوە گوتبووی: «هیوام زۆر پێ دەبێ».

دایە گوڵێ نەیدەزانی لاس لە بیری ماوە، یان نا؟ پێی خۆش بوو لێی بپرسێ. پێی خۆش بوو بڵێ: «ئەمە هیواکەی خۆتە، لاسە شۆڕ! حەق نییە لێی بدەی و لەخۆتی بتارێنی».

دەیزانی لاس چ وەڵامێکی دەداتەوە: «هەرگیز پێم وانەبووە هیوای من ڕۆژێ لە ڕۆژان ئەمە دەربچێ».

دایە گوڵێش پێی وانەبوو پاشەبەرەکەی کوڕێکی شێت بێ. ئەو دەمانە ئەوەی بەبیریدا نەدەهات ئەمە بوو. ئەو دەمانە تەنیا لە بیری ئەوەدا بوو دوا منداڵبوونەکەی شوێن لاس بکەوێ. بە وسووئاغای گوتبوو: «کوێستان بەفرێکی وای پێوە نەماوە، ڕێگەم بدە با شوێنی کەوم».

وسوو ئاغا گوتبووی: «ناگەڕێتەوە ئافرەت! ناگەڕێتەوە».

دایەگوڵێ بەدڵنیاییەوە گوتبووی: «دەیهێنمەوە. ئەگەر پێویست بێ بەسەر پێڵاوەکانیا دەکەوم و دەیهێنمەوە».

وسووئاغا پێمل نەبوو بوو، گوتبووی: «کاغەزی لێ دەنووسم. ئەگەر لەگەڕانەوە بێ بەبینینی کاغەزەکەشم دێتەوە».

وسوو ئاغا پیاوێکی خزمی خۆیانی لە شوێن نارد. کابرا زیاتر لە پێنج ڕۆژی پێ نەچوو. کە گەڕایەوە، وسوو ئاغا سێ ڕۆژ بوو لە جێدا کەوتبوو. هەواڵی لاسی لێ پرسی. کابرا بۆی گێڕایەوە. لاس لە پشتێن بەرەژوور تا بن باخەڵی فیشەک بوو. دەمانچەی بەقەدەوە بوو. لە ڕۆژی زاوایەتیشی پۆشتە و پەرداختر بوو. کابرا لەماڵی بارامە ڕەش دیبووی. نامەکەی باوکی پێش خوێندنەوە ماچ کردبوو، سەرچاوی نابوو. دوا ئەوە هەواڵی هەموویانی پرسیبوو، نامەکەی خوێندبۆوە. کابرا نەیزانیبوو لەو کاغەزەدا چی نووسراوە، بەڵام دیبووی لاسی خستۆتە گریان. گوتبووی: «پێم وابوو ئەگەر بگەڕێمەوە، باوکم بەنەحلەتم دەکا. بەڵام لەم نامەدا داوای گەڕانەوەی لێ کردووم».

کابرا بێ ئەوە هیچی گوتبێ سەری داخستبوو. لاس گوتبوویەوە: «باوکم لە هەموو کەس چاکتر دەزانێ شوێن چی کەوتووم و تفەنگم بۆ کێ هەڵگرتووە».

وسوو ئاغا بەبیستنی ئەو قسە ئەوەندەی هێزی بوو بەرز بۆوە. ئەوسا ڕوو لەکابرا، وەک ئەوە ڕووی لەلاس بێ بەتووڕەییـیـەوە گوتی: «بەڵێ باش دەزانم. تفەنگچی ژێر دەستی کەسێکە شاری سووتاند، دەبوو ئەوەت پێ بگوتایە».

دایە گوڵێ کە تا ئەو کاتە بێدەنگ چاوی لە دەمی کابرا بڕیبوو لەبەرخۆیەوە گوتی: «من ئەوەی پێ دەڵێم». ئەوسا بەرزتر بۆ ئەوە وسووئاغا گوێی لێ بێ گوتی: «کە خوا کردی چاک بوویتەوە و هەستایتەوە، خۆم دەچم. خۆم پێی دەڵێم بۆ چووە و بۆدەبێ بگەڕێتەوە». ئەوسا ئەوەندە بەگورجی چووە دەر، کابرا پێی وابوو هەر ئێستا ڕێ دەکەوێ.

مەرگی وسوو ئاغا سەفەرەکەی دایە گوڵێی پەک خستەوە. ئەو ڕووداوە لە ناوەڕاست مانگی هاویندا ڕووی دا. نزیکەی حەوتوویەک پێش ئەوەی هەواڵی هەرەسی ڕاپەڕینەکەی مەهاباد بەشاردا بڵاوببێتەوە. پێش ئەوە شاخواکان -کە تازە دەردەکەوت کێن- بەدزی و بەئاشکرا بەرەو پادگان بچن و پیرۆزبایی و پێ خۆشبوونی خۆیان بەفەرماندەی هەنگ ڕاگەیەنن، پێش ئەوە زۆربەی خەڵکی شار لە دووکان و ناو ماڵەکانیان ئاخ هەڵکێشن و دروشمە هەمیشەیییەکانیان لە بەر خۆیانەوە بڵێنەوە، وسووئاغا نزیکەی حەوتوویەک پێش ئەو کارەساتە، دوا چل شەو کەوتنی نێو جێگە، لەپێش بانگی بەیانیدا بەدەستە کوتێ دایە گوڵێی بەئاگا کردەوە. دایە گوڵێ ئەگەر چی زۆر شەوی تر لەو کاتانەدا بەئاگا کرابۆوە، بەڵام خەجلا. بە پەشۆکاوییەوە ڕووی لێ کرد. چەند دڵۆپ ئاوی ڕوونی بەهەنیەوە بینی. پێی وابوو دیسان تای لێ هاتۆتەوە. وسوو ئاغا تێدەکۆشا شتێک بڵێ.



بەڵام ئەو. لە بری ئەوەی گوێی بۆ شل کا لاچکی چارۆکەکەی بەدەستەوە گرت و لە هەنیەی نزیکی خستەوە. کە زانی ئەو دڵۆپە ئارەقە روونانە ناسڕدرێن و بەشێکن لە پێستە سوور و سپییەکەی بیری کردەوە، ڕەنگە جواناو بێ. بەهەردوو چەپۆک بەسەری خۆیدا کێشا و لە پرمەی گریانی دا.

وسوو ئاغا هێشتا هۆشی بوو. بەهەر تەقەلایەک بوو تێی گەیاند لێی نزیک ببێتەوە. دایەگوڵێ بەهەمان پەشۆکاوییەوە بەسەریدا نووشتایەوە لە نێوان غەڵتەکەیدا لەوشەی خانزاد و وەک دوایی بیری لێ کردەوە، یادگار گەیشت؛ دەیزانی پێویستە بەئاگایان بکاتەوە، بەڵام دڵی نەدەهات لە ژوورەکە بچێتە دەر. فەرخە لە سەر بانیژە خەوتبوو. گورجێ بەرەو پەنجەرەکە چوو تەقەی لە شیشەکە هێنا. فەرخە خەوی قورس بوو. ناچار بەهەڵەداوان چووە دەر. دوا ئەوە بەمست دەرکەی ژووری خانزادی کوتا، بەرەو بانیژەکە چوو؛ فەرخەی بەئاگا کردەوە. کە گەڕایەوە وەک جاری پێشوو بەسەر وسووئاغادا نووشتایەوە. وسووئاغا پێش ئەوە فریا کەوێ شتێک بڵێ مردبوو.

دایەگوڵێ ڕۆژانی دوایی بەدڵنیاییەوە دەیگوت: «گوێم لە شایەتوئیمانی بووە».

بێدەنگی و کپی ئەو بەرەبەیانە بەزریکەی دایە گوڵێ شکا و خەڵکی گەڕەک بەشیوەنی ماڵی وسوو ئاغا بەئاگا بوونەوە.

دایەگوڵێ ڕۆژانی دوا پرسە و سەرەخۆشییەکە دەیگوت: «خوا خۆشی دەویست؛ بۆیە نەیهێشت خەمی هەرەسەکەش لەسەر دڵی بار بێ».

هەموو کەس دەیزانی لاس بەم زووانە دەگەڕێتەوە. بۆیە هەر کاتێ دایە گوڵێ بڕیاری سەفەری دەدا، کەس و کار و دەر و جیران پەشیمانیان دەکردەوە و دەیانگوت: «بۆ کوێ دەچی؟ دڵنیا بە لاس هەواڵی لێبووردنەکەی حوکمەت ببیستێ، لەهەر کوێ یەک بێ دەگەڕێتەوە».

دەبوو وابێ. دوا دەرچوونی لێبووردنەکە چەند کەس لەگەنجە بانەییەکان گەڕانەوە، بەڵام لاس نەگەڕایەوە. جگەلەوەش کەس هەواڵی نەدەزانی.

لەسەرتای پاییزدا و دوا قایم کردنی دەغڵ و دان دایەگوڵێ پەتی پچڕی و لەگەڵ بەڵەدێک بەرەو مەهاباد ڕێ کەوت. بەڵەدەکە، هەر ئەو کەسە بوو کەپێشتر کاغەزی وسووئاغای بۆ لاس بردبوو؛ پیاوێکی گەڕاوەی خزمی خۆیان. خۆی و ئێسترەکەی بەکرێ گیرابوون. دەبوو کوێستانە و کوێستان ڕێ ببڕن.

پاییز زووتر لە سالآنی پێشوو هەڵیکوتابوە سەر کوێستانەکان. دار و دەوەن زەرد هەڵگەڕابوون. گەڵای وشک رژابوون و بەدەم شنەباوە خشەخشیان دەهات. شیوەڵەکان گیای قەراغەکانیان چەمابۆوە و وشکە گەڵا دایپۆشیبوون. جریوە جریوی چۆلەکەو پاساری لەسەر لقە وشکەکان نەدەبڕا و پۆل پۆل پەرەسێلکە و مەلی کۆچەری سێبەریان بەزەویدا دەخشا و دوور دەبۆوە. تەنکە سێبەری بن داری قەراغ کانی و ئەستێرەکان جگە لەکۆتەرەداری کۆنە سووتاو و سێ قۆڵکەی ئاگر کە تاقە یادگاری گۆوەندی کوێستانچی و سەیرانچی بەهار بوون، هیچی تریان لێ نەبوو.

کاروانە دووکەسیەکەی دایەگوڵێ بەبەری بەرۆژی کوێستاندا رێی دەبڕی. لە داوێنی ئاڵتوونی ڕەنگی دەشتەکان ورد دەبوونەوە. سوورایی پاییزی قۆرغە درەختەکانی شیو و دۆڵەکان نیگای دەقۆستنەوە. یان بەلوتکە بڵیند و ڕوتەکانداهەڵدەزنان.

لە ژێر ئاسمانی بەریندا کە مەیدانی هاتوچووی هێوری پەڵە هەورە خۆڵەمێشییەکان و لە هەمیشە نزیکتر بەمرۆڤ بوو، لەو بەرزاییە خۆش ڕوانگەدا کەتا چاو هەتەری دەکرد، تێکەڵاوی ڕەنگەکان بوو کە لەزەردییەکی خەمناکدا دەتوانەوەو لە خۆڵەمێشی ئاسۆیەکی لە هەمیشە دوورتردا ون دەبوون. لە باوەشی سروشتی دەست بۆنەبراو و خۆڕسکدا، لەناوەندی بزووتن و جمینێکی ئارام و سۆفییانەدا، تەنیا خەم و ئاواتەکان بەزەمان و سەردەمەوە دەبیەستنەوە. بێ ئەو خەم و ئاواتانە، لە باوەشی سروشتێکدا کە لە ڕابردووی دووری خولقانی دەچوو، لە زەمان و سەردەم دوان چەندە گێلانەو گەوجانە بوو. ڕەنگە لەوکاتەدا ئەو بیرە وەک برووسکەیەک بەمێشکی دایەگوڵدا تێپەڕیبێ. ڕەنگە لە ئان و ساتدا چنگی بیری لە دۆزینەوەو پەی پێبردنێک گیر کردبێ؛ چۆن و بۆ؟ ڕەنگە نە وەک ژنە کوردێکی دەردەدار، بەڵکوو وەک مرۆڤێک کە هیچ نازانێ – نەهیچی بیستووە و نە هیچی خوێندۆتەوە – تەنانەت وەک مرۆڤێک کە نازانێ لەپشت و داوێنی کێ بووە و لە چ نەتەوەیەکە. وەک مرۆڤێک کە هیچ پێوەندییەک، جگە لەسەرسووڕمان و چێژ وەرگرتن بەو خاکەوە نایبەستێتەوە. لەوپەڕی فەرامۆشکردنی زەمان و سەردەم کەوتبێتە وەها حاڵەتێکەوە کە خۆی بەسوڵتان و خاوەنی هەموو ڕابردوو، ئێستا و داهاتوو بزانێ. دایە گوڵێ هەرگیز لەو ساتە بێدەنگ و خامۆشەی کە بەسەر ئەسپەکەوە لەسروشتی دەڕوانی، هیچی بۆ کەس نەگێڕایەوە.

لەدەمەو ئێوارەی یەکەم رۆژی سەفەرەکەیدا پەڵە هەورێکی ڕەش لەناکاو، ئەوەندە



لەناکاو کە نە دایە گوڵێ و نە بەڵەدەکەی نەیانزانی لەکامە سووچی ئاسمانەوە هات، سەرتاپای ئاسمانی ژوور سەریانی داپۆشی و لێزمە بارانێکی بێ وێنە داباری. دایەگوڵێ بەئەمری بەڵەدەکەی دابەزی و خۆی گەیاندە بەرنوای شاخێکی نزیک. پێیان وابوو تاوە بارانێکە و زوو خۆش دەکاتەوە. بەڵام جگەلەوە خۆشی نەکردەوە وردە وردە دنیاش بەدەمیەوە تاریک بوو. بارانەکە بەسەر شاخەکەدا بەخوڕ دەهاتە خوار و بستێک دوور لەوان وەک داخزینی شیشەیەک لە ئاو دەڕژایە زەوی. هەستیان بەمەترسی کرد؛ «نەکا لێمان بقەومێ!» بەڵەدەکە غیرەتی وەبەر خۆی دا، لەبن نواکە هاتەدەر و بەهەڵەداوان لە ئەسپەکە نزیک بۆوە. جلەکانی لێ داماڵی و بەسەر خۆی دادا بۆ ماوەیەکی کورت بەملاو لادا گەڕا. ئەوسا بە بانگەبانگ گەڕایەوە و گوتی: «رێ دەرناکەم».

مەترسییەکە زیاتر بوو. بەناچاری ماوەیەکی تریش لەبەر نواکە مانەوە. تاقەتیان نەگرت و بڕیاری رۆشتنیان دا. «بەرەو کوێ؟» لەترسا ئەوەیان لەیەک نەپرسی. دەستیان بەکلکی ئەسپەکە گرت و لە شوێنێکەوە کە باران کەمتر خۆی بەڕوومەتیاندا دەپەلۆسی رێ کەوتن. شەو بوو، یان هەورەکان خێوەتی ڕەشیان هەڵدابوو، نەیاندەزانی. دنیا نوقمی تاریکییەکی تۆخ بوو. جگە لە خوڕەی بارانەکە و دەنگی خۆیان، تەنانەت سمکوتی ئەسپەکەشیان نەدەبیست. سەرەوژوورییەکیان هاتەبەر. لێی خزان و کەوتن. بەگران هەستانەوە و پاشەو پاش گەڕانەوە. چەند هەنگاوێکیان هەڵێنابۆوە، کە یەکی پێیەکیان بۆ شیوەڵێک خزی. بەگران هەڵگەڕانەوە. بەقەراغ شیوەڵەکەدا هەنگاویان نا. لە دوورەوە سەگوەڕێک رایوەستاندن. پێش ئەوە هاوار بکەن «ئاوەدانی!» خۆشییەکی سەیر لەگیانیان گەڕا. کە نزیکتر بوونەوە لەرینەوەی بڵێسەی ئاگرێکیان لەو دیو شیشەی بارانەکەوە دی. هەیپێیان کرد. سەگەکە لە وەڕین کەوت. ئاگرەکە لە کەپری بەر ماڵێکدا بوو. لە پشت پەنجەرەی ماڵەکەشەوە، ڕووناکاییەکی کز دەرکەوت. کە نزیکتر بوونەوە تاپۆیەکیان لەبەر ئاگرەکەدا دی. تا نەگەیشتنێ دەنگی نەهات. کە زاری هەڵپچڕی، پیرە پیاوێک بوو لەبەرامبەریان ڕاوەستابوو. پیرێکی ریش سپی. لەو پیرانە کە نموونەیان لە هەموو گوند و شارێک زۆرە. نە نێو چاوان نوورانی و دەم بەزەردەخەنە، نەقڵخن و سەروڕیش ئاڵۆزاو، لەیەکەم نیگادا بۆیان دەرکەوت پیرێکی لەش ساغی گورج و گۆڵە. دوایی تر زانییان کەم دوێن و مۆنە. بەخێرهاتنی لێ کردن و بۆ ژوورەوە کە تاقە هۆدەیەک بوو، پێش خۆی دان. ئەوسا مەنگەڵی پڕ لە خۆڵەمێشەکەی بردە دەر و پڕ لە پشکۆی سوور و گەشاوە هێنایەوە. دایە گوڵێ و بەڵەدەکەی لە سووچێکی ژوورەکە لەسەر نمەدێک هەڵتووتابوون. پیرە سەیری جل

و بەرگی کردن و گوتی: «سەرجلەکە نەیهێشتووە زۆر تەڕ بن. لەبەر مەنگەڵییەکەدا خۆتان وشک بکەنەوە».

ئەوان بێ ئەوەی هیچ بڵێین لە پشکۆکان نزیک بوونەوە. پیرە دیسان چووە دەر. ئەوەندەی پێ چوو ئەسپەکە لە کەپری بەر ژوورەکە تاقەت بکا. سەگوەڕەکەیان بیستەوە. باران بەهەمان توندی ساتێ لەوەپێش دەباری و خۆی بەدڵقی پەنجەرەکدا دەکوتا. پیرە بە کترییەکی ڕەشەوە گەڕایەوە، لەسەر پشکۆکان داینا و دوو پەرداخی لەسەر تاقی ژوورەکە بۆ هێنان؛ «خۆتان چا تێکەن و بیخۆنەوە».

دایە گوڵێ نەیهێشت نانیان بۆ بێنێ. بوخچەکەی خۆی بڵاو کردەوەو دوا خۆ وشککردنەوە نان و چایان خوارد. لەو ماوەدا پیرە چووبووە دەر. دایە گوڵێ کە تازە سەرنجی بۆ وەزعەکە دەچوو بەترس و گومانەوە پرسی: «کابرا چوو بۆ کوێ؟»

بەڵەدەکە گورجێ هەستا و بەپەلە دەرکەی کردەوە. پیرە لەسەر تەختەبەردێک لەبەر ئاگرەکەدا دانیشتبوو داری پێوە دەنا. بڵێسەکان لەسەر لاڕوومەتی سەمایان دەکرد.

–«مامە، سەرمات دەبێ وەرە ژوور». بەڵەدەکە کە دیار بوو بۆ ئەو گورج هەستانەی بەخۆیدا شکاوەتەوە، ئەوەی گوت. گورگە لوورێک لە دوورەوە دەهات. هەر سیانیان دەیانبیست و دایە گوڵێ لەوان زیاتر دەترسا. پیرە هیچی نەگوت. دەرکە ماوەیەک ئاوەڵا بوو. بەڵەدەکە بەسەر سوورمانەوە چووە ژوور و پێوەیدا.

–«پیاوێکی سەیرە». بەڵەدەکە گوتی.

دایە گوڵێ بەترسەوە گوتی: «هیچ شتێکی ئاسایی نییە».

بەڵەدەکە هیچی تری نەگوت. بیری لەوە دەکردەوە. هەرگیز لەم شوێنە –شوێنێک کە پێی وابوو ئێستا دەبێ لەوێ بن– نە ئەم ماڵە و نە ئەم پیرە پیاوەی نەدیوە. ئەمەی نەدرکاند بەڵام لە ترسی بێدەنگییەکە گوتی: «لەوە دەچێ چاوەڕێی کەسێک بێ».

بیریان لەوە کردەوە، پێویستە لە پاداشی چاکە و پیاوەتییەکەیدا هاوخەمی لەگەڵ بکەن. ڕەنگە کوڕی بەکوێستانەوە مابێتەوە. دایە گوڵێ گوتی: «بریا بهاتایە ژوور. پیرە و بەرگەی سەرما ناگرێ».

بۆ جارێکی تریش دەرکەیان کردەوە و داوایان لێ کرد بێتە ژوور. ئاوڕی لێ دانەوە بەڵام نەچوو.

باران بە باوە دەباری. ئەسپەکە لەولا ئاگرەکە چوارمێلکەی دابوو. دایە گوڵێ و



بەڵەدەکە ناچار چوونە دەر دەستیان بەگڕەکەدا ڕاگرت. ڕوانگەیان تاریکاییەکی تۆخ بوو. لە ترسی ئەوەی قووتیان بدا نیگایان لێ دزییەوە. جگە لە خوڕە خوڕی باران هیچی تر نەدەبیسترا. لە هەمیشە زیاتر هەست بەپێویستی دەنگی ئادەمیزاد دەکرا. بەڵەدەکە هاتە دەنگ: «زۆر بەم کوێستانەدا هاتووم. بەڵام هەرگیز ڕێم نەکەوتۆتە ئێرە و جەنابتم نەدیوە. زۆر لەشار دوورین؟»

بەمەزنەی خۆی دەبوو لەنێوان بۆکان و مەهابادا بن. بەکامەیان نزیکتر بوون نەیدەزانی. پیرە هەستی بەوەکرد چاویان لەزاری بڕیوە. گوتی: «ساڵەهایە نەچووم بۆ شار. باش لە بیرم نەماوە».

وەڵامەکەی ڕێی تێ دەچوو، بەڵام بەدڵی ئەوان نەبوو. بەڵەدەکە دیسان گوتی: «پێشتر بۆ کامە شار دەچووی؟»

دەیویست بەو پرسیارەدا تێ بگا لە چ شارێک نزیکترن. پیرە سەری هەڵبڕی. دوا ئەوە کەمێک لێیان راما، گوتی: «بۆ شاری وێران».

دایە گوڵێ گوتی: «ئێمەش بۆ ئەوێ دەچووین».

پیرە هێشتا رامابوو. بڵێسەکە لە چاوەکانیدا سەمای دەکرد. گوتی: «لە شوێن کوڕت دەچی؟»

دایە گوڵێ داچڵەکی. بەڵام زوو تێگەیشت پێویست بەسەرسووڕمان ناکا. لەم ڕۆژانەدا ڕەنگە سەدان دایک لە شوێن کوڕیان بەم کوێستانەدا هاتبن. گوتی: «بەڵێ، لە هەرەسەکەوە قولاغی نییە». ئەوسا ئاخێکی هەڵکێشا و گوتییەوە: «دەڵێن خەڵک زۆر نەکوژراون. دڵم بەو قسە خۆشە».

پیرە گوتی: «هەمیشە وادەڵێن».

دایە گوڵێ دڵی داکەوت. کە واتە دەبێ زۆر کەس کوژرابێتن. بیری کردەوە، ڕەنگە پیرە گەلێ هەواڵی بەلاوە بێ. گوتی: «تۆ چیت بیستووە؟» بەڵەدەکە نیگای لەیەکیانەوە بۆ ئەوی تریان دەگوێزایەوە. پیرە گوتی: «لە کێ؟»

دایە گوڵێ تێدا مابوو. گوتی: «نازانم لە هەرکەسێ. ڕێبوار، لێقەوماو، پەککەوتە یان ئەو کەسانە وەک من لەشوێن کوڕیان دەگەڕێن».

پیرە دەیدی دایە گوڵێ لە ترسا و بەڵەدەکەی لەسەرما هەڵدەلەرزین. گوتی: «ئەگەر سەرماتانە بڕۆنە ژوور».

بەڵەدەکە گوتی: «تۆ بۆ نایەیتە ژوور؟ جێی هەر سیانمان دەبێتەوە».

دایە گوڵێ گوتی: «نەکا چاوەڕوانی کەسێک بێ؟ کوڕ یان کوڕەزا یان کەسێکی تر».

پیرە دوا ماوەیەک بێدەنگی گوتی: «ساڵەهایە چاوەڕوانم. چاوەڕوانی هەزاران کەسم». ئەوسا درێژەی بە قسە دا.

کەسیان تێی نەدەگەیشتن. ئەوەی دەیگوت لەوڕێنە دەچوو. وڕێنەی نەخۆش یان وریتەوریتی شێتێک. لەوە دەچوو قسەکانی تەواوکەری مەترسی ئەو شەوە تاریکە بن. ئەوان لە بری ئەوە سڵی لێ بکەنەوە سەرنجیان زیاتر دایە. گوتیان: «لەکەیەوە رۆیشتوون؟ بۆ کوێ چوون؟»

پیرە لە پرسیارەکەیان هەڵسڵەمییەوە. لێیان ورد بۆوە. وەک ئەوە بەنیگا لێیان بپرسێ «گوایە ئێوە نازانن؟» دوا ماوەیەک گوتی: «نازانم لە کەنگێوە. تاقەتی بژاردنی شەو و رۆژە یەک لەدوا یەکەکانم نەبوە؛ لەدێر زەمانەوە. بەرەودوا بەو شیوەدا رۆیشتوون. هەر ئەو شیوە کە ئێوە لێوەی دەڕۆیشتن کە ڕووناک بوو چاوم لێتان بوو».

ئەوان پرسییان: «تا ئێستا کەسیان نەگەڕاونەتەوە؟»

وەک ئەوە بوو لە وەڕزی شێتێک بدوێن. پیرە هەستی پێ نەدەکرد. گوتی: «ئاگام لێ نەبووە».

دیسان پرسییان: «هەرگیز بیرت لەوە نەکردۆتەوە رۆژێک لە شوێنیان بچی؟»

پیرە زەردەخەنەیەکی کرد. وەک ئەوە بڵێ «بە گێلم دەزانن؟» سەری بەسەر گڕەکەدا لەقاند و گوتی: «بۆ کوێ؟»

–«بۆ شار. بۆ ئەو شوێنە کە ئەوان چوون».

پیرە بەهەمان زەردەخەنەوە گوتی: «یەک دووجار لە شوێنیان چووم. بەڵام کەسیان نەمابوون».

–«هەواڵیانت لە خەڵکی شار نەپرسی؟»

پیرە گوتی: «کەس لەشاردا نەمابوو».

ئەوسا چۆنیەتی ڕۆشتنەکەی خۆی بۆ شار گێڕایەوە. لە گێڕانەوەکەیدا ئەوەندە ورد بوو، کۆڵان بەکۆڵان و ماڵ بەماڵی شاری لە مێشکی ئەواندا بەرجەستە دەکرد. وەک ئەوە بوو لە بەرزاییەکەوە لەشار بڕوانن. شارێکی چۆڵ و وێران. زۆر شوێنی ڕووخاو و لا ڕووخاو.



ناوی خاوەنی یەکەیەکە ماڵەکانی دەزانی. تەنانەت ئەگەر لێیان بپرسیایە ناوی ورد و بچووکی خێزانی ماڵەکانیشی دەزانی. لێیان بپرسیایە، دەیزانی هەر ماڵە چەند سەر وڵاخ و چەند مریشک و کەڵەشێر و چەند پشیلە و مشکیان بووە. هەموو شتێکی دەزانی. دەیزانی خووخدەی خەڵکەکە چۆن بووە؛ لە چ مزگەوتێک نوێژیان کردووە و چەندیان لەماڵەوە سوجدەیان بردووە. دەیزانی هەر ماڵە، رۆژی خۆی چەند غەریبە و کێیان شاردۆتەوە. غەریبەکان چییان خواردووە و لەکوێ ریاون و دایانناوەتەوە. لێیان بپرسیایە زۆر شتی تریشی دەزانی. بەڵام ترس و ماندوویی و لە ژوور هەمووانەوە خەو نەیدەهێشت زۆری لێ بپرسن. هەردووکیان بەرودوا بەدەم باوێشکدانەوە خۆیان بەژووردا کرد و بەدانیشتنانەوە خەویان لێ کەوت.

پێش ڕوون بوونەوەی بەیانی لەترسی خەونێک کە دیبوویان بەئاگا بوونەوە. خۆش بوونەوەی بارانەکەیان بەدەرفەت زانی و بێ ئەوەی پیرە – کە لە بەر ئاگرە دامرکاوەکەدا خەوتبوو – بەئاگا بکەنەوە، هەوساری ئەسپەکەیان کردەوە و بەپەلە دەرچوون.

ئەو رۆژە و رۆژانی دوایی ئەوەی لە خەونەکەی ئەو بەرەبەیانە لە بیریان مابوو، ئەوە بوو لە کاتێکدا پیرە چیرۆکی بەسەرهاتی شارەکەی دەگێڕایەوە، ڕەنگە لەتاوانی درکاندنی نهێنییەکدا- بایەکی زەمەن هەڵی کرد و وەک ئەوە گوشاری باکە هەر بۆ ئەو بێ، هەموو ئەندامەکانی لەشی لەیەک جودا کردەوە و هەرکونێکی بەلایەکدا برد. ئەوەی لە هەمووی زیاتر دایە گوڵێی ترساندبوو، چاوەکانی پیرە بوو کە باکە وەک کەللا شووشە ئاخنیبوویە بن باخەڵی ئەوەوە.

دەمەو عەسری رۆژی دوایی گەیشتنە مەهاباد. ئەگەر چی لەدڵەوە بەتەما بوون سیمای شار بەو شێوە بێ پیرە گێڕابوویەوە، بەڵام وانەبوو. راستە شار لەوە دەچوو تۆز و خۆڵی مردووی بەسەردا پژابێ. ماڵەکان کورت و گوێسبانەیان داتەپیبوون. گەڵای زەرد و سووری درەختەکان بەشەقام و کۆڵانەکاندا دەخزان و ناو بازاڕ وەک ئاشی لێکەوتوو چۆڵ و بێدەنگ بوو. بەڵام هێشتا خەڵکێکی زۆر لە نێو شاردا مابوون.

خەڵکێکی پیر و پەککەوتە کە مێزەرەکانیان بەسەر سەریانەوە پان بووبۆوە و لە شان بەرەو خوارو تا پشتێن چەمابوونەوە. بەپەلە و بێ ئەوەی چاو بەهیچ لایەکدا بگێڕن شان کرز و رەنگ زەرد رادەبوردن. شارێک پڕ لە ئاژان و ئەمنیە کە بەحیلکە و پێکەنینەوە سەریان بەهەموو شوێنێکدا دەکرد.

بەڵەدەکە بەگرانماڵی بارامی دۆزییەوە. کە دەرکەی کۆتا سێ کەس بەیەکەوە گوتیان: «کێیە؟»

ئەمان لەپشت دەرکەوە هەستیان دەکرد کەسەکان دەستیان بەشانی یەکترەوە گرتبێ و بەترسەوە لە یەکتر ورد بووبێتنەوە. تا دەنگی ئافرەتیان نەبیست، دەرکەیان نەکردەوە.

لەو دیو دەرکەوە ژن و پیاوێکی گەڕاوە و ژنێکی گەنج لە دایە گوڵێیان ڕوانی. بەڵەدەکە پێی ناساندن. «دایکی لاسە». بەخێرهاتنیان لێ کردن و بۆ ژوورەوە پێش خۆیان خستن. بەڵەدەکە جاری پێشوو لەو ژوورە و لە ژێر ڕەسمی ژەنەڕاڵێکی سمێڵ زل کە دوایی زانی ستالینە و هەرگیز نەیزانی بۆ باوکی کوردانە، دانیشتبوو کە لاس و ژاندارمەیەک خۆیان بەژووریدا کردبوو. سەری سووڕمابوو بەگوێی لاسدا چرپاندبووی «ئەو ژاندارمەتان بۆ لە گەڵە؟» لاس پێی پێکەنیبوو، هەموویان تەنانەت ژاندارمەکەش پێی پێکەنیبوون. کابرا بۆ ئەوە نەیزانیبوو ژاندارمە و فیدایی تەوفیریان هەیە، بەخۆیدا شکابۆوە.

ژنە گەنجەکە چای بۆهێنان. هەواڵی بارامیان لێ پرسی، لە ماڵ نەبوو. دایە گوڵێ خۆشحاڵ بوو. بیری کردەوە ڕەنگە بارام و لاس پێکەوە بن. ئەوەی بەگوێی بەڵەدەکەشدا چرپاند. باوکی بارام زۆر زوو دایە گوڵێی لە هەڵەکەی گەیاند.

بارام لە نێو شاردا بوو. لەترسی ژاندارمەی حوکمەت تا تاریکانی ئێوارە نەدەهاتەوە. لاس لەگەڵ ئەودا نەبوو. ئەوان لە ڕۆژی شار گیرانەوە لاسیان نەدیبوو. تەنانەت هەواڵیشیان نەدەزانی.

ئەوە دایە گوڵێی هەراسان کرد. خانە خوێکان تێی گەیشتن؛ بۆیە دڵخۆشییان دایەوە: «ڕەنگە بارام بەشوێنی بزانێ» بەشەرمەوە پێیان ڕاگەیاند لەو چەند ڕۆژەدا کە بارام گەڕابۆوە لە بیریان نەبووە هەواڵی لاسی لێ بپرسن.

دڵخۆشی دانەوەکەیان کاریگەر نەبوو. دایە گوڵێ دڵنیابوو بارامیش هەواڵی نازانێ، یان هەواڵەکە ئەوەندە ناخۆشە خۆی لە گوتنی دەدزێتەوە. لەڕاستیشدا وابوو. بارام لە بەیانی هەرەسەکەوە لە لاس دابڕابوو. پێشتریش بەئەمری حوکمەت – بەگریانەوە مەبەستی خۆی لە حوکمەت ڕوون دەکردەوە – لە یەکتر جودا کرابوونەوە.

دایە گوڵێ و بەڵەدەکە جگە لەو شەوە سێ شەوی تریش لەمەهاباد مانەوە و ماڵەو ماڵیان کرد. ئەوەی لە کۆنە هاوڕێکانی لاسیان دەبیست، کۆمەڵێ هەواڵی دژ بەیەک بوو. هەر هەواڵێک بۆ شوێنێک و بەرەو لای کەسێکی دەناردن. ئەو کەسانە پێش هەموو



قسەیەک لاسیان نەدەناسی. بەڵام نەیاندەشاردەوە کەس یان کەسانێکی بەو ناوو نیشانەیان بەکوژراوی دیوە. مەرگی لاس دڵۆپ دڵۆپ و وردە وردە وەک ڕاستییەک خۆی بەسەر مێشک و ئەندێشەی دایە گوڵێدا دەسەپاند. ڕاستییەک کە هەزاران بەڵگەی گومانی بەدەستەوە بوو. دایە گوڵێ بەبوخچەیەک پڕ لەو بەڵگانەوە گەڕایەوە. بوخچەی لەبەر دەستی خانزادی چاوەڕوان بڵاو کردەوە. خانزاد ئەوەی نەدەویست. هەروەها کە دایە گوڵێش بۆ ئەوە نەچوو بوو.

–«ئەی کوا لاس؟»

بێ وەڵام بەسەر یەکتردا گریان بێ ئەوە بزانن شین دەگێڕن. سەرەڕێژی خەڵک لێی کردن بەشین گێڕی.

# شەش

فەرخە پێنج ڕۆژ بوو لە ماڵ نەچووبووە دەر. هاوکارەکانی – کە هیچیان لێ شاردراوە نەبوو – لە یەکەم ڕۆژەوە ئیجازەیان بۆ خواستبوو. ئەوەشیان نەکردایە بەدڵیدا نەدەهات. دەربەستی کاروباری ڕۆژانەی نەبوو؛ چ دەبوو با ببێ. تەنانەت بیری لەوەش نەدەکردەوە. دەربەستی دەوروبەریشی نەبوو. نەهاتوچوونی بێدەنگی یادگار و نە چاوەڕوانی شێتانەی خانزاد کە لە سەعاتێکدا دە جار لە پەنجەرەوە دەیڕوانییە دەر و بەترس و گومانەوە شتێکی لێ دەپرسی. پرسیارەکانی خانزاد وەک ڕۆژانی پێشوو ئازاریان نەدەدا و نیگا و تێڕامانە قیرسیچمەکەشی تووڕەی نەدەکرد. زۆر جار لەو ژوورە نەدەما؛ دەکەوتە ژوورێکی تر. ژوورێکی ئەشکەوت ئاسا کە سیخناخی هەموو رابردووی خۆی و کەس و کاری بوو. هەزار توێی ئەلبومێکی بنەماڵەیی. هەزاران کۆنە ڕەسمی لێ دەژیایەوە و قەوارەیان دەگرت. بوونێکی تێکڕایی و ئاڵۆز؛ بوونی خۆی و دایک و باوک و ژن و منداڵ و برا و برازا لە سەدان شکڵ و قەوارەی جۆراو جۆردا. کۆبوونەوەی بەرجەستە و زیندووی تەمەنی گشت ئەو کەسانە کە لە سەرەتاوە تا ئێستا هاوبەشی ژیان و چارەنووسی بوون. تەنیاترین و بێ کەسترینی کۆمەڵی مرۆڤ بوو. شالاوی نەفرەتیان بۆ دەبرد. حەپەساو و سەر سووڕماو بوو؛ نەیدەزانی ڕوو لە کامیان بکاو– لەبەر کامیان هەڵێ. ناچار گڕمۆڵە دەبوو، سەری– کە ڕەنگە زیادیترین ئەندامی لەشی بووبێ لە– باوەشی دەستەکانی دەگرت و گوێی خۆی دەئاخنی و چاوی دەقووچاند. ئەو خۆدزینەوە کەسەکانی تووڕەتر دەکرد و بازنەی گەمارۆو هێرشیان یەک دەهاتەوە. ناچار هەڵدەستایەوە. دەستەکانی دەکردە سپەری سەر و سنگی و بەدەوری خۆیدا هەڵدەسووڕا. ڕەنگە بەئومێدی دەلاقەیەک بۆ دەربازبوون. ڕێگەی دەربازبوونیان لێ دەگرت. لە پشت سەریەوە، لە تەنیشتەوە و لە بەرامبەریەوە وەک چەمۆڵەی نەفرەت بەرەوڕووی دەبوونەوە. ئەوسا دەکەوتە گریان و پاڕانەوە. نەیدەزانی لە کامەیان بپاڕێتەوە. کەس داڵدەی نەدەدا و باوەشی بۆ نەدەگرتەوە، جگە لە کچێکی چاو و برۆ ڕەش کە کراسی چیتی بنەوشی لەبەردابوو. دەستی وەک باڵی فریشتە لەیەک هەڵبڕیبوو. فەرخە بەرەو پیری دەچوو. «داڵدەم بدە لەیلا» وەک منداڵێکی ڕەدوونراو خۆی لە باوەشی دەهاوێشت. «فریام کەوە لەیلا».



لەیلا ئەشقی یەکەمی فەرخە لە هیچ تەنگانەو ڕۆژ ڕەشییەکدا ڕووی لێ وەرنەگێڕابوو؛ تەنانەت لەو ڕۆژە ڕەشانەشدا کە هەواڵی بێ سەرو شوێنی و مەرگی لاس بڵاو بووبۆوە.

خەڵک بۆ پرسە و سەرەخۆشی، بەڵام بەڕواڵەت بۆ میوانی و دڵخۆشی دانەوە بەرەو ماڵە تازەکەی وسوو ئاغا سەرە ڕێژەیان کرد. ژنان و پیاوان لە دوو ژووری جیاوازدا دادەنیشتن. دایە گوڵێ و خانزاد لە ئابڵۆقەی سەرپۆش بەسەراندا خۆیان پێ نەدەگیراو شینیان دەگێڕا. فەرخە وەک تاقە پیاوی ماڵ لە ژوورەکەی تر لە بەر دەرکە دەست لەسەر سنگ ئاخی هەڵدەکێشا و چاوی لەزاری میوانەکان دەبڕی. خاوەن پرسە بوو، یان پێڵاو جووتکەری میوان؟ نەیدەزانی.

یەکەم ڕۆژ لەیلا لەگەڵ ژنە جوولەکەکاندا هات. لەو کاتەدا فەرخە لە سەر بانیژە بوو. هەر کە چاوی پێ کەوت، ناسییەوە ڕەنگە بەکراسە چیتە بنەوشەکەیدا. کراسەکەی بۆنی کۆچ و بارانی بڵاوکردەوە. ئەو بۆنە فەرخەی بۆ بانیژەی ماڵی فەقێ ڕەحیم لە «میراوا» بردەوە.

ئێوارەی شەوی شار سووتانەکە بوو. کاروانی ماڵی وسوو ئاغا ڕێی دووری لە شارەوە بۆ «میراوا» بڕیبوو. فەرخە لە پێش هەموویاندا گەیشتبوو. تەڕ و تلیس لە سەر بانیژەکە ڕووەو خەڵکی سەرگەردانی کۆچ کردوو، ڕووەو شار ڕاوەستابوو. شەست و ڕەهێڵ لەوێوە دیارتر و سامناکتر بوو.

«ئاربەبا» لە ناوقەد بەرەو ژووری دیار بوو. لەپشت پەرژینی ڕوونی بارانەکەوە سەری بۆ ئاسمان هەڵبڕیبوو، داوای خۆش کردنەوە یان نەکردنەوەی لێ دەکرد. تەپۆڵکەکانی ئەو بەر ئاوایی لە بەر بارانەکەدا بنەوش دەبوونەوە. فەقێ ڕەحیمی خانەخوێ کە بەرەو پیری میوانەکانی چووبوو، لەگەڵیاندا گەڕایەوە و تێکڕا خۆیان بەژوورەکاندا کرد.

لە خوار بانیژەکەوە کچۆڵەیەک بەکۆڵێکەوە تازە دەگەیشت؛ فەرخە دەیناسییەوە. کچەکەی مام شەلەمۆ بوو. لاس لەگەڵ ئەوان بەڕێی کردبوو. کچە پێڵاوە قوڕاوییەکانی بەشوێن خۆیدا ڕادەکێشا. لە شیوی بەر ماڵەکەوە دەپەڕایەوە. لە پڕ لە ئاوەکە کەوت. فەرخە گورجێ داگەڕا و بەرەو پیری چوو. دەبوو دەستی بگرێ و بەرزی بکاتەوە، بەڵام دەترسا یان شەرمی لێ دەکرد. کچە هەستاو دیسان کەوتەوە. کراسە چیتە بنەوشەکەی بەدەم ئاوەکەوە دەشەکایەوە. سەر شەرم و حەیانەپەرژا و دەستی بۆ فەرخە درێژ کرد. فەرخە دەستی گرت و رایکێشا. کچە بەدەم ڕاکێشانەوە درێژ بۆوە. فەرخە باوەشی پێدا کرد و

هەڵیـخزاند. سەر و سنگی هات. بەرز و نزمی سنگی لە ژێر کراسـە تەڕەکەوە دیار بوو. نیگای فەرخە سەر گۆی مەمکی ئەنگوت. دەرفەتی لەزەتبردن کەم بوو بەڵام خۆشییەکی ئان و ساتی وەک برووسکە بەگیانیدا تێپەڕی. ماوەیەکی پێ چوو تا بەرزی کردەوە. تەواو بەخـۆیەوە نووسـاندبوو. لەو سـاتە هەرە کـورتەدا دەبوو لە خـۆی جودای بکـاتەوە، هەسـتی بەنەرمی و ناسکی لەشی کرد. ئەمجارەیان موچڕکە سەرتاپای لەشی راتەکاند. هەناسەی گەرمی لە لاملی درا. کـچە بەسـەروقژی تەڕەوە سـەیری کـرد. نیگایان لەیەک گـرێ درا و گورج لەیەکتر دابڕان.

سڵاوی ژنە جوولەکەکان فەرخەی گەڕاندەوە. وەک تاوانبارێک پێیان زانیبێ، داچڵەکی و بەخۆیدا شکایەوە. سەری داخست و دەستی بۆ ژووری دایکی درێژ کرد. ژنەکان چوونە ژوور.

لەیلا شەوی شار سووتان، پەتوویەکی بۆری سەربازی لەخۆی ئاڵاندبوو لەسەر بانیژەی ماڵی فەقێ رەحیم لەپاڵ باوکییەوە کز دانیشتبوو. باران خۆشی کردبۆوە و شۆڕە شۆڕ و لرفەلرف کەم بووبوو. لەیلا چاوێکی لە باوکی بوو کە لە ترسا هەڵدەلەرزی و چاوێکیشی لەدوور، لە جەرگی تاریکییە تۆخەکەی ئەوبەر ئاوایی بڕیبوو. لەوکاتەدا ئەگەر هەستی بەبوونی خەڵک لە سەر بانیژەکە نەکردایە، ئەو تاپۆیانە کە لە دڵی تاریکییەکەدا بەهەزار شێوە خۆیان دەنواند و سەمایان دەکرد، زراویان دەتۆقاند. بەڵام بوونی ئەوان دیمەنەکەی دڵڕفێن کردبوو. لەو ناوەدا ئەوەی سەرنجی لەیلای رادەکێشا و هەستی بەبوونی نەدەکرد، فەرخە بوو. ڕەنگە جل گـۆڕین و وشکبوونەوە خورپە ئان و ساتییەکەی ئێوارەی لە بیر بردبۆوە.

بەڵام بەپێچەوانەوە، فەرخە لە ئەو زیاتر کەسی نەدەدی و لە چێژە نامۆکەی ئێوارە زیاتر هەستی بەهیچ نەدەکرد. لە دەرفەتێک دەگەڕا تێر سەیری بکا. کە بۆی رەخسا حاڵەتەکەی ئێوارە، ئەو ترس و شەرم و لەزەتە وەک خەونێک بردیەوە.

تا ئەوە دەنگێک دایچڵەکاند و بەشەرمەوە ڕووی لێ وەرگێڕا. تا ئەو کاتە ئاگای لەو وریتە وریتی خەڵکی سەر بانیژەکە بڕابوو. بەئیشارەتی دەستی ئەوان بۆ دوور ڕوانی. ڕووناکاییەکی نەرم و سوورباو قووڵایی تاریکاییەکەی ئاشکرا کرد. «گڕی شارە» دوا ئەو هەواڵە، ئاوایی بۆ ماوەیەکی کورت نوقمی بێدەنگی بوو. ئەوسا هاوار هاوار بڵێند بوو شین و شەپۆڕ تەنییەوە. گریان وەک باڵای گڕە دوورەکە هەڵدەچوو. ئەوانەی لە



بانیژەکە چووبوونە پێش پاشەوپاش کشانەوە. لەوە دەچوو تینی گڕە دوورەکە پاشەکشەیان پێ بکا. پشتیان لە دیوارەکە توند کرد.

لەیلا ئارامتر لە هەموان دەگریا. فەرخە بۆی ڕوانی. ترس پەنجەی ڕەشی لە چاوەکانییەوە دەرکێشابوو. ترسەکەی ئەو لەناخی فەرخەدا قەوارەی گرت. بیری کەوتەوە لاس لە شارە. پشتی لە لەیلا کرد و ڕوو لە ئاگرەکە کە لاپاڵێکی تاریکییەکەی تاراندبوو لە پرمەی گریانی دا.

-«ئارام بگرە فەرخە... ئارام بگرە...»

لەیلا بوو؛ بۆ هەواڵی مردنی لاس دڵخۆشی دەدایەوە.

لەیەکەم ڕۆژەوە کە هات ئیتر نەڕۆشتەوە. هەمیشە لە بەرامبەری بوو، بەهەمان بۆنی ئاشنای کۆچ و بارانەوە. چاوی لە چاوە ماتەم لێ نیشتووەکانی دەبڕی و دەستی بەسەرو قژیدا دەهێنا و بەگوێیدا دەیچرپاند: «ئارام بگرە فەرخە... ئارام بگرە...»

فەرخە ئەگەر چی لەباوەشی خەیاڵی ئەودا خەم و مەینەتی کۆستی لێ دەتارا و هەستی بەئاسوودەیی و حەسانەوە دەکرد، بەڵام دەترسا: «نەکا ئەم ساتانەش لە بڕانەوە بن؟» پێشتریش لە شەوی سووتانەکە و ئەو چەند ڕۆژەی میراوا چێژی لەو حاڵەتە وەرگرتبوو. بەڵام لە ڕۆژی گەڕانەوەیەوە بۆ شار لێی بزر بووبوو. لێی دەپرسی: «بۆ ون بووی؟»

لەیلا وەڵامی دەدایەوە: «ون بووم؟»

لێی دەپرسی: «بۆ لە پرسەی باوکمدا دیار نەبووی؟»

لەیلا دەیگوت: «دیار نەبووم؟»

ئەوسا شکی لەخۆی و بیرەوەرییەکانی دەکرد. نەکا لە ماوەی ئەو سێ ساڵەی دوا شار سووتانەوە لەیلا لەگەڵیدا بووبێ و هەستی پێ نەکردبێ؟ بەسەر ماڵی کاول و سووتاویاندا هاتبۆوە. ماندووی بەشداریکردن لە سازکردنەوەی ماڵەکە و دوابەدواش نەخۆشی و مەرگی باوک و ئەرکی تاقە کوڕی ماڵ. بۆ سەر خەیاڵی لەیلا نەپەرژابوو؟ سەرکۆنەی خۆی دەکرد. هەستی بەوە دەکرد لەگەڵ ئەوەدا باری قورسی خەمەکانی سووک دەبۆوە و بێ ئەو دەرەقەتی هەڵگرتنیان نەدەهات.

-«نا ئیتر دەستبەردارت نابم و وازت لێ ناهێنم» ڕۆژانی دوا پرسە ئەوەی دەگوت.

مانگانێک لەوە دواش فەرخە هێشتا رازی دڵی بۆ لەیلا نەدرکاندبوو. لەدرکاندنی خۆشەویستییەکەیدا - بەپێچەوانەی هەموو رەفتارێکی - ترسنۆک بوو. ترسنۆک یان فیزن و خۆ بەتایبەت زان؟ دەترسا پێی پێبکەنن؛ سەرکۆنەی بکەن و پلاری توانج و تەشەری تێ بگرن؛ یان لانی کەم وەک دەربڕینی هەستێکی ئاسایی بیبیستن. زۆر جار بیستبووی «خۆشەویستی بۆ هەرزەکار ئاساییە» بەلای خۆیەوە ئەو هەستەی بەرامبەر لەیلا ئاسایی نەبوو. بەلای خۆیەوە ئەو هەستە جیاوازتر لە هەستی هاوڕێکانی بوو. ئەوان لە خۆشەویستی نەدەگەیشتن. خۆشەویستی؟ ئەو وشەی بەزماندا نەدەهات، دڵداری حەز لێ کردوویی، ئەشق، ئەو وشانە لە مێشکی خەڵکدا سوابوون و ماناکەیان کاڵ بووبۆوە. دەیگوت: «گیرۆدە بووم». و چێژی لەو وشەیە وەردەگرت.

سوڵتانی بێ تاج و تەختی ئەشق - لە تەنیاییەکانیدا ئەوەی بەخۆی دەگوت - بەکۆڵانی گەڕەکی جوولەکەکاندا دەهات و دەچوو. فەرخەی جەربەزەی ساڵان ئێستا ئەهوەندترین کوڕە موسوڵمان بوو. ڕێزی لە منداڵە جوولەکەیەکیش دەگرت. مام شەلەمۆ باوکی خەونەکانی بوو، داودی کوڕی، برای. پڕ بەدڵ ئاواتی دەخواست لەیلا خوشکی بووایە و هەمیشە لە ماڵیاندا بووایە. هەموو ساتێک چاوەڕوانی بینینی بوو؛ بەڵام نەیدەوێرا توخونی ماڵیان بکەوێ. ڕۆژ لە دوا ڕۆژ زیاتر لە هاوڕێکانی دادەبڕا. بەلایەوە ساتێک بیرکردنەوە لە لەیلا، ساڵێک ژیانی نێو کۆڕی هاوڕێکانی دەهێنا. تەنیا شتێک کە ئازاری دەدا قەوارەی رازەکە بوو کە لە قەفەسی دڵە بچووکەکەیدا جێگەی نەدەبۆوە. لە هەمیشە زیاتر پێویستی بەهاوڕێیەکی نزیک بۆ دەردی دڵ و رازگۆڕینەوە بوو. دۆزینەوەی وەها هاوڕێیەک گران نەبوو. جەمال هاوڕێی منداڵی و قوتابخانەی، دۆستێکی جگەرسۆز کە بڕوای بەتایبەتی و شازی فەرخە بوو.

-«نازانی جەمال، گیرۆدەم»

جەمال لە دەمێکەوە زانیبووی، بەڵام لە بەر دڵی ئەو نەیدرکاندبوو.

-«دەزانم فەرخە. لەیلا - بەخوشکم بێ - جوانترین کچی شارە».

لەخۆوە نەبوو جەمالی هەڵبژاردبوو. بەو قسەیە ژیری و بڕوا پێکراوی خۆی دەسەلماند. ئەو بوو کە پێی دەگوت کاتی ئەوە هاتووە رازی دڵی بۆ لەیلاش بدرکێنێ. ئەو بوو دڵنیای دەکرد لەیلاش ئەوی خۆش دەوێ و دەیان بەڵگەی بۆ راستی بۆ چوونەکەی دەهێنایەوە.

فەرخە ئەگەر چی لە ئاستی هیچ کەسدا خۆی بەکەم نەدەزانی و هەمیشە ئەوەی گوتبوو،



بەڵام لەبەرامبەر لەیلادا بوونەوەرێکی هەرە بچووک و بێ دەستەڵات بوو. هەرگیز بیری لەوە نەکردبۆوە لەیلادا خۆشی بوێ؛ بۆیە قسەکانی جەمال ببوو بەپێخۆری خەون و خەیاڵی شەو و ڕۆژی. لەوەدوا بەپێچەوانەی پێشوو کەهەستی خۆی و خەونی لەیلای پێ بەس بوو، دواندنی لەیلا و ئاگادار بوون لە رازی دەروونی بەسەرەکی ترین ئەرکی ژیانی دەزانی. بۆ ئەم مەبەستە شەوانە تا خەو دەیبردەوە بیری دەکردەوە؛ «نامەی بۆ دەنێرم». نەیدەزانی لەیلا توانای خوێندنەوەی هەیە یان نا: «دیاری بۆ دەنێرم». دەترسا مەبەستەکەی بەخراپ لێک بدرێتەوە. «دەلاڵی لێ رادەسپێرم» بەسووکایەتی دەزانی: «سەر ڕێگەی لێ دەگرم و قسەی لەگەڵ دەکەم». ئەمەیان ئەگەر چی بەلایەوە شیاوترین ڕێگە بوو، گرانترینیش بوو. لەکوێ؟ جگە لەوەش ئایا دەیتوانی لەبەرامبەر لەیلادا بدوێ؟ لەیلا کچێک بوو، دەستی وەک ئەوێکی نەدەگەیشتێ.

- «لەیلا جاروبار لەدەمەو عەسردا لەگەڵ دەستە خوشکێکی دەچێ بۆ کانی. لەبەر ئەوە نێوانی ماڵی خۆیان و دەستە خوشکەکەی زۆرە، ماوەیەکی باش بەتەنیایە». جەماڵ ئەو هەواڵەی پێ گەیاند و فەرخە تێی گەیشت و پەسەندی کرد. باشترین شوێن بۆ دواندنی لەیلا نێوانی ماڵی خۆیان و ئەو کچە بوو. کۆڵانێکی تەنگەبەر و چۆڵ. یەک دوو ڕۆژ دوا ئامادەکردنی ئەو قسانە کە دەبوو پێی بڵێ، بۆ سەی بۆ دانا. بەڵام هەموو کەڕەتێک هەر کە لە دوورەوە دەردەکەوت، دڵی دادەکەوت، ئەژنۆی دەلەرزی و ناو دەمی ئەوەندە وشک دەبوو زمانی تێدا نەدەگەڕا؛ بۆیە بەناچاری ئەو شوێنەی بەجێ دەهێشت. لەپارسەنگی ئەو رەفتارە ترسنۆک و شەرمنۆکەیدا شەوێک بیری لەوە کردەوە نێوانی ئەو کۆڵانە کەمە و ناتوانی هەموو ئەو قسانە کە ئامادەی کردبوو بیڵێ. بۆ سبحەینێدا بەدزیەوە ئەمسەراوسەری کۆڵانەی پێوا. پەنجاو چوار هەنگاو بوو. گورجێ بەرەو دەشتەکەی ئەوبەر چۆمی گەورە چوو. لە ئەمسەراو سەری پەنجاو چوار هەنگاوەدا دوو بەردی دانا. ئەوسا قەڵەم و کاغەزی بەدەستەوە گرت و گورتەیەک لەقسەی دڵی، ئەوەندە کە لە و پەنجاو چوار هەنگاوەدا بشێ بگوترێ، نووسی. دەقی قسەکان زۆر جار زیاتر و جاروباریش کەمتر دەهاتنەوە. کە ڕێکی کرد هەر لەوێ ئەوەندەی گوتەوە تا لەبەری کرد. بۆڕاهێنان لەنێوان دوو بەردەکەدا هەنگاوی دەنا و دەیگوتەوە: «ڕۆژ باش لەیلا! خۆت دەزانی کە ماوەی سێ ساڵە لە ڕۆژی کۆچەکەوە، لەو ڕۆژەوە بۆیەکەم جار چاوم... نا... لەو ڕۆژەوە بۆ یەکەم جار هەستم بە...» لێی تێک دەچوو. وشەکان لە گوتن و بیستنەوەدا بێ گیان و بێ ناوەڕۆک بوون هەستی ئاشقانەو لەهەمان کاتیشدا بەڕێزانەیان ڕانەدەگەیاند. دیسان دەیگۆڕین و

سەرلەنوێ لەبەری دەکردنەوە. ئەمجارەش لە راهێناندا زمانی تێکەڵ دەبوو؛ دەکەوتە منگە منگ کردن. بێ وەڕزبوون ئەوەندەی گوتەوە کە بۆ سبحەینێدا، ئامادە بەرەو کۆڵانەکە ڕۆیشت و لە سووچێکی نزیک بەماڵی لەیلا راوەستا. چاوەڕوانی و ترس لە نیگای پڕ پرسیاری ڕێبوارەکان، نەیبەزاند. کە تەقەی دەرکە تەنەکەکەی ماڵی مام شەلەمۆی بیست، هەناسە لە سنگیدا مانی گرت. ئایەتولکورسیەکی خوێند و بەهەر چوار دەوری خۆیدا فووی کرد. لەیلا دەرکەوتبوو، لێی نزیک دەبۆوە. حاڵەتێکی سەیر بوو. شان بەشانی هەنگاوی دەنا. بیوێرایە بەسیلەی چاو لێی بڕوانێ لا ڕوومەتی لەیلای دەدی کەلە شەرمدا خوێنی تێزابوو. بەڵام ئەو تەنانەت ڕەنگی کراسەکەی بەریشی بۆ لێک نەدەکرایەوە. هەستی دەکرد سێبەرێکی قورس و گران شان بەشانی تێ دەپەڕێ. تەنگەتاو بوو، بەڵام نەدەبوو لە بڕیارەکە پاشکەز بێتەوە. بەشێکی ڕێگەیان پێوابوو کەچی زاری هەڵنەپچڕیبوو.

دەتگوت لێوی بەیەکەوە دووراون. زیاتر لە هەمیشە رقی لە خۆی دەبۆوە. نەدەبوو دەرفەتەکەی لە کیس بچێ. بۆیە چاوی قووچاند و هەموو توانای رەوانەی دەمی کرد. چی بڵێ؟ تەنانەت وشەیەکی لە بیر نەمابوو. نەفرەتی لەبیر و هۆشی خۆی کرد. تەواو نزیک بووبوونەوە زیاتر لە چەند هەنگاویان بۆ ماڵی دەستە خوشکەکەی نەمابوو. مێشکی بۆ تاقە وشەیەک سنگ و سوژن دەدا. گەیشتبوونە بەر دەرکەی ماڵەکە دەبوو لەیلا لێی دابڕێ و بەتەنیای بێڵێ، پێی خۆش بوو. هەیپێی دەکرد و هەڵدەهات ملی خۆی دەشکاند. بێ ئەوە لەیلا لا بدا لە دەرکەی ماڵەکەش تێ پەڕین. لە پڕ زمانی هاتە گۆ:

– «ئەوە ماڵی دەستە خوشکەکەت نەبوو؟»

لەگەڵ قسەکەدا لای بۆ کردەوە لەیلاش لای بۆ کردبووە. ترس و شەرمەکەی تارابوو بێ ئەوە لە پرسیارەکەی داچڵەکێ گوتی: «لەماڵ نیە. بەتەنیا دەڕۆم».

وەک ئەوە بوو دونیا بەسەر فەرخەدا ڕووخابێ. توانای بیر کردنەوەی و هەڵسەنگاندنی قسەکەی نەبوو. لە پێچی کۆڵانێکی تر نزیک بووبوونەوە. کە گەیشتن، پێی بەرەو ئەو کۆڵانە برد و لە لەیلا دابڕا. ئەوەندە غیرەتی وەبەر خۆی دا ئاوڕی لێ بداتەوە لەیلاش ئاوڕێکی کوشندەی لێ دایەوە و رەت بوو.

ئەو رۆژە فەرخە ئەگەر چی دەرفەتێکی چاکی لە کیس خۆی دا، بەڵام چەند رۆژ لەوەدوا لەکاتێکدا نە بە هیوای بینینی بوو نەقسەی بۆ کردن ئامادە کردبوو، بینی و ئەوەی لەدڵیدا بوو پێی گوت.



خانزاد لە سووچی لای خوارووی ئاوێنە دیوارییەکەوە بزەی بەسەر لێوی فەرخەوە بینی. وەک ئەوە دیمەنێکی پڕمەترسی دیبێ بەسەر سووڕمانەوە و لە ئان و ساتدا ڕووی لە ئاوێنەکە وەرگێڕا و ئاوڕی لێ دایەوە.

فەرخە وەک ئەو چەند رۆژە پاڵی بەدیوارەکەوە دابوو دەستی لەسەر ئەژنۆ رایەڵ کردبوو. پێش ئەوە رووومەتی سەرنج رابکێشێ، سووتووی درێژی جگەرەکەی – کە ملی بۆ زەوی شۆڕ کردبۆوە – نیگای خانزادی راپێچ کرد. شوێنەواری بزە بەڕوومەتیەوە نەبوو، بەڵام ئارامییەکی سەیر هەموو ڕوومەتی لەباوەش گرتبوو. لەوە دەچوو بێ چاولێکنان خەوتبێ. لێ رامانی خانزادیش نەیتوانی بیشەمزێنێ. بیری کردەوە، لەو حاڵ و رۆژەدا و بۆ کەسێکی وەک فەرخە هیچ لەوە سەرسووڕهێنەرتر نەبوو. گومان جێگەی بەعەجایبەتییەکەی تەنگ کرد. ئەمیان بەرۆحی ئاشناتر بوو: «چی ئەو گشتە ئارامییەی بەو گیانە تاوانبارە بەخشیوە؟» بۆ ئەوە دەبوو هەزار بیرۆکە و خەیاڵ بە مێشکیدا تێپەڕی. بەڵام تەنیا بیری بۆ شتێک چوو: «هەر ژن دەتوانێ ئەو دۆخە بۆ پیاو بخولقێنێ». هەستی ژنانەی لەوەی دەگەیاند، بۆیە لە سەری سوور بوو. «کە واتە فەرخە دەستی لە نێو دەستی ژنێکدایە». سەیری دەستی کرد. سووتووی جگەرەکەی بەربۆوە. «ئەو ژنە کێیە؟» لەدڵیدا ئەمەی گوت و بەهەمان کوتوپڕی پێشوو سەیری ئاوێنەکەی کردەوە. خەم و مەراقی ئەم رۆژانەش نەیتوانیبوو لە ئاوێنە جودای بکاتەوە. «ئەو ژنە تۆی؟» بەبێدەنگی لە ئاوێنەکەی پرسی. ئەوسا بەتووڕەییەوە دووپاتی کردەوە. بەڕق و نەفرەتەوە – وەک زۆر جاری تر کە لە حاست ئاوێنە رادەوەستا – لەچکەی لە سەر خۆی داماڵی. سەری راوەشاند و خەرمانێک قژی کاڵی بەشان و ملیدا پەخش کردەوە: «دەڵێم تۆی؟» بەپرسیارەکەیدا دیار بوو دڵنیایە ئەو ژنە خۆی نییە. بێ ئارام نیگای لە ئاوێنەکە دزیەوە و بۆ پەنجەرەکە رایگوێزا.

درەختەکەی حەوشە بەدەم شنەی پاییزەوە گەڵای دەوەری. پێی وابوو دڵی دەگوشن. ئەمسەراوسەری ژوورەکەی کرد. جگە لە بێدەنگی، کاسییەکی سەیر زاڵ بوو. وەک نەخۆشێکی هەناسەسوار بەڕقەوە هەوای ژوورەکەی هەڵمژی. بەترسەوە چاوی بەچوار دەوری خۆیدا گێڕا؛ هیچ شتێک نەگۆڕابوو. نیگای لە سەر یەکەیەکە شتومەکی ژوورەکە خزی. بەستەکی نوێنەکان، کۆمێدی دەفرە چینییەکان، گوڵدانی سەر تاقی پەنجەرەکە، رادوێیەک لە سەر تاقەکەی تر، رەسمی فەرخە بەسنگی دیوارەکەوە، بەولاوەتر سەعاتێک، رەسمی یادگار، تابلۆی رەوە ئەسپێک لە شیناوەردا، ئەوسا نیگای شۆڕبۆوە. هێرۆ لە بن

پەتوویەکدا خەوتبوو. بەم لاوەتر فەرخە. نەیدەزانی ئەم پشکنینەی بۆچی بوو.

هەمیشە لە کاتێکدا دڵی پیس دەکرد و گومان لەدەروونیدا قوت دەبۆوە ناو ژوورەکانی دەپشکنی. ڕەنگە بۆ ئەوە دڵنیابێ کەسی تری لێ نییە؛ یان لە ترسا. ترس لەوە کە هیچ لە نێو ماڵەکە کەم نەبووبێتەوە. بۆ جارێکی تر لە ئاوێنەکە نزیک بۆوە. زیاتر بەو مەبەستە لە سووچی لای خوارویدا فەرخە ببینێ. هێشتا بزەکە ڕوومەتی بەجێ نەهێشتبوو. ئەمجارە ئارام ئاوڕی لێ دایەوە. هەستی بەشوێن پێی بزە تاراوەکە کرد. ئایا فەرخە یاری لەگەڵدا دەکرد؟ ئەو ئاگای لە هەموو شتێک بڕابوو جگە لەو ژنە کە لەگەڵیدا بوو. خانزاد بۆ جاری سێهەم سەیری ئاوێنەکەی کردەوە. دیسان لە ڕوومەتی خۆی ورد بۆوە. بێ سوود بوو. ئەو ژنە هەرکەس بووایە، خانزاد نەبوو. دانی لەیەک هەڵسوو لچی هەڵقرچاند «ئەی کێیە؟» بەو پرسیارە خۆی لە کۆنە بیرەوەرییەک دەدزیەوە.

خانزاد ئاگاداری نێوانی لەیلا و فەرخە بوو. لەسەرەتاوە بۆ کۆتایی. کۆتایی؟ ساڵانێک لەوەپێش لە فەرخەی پرسیبوو: «ئەو چیرۆکە بەلای تۆوە کۆتایی هاتووە؟»

فەرخە بەپێکەنینەوە سەری بۆ لەقاندبوو. «دەمێکەیە کۆتایی هاتووە».

ئەو وەڵامە وەک خەنجەر لە سنگی خانزاد چەقیبوو. وەک ئەوە قامکی هەڕەشە لە منداڵێکی چەتوون هەڵتەکێنێ، گوتبووی: «تۆ هیچ شتێکت لە پیاو ناچێ. هیچ شتێک».

ئەو دەمانە خانزاد ناحەقی نەبوو فەرخە بەپیاو نەزانێ. گەنجێکی بیست، بیست و دوو ساڵە لە ڕوانگەی ژنێکی لە ژوور سی ساڵانەوە، لە بری ئەوە پیاو بێ مێرمنداڵەیەکی هەرزە و سەرەڕۆیە. بەلای ئەوەوە پیاو رانکو چۆغە لە بەرێکە بەباوەشێ مێزەرەوە کە بەیانییان دوانوێژ پاروویەک نان و پەرداخێک چا بخواتەوە و لێفە لە سەر منداڵەکەی هەڵبداتەوە؛ بەدەم بزەیەکی شیرینەوە دانەوێ و دەم بەکوڵمییەوە بنێ و ماچی کات. لەوەدوا هەستێتەوە، دەست بۆ گیرفانی ببا، تەسبیحێکی شین یان مۆری لێ دەربێنێ. لە ژنەکەی کە بۆ بەڕێکردنی بەپێوەیە، بچێتە پێش و دوا سووکە لێڕامانێک بڵێ: «چیمان پێویستە ئافرەت؟»

ژنەکەی لە کاتێکدا بەشەرمەوە چرچی پانتۆڵەکەی بۆ راست دەکاتەوە، لەبەر خۆیەوە بڵێ: «ساغی و سەلامەتیت».

کابرا بێ ئەوەی گەشکەی خۆشی و رەزامەندی بەڕوخسارییەوە دیار بێ، بڵێ: «ئاگات لە خۆت و منداڵەکەمان بێ».



ئەوسا بەهێزی نیگا، ژنەکە لە سەر ڕێی لابدا و پێیەک لەدەرکە ئەودیوو بخا. وەک ئەوە شتێکی لە بیر چووبێ، ئاوڕی لێ بداتەوە و بڵێ: «بۆ نیوەڕۆ خواردنێکی خۆش ساز کە».

ژنە بەشەرمەوە سەر داخا و بڵێ: «کەی خواردنی خۆشت نەبووە؟»

کابرا بەتەسبێحەکەی ئارام بەشانیدا بکێشێ و بڵێ: «هەمیشە شتی خۆشم بووە».

ژنە تێ بگا مەبەستی هەر خۆشی خواردن نییە و سووکە ئیشارەتێکی بەپێوەندییەکانی تری ژیانیان کردووە. بۆیە بێ ئەوەی ڕێگا بەخۆی بدا لە خۆشییا باوەشی پێدا بکا، تەنیا نەرمە خەندەیەکی پڕمانا و بەعینوانی پێشکەش بکاو بەئارامی بەرەو دەرەوە پاڵی پێوە بنێ. ئەوسا ژنە تانیوەڕۆ، لە کاتێکدا بەباشی فرمانەکانی بەڕێوە دەبات، چاوەڕوانی بێ.

بەلای خانزادەوە پیاو دەبوو ویقاری ببێ و خۆی قورس رابگرێ. دەبوو لە شیرینترین کاتەکانی ژیاندا ژن سڵێکی ترسنۆکانەی لێ بکاتەوە. دەبوو تووڕەیی نە بە سەر زاریەوە بەڵکو بەچاوانییەوە بێ. لەسەر هیچ شتێک زۆر نەڵێ و بڕوای بەجارێک گوتنی خۆی ببێ. دەبوو بەسەر حەزیدا زاڵ بێ و کڕنۆش بۆ ئیشتیای نەباو لەکاتی دڵداریشدا لە «خۆشم دەوێی» زیاتر هیچی تر نەڵێ و شایەت و بەڵگە نەهێنێتەوە. بەلای خانزادەوە هەموو ئەمانە تایبەتمەندی لاس بوون و فەرخە لێیان بێ بەش بوو. بەڵام لاس، پیاوی خانزاد دەمێک ساڵ بوو نەمابوو.

ئەگەر خات حەلاوی دایکی خانزاد بمایە، ڕەنگە پێویست نەبوایە دوا چلەی هەواڵی بێ سەرو شوێنی و مەرگی لاس دایە گوڵێ بەنەخۆشی و کۆکە کۆک لە خانزاد نزیک ببێتەوە و دوا دڵخۆشی دانەوە و پێدا هەڵگوتنی، ئەوەی کە دەربارەی چۆنیەتی پاراستنی شەرەفی بنەماڵە و ناو و ناوبانگی وسووئاغا و لاس دەیزانی و پێوەندی بەرەفتاری ئایندەی خانزادەوە بوو، بەگوێیدا بچرپێنێ.

دایە گوڵێ شەو و ڕۆژێک بەدەم گریان و لاواندنەوەوە بۆی دوا؛ بەڵام خانزاد هەر کورتەیەکی بیست و لە مێشکیدا جێی بۆ کردەوە. شەرەفی بنەماڵە بەئابڕووی ئەوەوە بەسترابوو. ئابڕووی ئەویش بۆ یەکەم جار مەترسی لێ دەکرا. بۆ؟ چونکا ئافرەت و بەتایبەت ئافرەتی بێ پیاو داوێنی خۆی لێ دوژمن بوو. ئەقڵی ناتەواو بوو، شەیتان باشتر پێی دەوێرا. ئەوەی خانزاد دەبوو بیکاتە ئاوێزی گوێچکەی ئەوەبوو، لەوەدوا تا گەڕانەوەی لاس – دایە گوڵێ هەرگیز دانی بەمردنیدا نەدەهێنا – هەست بەژنیەتی نەکا و پیاو بێ.

ئەو قسانە لە بری ئەوە بۆ ورياكردنەوەی بێ، بۆ ترساندنی بوو. نیگای دایە گولێ ئەوەی پێ نەدەشاردرایەوە؛ بۆیە خانزاد دەترسا. ترسێکی کوتوپڕی کوشەندە. کوشەندەتر لە ترس لە تاریک و جڕ و جانەوەر و جەردە و پیاوکوژ کە تا ئەو دەمە بەگیانی نامۆ نەبوو. ترسێکی نوێ. ترس لە ئەرکی گرانی پاراستنی شەرەفی بنەماڵەو ئابڕووی خۆی. بەسەر سووڕمانەوە، کە لە ژنێکی وەک ئەو نەدەوەشایەوە، سەیری داوێنی کراسەکەی کرد. بۆ پێشتر بیری لێ نەکردبۆوە. بەتەنیا ما و گورجێ بەرەو ئاوێنەکە چوو. لە سەیرکردنی روخساری جوانی خۆی خەنی بوو. بەڵام ترسەکەی پەرەی سەند ئەو ئەرکە زۆر گران بوو؟ لە بیری ئەوەدا نەبوو رۆژێک لە رۆژان هەنگاوێکی چەوت هەڵبێنێتەوە. بەو حاڵەش ئەرکەکەی بەگران دەزانی. ئەگەر دایە گولێ بۆی نەدوایە، هەموو ئەوەی گوتبووی دەیزانی بەڵام نەدەترسا. خۆشی پەی بەبناخەی ترسەکەی نەدەبرد. نیگای لە ئاوێنەکە دزییەوە و هەمدیسان بۆ داوێنی هەڵیڕشت. لە پشتێن بەرەوخواری خۆی لێ بوو بەدوژمن. بەسڵ و ترس و نەفرەتەوە سەیری دەکرد. دوژمنێکی ئەوەندە نزیک. بریا بیتوانیایە لە بەری هەڵێ. بریا بیتوانیایە لە ژوورێک بەندی بکا و دەرکەی لەسەر گاڵە بدا! بریا بیتوانیایە ڕێگەی تەنیاییەکانی نەدا، لەگەڵیدا نەچێتە ناو جێگەوە و لەگەڵیدا نەخەوێ! بریا بیزانیایە چۆن دوژمنێکەو چۆن و کەی لێی دەڕاسێ! خانزاد جارێکە هیچی نەدەزانی ئەوەندەی دەزانی لاس دەترسێ و هەست بەتەنیایی و بێ کەسی دەکا و لە هەمیشە زیاتر پێویستی بەسێبەری ماڵی وسوو ئاغایە.

ئەو دەمانە هاوکات بوون لەگەڵ گەشکە و شادی شاردراوەی دەروونی فەرخە، شادییەک کە لە هەمیشە زیاتر بۆ ئەو ماڵە پێویست بوو. فەرخە کە دەهاتەوە، لە دەرکەی حەوشەوە، پێکەنین بەڕوومەتی سوورهەڵگەڕاویەوە دیار بوو. یەکەوڕێ بەرەو پیری یادگار دەچوو. باوەشی پێدا دەکرد و لە زەوی هەڵی دەبڕی. ئەوسا توند بەخۆیەوە دەنووساند و ئەملا و لای ماچ دەکرد. پاشان قسەی خۆش و پێکەنینی بەژوورەکەدا بڵاو دەکردەوە. ئەو خۆشییە ئەگەر چی سەهۆڵی دەروونی دایە گولێیی نەدەتواندەوە، بەڵام خەمی لە خانزاد دەتاراند و دەیهێنایە پێکەنین. خانزاد بەهۆی شادییەکەی فەرخەی نەدەزانی و هیچی لێ نەدەپرسی. بەڵام فەرخە کە پێشتر پێی لەسەر نەدرکاندنی دادەگرت، وردە وردە لە ماڵیشەوە بۆی نەدەشاردرایەوە.



لە دوا نیوەڕۆیەکی بەهاریدا، لەکاتێکدا لە هەمیشە زیاتر شەیدا و سەرمەست بوو، گەڕایەوە بۆ ماڵەوە. تازە لە ئیدارە دامەزرابوو. هاتنەوەی لەوەها کاتێکدا جێی پرسیار بوو. بۆیە خانزاد کە بەتەنیا لە ماڵەوە بوو، لەسەر بیرەکە جلی دەشت، گوتی: «چۆنە بەم زووە هاتوویتەوە. مەگەر دەستتان لە کار هەڵگرتووە؟»

فەرخە بۆ ئەوە ئاو بەدەست و ڕوومەتیدا بکا لێی نزیک بۆوە و گوتی: نا، بۆ ئەم دوو سەعاتەی دوایی ئیجازەم خواستووە».

ئەوسا شڵپێکی بەڕوومەتیدا دا و بەپلیکانەکاندا هەڵگەڕا. خانزاد گوتی: «تکات لێ دەکەم یادگار بەئاگا نەکەیتەوە تازە خەوتووە».

ئەو داوایە فەرخەی لەسەر بانیژەکە راوەستاند و بەنارەزاییەوە بەپلیکانەکاندا داگەڕایەوە. خانزاد دەیبینی ئۆقرە ناگرێ. ئێستا دەیزانی رۆژانی تر بەبۆنەی یادگارەوە خۆشییەکەی دەردەبڕێ. فەرخە سەتڵی ئاوپاشەکەی هەڵگرت و بەرەو گوڵەکانی حەوشە چوو. گوڵەکان لە هەمیشە گەشاوەتر بوون. بەدەم ئاو پرژێنەوە دەلەرانەوە و لەبەر تیشکی هەتاودا دەبریسکانەوە. ڕەنگە هەر ئەوان بەقەدەر فەرخە گەش بووبێتن. چ هاوبەشییەک ئەوانی لەیەک نزیک دەخستەوە؟ خانزاد پێی خۆش بوو تێبگا. گوتی: «خۆتیان پێوە ماندوو مەکە، ئاو دراون».

فەرخە سەتڵەکەی داناو بۆنی کردن. ئاخێکی پڕ لە حەز و تاسەی هەڵکێشا و بەرەدەستی لەیەک سوو. پاشان وەک ئەوە خانزادی لە چاوەڕوانی وەڵامدانەوەدا هێشتبێتەوە، لە بەرخۆیەوە گوتی: «ماشەڵا کە جوان و گەشن».

خانزاد گوتی: «وەک کوڕی گەنج گەش و شادن».

فەرخە لە بەر خۆیەوە گوتی: «خودا بکا عومری شادییەکەی من بەقەدەر عومری شادی ئەوان نەبێ».

خانزاد کە ئیشتیای هێنانە قسەی بوو، گوتی: «تۆ هەوەڵی عومرتە. هیچ شتێک ناتوانی ئەو شادی و دڵخۆشییەت لێ بستێنێتەوە».

فەرخە تا ئەو کاتەش پشتی لەخانزاد بوو، تاووتوێی گوڵەکانی دەکرد: گوتی: «راستە، هیچ شتێک ناتوانێ ئەم شادییەم لێ بستێنێتەوە».

خانزاد هەستی بەوە دەکرد، فەرخە وەک دەروێشی جەزمبوو ئاگای لە خۆی بڕابێ. گوتی: «ناکرێ بزانم هۆی ئەو هەموو خۆشی و شادییەت چییە؟»

فەرخە ماوەیەکی زۆر بێدەنگ بوو ئەوسا بەرەو خانزاد جوولا و لە حاستیدا چۆکی داداو گوتی: «نازانم چەندە رەوایە و چەندە ناڕەوا، براژن. بەڵام من گیرۆدە بووم».

خانزاد واتای گیرۆدەی باش لێک دایەوە. نیگای فەرخە لە هەمیشە زیاتر بێ شەرم و بێ پەروا و لەهەمان کاتیشدا بێ تاوان و منداڵانە بوو، چێژی لێ وەرگرت؛ بەڵام وەک نەیبیستبێ خۆی بە جل شتنەکەیەوە خەریک کرد. فەرخە رازی دڵی خۆی درکاندبوو. کەمتەرخەمی خانزادیش لە بری ئەو پەشیمانی بکاتەوە، جەسوورتری کرد. گوتی: «کەوتوومەتە داوەوە. نێچیرێکی بەختەوەرم براژن».

ئەوەندە برایانە دەدوا، خانزاد ناچار بوو وەک خوشکێک لێی بپرسێ: «کامە شاکچ ئەو داوەی بۆ داناوی فەرخە؟» گوتنە شاعیرانەکەی خۆی پێ خۆش بوو. درێژەی پێ دا: «کچی شای پەرییان یان...». کەسی تری بەبیردا نەهات، بەڵام فەرخەش زۆر ماتڵ نەبوو. گوتی: «لەیلا کچی مام شەلەمۆ».

خانزاد وەک لە بانێکی زۆر بەرزەوە پاڵی پێوەنێن، راچڵەکی: «لەیلا؟» لە ئان و ساتدا بەسەر عەجاییەتییەکەی خۆیدا زاڵ بوو. بەدەم بزەیەکەوە گوتی: «چاوی حەزت بەکچە کافران پشکووتووە فەرخە».

فەرخە بەهەمان بێ پەرواییەوە وەڵامی دایەوە، گوتی: «کچی کافر یان جوولەکە. من بەخۆشی لەیلای مام شەلەمۆوە زیندووم».

ئەو پێ لێنانە ئەگەرچی بەزمانی کەسێکی هەڵەشەدا دەهات، بەڵام بۆ خانزاد خۆش بوو: «ئایا ئافرەت دەتوانێ ئاوا دڵی پیاو داگیر بکا؟» لەناخەوە پێی لێ دەنا هەرگیز نەیزانیبوو ئافرەت تا چ رادەیەک کار لەسەر دەروونی پیاو دەکا. لەو کاتەدا ئەوەی لە بیری نەبوو، سیحری ئەشق بوو. بەلای ئەوەوە لەیلا ئافرەت و فەرخە پیاو بوو. دوو مرۆڤی گەنج. ئێستا پیاوەکە پێی لێ دەنا بێ ئافرەتەکە ناژی. رێی تێدەچوو؟ ئایا رەگەیەکی راستگۆیی لەو گوتنەدا بوو؟ فەرخەی لە منداڵییەوە دەناسی. لە بەر چاوی خۆیدا گەورە بووبوو. هەرگیز لە دۆخێکی ئەوەندە راستگۆیانەدا نەیدیبوو. بەڵام بڵێی ئەوە هەستێکی کاتی نەبێ؟ دەکرێ ئەو هەستە هەمیشەیی بێ؟ وەڵامی ئەو پرسیارانەی نەدەزانی. پرسیارێکی تر لە دەروونیدا سەری هەڵدا. ئایا هیچ پیاوێک ئەوەندە ئەوی خۆش ویستووە؟ جگە لەلاس هیچ پیاوێک لە گەنجینەی بیرەوەری ئاشقانەیدا نەبوو. ئەو پێ لێنانەی هەرگیز لە لاس نەبیستبوو. تەنانەت لە سەرەتای دڵداریشیاندا. ئەو رۆژانە



کەلە دیتنی یەکتر تێر نەدەبوون. ئەو دیدارە سەرتاپا خامۆشانەی سەرەتای دڵدارییان. ئەو دیدارە پڕ قسانەی رۆژانی دوایی تر. لە شەڕ و کێشە و ئاشت بوونەوەکانیاندا، لە شەوی بەیەک گەیشتنیان. تەنانەت لە خەونی شەوانی ئەم دوو ساڵەی دواییشدا. هەرگیز لاس وا بەڕاشکاوی ئەوەی نەگوتبوو. بریا بیگوتایە! هەرگیز دڵنیای نەکردبوو. کەواتە چ جیاوازییەک لەنێوان ئەشقی لاس و فەرخەدا بوو؟ لە نێوان هەستیاندا؟ لە نێوان دڵدارەکانیاندا کە خۆی و لەیلا جووە بوون؟ بۆ ئەوە دەبوو خانزاد زیاتر بیر لەم پرسیارانە بکاتەوە دەیویست جارێکی تریش ئەو قسەی لێ ببیستێتەوە. گوتی: «هیچ ئافرەتێک ناتوانێ ئاوا لە دڵی پیاودا جێی خۆی بکاتەوە. من ئافرەتم و باشتر دەزانم».

فەرخە ئەوەی لەدڵ گران بوو. بەڵام پێی خۆش بوو لەیلای لە هەموو ئافرەتانی تر هەڵداوارد. گوتی: «بەڵام براژن، لەیلا دەتوانێ و توانیویەتی».

خانزاد لەیلای دەناسی. زۆر جار دیبووی و دواندبووی. هێشتا ئەو چەند رۆژەی میراوای لە بیر بوو. راستە لەیلا جوان بوو. لە نێو کچە جوولەکەکاند لە زۆریان دیارتر بوو. بەڵام جوانترین ئافرەتی شار نەبوو. خانزاد نەچووە ئەو مەیدانەوە. گوتی: «دەزانم خۆشت دەوێ و ئێستا لە گەشکەی ئەو خۆشەویستیەدای. بەڵام هیچ پیاوێک نابێ، یان بابڵێم ناتوانێ، تەنیا بەخۆشی ئافرەتێکەوە بژی».

فەرخە بێ سێ و دوو بەرپەرچی دایەوە و گوتی: «ببوورە براژن، بەڵام دڵنیابە لەوپەڕی راستگۆییەوە ئەوەم گوت».

فەرخە هەستایە سەر پێ و سەری بۆ ئاسمان هەڵبڕی. دەورێک بەحەوشەکەدا گەڕا و بەرەو گوڵەکان چۆوە. بەدرێژایی باخچەکەدا هەنگاوی نا و لەسەر یەکەم پلیکانەی بانیژەکە دانیشت. لەوە دەچوو بیەوێ درێژە بەقسەکانی بدا. خانزاد دەستی کەفاوی لەکارکەی هەڵگرتبوو. پێشی کەوت و گوتی: «تۆ موسوڵمانی و لەیلا جوولەکە. پێویستە زیاتر بیری لێ بکەیتەوە. ئەمە موشکیلەی بەدواوەیە...»

فەرخە نەیهێشت قسەکەی تەواو بکا. بەدڵنیاییەوە گوتی: «دەرەقەت دێم براژن» دەرەقەتی چی؟ بۆ دەرەقەت هاتن و بەر بەرەکانی کردن پێویستی بەناسین بوو. ناسینی خۆی و لەیلا. ناسینی ئەو کۆمەڵگایە تێیدا دەژیان. ئەو خۆی نەدەناسی و هەمیشە چەند هەنگاو لەدوا خۆی بوو. گوێ لە مستی هەستە کاتییەکانی بوو. پێی وابوو هەتا هەتایی و نەگۆڕن. دەیگوت: «من لەیلام خۆش دەوێ»، ئەمە ڕاست بوو. دەیگوت: «لەیلاش منی

خۆش دەوێ» ئەمەش راست بوو. گەلێ جار لەخۆی بیستبوو دەیگوت: «کە واتە دێتە سەر دینی ئیسلام و ئەوسا مارەیی دێ». ئەم قسەش بەڕواڵەت لە ڕاست دەچوو. جگە لەوە کارێکی شەرعی بێ، خێر و پەسەندیش بوو. بەڵام ئەوە قسەی فەرخە بوو. یەکەم کەڕەت، کاتێک لەیلا لێی بیست، بێ تێفکرین و بیر لێکردنەوە گوتی: «هەرگیز».

فەرخە داچڵەکی. بەسەر سووڕمانەوە گوتی: «هەرگیز! چۆن هەرگیز؟»

بیری تەنیا بۆ ئەوە دەچوو کە ئەوە قسەی خۆی نەبێ. لە پشت ئەو جەسارەتەوە روخساری مام شەلەمۆ و داودی کوڕی دەدی کە بە تووڕەییەوە دەیانگوت: «هەرگیز»، بۆیە بەهیوا بوو ترس و گومانی لێ بتارێنێ. هەموو ئەو کچە جوولەکانەی وە بیر دەهێنایەوە کە بە پێچەوانەی خواستی باوک و برایان موسڵمان بووبوون و شوویان بەکوڕە موسوڵمان کردبوو. لەیلا ئەوانەی باشتر دەناسی. بەو پێیەش دووپاتی کردەوە:

– «نا، هەرگیز».

لەیلا کچی هۆزێکی بێ دەسەڵات بوو. گۆشکراوی نێو بنەماڵەیەکی سووک و چرووک. بەدرێژایی هەموو شەوانی تەمەنی گوێی لە حەقایەتی سووکایەتیکردن بەهۆزەکەی گرتبوو. بەچاوی خۆی هەموو چەشنە چەوساندنەوەیەکی ئەخلاقی دیبوو. ئەگەر چی بە شتێکی ئاسایی و بەشێک لە چارەنووسی خۆی و هاوهۆزەکانی زانیبوو، بەڵام خەمی پێ خواردبوو و پێی گریابوو. ئێستاش نەیدەتوانی خۆی لەو چارەنووسە دابڕێ. ئەمە بەلایەوە سووکایەتییەکی قورستر بەهۆز و بنەماڵەو لە ژوور هەموویانەوە بە خۆی بوو.

فەرخە تێ نەدەگەیشت. دڵخۆشی دایەوە و دەیگوت: «من و تۆ یەکترمان خۆش دەوێ، ئەمە هیچ سووکایەتییەکی تێدانییە. تەنانەت شکۆمەندیشە».

لەیلا بەسەر بەرزیەوە ئەوەی بۆ دەسەلماند. فەرخە دەیگوت: «ئەی بۆ...؟»

بەلای لەیلاوە وەڵامی ئەو «بۆ» یە ئەوەندە ئاسان بوو لە گوتن نەدەهات. فەرخە لێی دەڕەنجا و دەیگوت: «کە واتە ئەم ماوە درۆت لەگەڵ کردووم و خۆشت نەویستووم». لەیلا بەرپەرچی قسەکەی دەدایەوە. ئامادە بوو خۆی بۆ فیدا بکا. بەسەر بەرزییەوە دەیدرکاند. بەڵام فەرخە بەتووڕەییەوە دەیگوت: «پێویست ناکا خۆت فیدا بکەی. راست دەکەی دەست لە جوولەکەیی هەڵگرە».

لەیلا لە ناخەوە پێی پێدەکەنی. چۆن شتی وا دەکرا؟ فەرخە لێی دەپاڕایەوە و دەیگوت: «دڵنیا بە ئەگەر بکرایە من ئامادە بووم لە بەر تۆ واز لە دینەکەم بێنم».



لە یەکتر نەدەگەیشتن. لەیلا نەیدەتوانی واز لە چارەنووسی بێنێ. بەلای ئەوەوە جوولەکەیەتی بەمانای هاوبەشی لە چارەنووسی هۆزەکەیدا بوو. دەیگوت: «ناتوانم لە پێناوی دڵی خۆما هاوبەشی ئەو سووکایەتییە بکەم لە چارەنووسی هۆزەکەمە».

فەرخە بە داماوییەوە دەیگوت: «ئەی چارەنووسی خۆمان چی؟»

لەیلا ئەوەی نەدەزانی. ئەو ئاشقی فەرخە بوو؛ ئامادە بوو هەر کاتێ بیەوێ بچێتە ژوانی. تەنانەت ئەگەر لەسەر ئەوە لێشی بدەن و دەست و قاچیشی بشکێنن. ئامادە بوو لە ژوانگە شیرینترین رازو نیازی دڵداری بەگوێیدا بچرپێنێ. تەنانەت ئامادە بوو تا ئەو جێگە شیاوی ئەشقێکی پاکی لاوەتی بێ خۆی بەباوەشی بزۆزی بسپێرێ.

فەرخە نکوولّی لەوە نەدەکرد. لەو ماوە کورتەدا زۆر جار لە باوەشی گرتبوو. ماچی کردبوو، بەخۆیەوە گوشیبوو، هەموو جارێکیش سەرمەست و تامەزرۆ لێی جودا بووبۆوە.

لەم ئاخریانەدا نێوانی فەرخە و خانزادی براژنی ئەوەندە خۆش بوو کە ئەمانەشی لێ نەدەشاردەوە. خانزادیش بەشەرم و شوورەییەوە گوێی لێ دەگرت. بەڵام هەموو جارێک ئەو پرسیارە تاڵەی لێ دەکردەوە: «ئەم چیرۆکە ئەنجامی بە کوێ دەگا؟»

لەگەڵ تێپەڕبوونی بەگورجی زەماندا ترس و تەنگەتاوی فەرخە لە وەلامی ئەو پرسیارە وردەوردە خاو دەبۆوە. هەستی بەوە دەکرد، خۆی بەچێژی پێوەندییەکە، چێژی ئەشقەکە سپاردووە. چی دەبوو با ببێ. گرینگ ئەوە بوو لە زەریای خۆشی و چێژ وەرگرتندا مەلەی دەکرد.

لەیلا بەدڵی ئەو دەبزوایەوە و ئەویش بێ تێر بوون، رۆژ لە دوا رۆژ داوای زیاتر دەبوو. فرەویستییەکەی گەیشتبووە رادەیەک کە زۆر جار، بەتایبەت ئەو کاتانە کە دەیزانی مام شەلەمۆ و داودی کوڕی لەماڵ نین بۆ سەعاتێک لە ئیدارە ئیجازەی دەخواست و بەبیانوویەکەوە خۆی بەماڵیاندا دەکرد. هاوڕێکانی ئیدارە بەهەموو کەینو بەینێکیان دەزانی و دوای گەڕانەوەی لە ژوان لە گەمارۆی پرسیاریان دەدا. فەرخە رۆژانی سەرەتا لێی دەشاردنەوە؛ بەڵام خۆشی ژوان ئەوەندە زۆر بوو کە وەک هەمیشە لە دڵە بچووکەکەیدا جێی نەدەبۆوە. لە پێشدا روخسار، دوایی ئیشارەت و دوایی تر زمان دەکەوتە درکاندنی. فەرخە نەیدەزانی هەموو درکاندنێک دەست پێکردنی گرانە، تا لای کردەوە لە کۆڕی خواردنەوەی ئێوارانداا دڵی وەک سفرە بڵاو کرابۆوە و نهێنییەکانی بوونە مەزەی خواردنەوەی هاوڕێکانی.

خانزاد لەوەی فەرخە کەم و زۆر باسی رابواردنەکەی بۆ دەگێڕایەوە، تووڕە بوو. کاتێک بیری دەکردەوە خۆی ئەو دەروازەی خستبووە سەر پشت و یەکەم پرسیاری لێ کردبوو، بێزی لەخۆی دەبۆوە. لە بیری نەمابوو، یان نەیدەزانی کامە هەست دنەی دابوو سەر بۆ ژوانگەی کوڕ و کچێکی لاو هەڵبڕێ. لە فەرخەی پرسیبوو: «کە پێکەوە دەبن چی دەکەن؟»

فەرخە خۆی لە وەڵامی ئەو پرسیارە دزیبۆوە. درۆی کردبوو. بەڵام خانزاد بەپێکەنین و شەرمەوە درێژەی دابوویەو گوتبووی: «چۆن هەر قسە؟»

فەرخە پێشتر سیوای لەگێڕانەوە و درکاندنی نهێنییەکانی بووبۆوە، چاوی لە زەوی بڕیبوو گوتبووی: «هەر قسەش، نا».

– «ئەی چی؟»

– «چووزانم. ئەوەی هەموو کوڕو کچێک لە ژوانگە دەیکەن»

– «چی دەکەن؟»

خانزاد لەو کاتەدا فەرخەی نەدەدی. گەڕابۆوە بۆ رۆژانی دەسگیرانی خۆی؛ بۆ ژوانگەی لاس. پرسیار یەک لەدوایەک لەزاری هاتبوونە دەر. فەرخەش ئەوەندەی دەلاقەی دیوارەکەی نێوانیان بواری دەدا، وەڵامی دابۆوە.

لەوەدوا پێویست بەپرسینی خانزاد نەبوو. پێی خۆش بووایە یان نا، فەرخە لە دەرفەتێک دەگەڕا دایکی بەتەنیایان بێڵێ و وەک چۆن بۆ هاوڕێیەکی دەدوێ، ئەوەی لەو رۆژەدا لەنێوان خۆی و لەیلادا رووی دابوو بۆ خانزادی بگێڕێتەوە.

تووڕەییەکەی خانزاد تەنیا بۆ کاڵبوونەوەی شەرمی نێوان خۆی و هێوەری گەنجی نەبوو، ئەو ئەگەرچی لە هەموو بارێکەوە خۆی لە لەیلا هەڵداوارد، بەڵام ئافرەت بوون ئەو تاڵە دەزووە بوو کە ئەو و لەیلای لە سەرەتای لە دایک بوونیانەوە بەیەکەوە بەستبۆوە.

کاتێک فەرخە باسی رابواردنەکەی دەکرد، خانزاد پێی وابوو گوێی لە چیرۆکی سەرکەوتنی دوژمنێکە بەسەر هاوخەمێکیدا. فەرخە، فەرخەی بێ حەیا و سەرمەست چیرۆکی شکانی رەگەزی ئافرەتی بەدۆخێکی فیزنەوە بۆ دەگێڕایەوە.

خانزاد دەیتوانی قسەی پێ ببڕێ و گوێی لێ نەگرێ. بەڵام ئەوەی نەدەکرد. لەو کاتانەدا دەستەو یەخەی دوو هەستی جیاوازی بوو. لە لایەکەوە شەرمی لەخۆی دەکرد و بەخۆیدا دەشکایەوە، لەلایەکی ترەوە پێی خۆش بوو؛ چێژی لە گێڕانەوەکە وەردەگرت. چێژ؟ پێی لەوەش دەنا. زیاتر لە سێ ساڵ بوو شەوانە بەتەنیا سەری خستبووە سەر سەرین. سێ ساڵ



بۆ ئەو ماوەیەکی ئەوەندە زۆر بوو کە لە بیرکردنەوە و خەونەکانیشیدا روخساری لاس، لێڵ و گوم بوو بوو. وەک تاپۆیەکی هەوری لێ هاتبوو هەستی نەدەبزواند. بەڵام لەشی خۆی گۆشت و پێست بوو. خوێنی گەرم بەدەمارەکانیدا دەگەڕا.

خانزاد ئەگەر چی لە شاردنەوەی ژنیەتی خۆی کارامە بوو، بەڵام هیچ چاوێکیش بۆ پەیبردن بەداخوازییەک لە روخساری ورد نەدەبۆوە. دایە گوڵێ وەک هەموو دەمەو پاییزێک بۆ سەرپەرشتی و یارمەتی نیوە کارەکەی، بەیانییان زوو دوا ئەوە خانزاد مانگاکانی دەدۆشی و دەیکردنە دەر، پێش خۆی دەدان و دەچوو بۆ دەشت. زۆر رۆژیش هیوا و یادگاری لەگەڵ خۆی دەبردو خانزاد بەتەنیا دەمایەوە.

پێش نیوەڕوان خۆی بەکاری ماڵەوە خەریک دەکرد. بەڵام لەوەدوا جگە لە کڵاو دروون و گۆرەوی چنین هیچ کارێکی تری نەبوو. نیوەڕوان کاتێک فەرخە لە ئیدارە دەگەڕایەوە تا رۆشتنەوەی، یەکبین باسی لەیلای بۆ دەکرد. ئەو باسە کەڵکەڵەی هەزاران بیرو خەیاڵی نارەوای دەخستە مێشکییەوە و دوانیوەڕوان بەو بیرو خەیاڵانەوە دەتلایەوە. شەوانیش کە دایە گوڵێ سەری ماندووی دەخستە سەر سەرین و دەخەوت، دیسان فەرخە و ئەمجارە فەرخەی مەست و سەرخۆش دەهاتەوە و پێخۆری خەون و خەیاڵی ئەو شەوەی بەگوێدا دەچرپاند. خانزاد دڵنیابوو فەرخە کاتی گێڕانەوە و دوا گێڕانەوەش ئاگای لە دەروونی ئەو نییە. ئەمە جێی دڵخۆشی بوو، بەڵام لە داڵغەکانی کەم نەدەکردەوە.

رۆژ لە دوا رۆژ و شەو لە دوا شەو خەون و بیرکردنەوەی خانزاد ناحەزتر دەبوون و خۆشی بێزی لێ دەکردنەوە. دەیزانی بێز لە خۆی دەکاتەوە. لە توانا و خۆڕاگری درۆزنانە و دەروونی چەپەڵی. زۆر جار لە ئاوێنەدا روخساری راستەقینەی خۆی دەدی. ژنێکی سەر ڕووتی پەرێشان. ڕوومەتی سوور هەڵگەڕاو. لە کوانووی چاوەکانیدا بڵێسەی ئیشتیایەکی نەفرەتی دەدی کە خەریک بوو قژ و کاسە سەری دەسووتاند. لەو روخسارە دەترسا و لەبەری هەڵدەهات. قسەکانی دایە گوڵێی بیر دەکەوتەوە: «ژنی بێ پیاو داوێنی خۆی لێ دوژمنە». ئێستا ئەندام و ناخی خۆی لێ دوژمن بوو. ترسە کۆنەکە لە دەروونیدا بەرجەستە دەبۆوە. بەڵام ئێستا بەلایەوە شیرین بوو. ترسێکی شیرین. تەنانەت بوونی ترسەکەش شیرین بوو. بەرەو ئاوێنەکە دەچوو. ڕەنگە بۆ سەیر کردنی سەرتاپای ترسە شیرینەکە. لەو کاتەدا پێی خۆش بوو لە پڕ دەرکە بکرێتەوە، پیاوێک خۆی بەژووردا بکا. لە ئاوێنەکەوە چاوی لەدەرکە دەبڕی و چاوەڕوان دەما. چاوەڕوان و بەتەما. ئەوسا بەرەو

پەنجەرەکە دەچوو. ئەمسەراوسەری کۆڵانی بەچاو دەدۆزی. سێبەری هەموو پیاوێکی دەقۆستەوە. کەپەنجەرەکەی دەکردەوە و شنەی با بۆنی پیاوی پێ دەگەیاند، ئەوەندەی تر دەخرۆشا. بۆ ئەو بۆن و بەرامە کە لە باوەشی بگرێ، دەچووە سەر بانیژە ئاگای لەخۆی دەبڕا نەیدەزانی سەری رووتە و رێی تێ دەچێ دراوسێکان سەیری بکەن. تەنانەت پێی خۆش بوو سەیری بکەن. پێی خۆش بوو دار و بەرد ببنە چاو و گەمارۆی بدەن. بەڵام ئەو پێی خۆش بوونەی زۆری نەدەخایاند و هۆش خۆی دەهاتەوە. ترسێکی تر هەڵیدەکوتایە سەر گیانە ماندووەکەی. گورجێ دەستی بۆ سەری ڕووتی دەبرد و لەبەر هەموو چاوە نهێنییەکان هەڵدەهات. لە ژوورەوە دەرکە و پەنجەرەی لەسەر خۆی پێوە دەدا و لەشەرما بەپیر کوڵی گریانییەوە دەچوو. دوا ژێر بوونەووە هەمدیسان ئاوێنەکە ڕاپێچی دەکردەوە. ئەمجارە خانزادی شەرمەزاری دەدی. ئەوەندە گریابوو چاوی سوور بووبو. لچی لە ژێر گەستنی دانەکانیدا بوو. باوەشی بەسنگی خۆیدا کردبوو تەنگەتاوی هاتنەوەی دایە گوڵێ بوو. تاسەی یادگاری دەکرد. تاسەی لە باوەش گرتن و بەخۆوە گوشینی. لە باوەش گرتنێکی دایکانە. بڕیاری دەدا هەرگیز مەیدان بەخەون و خەیاڵی نارەوا نەدا. لە یادگار زیاتر بیر لە هیچ نێرینەیەک نەکاتەوە. جگە لە لەشی بچووکی ئەو باوەشی بۆ کەس نەکاتەوە و جگە لە وریتە وریتی ئەو گوێ بۆ هیچ سرتەو چپەیەک شل نەکا.

ماوەیەکی زۆر وای کرد. یادگاری لە خۆی جودا نەدەکردەوە. بۆ سەردانی ماڵە خزم و دراوسێ دەچوو. نیوەڕۆ و شەوانیش خۆی بەکاری ماڵەوە خەریک دەکرد و گوێی بەفەرخە نەدەدا. فەرخەش بەدڵی ئەو دەبزوایەوە. جگە لە ژەماوژەم و سەر سفر تخوونی نەدەکەوت. خانزاد لەوەش دەترسا. نەکا تێی گەیشتبێ؟ نەکا هەستی بەگۆڕانی کردبێ؟ نەکا شتێکی دیبێ یان شتێکی بیستبێ؟ بیری بۆ سەر ڕووت کردنەکانی سەر بانیژە دەچوو، بەلاڕوومەتی خۆیدا دەکێشا: «ئابڕوو چوو خۆم؛ کە واتە دیویانم». شەوان بیری لێ دەکردەوە و لەشەرم و شوورەیی تا درەنگانێک خەوی دەزڕا. دەبوو فەرخە بدوێنێ. دەبوو بزانێ چی دیوە و چی بیستووە. دەبوو بزانێ کێ چی لێ گێڕاوەتەوە.

شەوێک زیرەکانە لێی پرسی: «چییە، دەڵێی مەجنوون لەیلای لێ تۆراوە؟» لەکاتی گوتنی ئەو قسەدا لە ناخەوە وەک برێشکەی سەر ساج هەڵدەچۆقی. لەوە دەترسا ئەو پرسیارە بوغزی بتەقێنێ و وەک هێوەرێک کە لە براژنی بەگومانە، بەسەریدا بنەڕێنێ. ترسەکەی لە خۆوە بوو. فەرخە بەخەم و داماویەوە هەستا. بەرەو پەنجەرەکە چوو. لە تاریکی دەرەوە ورد بۆوە و لەبەر خۆیەوە گوتی: «ئەویش لەگەڵیان دەڕوا».



ئەو وەڵامە لە ئان و ساتدا هەواڵی رۆشتنی جوولەکەکانی وەبیر خانزاد هێنایەوە. جێگەی سەر سووڕمان بوو. دە دوازدە رۆژ بوو باسی رۆشتنی جوولەکەکان بۆ فەلەستین دەکرا بەڵام ئەوەی بەبیری خانزادا نەهاتبوو، رۆشتنی لەیلا و ماڵی مام شەلەمۆ بوو. بەگێلییەتی خۆی پێکەنی. فەرخە لە دڵی گران بوو، لێی رەنجا. چۆن دەبوو لەو ماوەیەدا ئاگای لە دڵی ئەو نەبووبێ.

خانزاد پێی نەگوت لەو ماوەدا تەنیا لە بیری دڵی خۆی و هەستی خۆیدا بووە.

جوولەکەکان – کە ساماندارترین خەڵکی شار بوون – لە کاتێکدا ماڵ و دووکانەکانیان فرۆشتبوو، بەشێک لە شتومەکی ناو ماڵیان بەهاوماڵەکانیان بەشیبۆوە، بارو بنەی کۆچیان پێچایەوە. خەڵکی شار ئەگەرچی بیستبوویان دەچن بۆ شوێنێک جێ بەموسڵمانان لێژ بکەن، بەخەمەوە ماڵاواییان لێ کردن؛ بەڕێیان کردن.

ئەو رۆژە فەرخە درەنگانێک بە مەستی هاتەوە. خۆی بەژووریدا کرد و دەرکەی لەسەر خۆی پێوەدا. دەمەو عەسری رۆژی دوایی کە هاتە دەر، ماندوویی و بێ خەوی و گریان هێنابوویانە بنێسی.

خانزاد نەیدەتوانی پێ خۆشبوونی لە ڕۆشتنە ئێجگارییەکەی لەیلا بشارێتەوە. فەرخە ڕۆژێک ئەوەی بیر کەوتەوە کە بۆ یەکەم جار هەستی بەوە کرد ناتوانێ بەچاوی براژن سەیری خانزاد بکا. ئەو رۆژە کە نیگای ترسنۆک و سڵۆکی لە درزی دەرکەی ژێر خانەوە لەشی رووتی خانزادی دەدۆزی. خانزاد خۆی دەشت. فەرخە لەوەپێش هەرگیز ئافرەتی ڕووتی نەدیبوو. ئەژنۆی دەلەرزی و لەشی سەر ئارەق نیشتبوو. دەنگی دڵە کوتەی خۆی وەک مۆسیقایەکی ترسناک دەبیست. توانای چاوترووکاندن لەو پەیکەرە – کە بە لایەوە جوانترین دیمەنی سەر زەوی بوو – نەبوو. دیمەنێکی ئاگرین کە لەیلا و ئەشق و برا و هەموو چەشنە ئەخلاقێکی لەگیاندا دەتواندەوە و ماڵەکەی پێ تاوان پژێن دەکرد. چێژی سەیرکردنەکە ئەوەندە زۆر بوو کە رۆژانی دوایی، هێرشی بیرەوەرییەکان، هەناسە خەماوییەکانی دایە گوڵێ و چاوە نەرمەکانی یادگاریش نەیتوانی هەست بەشەرمەزاری لەگیانیدا بخولقێنن. لەوەبەدوا خانزاد وەک ئەوە هەرگیز براژن و کەسی نزیکی نەبووبێ، ئافرەتێک بوو کە حەز و ئیشتیای دەبزواند و لە کۆڕی خواردنەوەدا بەیاد و خۆشی ئەوەوە پێکی هەڵدەدا.

ئەو رۆژەش وەک هەموو رۆژانی هەینی لە ماڵی هاوڕێیەکی کۆڕێکی بچووکیان گرتبوو،

لە ژن و ئارەق و رابواردنەکانیان دەدوان. باسێک کە هەرگیز لێی تێر نەدەبوون و رووداوگەلێک کە لە هەموو دانیشتنێکیاندا کاوێژیان دەکردەوە.

فەرخە بەپێچەوانەی هەموویان بێدەنگ بوو. بەڵام سەرخۆشتر لە ئەوان بیری لە رووداوێک دەکردەوە کە چەند مانگ بوو هەموو شەو و رۆژێک لە خەون و خەیاڵیدا دەژیایەوە. دوا ئەوە بتریەکان خاڵی کرانەوە و خاوەن ماڵ لە ترسی گەڕانەوەی ژن و منداڵی کەوتە سەرەتاتکە، فەرخە زووتر لە هەموویان هەستا. لەدەرەوە بەفر کلوو کلوو دەباری. سەربان و کۆڵانەکانی سپی کردبوو. دەستی لە گیرفانی پانتۆڵەکەی رۆکرد و هەنگاوی گورجی هەڵێنا. کۆڵان چۆڵ بوو. سەرو خواریەکەی تا راستە شەقامەکە بڕی. دیمەنی شار لەوێوە جوانتر بوو. بەفر بەسەر لقی دارەکانی گوێ شەقامەکەوە نیشتبوو. بەدەم رۆشتن و سەیرکردنەوە بیری قسەی خۆشی دانیشتنەکەی دەکەوتەوەو لەبەر خۆیەوە پێدەکەنی. بێ ئەوە بۆ شوێنێک لابدا یەکڕاست بەرەو ماڵەوە دەچوو. کە گەیشت لاشانی بەدەرکەکەوە نا؛ داخرابوو. بەمست و پاشان بە نووکە پێ دەرکەی کوتا. دەنگێک لەوسەر حەوشەکەوە هات: «کێیە؟» دەنگی خانزاد بوو. لەگەڵ وەڵامدانەوەدا چەند هەنگاو کشایەوە و دوا ئەوە ڕەتەڵێکی برد بەرەو دەرکە کە هاتەوە. پشیلەیەک لە پشت دەرکەوە میاواندی. هەستی بەهەڵاتنی کرد. دەرکە کرایەوە. خانزاد لێی سڵەمییەوە. پێشتر بەسەرخۆشی دیبووی، بەڵام ئەم کەڕەتە بەترس و گومانەوە لە سەرتاپای وردبۆوە. ڕوومەتی سوور هەڵگەڕابوو. لەوە دەچوو زیاتر لە جارانی خواردبێتەوە. چاوەکانی لەپشت شیشەی چاویلکەکەیەوە دڕ و بێ حەیا بوون. لەکاتێکدا بەجوانی قسەی بۆ نەدەکرا و وشەکان بەلچیەوە بەردەبوونەوە گوتی: «بۆ هیوا شێتت نەنارد دەرکە بکاتەوە؟» ئەوسا خۆی بەحەوشەدا کرد. خانزاد دەرکەکەی پێوەدایەوە و گوتی: «هەردووکیان خەوتوون». خانزاد پێشی کەوت و بەپلیکانەکاندا هەڵگەڕا. فەرخە پێش لەخۆی نیگای شوێن خست. خانزاد دەیزانی شوێنی دەکەوێ. بۆ ئەوە منداڵەکان بەئاگا نەکاتەوە بۆ ژووری خۆی چوو. فەرخە پاڵتۆکەی داکەن و و لە زۆپاکە نزیک بۆوە. گوتی: «دایە گوڵێ لەکوێیە؟»

گوێی بۆ وەلامەکەی خانزاد شل نەکرد. زۆپاکە نێڵە نێڵ دەئایسا. دەرکەکەی کردەوە و وەک هەمیشە بەحەزەوە چاوی لەپشکۆ سوورەکانی بڕی. دیمەنەکە وەک دۆزەخ هاتە پێش چاوی. ئەشکەوت و غارێکی ئاگرین کەدەیان کون و کەلەبەری لێ دەبۆوە. داوای لە خانزاد کرد سەیری بکا. ئەویش بەقسەی کرد و هەردووکیان سەریان لێ بردە پێش و ماوەیەک لەو دۆزەخە بچووکە ورد بوونەوە. پێش ئەوە هالاوی تینی زۆپاکە گاز لە



ڕوومەتیان بگرێ لە گەرمای هەناسەی یەکتر داچڵەکین و لە زۆپاکە دوور کەوتنەوە. خانزاد تاوی دەستچنەکەی دایەوە. فەرخە هەستایە سەر پێ و بەرەو پەنجەرەکە چوو. دیمەنی بەفربارینەکە زۆر راینەگرت و وەرچەرخا. ژوورەکە تاریکتر بوو. دیسان لە زۆپاکە نزیک بۆوە. لەوێوە بۆ سەیرکردنی دەستچنەکەی خانزاد. ئەوسا تێکەڵ بوون.

لە ئان و ساتی کۆتایی لەززەتەکەدا بیریان کردەوە تووشی چ تاوان و خەیانەتێک بوون. موچڕکەی مەترسییەکی کوشەندە لە تەوقی سەریانەوە بۆ بەری پێیان تێپەڕی. وەک دوو دەعبای دوژمن کە لەتاریکیدا بەتووشی یەکەوە بووبن گورجێ کشانەوە و لە یەک راسان. ئەوسا وردە وردە سەریان بەملیانەوە شۆڕ بۆوە وەک دوو کوت پەڕۆی گووشراو گرمۆڵە بوون. ڕەنگە بەدەم گریانەوە بیری خۆ پۆشتەکردن کەوتنەوە. هاوکات بیری یادگاری خەوتووش. بیری دایە گوڵێ کە دەبوو بگەڕێتەوە. هیچ شتێک شەرمناکتر لەوە نەبوو لەبەرچاوی یەکتردا جلەکانیان لەبەر بکەنەوە. فەرخە کە هێشتا سەرخۆشی ئەلکول بوو بەدزیەوە و دوور لەچاوی خانزاد خۆی پۆشتە کردەوە و بێدەنگ چووە دەر. خانزاد کە جیرەی دەرکەی بیست ئارام سەری هەڵبڕی. ترسنۆکی فەرخە و چوونەدەری لەماڵ تووڕەتری کرد. جلەکانی لەبەر کردەوە و هەستا. بەلەچکەکەی چاوی سڕی و بەرەو ژوورەکەی تر چوو. یادگار هێشتا خەوتبوو. نەیدەوێرا لێی نزیک ببێتەوە. لەدوورەوە لێی روانی. هێلنجێک وەک ماری بریندار لەشی پێ کۆکردەوە. بەپەلە بۆ دەرەوە هەڵات. لەدالان خۆی پێ نەگیرا و رشایەوە. رشانەوەکە لەبەر چاویدا خوێناو و کێماو بوو. خۆی گەیاندە سەر بانیژەکە و بەسەر بەفرە سپییەکەدا رشایەوە. تا دڵی خاڵی نەبۆوە بیری گەڕانەوەی دایە گوڵێ نەکەوتەوە. دەرکەی حەوشە سەرنجی راکێشا. فەرخە پێوەی نەدابوو. وەک شێت بەپلیکانەکاندا داگەڕا و دایخست. ئەوسا بەهەمان گورجییەوە هەڵگەڕایەوە و دالان و بانیژەکەی خاوێن کردەوە پێش ئەوە دیسان بڕواتە ژوور تەقەی دەرکە بلێند بوو.

بیکاتەوە یان نا؟ نەیدەزانی بۆ ئەو پرسیارە بەمێشکیدا هات. ئایا دەتوانێ ڕووبەڕووی خەسووی ببێتەوە؟ دەیتوانی لەبەر نیگای خۆ ڕاگرێ؟ دەرکە توندتر لێ دەدرا. ناچار داگەڕا و کردییەوە.

دایە گوڵێ بێ ئەوە لەسەرما سەر بەرز بکاتەوە لەبەر خۆیەوە قسەی دەکرد؛ خانزاد هەر «کاول بێ...» ی لێ بیست. دەرکەی داخستەوە و بەبیانووی کارەوە خۆی بەتەوێڵەکەدا

کرد. مانگاکان لێی سڵەمینەوە و لەکاوێژ کەوتن. لە دەلاقەی تەوێڵەکەوە بەچاو خەسووی بۆ ژوورەوە بەڕێ کرد. دەبوو دیسانەوە بگری. دەبوو گریانی پێ نەمێنێ. دوا ماوەیەک تۆزێک کاوکۆڵی بەخۆیدا پژاند و هاتە دەر. دارە سووتاوەکە لەژێر بارشتی بەفرەکەدا سەرنجی راکێشا. خۆزگەی بۆ خواست و بیری خۆسووتاندن بەمێشکیدا تێپەڕی. ترسی ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ دایە گوڵێ ئەو بیرەشی لێ تاراند. بەناچاری و وەک ئەوە بەسەر مەڵۆ دڕکێکدا رایکێشن بەپلیکانەکاندا هەڵگەڕا:

– «درەنگ هاتییەوە ئامۆژن» ئەوەندە ئاسایی ئەوەی گوت خۆشی پێی سەیر بوو.

دایە گوڵێ سەرپۆش و چارۆکەکەی داکەندبوو، باوەشی بەزۆپاکەدا کردبوو:

– «پیرێژن کە کەوتنە قسە درەنگ و زوویان لە بیر نامێنێ»

خانزاد بزەیەکی تاڵی هاتێ. لەوە دەچوو هیچ، هەر هیچ ڕووی نەدابێ.



# حەوت

ئەوەی دایە گوڵێ لە یەکەم شەوی گەڕانەوەی لاسدا بۆی گێڕابۆوە، بەشێکی زۆر کەم لەڕاستی کارەساتێکی تاڵ بوو. گوتبووی: «چوار پێنج ساڵ دوا هەواڵی مەرگی لاس، فەرخە خانزادی مارەکرد و بۆ هەمیشە لەم ماڵە ڕۆیشتن».

دایە گوڵێ دەیزانی لاس داوای لێ دەکا چۆنیەتی کارەساتەکەی بەوردی بۆ بگێڕێتەوە. ڕەنگە لە ترسی ئەو داوایە بووبێ بەو پەڕی دڵڕەقییەوە لەگەڵیدا بزوایەوە و بەپێچەوانەی چاوەڕوانی لاس باوەشی بۆ نەگرتەوە، بەخێرهاتنەوەی لێ نەکرد و تەنانەت دانی بەزیندووبوون و گەڕانەوەشیدا نەهێنا.

ئەوەی لاس ئەو شەوە دیبووی پیرێژنێکی خەڵفاوی بێ بەزەیی بوو کە بەکەمتر خەمی و گوێ پێ نەدانی، بەقەدەر هەموو ساڵانی دووری و دیلی، ئازار و ئەشکەنجەی دابوو. بەڵام ئەوە تەنیا ڕواڵەتی دایکی بوو.

دایە گوڵێ بەبیستنی تەقەی دەروازەکە دڵی داخورپا و گەشکەی شادی لە گیانی گەڕا. ئەوسا وەک ژنێکی گەنج و چابوک کە هەرگیز لاق و پشتی نەئێشابێ، هەستا و بەرەو پەنجەرەکە چوو. بەرەدەستی بەشیشە تەم گرتووەکەدا هێنا و چاوی لە دەروازەی ئەوسەری حەوشەکە بڕی. لەوکاتەدا ئەگەر چی جگە لە تاریکی لێڵ و خاوی حەوشە و ڕەشایی تۆخی دیوار و دەروازەکە هیچی تری نەدی، بەڵام لەناخەوە هەستی بەبوونی لاس لە پشت ئەو ڕەشاییەوە کرد. گورجێ وەرچەرخا و ئاوڕی لەناو ژوورەکە دایەوە.

نیگای لە نیگای بێ دەربەستی هیوا کە بەهۆی تەقەکەوە بەرز بووبۆوە هەڵەنگووت. زەردەخەنەیەکی بۆ کرد و بەخۆشییەوە گوتی: «کوڕم ڕاکە کاکە لاست گەڕاوەتەوە».

هیوابێ ئەوە لە زەردەخەنە و قسەی دایکی گەیشتبێ، ئارام و بەکاوەخۆ لە دەرکەی ژوورەکە چووەدەر. لەو ماوەیەدا کە هیوا بەپلیکانەکاندا دادەگەڕا، دایە گوڵێ بێ حەجمێن و تەنگەتاو بەچوار دەوری خۆیدا هەڵدەسووڕا و چاوی بەژوورەکەدا دەگێڕا. ئەگەر چی نزیکەی حەوتوویەک بوو تەدارەکی گەڕانەوەی لاسی گرتبوو، بەڵام لەو کاتەدا هەستی بەهیچ چەشنە دەست پێداهێنانێک نەدەکرد. ژوورەکە لە هەمیشە چۆڵتر بوو. بەدەم ئاخ

هەڵکێشانەوە دیمەنێکی ئاواتە خوازی بۆ ساتێک بەبەرچاویدا تێپەڕی. ژوورێکی خاوێن و پۆشتە و قەرەباڵغ، پڕ لە دەنگە دەنگ و زەنازەنا. دیمەنەکەی تاران و بیری لە شوێنی دانیشتن و پاڵدانەوەی لاس کردەوە. تەقەی دووبارەی دەروازەکە زیاتر هەراسانی کرد. پێی وابوو پشیلەیەک چرنووکی لە مێشکی گرت. چاوەڕوانی و دڵە خورپە هێزی هەنگاو هەڵێنانەوەی لێ بڕی. گوێی لە هەمیشە سووکتر بەچپە و سرتەی دەرەوە سپارد. لەگەڵ بیستنی جیڕەی کرانەوەی تا دەروازەکە، وەک ئەوە بەندی دڵی پچڕابێ کەوتە زەوی. گوێی لەدەنگی لاس نەبوو بەڵام بۆ ساتێکیش گومانی لە گەڕانەوەی نەکرد. بێدەنگییەکە زۆری خایاند. دەمی بۆ گوتنی «لاس» کردەوە، بەڵام زمانی نەگەڕا. بەهەناسە سوارییەوە هەموو توانای بەکار هێنا و لە کاتێکدا دەیویست بڵێ: «هیوا، لاسە؟» گوتی: «هیوا، کێیە؟»

بەدوا ئەو پرسیارەدا مێشکی بوو بە هۆڵی دەنگدانەوەی هەواڵێک: «گەڕامەوە دایە، گەڕامەوە».

هەموو تەنگەتاوی و سەرسامییەکەی بەدەم تۆفانی ئەو هەواڵەوە راماڵدرا. دەرفەتی بیرکردنەوە لەو حاڵەتەی نەبوو؛ بڕیارێکی کوتوپڕی هەموو بڕیارێکی ئەو پانزە ساڵەی پووچەڵ کردەوە. بڕیارێکی تەزوو ئاسا کەنەیزانی لەکامە سووچی دەروونییەوە سەری هەڵدا و قەڵەمی بەسەر هەموو ئەو بیرو خەیاڵانەدا هێنا کە لەو ماوە دوور و درێژەدا بۆ پێشوازی لەلاس لە مێشکی کەڵەکە بووبوون.

ئەو بڕیارە تازە لە چاوترووکانێکدا هەموو شتێکی گۆڕی. گەشکەی شادی لە گیانی تارا. بەدۆخێکی زۆر ئاساییەوە لە لاسی ناو دەرکەی ژوورەکەی ورد بۆوە. لەگەڵ لاسی پاڵەوانی خەونەکانی هیچ جیاوازییەکی نەبوو. ڕەنگە هەر ئەو بووبێ و لە قەفەسی ساڵەها خەون و بیرکردنەوەی دایە گوڵێ دەرباز بووبێ و لەناو دەرکەی ژوورەکەدا قەوارەی گرتبێ. ئەوەی نەدرکاند. لچی هەڵقرچاند و بەسەر سووڕمانێکی درۆزنانەوە گوتی: «لاس دەمێک ساڵە مردووە».

ئەو شەوە هیچ شتێک بەقەدەر ئەو قسەی لاس کە گوتی «بە رچەی خوێنی خۆمدا گەڕاومەتەوە». بریندارى نەکرد و ئازاری نەدا؛ بەڵام دانی بەجەرگیدا گرت و سەر خۆی نەهێنا. تەنیا ئەو کاتە کە گوتی «گەڕاومەتەوە تا سەگی وڵاتی خۆم لێم بوەڕن و قوڵاپەم بگرن». خۆی پێ نەگیرا و کوڵی گریانی هەستا. بێ ئەوە ئاشکرای بکا لاس بەو پەڕی داماوی و تەسلیم بوونەوە گەڕابۆوە. خەمی دایە گوڵێ هەر بۆ ئەوە نەبوو. لە گوتنەکەی



زیاتر دەترسا. «سەگی وڵاتی خۆم لێم بوەڕن...» ئەو قسەیە سەردەمانێکی بیر دەهێنایەوە کە ڕێز و شکۆی بنەماڵەکەی درزی بردبوو. ئەو دەمانە کە هەموو رووداو و کارەساتەکان بۆ زڕانی ناو و ناوبانگی بنەماڵەکەی دەقەومان.

دایە گوڵێ، ژنێکی بێ کەس و تەنیا چاوەڕوانی یارمەتی و هاوخەمی دەر و دراوسێ و کەس و کارو خەڵکی شار بوو؛ چاوەڕوانی ئەمەگ و پێ زانین. لانی کەم بێ دەنگی و خۆ لێ نەبان کردن. ئەوە داوایەکی بچووک بوو کە درێغییان لێ کردبوو. لە بری ئەوە شاڵاوی سرتەسرت و چپە چپ و پێ پێکەنین و سووکایەتی پێکردنیان بۆ بردبوو. تەنانەت سەگی ماڵەکانیشیان لێی وەڕیبوون. وەک غەریبەیەکی لێقەوماو قولاپەیان گرتبوو. دایە گوڵێ لێقەوماو بوو. بەڵام ئێستا لاس گەڕابۆوە و دڵی بەوەڕینی سەگەکانیان خۆش بوو؛ بۆ؟ چونکا سەگی وڵاتی خۆی بوون. دایە گوڵێ پێشبینی سەمای سەگەلی بەسەر تەرمەکەیەوە دەکرد و موچڕکەی بەلەشدا دەهات. دەبوو بەر بەهاتنی ئەو رۆژە بگرێ. کەواتە نەدەبوو لاس گەڕابێتەوە. دەبوو چۆن گەڕابۆوە هەرواش بڕواتەوە بۆ هەر شوێنێک جگە لێرە. دەبوو چاوەڕوانییەکەی خۆی هەتا هەتایی بێ. ئەوەندە ژیابوو بزانێ چۆن پیاوێک، هەرچی پەککەوتە و داماویش، زۆری بۆ دێ و دەڕواتەوە. دەبوو ئەوەی لێی دەگەڕا بشاردرێتەوە. ئەوەی دڵی پێ خۆش کردبوو، گوم بێ. لاس لە ژن و منداڵەکەی دەگەڕا. ژن نەمابوو، نەدەبوو منداڵەکەشی ببینێ. لاس پیلەی تێگەیشتن لە سەرپاکی کارەساتەکانی ئەو پانزە ساڵەی گرتبوو. دایە گوڵێ بەدرێژایی پێنج شەو و رۆژ کورتەیەکی بۆ گێڕابۆوە و کاکڵی ڕووداوەکانی لێ شاردبۆوە. بەڵام ئەو پێنج رۆژە توانای لەدایە گوڵێ بڕیبوو. ئیتر دەرەقەت نەدەهات. بۆیە لە شەشەمین رۆژدا ملی بە تەسلیمبوون دا.

لاس ئەو بەیانییە زووتر لە رۆژانی پێشوو هەستابوو چووبووە حەوشە. دایە گوڵێ لە ژوورەوە لە پشت پەنجەرەکەوە سەیری دەکرد. بۆ یەکەم جار لەماوەی ئەو شەش رۆژەدا هەستی بەوە دەکرد، توانای بەربەرەکانێی لەگەڵ خۆیدا نەماوە. ڕەنگە لەبەر خۆیەوە گوتبێتی: «بۆ باوەش گرتنێکی دڵم دەرهات». لەگەڵ ئەو بیرکردنەوەدا هاڵاوێک لەشی گەرم داهێنا. لاس دەست و ڕوومەتی شتبوو، لە بنەدارە سووتاوەکە نزیک بووبۆوە و بەدەوریدا هەڵدەسووڕا. لەگەڵ هەڵسوورانەکەدا بە سڵەوە دەستی بۆ درێژ دەکرد. دایە گوڵێ بەترسەوە گوتی: «بەس بەدەوریدا هەڵسووڕێ».

لاس ڕەنگە قسەکەی دایکی بیست. لە بری ئەوە بەقسەی بکا. بەسەر ترسەکەیدا زاڵ

بوو. بەرەدەستی بەدارە سووتاوەکەوە نووساند و وەک ئەوە هێز و گوڕی زیاتری لێ وەرگرتبێ، توند تر وتوندتر هەڵسووڕا.

– «گێژ دەبی و دەکەوی کوڕم».

لەبەر چاوی دایە گوڵێدا دارە سووتاوەکە دیسان ژیایەوە و باڵای کشا و پەل و پۆی دەرکرد. لاس وەک چەرخوفەلەک هەڵدەسووڕا. پێی دیار نەبوو. لەشی وەک سێبەری لق و پۆپی دارەکە بەچوار دەوردا بڵاو بووبۆوە.

– «ئاگات لە خۆت بێ لاس».

لاس نەیدەبیست. دایە گوڵێ لە ترسا چاوی دەرپەڕیبوو: «بەسیەتی لاس». لەوە زیاتر خۆی پێ نەگیرا. لە پەنجەرەوە بازی دا و خۆی گەیاندە دارەکە. لاس وەک گڵمەتێکی قورس بەسنگیدا درا.تەپەیەک بەرز بۆوە و دایک و کوڕ دوور لە یەکتر کەوتنە زەوی. لاس لەترسا یان لە ئازاری پێکدادرانەکە گریا. دایە گوڵێ هەستایەوە و بەرەو لای چوو. تاوی دایە و بەرزی کردەوە: «بۆ وات کرد کوڕم؟» لە باڵای بچووکی ورد بۆوە. بریندار نەبووبوو بەڵام خۆی بەپێوە نەدەگرت. دایە گوڵێ لە باوەشی گرت. «ئەوە کایەیەکی ترسناکە» هەر دوو دەستی لەمل ئاڵاند و بەخۆیەوە نووساند. ئەوسا بەرزی کردەوە و بردیە ژوور.

لاس سیوای لە راموسانی دارەکە بووبۆوە. وەک دڵدارێ بلاوێنێتەوە، دەستی بەشان و ملیدا دەهێنا. ئەو دیمەنە و بیرەوەری منداڵی لاس ئارامی لەدایە گوڵێ بڕی: «ئیتر بەسە... ئیتر بەسە.». چەند جار ئەو دوو وشەی لەبەر خۆیەوە گوتەوە. لاس وەک ئەوە بیستبێتی وازی لە دارەکە هێنا و وەک جودابوونەوە لە کێلی پیرێک چەند هەنگاو پاشەو پاش لێی کشایەوە. ئەوسا بەرەو پلیکانەکان لە چاوی دایە گوڵێ ون بوو.

– «بیری خاڵە نایەر کەوتبوویتەوە؟» دایە گوڵێ بەمیهرەبانییەوە ئەوەی لێ پرسی.

لاس لە ژوور سەری هیوا، کە هێشتا هەڵنەستابوو، دانیشت. ئاخێکی قووڵی هەڵکێشا و گوتی: «خاڵە نایەرت وە بیر دێتەوە؟»

دایە گوڵێ لە توانجەکەی نەڕەنجا. لە کاتێکدا بەلاچکی چارۆکەکەی فرمێسکەکانی دەسڕی، گوتی: «لەوەتی تۆ گەڕاویتەوە هەموو شەوێک خەونی پێوە دەبینم»

لاس ئەگەر تا دوێنێکەش ئەو قسەی لێ ببیستایە، داوای لێ دەکرد خەونەکانی بۆ بگێڕێتەوە، بەڵام هیچی نەگوت. دایە گوڵێ درێژەی پێ دا: «لێم تووڕەیە. شەو نییە بەدڵئێشاوی لێم جودا نەبێتەوە».



لاس سەری هەڵبڕی و لە چاوی ورد بۆوە. دایە گوڵێ ئارام فرمێسکی دەڕشت.

«ئیمشەو پێم گوت هەرچی ئەو بیەوێ بەقسەی دەکەم. بەمەرجێ لە راستییەکم بگەیەنێ».

لاس بەدەم زەردەخەنەیەکی تاڵەوە ئارام گوتی: «تازە من و تۆ لە هیچ ڕاستییەک ناگەین».

دایە گوڵێ بەری کوڵی گریانەکەی پێ نەگیرا. بەدەم هەنیسکەوە گوتی: «من ڕەنگە. بەڵام تۆ.. نا. تۆ چارەنووست لەوەدایە لە هەموو ڕاستییەک بگەیت».

ئەوسا هەر ئەو رۆژە ئەگەر چی لاس کەمتر لە رۆژانی پێشوو ئارەزووی بیستنی بوو، کەوڵی بیرەوەرییە تاڵەکانی بۆ بڵاو کردەوە.

دایە گوڵێ درەنگتر لە زۆربەی خەڵکی گەڕەک بەکەین و بەینی نێوان فەرخە و خانزادی زانیبوو. ئەو ساڵە لە هەموو ساڵێک زیاتر ئومێدی بەبەروبوومی مووچەکەیان بوو. ئەگەر چی پێشتر گوتبووی، دوا مێردی وەک وسوو ئاغا و کوڕی وەک لاس ئیتر هیچ شتێک بەژیان و خۆزگەو بریایەوە نایبەستێتەوە، بەڵام ژیان و راستیەکانی ئازاتر بوون. سەرتا بەو پەڕی قیرسیچمەیی ژنانە و دایکانەوە پێی لە بۆچوونەکەی دادەگرت و دەیگوت: «تازە دوا ئەوان و دوا ئەو عومرەی لەگەڵ ئەوان بەسەرم برد، بوون و نەبوونی من چی و چی دێنێ؟» دەیگوت: «چی دەتوانێ برینی ئەو کۆستانەم ساڕێژ بکات و کۆتایی بەم ئازارەم بێنێ؟»

رۆژان دەهاتن و دەچوون و ئەم سرتە و چپانەی دایە گوڵێ لەگەڵ خۆیدا زیاتر دەبوون. بەتووڕەیی و دەمارگرژییەوە دەیگوتن و بەڕق و بێزارییەوە پێی لەسەرە دادەگرتن. ئەم کێشەیەی لەگەڵ خۆیدا دیاردەی تەسلیم بوون و ملدان بوو. زەمان دڵۆپ دڵۆپ فەرامۆشی بەسەر برین و ئازارەکانیدا دەڕژاند. دایە گوڵێ هەستی بەوە دەکرد و لە پارسەنگیدا بیرەوەرییەکانی دەبوونە نارنجۆکێک و هەموو ساتێک لە مێشکیدا دەتەقینەوە. ڕوخساری مەرگیان – مەرگی ئاواتە خوازی – پێ دەنواند. بەڵام لەوەدوا هەر ئەو بیرەوەرییانە دەبوونە هۆی زیندوو مان و دنەی جووڵە و بزووتنیان دەدا. بیرو بۆچوونی نوێ لە کۆنە بۆچوونەکانی دەڕاسان. بەخۆی دەگوت: «ئەوە گریمان منیش مردم، ئەی لە دوا من فەرخە چی بەسەر دێ؟ خانزاد روو لە کوێ دەکا؟ یادگار... هیوای بەستەزمان...؟» بیری

دەکەوتەوە کە خاوەنە. خاوەنی چەند کەسێکی زیندوو. خاوەنی زەوی و ماڵ و دار و بەرد و گڵ. بیرکردنەوە لە بێ خاوەنییان، لە بێ دایکی فەرخە. لە بێ دایکی هیوا کە کوتێ گۆشتی بزۆک بوو، لە بێ کەسی خانزاد و یادگار و هەموو شکۆ ڕاست و خەیاڵییەکەی بنەماڵە هەراسانی دەکرد. ترس هێرشی بۆ دەهێنا. ترسی دابڕان لە گشت ئەو کەسانە و ئەو شتانە کە خاوەنیان بوو. ترسی دابڕان لە ژیان، لە شێوەی ترسی ڕووخانی ماڵەکەی، هەڵیدەکوتایە سەر گیانی پەرۆشی؛ ئەوسا وەک ئەوە مان و نەمانی بەدەست خۆی بووبێ، بڕیاری دەدا: «نا... نابێ بمرم... نابێ خۆ لەو ئەرکە قورسە بشارمەوە. نابێ بەجێیان بێڵم و پشتیان لێ بکەم...» ئەم بڕیارە هێز و توانای پێ دەبەخشی. توانای تەقەلا بۆ ژیان و زیندوومانی پێ دەبەخشی. تەنیا شتێک کە ئەژنۆی بەبڕیارەکەی شل دەکرد، بیری مەرگی لاس بوو. هێشتا خەمی مەرگی لاس ئەوەندە گران بوو چۆکی بەهەموو بڕیارێکی دەدا. هەستە ئاڵۆزەکانی دەرخۆنەیان لەسەر دەیان پرسیار پێ هەڵدەدایەوە. سەرەکیترینیان ئەوە بوو «کێ دەڵێ لاس مردووە؟» پێشتریش بڕوای بەمەرگی لاس نەبو؛ بەڵام خەڵک پرسیارەکەیان لێ دزیبۆوە. شیوەن و گریان، دڕدۆنگی کردبوو. دووری و بێ سەروشوێنی لاس، ئاڵای تەسلیمبوونی پێ هەڵکردبوو.

دایە گوڵێ وردە وردە ئاڵاکەی دانەواندەوەو وەک کوتێ پەڕۆی چڵکن فڕێی دا. ئەوسا لەحاست تەسلیم بوونەکەی خۆی یاخی بوو. ڕەنگە زیاتر لەبەر ئەوە بۆ مانەوەی پێویستی بەو یاخیگەرییە بووبێ: «دڵنیام ڕۆژێ لە ڕۆژان لاس دەگەڕێتەوە». زەمانێک ئەوەی بەگوێی خانزادا چرپاند کە ئەو لە هەمیشە زیاتر بڕوای بەنەهاتنەوەی بوو. یان ئاواتی نەهاتنەوەی دەخواست. زەمانێک کە خانزاد موڵک و میراتی لاسی پێشکەش بەفەرخە کردبوو. خانزاد لەو قسە داچڵەکی و سەرسام بوو. بەگریانەوە لە ژوورەکەی دایە گوڵێ بەسەرسوڕمانەوە شوێنی کەوت. خانزاد دەرکەی ژوورەکەی خۆی لە پشتەوە گاڵە دابوو. دایە گوڵێ لە پشت دەرکە داخراوەکە دانیشت و گریا. هەر لەوێش بەخۆی گوت: «حەق نییە لەوە زیاتر ئەم ئافرەتە ئازار بدەم».

بۆ شەوێدا دوور لە چاوی خانزاد بەفەرخەی گوت: «لەدڵم گەڕاوە ڕۆژێ لە ڕۆژان لاس دەگەڕێتەوە»

فەرخە بەهەمان ترس و سەرسامی خانزاد بەڵام بێ پەرواتر گوتی: «تۆ ئەوەندەی لەگەڵ مردووەکاندا دەژی، نیو ئەوەندە لەگەڵ زیندووەکاندا ناژی».



دایە گوڵێ لەو قسە ڕاچەنی. بەتووڕەیی و بێزارییەوە گوتی: «لاس نەمردووە»

ئەو شەوە هیچی تری نەگوت بەڵام شەوانی دوایی بیری کردەوە، ئایا لەگەڵ زیندووەکاندا نەژیاوە و بەخەمیانەوە نەبووە؟ تازە دەیزانی فەرخە کاتی ژن هێنانیەتی. پێشتر تەنانەت ئەو دەمە کە چیرۆکی فەرخە و لەیلا جووە بەسەر زاری خەڵکەوە بوو، بیری لەوە نەکردبۆوە. شەوێک لای خانزاد پێی گوت: «کوڕم کاتی ئەوە هاتووە بیر لە ژن هێنانی تۆش بکەینەوە».

نیگا پڕ پرسیارەکانی خانزاد و فەرخە بۆ یەکتر، سەرنجی ڕاکێشا. بەڵام بیری بۆ هیچ شتێکی نائاسایی نەچوو. یان ئەگەر بیری بۆ شتێکیش چووبێ بەدڵی نەبوو، خۆی لێ دەرباز کرد.

دایە گوڵێ چەند جاری تریش فەرخەی بیری ژن هێنان خستەوە. بەڵام ئەو هەموو جارێک بەتووڕەییەوە قسەکەی پێ دەبڕی. دایە گوڵێ هۆی ئەو حاڵەتەی بەنەبوونی و دەست تەنگی فەرخە دەزانی. بۆیە بەدڵ ئاوڕی لەمووچە و مەزراکەیان دایەوە و بەنیوەکارەکەی گوت: «ئومێد بەخوا داهاتی ئیمساڵ بەشی ژنی فەرخە دەکا».

کەس نەیزانی ڕازی ئەو تاوانە کە لە ژێر سێبەری ماڵی وسوو ئاغادا دەکرا چۆن بەناو کۆڵان و گەڕەک و بەشێک لە شاردا بڵاو بۆوە. خەڵک دەیانگوت بۆگەنی ئەوەندە زۆرە، تەنانەت لە درزی دەرکە و دەلاقەکانیشەوە هاتووەتە دەر. زۆربەی خەڵک زۆر شتیان دەزانی و بێ داخ و مەخابنێک، تەنانەت زۆر کەس بەخۆشحاڵیشەوە بۆیەکتریان دەگێڕایەوە. ڕەنگە تەنیا کەسێک کە هێشتا هیچی نەدەزانی و خەڵک پێیان وابوو دەیزانی و خۆی لێ نەبان دەکا، دایە گوڵێ بوو. ئەویش ڕۆژێک وەک هەواڵێکی ئاسایی بیستی.

ئەوەی پێی گوت، سەری لەوە سووڕمابوو کە بۆ بە بیستنی چراغپا بوو بەرەو ماڵەوە ڕای کرد.

دایە گوڵێ بەدرێژایی ڕێ خۆی دەڕنی و دەگریا. ئەوەی بەدەم گریانەوە دەیگوت کۆمەڵێ وشەی پچڕ پچڕی بێ واتا بوون کە خۆشی تێیان نەدەگەیشت. دەروازەی حەوشە لەناوەوە داخرابوو. وەک ئەوە پێشتر کاری وا نەکرابێ، لە ئان و ساتدا بڕوای بەتاوانەکە هێنا. دەبوو دەروازەکە بەر شەق بدا و بیشکێنێ؛ بەڵام ئەوەی نەکرد. لە کۆنە ماڵەکەی خات حەلاوی دایکی خانزادەوە بۆ بانی ماڵی خۆیان چوو. لەوێوە بە هەورەبانەکەدا داگەڕا.

پێڵاوەکانی فەرخە لەپشت دەرکەی ژووری خانزاد بوون. بەهەموو هێزی دەرکەی کردەوە. بەپێچەوانەی بیرکردنەوەی، خانزاد و فەرخە ڕووت نەبوون. تەنانەت دوور لەیەکتر، هەر کەسە و لەسووچێکی ژوورەکە دانیشتبوون. دایە گوڵێ وەک ئەوە لە باوەشی یەکتردا گرتبنی ئەوەندەی تریش دەهری بوو. چاوی لێ دەرپەڕاندن و شالاوی بۆ خانزاد برد. لەوەدوا خانزاد باخەیەک قژی خاو بوو بە پەنجەی ئەوەوە هەڵدەسووڕا. ژوورەکە پڕ بوو لە قیژە قیژ و هاوار هاوار. فەرخە کە ماوەیەکی زۆر وەک ئەوە تفەنگی بەرەو روو گیرابێ پشت بەدیوارەکەوە حەپەسابوو، ناچار هۆمەنی بۆ دایکی برد و باوەشی پێدا کرد. دایە گوڵێ بێ ئەوە ببینێ خۆی لە باوەشی راپسکاند و خانزادی راکێش راکێش بەرەو دەرکە برد. هیوا و یادگار کە تازە لەخەو هەستابوون، هاتبوونە داڵان و دەگریان. دایە گوڵێ گوێی بەئەوانیش نەدا و بەرەو بانیژەکە چوو. دەنگە دەنگ و هەراو هوریا لە مەیدانێکی بەرینتردا بڵاو بۆوە. بەڵام کەس بەئاشکرا نەهاتە سەیر کردنیان. گوڕ و هێزی دایە گوڵێ لە تەواوبوون بوو. نەیدەزانی دەبێ چی بکا. ئەو داماوییە ئەوەندەی تریش دایچۆڕاند. پەنجەی لە قژە ئاڵۆزەکەی خانزاد دەرهێنا و وەک ئەوە بۆ گلاوکردنی بچێ خۆی بەداڵاندا کردەوە. فەرخە هێشتا لەوێ بوو. دایە گوڵێ بۆ یەکەم جار دەیدی پڕ بەهەموو دەمی هۆقێ تفی لە نێو چاوانی کرد و بەرەو بانیژە پاڵی پێوە نا. یادگار و هیواش لەوێ بوون و دەگریان. ئەوانیشی بەرقەوە دەرکرد و دەرکەی لەسەر هەموویان داخست. ئەوەی ئەوان لە بانیژەوە بیستیان تەنیا چەند وشەی رەق و قورس بوو: «بڕۆن گوم بن... بڕۆن بمرن...».

لاس لەگەڵ دواهەم گوتەکانی دایە گوڵێدا هەستایە سەر پێ و بەدەم هەستانەوە، هەستی بەسەرە گێژە کرد. لەوانە بوو بکەوێتە زەوی. بۆ ساتێک چاوی قووچاند و خۆی بەپێوە ڕاگرت. کە چاوی هەڵێنایەوە ماڵەکە دوو کەڕەت ئارام بەژوور سەریەوە سووڕایەوە و ڕاوەستا. ئەوسا بەرەو دەرکەی ژوورەکە چوو. پێش ئەوە دەست بۆ کردنەوەی درێژ بکا. هیوا لەو دیوەوە کردیەوە کە لاسی دی، کشایەوە و ڕێگەی چوونەدەری دا. لاس لێی ڕاما. بۆیەکەم جار و بەبێ هیچ هۆیەک بەزەیی پێدا هات؛ بەڵام تاقەتی درکاندنی نەبوو. ڕەت بوو لە سەر بانیژەکە ڕاوەستا تا ئەو کاتە بیری لە قسەکانی دایە گوڵێ نەکردبۆوە و لە مێشکیدا دووبارە نەبووبوونەوە. وەک مەحکوم بەمەرگێک دەستی لە ژیاندا شتبێ، هەستی بەئاسوودەیییەکی سەیر دەکرد. تەنیا پێی وزەی ڕاگرتنی لەشی نەمابوو. لەسەر سندووقێک دانیشت و چاوی لە دوورترین سووچی ئاسمان بڕی.

دەمەو ئێوارە بوو. خۆر ئەگەرچی لەوەوە دیار نەبوو، بەڵام بەدڵنیاییییەوە ئاوا نەبووبوو.



داوێنی ئاسمان، ئەوەندەی لە ژوور بانی خانووەکانی ئەو سەری کۆڵانەوە دیار بوو، زەردێکی خەزانی بوو کە لە خۆڵەمێشییەکی شینباودا دەتوایەوە. تەنیا خۆزگەیەک لەو کاتەدا لە دڵ گەڕا ئەوە بوو بتوانێ لە شوێنێک بەربڵاوترەوە لە ئاوابوونی خۆر بڕوانێ. ئەو خۆزگە دواهەم دیمەنی خۆرئاوابوونی لە پشت ساڵانی دیلییەوە لێ ژیاندەوە.

خۆرێکی کز بۆ پشت زنجیرە چیا سپی پۆشەکان دەخزی. لەسەر تاشە بەردێک – کە سەری لە بەفر دەرهێنابوو – دانیشتبوو و تفەنگەکەی وەک چڵە دارێک بێ کەڵک بەبەردەکەوە هەڵپەساردبوو. دەرفەت وەک هەمیشە کەم و هاوڕێکانی پشت لە ئاورووچکەکە چاویان لە زاری بڕیبوو. هاڵاوی دەمیان تەنکە هەورێکی بچووک بوو، بەری خەم و بێ دەرەتانی روخساریانی گرتبوو. لاس ئاگای لەوان بڕابوو لە ونبوونی دواهەم گزنگەکانی دەڕوانی. شەوێکی سارد و سەخت بەڕێوە بوو. هەستی بەقورسایی ساتەکانی دەکرد. ئەوەی لەهەموو شتێک زیاتر ئازاری دەدا هێرشی پرسیاری هاوڕێکانی بوو.

– «بڕیار بدە لاس. خۆت ساغ بکەوە چی دەکەی؟»

– «دەبێ چی بکەم؟» لە ڕووی بهاتایە پڕ بە گەرووی هاواری دەکرد و پرسیارەکەی بەرەوڕووی شاخەکان دەکردەوە. «دەبێ چی بکەم؟»

هیچ وەڵامێک بەهانای پرسیارەکەیەوە نەدەهات. چارەنووسی سێبەرێک بوو لە رەشایی سەرەتایی شەوەکەدا دەتوایەوە.

«خۆت ساغ بکەوە لاس. لەگەڵ ئێمەی یان لەگەڵ ئەوان؟»

لەدوا هەرەسەکەوە نزیکەی دوو مانگ بوو لەگەڵ جەماعەتێک تفەنگچی بەشاخەوە بوون. لە ئیمشەوەوە دەبوون بەدوو دەستە. دەستەیەک کوردی ئێراقی کە بەرەو شۆرەوی دەچوون و دەستەیەک کە بەرەو کوردستانی ئێراق دەڕۆیشتن. لاس وەک کوڕی حەقایەت لەسەر دوو ڕێیانێک بوو. دەبوو یەکێکیان هەڵبژێرێ؛ یان پاشەو پاش بگەڕێتەوە. لەماوەی ئەو دوو مانگەدا بڕیاری نەگەڕانەوەی دابوو. هاوڕێکانی، بەتایبەت ئەو بەشە کە بەرەو ئێراق دەچوون و ناسیاوتری بوون، زۆریان بۆ هێنا. ناچار نیگای لە خۆراوا و ریزە چیاکان هەڵکەند و ئارام هەستایە سەر پێ: «لە یەک دانابڕێین. لەگەڵ ئێوە دەبم».

ئەوە زیاتر لەوەی بڕیار بێ پێمل بوون بوو. هەر ئەو شەوە ماڵاواییییان لە دەستە کەی تر کرد و لێیان جودا بوونەوە. بۆ بەیانیدا لەکاروانە سەدان کەسییەکەیان هەر دەپانزە تفەنگچی کورد و هەشت نۆ ئەفسەری فارس مابوون. یەکیان پێش لە ڕێکەوتن کۆی

کردنەوە و بۆ ورە پێ بەخشین یان ورە لێ وەرگرتنیان گوتی: «بە دڵنیاییەوە حوکمەتی مەلیک کاری پێمان نابێ».

لاس دڵی بەقسەکانی نەدا. بەڵام بیستی کە داوایان لێ دەکا لە ژیانی تازەیان و لە غەریبایەتی وەک دەستە برایەک ئاگایان لە یەکتر بێ. ئەو بڕیار و بەڵێنە بەلایەوە ئەوەندە منداڵانەو گەوجانە بوو کە پێکەنینی پێ دەهات.

قورسایی دەستێک لەسەر شانی وەخۆی هێنایەوە و سەری پێ هەڵبڕی. دایەگوڵێ بەژوور سەریەوە بوو. دەستی لەسەر شانی لابرد و بەلاڕوومەت و لاملیدا هێنا. موچڕکەیەک لە گیانی لاس گەڕا و پێچ و خولێکی ئارامی بەلەشی دا. دایە گوڵێ هەستی پێ کرد. سەری بەسنگی خۆیەوە نووساند و ڕوومەتی لە کڵاو و مێزەرەکەی هەڵسوو:

– «کوڕە بێ تاوانەکەم».

هەردووکیان لەپڕمەی گریانیان دا.

«کوڕە بێ تاوانەکەم» ئەوەندە نزم بەگوێیدا دەیچرپاند کە هیواش نەیدەبیست. هیوا بەو لاوەتر لەناو داڵانەکە ڕاوەستابوو سەیری دەکرد. لاس لە باوەشی دایە گوڵێدا لەشی بەدەم هەنیسکەوە دەلەرایەوە.

«کوڕە بێ تاوانەکەم» لاواندنەوە پەیتا پەیتاکەی دایەگوڵێ، هەرجارەو بەرزتر لە کەڕەتی پێشوو، خامۆشی و بێدەنگی سەرەتای حەوتەمین شەوی گەڕانەوەی لاسی دەشکاند.

– «کوڕە بێ تاوانەکەم.. کوڕە بێ تاوانەکەم.. کوڕە بێ تاوانەکەم...»

هیوا ڕەنگە لەترسی ئەوە لە بیر دایکی چووبێتەوە، لێیان چووە پێش و لەیەک جودای کردنەوە. ئەو شەوە دەبوو یەکەم شەوی گەڕانەوەی لاس بێ بەڵام دواهەم شەو بوو.

– «لە ئیمشەو زیاتر لێرە نامێنمەوە». لاس بەشێوەیەک ئەوی بەدایە گوڵێی گوت، لەوە دەچوو لەپێش گەڕانەوەیەوە بڕیاری دابێ زیاتر لە حەوتوویەک نەمێنێتەوە.

دایەگوڵێ هێشتا کوڵی گریانی خاو نەبووبۆوە. بێ ئەوە لە قسەکەی داچڵەکێ گوتی:

– «بۆ کوێ دەڕۆی؟»

لاس خەریک بوو بڵێ: «هەر شوێنێک جگە لێرە» بەڵام گوتی: «نازانم».

دایە گوڵێ ئەو وەڵامەی بەلاوە سەیر نەبوو؛ بەو حاڵەش گوتی: «چۆن نازانی؟»

لاس بەسەر سووڕمانەوە گوتی: «بۆ دەبێ حەتمەن بزانم؟»



بەدرێژایی ئەو شەوە بیری لە وەڵامی پرسیارەکەی خۆی کردەوە. هەرگیز بیری لە بۆ کوێ چوون نەکردبۆوە. گرینگ بڕیارەکە بوو کە دابووی. دەبوو بڕوا. لێرە هیچ کارێکی نەمابوو. ڕەنگە لەهیچ شوێنێک کاری نەمابێ و چارەنووسی لە ئێستاوە کۆتایی هاتبێ؛ کەواتە دەبوو ژیانیشی کۆتایی پێ بێ. مەرگ! هەستی بەنزیکایەتییەکی سەیر لەگەڵ مردندا دەکرد. مەرگ هەمیشە ترسناک بوو، بەڵام ئەمجارە ترسێکی شیرین. وەک ترسی ژوانگە. ترسی بینینی دڵدار.

مەرگ پێی نامۆ نەبوو. هاوڕێی پانزە ساڵەی بوو. لە شەوی شارسووتانەوە ناسیبووی. لە هەموو شەڕەکاندا، لە ڕۆژی هەرەسەکەدا و هەموو ئەو ڕۆژانەی پێش گەیشتن بەسلێمانی لەگەڵیدابوو. تەنیا لەوێ بۆ ماوەیەکی کەم لێی جودا بووبۆوە. پێی وابوو لە پشت وارشەی شارەوە بەجێی هێشتووە و خۆی لێ شاردۆتەوە. بەڵام لە ڕۆژی گیرانەکەیەوە دیبوویەوە. لەو ڕۆژەوە کە ئەفسەرە ئێراقییەکە کەلەپچەی کردبوو، گوتبووی: «کوڕی باش حەق نەبوو لێرەش تێ هەڵچیتەوە. ئێستا پێت خۆشە کامان بتکوژین، ئێمە یان پۆلیسی ئێران؟»

لەو ڕۆژەوە شان بەشانی ژیابوو. لە ژوورێکدا لەپاڵییەوە دانیشتبوو چاوی لە کونی ئاسمان لە پشت شەش مێلەی ژەنگ گرتووەوە، بڕیبوو. لە پاڵیدا خەوتبوو، خەونی دیبوو، بەئاگا بووبۆوە و بیری کردبۆوە. بەڵام لەهەموو ئەو ماوە دوور و درێژەدا بەقەدەر ئێستا هەستی بەنزیکایەتی لەگەڵیدا نەکردبوو. مەرگ...

بەیانی پێش ئەوە ڕێکەوێ بەدایە گوڵێی گوت: «دەڕۆم بمرم».

دایە گوڵێ پێش ئەو قسەش دەگریا. لاس بیری کردەوە. لێرە پانزە ساڵ لەمەوپێش مردبوو. گوتی: «بۆ ئەوە پێت دەڵێم کە ئیتر چاوەڕوان نەبی».

# هەشت

حەوت شەو و رۆژ بوو باوکم گەڕابۆوە و من هێشتا نەمدیبوو. ئەوەی راستی بێ لەو ماوەدا بەبێ هۆ خۆم لە بینین و ناسینەوەی دزیبۆوە. ئەم بەیانییە کە لە خەو هەستام و وەک هەموو بەیانییەکی تر پەردەی ژوورەکەم لادا، خەیاڵێک کە دەتگوت لەگەڵ گزنگی کز و لاوازی خۆرەکە هەڵیکوتاوەتە ژوورەکەم، پەنجەی لە مێشکم گیر کرد: «دەبێ هەر ئێستا بڕۆم و بیبینم». بەپێچەوانەی رۆژانی پێشوو هیچ بیرێک بۆ پاشگەز بوونەوە لە بڕیارەکەم، بەمێشکما تێنەپەڕی. لە کاتێکا دیمەنی درەختە شان کزەکەی حەوشە روانینمی قۆستبۆوە، خەیاڵەکە سەرتاپای مێشک و ئەندێشەمی داگیر کرد. بە گران و تەنیا بەئومێدی دیتنی باوکم لە بەر پەنجەرەکە هەڵکەندرام. گورجێ جل و بەرگم لەبەر کرد و وەک هەمیشە لە حاست ئاوێنەکە راوەستام. دەمم بۆ زەردەخەنەیەک کردەوە. ئەوسا لە بەر خۆمەوە گوتم: «بەخێر بێیتەوە بابە». هیچ کەس لەو دیو ئاوێنەکەوە وەڵامی نەدامەوە و باوەشی بۆ نەگرتمەوە. بەهەمان زەردەخەنەوە درێژەم دایە: «ببوورە زووتر نەهاتم». تەقەی دەرکە رووی لە ئاوێنەکە پێ وەرگێڕام. هێرۆ لە ناو دەرکەکەدا بوو. بەپێچەوانەی رۆژانی پێش ئەو بێدەنگییە قورسەی ناو ماڵ، کز و لارەمل بەترس و شەرمەوە گوتی: «دایکم دەڵێ درەنگە بۆ قوتابخانە».

ڕەنگە هەر لەبەر ئەوەی ترسەکەیم لێ تاراندبێ چوومە پێش دانەویمەوە و ماچم کرد. ئەوسا نیگام لە چاوە چکۆلەکانی بڕی و گوتم: «واهاتم».

لە پێش هێرۆ لە ژوورەکەم چوومە دەر. مامە فەرخە وەک شەش بەیانی لەمەو پێش لەسەر جێگەکەی – کە هێشتا هەڵنەگیرابوو – دانیشتبوو لە خورێنی جگەرەی دەکێشا. بەیانی باشم لێ کرد و بێ ئەوە سەر هەڵبڕێ وەڵامی دامەوە. نەمتوانی بۆ جارێکی تریش بیر لەحاڵ و رۆژی نەکەمەوە و بەزەییم پێیدا نەیەت. دەرکەی هۆڵەکەم کردەوە و بەرەو حەوشە چووم. پێش ئەوە لە حەوشە بچمە دەر دەنگی دایکم رایوەستاندم: «بۆ کوێ یادگار؟»

ئاوڕم لێ دایەوە. لە ئان و ساتی لێ ڕوانینیدا تەنگەتاوی و سەرسامی رۆژانی پێشووم



بەروخسارییەوە نەدی. پێم وابوو خەریکە خوو بەخەمەکەی دەگرێ. بێ ئەوە پرسیارەکەیم بیستبێ بەخۆشییەوە گوتم: «باوکم گەڕاوەتەوە...».

لە پێش گەڕانەوەیەوە چاوەڕوانی بووم. چەند رۆژێک بوو زیاتر لە هەمیشە بیرم لێ دەکردەوە. ڕەنگە بەهۆی قسەکەی دایە گوڵێوە بووبێ کە گوتبووی: «کوڕم یادگار! خەونم بەباوکتەوە دیوە».

بە خۆشحاڵییەکەوە گوتی کە پێم وابوو دەڵێ: «کوڕم یادگار! باوکت گەڕاوەتەوە».

ئەگەر راستگۆ بوومایە دەبوو شان هەڵتەکێنم و بڵێم: «بە من چی دایەگوڵێ».

بەڵام لەبەر دڵی ئەو گوتم: «چ خەونێ دایە گوڵێ؟»

خەونەکەی بۆنەگێڕامەوە. لە بیری نەمابوو. بەڵام گوتی: «چاوەڕوانم بەم زووانە بگەڕێتەوە».

پێشتر قسەی وام لێ نەبیستبوو؛ بۆیە بەعەجایباتییەوە گوتم: «بگەڕێتەوە؟»

دایە گوڵێ لەسەر قسەکەی نەڕۆیشت. منیش هیچی ترم نەپرسی. تەنانەت تا شەو کاتی چوونە نێو جێ بیرم لێ نەکردەوە. بەڵام لەگەڵ کوژاندنەوەی چراکە و سپاردنی لەش و مێشکم بەتاریکییەکە، بیری باوکم کەوتمەوە. بیرەوەرییەکی وام لە خۆی نەبوو. تەنیا بیرم لەناوەکەی دەکردەوە؛ «لاس». ئەوەندە سووک بەسەر زمانما دەهات کە پەیتا پەیتا دەمگوتەوە: «لاس... لاس...لا...س».

ڕەنگە بەرز گوتبووم بۆیە داچڵەکیم. نەکا دایکم و مامە فەرخە لە ژووری خۆیانەوە گوێیان لێ بووبێ؟ «لاس...».

«س»ەکە ئەوەندە تیژ بوو دیوارەکانی دەبڕی. وەک «س» بیسمیلا کە بەمنداڵی کاتی ڕەتبوون لە شوێنی تاریک دەیانگوت و هەر ئەوتاقە پیتە دەبیسترا. حەزم کرد جارێکی تریش بیلێمەوە. «لاس» دیسانەوە «لاس...لاس...لاس»

بۆ ناو جێ کایەیەکی ناخۆش نەبوو. کەواتە «لاس...لاس...لاس...».

ئەوەندە بەرز دەمگوت کە دڵنیا بووم دەیبیستن. چاوەڕوانی ئەوە نەبووم یەکیان دەرکەی ژوورەکەم بکاتەوە و بڵێ «ئەوە لاس، لاسی چیتە». دڵنیا بووم ئەگەر تا بەیانیش پڕ بەقوڕگم هاوار بکەم لاس، دایکم و مامە فەرخە دەنگم نادەن؛ بەڵکو لە سووچێکی ژوورەکەیان هەڵدەترووشکێن و بەهەر دوو دەست گوێی خۆیان دەگرن و چاو لە بەر پێی خۆیان دەبڕن. نازانم بۆ پێم وابوو ئێستاش وایان کردووە؟ دەتگوت چاوم لێیانە. بەزەییم

پێیاندا هات و وازم لە گوتن هێنا. بەڵام لە دڵی خۆما هەر دەمگوتەوە. لەگەڵ گوتنەوەیدا بیرم بۆ قسەکانی دایە گوڵێش دەچوو. ئەو قسانە کە لە ساڵەها لەوە پێشەوە تا ئیمساڵیش بۆی گێڕابوومەوە. بیرم لە خاڵە نایەرێک دەکردەوە کە باوکم بەمنداڵی خۆشی ویستبوو. بیرم لە بەیتەکانی دەکردەوە کە دایەگوڵێ پچڕ پچڕ لە بیری مابوون و بۆی گێڕابوومەوە. بیرم لەوسوو ئاغا دەکردەوە کە من نەمدیبوو؛ یان ئەگەر دیبووشم لە بیرم نەمابوو. ئەگەر لە بیریشم مابوو بۆم گرینگ نەبوو. بۆیە بیرەکەشی زوو لە مێشکمدا ون دەبوو. بیرم لەدایکم دەکردەوە. لە مامە فەرخە و ژیانی پڕ لە چەرمەسەریان. کە هەموو کەس پێی وابوو من بەبیر لێکردنەوەی خەمبار دەبم. بەڵام من نەخەمم بەژیان و رابردوویانەوە دەخوارد و نەپێی شەرمەزار دەبووم. پێم وابوو هیچ پێوەندییەکی بەمنەوە نییە. ڕەنگە پێوەندیشی بووبێ، بەڵام من پێم وابوو نییەتی. تەنانەت پێم وابوو رابردوویان پێوەندی بەخۆشیانەوە نییە. پێم وابوو هەرکەس خاوەنی ئێستایەتی. هەر ئەوەندە و هیچی تر. لە هەموویان زیاتر بیرم لە هیوا دەکردەوە. لە ئێستا و رابوردو و ئایەندەی، کە هەر سیانیان هەر ئێستا بوو. لە هەموویان زیاتر بەزەییم بەوا دەهات. نەلەبەر ئەوە لە هەموویان زیاترم خۆش بوێ، لەبەر ئەوە لەهەموویان زیاتر پێویستی بەبەزەیی بوو. چونکا تێنەدەگەیشت کە پێویستی بەبەزەییە. ئەو شەوە بەیادی هیواوە خەوم لێ کەوت.

بەڵام بۆ بەیانیدا دیسان بیری باوکم کەوتمەوە. کە لە قوتابخانەش گەڕامەوە، دایکم یەکەورێ گوتی: «چیە ئیمڕۆ زۆر لە بیر و خەیاڵاتدای. هیچ ئاگات لە دەرەوەی خۆت نیە».

خەریک بوو بڵێم لە بیری باوکمدام، بەڵام نەمگوت. دەمزانی ئەگەر باسی باوکم بکەم، دایکم وەک هەواڵێکی ترسناکی بیستبێ، دادەچڵەکێ. ئەوسا دوا کەمێک لێڕامان سەری دادەخا و دەچێتە ژوورێکی تر. کە منداڵ بووم و باسم دەکرد، وای دەکرد. لە ژوورەکەی تریش دەگریا. منیش دەچووم و لەبەرامبەری دادەنیشتم و بەخەمەوە لێم دەپرسی: «بۆ باوکم دەگری؟»

ئەویش دوا ئەوەی تێر گریان دەبوو، دەیگوت: «بۆ خۆم دەگریم».

من نەمدەزانی بۆ کاتێ باسی باوکم دەکەم، ئەو بۆ خۆی دەگری. کە مامە فەرخە دەگەڕایەوە لێم دەپرسی: «بۆ هەر کاتێ باسی باوکم دەکەم، دایکم بۆ خۆی دەگری؟»



مامە فەرخە تووڕە دەبوو دەیگوت: «کە واتە باسی مەکە». بەڵام زوو خاو دەبۆوە و دەستی بەسەر و قژمدا دەهێنا و دەیگوت:

– «کوڕی باش دایکی ناگریەنێ».

منیش سەرم بۆ دەلەقاند. بەڵام دایکم بەتووڕەییەوە، وەها کە تازە بیری تووڕەبوونەکەی مامە فەرخە کەوتبێتەوە، ڕووی لێ دەکرد و دەیگوت: «بۆ لێی تووڕە بووی؟»

مامە فەرخەش وازی لە لاواندنەوەم دەهێنا و دەیگوت: «ئەو پیرێژنە فێری ئەکا».

ئەوسا بەهەڕەشەوە بەمنی دەگوت: «حەق نییە سەر بەماڵیدا بکەی».

دایکم دەیگوت: «نابێ رێ بڕی ماڵی دایکتی لێ بکەی».

مامە فەرخە دەیگوت: «ئەو دەیەوێ وای بار بێنێ نەهێڵێ ئێمە ئاسوودە بژین».

دایکم دەیگوت: «ئێمە هەرگیز ناتوانین ئاسوودە بژین».

ئەوسا لێیان دەبوو بەشەڕو مامە فەرخە دەچوو ئارەقی دەخواردەوە. دایکیشم کە بە ڕواڵەت لەسەر من هەڵقڕابوو لێم تووڕە دەبوو دەیگوت: «ئیمڕۆ چی تری بۆ باس کردووی؟»

من هەرگیز نەمدەگوت دایە گوڵێ بەخراپە باسی ئەوان ناکا، گەر چی بەخراپە باسی نەکردبوون. ئەسڵەن کەم جار باسی دەکردن. کە من دەچووم، لەگەڵ هیوادا کایەم دەکرد. دوائەوەش باسی دەرس و قوتابخانەمان دەکرد. باسی هاوڕێکانم، مامۆستاکان، باسی ئەو نمرانە کە وەرم دەگرت. باسی ئەوە کێ لە من زیرەکتر بوو؟ بۆ زیرەکتر بوو؟ هیچ هەواڵێک بەقەدەر ئەوە کە دەمگوت من زیرەکترین قوتابیم، دایە گوڵێی خۆشحاڵ نەدەکرد.

سەرم داخستبوو بەکۆڵانەکاندا دەڕۆیشتم. ئاگام لەدەرەوەی خۆم نەبوو. تەنانەت هەستم بەکزەی سەرماکەش نەدەکرد. هیچ شتێک سەرنجی ڕانەدەکێشام. تەنیا لە بیری ئەوەدا بووم دایەگوڵێ چۆن پیاوێکم نیشان دەدا و دەڵێ: «کوڕم یادگار! ئەمە باوکتە گەڕاوەتەوە».

یەکەم ڕۆژ لە قوتابخانە بیستم باوکم گەڕاوەتەوە. هاوڕێیەکەم لە کاتێکدا دەیویست تێ بگەم نایەوێ قوتابییەکانی تر بیبیستن، بەشێوەی پرسیارێک بەگوێمدا چرپاندی: «ڕاستە دەڵێن باوکت زیندووە و گەڕاوەتەوە؟»

لە پێشدا تێنەگەیشتم. کە دووپاتی کردەوە ماوەیەک رامام. نەمدەزانی دەبێ چی بڵێم. راستە یان نا؟ بەوەدا کە حەوتوویەک بوو بیرم لێ دەکردەوە، دەمزانی راستە. بەڵام کەی و چۆن هاتۆتەوە؟ ڕەنگە ئەگەر منداڵ بوومایە پێم وابوایە بەسواری هەورەکان گەڕاوەتەوە و دەسکێک گوڵی شۆڕانی – کە نەمدەزانی چۆن گوڵێکە – هێناوەتەوە.

ئەو دەمانە پێم وابوو رۆژێک بەیانی یان دەمەو ئێوارە، لەناکاو لە سووچێکی ئاسمانەوە پەڵە هەورێکی سپی لە شێوەی ئەسپ دەردەکەوێ و بەرەو شار دەئاژوێ. ئەوسا لە سەر ئاسمانی شار رادەوەستێ. خەڵک دەبینن لەماڵ و دووکانەکانیان دێنە دەر و دەستی بۆ هەڵدەتەکێنن. ئەویش ملی ئەسپەکەی شۆڕ دەکاتەوە و بەرەو زەوی دێتەخوار. کە دەگاتە مەیدانی ناوەڕاست شار لە ئەسپەکەی دادەبەزێ و خەڵک لە باوەشی دەگرن. بەڵام ئێستا بەپرسیاری هاورێکەمدا دەمزانی بەدزیەوە هاتووەتەوە و وا چاکە کەس بەهاتنەوەی نەزانێ. ئەگەر منداڵ بوومایە ڕەنگە پێم وابوایە لە ترسی ئەوەی پاسەبان بیگرن خۆی ئاشکرا ناکا. دایە گوڵێ گوتبووی: «خەڵک وەک چاوی خۆیان باوکتیان خۆش دەویست؛ بەڵام ئەمنیە و ژاندارم رقیان لێی بوو».

هاورێکەم هێشتا چاوەڕوانی وەڵام بوو. نەمدەزانی ئەبێ چی بڵێم. بۆ ئەوە زیاتر لە سەری نەڕوات گوتم: «ئەرێ راستە».

هاورێکەم گوتی: «کە واتە خۆشت دیوتە. چاو و دڵت ڕوون».

گوتم: «ئەرێ، ئەی چۆن نەمدیوە».

تێ دەکۆشام لەو خۆشحاڵتر بم. بەڵام نەمدەتوانی. لەو بیرەدا بووم چۆن کۆتایی بەو باسە بێنم، هاورێکەم پرسی: «چۆن پیاوێکە؟ قەدو بالای، روخساری؟»

هیچم دەربارەی نەدەزانی. بەلای منەوە باوکم رەسمێک بوو لە سنگ بەرەو ژوور، رۆژێک لەسەر تاقی ماڵی دایەگوڵێ و رۆژێک بەقەدی دیواری ماڵی خۆمانەوە. رۆژێک لەناو مجریبەکەی ژێر خان و رۆژێک لە چەمەدانەکەی دایکمدا. لەهەر شوێنێک بوو دەچوومە لای و بەسەعات لێی ورد دەبوومەوە. دەمدواند، بۆی دەخنامەوە و تەنانەت جاروباریش بەسەریدا دەگریام. بەڵام ئەو هەمیشە سەر و سنگێک بوو کە رەپ لە پشت شیشەی قاپەکەیەوە چاوی تێ دەبڕیم و بەپێکەنین و گریانم هیچ شتێک لە روخساریدا نەدەگۆڕا.

ئەو رۆژەش لە قوتابخانە هەرچی بیرم لێ کردەوە هیچ شتێک لە روخساریدا – کە



بەدیواری مێشکمەوە هەڵواسرابوو – نەگۆڕا. هەرچی هەوڵم دا لە سنگ بەرەو خواریم نەدی و قەوارەی نەگرت. ئەو رۆژە ئەگەر چی لە هەمیشە زیاتر بیرم لە قەوارەی کردەوە، بەڵام هەستم بەوە کرد زۆر بەخەمی گەڕانەوە و نەگەڕانەوەیەوە نیم.

دوا عەسر وەک هەموو رۆژێکی تر چوومەوە بۆ ماڵ. کە دەرکەی هۆڵەکەم کردەوە مامە فەرخە مەیتێک بوو لەپاڵ دیوارەکەدا. ئەو سەری بۆ هەڵنەبڕیم، بەڵام دایکم وەک ئەوە خۆی لەدەستی نیگابانەکانی دۆزەخ راپسکاندبێ، بەوەها ترسێکەوە سەیری کردم کە ناچار، بێ سەلام و ئێوارەباش بەرەو ژوورەکەی خۆم هەڵاتم.

هیچ شتێک بەقەدەر ئەوە ناخۆش نەبوو هەزار بابەت بۆ بیر لێکردنەوەم بوو. بەڵام من بیرم لە هیچ شتێک نەدەکردەوە. نەمدەزانی بیر لە چی بکەمەوە. رووداوێکی تازە و تایبەت لە ژیانی خۆم و بنەماڵەکەماندا رووی دابوو. دایکم، مامە فەرخە، باوکم، دایە گوڵێ، هێرۆ و تەنانەت ڕەنگە هیواش، هەر کامە بەجیا و هەموویان وێڕای یەک دەستەو یەخەی ئەو رووداوە بوون. لەو ناوەدا تەنیا من نەمدەتوانی بیری لێ بکەمەوە. بیرەکانم بۆ رێکوپێک نەدەکرا. باوکم دوا پانزە ساڵ مردن، زیندوو ببووبوو و گەڕابۆوە. دەی؟ چی دەقەوما؟ دەیان وەڵام بۆ ئەو پرسیارە بوو، بەڵام من هەر لە خۆوە پێم وابوو هیچ ناقەومێ. بۆ پێم وابوو!؟ ڕەنگە لەبەر ئەوە لەناخەوە حەزم کردبێ هیچ نەقەومێ؛ یان لەبەر ئەوە نزیکەو ئیمتحان بوو، دەبوو خۆ بۆ کونکوور ئامادە بکەم و حەزم نەدەکرد بکەومە بارودۆخێکەوە لە دەرسەکانم دوا بکەوم. ئێستا دەزانم بیر کردنەوەیەکی منداڵانە بووە. خودی گەڕانەوەکە بۆ من رووداوێک بوو. باوکم گەڕابۆوە. باوک... باوک... باوک... ئەو شەوە کایەم بەو وشەیە کرد. باوک...باوک...باوک... ئەو وشە هیچ هەستێکی لە ناخمدا نەدەوروژاند. ڕەنگە لەبەر ئەوە زۆر کەم هەستم بەبێ باوکی کردبێ.

مامە فەرخە تەنانەت پێش لەوە دایکیشم مارە بکا، بەقەدەر باوکێک خۆشی ویستبووم. بەڵام نا؛ ئەو شەوە ئەگەر چی بەزەییم پێیدا دەهات، نەمدەتوانی رقیشم لێی نەبێ. زۆر بیرەوەری ناخۆش کە بەهۆی دەست درێژییەکەی ئەو بۆ دایکم و مارەکردنی بووم، لێم دەژیایەوە. ئەگەرچی ئەوبیرەوەرییانەش بەشێک لە ژیانم بوون. خەڵکی تریش بیرەوەری ناخۆشیان، تەنانەت لە باوکیشیان هەیە. هەرچی بیرم لە مامە فەرخە دەکردەوە، رواڵەتی ئێوارەیم دەهاتە بەر چاو. مەیتێکی داماو کە هەر دوو ئەژنۆی لەباوەشی گرتبوو سەری بەکۆشیدا شۆڕ کردبۆوە. ئەو دیمەنە رقی دەروونمی خاو دەکردەوە. دەمزانی لە دۆزەخی چ تاوانێکدا دەسووتێ.

بێدەنگییەکی سەیر زاڵ بوو. بەڵام من پێم خۆش بوو گوێم لە دەنگی دایکم و مامە فەرخە بێ. پێم خۆش بوو بزانم چی دەڵێن. چەند جار گوێم لە دەرکەکە نزیک خستەوە، کەچی هیچم نەبیست. دەتگوت من تەنیا مرۆڤی زیندووی ئەو ماڵەم. تەنانەت پێم وابوو تەنیا مرۆڤی زیندووی بنەماڵەکەشم. ئەگەر چی منیش بێدەنگ بووم و ئەگەر کەسێک گوێی بۆ ژوورەکەی منیش هەڵخستایە، هیچی نەدەبیست.

ئەو شەوە بێ شێو سەرم نایەوە. بەیانی هەستم بەخەمێکی قورس کرد. لەوە دەچوو خەونی ناخۆشم دیبێ و لەبیرم نەمابێ. بەوەڕزییەوە جلەکانم لەبەر کرد و چوومە دەر.

دایکم لە هۆڵەکە لەبەر ئاوێنەدا بوو. ئاوڕێکی کوتوپڕی لێ دامەوە پێش ئەوە روخساری زەردهەڵگەڕاوی سەرنجم راکێشێ، سرکەیییەکی رەش کە سەری پێ جەڕ دابوو نیگای قۆستمەوە. وەک هەموو بەیانییەکی تر بەیانی باشم لێ کرد. لە بری وەڵام بەدوور و درێژی سەیری کرد. لەوە دەچوو باوکمی دیبێ.

ئەوەندە خەمبار بووم تاقەتی دواندنیم نەبوو، بۆیە نیگام لێ دزییەوە و بەئارامی لە پەنایەوە رەت بووم. مامە فەرخە لە حەوشە لای باخچە بچووکەکە راوەستابوو. بەهەمان ئارامییەوە بەیانی باشم لەویش کرد. بێ ئەوە داچڵەکێ و وەک دایکم بتاسێ، وەڵامی دامەوە. لەو کاتەدا پێم وابوو بەم زووانە دەمرێ. دەرکەی حەوشەم کردەوە و چوومە دەر. لەکاتێکدا لە کۆڵانەکەوە رادەبووردم، بەخەیاڵ چوومە سەر گۆڕەکەی و گریام ڕەنگە ئەو خەیاڵەم بەدڵ نەبووبێ بۆیە وازم لێ هێناو کەوتمە بیری داهاتووەوە. داهاتوویەک کە لەدانشگاوە بۆ سەردانی ماڵەوە هاتبێتمەوە و ئێوارەیەک لەحەوشە بەمامە فەرخەم گوتبێ:
- «مامە بزانە کە جارێک لەسەر گۆڕی تۆش گریاوم».

مامە فەرخە کە ڕەنگە ئەوکاتە زۆر پیر بووبێ، بەدەم ئاخێکەوە بڵێ: «لەسەر گۆڕی هەمووومان دەگری».

ئەوسا من تێی گەیەنم کە مەبەستم بیر و خەیاڵی ئەم رۆژە بووە. ئەویش لە شەرمی ئەوە کە بۆ نەمردووە سەری شۆڕبکاتەوە بڵێ: «هەرگیز پێم وانەبوو دوا ئەو رۆژانەش ژیان بەبەریەوە دەمێنێ».

بەڵام من دەمزانی ژیان زۆری بەبەرەوە ماوە. ئەوەی لە هەموو شتێک زیاتر ئازاری دەدام، بینین یان نەبینینی باوکم بوو. پێم وابوو ئەو هەنگاوە ئارام و بەکاوە خۆیانەم بەرەو ماڵی دایەگوڵێم دەبەن. کاتێک بیری ئەوە کەوتمەوە کەزانیم بەنیازی چوون بۆ قوتابخانە



نەهاتوومەتە دەر. کتێبەکانم نەهێنابوون. ڕەنگە لە بیرم چووبێتن. دایکم و مامە فەرخەش بیریان نەهێنابوومەوە. کە واتە ئەوانیش پێیان وابووە بۆ دیدەنی باوکم دەچم. بەڵام من پێشتر بیرم لە چوون نەکردبۆوە و بڕیارم نەدابوو. چی بوو یان کێ بوو بەرەو ئەوێ پاڵی پێوە دەنام؟ هەستێکی نامۆ یان رەوتی ئاسایی چارەنووس؟ لەو کاتەدا لە هەمیشە کەمتر حەزم لە دیتنی باوکم دەکرد. هێشتا دەرفەتی ئەوەم بوو خۆم بۆ ئەو هەستە سەرزەنشت بکەم: «داوەشێی! باوکت دوا پانزە ساڵ مردن و دووری ژیاوەتەوە و گەڕاوەتەوە، چۆن نابێ بەرەو پیری بچی؟» سوور دەمزانی ئەوەقسەی دڵم نییە، بۆیە مێشکی داگیر نەکردم.

دەروازەی ماڵی دایە گوڵێ رایوەستاندم. هەستێک وەک ترس هەڵیکوتایە سەر دڵم. پێشتر ئەو هەستە کاتێ بەربینگی دەگرتم کە دەبوو سەر بەماڵ یان شوێنێکی نامۆدا بکەم. بیرم کەوتەوە، ئەو دەمانە زیاتر لە شەرما دەترسام. لەرادە بەدەر شەرمنۆک بووم و لە شوێنی نامۆ یان لای کەسانی نەناسیاو جێگەم نەدەبۆوە. بەڵام ئێستا لەبەر دەرکەی ماڵی دایە گوڵێدا بووم و کەسانی ئەو دیو دەرکەکەش ناسیاوترین و نزیکترین کەسەکانم بوون. ئایا ئەو ترسە بەهۆی باوکمەوە بوو؟ لەو حاڵەتە تایبەتە کە دەبوو یەکتر بناسینەوە و باوەش بەیەکدا بکەین و بەسەر یەکدا بگرین، دەترسام.

یەکەم بەیانیش تا بەر دەروازەکە چووبووم و هەر بەو شێوە دەستم بۆ کوتانی بەرز کردبۆوە، بەڵام هەمان ترس دەستی پێ کێشابوومەوە. خۆزگەم خواستبوو کە نەبەو کوتوپڕییە، بەڵکو ئارام و وردە وردە یەکترمان بگرتایەوە. ڕەنگە بەو ئومێدە سەیرەوە پشتم لە دەروازەکە کردبێ و دەم لە سەر پشت هەڵاتبێتم.

ئەو رۆژە نەچووم بۆ قوتابخانە. نیازی چوونەوە ماڵیشم نەبوو. دەمویست بەتەنیا بم. لەکوێ؟ بۆم گرینگ نەبوو. بەکۆڵانەکاندا بسووڕێمەوە، بەشەقامەکاندا بێم و بچم یان لە شار وەدەرکەوم؟ پێم وابوو پێویستە بەدرێژایی ئەو رۆژە بیر بکەمەوە لە باوکم و رۆیشتن و گەڕانەوەی، لە مامە فەرخە و دایکم. لە دایە گوڵێ و هیوا؛ بیر لە خۆم بکەمەوە. لەوەی کە دەبوو بچم بۆ لای باوکم یان نا؟ تا سەر شەقامەکە هەڵاتبووم لەوێ راوەستام و پشوویەکم دا. هەر دوو دەستم لە گیرفانی پانتۆڵەکەم ئاخنی. ناو بازاڕ ئەوەندە قەرەباڵغ نەبوو قووتم بدا. ئارام بەگوێ جۆگەلەی پیادەڕۆکاندا هەنگاوم نا. نەمدەزانی بۆ یەکەیەکە ڕێبوارەکان و تەنانەت دووکاندارەکانیش سەرنجم دەقۆزنەوە. هیچ ڕوومەتێکم نەدەبوارد. دەتگوت لە شوێن کەسێکی تایبەت دەگەڕێم. بەڵام لەڕاستیدا لە کەس نەدەگەڕام. خۆم لە

بیر و خەیاڵات دەدزیەوە. بۆ دەربازبوون لەو حاڵەتە، خۆم بەکۆڵانێکدا کرد. ئەوێ باشترین شوێن بۆ بیر کردنەوە بوو. لە کوێوە دەست پێ بکەم؟ بیرەکانم لەبەر هەڵدەهاتن. دەبوو شوێنیان کەوم. ئەوە تاقە هۆی خۆدزینەوەم لەماڵ و قوتابخانە بوو. شوێنیان کەوتم. لە کۆڵانێکەوە بۆ کۆڵانێکی تر. باوکم پانزە ساڵ لەمەوبەر مردبوو. ئەو دەمانە من سێ یان چوار ساڵانە بووم. هەڕەتی منداڵی و بێ عەقڵی. ئەوەی لەو دەمانە لە بیرم مابوو تەقەتەقی دوو کیسەڵ بوو کە خۆیان بەیەکتردا دەپەڵۆسی. نازانم ئەوە بیرەوەری کەی و کوێ بوو. تا ساڵەها پێم وابوو سەیری شەڕی دوو کیسەڵم کردووە؛ لەوەدوا بیستم «کیسەڵ ئەشقبازی و رابواردنی خۆی پێ ناشاردرێتەوە». بیرم کردەوە ئەو قسەم کەی و لە کوێ بیستووە؟ ڕەنگە ئەو ساڵە کە مامە فەرخە دایکمی مارە کرد.

یەکەم ساڵی قوتابخانەم بوو. عەسرێک لەبەر درەکی قوتابخانە تووشی مامە فەرخە بووم و بەخۆشییەوە گوتم: «نمرەی بیستم گرتووە».

مافە فەرخە دەستی بەسەرمدا هێناو گوتی: «هاتووم بەیەکەوە بچینەماڵەوە».

رۆیشتین بۆ ماڵێک کە ماڵی دایە گوڵێ نەبوو. دەمزانی دایە گوڵێ دەری کردووین، پێشتر گوتبووی دەبێ لەم ماڵە بڕۆن. گریام و گوتم: «دەچم بۆ ماڵی دایە گوڵێ، دەچم بۆ لای هیوا».

مامە فەرخە گوتی: «ئمشەو لێرە دەبین و بەیانی دەچینەوە بۆ لای هیوا».

دایکم کە من پێم وابوو ئەویش بۆ ماڵی دایە گوڵێ دەگری، بەتوورەییەوە بەمامە فەرخەی گوت: «پێویست ناکا بیخەڵەتێنین». ئەوسا بەمنی گوت: «ئیتر هەرگیز نابێ سەر بەماڵی دایە گوڵێدا بکەی».

بەڵام دوا چەند رۆژ لە کاتێکدا ئیتر نەدەگریا، بەچرپە پێی گوتم: «لەو رۆژەوە نەچووی بۆ ئەوێ؟»

هەموو رۆژێک دوا گەڕانەوە لە قوتابخانە بەسەر پێوە سەری ئەوێم دابوو، بەڵام گوتم: «ئەی تۆ نەتگوت نابێ سەر بەماڵیاندا بکەم؟»

دایکم گوتی: «ئەگەر پێت خۆش بوو جارو بار بچۆ». ئەوسا دیسان گریایەوە و گوتی: «ئەگەر لە ئێمەی پرسی بڵێ تاسەت دەکەن و بۆت دەگرین».

دایە گوڵێ گوتی: «با بۆ خۆیان بگرین».

دڵنیا بووم ئێستا دایکم و مامە فەرخە دەگرین. بەڵام نەمدەزانی دایە گوڵێ و باوکیشم



دەگرین یان نا. ڕەنگە ئەوان لە خۆشییا بگرین. لە خۆشی ئەوە دوا پانزە ساڵ چاویان بەیەکتر کەوتۆتەوە.

کۆڵانە و کۆڵان گەیشتبوومە دەرەوەی شار. هەتاو بەرز بووبۆوە. کزەی سەرماکە نەمابوو. ڕەنگە تا ئەو کاتە لەسەرما بیرم لە هیچ نەکردبێتەوە، بۆیە ئەوەم پێ خۆش بوو گوتم لە شوێنێک دانیشم و بەشێوەیەکی رێک و پێک بیربکەمەوە. خۆم گەیاندە ریزە درەختێک بەداوێنی ئاربەباوە.

پێشتر لەگەڵ دایکم و مامە فەرخە هاتبووم. لە بیرم بوو مامە فەرخە دەیگوت: «بەهاران بۆ دەرس خوێندن دەهاتمە ئێرە و بەژێر سێبەری ئەو ریزە دارەدا دەهاتم و دەچووم و دەرسم دەخوێند».

دایکم دەیگوت: «دەرست دەخوێند یان دەتخواردەوە؟»

مامە فەرخە دەیگوت: «خواردبێتیشمەوە بەخۆشی تۆوە خواردوومەتەوە».

ئەو ساڵانە پێم وابوو دایکم و مامە فەرخە یەکتریان زۆر خۆش دەوێ. لەوەدوا زانیم کە خوویان بەیەک گرتووە. لەو کاتەوە بەزەییم پێیاندا دەهات.

سەیری سەعاتەکەی دەستمم کرد. لەبەر دەرکەی ماڵی دایە گوڵێوە تائێستا سەعاتێک تێنەپەڕیبوو. بەڵام من تاقەتی تەنیاییم نەمابوو. ئەو دان پێدانانە زیاتر وەڕزی کردم. هەستام و چەند جار بەقەراغ درەختەکاندا هات و چووم کرد. ئەگەر بەم شێوە دەرس خوێندرابێ، کە واتە دەبوو بیریش بکردرێتەوە. لە خۆم پرسی، بیر لە چی بکەمەوە؟ خۆم وەڵامم دایەوە، بچم بۆ لای باوکم یان نا؟

تەق... تەق...تەق...

تەقەی دەروازەکە دایچڵەکاندم، ئەوە من بووم دەرکەم کوتابوو، گوێم لە تەپ و کوتی دڵی خۆم بوو. بۆ نەیاندەکردەوە؟ بیرم کردەوە، بەدڵنیاییەوە باوکم نەدەهات بیکاتەوە. دایە گوڵێش نەدەهات. هیوا بەخنەخن دەهات. دەبوو ئێستا لە سەر بانیژە بێ. هاتە سەر پلیکانەکان. ئەوە یەک...دوو... سێ... چوار... دیسان کوتامەوە. ئاوا گورجتر دەبزوا. گوێم لە خشپەی پێیەک بوو. خشپەی پێی دایە گوڵێ. گوتی: «کێیە؟» گوتم: «منم، یادگار».

گوتی: «تۆی کوڕم؟ وەرە ژوور».

ئەوسا پێشم خست و شوێنی کەوتم. هەنگاوە بەکاوەخۆکانی ئارامیان لێ بڕیبووم. لەو کاتەدا بیرم لەوە دەکردەوە بۆ لە روخساریدا هیچ خۆشی و شادییەکم نەدی؟ تەنانەت لەوە

دەچوو گریابێ. چاوی سوور بوو. پێشتر پێم وابوو بەدرێژایی ئەو حەفتەیە شاد بووە و لە خۆشی باوکم پێکەنیوە. ئەی بۆ هیچ نالێ؟ نەکا لێم رەنجابێ؟ پێم وابوو چاکی بۆ چووم. لێم رەنجاوە. ناحەقی نەبوو. دوا حەفتەیەک بەپیر باوکمەوە هاتبووم. کە واتە باوکیشم لێم رەنجاوە. ترسەکەم زیاتر بوو؛ وەک زۆر جاری تر شەرم دایگرتم. بەپلیکانەکاندا هەڵگەڕاین. لەوێوە بۆ دالانەکە و ئەوسا دەرکەی ژوورەکەی کردەوە. وەک ئەوە پێوەند کرابم لە بەر دەرکەی ژوورەکەدا چەقیم. ساتێکی سەیر بوو. هەر پێم بخستایەتە ئەو دیو دەرکەکە باوکمم دەدی. باوکێک کە پانزە ساڵ بوو نەمدیبوو. شێوەشیم لەبیر نەمابوو. دایە گوڵێ بانگی کردم: «وەرە ژوور کوڕم».

بەهەمان ترس و شەرمەوە سەرم کێشا. هیوا لە سووچێکی ژوورەکە راکشابوو. بۆ هەڵنەستابوو؟ چاوم بەهەموو ژوورەکەدا گێڕا و کەسی ترم نەدی. ئەوسا چوومە ژوور. نەمدەزانی لەکوێ دانیشم. لە ژوور سەری هیواوە چۆکم دادا. بێدەنگییەکە تا دەهات قورستر دەبوو. ڕەنگە دایە گوڵێ بەهەستمی زانیبێ بۆیە گوتی: «هیوا تازە خەوتۆتەوە».

– «تازە خەوتۆتەوە؟» بەسەیر و سەرسووڕمانەوە پرسیم. دایە گوڵێ بەئارامی وەڵامی دامەوە: «ئەرێ تازە خەوتۆتەوە». بێ ئەوە هیچی تر بپرسم، درێژەی پێدا: «پێش خۆرکەوتن هەستا. بۆ بەڕێکردنی باوکت. کە ئەو رۆیی ئەمیش خەوی لێ کەوتەوە».

بەڕێکردنی باوکم؟ یانی باوکم رۆشتبوو؟ بۆ کوێ ؟ بۆ؟ زیاتر لەوەی کە بەخەمەوە بم، سەرم سووڕمابوو. دایە گوڵێ گوتی: «کەی هەواڵی گەڕانەوەیت بیست؟»

ماوەیەک بێدەنگ بووم و وەڵامم نەدایەوە. ڕەنگە بۆ تاراندنی ترس و تەنگەتاوییەکەم. ئەوسا گوتم: «حەفتەیەک لەمەپێش».

هەستم کرد بەهەمان ئارامی پێش گەڕانەوەی باوکم لەگەڵ دایە گوڵێدا دەدوێم.

گوتی: «بە درێژایی ئەم حەفتەیە چاوەڕوانت بوو».

وەک سەرزەنشتی کردبێتم بەخۆمدا شکامەوە و سەرم داخست. ئەو حەفتەیە هەموو رۆژێک تا بەر دەرکەکەیان هاتبووم و گەڕابوومەوە. ئەوەم بەدایە گوڵێ نەگوت. لەخۆمەوە پێم وابوو دەیزانی. گوتی: «هەر کە تەقەی دەرکەی دەبیست راست دەبۆوە و دەچووە بەر پەنجەرەکە».

نەمدەتوانی بەخەیاڵیش لەبەر پەنجەرەکەدا ببینم. سەرم داخستبوو هیچم نەدەگوت. چایەکی بۆ تێکردم. هەستا، لەبەر پەنجەرەکەدا راوەستا. دڵنیا بووم سەیری بنەدارە



سووتاوەکەی حەوشە دەکا. گوتی: «دایکت و مامەت چۆنن؟ ئەوانیش بیستبوویان؟»

دەبوو وەڵامی بدەمەوە، بۆیە گوتم: «بەڵێ ئەوانیش بیستوویانە».

گوتی: «کە واتە دەبێ رۆژانێکی ناخۆشیان بەسەر بردبێ».

بیری هەموو ئەو کاتانە کەوتمەوە کە دەچوومەوە ماڵ و دایکم و مامە فەرخەم بە ماتەمبارییەوە دەدی. گوتم: «رۆژانێکی زۆر ناخۆش».

نەمدەزانی لەوە زیاتر چی بڵێم. چاوەڕوان بووم بڵێ «حەقی خۆیانە» تەنانەت چاوەڕوان بووم، لەوەش توورەتر بێ، سنگیان لێ بکوتێ و دوعای شەڕیان لێ بکا. بەڵام هیچی نەگوت. ئارام ئاوڕی دایەوە لەو کاتەدا نیگام لە نیگای هەڵەنگوت. ویستم نیگای لێ بدزمەوە، بەڵام نەکرا. تێر سەیرم کرد. تازە دەمزانی ئەویش چ رۆژانێکی ناخۆش بووە. دوو جار لە پێشوو پیرتر بوو بوو. لێم نزیک بۆوە و ئارام دانیشت. گوتی: «بۆ هەموومان رۆژانێکی ناخۆش بوو. بەڵام نەدەبوو وابێ». ئەوسا دوا کەمێک لە منی پرسی:

– «وانییە؟»

ئەوەندە داماوانە ئەوەی پرسی کە دەبوو پڕ بەژوورەکە هاوار بکەم: «راستە نەدەبوو وابێ». بەڵام هیچم نەگوت. دایە گوڵێ گوتی: «کاری چاکت کرد نەهاتی».

ئەمە تەشەر و توانج نەبوو، بۆیە لەبری ئەوە بە خۆمدا بشکێمەوە، گوتم: «ئەوە نییە هاتووم؟»

تا ئەو کاتەش پێم وابوو ئێستا باوکم خۆی بەژووردا دەکا. دایە گوڵێ گوتی: «کە واتە بۆ بینینی باوکت هاتووی؟»

بە دڵنیاییەوە گوتم: «بەڵێ»

گوتی: «ئەم بەیانییە، سەعات و نیوێ، دووسەعات پێش تۆ رۆیی».

گوتم: «بۆ کوێ؟»

گوتی: «نازانم. خۆشی نەیدەزانی».

گوتم: «بۆ؟»

کە لە ماڵی دایە گوڵێ هاتمە دەر تەنیا شتێک کە بیرم لێ دەکردەوە ئەوە بوو چۆن باوکم ببینمەوە؟

ئەوەندە لەسەر ئەو بڕیارە سوور بووم کە پێم وابوو بەشێکە لە چارەنووسی ئەو، یان

بەشێکە لە چارەنووسی خۆم ئێستا زیاتر لە پێشوو دەمناسی. زۆر شتم دەربارەی دەزانی. لە رابردووی، لە سالآنی دووری، لە گەڕانەوەی، لە حەفتەیەک چاوەڕوانیی بۆ بینینی من، دایە گوڵێ لەو ماوە کورتەدا زۆر شتی بۆ باس کردم. منیش وەک گوێ شلکردن بۆ مێژوو گوێم بۆ شل کرد. وەک ئەو ڕۆژانە مامۆستا دەرسی مێژووی پێ دەگوتین. هەمیشە پێم وابوو چیرۆکمان بۆ دەگێڕێتەوە. بەو شێوە زیاتر چێژم لێ وەردەگرت. دایە گوڵێش چیرۆکی بۆ گێڕابوومەوە. چیرۆکی ژیان و سەر بهوردەی لاس کوڕە گەورەی وسوو ئاغا؛ باوکی خۆم. چیرۆکی ئازایەتی و یاخیبوون، یاخیبوون و تێکشکان، زیندان و ئەشکەنجە، رزگاربوون و گەڕانەوە.

لەدایە گوڵێم پرسی: «پێت وایە ئێستا ئەو چیرۆکە دوایی هاتووە؟»

نازانم لە وەڵامدا چی گوت. تەنانەت نازانم ئەو پرسیارەم لێ کرد یان هەر بەمێشکمدا تێپەڕی. هەرچی بوو وازی لێ نەدەهێنام. ئەو پرسیارە دنەی دەدام باوکم ببینمەوە. پێم وابوو وەڵامی دەیان پرسیاری بەلاوەیە؛ ڕەنگە واش نەبووبێ؛ ڕەنگە تەنیا ویستبێتم. وەڵامی چاوەڕوانیی ئەو حەوت ڕۆژەی بدەمەوە. لەبەرامبەری راوەستم و باڵام بەڕوانینی بسپێرم. لە چاوەکانم ورد بێتەوە. باوەشم پێدا بکا. بەخۆیەوە بمگوشێ و بەسەرمدا بگری. نەمدەزانی لەو کاتەدا چیم پێ دەڵێ. بیرم لێ دەکردەوە بەڵام ئەقڵم بڕی نەدەکرد. باوکێ – باوکی خۆم – دوا پانزە ساڵ دووری کاتێ چاوی بەکوڕەکەی دەکەوێ چی پێ بڵێ؟ چی پێ دەگوتم؟ ئایا سەرلەنوێ و ئەمجارە راستەوخۆ سەربهوردەی خۆی بۆ دەگێڕامەوە؟ بەدڵنیاییەوە دەمگوت: «بیستوومە بابە. هەموویم بیستووە». یان هیچی نەدەگوت و هەر بەدڵیەوە دەینووساندم؟ یان قسەی تازەی بۆ دەکردم؟ ئەو قسانە کە هەر باوکێک تەنیا بەگوێی کوڕەکەیدا دەیچرپێنێ. ئەو قسانە کە دایە گوڵێش لێی نەبیستبوو. نەمدەزانی باسی چیم بۆ دەکا. مێشکم سەنگ و سووژن دەدا و هیچم بەبیردا نەدەهات. ئەوەی بەبیریشمدا دەهات بەدڵنیاییەوە ئەوەندە نەبوو لێی دەگەڕام. هەوڵەکەم زیاتر لەوە بێ سوود بێ، گێلانە بوو. ئەو قسانە تەنیا لەکاتی یەکتر بینیندا دەخولقان. بۆ خولقاندنی ئەو قسانەش بێ دەبوو شوێنی کەوم و بیبینمەوە.

بەدایە گوڵێم گوت: «شوێنی دەکەوم». ئەوسا هەستامە سەر پێ. بەرەو پەنجەرەکە چووم و کردمەوە. ڕەنگە پێی وابووبێ چاو لە ڕێگەیەک دەبڕم کە باوکم پێیدا گەڕابۆوە. بەڵام من سەیری حەوشەم دەکرد. سەیری ئەو بنەدارە سووتاوە کە زەمانێک دارتوویەکی زیندوو بوو و کەس تەنانەت دایە گوڵێش بەبیری نەدەهات کێ چەقاندوویەتی. دارتوویەک کە لە



شارسووتاندا سووتابوو. هەمدیسان بەدەستی خاڵە نایەر چەقابۆوە و لەشار سووتانێکی تردا سووتابۆوە.

خاڵە نایەر تاقە کەسی چیرۆکە دوور و درێژەکەی دایەگوڵێ بوو کە لە منداڵیمەوە تا ئێستا هەرچی زیاتر بیرم لێ دەکردەوە، زۆرتر شەیدای دەبووم. بەلامەوە پیرێکی ئەفسانەیی بوو. ڕەنگە دایە گوڵێش زۆری خۆش ویستبێ؛ بۆیە یادگارەکانی هێشتبۆوە. بۆیە دواساڵەها ئەو بنەدارە سووتاوەی نەبڕیبۆوە. پێش ئەوە لە پەنجەرەکە دوور کەومەوە و لە ژوورەکە بڕۆمە دەر، لە دایە گوڵێم پرسی: «بۆ ئەو بنەدارە سووتاوە نابڕیتەوە؟»

دایەگوڵێی دیار بوو لەوکاتەدا چاوەڕوانی ئەو پرسیارە نەبووە. هەستایە سەر پێ و لە من و پەنجەرەکە نزیک بۆوە. ئەوسا لە کاتێکدا هەردووکمان سەیری بنەدارە سووتاوەکەمان دەکرد، گوتی: «ئەو حەوشە قەت بێ دارتوو نەبووە کوڕم».

گوتم: «بەڵام ئەو دارە ساڵەهایە سووتاوە».

دایە گوڵێ گوتی: «بنەدارە سووتاوەکەی پێشوومان کاتێک بڕییەوە کە نەمامێک لە جێی چەقابوو. ئێستاش هەر کاتێ نەمامێکت چەقاند، ئەوە دەبڕینەوە».

گوتم: «من نەمام بچەقێنم؟»

ڕەنگە زۆر بەعەجایباتییەوە ئەوەم پرسیبێ، بۆیە هەنگاوێک لێم کشایەوە. کەدی بەخۆمدا شکاومەتەوە بەدەم زەردەخەنەیەکەوە، کە لەو کاتەدا و بۆ روومەتی ئەو زیادی بوو، گوتی: «ئەی هیوا بیچەقێنێ؟»

من هەواڵی ڕۆشتنەوەی باوکم بۆ ماڵی خۆمان بردەوە. بۆ ساتێک پێم وابوو وەک بەندی کە هەواڵی رزگاربوونی دەبیستێ، دایکم و مامە فەرخە پەنجەیان دەترازێ و ئەژنۆیان لە باوەش دەکەوێتەوە و خۆشحاڵی خۆیان بەتاقە وشەیەک دەردەبڕن.

– «بەڕاستتە؟»

بەڵام هەواڵەکە وەک تەقینەوەیەکی کوتوپڕی کە داچڵەکێن و تاسان و بێدەنگی بەشوێنەوە بێ، متەقی لەهەردووکیان بڕی. مامە فەرخە وەک ئەو حەفتەیە کە رابرد، دانیشتبوو جگەرەی دەکێشا. دایکم هێرۆی لە سەر هەر دوو قاچی راکێشابوو ئارام خۆی رادەژەند. دوا ئەوە هەوری داچڵەکێنەکە ئاسمانی چاویانی بەجێ هێشت، دایکم گورجێ هێرۆی دانا و لە هۆڵەکە چووە دەر. بەڵام مامەفەرخە بێ ئەوە ببزوێ ئارام سەری هەڵبڕی و گوتی: «بۆ کوێ ڕۆشتۆتەوە؟»

گوتم: «نازانم. بەڵام دەمەوێ بزانم. دەمەوێ بیبینمەوە».

یەکەم جار نەبوو لە ماوەی ئەو حەفتەیەدا من و مامە فەرخە دەربارەی باوکم دەدواین. لە دووهەم شەوی گەڕانەوەیدا، مامەفەرخە تەقەی لە دەرکەی ژوورەکەم دابوو هاتبووە ژوور؛ ئەگەرچی نەمدەزانی بۆ هاتووە و چی لێم دەوێ. بەڵام دەترسام بەیانی ئەو ڕۆژە بیرم لە مردنی کردبۆوە. ڕەنگە ترسابێتم هاتبێ و وەسیەتم بۆ بکا.

هەست بەسووکایەتی کردنیم لە هەموو جووڵەیەکیدا دەدی. سەری داخستبوو چاوی لە فەرشەکە بڕیبوو و لێوی خۆی دەکرۆشت. ڕەنگە منیش بەقەدەر ئەو ئازارم کێشابێ. نەمدەزانی دەبێ چی بکەم. بۆ ئەوە خۆم لەو حاڵەتە بشارمەوە، ویستم بانگی هێرۆ بکەم. بەڵام نەیهێشت. بەئیشارەتی دەست داوای لێ کردم واز لە هێرۆ بێنم. وەک ئەوە ژوورەکە هەوای تێدا نەمابێ، دڵم توند لێی دەدا و هەناسەم سوار بوو بوو، بێدەنگییەکە ئەگەر چی زۆری نەخایاندبوو بەڵام لای من لە ساڵ و دوو ساڵ تێ پەڕیبوو. دەترسام ئەو بێدەنگییەکە بشکێنێ و ئەوەی بیرم لێ دەکردەوە لە دەمی بێتەدەر. دەبوو من شتێک بڵێم. چی بڵێم؟ لەوە دەچوو مێشکم هیچ وشەیەکی تێدا نەبێ. لەوە دەچوو هەرگیز هیچم نەبیستبێ و هیچ فێر نەبووبێتم. لەکاتێکدا نیگام وێڵ و سەرگەردانی ناو ژوورەکە بوو لە وشەیەک دەگەڕام. کتێبەکانی قوتابخانە سەرنجیان ڕاکێشام هەر ئەوانیش وشەیان بۆ مێشکم هاویشت و گوتم: «خەریکی دەرس خوێندن بووم». هەرگیز ئەوەندە لەخۆم و لەوەی گوتبووم ڕازی نەبووبووم. بەهیوابووم ئەویش لەو بارەوە بدوێ. بەڵام هیچی نەگوت. ڕەنگە مێشکی ئەویش بۆش بووبێ و وشەیەکی تێدا نەبووبێ. گوتم: «سبحەینێ چەند دەرسم لێ دەپرسنەوە».

بیرم کردەوە ئەو قسانەم بۆ دەرکردنی بوون. بێ ئەوە بەخۆمدا بشکێمەوە گوتم: «ماوەیەک دوا کەوتووم و پێویستە هەوڵی زیاتر بدەم». ڕستەکان یەک لەدوایەک بەدەممدا دەهاتن. دەرفەتی قسەم نەدەدایە. بۆ ماوەیەکی کورت بێدەنگ بووم. دەستم بۆ کتێبێک درێژ کرد و چاوم پێدا داپچڕی. لە هەمان کاتدا مامە فەرخە دەمی هەڵپچڕی. ئەگەر زوو سەرم هەڵنەبڕیایە و لێی ورد نەبوومایەوە نەمدەزانی ئەو دەنگە لەدەمی کێوە دێتە دەر.

«گوێ بگرە یادگار...» ئەو داوای گوێ گرتنی لێ دەکردم و من لە شێوە گوتنی داماوانەی وڕ مابووم. کە وەخۆ هاتمەوە دەیگوت: «ئیمرۆ باوکتت دی ؟»

ماوەی ئەوەم نەبوو بیر لەوە بکەمەوە پێش ئەو پرسیارە چی گوتووە. چاوی لەدەمم



بڕیبوو. دەبوو وەڵامی بدەمەوە لەو ماوەیەدا ترسم شکابوو. گوتم: «نا...نەمدی.».

گوتی: «ئەی ئیمرۆ لە کوێ بووی؟ دڵنیام لە قوتابخانە نەبووی».

دیار بوو ئەویش بەسەر قسەکانیدا زاڵ بوو. نەمدەزانی چ وەڵامێکی بدەمەوە. بڵێم لە بەیانییەوە تا ئێوارە وێڵ و بەتەنیا بەشاردا سووڕاومەتەوە؟ بڵێم لە وەڕزی چوومەتە قەراغ شار و لەداوێنی ئاربەباوە بۆ بناری «بابۆس» لەوێوە بەقەراغ چۆمی گەورەدا بەرەو «سلێمان بەگ» چووم. بڵێم لەوێش زیاتر لە سەعاتێک بەقەبرەکاندا گەڕاوم؟ ئەگەر ڕاستم بگوتایە سەرزەنشتی دەکردم یان لەخۆشی ئەوە سەرم لە باوکم نەدابوو، ئافەرینی پێ دەگوتم؟ گوتم: «ویستم بچم، بەڵام نەچووم».

وەڵامەکەی خۆم بەدڵ بوو. گوتبووم نەچووم و نەمشاردبۆوە کە ویستوومە بچم؛ واتە هەر کاتێ پێم خۆش بێ، دەچم؛ یان خۆم پێم خۆش نەبووە بۆیە نەچووم. لەو کاتەدا پێم وابوو بۆ کەسێکی دژ بەخۆم دەدوێم. بەڵام ئەو هەستە زۆری نەخایاند و بەدەم وتەیەکی تریەوە ون بوو. گوتی: «بریا بچوویتایە».

بۆ دەبوو بچوومایە؟ بۆ پێی خۆش بوو؟ بەشێوە گوتنەکەیدا لەوە دەچوو بۆ لای کەسێکی خۆشەویستی خۆی ناردبێتم و من نەچووبێتم. گوتم: «بۆ دەبوو بچوومایە؟»

دیسان سەری هەڵبڕییەوە و وەها کە سەری لەپرسیارەکەم سووڕمابێ گوتی: «لە بەر ئەوەی باوکتە».

قسەی بڕیم. هیچیم بۆ گوتن پێ نەمابوو. درێژەی پێ دا: «دڵنیام پانزە ساڵە چاوەڕوانی بینینتە».

گوتم: «هەر چاوەڕوانی بینینی من؟»

سەری داخستەوەو بەدەم ئاخێکی داماوانەوە گوتی: «نا چاوەڕوانی بینینی زۆر کەسی تریش. بەڵام ئێستا هەر ئارەزووی بینینی تۆی هەیە».

گوتم: «بە چیدا بزانم؟ ڕەنگە حەز بەبینینی منیش نەکا».

دەستبەجێ گوتی: «کە واتە تۆ پێت وایە تاوانەکەی ئێمە تۆشی گرتۆتەوە». ئەوسا خۆی پێ نەگیرا ولە قوڵپی گریانی دا.

کە گریا ئەوسا زانیم چاوەڕوانی گریانی بووم. یەکەم جار بوو لای من باسی تاوانەکەی دەکرد. هەستی بێزار بوون لەناخمدا سەری هەڵدا. بێ بەزەییانە ڕقم لێی بۆوە. قسەیەک کە هەرگیز بیرم لێ نەکردبۆوە، وەک ئەوە لە ڕۆژی لەدایکبوونمەوە لە سوچێکی مێشکمدا

بەند کرابێ لە دەممەوە دەرباز بوو. گوتم: «تاوانەکەی ئێوە ئەوەندە گەورەیە کە هەموو شاری گرتۆتەوە». ئەوسا منیش گریام.

ماوەیەک کە هەرگیز نەمزانی چەندە بوو گریاین. دوا ئەوە کڵ و کۆی دەروونمان دامرکایەوە ئەو هاتە دەنگ و گوتی: «راستە ئێمە تاوانبارین، بەڵام تۆ لە گوڵ خاوێنتری. حەق نییە بەتاوانی ئێمەوە بسووتێی. حەق نییە خۆت ئازار بدەی. نابێ خۆ لە باوکت بشاریتەوە. دەبێ بچی و بیبینی»...

گوتم: «تۆ پێت وایە چۆن دەتوانم بیبینمەوە؟»

گوتی: «دڵنیام لە ناو شاردا نەماوە. بەڵام لە دێهاتی دەوروبەر کۆنە دۆست و ناسیاوی زۆرە هەوڵ بدەی دەیبینیتەوە».

ئەو یەک دوو رۆژە بۆ بینینەوەی باوکم زۆر یارمەتی دام. ئەگەر چی نەدەهاتە دەر و وەک من دووکانەو دووکان و ماشینەو ماشێن سۆراخی دێهاتییەکانی نەدەگرت و هەواڵی پیاوێکی پەککەوتەو داماو کە زەمانێک کوڕی وسووئاغای راوچی بوو، نەدەپرسی؛ بەڵام ئەو ناوونیشانی دێهاتییەکان و ئەو شوێنانەی کە دەبوو لەوێ لێیان بگەڕێم، دەدامێ. کە بەشوێن ناوونیشانێکدا لەماڵ دەچوومە دەر، تا دەگەڕامەوە چاوەڕێی دەکردم. کە دەگەڕامەوە بەرەو پیرم دەهات و دەیگوت: «چی بوو؟ سۆراخت کرد؟» کە من وەڵامی «نا»م دەدایەوە بەخەمێکی گرانتر لە خەمی رۆژانی رابردوو ئاخی هەڵدەکێشا و ناونیشانی کەس و شوێنێکی تری دەدامێ.

بەڵامەوە سەیر بوو، ئەو لە من زیاتر پەرۆشی دیتنەوەی بوو. بەدەم خەمی گەڕانەوەیەوە پیر بووبوو، ئێستاش کە رۆشتبۆوە لە بری ئەوە خۆشحاڵ بێ و پشوویەک بدا ئاواتەخواز بوو بیبینمەوە، ئایە بەڕاستی بوو؟ نەمدەتوانی گومانی لێ نەکەم. بەڵام لەڕەفتاریدا هیچ فرت و فێڵێکم نەدەدی. بۆ ئەوە پەی بەحەقیقەتی خواستی بەرم خۆم لە جێی ئەو دادەنا. ئایا دەمتوانی ئارەزووی گەڕانەوەی بکەم؟ ئەو پرسیارە دەلاقەی پرسیارێکی تری لێ دەخستمە سەر پشت. خۆم بۆ وا بەپەرۆشەوە لێی دەگەڕام؟ دەمویست بیبینمەوە و بیگەڕێنمەوە؟ بۆ کوێ؟ تازە دەمزانی ئەو گشتە هەوڵ و تەقەلایەم بۆ گەڕانەوەی نییە. کەواتە مامە فەرخە پێش لە من ئەوەی زانیبوو. زانیبووی ئەو گشتە لە شوێن گەڕانەم هەر بۆ دیتنیەتی. ڕەنگە بۆیەکەم جار و دواجار. بۆ بەخێرهاتنەوە لێکردن و ماڵاوایی. بۆ هەر شتێک جگە لە گەڕانەوەی. ئەی مامە فەرخە بۆ وا بەدڵ یارمەتی دەدام؟ ڕەنگە



ویتسبێتی منەتبارم کا یان خۆی لە ئازارەکانی بشارێتەوە. یان لە پێناوی هەستێکی تردا کە من نەمدەناسی.

دایکم ئەگەرچی بێدەنگ بوو و هیچی نەدەگوت و هیچی نەدەپرسی، بەڵام بەبێزاری و ترسەوە سەیری تەقەلاکانمانی دەکرد. من و دایکم لە ماوەی ئەو حەوت رۆژەدا، دەربارەی باوکم و گەڕانەوەی هیچ قسەیەکمان نەکردبوو. تەنیا ئامێری پێوەندیمان بۆ ئەو رووداوە نیگاکانمان بوو، ئەوانیش بەو پەڕی داماوییەوە، جگە لە هاوخەمیمان بۆ یەکتر، توانای دەربڕینی هەستە ئاڵۆزەکانمانیان نەبوو. ڕەنگە هەر وشەکان دەرەقەتی روخستن و گێڕانەوەی هەستمان هاتبێتن. ئەوانیش دوور لە مەیدانی خەون و خەیاڵاتمان رچیبوون. بۆیە تەنیا بەزەیی ئەوەی لێ نزیک دەخستمەوە. دەمویست لە هەموو بڕیار و کردارێکمدا ئاگاداری پێ خۆش بوون و پێ ناخۆشبوونی بم. دەمویست لە ساتە و ساتی ئەو رۆژانە کە ئازاری دەکێشا لەگەڵیدا بم. دەست لە گەردنی ئاڵێنم و بۆن بەقژیەوە بکەم. بڵێم:

– «بەسیەتی؛ تکایە برێک بحەسێوە».

نەمدەزانی لە وەڵامدا چی دەڵێ، بەڵام من دەبوو بڵێم: «نا هەرگیز تۆ تاوانبار نیت». ئایا بەتاوانبارم نەدەزانی؟ ئەگەر چی شەوانە و لەتەنیاییەکانمدا بەتاوانبارم دەزانی، بەڵام کاتێک چاوم پێی دەکەوت، کاتێک گەرمای باوەشی لە گیانم دەگەڕا بەخەیاڵ یان بەزمان دەمگوت: «دایە» بەبێ گەردترین مرۆڤی زەوینم دەزانی. سێحری وشەی «دایە» بوو یان ئەو دڵۆپە شیرانەی کە بە دەمارەکانمدا دەگەڕان؟ ڕەنگە جگە لەو سیحرە، پاکی و بێ گەردی خۆی پێملی کردبێتم بەبێ تاوانی بزانم. پاکی و بێگەردی ئەو چاوانە کە ڕوانینیان بۆ من وەک روانینیان بۆ هیچ شتێکی تر نەبوو. یان ڕەنگە سیحری لە ئەو بوون؟ من کوڕی ئەو بووم و لە گۆشت و خوێنی، لە دەروونی لە داوێنی کەوتبوومە خوار. بۆیە دەمگوت: «سەرت بەرز بگرە دایە، سەرت بەرز بگرە و شەرم مەکە.. تۆ دایکی منی، کەواتە پاکترین مرۆڤی».

دەیگوت: «من تاوانبارم».

دەمگوت: «تۆ تاوانبار نی».

دەیگوت: «بیر لە رابردووم بکەوە. رووداوەکانی رابردوو ئەوەی بیستووتە و ئەوەی دیوتە».

دەمگوت: «هەموو رابردوو ئێستایە و ئێستاش تۆ دایکی منی».

ئەو دەیگوت و من دەمگوت و دایکم هەروا بێ تاوان ئازاری دەکێشا و من بەئومێدی ئەو ڕۆژە بووم ژیانی ئاساییمان سەر لەنوێ دەست پێ بکەینەوە.

لە سێهەم ڕۆژی ڕۆشتنەوەکەی باوکمدا هەواڵێم زانی. بەیانی زوو کە لە ماڵ چوومە دەر ناسیاوێک پێی ڕاگەیاندم، کابرایەکی دێهاتی لە دوێنێ ئێوارەوە لێم دەگەڕێ. بەیارمەتی ئەو ناسیاوە کابرام دۆزییەوە. نەمدەناسی. پێشتر هەرگیز نەمدیبوو.

گوتم: «ئەوەی لێی دەگەڕێی منم».

گوتی: «گوایە لە شوێن کەسێکی ون بووت وێڵی».

گوتم: «باوکم. لە باوکم دەگەڕێم».

دەبوو نیشانەکانی باوکمی بۆ هەڵدەم. تەمەنی، ڕواڵەتی، ڕەنگی جلوبەرگی.

گوتم: «ناوی لاسە. هەر ئەوەندەو هیچی تر».

کابرا پێکەنینی بەقسەم هات. سەر خۆم نەهێنا. گوتم: «لەکوێ و چۆنت دیوە؟»

ئەوەی ئەو دیبووی پیاوێکی لێقەوماو بوو کە چێشتانی ڕۆژی پێشوو لەنزیک دێیەک بوردبۆوە و خەڵک بێ ئەوەی بیناسن بەچواردەست بۆ ناو دێیان بردبوو لە مزگەوت ڕایانکێشابوو. نازانم بۆ دڵنیابووم ئەو پیاوە باوکمە؟ ڕەنگە بیرم لەو کردبێتەوە، جگە لە باوکم کێ لێی قەوماوە و لەنزیک دێیەک بوردۆتەوە؟

بێ سێ و دوو لێکردن سەر ڕێ کەوتم. لەنێو ڕێ بیرم کردەوە بۆ بەمامە فەرخەم نەگوتووە. چاکتر پێم نەگوتبوو. خۆ نەدەکرا پێی بڵێم پێویست بەهاتنی ناکا. لە ڕاستیشدا پێویست نەبوو لەگەڵما بێت؛ نە ئەو نە کەسی تر.

بەتەنیا لە باوەشی سروشتێکی کاکی بەکاکیدا بووم. وەک لە باوەشی دایکما ئاسوودەو خەنی و بێ هیچ سەرسامی و تەنگەتاوییەک. بێ هیچ خەم و ئازارێک بەباریکە ڕێیەکدا دەڕۆیشتم. لق و پۆپی دارەکان بەژوور سەرمەوە شۆڕ بووبوونەوە. گەڵا زەرد و سوورەکان باوەشێنیان دەکردم. ڕێگەکە لە دارستانەوە بەقەدپاڵی شاخێکی سپاردم. دەبوو بەشاخەکەدا مارودوو هەڵگەڕێم. لە ژێر تیشکی تیژی خۆری پاییزا وەک ئاسک ڕێم دەبڕی. بەرەو ترۆپک. لەوێوە شۆڕ دەبوومەوە؛ بەقەراغ کانی و سەرچاوەکانا، بۆ دامێن. بەناو شێف و وەردەکانا، بەقەراغ جێ خەرمانەکانا. بەژێر سێبەری درەختە تاک و تەراکانا، بۆ گوێ چۆمێک، تەنکاوێکی مەند کە بەئارامی ڕێی دەبڕی. شان بەشان و هەنگاو بەهەنگاوی دەڕۆیشتم. دەڕۆیشتم و هۆشم بەخوڕەی ئارامی دەسپارد. چاوم لە



شینایی دەبڕی. لە بریسکە بریسکی تیشکی خۆر بەڕوومەتیەوە. تا دەڕۆیشتم ڕێگەکە کورت دەبۆوە. لە قەراغ ئاواییەکان ئەوەیان پێ دەگوتم.

لەسەر کانییەکان. «دوو سەعاتە ڕێت ماوە. سەعاتێک.. نیو سەعات.. لە پشت ئەو تەبارەوەیە...»

تا دەهات هەنگاوم شلتر دەبوو. لە سروشت و جوانییەکانی دەبڕام، بیری بڵاوم کۆدەبۆوە باوکم دەبینم ئەمجارەیان دڵنیا بووم. بەبیرمدا نەدەهات ئەو نەبێ. لە سووچی تاریکی مزگەوتێکی بچووکا دەیبینم. هۆش خۆی هاتۆتەوە و حەساوەتەوە ئەژنۆی ماندووی لە باوەش گرتووە و سەری قورسی بەملیەوە شۆڕ بۆتەوە، وەک سواڵکەرە گەڕیدەکان. موچڕکەم بەلەشدا دەهات. بەتایبەت ئەو کاتە بیرم دەکردەوە چاوەڕوانم نییە و نامناسێتەوە. چۆن خۆمی پێ بناسێنم؟ بڵێم چی؟ بەدڵما هات دەمودەست خۆمی پێ نەناسێنم. بەبیانووی نوێژەوە بچمە ژوور و لە سووچێک دانیشم و لێی ورد ببمەوە. ئەوەم پێ دەکرا؟ خۆم پێ دەگیرا؟ نەمدەزانی.

گەیشتبوومە سەر تەبارەکە. دێیەکەم لێ دەرکەوتبوو. چەند ماڵی بچووک لە تەنگەبەرایی شیوێکدا پاڵیان بەپاڵی یەکەوە دابوو. لەیەکەم ڕوانینا پێم خۆش نەبوو. لەوێ ژیان دەبێ چەند سەخت و ناخۆش بێ؟

لەسەر تەختە بەردێک دانیشتم و چاوم لە ناو دێ بڕی. بۆ ئەوەی پشوویەک بدەم و هەناسەیەکم بەبەردا بێتەوە. بۆ ئەوەی بیر بکەمەوە. لە یەکەیەکەی ماڵەکان ورد ببمەوە. هەموویان وەک یەک. چوار دیوارییەک لەبەرد و سەربان و گوێسبانەی خۆڵینە. کامەیان مزگەوتە؟ نەکا هیچیان مزگەوت نەبن؟ نەکا درۆیان لەگەڵ کردبێتم.؟ ئەو بیرە دایچڵەکاندم. بەرزی کردەوە و سەرو خوار پاڵی پێوەنام. یەکەم کەس، پیرە پیاوێک هاتە سەر ڕێم. لە قەراغ دێ، لەگوێ کانی و ئەستێرێک، لە سەر بەردە نوێژێک چۆکی دادابوو. نوێژی دەکرد؟ سلاوم لێ کرد. وەڵامی دامەوە و بەخێرهاتنی لێ کردم. بۆ ئەوەی دڵنیابم ڕێگەی مزگەوتم لێ پرسی. بێ ئەوە دەستبەجێ وەڵامم بداتەوە، هەستا. پەستەکەکەی، کە لە ژێر خۆی ڕایخستبوو، لە بەر کردەوە. گۆچانەکەی هەڵگرت و لێم نزیک بۆوە. ئەوسا گوتی: «غەریبی کوڕم؟»

سەرم بۆ لەقاند.

لە بەرامبەرم ڕاوەستاو گوتی «لە چی دەگەڕێی؟»

بەشەرمەوە گوتم: «لە کەسێک کە دەڵێن لە مزگەوتی ئەم دێیەیە». گۆچانەکەی لە زەوی کوتا و هەموو هێزی دایە سەر کامەکەی. ئەوسا گوتی: «ئەگەر زۆر بەپەلە نەبی، خۆی بەرەو پیرت دێ».

حەپەسام. ماوەیەک بێدەنگ لێی ورد بوومەوە. باسی کێی دەکرد؟ کێ بەرەو پیرم دەهات؟ بە کێم تێگەیشتبوو؟

درێژەی پێ دا: «دەزانم ماندووی. لەو کانییە قومێک ئاو ناخۆیتەوە؟»

ماندوو بووم. ناو دەمیشم وشک بوو. لە پلووسکێکی گڵێنەوە، باریکەیەک ئاوی سارد بۆ ناو حەوزەک دەڕژا. هەر دوو لەپە دەستم بەرخست. شڵپێکم بەڕوومەتما کرد و لەوچێکیشم خواردەوە. ئەوسا هەستامەوە و بەرەو پیرە و ئاوایی وەرچەرخام. پیرە پشتی لە من و روو لە ئاوایی وەک ساتێ لەوەپێش راوەستابوو. هەنگاوم هەڵێنا لە نێو دێوە کۆمەڵێک خەڵک بەرەو ئێمە دەهاتن. زیاتر ورد بوومەوە. خەڵکەکە تابووتێکیان بەسەر شانەوە بوو. لە جێی خۆم وشک بووم. پیرە لەبەرخۆیەوە گوتی: «نەمگوت پەلە نەکەی خۆی بەرەو پیرت دێ؟»

هێزی بزووتنم نەمابوو. لەجێی خۆمەوە پرسیم «کێ مردووە؟»

پیرەکە تا ئەو کاتەش پشتی لە من بوو ئارام وەرچەرخا. دوو هەنگاو بەرەو پیرم هات. دەستی نایە سەرشانم و بەگوێمدا چرپاندی: «دنیایەکی سەیرە. دوێنێ بە چوار دەست بردیانە نێو دێ. ئیمڕۆ بەتابووت دەیهێننە دەر».

– «باوکم مردووە؟» ئەوەم لەخۆم پرسی. پیرە تێگەیی بەڵام هیچی نەگوت. خەڵکەکە نزیک و نزیکتر دەبوونەوە کە گەیشتنە حاستی ئێمە هەردووکمان، من و پیرە دەستمان بەردابۆوە و ئەو بە حەسرەتەوە و من بەسەرسووڕمانەوە لە تابووتەکەمان دەڕوانی.

«ئەوە باوکی منە مردووە» کەس لەو هەواڵە دانەچڵەکی. تابووتەکە بەبەر چاومەوە تێپەڕیبوو. منیش بێ ئێختیار بۆ بەڕێکردنی شوێنی کەوتم.

دەست پێکردن: ۱۳۷۱/۷/۱

تەواو بوون: ۱۳۷۳/۱۱/۱۵

# باڵندەکانی دەم با

بۆ کاڵێ

# کەسی چیرۆکی دواخەونی فەرهاد

ئەو لە کوێ بوو ئەو کاتەی ژن گلۆڵە گرێک بوو لە ماڵ و حەسارێکی بچووکدا؟ بچووکتر لە دنیای بچووکی خەون و خەیاڵە قاچاغ و حەرامەکانی. بچووکتر لە کۆی هەموو داخوازییەکانی. لەو بەشە بچووکە وا لە ژیانی گەرەک بوو. تەنانەت بچووکتر لەوەی لەشە گلۆڵە گڕەکەی وەشێرێ. لەشە سەرگەردانەکەی یاخی و بێ عۆقرە خۆی بەدار و دیواردا دەکوتا و لە ناخەوە، لە ناخی ئازارەکانیەوە هەموو قیژە حەپسکراوەکانی ژیانی دەقیژاند. قیژەی وشک و جەرگبڕی، مووچڕکەی بەلەشی تەزیوی خانووە گلێنەکانی کۆڵاندا دەهێناو بان و گوێسپانەی تەپیویان وەک شان و ملی سەگە بەڕەڵای تۆقیو، یەک دەهاتنەوە و دەلەرزین.

ئەو لە کوێ بوو، ئەو کاتەی دەرکەی تەنەکەی حەسارێکی بچووک یەک، دوو، سێ جار شەقی دەبرد و کاسی و بێ دەنگی کۆڵانی دەشکاند؟ لەشی گڕ گرتووی ژن یەک، دوو، سێ جار دەپەڕییە دەر و خەڵوەتی ڕچیوی کۆڵانی دەڕووشاند. گڕ گەزارەی لە ئاسمانی کۆڵان دەکێشاو با بای وشک و سارد، بای وەیلان بەرەو پیری دەچوو. دۆستی دێرینی با بوو، گڕ، لە باوەشی دەگرت. تاسەی کردبوو، بەخۆیەوە دەگوشی. لە زەوی هەڵدەبڕی و بەدەوری خۆیدا هەڵیدەسووڕاند. ئەوسا ژن گلۆڵە گڕێک بوو لە باوەشی باداو سەمای مەرگی دەکرد.

ئەو لە کوێ بوو؟ ئەمسەراوسەری کۆڵان چۆڵ بوو. کەس بەدەرەوە نەبوو. پەنجەرەکانیش چاوی کوێری ماڵەکان بوون. کەس ئەو سەمای گڕو بایەی نەدەدی. کەس ئەو قیژەی ژن و مەرگەی نەدەبیست. ئەویش هەر دوو چاو و دوو گوێ بوو. دوو چاو وەک دوو کونە کۆتر بەدیواری ماڵێکەوە. دوو گوێ وەک دوو گۆپکە بەگورگەی گوێسپانێکەوە. وەک دوو تەڵەزم بەلەشی دارتێلێکەوە.



دوو چاو بوو ئەو. دوو چاو کە هیچی پێ نەدەکرا جگە لە بینین و دەیدی ژن چشکردوو لە شەرم و حەیای، مەست و سەرخۆشی مردن بوو. کراسە ئاودامێنەکەی کە دەشیا تەختەکەی شین بووبێ، شینێکی ئاسمانی و گوڵە وردەکانی سوور بووبن، بەدەم باوە پارچە پارچە دەبوو. پارچەکان دەفڕین و لە کوێ دەنیشتنەوە؟ پێستی لەشی کە دەبوو سپی بووبێ و چەند دڵۆپ خوێن دەمارێک دەڵاندبێتی و ئاڵی کردبێ، قرچە قرچ هەڵدەقرچا. دار و دیواری کۆڵان دوودە و دووکەڵ بوو. ئاسمانی تەڵخ و تاریک بوو. دوو چاوی ئەویش... نا، ئەوی دوو چاویش دەکزایەوە. تا ئەوەی با، شەکەتی ئەو هەلەکە سەمایە پێی خۆ دزینەوەی هەڵدەگرت و گڕ لە خۆیدا دەتوایەوە.
دوو گوێ بوو ئەو. دوو گوێ کە هیچی پێ نەدەکرا جگە لە بیستن و دەیبیست. قیژەی جەرگبڕی ژن دەبووە نرکە وناڵە و هێور هێور... بێ دەنگی.

ئەو لە کوێ بوو، ئەو کاتەی لەشی ڕەژی ژن، ڕووت و عوریان لەناو کۆڵاندا کەوتبوو؟ باڵا بەرز بوو یان ئەو بەرزە باڵای دەدی؟ دەستەکانی دوو چڵ داری سووتاو بوون. سپیایی ئەو دیمەنە ڕەشە، تەنها سپیەنەی دوو چاوی ژن بوو، کە پەردەی پێڵوویان تواببووەوە. گلێنەکان هێشتا بزۆز بوون، دەبزوان. لە کێ دەگەڕان؟

ئەو لە کوێ بوو؟

ئەو گلۆڵە گڕەی لە کوێ دیبوو؟

ئەو قیژە جەرگبڕەی لە کوێ بیستبوو؟

# یەک

قیژەیەکی تیژ و ترسناک لە خەو ڕایپەڕاند. هەراسان بەچوار دەوری خۆیدا چاوی گێڕا. ژوورەکە تاریک بوو. لە چاوەی بچووکی لای سەرووی پەنجەرەکانەوە، لە پشت پەردە چیندارەکانەوە، چەند پەڵە ڕۆشنایی زەردو سووری دی. لەوە بێ هێزتر بوون بەژوورەکەدا بڵاو بووبێتنەوە؛ یان ڕچەی باریکیان بۆ دیوارەکەی بەرامبەر بژیبێ. سەراسیمە بەرەو یەکێک لە پەنجەرەکان خشی. لەوێشەوە بۆ هەیوان...

دەرەوەش تاریک بوو. جگە لە شنەو لەنجەی تەڵخی لقو پۆپی درەختەکانی حەسار، هیچ شتێک سەرنجی ڕانەکێشا. گوێی هەڵخست هاکا قیژەکەی بیستەوە، یان لانی کەم هەرا و هاوارێک. لە خشەخشی گەڵاکان و پەلەکان زیاتر هیچی نەبیست. گەڕایەوە ژوور و پەنجەرەکەی پێوەدا. چرکەچرکی سەعاتەکە تەپوکوتی دڵی ژوورەکە بوو، بڵیند و بەپەلە دەکوترا. ئەویش ترسا بوو؟ گڵۆپەکەی بەپەنجە خشکە هەڵکرد. ژوورەکە بزەیەکی ڕووناکی هاتێ. دی یان نەیدی؟ تەپوکوتەکە نزم بووەوە و دابەزی. نیگای لە سەعاتی سەر سنگی دیوارەکە هەڵەنگووت؛ میلەکانی کەوتبوون. بۆ سەعاتەکەی دەستی گەڕا و نەیدۆزییەوە. خەو لە چاوی پەڕیبوو. بۆ ناو جێگەکەی نەچووەوە. نیوە پەرداخێک ئاوی کۆنی شەوماندە لەسەر مێزەکەی بوو، بەسەریەوە نا. پاکەتەکەشی لەوێ بوو، جگەرەیەکی لێ دەرهێناو دایگیرساند. هێشتا دوا دەنگدانەوەی قیژەکەی لە گوێدا بوو. هەستی بەلەرزینی لەشی کرد، لە ترسا یان لە سەرما؟ دوودڵ بوو. لەسەر کورسی پشت مێزەکەی دانیشت و گوتی: «تۆش ئەو قیژە ترسناکەت بیست فەرهاد؟»

کەس وەڵامی نەدایەوە. فەرهاد لە ژوورەکەدا نەبوو. لە هیچ ژوورێکی ماڵەکەدا نەبوو. تەنها ناوی لە زەینی ئەودا بوو. ناو و پارچە پارچەیەک لە ژیان و ڕابوردووی، کە ماوەیەک بوو بەبێ هیچ نەزم و ڕێسایەک کۆ بووبووەوە. دیسان لە زەینی ئەودا.

مژێکی قووڵی لە جگەرەکەی دا. دووکەڵ سەری زمانی گەست و هەڵیڕشتە سەر کاغەزەکانی بان مێزەکە. زۆری کاغەز ڕەش کردبووەوە. دوێنی و، پێرێ و... حەفتەیەک بوو شەو و ڕۆژ نووسیبووی. لەو ڕۆژەوە کە فەرهاد لە دایک بووبوو. یەکەم ڕۆژی پاییز.



فەرهاد یەکەم ڕۆژی پاییزی چ ساڵێک لە دایک بووبوو؟ لە منی پرسیبوو. گوتبووی: «ئەگەر بمەوێ چیرۆکەکەی بنووسم، دەبێ بزانم تەمەنی چەندەیە. دەبی بیبینم. بۆ ڕۆژێک لەگەڵ خۆت...»

گوتم: «فەرهاد لە ماڵ نایەتە دەر. ساڵانێکە لە ماڵ نەهاتووەتە دەر».

– «ساڵانێکە لە ماڵ نەهاتووەتە دەر؟»

بە سەرسووڕمانەوە پرسی. بەبیریدا هات، بڵێی ئەوەندە پیر بێ خانەنشین بووبێ؟ بەبیریدا نەهات، لەم وڵاتە بۆ ئەوەی کەسێک خانەنشین ببێ، پێویست ناکا حەتمەن پیر بووبێ.

جگەرەکەی کوژاندەوە و لە پشت مێزەکەی هەستا. ئەمسەراوسەرێکی ژوورەکەی کردو لە لای تاقی کتێبەکان گیرسایەوە. ڕیزێک کتێبی تازە؛ لەوەتی گەڕابووەوە کڕیبوونی. بیری کردەوە، ئەگەر کتێبە کۆنەکانیشی بمایە... بارامی برای گوتبووی: «کە تۆ ڕۆشتی باوکم هەموو کتێبەکانی کۆ کردەوە و بۆ شەوێدا لە حەسار، لەسەر یەک هەڵیڕشتن و سووتاندنی». گوتبووی: «ئاگرێکی گەورەیان لێ ساز بوو. جگە لە حەسار، گەڕەکەکەشی ڕووناک کردبووەوە». بەپێکەنینەوە گوتبووی. بەڵام مونیرەی خوشکی دەیگوت: «من و ڕووناک تا بەرە بەیان بەدیار ئاگرەکەوە دانیشتین و فرمێسکمان هەڵڕشت». بەخەمەوە دەیگوت. «ڕۆژی دواییش کە دەرو دراوسێ هەواڵی ئەو ئاگر و سووتمانەیان لێ پرسین، گوتمان گەڵای وشکی درەختەکان بووە و سووتاندوومانە».

گەڵای وشکی درەختەکان؟ بۆ پاییز بوو کە ئەو لێرە ڕۆشتبوو؟ سەیری کتێبەکانی کرد. هێشتا هیچیانی نەخوێندبووەوە. تەنها سەیرێکی کردبوون و چەند پەڕەی لێ هەڵدابوونەوە. بیری کردەوە: «کە ڕۆشتمەوە، لەگەڵ خۆم دەیانبەم. تەنهایی شەوانی غوربەت و...».

کتێبێکی لە ڕیزەکە دەرهێنا «ڕۆچنەیەک لە تاریکیدا». ئەوە شەش یان حەوتەمین کتێبی بیرەوەری بوو کە لەم حەفتەیەدا کڕیبووی. بیرەوەری پیاوانی نەوەیەک کە سەردەمێک ویستبوویان دنیا بگۆڕن. بەتێکۆشانیان، بەدابڕانیان لە ماڵ و بنەماڵە و بەزیندان و ئەشکەنجە و... نەیانتوانیبوو. دنیا نەگۆڕابوو. نەگۆڕابوو؟ تەنها ئەوان پیر و پەککەوتە بووبوون و لە ترسی ئەوەی لە بیر بچنەوە و فەرامۆش بکرێن، بیرەوەرییەکانیان نووسیبووەوە. «ڕۆچنەیەک لە تاریکیدا» بیرەوەری زیندان. نووسەرەکەی، نەوەک لە نزیکەوە، دەناسی. زیاتر لە بیست ساڵ زیندانی کێشا بوو. کتێبەکەی لە ناوەڕاستەوە

کردەوە. ڕۆژی دیدەنی زیندانییەکان بوو. چ ڕۆژ و چ ساڵێک؟ تێنەگەیی. گرینگیش نەبوو. ئەوە گرینگ بوو کە زیندانییەکان پێیان دەکرا دەستێک بەخۆیاندا بێنن و ڕیشیان بتاشن. جلە خاوێنەکانیان کە لە بن پەتووەکانەوە دەقیان گرتبوو، لە بەر بکەن. لەو عەترە کە دەسگیرانی یەکێکیان بەدیاری بۆی ناردبوو، لە خۆیان بدەن. پێڵاوەکانیان بۆیاخ بکەن و... هەموو ئەو کارانەیان کردبوو. وەها کە میوانی شوێنێک بن. میوان بوون. میوانی بنەماڵەکانیان. بڵێی باسی ئەو کوڕە گەنجەش کرابێ کە دەسگیرانەکەی عەتری بۆ ناردووە؟ دیدەنی دوو دەسگیران لەم دیواودیوی مێڵەی ئاسنییەوە، لە بەر چاوی پۆلیسێکی گەنجی سمێڵ بابڕ و چاوو برۆ ڕەشدا...

کتێبەکەی لێک ناو، لە جێی خۆی داینایەوە. سەرو خوارێکی تری ژوورەکەی کردو، بۆ پشت مێزەکەی چووەوە. زیندانی و بنەماڵەکانیانی فەرامۆش کرد. گوتی: «دڵنیام تۆش ئەو قیژە ترسناکەت بیستووە فەرهاد».

دیسان فەرهاد لەژوورەکەدا نەبوو. لە هیچ ژوورێکی ماڵەکەدا نەبوو. کاغەزەکانی سەر مێزەکەی کۆ کردەوە. چاوی بەیەکەم لاپەڕەدا خشاند. کۆمەڵێک ڕستەی سارد و سڕ، سواو و دووپاتەوە بوو. گرمۆڵەی کردو فڕێی دا. لاپەڕەی دووهەم... ڕستەکان بەلایەوە غەریب و بێگانە بوون. وەها کە ئەو نەینووسیبێتن. پەڕەی دووهەمیشی فڕێ دا. پەڕەی سێهەمیش... پەڕەی چوارەم...

– «تۆ چی لە فەرهاد دەزانی؟»

من بووم پرسیم. لە دەنگم دانەچڵەکی. سەری بەرز کردەوە. لەوەی کە بێ خەبەر هاتبوومە ژوورەکەی و لەو لایەوە ڕاوەستا بووم قەڵس نەبوو. گوتی: «زۆر شت. بەڵام پرژ و بڵاو و ناڕێکوپێک».

پێکەنیم. ڕیزێک ددانی ڕەش و پیس و ناحەزی دی. بەلایەوە قێزەون بوو. یەکەم جار بوو وەهای دەدیم؟ پێشتر پێنەکەنیبووم؟ حەتمەن پێکەنیبووم. زۆر جار پێدەکەنیم.

گوتی: «تۆ زۆر پێدەکەنی».

بەتووڕەیی و بێزار بوونەوە گوتی. بەڵام زوو پەشیمان بووەوە و گوتی: «ئەڵبەت پێکەنین کارێکی خراپ نییە».

ئەوەی گوت چونکا نەیدەویست بمڕەنجێنێ. ڕەنگە ترسابێ لێی بتۆرێم. بەڵام نەتۆرام. سەیری کاغەزە گرمۆڵەبووەکانم کرد. چەندە بەنووسینیانەوە ماندوو بووبوو. دوێنێ و پێرێ و... لە ماوەی ئەم حەفتەیەدا ئەوەی نووسیبووی، گرمۆڵەی کردبوو، فڕێی دابوو. بەو



هیوایە کە سەرلەنوێ دەست پێ بکاتەوە. بەنووسینی چیرۆکی فەرهاد و، هێشتا لە یەکەم ڕستەدا مابوو. یەکەم ڕستە دەلاقەیەک بوو لە ژیانی فەرهاد دەکرایەوە. پێشتر گوتبووی: «هەڵبژاردنی یەکەم ڕستە، یەکەمین و دواهەمین هەڵبژاردنی چیرۆکنووسە. هەڵبژاردنێکی دژوارە. یەکەم ڕستە ڕەوتی ژیان و چارەنووسی کەسی چیرۆکەکە دیاری دەکا».

گوتی: «فەرهاد لە کوێ دەژی؟»

بە وەڵامەکەی منی دەزانی.

گوتی: «پێویستە بیبینم. ئەو دەبێ...».

ویستی بڵێ: ئەو دەبێ پێم بڵێ ئەو قیژە تیژو ترسناکەی بیستووە یان نا؟ بەڵام نەیگوت. گوتی: «ئەو دەبێ بۆ هەڵبژاردنی یەکەم ڕستەی چیرۆکەکەی یارمەتیم بدا. تۆ بەڵێنت پێداوم بەیەکترمان بناسێنی».

من پشتم تێ کرد. ڕۆشتم لە بەر یەکێک لە پەنجەرەکانی ژوورەکەی ڕاوەستام. بەحاستەم پەردەکەم لادا. دەرەوە هێشتا تاریک بوو. گوتم: «بەڵێنم داوە و دەیکەم».

نەمگوت کەی.

# دوو

بەیانی ئەو شەوە نەبوو، بەیانی شەوێکی تر بوو. لە خەو هەستابوو، خۆی پۆشتە کردبووەوە و لە ماڵ ڕۆشتبووە دەر. لە شەقام، لە نێوان هەرا و هوریا و هات و چووی ئەو خەڵکە کە هێشتا خەو بەری نەدابوون و بەپەلە بوون بەکارەکانیاندا ڕابگەن. ئەو دەبوو بەچیدا ڕابگا؟ ... بەیانی زوو، لە جەرگ و دڵ فرۆشییەکەی ناو بازاڕ ناشتای کردبوو. دوو شیش دڵ و دوو شیش گورچیلە بەنانی گەرم و تازەوە.

ساڵانێک لەمەوبەر جەرگ و دڵ فرۆشییەکە پیاوێکی قسەخۆشی لەسەر بوو. کاک یەدە؟ ئەو و هاوڕێکانی پێیان دەگوت ژەنراڵ. نەخوێندەوار بوو، بەڵام دەیگوت لە شۆڕشەکەی قازیدا ئەفسەر بووە. ژەنراڵی لە قاپێکی چێوی ڕەشدا دیبووەوە. وەک ئەو دەمانە لێوی بەزەردەخەنەیەکەوە وشک بووبوو. ئەو بەڕێزەوە سەری بۆ لەقاندبوو. بەدەم ئاخێکی ساردەوە گوتبووی: «ژەنراڵ تۆش؟ خۆ تۆ قەرار نەبوو وا زوو...» لەبەرخۆیەوە گوتبووی. دڵەکەی خواردبوو، گورچیلەکەی هەروا بەجێ هێشتبوو. پاشان چوو بوو بۆ ئیدارەی میراتی فەرهەنگی. بۆ لای جەلالی. جەلالی برادەری نزیک و هاوڕێی کۆنی بوو. لەوەتی گەڕابووەوە چەند جار دیبووی. هەروا خۆشەویست و میهرەبان؛ هیچ نەگۆڕابوو. نەگۆڕابوو؟ ژنی خواستبوو، سێ منداڵی بوو. زۆریش پیر بووبوو. زۆرتر لەوەی کە ئەو چاوەڕوانی دەکرد. سەر و ڕیشی سپی و چاوی کز و... دڵی نەهاتبوو پێی بڵێ پەکی کەوتووە. نزیکەی سەعاتێک لە لای مابووەوە.

کە هاتەوە دەر لە بەر دەرکەی ئیدارەکە بوو منی دی. لەو بەر شەقام پاڵم بەدرەختێکی پیادەڕۆکەوە دابوو. سەیری هاتێ. لەوێ چیم دەکرد؟ جەلالیش لە گەڵی هاتبووە دەر. بۆ بەڕێ کردنی و... بەپەلە خواحافیزی لێ کرد و لە شەقامەکە پەڕییەوە. ئەو بەرەو ڕووی من دەهات و منیش هەروا پاڵم دابووەوە و ڕاوەستابووم. بۆ دواجار ئاوڕی لە جەلالی دایەوە و دەستی لێ ڕاتەکاند. جەلالیش دەستی ڕاتەکاند و ڕۆشتە ژوور. ئەو لە جۆگەی شەقامەکە پەڕییەوە.

– «تۆ لێرە چی دەکەی؟» نەیپرسی. گوتی: «ئەگەر هەر بۆ بینینی جەلالیش



گەڕابێتمەوە کاری چاکم کردووە. جەلالی وەک هەمیشە هاوڕێی چاک و بەوەفایە. بریا دەتناسی...»

لە دەمی دەرچووبوو. من پێکەنیم و گوتم: «دەیناسم. دەمێکەیە دەیناسم. بەرپرسی ئیدارەی میراتی فەرهەنگی. پارێزەری شتە کۆن و فەرامۆش کراوەکان... میراتی پێشوونیانی خوا لێخۆشبوو...»

بە تەوسەوە گوتبووم؟ لچی هەڵقرچاند و بێ ئەوەی هیچ بڵێ ڕێکەوت. بەپیادەڕۆکەدا و بەناو ئەو خەڵکەدا کە نەیدەناسین. لێیان ورد دەبووەوە. لەو ژن و پیاوانە کە دەهاتن و لە لاشانیەوە تێدەپەڕین و جاروباریش سەرنجی بۆ ئەو فرۆشگەو بینایانە دەگوێزایەوە کە پێشتر نەیدیبوون. پێشتر نەبوون، یان بوون و ئەو فەرامۆشی کردبوون؟ فرۆشگەی گەورە و بینای بەرز و بڵیند، ئەو هەموو ئیدارە و نووسینگە و بانکە. ئاگای لە من نەبوو. نەدەترسا ونی بکەم. بەر لەوە بگاتە مەیدانەکە لە بەر دووکانی ڕۆژنامەفرۆشێک ڕاوەستا. خەڵکی تریش وەستابوون و لە ڕیزی ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی پشت شیشەی دووکانەکە ورد بووبوونەوە. ئەو هەموو ڕۆژنامە و گۆڤارە... بەر لە گەڕانەوەی ناوی زۆربەیانی نەبیستبوو. ئەو هەموو نووسەرە کە لەم ڕۆژنامە و گۆڤارانەدا دەنووسن و، ئەو هەموو خەڵکە کە دەیانخوێننەوە...

دووکاندارەکە کوڕێکی گەنج بوو. لە ژوورەوە ئەوی دیبوو، ناسیبوویەوە. بەرەو پیری هات:

– «ڕۆژ باش مامۆستا...»

لە گەڵ خۆی بردیە ژوور.

– «خەریکی خوێندنەوەی وتووێژەکەی ئێوە بووم. ئیمڕۆ دەرچووە. بڕوانە لە ڕیزەکەدایە».

تا کوڕە گەنجەکە نەیگوتبوو، ئەو یەک، دوو ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەی نەدیبوو. دەستی بردو ڕۆژنامەیەکی هەڵگرت. ڕەسمەکەی خۆی لە سووچێکی ڕووبەرگەکەیدا بینی. لە خواریەوە نووسرابوو «میهرەبان لەناو کەسایەتی چیرۆکەکانیدا». بزەی هاتێ. وتووێژی سێ ڕۆژ لەمە بەر بوو پێی وانەبوو وا زوو بڵاو ببێتەوە.

– «دەمت خۆش بێ، قسەی چاکت کردووە».

گەنجە ڕۆژنامە فرۆشەکە گوتی و سەرنجی مشتەرییەکانی بۆ لای ئەو ڕاکێشا.

– «فەرموو دانیشە. دەڕۆم دوو پیاڵە چا دێنم و...».

نەیهێشت. دانەنیشت. ڕۆژنامەکەی هەڵگرت و بەزۆر پارەکەی داناو ڕۆیی. ئێستا ئیتر پێی وابوو زۆر کەس ڕەسمەکەیان دیوە و دەیناسنەوە. هەستێکی ناخۆش بوو. ویستی لە شەقامەکە بپەڕێتەوە. ئوتومبێل قەتارەیان بەستبوو. هاژەهاژ ... بەناو هاژەهاژەکەدا پەڕیەوە. لەو بەر شەقام، لە قەرەباڵغی هات و چووی خەڵکەکەدا کەسێک بەری پێگرت. پیاوێکی بەڕواڵەت هاوتەمەنی خۆی، ڕەنگە پیرترو کەمێکیش لاوازتر. سەرو قژی ئاڵۆزاو و پیس بوو. داوای جگەرەی لێ کرد. ئەو بەئاشنای هاتە بەرچاو. زۆر ئاشنا. بەکاوەخۆ دەستی بۆ گیرفانی برد و، لێی ورد بووەوە.

– «ناسری... تۆ ناسری نیت؟! ئەوەی وا سێ تاری دەژەند و...».

کابرا لێی سڵەمییەوە. شتێک لە چاو و نیگایدا گۆڕا. بێ ئەوەی وەڵامی بداتەوە یان جگەرەکەی لێ وەربگرێ، هەنگاوێک کشایەوەو پاشان پشتی تێهەڵکرد و گورج تێپەڕی. ئەو حەپەسابوو. «ناسری...» نیگای پڕ لە سەرسووڕمان و پرسیاری شوێن خست. لەبەرخۆیەوە گوتی: «ناسری بوو. دڵنیام ئەو بوو...» ویستی شوێنی کەوێ و پێی هەڵگرت. بۆ ناو قەرەباڵغی دەوری مەیدانەکەو چاوی بەهەموو لایەکدا گێڕا، بەڵام نەیبینییەوە. ونی کردبوو. ناسری خۆی لێشاردبووەوە. لە دەرەوەی قەرەباڵغییەکە، شەکەت پاڵی بەسندووقی پۆستی قەراغ پیادەڕۆکەوە دا.

– «پێدەچوو ئەویش تۆی ناسیبێتەوە».

من گوتم. گوتم: «تەنانەت جگەرەکەشی لێ وەرنەگرتی».

هێشتا پاکەتەکەی بەدەستەوە بوو. جگەرەیەکی لێ دەرهێناو دایگیرساند. مژێکی لێدا و لەسەر سندووقی پۆستییەکە کوژاندییەوە. سەیرێکی ئەملاولای کرد و فڕێی دایە جۆگەکەوە. «بیستبووم». چی بیستبوو؟ چییان گوتبوو؟

«ئەفسانەی کلۆڵ...» بەرز گوتی. هەوڵی دا ڕوخساری نیگەران و چاوە تەژەکانی ئەفسانە ببینێ و نەیدی.

گوتم: «ئەفسانە ژنیەتی؟»

بزەیەکی تاڵ و تازیەباری لەسەر لێو بوو. تێگەیشتم. گوتم: «ئەفسانە ژنی بوو؟»

هیچی نەگوت. دیسان سەر ڕێ کەوتەوە بۆ ناو قەرەباڵغییەکەو، من شان بەشانی دەڕۆشتم.

گوتی: «شۆڕە لاوێ بوو ناسری. جوان و تەڕپۆش. لە بنەماڵەیەکی دەوڵەمەند بوو.



پژۆیەکی سەوزی مودێل باڵای لەژێر پێدا بوو. جاروباریش سێ تاری دەژەند. ساڵانێک لەمەبەر...»

گوتی ساڵانێک لەمەبەر و، ئاخێکی ساردی هەڵکێشا.

گوتم: «پیاوی دڵخوازی هەموو ئافرەتێک، بنەماڵەی دەوڵەمەند و ئوتومبێلی مودێل باڵا و حەتمەن زۆری خۆش ویستووە».

– «کێ؟ ئەفسانە؟»

دووبارە لای لێ کردمەوە. هێشتا بزە تاڵەکەی لەسەر لێو بوو. بزە تاڵە تازیەبارەکە و ڕەنگە دەیویست ئازاری برینێکی کۆنی پێ وەشێرێ. گوتی: «ئەو دەمانە وەک ئێستا نەبوو. ئەو دەمانە پیاو بۆ ئەوەی دڵی کچێکی وەک ئەفسانە بەدەست بێنێ، پێویستی بەو شتانە نەبوو. پێویستی بە...»

منیش بزەم هاتێ. گوتم: «کراسێکی جووت گیرفانی چینی، پاڵتۆیەکی سەربازی ئەمریکایی، سمێڵێکی زلی ئەستالینی و عەینەکێکی سادەی قاپ ڕەش...»

پێکەنیم. گوتم: «ئەفسانە ڕۆژنامەی کاری دەفرۆشت یان ڕێبازی کرێکار؟»

– «ئەفسانە کچی ئەو مەیدانانە نەبوو. ئەفسانە کچی هیچ مەیدانێک نەبوو. کچێکی تەنها و دنیایەکی بچووک. دنیایەکی بچووک، بەڵام ڕۆشن و سەمیمی».

ئێستا بزەکەی زەردەخەنەیەکی شیرین بوو، بەهەموو ڕوخساریدا بڵاو بووبووەوە.

خۆم پێ نەگیرا و گوتم: «تۆ لە کوێی ئەو دنیا بچووک و سەمیمییەدا بووی؟»

هیچی نەگوت. پرسیارێکی سەخت بوو. بەئاشکرا خۆی لێ دزییەوە و منیش لە سەری نەڕۆشتم.

مەیدانەکەی بەجێ هێشتبوو. دەبوو دیسان لە شەقامەکە بپەڕێتەوە و بەرەو نووسینگەی بارامی برای بچێت. لە دوێنێوە ئەمە دووهەم جار بوو دەچوو. دەبوو بیبینێ و داوای لێبکا وەستایەک بۆ چاککردنەوەی بانی ماڵەکەیان بنێرێ. بانی ماڵەکەیان وەک هەموو شوێنێکی تری کاول بوو. ئەگەر ئیمساڵ بەر لەوە بەفر و باران دابکا دەستێکیان پێدا نەهێنایە، دەڕووخا. ماڵی بێ خاوەن.... لەو هەموو ساڵەدا کە ئەو لێرە نەبووە... ئەگەر لێرە بوایە... بارام گوتبووی: «ئەگەر لێرە بوویتایە دوای مەرگی باوکمان دەمانفرۆشت و دوو بەدوو کارخانەیەکی ڕەنگسازیمان دەکردەوە». گەیشتبووە نووسینگەکە. ڕۆشتە ژوور. بارام دیسان لەوێ نەبوو. مونشییەکەی بەشەرمەوە گوتی: «ڕۆشتووە سەرێک لە کارخانە بداو بێتەوە. دێتەوە».

ئەو لەسەر کورسییەک، ڕوو لە دەرەوە دانیشت. نووسینگەکە بەرامبەر بەسینەما بوو. سینەمایەک کە لە سالآنێک لەمەوبەرەوە بوو. لەو دەمەوە کە ئەو منداڵ بوو. مێرمنداڵ. چەندە حەزی لە سینەما دەکرد. ڕۆژی وابوو چەند سەعات لە بەر دەرکەکەیدا، لە پەردە گەورەکەی ورد دەبووەوە. لە ڕەسمی ئەکتەرەکان و ئێستا لەسەر پەردەکە ڕەسمی کچ و کوڕێکی گەنج بوو. کچ و کوڕ هەر کامە لە لایەکی پەردەکەو، بەرامبەر بەیەکتر. کوڕە نیگای بەرەو ژوورو، کچەکەش لە ئەو ورد بووبووەوە. لە کوڕەکە. هەردووکیان پێدەکەنین. نەقاشەکە ئەگەرچی ڕوخساری جوانی کچەکەی کەمێک نیگەران و ترساو کێشابووەوە، بەو حاڵەش پێدەکەنی. نیگەران و ترساو پێدەکەنی. یان ڕەنگە ئەو وەهای دیبێ. وەک پێکەنینی ئەفسانە، ئەو دەمە کە بوو، پێدەکەنی و کچەکەی بەئەفسانە دیبێ. کوڕەکەشی... ئەگەر من لەوێ بوومایە دەمگوت: «ناسری». بەڵام من لەوێ نەبووم. لە کوێ بووم؟ من پێم نەدەکرا ئەو بۆ هەر کوێ دەچوو شوێنی کەوم. بەپێویستیشم نەدەزانی. ئەویش پێی خۆش نەبوو. کەسی هیچ چیرۆکێک پێی خۆش نییە بۆ هەر کوێ دەچێ، نووسەرەکەی شوێنی کەوێ. تەنانەت ڕەنگە فەرهادیش کە کەسی چیرۆکەکەی ئەو بوو. بەڵام ئەو هێشتا فەرهادی نەدیبوو. من هێشتا فەرهادم پێ نەناساندبوو.

ڕۆژنامەکەی لە گیرفان دەرهێنا و کردییەوە. بۆ وتووێژەکەی خۆی گەڕاو، دۆزییەوە. چاپچی نووسینگە چایەکی خستبووە سەر مێزەکەی بەر دەستی. ئەو قومی لێدەدا و جاروباریش سەری لە گۆچارەکە بەرز دەکردەوەو، لە دەرەوەی دەڕوانی. لە شەقام و هات و چووی خەڵک و ئوتومبێلەکان. لە سینەمای ئەو بەر شەقام و، لە پەردە گەورەکەی. کوڕەکە هەروا نیگای بەرەو ژوور بوو. لە چی دەڕوانی؟ کچەکە چاوی لێ نەدەترووکاند. پێدەکەنی و دەیویست سەرنجی ڕاکێشێ.

پێدەچوو بارام وەدرەنگ کەوتبێ. مونشییەکە سەیری سەعاتەکەی دەستی کردو، لە بەر خۆیەوە، وەها کە ئەویش گوێی لێبێ، گوتی: «پێمووانییە وا زوو بێتەوە. وا زوو نایەتەوە».

ئەو سەری هەڵبڕی و لە مونشییەکەی ڕوانی. خانمێکی هێشتا گەنج بوو. نزیکەو سی. ئارایشتێکی تۆخی کردبوو. لێوی سووری خوێنی، کوڵمەی سپی تیف تیفەدراو و چاو و بڕۆی گەورەی ڕەش. ڕەنگە بەهۆی ئەو ئارایشتە تۆخەوە بووبێ کە هەڵچوو و دەمارگرژ دیار بوو. ڕەنگە هەڵچوو دەمارگرژیش نەبووبێ، وەڕز و بێ تاقەت بوو. چونکا ئەو هیچی نەدەگوت و نەیدەدواند؟ بێ ئەوە پێی گوترابێ تەلەفوونی بۆ کارخانە کرد. دیار بوو



کەسێک پێی دەگوت بارام لەوێ نییە. داوای شەریکەکەی کرد، ئەویش نەبوو. تەلەفوونەکەی داناو، گوتیەوە: «پێموانییە تازە بێتەوە. نایەتەوە».

ئەو گوتی: «بۆ ژمارەی مۆبایلەکەی ناگری؟»

«موبایلەکەی بەخۆی نییە». نەیگوت بەخێزانیەتی. گوتی: «ئەگەر بەپەلەیت، یان دەبێ بڕۆی بۆ شوێنێکی تر، کە هاتەوە دەڵێم تەلەفوونت بۆ بکا. تەلەفوونت بۆ دەکا».

تەلەفوونی بۆ نەدەکرد. ئەو دەیزانی. دڵنیا بوو. ئەو باسی بانی ماڵەکەی دەکرد، باسی دەست پێداهێنان و چاک کردنەوەی. بارام خۆی لەو قسەو باسە دەدزیەوە. دەیگوت: «پارە لە چۆم خستنە. پیاوی عاقڵ مردوو عەمەلیات ناکا. ئەو ماڵە کاولە. دەبێ مشتەرییەکی بۆ بدۆزینەوە و، لە ملی خۆمانی بکەینەوە». لە یەکەم ڕۆژی گەڕانەوەیەوە بارام ئەوەی گوتبوو. گوتبووی: «دەبێ هەرچی زووترە بیفرۆشین. هەمووومان پێویستمان بەپارەیە. بەتایبەت ئەو دوو زەعیفەی خوشکمان. مێردە سەگبابەکانیان سالآنێکە گیرفانیان بۆ پارەی ئەم ماڵ و حەسارە هەڵدرووە و...» بەڵام مونیرە گوتبووی: «نایفرۆشین. تا وەسیەتی دایک و باوکمان بەڕێوە نەچێ، من و ڕووناک بەشی خۆمان نافرۆشین». ئەو ڕۆژە یان چەند ڕۆژ دواتر گوتبووی. گوتبووی: «وەسیەتی دایک و باوکمان ئەوە بوو هەموو منداڵەکانیان لەم ماڵەدا زەماوەند بکەن. کوڕەکان لێرە بووکیان بۆ دابەزێ و کچەکانیش لێرەوە بڕۆنە ماڵە مێرد». ئەو پێکەنیبوو.

خانم مونشی ئۆقرەی لێ بڕابوو. پەستا پەستا سەیری سەعاتەکەی دەستی دەکردو، نیگای بۆ ئەو، کە بەخۆڕایی چاوەڕوانی هاتنەوەی براکەی بوو- دەگوێزایەوە. نیگای ئەو چاوە گەورە و ڕەشانە... ئەو هەستا. خانم مونشی لە خۆشییا گەشایەوەو، بەرز بووەوە.

- «دەڕۆن؟»

بەئەدەب و زەردەخەنەوە گوتی. ئەو گوتی: «یادداشتێکی بۆ بەجێ دێڵم. کە هاتەوە بیدەرە دەستی».

ئەوسا داوای پەڕەیەک کاغەزی لێکرد. خانم مونشی خستیە بەر دەستی. خۆشحاڵ بوو. چاوە گەورە و ڕەشەکانی دەبریسکانەوە. ئەو نووسی: «هاتم پێت بڵێم پێویست ناکا خۆت لە کار بکەیت و بەشوێن وەستادا بگەڕێی. جەلالی هاوڕێم بەڵێنی پێداوم بەم زووانە وەستایەکی ئاشنای خۆیم بۆ بنێرێت و جگە لە چاککردنەوەی بانی ماڵەکە دەستێک بەژوورەکانیشدا بێنێ. ڕەنگە حەوز و حەسارەکەش...».

ئەوەی بۆ ترساندنی بارام نووسی. یادداشتەکەی بەجێهێشت و ڕۆیی. هێشتا لە

دەرکەی نووسینگەکە نەچووبووە دەر کە خانم مونشی پشوویەکی ڕەحەتی داو تەلەفوونەکەی بەرز کردەوە؛ کەواتە ئەو موزاحیم بوو. موزاحیمێکی نامەحرەم کە دوا سالآنێک گەڕابووەوە و وەزعەکەی لە هەموو کەس، تەنانەت لەو مونشییەش، شێواندبوو.

لە دەرەوە بۆ دوا جار سەیری پەردەی سینەماکە و ڕوخساری کچ و کوڕەکەی کردەوە. لەو ماوە کورتەدا پێکەنین بەڕوخساری هەردووکیانەوە وشک بووبوو، وەریبوو. کوڕ خەمبار بوو، کچەکەش نیگەران و ترساو. بیری فەرهاد کەوتەوە. قەرار بوو ئیمڕۆ بیبینێ؟



## سێ

دەمەو نیوەڕۆ گەڕابووەوە بۆ مالّ و لە هەیوان، لەسەر کورسییەکی کۆن و ژەنگاوی دانیشتبوو. ڕوو لە حەسارو...

خەریکی دەورکردنەوەی دەرسەکانی بوو. CLNA کلۆریدی سدیۆم... لەبەر کردنی گران بوو. CLNA کلۆریدی سدیۆم... هەردووکیان خوێ بوون. ئەو خوێیە کە دایکی دەیکردە ناو چێشتەوە. یان بەخەیاریاندا دەکرد و... یان بەڕێواس... لە خوار هەیوان، لە سێبەری درەختەکانی حەسار، لەسەر ئەو چرپایە کە باوکی عەسران لە سەری دادەنیشت و قلیانی دەکێشا خەریکی ڕێواس خواردن بوون. بارامی برای، مونیرە و ڕووناکی خوشکی و... کێی تریش؟ ئەو بەپەلە بەپلیکانەکاندا داگەڕا. دەبوو دەوری حەوزە گەورەکەی حەسار بداتەوە، بەلاّم دەوری نەدایەوە. باوکی لە گوێ حەوزەکە خەریک بوو دەستنوێژی دەگرت. ئەو ڕۆژە یان ڕۆژێکی تر؟ ئەو سالّە یان سالآنێک لەوە بەر؟ حەوزەکە پڕ لە ئاو بوو. بەچوار دەوری حەوزەکەدا گولّدانی پڕ لە گولّی ڕەنگاوڕەنگ. شەمدانی، ژالّە، عەترچایی... وێنەی گولّەکان لە ئاوی حەوزەکەدا و لە شینی کاشییەکاندا، لەگەلّ وێنەی لقوپۆپی درەختەکان تێکەلّ بووبوون. خۆری دەمەو ئێوارە تیشکی زەرد و نارنجی بەسەر لەشی نەرم و خزیلکی ئاوەکەداو بەسەر وێنەی لقوپۆپی درەختەکان و گولّدان و گولّەکاندا بلاّوکردبووەوە. وێنەی باوکیشی لە ئاوەکەدا بوو. باوکی دۆعای دەکرد. بەدەنگی بەرز، وەها کە کوڕە چکۆلەکەی گوێی لێبێ و فێری ببێ. «سبحان الله... سبحان الله...» دەستە گەورەکانی باوکی کە لە ئاوەکەی ڕۆ دەکردو، ئەو شلّپانە کە بەڕوومەتیدا دەپژاند، وێنەکانی دەشەمزاند. وێنەکان شەمزابوون. ماسییەکانی ناو حەوزەکەش تۆقابوون. ماسییە سوورەکەی ئەویش. ویستی بلّێ، بابە ماسییەکە... باوکی گوتی: «ئێستا ئیتر نۆرەی تۆیە کوڕم. وەرە دەستنوێژەکەت بگرە». بەدوودلّییەوە ڕۆشتە پێش. ئەژنۆی خستە سەر لێواری تەڕی حەوزەکە. وێنەی خۆی لە ئاوەکەدا نەرم و خزیلک، کەرت کەرت دەبوو. بەترسەوە دەستە بچووکەکانی لە ئاوەکە ڕۆ کرد. سارد بوو. گورجێک دەستی کێشایەوە. ئەوسا چاوی بۆ ماسییەکان گێڕا. بۆ ماسییە سوورەکەی خۆی. نەیدی. لە شەپۆلانی وێنەکانداو لە شەپۆلانی تیشکە زەردو نارنجیەکەدا ونی کردبوو. یان ڕەنگە ماسییەکە چوو بووە بنکی حەوزەکەو، لە مابەینی

کاشییە شینەکانی بنکی حەوزەکەدا خۆی شاردبووەوە.

– «ئافەرەم کوڕم. ئێستا الحمدلله... الحمدلله... الحمدلله...» دیسان دەستی بۆ ناو ئاوەکە بردەوە. ئەژنۆی خزاو، شڵپەیەک دایچڵەکاند. گوڵدانێکی سەر لێواری حەوزەکە کەوتبوو. کەوتبووە ناو ئاوەکەو، پرژەی بەرز بووبووەوە. تۆقا. سەری هەڵبڕی و بەترسەوە لە باوکی ڕوانی. لە چاوەکانی باوکی کە لە پشت لووت و سمێڵی زلیەوە دیار نەبوون. سەرو سنگی باوکی لەناو لقوپۆپی درەختەکاندا بوو. دایکی لەوبەر حەوزەکە، لە پشت ڕیزی گوڵە باخەکان، مریەم و هێرۆ و یاسەمینەکانەوە پشکۆی بۆ قلیانەکەی باوکی دەگەشاندەوە. بارام و مونیرە و ڕووناکیش... حەتمەن ئەوانیش لەوێ بوون. حەتمەن لەسەر چرپای ناوەڕاستی حەسارەکە دانیشتبوون و... چییان دەکرد؟

ڕۆژێکی دوور بوو. سات بەسات تیش دوورتر دەبووەوە. ڕوخسارەکان... دۆخی ڕوخسارەکان نەدەگەیشتنە ئیمڕۆ و ئێستای. بەڵام بۆنەکان و دەنگەکان هێشتا لە خەڵوەت و فەزای بێ دەنگی حەساردا مابوون. ڕەنگە لە پشت سەری باوکیەوە نوێژی کردبێ کە دەیگوت: «شوکور بۆ خوا وەجاخم ڕوونە. کوڕم هەیە و لە پشت سەرمەوە نوێژ دەکا». بەڵام ئەو لە بیری ماسییە سوورەکەیدا بوو. دڵنیایە لە بیری ماسییە سوورەکەیدا بووە کە لە بنکی حەوزەکە خۆی شاردووەتەوە.

حەوزەکە ئێستا وشک بوو. لە بری ئاو پڕ بوو لە سواڵەتی شکاوی گوڵدانەکان و ڕەنگی شینی دیوارەکانیشی تەپڵەکی کردبوو، وەریبوو. کاشییەکانی بنکی حەوزەکەش زۆربەیان درزیان بردبوو، شکا بوون. لە لایەکی حەوزەکە کۆگایەک سواڵەتی شکاو هەڵدرابووەوە و، لە سووچێکی دوو پشیلەی لەڕو لاواز لەسەر زبڵ و خەوشەکە گرمۆڵە بووبوون. پشیلەی دەرکراوی ماڵە دراوسێکان بوون، حەتمەن. هەموو حەسار جگە لە گژو گیاو بنچکی وشکەڵ، چڵێک گوڵی تێدا نەبوو. درەختەکانیش گەڵای زەرد و سووریان کەوتبووە هەڵوەرین و لقی ئەستووری مێوەکان، بەسەر شانی درەختەکان و هەرزاڵە ڕماوەکاندا، گەڵایان وەک چەرمی گای لێ هاتبوو. حەسار پارکێکی بچووکی شارێکی مەیدانی شەڕ بوو. کێ بڕوای دەکرد ئەمە حەساری ماڵی باوکی بێ ؟ حەساری ماڵی میرزا سەعیدی میهرەبان؟ یەکەم ڕۆژی گەڕانەوەی پرسیبووی. پرسیبووی؟ لە بەر خۆیەوە گوتبووی. بارام گوتبووی: «تۆ ساڵانێک لێرە نەبووی. نازانی لەم ماوەدا ئێمە چیمان بەسەر هاتووە». گوتبووی: «بۆ سەیری خۆمان ناکەی؟ خۆمان لەم ماڵ و حەسارە کاولترین». ئەو سەیری کردبوو. تەنها کەسێک کاولی پێوە دیار نەبوو، بارام بوو. بەڵام



نا... پێدەچوو ئەویش وێران بێ. وێران بوو. لەو دیو چاوە ڕۆشن و گەشەکانییەوە، لەو دیو ڕوومەتە قەڵەو و ماسیوەکەیەوە، لەو دیو جووڵەی بێ ئیختیاری دەستەکانیەوە، شتێک هەرەسی هێنا بوو. گوتبووی: «لەو ڕۆژەوە تۆ لێرە ڕۆشتووی، ئێمەش سەعاتێکی خۆشمان نەبووە. چارەنووسی ونی تۆ، مردنی باوکم و هەشت ساڵ شەڕ و بۆمباران و دەربەدەری... لە هەموو ئەم ماوەدا...»

هەموو ئەم ماوە ئەو لە کوێ بوو؟ بارام پرسیبووی؟ گرینگ نەبوو کێ پرسیویەتی. گرینگ ئەوە بوو حەساری ماڵەکە، باخچە پڕ لە گوڵ و دارو درەختەکەی میرزا سەعید وێران بووبوو. ماڵەکەش... بارام گوتبووی: «با سەرێک لەناو ماڵەکەش بدەین. ئەڵبەت ئەگەر بەسەرماندا نەڕووخێ». گوتبووی: «من لە ترسی ئەوەی بەسەر ژن و منداڵەکەمدا نەڕووخێ، دە ساڵێکە چۆڵم کردووە».

ئەو بەترس و گومانەوە بەپلیکانەکاندا هەڵگەڕا بوو. بەرلەوە دەرکەی دووتایی ڕاڕەوەکە بکاتەوە، چووبووە هەیوان. پەنجەرەکانی هۆڵ و ئاشپەزخانە، دیوەخانە قەدیمیەکەی میرزا سەعید، لە ڕیزێکدا پێوە درابوون. سێ کۆڵەکە گەورەکە هەروا قورس و قایم بەسەر پێوە بوون. ئەمسەراوسەرێکی هەیوانی کردبوو. ئەوسا لە دەرکەی ڕاڕەوەکەوە ڕۆشتبووە ژوور. لەپێشدا بۆ ئەو سەری ماڵەکە. بەشی پشتەوەی. بۆ ژوورەکەی جارانی خۆی. ژوورەکەی بارام و ژووری کچەکان. ژوورەکان چۆڵ بوون. خۆڵ و تۆزی دەیان ساڵە لەسەر دیواری ڕووت و ناو تاق و پەنجەرەکانیان نیشتبوو. ژوورەکان سارد و خەمبار بوون. حەسارە بچووکەکەی پشتیشەوە سارد و خەمبار بوو. بارام هەروا بەشوێنیەوە بوو. وەک دەلاڵێکی کارامە. وەک کەسێک بەتەما بێ ماڵێک لە چنگی خاوەنەکەی دەربێنێ، بێ ئیختیار دەستی جووڵاندبوو، شکاو و شکستی ماڵەکەی نیشان دابوو. ڕەنگە هەر شکاو و شکستیەکەشی دیبێ. گوتبووی: «وەرە سەیرێکی ئەو بەشەش بکە. هۆڵەکەو...» گوتبووی: «پێم وابێ تۆ نەڕۆشتبووی کە دیوەخانەکەمان تێک داو، هۆڵ و ئاشپەزخانە و حەماممان لێ سازکرد». بارام بەهەڵە چووبوو. دوا ڕۆشتنی ئەو دیوەخانەکەیان تێکدابوو. تێکیان نەدابوو، لایەکیان بۆ ئاشپەزخانە و حەمام لێ بڕ دابوو. بەر لە مردنی میرزا سەعید. مونیرە گوتبووی: «بارام بەتێکدانی دیوەخانەکە باوکمی لە گەورەیی خست. بەهانەکەشی ئەوە بوو کە خانمی ژنی ناتوانێ بۆ لێنانی کەوچکێک چێشت، بەو هەموو پلیکانەدا بڕواتە خوار. ناوێرێ وەخت و بێ وەخت خۆی بەو ژێرخانەدا بکا و، ...»

ئەو گەڕابووەوە بۆ ڕاڕەوەکەو، دەرکەی قەدیمی دیوەخانی کردبووەوە. دیوەخانی میرزا سەعید چۆڵ و بچووکتر لە جاران، بەڵام هێشتا سام و شکۆی ئەو دەمانەی مابوو. ئەو بەدەوری خۆیدا سووڕابووەوە و چاوی بەهەموو لایەکدا گێڕابوو. لە تاقەکان، لە پەنجەرەکانی سەر هەیوان و لە گەچبڕی دیوارەکان ورد بووبووەوە. ئەوانیش تۆز و خۆڵی دەیان ساڵەیان لەسەر نیشتبوو. ئاشپەزخانەو حەمام و... بەولاترەوە ژووری باوک و دایکیشی. هەموو شوێنێکی ماڵەکە تۆز و خۆڵی دەیان ساڵەی لەسەر نیشتبوو. هەموو شوێنێکی ماڵەکە بۆنی باوکی لێ هاتبوو. بۆنی نەبوونی باوکی. بۆنی تێپەڕبوونی زەمان. بۆ کۆن و فەرامۆشی و مردن. هیچی نەپرسیبوو. سۆراخی هیچی نەگرتبوو. بارام گوتبووی: «کە ئێرەمان چۆڵ کرد هەموو شتومەکەکانمان کۆ کردەوە و لە ژوورێکی ژێرخان لەسەر یەک هەڵمانچنین و دەرکەمان لەسەر داخستن». گوتبووی: «هەموو یادگارەکان. جگە لە چەند ڕەسم کە تواناى دڵ لێهەڵکەندنیانم نەبوو. ڕەسمی تۆ، ڕەسمی باوکم و... باقی شتەکانمان بۆ تۆ دانا. دەمانزانی ڕۆژێک لە ڕۆژان دەگەڕییتەوە. هەموو یادگارەکانی بنەماڵەمان بۆ تۆ دانا. دەمانزانی چەندەت خۆش دەوێن...»

سێبەری بانەکە لەسەر هەیوان کشابووەوە. تیشکی خۆری نیوەڕۆی پاییز هەڵیکوتابووە سەر شان و ملی. هەروا بەدانیشتنانەوە کورسییە کۆن و ژەنگاوییەکەی بۆ دواوە هەڵخزاند.

ڕۆژی دوایی زانیبووی هەموو یادگارەکانی بنەماڵە خەرمانێ کەلوپەلی کۆن و شکاو بوون و لە ژێرخان هەڵڕژابوون. دوور لە چاوی بارام، مونیرەی خوشکی و مێردەکەی دوو، سێ کرێکاریان گرتبوو. ژوورەکان و بەتایبەت هۆڵەکەیان خاوێن کردبووەوە. بەشێک لە کەلوپەلەکانیان لە ژێرخان هێنابووە دەر، شتبوویان و بردبوویاننە سەر. یەخچاڵ، چراگاز، قاپ و قاچاغ، مێز و کورسی و مۆبل و... پەردە چیندارو کۆن و دڕاوەکانیشیان شتبوو، هەڵیانواسیبووەوە. ئەو بەتوانجەوە گوتبووی: «بەس نییە ئەمانەش ماون». مونیرە گوتبووی: «ئەمانەش پارەیان بکردایە دەفرۆشران. وەک ئەو هەموو فەرشە دەستچنە. وەک ئەو هەموو شتە جوان و عەنتیکانە. وەک تەلەفزوێن و دووخەت تەلەفوون و... کوێر بم بۆ ماڵ و دیوەخانی...».

بەڕە و گلیمە کۆنەکانیان ڕاخستبوو. بزماری مۆبلەکانیان کوتابووەوەو، کورسی و مێزی نووسینیشیان لە سووچێکی ژوورەکە – هۆڵەکە – دانا بوو. قاپی ڕەسمەکان، ئاوێنە



شکاوەکان، سەعاتە دیواریەکەشیان بەسنگی دیوارەکانەوە هەڵواسیبوو. سەعاتە دیواریەکە میلەکانی کەوتبوو. هێشتا کاری دەکرد. چرکە چرک. ڕادوێ گەورەکەی میرزا سەعید کاری نەدەکرد. ئەو بەدڵشکاوییەوە گوتبووی: «ئەمانە بوون یادگارەکانی بنەماڵە؟!» بەخۆیدا شکابووەوە. مونیرە گریا بوو: «خوشکت کوێر بێ...» مێردەکەی گوتبووی: «دەبێ خەتێک تەلەفوون بۆ ئێرە ڕاکێشین».

زڕەی تەلەفوونەکەی لە ژوورەوە بیست. هەستا. بارامە؟ سەیری هاتێ. بەڵام مونیرە بوو. هەواڵی دەپرسی. کە تەلەفوونەکەی دانا هەستی بەبرسیایەتی کرد. ڕۆشتە ئاشپەزخانە. دەرکی یەخچاڵەکەی کردەوە و لە شتێک گەڕا کە بیخوا. بەدرێژایی ئەم هەموو ساڵە لە شتێک گەڕابوو بیخوا. لە هەر کوێ بوو، لە شاخ، لە عێراق، لە تورکیا... تەنانەت لە ئوروپاش... مونیرە دەیگوت: «خوشکت بمرێ، کەواتە لەم هەموو ساڵەدا کەس نەبووە پیاڵەیەک چایت بۆ دەم کا و پاروویەک نانت بۆ ساز کا؟» لە بیری چووبووەوە، لێرە هەموو پیاوێک کەسێکی بوو چا و نانی بۆ ئامادە بکا. هەموو پیاوێک جگە لە ئەو. ڕەنگە جگە لە ناسریش. چی بەسەر هاتبوو ناسری؟ لاوێکی تەڕپۆش کە سوار پژۆیەکی مودێل باڵا دەبوو، جاروباریش سێ تاری دەژەند، ئێستا سواڵی جگەرەی دەکرد. کلۆڵ ناسری. دیسان بیری ئەفسانە کەوتەوە. کلۆڵ ئەفسانە.

نیوەڕۆژەی ئامادە کردبوو، دەبوو بیخوا. ئەوسا دەبوو چاوەڕوانی من بێ. بەهیوا بوو من بیبەم بۆلای فەرهاد. بۆ ماڵی فەرهاد. کامە ماڵ؟ بڕیاری خۆی دابوو. تاکەی لە خۆف و ڕەجای دەستپێکردنی چیرۆکەکەیدا بمێنێتەوە؟ کەم کار تا ئەو ڕادە ئازاری دابوو. حەفتەیەک، دووان... بۆ حەفتە و دووان؟ چەند مانگ بوو بیری لە نووسینی چیرۆکێکی تازە دەکردەوە. تەنانەت بەرلەوە بگەڕێتەوە. بەرلەوەش لە بیری نووسینی چیرۆکێکی تردا بوو. چیرۆکی فەرهاد؟ هێشتا دڵنیا نەبوو. نە لە من و نە لە فەرهادو نە لە کەسەکانی تری چیرۆکەکەی. نووسینی چیرۆکی ئەو کەسانە کە لە ناویانداى و لە ناویاندا دەژی کارێکی دژوارە. هەمیشە دژوار بووە. بەتایبەت ئەو کەسانە کە دەترسن و، لە ترسا لە ماڵەوە، لە ژوورەکەیان دەخزێن و دەرکە لە کەس ناکەنەوە.

من گوتبووم: «تەنانەت لە خۆشیان». کەی ئەوەم گوتبوو کە ئەو تووڕە بووبوو، هەڵچووبوو؟ گوتبووی: «بەڵێ منیش دەترسم. منیش ترسنۆکم. هەموومان ترسنۆکین...» ئەوسا من پێکەنیبووم؟

دوا نیوەڕۆ چوو بۆ حەمام. هەموو جارێک کە دەبوو دەست بەکارێکی تازە بکا، یان کەسی چیرۆکێکی تازە ببینێ، دەچوو بۆ حەمام. دەچوو لەش و زەینی دەشت. لەژێر ئاوپاشەکەدا بوو. لە ئاوێنە گەورەکەی حەمامدا. بارانێک ئاوی شیلەوتێن بەسەر لەشی ڕووتیدا دەباری و لەشی پیر بووبوو. لە کەیەوە ئەوەندە پیر بووە؟ ڕوومەتی تێک قوپاوەو، چاوی بەقوولّدا چووە؟ لەشی... مونیرە گوتبووی: «خوشکت کوێر بێ، خۆ تۆ مندالّی دوێنێی. بۆچی ئاوا...».

ڕووی لە ئاوێنەکە وەرگێڕا. دەبوو بیر لە شتێکی تر بکاتەوە. لە کەسێکی تر. لەوەتی لە حەمام هاتبووە دەر ڕۆشتبووە پشت مێزی نووسینەکەی و سەری بەسەر کاغەزێکی سپیدا شۆڕ کردبووەوە و بیری لە فەرهاد دەکردەوە.

گوتم: «فەرهاد خەوتووە. جاروبار ئەم کاتانە دەخەوێ».

سەری بەرز کردەوە. لە مالّ و ژوورەکەی خۆی نەبوو. لە مالّ و ژوورێکی تر بوو. ژووری فەرهاد؟ ژوورەکە تاریک بوو. تاریک و پڕ لە دووکەلّ. بۆکۆن و بۆنی زبلّی سووتاوی لێ دەهات. فەرهاد لە سووچێکی ژوورەکە لە بەر ڕۆشنایی کزی پەنجەرە بچووکەکەیدا ڕاکشا بوو. جاجمێکی دڕاوی پێوە بوو. بەملاترەوە من دانیشتبووم. لە لای مەنگەلّیەکە. قۆریەکی ڕەش لەسەر مەنگەلّیەکە بوو. لەسەر پشکۆکان. ئەو سەیری دیوارەکان و سەیری بنمیچی ژوورەکەی کرد. ڕەش و تاریک بوون. قاپە ڕەسم و ئاوێنەی شکاوی سەر تاقەکانیش ڕەش و تاریک بوون. سەعاتە دیواریەکەش توێخێک دووکەلّ و دوودەی لەسەر نیشتبوو. وەستا بوو، کاری نەدەکرد. دەتگوت سالآنێکە وەستاوە و کاری نەکردووە. بەسەرسووڕمانەوە گوتی: «ئێوە لێرە دەژین؟ لەم مالّ و ژوورە...»

مەبەستی من و فەرهاد بوو. من پێکەنیم. ڕیزێک دانی زەرد و پیس... ئەو نەیدی. بەرەو فەرهاد چوو. بەرەو پەنجەرەی بچووکی ژوورەکەی. چاوە شیشەکان دووکەلّ تەلّخی کردبوون. ڕۆشناییەکی کزو لاوازیان لێدەهاتە ژوور و، بەرەشایی و تاریکی ژوورەکەدا بلاّو دەبووەوە. بەرە دەستی لە یەکێک لە چاوەکان هەلّسوو. بەرە دەستی ڕەش بوو. گوێی پێنەداو لەو دیو پەنجەرەکەی ڕوانی. ئەو دیو پەنجەرەکە حەسارێکی گەورەی پڕ لە دارو درەخت بوو. حەسارێکی کاولی پاییزی. لەوبەر حەسارەکەوە مالّێکی گەورەی چۆلّ بوو. ژێرخان و سەرخان. هەیوانێکی گەورە و سێ کۆلّەکە و ڕیزێک پەنجەرە... بەلایەوە غەریب نەبوو. گوتی: «ئەو حەسارو مالّەم بەلاوە غەریب نییە. دەلّێی پێشتر دیومە».



دیبووی. دلّنیا بوو کە دیویەتی. بەلاّم هەرچی هەولّی دا وەبیری بێتەوە، بێ سوود بوو. گوتی: «بیرو هۆشم نەماوە. لەوەتی گەڕاومەتەوە...»

قسەکەی تەواو نەکرد. بالّندەیەکی ڕەش و گەورە لە قاپی پەنجەرەی ژوورەکەدا سەرنجی قۆستەوە. بالّندەکە بەسەر حەسار و مالّە چۆلّەکەی ئەوبەریەوە دەسووڕایەوە و جاروباریش لە قاپەکەو لە ئاسۆی ڕوانینی ئەو دەچووە دەر. ون دەبوو.

گوتم: «وەرە دانیشە، چام بۆ تێکردووی».

ئاوڕی لێدامەوە. لە قۆری سەر مەنگەلّیەکە دوو چام تێکردبوو. قەندانێک قەندیشم دانا. لە جاران پیرتر و کەنەفتتر هاتمە بەر چاوی. بەزەیی پێمدا هات. پرسیارەکەی دووبارە کردەوە و، گوتی: «ئێوە هەردووکتان لێرە دەژین؟»

من هیچم نەگوت.

«ئێوە چی یەکترن؟»

هیچم نەگوت و پێکەنیم.

«تۆ کێیت؟ فەرهاد چیتە؟»

گوتم: «چیرۆکی ژیانی من دووروو درێژە. نەتبیستووە چونکا هێشتا نەمنووسیوە».

گوتم: «چاکەت سارد نەبێتەوە».

پیالّە چاکەی بەسەرەوە نا. تالّ بوو. ئەوەندە تالّ، کلّۆ قەندەکەی ناو دەمیشی پێی شیرین نەکرابوو. گوتی: «لەم ولآتە چیرۆکی زۆر کەس نەنووسراوە. وا چاکە بلّێم، لەم ولآتە چیرۆکی کەس نەنووسراوە».

ئەوسا سەیری فەرهادی کرد. تەرمێکی بێ جوولّە بوو لەژێر جاجمێکی کۆن و دڕاودا. گوتی: «بریا فەرهاد بەئاگای دەبووەوە و هەلّدەستا».

چاکەی خواردبووەوە و، بەشوێنیدا جگەرەیەکی داگیرساند. منیش جگەرەیەکم داگیرساند. گوتم: «فەرهاد بەئاگا نابێتەوە».

داچلّەکی. گوتی: «بەئاگا نابێتەوە؟ چۆن بەئاگا نابێتەوە؟ من بۆلای ئەو هاتووم. هاتووم قسەی لەگەلّ بکەم».

تەرمەکە جوولا. پیرە پیاوێکی چکۆلەو زەردەلّ لەژێر جاجمەکە هاتە دەر. خێشکە خێشک هەلّخزا و لەبەر ڕۆشنایی کزی پەنجەرەکە، بەبێ هیچ قسەو باسێک، بەبێ هیچ نیگا و سەرنجێک پالّی دایەوە.

گوتم: «ئەمەش فەرهاد».

فەرهاد دەستە باریک و ئێسکنەکانی لە دەوری ئەژنۆی ئاڵاندو سەری بەملیەوە بۆ سەر شانی شۆڕ بووەوە. قژی خۆڵەمێشی سەر و ڕیشی، ڕوومەتی تێکقوپاو و چاوی بەقووڵدا چووی... دەتگوت تەرمی مۆمیایی پیاوێکە دوا هەزار ساڵ لەژێر خاک دەرهاتبێ و لەبەر ڕۆشنایی کزی پەنجەرەیەکی بچووکدا، لە ژوورێکی تاریک و پڕ لە دووکەڵ، لە ژوورێک کە بۆکۆن و بۆنی زبڵی سووتاوی لێدێ، بەدیوارەکەوە هەڵیانپەساردبێ.

گوتم: «ئەمەش کەسی چیرۆکەکەت».

ئەو دەستبەجێ ناسیبوویەوە. لە پشت هەوری دووکەڵ و ڕەشایی و پیریییەوە ناسیبوویەوە. ئەو تەرمە کە تا ساتێک لەمەبەر ڕاکشابوو، ئێستا دانیشتبوو پاڵی دابووەوە و لە هیچ تەنانەت لە ئەویشی نەدەڕوانی، فەرهاد بوو. پیاوێک کە لە زەینیدا بوو. ناوو پارچە پارچەیەک لە ڕابوردووی. پیاوێک کە قەرار بوو کەسی چیرۆکەکەی بێ. واق وڕماو و تاساو گوتی: «ئەم پیاوە بۆ وای لێهاتووە؟»

هەستا. هەنگاوێک لێی چووە پێش و دوو هەنگاو لێی کشایەوە. گوتی: «بڕوا ناکەم... نا، بڕوا ناکەم...»

ئەوسا ڕووی لێ وەرگێڕا. سوورێک بەدەوری خۆیدا و بەناو ژوورەکەدا گەڕا. ترسا بوو. بەبیریدا هات هەڵێ. بەبیریدا هات لەو ژووره دۆزەخییە بڕواتە دەر. بڕواتەوە بۆ ماڵی خۆی و لە بەر ئاوێنەیەکدا ڕاوەستێ و بۆ جارێکی تریش لە خۆی بڕوانێ. بەڵام مایەوە. بەهەمان ترس و هەراسەوە، لە تەرمەکە، لە تەرمی دانیشتووی فەرهاد ورد بووەوە.

نووسی: «چی بەسەر هاتووە ئەم پیاوە؟ بۆ وای لێهاتووە فەرهاد؟ شان و باهۆی پیاوانەی بۆ وا تێک شکاوە؟ لەژێر باری کام خەم و ئازاردا...»

نووسی: «لە پێناوی کام تاواندا سزا دراوە ئەم پیاوە؟ لە پێناوی کام تاواندا سزا دەدرێین ئێمە؟ لە ئاگری کام تۆڵەدا دەسووتێین؟ لە دۆزەخی کام قەدەردا دەبینە خۆڵەمێش؟ لە زبڵدانی کام مێژوودا ون دەبین؟ لە ساتەکانی کام زەماندا لە بیر دەچینەوە؟...

نووسی و نووسی؛ پاشان قەڵەمەکەی فڕێ دا و هەستا. هەستا بۆ ئەوەی بەژوورەکەدا بێت و بچێ و ئەم پرسیارە بێ وەڵامانە بەسەر فەرهاددا بڕشێتەوە. فەرهاد تەرمێکی دانیشتوو، پەیکەرێکی شکاو و شکستی لاواز، پیرمنداڵێکی زەردەڵ. ئەژنۆکانی لە



باوەش گرتبوو، سەری بەملیەوە شۆڕ بووبووەوە و، لە هیچ، تەنانەت لە ئەویشی نەدەڕوانی. من هێشتا لە پاڵ مەنگەڵیەکەدا دانیشتبووم. فەزای ڕەش و تاریکی ژوورەکە پڕ بوو لە دووکەڵ.

ئەو تووشی سەرەگێژە بووبوو. دڵی تێکەڵ دەهات و هێڵنجی دەدا. بەرەو دەرکەی ژوورەکە چوو. ژوورەکەی خۆی یان ژوورەکەی فەرهاد؟ دەرکەی کردەوە و سەراسیمە ڕۆشتە دەر.

## چوار

من پێم وانەبوو بینینی فەرهاد تا ئەو ڕادە دایچڵەکێنێ و ئازاری بدا. ڕەنگە چونکا خۆم ساڵانێک لە گەڵی ژیابووم و خووم پێگرتبوو، خووم بەفەرهاد گرتبوو؛ بەڵام ئەو... ئەو لە هەموو ساڵانی غوربەت و ئاوارەییدا ترسابوو شتێک یان کەسێک ون بکا؛ چی یان کێ؟ نەیدەزانی. ئەوەندەی دەزانی کە دەبێ هەموو ژیان و هەموو بیرەوەرییەکانی ڕابوردووی بۆ خۆی ڕابگرێ. هەموو خەون و ئاوات و هەموو ئەو کەسانە کە کەسی ڕابوردووی بوون. ترسا بوو فەرامۆشیان بکا. وەک فەرهاد کە هەموو شت و هەموو کەسی فەرامۆش کردبوو. تەنانەت خۆشی فەرامۆش کردبوو. ئەو چاوەڕوانی نەدەکرد فەرهاد وەها پیاوێک بێ. گوتبووی: «ئەگەر بمزانیایە فەرهاد وەها پیاوێکە هەرگیز بڕیاری نووسینی چیرۆکەکەیم نەدەدا»؛ بەرق و تووڕەییەوە گوتبووی. گوتبووی: «تۆ دەبوو بەمنت بگوتایە ئەو بیرەوەرییە پچڕ پچڕ و پارچەپارچانە کە لە زەینی مندا کەڵەکە بوون، بەشێک لە ڕابوردووی پیاوێکن کە خۆی فەرامۆشی کردوون. دەبوو لە یەکەم ڕۆژەوە بەمنت بگوتایە». یەکەم ڕۆژ؟ مەبەستی ئەو ڕۆژە بوو کە یەکترمان دیبوو. ئەو ڕۆژە کە لە یەکتر ئاشکرا بووبووین. سەرەتا وەک دوو کەسی لە یەک نامۆ و نەناسیاو ڕووبەڕووی یەکتر بووینەوە؛ دوو کەس لە دوو دنیای جیاواز، دوو کەس لە دوو زەمانی جیاواز؛ دوو کەس لە دوو چیرۆکی... گوتبووم: «من دەمەوێ چیرۆکی تۆ بنووسم». داچڵەکیبوو. گوتبووی: «چیرۆکی من؟» گوتبووم: «چیرۆکی میهرەبان؛ پیاوێک کە دوا ساڵانێک غوربەت و دووری گەڕاوەتەوە و...» نەیهێشتبوو قسەکەم تەواو بکەم. گوتبووی: «من گەڕاومەتەوە چیرۆکی کەسێکی تر بنووسم. چیرۆکی ...» گوتبووم: «فەرهاد؟» بیری کردبووەوە. ساڵانێک بوو حەزی کردبوو چیرۆکی فەرهاد بنووسێ. گوتبووی: «تۆ فەرهاد دەناسی؟» ئەوسا من پێکەنیبووم. ئەوە یەکەم جار بوو کە من پێکەنیبووم و ئەو ڕیزێک دانی زەرد و پیسی دیبوو. ئەو ڕۆژە بڕیارمان دابوو ئەو چیرۆکی فەرهاد بنووسێ و منیش...

سەرەتای شەو بوو کە گەڕایەوە بۆ ماڵ. شەکەت و بێ واز بوو. کۆتەکەی داکەندو، خۆی فڕیدایە سەر یەکێک لە مۆبلەکانی ژوورەکەی. قرمەیەک لە مۆبلەکە هەستاو، بەدەمیەوە



جیرەی مەخمەڵەکەشی بیست. هەر ئەوەندە کە نەکەوتبووە زەوی گوێی پێنەدا. لەسەر مۆبلەکە درێژ بوو. چاوی لێک نا. فەرهاد هێشتا لەبەر چاویدا بوو. پیاوێکی داماوی کلۆڵ کە ژیان و ڕابوردووی خۆی فەرامۆش کردبوو. بۆ دەکرا پیاو ژیان و ڕابوردووی خۆی فەرامۆش بکا؟ باوک و دایک و خزم و کەسوکاری... منداڵی و مێرمنداڵی و گەنجیەتی... بیرەوەرییەکانی... بۆ دەکرا پیاو بیرەوەرییەکانی ڕابوردووی لەگەڵ هاوڕێ و برادەرانی تافی لاوی فەرامۆش بکا؟ عەسر، دوا ئەوەی لە ژوورەکەی فەرهاد ڕۆشتبووە دەر، تەلەفوونی بۆ جەلالی هاوڕێی کردبوو: «دەمەوێ دۆست و برادەرانی کۆنمان ببینم. لەوەتی گەڕاومەتەوە کەسیانم نەدیوە». جەلالی سەیری هاتبوویە. گوتبووی: «چاکە. شەوێک لێیان دەگێڕینەوە و لە دەوری یەکتر کۆ دەبینەوە. شەوی جومعە باشە؟» ئەو گوتبووی: «دەمەوێ ئیمڕۆ بیانبینم». جەلالی بیری کردبووەوە، بۆ ئیمڕۆ؟ ئەوسا گوتبووی: «وەرە دەر، لەسەر شەقام چاوەڕوانم بە. بەئوتومبێل دێم بەشوێنتدا». ئەو لە دەرەوەش دڵی تێکەڵ هاتبوو. هێڵنجی دابوو. خەریک بوو لەناو جۆگەی شەقامەکەدا بڕشێتەوە کە جەلالی گەیشتبوو، سوار ئوتومبێلەکەی کردبوو. جەلالی دیبووی سەراسیمەیە و ڕەنگ بەڕوخساریەوە نەماوە، ترسا بوو. گوتبووی: «چی ڕووی داوە؟»

«هیچ».

«ئەی بۆ...؟»

ئەو دووبارەی کردبووەوە: «دەمەوێ هاوڕێ و برادەرانی کۆنمان ببینم». ئەوسا دیبوونی. هاوڕێ و برادەرانی کۆنی، ئەوانەی لێرە مابوون چەند پیاوێکی سەر و سمێڵ ماش و برینجی بوون. بەخێرهاتنەوەیان لێکردبوو. بۆ ئەوەی نەچووبوونە لای داوای لێبووردنیان لێ کردبوو. گرفتاری... کێشەی کار و ژیان و... ئارام و لە سەرخۆ دوابوون و پێکەنیبوون. هیچیان لەو کوڕە گەنج و جەربەزانە نەچووبوو کە ئەو بەجێی هێشتبوون. ئەو کوڕە گەنجانە باسی کار و کاسبی و قەرز و قۆڵە و چەک و سفتەیان نەدەکرد. باسی ئیدارە و پلە و پایەیان نەدەکرد. باسی ماڵ و دووکان و ماشێنی خۆیان و خەڵکی تر... باسی داهاتووی منداڵەکانیان... نەیاندەگوت کلاوت سەر چووە گەڕاویتەوە. گەڕاویتەوە بۆ ناو ئەم خەڵکە کە لە هیچ ناگەن؟ پیاو چۆن لە ئورووپاوە، لە ناوەندی خۆشی و گوزەرانی خۆشەوە دەگەڕێتەوە بۆ ئێرە؟ ئەو کوڕە گەنجانە ئەم قسانەیان نەدەکرد. ئەو دڵنیا بوو ئەو پیاوانە کوڕە گەنجەکانیان فەرامۆش کردبوو. حەز و خەون و ئاوات و تەنانەت شێوەی قسەکردنی

کوڕە گەنجەکانیشیان فەرامۆش کردبوو. ئەویشیان فەرامۆش کردبوو...

زڕەی تەلەفوونەکە چاوی پێهەڵێنا. بیری کردەوە ڕەنگە مونیرەی خوشکی بێ. مونیرە زوو بەزوو تەلەفوونی بۆ دەکرد و هەواڵی دەپرسی. بەڵام بارام بوو. باسی بانیماڵەکەو یادداشتەکەی ئیمڕۆی کرد. تووڕە بوو؛ یان وای دەنواند کە تووڕەیە. گوتی: «بۆ من مردووم کە جەلالی هاوڕێت وەستات بۆ بگرێ؟ بۆ من بێگانەم کەیادداشتم بۆ بەجێدێڵی؟»

ئەوسا کەوتە گلەیی کردن. بۆ ئەو لە بری نووسینگە نەچووە بۆ ماڵەوەیان؟ بۆ سەریان لێ نادا و پشتی تێکردوون؟ نەوەک هەر لە زمانی خۆیەوە، لە زمانی ژن و منداڵەکانیشیەوە دەیپرسی. لە زمانی ئەوانیشەوە دەدوا. منداڵە کلۆڵەکانی دڵیان خۆشە مامەیان، برای باوکیان، پشت و پەنای باوکیان، دوا ساڵانێک غوربەت و دووری گەڕاوەتەوە؛ کەچی... «ئای کە زمانلووس و چەنەدرێژە بارام». لە بەر خۆیەوە گوتی.

بارام گوتی: «سبەینێ دەبێ بێی بۆ ماڵی ئێمە. نیوەڕۆژەکەمان پێکەوە دەکەین و دوانیوەڕۆش...».

ئەو گوتی: «سبەینێ دەڕۆم بۆ دێ. لەگەڵ جەلالی...»

قەرار بوو لەگەڵ جەلالی بڕۆن بۆ دێ. دوو شەو لە ماڵی خەزووری جەلالی بمێننەوە و بەڕۆژیشدا بڕۆن بۆ کێو. جەلالی گوتبووی: «تۆ وەڕس و بێ تاقەتی، منیش ماندووم. دەمێکەیە سەردانی ماڵی خەزووریشم نەکردووە. دوو ڕۆژ دەچین و لەو شاخانە بای باڵی خۆمان دەدەین». ئەم ئێوارە گوتبووی. دوا ئەوەی خواحافیزیان لە برادەرانی کۆنیان کردبوو. ئەو پێی خۆش بوو.

بارام گوتی: «تۆ هێشتا دوو حەفتە نییە گەڕاویتەوە».

گوتی: «تۆ نابێ...» نەیگوت تۆ نابێ وەک ساڵانێک لەمەبەر، وەک تافی گەنجیت بجووڵێیتەوە و لەگەڵ هاوڕێیانتدا بۆ ئەملاو لا بڕۆی. گوتی: «تۆ نابێ لە بیرت بچێتەوە کەسوکارت هەیەو بۆ سەردانی ئەوان گەڕاویتەوە. پیاوی عاقڵ...».

بارام هەمیشە باسی پیاوی عاقڵی دەکردو ئەو کارانە کە نایکا؛ یان نابێ بیکا. پیاوی عاقڵ دوا ساڵانێک ناگەڕێتەوە بچێت بۆ دێ... پیاوی عاقڵ واز لە ژیانی ئوروپا ناهێنێ کە لێرە بژی... پیاوی عاقڵ لە ماڵێکی کۆن و کاولدا... پیاوی عاقڵ...

بارام عاقڵە. هەموو عاقڵن. لەوەتی ئەو گەڕاوەتەوە، یان ڕەنگە لەوەتی ئەو لێرە



ڕۆشتووە هەموو عاقڵ بوون و باسی پیاوی عاقڵ دەکەن. بارام و خێزانی. مونیرەو ڕووناکی خوشکی و مێردەکانیان. هاوڕێ و برادەرانی کۆنی، تەنانەت جەلالیش. هەموویان جگە لە ناسری. ناسریش ساڵانێک لەمەبەر، ئەو دەمە کە سوار پڕۆیەکی سەوزی مودێل باڵا دەبوو، جاروباریش سێ تاری دەژەند، عاقڵ بوو. ئەو دەمە کە شوێن ئەفسانە دەکەوت و ئەفسانەش....

بڕیاری دابوو ئیمشەو کەس بۆ ژوورەکەی، بۆ خەڵوەتی ژوورەکەی ڕێگە نەدا. نە ناسری، نە ئەفسانەو نە هیچ کەسی تر. تەلەفوونەکەی دانا و لەسەر مۆبلەکە درێژ بووەوە. سەری خستە سەر دەسکی نەرمی مۆبلەکە و چەناگەی لە سنگی ڕەقی چەقی. بریا کەسێک دەبوو پەتوویەکی پێدا بدا و هەروا خەوی لێدەکەوت. بەڵام کێ؟ قەرار نەبوو کەس بۆ ژوورەکەی ڕێگە بدا. نە من و نە فەرهاد و نە ئەفسانەی ژنی ناسری.

# پێنج

چێشتانێکی درەنگ بوو لە خەو هەڵسا. ماندوویی دوو ڕۆژی ڕابوردوو لە لەشی دەرچووبوو. بەڵام برسی بوو. لەوەتی گەڕابووەوە زوو زوو برسی دەبوو. ڕەنگە لە بەر جیاوازی خواردنی ئێرە و... تەنها خواردن نەبوو. هەموو شتێکی ئێرە لەگەڵ شوێنی تر جیاواز بوو. تەنانەت ساتەکانیشی و ئەو دەبوو ئەم ساتانە بژی. ساتەکانی ئێرە. دەبوو لەم ساتانەدا بنووسێ.

– «لەوەتی گەڕاویتەوە چیت کردووە؟»

دوێنێ ئەم کاتانە جەلالی لە کێو لێی پرسیبوو. ئەویش گوتبووی... چی گوتبوو؟ ڕەنگە گوتبێتی: «دەمەوێ چیرۆکێکی تازە بنووسم. لە سبەینێوە دەست پێدەکەم». ئێمرۆ سبەینێی دوێنێیە. چوو بۆ ئاشپەزخانە ناشتا بکا و پاشان دانیشێ و خەریکی ڕێکوپێک کردنی هەموو ئەو شتانە بێ کە لە زەینیدا کەڵەکە بووبوون.

من شوێنی کەوتم و لەسەر سفرە بچووکەکە لە بەرامبەری دانیشتم. سفرەی ئەم بەیانییەی ڕەنگینتر بوو. هەنگوین و ڕۆنەکەرە و پەنیری خۆماڵی. دیاری ماڵی خەزووری جەلالی. نانەکەشی نانی تەنووری ئەوان بوو.

گوتم: «لەوە دەچێ ئیمشەو خۆش خەوتبێتی. پێموانییە قیژە تیژو ترسناکەکەی شەوان لە خەو ڕاپەڕاندبێتی».

دەمزانی. دوێشەو ئەوەندە ماندوو بوو، سەری خستبووە سەر سەرین خەوی لێکەوتبوو. قیژەکەی شەوانیش بەئاگای نەکردبووەوە. ڕەنگە قیژەکە نەبووبێ کە بەئاگای بکاتەوە. یان ئەوەندە دوور بووبێ پێی بەئاگا نەکرابێتەوە.

– «بە پێچەوانەی تۆوە فەرهاد... ئەو تا بەیانی...»

نەیهێشت قسەکەم تەواو بکەم. بەتووڕەییەوە گوتی: «ئەو تا بەیانی چی؟ نەخەوتووە؟ قسەی کردووە؟ نەکا شەڕی کردبێ؟!»

پارووی لە دەمدا بوو دەدوا. هەوڵی دەدا تووڕەییەکەی وەشێرێ.

گوتم: «نەخۆش بوو. بەدەم ئازارەوە دەینالاند و گینگڵی دەدا».



– «وەک ماری بریندار؟!»

بە تەوس و لاقرتێوە گوتی و، پێکەنی. وەها کە بیەوێ لاسایی پێکەنینەکەی من بکاتەوە. ئەوسا جیدی بووەوە. گوتی: «ئیتر حەز ناکەم هیچ دەربارەی فەرهاد ببیستم».

گوتی: «ئەمە بڕیارێکەو داومە...».

خۆشی نەیدەزانی چ بڕیارێکی داوە. هیچ بڕیارێکی نەدابوو. قسەیەک بوو لەو کاتەدا بەدەمیدا هاتبوو. بیرێک بوو لەو ساتەدا بەمێشکیدا تێپەڕیبوو. بیری ئەوەی زەینی لە هەموو ئەو شتانە وا پەیوەندییان بەئەوەوە هەیە، ئەو کەسە ناوی فەرهادەو ساڵانێکە تووشی فەرامۆشی بووە، پاک بکاتەوە. گوتی: «گەوجییەتییە پیاو هەموو توانا و بەهرەی خۆی، ساتەکانی تەمەنی خۆی فیدای ڕابوردووی کەسێک بکا کە نیازی بەڕابوردوو نییە».

دەمزانی نابێ لە بەرامبەر پیاوێک دانیشم کە لە خۆی... لە من... یان ڕەنگە لە هەردووکمان تووڕەیەو، نابێ لەو چاوانە ورد ببمەوە کە بەگران تووڕەییەکەیان شاردووەتەوە. بۆیە هەستام و ڕۆشتمە بەر پەنجەرەکە ڕاوەستام. بۆ ئەوەی سەیری دەرەوە بکەم و لە هەمان حاڵیشدا بڵێم: «ئەی چیرۆکەکە... چیرۆکەکە چی بەسەر دێ؟»

– «چیرۆکەکە؟!»

نەیگوت وازی لێ دێنێ. بیگوتایە بڕوام پێ نەدەکرد. گوتی: «ئەم دوو ڕۆژە لە دێ بیرم لە پڕۆژەیەکی تازە کردووەتەوە. بەتەمام چیرۆکی کەسێکی تر بنووسم».

گوتم: «ناسری؟»

– «بۆ ناسری؟! چیرۆکی ناسری چیرۆکێکی کۆن و سواوە. تاقانە کوڕی پیاوێکی دەوڵەمەند عاشقی کچێکی هەژار دەبێ. کچە دڵی لای کەسێکی ترە، بەڵام لە هەلومەرجێکی تایبەتدا بەناچاری شووی پێدەکا و، دوای چەند ساڵ...».

نەیگوت دوای چەند ساڵ کچە دەمرێ و کوڕەکەش...

گوتم: «کەواتە ئەفسانە».

ناشتای کردبوو، سفرەکەی کۆ دەکردەوە. جگەرەیەکی بەدەمەوە بوو، دووکەڵەکەی چاوی دەکزاندەوە. ئاوڕی لێ دامەوە و لێم ورد بووەوە. نیگای، نیگای پیاوێکی ماندوو و داماو بوو. گوتی: «ئەوانەی ژیانیان دەدۆڕێن، لە پێشدا گەمەکانیان دۆڕاندووە. گەمەی خۆشەویستی و...».

گوتی: «من ئەو گەمەیەم دەمێکەیە دۆڕاندووە. ساڵانێک لەمەبەر».

ساڵانێک لەمەبەر چیرۆکی ئەو دۆڕانەی نووسیبوو. لە تورکیا، لە ژووری بچووکی ڕستوورانێک. چیرۆکێکی عاشقانە لە زەمینەیەکی توند و تاڵی سیاسیدا و کۆمەڵێ دروشم و... دواتر لە ئوروپا، لە گۆڤارێکدا بڵاوی کردبووەوە:

«ئەو دڵدارەی نەبووە هاوڕێم».

هەمیشە خۆی بۆ نووسین و بەتایبەت بڵاو کردنەوەی ئەو چیرۆکە سەرکۆنە کردبوو. تەنانەت لە کۆڕێکی ئەدەبیشدا، لە دەرەوەی وڵات گوتبووی: «ئەو چیرۆکە خراپترین چیرۆکی منە». ئەو چیرۆکە چیرۆکی کچێک بوو ئەگەرچی عاشقی دەسگیرانەکەی بوو، بەڵام حازر نەبوو لە خەبات بۆ ڕزگاریدا هاوڕێیی بکا. دەسگیرانی کچەکە چیرۆکەکەی دەگێڕایەوە. پیاوێک کە ناچار بوو لە چیرۆکی عاشقانەی کچەکە بێتە دەرو... ئەو گوتبووی: «بێژەری ئەو چیرۆکە ڕاستگۆ نییە. نە لەگەڵ خۆی، نە لەگەڵ کچی چیرۆکەکەدا». یەکێک لە کۆڕەکەدا هەستابوو گوتبووی: «تێناگەم ڕاستگۆیی یان درۆزنی بێژەری ئەو چیرۆکە چ پێوەندییەکی بەتۆوە هەیە؟» گوتبووی: «مەگەر نووسەر بەرپرسی چاکەو خراپەی کەسی چیرۆکەکانیەتی؟» ئەو داچڵەکیبوو. وەخۆی هاتبووەوە. گوتبووی: «تۆ ڕاست دەکەی. نووسەر بەرپرسی چاکەو خراپەی کەسی چیرۆکەکەی نییە». نەیگوتبوو بەڵام نووسەریش وەک هەموو کەسێکی تر بەرپرسی چاکەو خراپە و، ڕاست و درۆی خۆیەتی. نەدەبوو بیڵێ. بیگوتایە دەیانزانی بێژەری ئەو چیرۆکە خۆیەتی. نەدەبوو بزانن. ئەوە ڕازێک بوو نەدەبوو کەس بیزانێ. تەنانەت منیش کە وەک خۆی چیرۆکنووس بووم و لە بەر پەنجەرەی ژوورەکەی ڕاوەستابووم. من کە... بەڵام من دەمزانی. دەمزانی هەندێک چیرۆکنووس لە پشت کەسی چیرۆکەکانیانەوە خۆیان دەشارنەوە. دەمزانی ئەو لە پشت بێژەری چیرۆکەکەوە خۆی شاردووەتەوە. دەمێکە بوو دەمزانی. بۆیە پێکەنیم. لەو پێکەنینانە کە... ئەو زیاتر لە هەمیشە ڕقی لێم بووەوە. لە من و لە هەموو ئەو چیرۆکنووسانە کە لە بەر پەنجەرە ڕادەوەستن، پێدەکەنن و بەکەسی چیرۆکەکانیان دەڵێن: «من دەزانم. تۆ ناتوانی هیچ شتێک لە من بشاریتەوە».

من شتی وام نەگوتبوو. لە ژوورەکەی نەبووم کە بیڵێم. لە هیچ ژوورێکی ماڵەکەی نەبووم. ئێستا ئەو تەنها بوو. تەنها لە بەر ئاوێنەی شکاوی سەر تاقەکە ڕاوەستابوو. زۆربەی قژی سەر و سمێڵی سپی بووبوو. ڕوومەتی تێکقوپا بوو، چاوی بە قووڵدا چووبوو.



نیگەران و ترساو ڕووی لە ئاوێنەکە وەرگێڕا. کرتە کرتی بیست. کرتە کرتێکی مشکێکی بچووکی ماڵەکی کە شتێکی دەکرماند. ڕەنگە ساتەکانی تەمەنی. لە کوێ بوو ئەو مشکە کە ساتەکانی تەمەنی دەکرماند؟ لێی گەڕا. دۆزیەوە. لەم قوژبنەوە بۆ ئەو قوژبن و لەم سووچەوە بۆ ئەو سووچ شوێنی کەوت. شەکەت و ماندوو گەیشتە پشت مێزەکەی. چەند پەڕە کاغەزی سپی لەسەر مێزەکەی بوو. قەڵەمەکەی هەڵگرت و...

# شەش

ڕۆژێکی تر بوو ئەو ڕۆژە کە دانیشتبوو ئەم چەند لاپەڕە نووسینەی خۆی دەخوێندەوە. دەسپێکی ئەو چیرۆکە کە دەبوو بینووسێ. دەسپێکێک لە دوا دەیان دەسپێکی ناسەرکەوتوو. بۆ ئەم چەند لاپەڕە بەلایەوە سەرکەوتوو بوو؟ هێشتا نەیدەزانی. ئەوەندەی زانیبوو کە نابێ بیاندڕێنێ و نەیدڕاندبوون. گرمۆڵەی نەکردبوون و نەیڕشتبوونە ناو سەلەی ژێر مێزەکەیەوە. نووسیبووی:

نەقاش دەبێت تابلۆکەی بکێشێتەوە، هەروەها کە چیرۆکنووس چیرۆکەکەی دەنووسێت و، بەرامبەر بەسێ پایە چێوەکەی دادەنیشێت. نەقاش لە سپیەتی زەق و قیرسیچمەی قوماشەکە ورد دەبێتەوە. لە گێژەنی خەرمانێک هێڵ و نەخشی ئاڵۆز و تێک چرژاودا هیچ نەخشێکی بۆ ماڵی نابێت؛ تەنانەت نەخشی ڕوخساری کاڵێش. کاڵێی لە شوێنێک لە ڕابوردووی خۆیدا ون کردووە نەقاش. سالآنێک لەمەبەر ونی کردووە. ئێستا ئەو تابلۆیەش نادۆزێتەوە کە ڕۆژێک لە ڕۆژان لە کاڵێی کێشاوەتەوە.

ئەو ڕۆژە کراسێکی ئاودامێنی تەخت شینی لە بەردا بووە کاڵێ، بەگوڵی وردی سوورەوە. لەسەر لێواری حەوزێک دانیشتووە. بەسەر ئاوی ڕوون و زولاڵی حەوزەکەدا نەویوەتەوە. لە لەرە و جمەی نەرمی ڕوخساری خۆی بەسەر ئاوی حەوزەکەوە ورد بووەتەوەو، لە سەمای ماسییەکان و گوڵە سوورەکان. خۆر لە دەرەوەی تابلۆکە زریوە زیوی بەسەر ئاوەکەدا هەڵڕشتووە. تابلۆیەکی سەیر بووە. ئەوەی دیویە شەیدای بووە. شەیدای ڕوخساری کچێک لە نێو ئاوی ڕوون و زولاڵی حەوزێکدا. بەکەسی نەگوتووە کاڵێیە. تەنانەت بەو پیرێژنەش کە بەڕێکەوت نیگای لە تابلۆکە هەڵەنگوتووە، ئاخێکی ساردی کێشاوەو، گوتوویە: «دەترسم لەو ئاوەدا بخنکێ کاڵێ». بەکچە تەونکەرەکانیشی نەگوتووە. ئەو دەستە کچانە کە لە ژێرخانی ماڵەکاندا، بالآی قاڵی گرێ گرێ بەدەم جووڵەی گورجی ئەنگوستیانەوە هەڵکشاوە. کچەکان بەرتەونانە کاڵێ وەی کاڵێیان گوتووە. جوان و میهرەبان بوون کچە تەونکەرەکان. نەقاش سیمایانی لە بیر نەماوە. جوان و میهرەبان بووە کاڵێ...



نەقاش هەروا لە نێوان تەبارێک ڕەنگ و فڵچەی وردو درشتدا دانیشتووە و، جگە لە چەند هێڵ، هیچییتری لەسەر سپیایی تابلۆکە نەکێشاوە. چەند هێڵی خوار و خێچ و ڕەش و باریک، کە هەر کامیان بەرەو لایەکی دەبەن و هیچیان بەرەو کاڵێی نابەن. تەزوویەک وەک تیر بەلاجانگیدا تێدەپەڕێت. تابلۆ و سێپایە چێوییەکە بەژوور سەریەوە دەخولێنەوە.

– «لە کوێی کاڵێ؟»

داماوانە دەنگ هەڵدەبڕێت: «لە کوێی کاڵێ؟ بۆ ڕووتم لێ دەشارییەوە؟...»

ئەوسا دەستێک کە نازانێت دەستی کێیە، پەرداخێک ئاو و چەند دەنک حەبی دەداتێ. حەبەکان دەخوات و، لە پشت سەریەوە چپەچپێک دەبیستێت

– «ئاگای لە خۆی نییە. نازانێ دەڵێ چی».

سەرەگێژەکەی نامێنێت؛ بەڵام هێشتا دەترسێت. دەترسێت ئەو تابلۆیەی پێ تەواو نەکرێت. دەترسێت کاڵێ نەبینێتەوە. بیر دەکاتەوە، واچاکە شوێن ئەو چەند هێڵە خوارو خێچەی سەر تابلۆکەی کەوێت. نازانێت تا کوێ. یەکەم هێڵ دەیباتە حەساری ماڵێک. بۆ سێبەری بن دارو درەختێک. حەسارو درەختەکان بەژوور سەریەوە دەخولێنەوە. یەکێک دەڵێت: «واچاکە بۆ ماوەیەک واز لە کێشانەوە بێنێ. ماندووە. پێویستی بەپشوودانە...»

ماندووە؛ دەزانێت نەقاش لەوەتی لەو ماڵ و حەسارە هەڵبڕاوە، ئەوەندەی کۆڵانەو کۆڵان کردووە ماندوو بووە. کۆڵانەو کۆڵان گەڕابوو، ئەوسا لە کۆڵانێکدا ون بووبوو. هەروەک کاڵێ کە ون بووە و، نایدۆزێتەوە نەقاش. چپەچپەکان واز ناهێنن.

– «خەمۆکە تاقەتی کەسی نییە...».

– «تووشی فەرامۆشی بووە...».

– «دوکتۆر دەڵێ...».

– «نابێ بهێڵن بەتەنها لە ماڵ بڕواتە دەر...».

دەبێت بڕواتە دەر نەقاش. شوێن هێڵێکی تر کەوێت و... دەبێت... تەنانەت ئەگەر سەرەگێژەش واز نەهێنێت وتەزوو وەک تیر بەلاجانگیدا تێپەڕێت. دەبێ چەند دەنک حەبی تر بخوات و سەر ڕێ کەوێت.

ڕێ کەوتووە. لە کۆڵانێکی چۆڵدایە. گورج و بەپەلە دەڕوات. نایهەوێت کەس بیبینێت.

تێناگات بۆ. لەو کۆڵانەوە بۆ کۆڵانێکی ترو... ئوتومبێلێکی سپیواش لە بەرامبەریەوە دێت. دادەچڵەکێت نەقاش. دەتۆقێت. سێ پیاوی تەڕپۆش، ڕیش و سمێڵ تاشراو لێی دادەبەزن. بەویقارو بەئەدەب دیارن پیاوەکان. بەتایبەت سێهەمینیان کە تەمەن هەڵکشاوترە. دەخوازن سوار ئوتومبێلەکەیان بێت. میهرەبانن پیاوەکان. دەیانهەوێت بیگەیەنن. وەبیری نایەتەوە بۆ کوێ...

شوێن هێڵێکی تر دەکەوێت. ئەو ڕۆژە یان ڕۆژێکی تر. چاویان بەستووە. لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تری دەبەن. لە ڕەشاییەکەوە بۆ ڕەشاییەکی تر. شتێک وەک پێ، دێتە بەر پێی. سەرەنگڵ دەدات. لە چەند پلیکانەوە بەر دەبێتەوە. تەختی زەوی دەبێت نەقاش. هەر ئەو سێ پیاوە بەرزی دەکەنەوە. میهرەبان نین ئیتر. هەرگیز نەبوون. پاڵی پێوە دەنێن. بەدیوارێکیدا دەکوتن. چاوبێنی لێ ناکەنەوە. بەشەق و مست دەکەونە گیانی.

– «لە کوێ بووی؟»

– «دەتویست بچیتە کوێ؟ کێ ببینی؟»

سەرەگێژە... دیسان سەرەگێژە و تەزوویەک کە بەلاجانگیدا تێدەپەڕێت. دیسان پەرداخێک ئاو و چەند دەنک حەبی ڕەنگاوڕەنگ. دیسان چپە چپ...

– «لە کوێی کاڵێ؟ دەمەوێ بتبینم. دەبێ بتبینم...».

نایبینێت؛ ڕەشایی دەرفەتی بینینی نادات. بەڵام دەنگی دەبیستێت. دەنگی کاڵێ دەبیستێت. نازانێت چۆن دەنگی کاڵێ لەسەر ئەو قوماشە سپییە بکێشێتەوە نەقاش. دەنگی کاڵێ لە قەرەباڵغی ئەو هەموو دەنگەدا... لە قەرەباڵغی ئەو هەموو قیژە تیژ و ترسناکەدا... ئەو هەموو هاوار هاوار و ناڵە ناڵە... قووژە قووژی گریان و حیلکە حیلکی پێکەنین دێت. چپە چپی مووزی کەسانێک لە پشت سەریەوەو، چرکە چرکی سەعاتە میلە کەوتووەکانی سەر سنگی دیوارەکان...

گوتم: «ئەوە دواهەم تابلۆی فەرهاد بوو کە هەرگیز بۆی تەواو نەکرا».

لە دەنگی من داچڵەکی. قەرار نەبوو چیرۆکی فەرهاد بنووسێ. کەواتە نەدەبوو کەسی چیرۆکەکەی منیش بێ. سەری سووڕماوی هەڵبڕی. نیگای واق وڕماوی گێڕا بەهەموو ژوورەکەداو من مات و خەمبار لەو بەر مێزەکەیەوە ڕاوەستابووم. وازی لە خوێندنەوە هێنا. بیری کردەوە، لەوە ناچێ بتوانێ خۆی لە نووسینی چیرۆکی فەرهاد بدزێتەوە. دەبێ ئاڵای



سپی هەڵکا. هەڵیکرد. تەسلیم بوو. تەسلیم؟ لە بەرامبەر کام دەسەڵاتدا؟ قیرسیچمەیی من، ڕابوردووی فەرامۆش بووی فەرهاد، یان مەیلی نووسین؟ هەر ئەو مەیلە کە نەقاشی تا دوا ساتەکانی بوونی لە بەر سێپایە و تابلۆکە ڕاگرتبوو. ئێستا نەقاش هەمان فەرهاد بوو، فەرهادیش پیاوێک وەک هەموو پیاوانی ڕابوردووی خۆی. وەک خۆی. خۆی؟

– «ڕابوردووی پیاوانی نەسلێک چەندە لە یەکتر دەچێ».

لە بەر خۆمەوە ئەوەم گوت و ئەو گوتی: «بەڵام من نامەوێ چیرۆکی نەسلێک بنووسم. من دەمەوێ...»

نەیگوت من دەمەوێ چیرۆکی فەرهاد بنووسم. هیچی نەگوت. دەستی بۆ قەڵەمبڕەکەی برد. قەڵەمەکەی پێ تاشی و بیری کەوتەوە جگەرەیەک داگیرسێنێ. بۆ ئەوەی بەسەر گومان و دوودڵییەکەیدا زاڵ بێ، دایگیرساند. گوتی: «تابلۆکە چی بەسەر هات؟»

ئەو کاتە من لەسەر یەکێک لە مۆبلەکان دانیشتبووم. گوتم: «هەرگیز پێی تەواو نەکرا. تا نیسکە هۆشێکی مابوو سەرئێشەو سەرەگێژە نەیانهێشت. لەودواش هەموو شتێکی لە بیر چووەوە».

هەموو شتێکی لە بیر چووەوە؟ نەیپرسی. دەیزانی. بەڵام بڕوای نەدەکرد. لەو ڕۆژەوە فەرهادی دیبوو، بڕوای نەکردبوو. چۆن دەکرێ پیاو هەموو شتێکی لە بیر بچێتەوە؟ باوک و دایک و... چۆن دەکرێ پیاو ئاوات و ئارەزووەکانی فەرامۆش بکا؟ خەونەکانی... ڕوخساری خۆشەویستەکەی... ڕوخساری کاڵێ... گوتی: «کاڵێ کێ بوو؟»

– ونبوویەک.

ئەوسا گوتی: «کام یەک لە ئێمە ونبوویەکمان نییە؟»

بە خەم و داخەوە گوتی: «دەڵێی ئێمە وەها ژیاوین کە بەتایبەت کەسێک یان شتێک ونبکەین، بۆ ئەوەی باقی تەمەنمان لێی بگەڕێین، لە تابلۆو نەخشەکانماندا؛ لە...»

– ئەو لە کێ دەگەڕا؟ لە خۆی پرسی. بۆ دیتنەوەی کێ لەو سەری دنیاوە بۆ ئەم سەری گەڕاوەتەوە؟

# حەوت

پرسیارێکی گران بوو. لەوەتی گەڕابووەوە هەموو ڕۆژێک لەگەڵ پرسیارێکی سەخت و گراندا ڕووبەڕوو دەبووەوە. پرسیاری بێ وەڵام و بیری کردەوە لە کوێ دەبێ بەشوێن وەڵامی ئەو پرسیارانەدا بگەڕێ؟ ئەو پرسیارانە کە تەنها پەیوەندییان بەئەوەوە بوو. بەژیان و ڕابوردوویەوە.

من گوتم: «لە پشت مێزەکەت. لەو لاپەڕانەدا کە دەیاننووسی».

لە پشت مێزەکەی نەبوو. لە ژوورەکەش نەبوو. لە هەیوان، لەسەر کورسییە ژەنگاوییەکە دانیشتبوو لە حەساری دەڕوانی. حەوزەکە دیسان وشک و لاڕووخاو بوو. درەختەکانیش گەڵایان دەوەری و دار تووە گەورەکەی حەساری ماڵی دراوسێکەشیان. لە دارتووەکەی حەساری ماڵی دراوسێکەشیانی دەڕوانی. لە هێلانەی چۆڵی لەقلەقەکان بەسەر لقە بەرزەکانیەوە. لەقلەقەکان ڕۆژێک بەر لە گەڕانەوەی ئەو کۆچیان کردبوو. ئەگەر لێرە بوونایە لەوانیشی دەڕوانی و گوێی بۆ تەقە تەقی شیرینی دەندووکیان شل دەکرد. باڵندەیەکی گەورەش جاروبار بەچارۆکەی ڕەشی باڵە کراوەکانیەوە بەسەر ماڵ و حەسارەکەدا دەسووڕایەوە. گوێی بۆ دەنگی تیژو ترسناکی ئەویش شل دەکرد.

لە هەیوانەوە بەشێکی شار دیار بوو. بەشێک لە گەڕەکەکەو ئەگەر لای بکردایەوە ماڵەکانی ئەو بەر شەقامیشی دەدی. شەقامێک کە تازە کێشرابوو. لەم ساڵانەدا کە ئەو لێرە نەبووە و لایەک لە ماڵ و حەسارەکەی ئەوانیش کەوتبووە سەر شەقام. بارام گوتبووی: «تمەنی سەد تمەن نرخی ماڵ و حەسارەکەی بەرز کردووەتەوە. ئەم شەقامە سیمای گەڕەکەکەی گۆڕیوە». سیمای شارەکەش گۆڕابوو. تازە بووبووەوە. گەورە بووبوو. ماڵ بەداوێنی شاخەکاندا هەڵگەڕابوون. بەرامبەر بەماڵەکەی ئەوان تەپۆڵکەیەکی گەورەیان داپۆشیبوو. پێشتر ئەو تەپۆڵکە، کانی و ئەستێرێکی خۆشی لێبوو. چەند داری بەبەر و... کە منداڵ بوو هەموو جومعەیەک لەگەڵ منداڵانی گەڕەک و قوتابخانە دەچوونە ئەوێ و...

بە بیریدا هات جارێکی تریش بچێتەوە. ماڵەو ماڵ و، حەسارەو حەسار بگەڕێ و کانییەکە بدۆزێتەوە. من پێکەنیم. پێکەنینەکەم ئازاری نەدا. دوو سێ ڕۆژ بوو ئازاری



نەدەدا. گوتم: «وا کانییەکەشت دۆزییەوە. بەتەنها...».

جگە لە یەک دوو کەس کە تا ئێستاش لە گەڕەکەکەدا مابوون، ناوی باقی منداڵەکانی ئەو دەمەی لە بیر نەمابوو. بەبیریدا هات بڕوا ماڵ بەماڵی شارەکەیان بۆ بگەڕێ. بۆ دۆستانی سەردەمی منداڵی. هەروا کە بۆ هاوڕێیانی تافی گەنجی و بەر لە ڕۆشتنی گەڕابوو. لەگەڵ جەلالی، کۆڵان بەکۆڵان و ماڵ بەماڵ؛ زۆربەیان نەمابوون. یان لێرە نەمابوون و هەرکامە لە شوێنێکی تر و لە سووچێکی تری ئەم وڵاتە و ئەم دنیایە... ئەوانەش کە مابوون... جەلالی گوتبووی: «ئەوان ئێستا ئەو هاوڕێیانە نین کە ساڵانێک لەمەبەر بەجێت هێشتوون». جەلالی بەخەم و مەراقەوە گوتبووی. بەڵام بارام بەتیز و توانجەوە دەیگوت: «شەقی زەمانە هەموویانی گۆڕیوە. پارە تۆو سەدانی وەک تۆی پێ لە بیر بردوونەتەوە». دەیگوت: «لە ناو هەموویاندا تۆ کڵاوت سەرچوو. تۆ و چەند کەسێکی وەک تۆ. بەقسەی ئەوان وازتان لە ژیان و کەسوکارتان هێناو شوێن خەونێکی منداڵانە کەوتن. ئەوسا ئەوان پشتیان لە خۆتان و خەون و کەسوکارتان کرد... کە تۆ ڕۆشتی هاوڕێ زۆر نزیک و خۆشەویستەکانت لە ڕێبازیشدا خۆیان لێ لادەداین. وەها کە ئێمە گول بین. لە پرسەی باوکیشمدا زۆربەیانم نەدی...» ڕەنگە نەیگوتبێ زۆربەیان، گوتبێتی هیچیانم نەدی. دەیگوت: «دەترسان ئەگەر مەرحەبایی ئێمە بکەن، بیانگرن».

– بیانگرن؟ بۆ ئەو کێ بوو؟ چی کردبوو؟

دیسان زڕەی تەلەفوونەکەی بیست؛ داچڵەکی. بەخۆشییەوە بەرەو پیری چوو. بەخۆشییەوە؟ لەو ساتەدا پێی وابوو لە دەرەوەی وڵاتە. لە شارێکی دوور و غەریب. لە ماڵێکی چل و ئەوەندە مەتریدا و، چەند مانگە چاوەڕوانی تەلەفوونی کەسێکە. چاوەڕوانی بیستنی دەنگێکی ئاشنا. دەنگی ئاشنای مونیرەی خوشکی بوو. گوتی: «خۆ لە بیرت نەچۆتەوە ئەم عەسرە میوانت دەبێ؟»

میوان؟ بەهیوای میوان نەبوو. مونیرە دەیزانی. گوتی: «من و نەشمیل و لەیلا. نەکا بڵێی کامە لەیلا؟»

نەیگوت کامە لەیلا. دەیناسی. کچێکی شاعیر بوو. مامۆستای نەشمیلی خوشکەزای. نەشمیلی کچی مونیرە. مونیرە بەپێکەنینەوە تەلەفوونەکەی دانا.

لەیلا... ماوەیەک لەمەبەر لە کۆڕێکی ئەدەبی دیبووی. لە کۆڕی مانگانە یان حەفتانەی ئەنجومەنی ئەدەبی. داوەتیان کردبوو، چووبوو. کۆڕێکی بچووک لە هۆڵێکی بچووکدا.

سەد کەسێک کە زۆربەیان شاعیر و نووسەری گەنج بوون. بەرلەوە ئەو قسە بکات چەند کەسێکیان هەستا بوون و شێعریان خوێندبووەوە. ئاخر کەسیان کچێک بوو، چارشێوی بەسەرەوە بوو. ڕوومەتی سپی و سووری لە قاپی ڕەش گرتبوو. لە هەموو ئەو ماوەدا کە شێعری خوێندبووەوە، زەردەخەنەی لەسەر لێو بوو، لە ئەوی ڕوانیبوو. وەها کە شێعرەکەی هەر بۆ ئەو خوێندبێتەوە. ئەو هەموو شێعرەکەی لە بیر نەماوە. جگە لە دوا دێڕەکانی...

ئەو دوای خوێندنەوەی شێعرەکان هەستا بوو، چووبووە پشت میکرۆفۆنەکە و... کچەکە لە ڕیزی ئافرەتەکاندا، شان بەشانی نەشمیلی خوشکەزای دانیشتبوو؛ دیسان لە ئەوی ڕوانیبوو. ئەو باسی زمان و ئەدەب و باسی ئەو شێعرانەی کردبوو کە لە کۆڕەکەدا خوێندرابوونەوە. لە کۆتاییشدا وەڵامی پرسیارەکانی دابووەوە. پرسیاری دانیشتوانی کۆڕەکە دەربارەی چیرۆکەکانی و دەربارەی خۆی...

کە کۆڕەکە دوایی هاتبوو ئەو ئاخر کەس بوو لە هۆڵەکە چووبووە دەر. نەشمیلی خوشکەزای و ئەو کچە کە شێعری خوێندبووەوە، لە دەرەوە چاوەڕوانی بوون. بەرەو پیری چووبوون. کچەکە دیسان زەردەخەنەی لەسەر لێو بوو. ڕوومەتی سپی و سووری لە قاپی ڕەش گرتبوو. گوتبووی: «ماندوو نەبی...». گوتبووی: «ئێمە هەر دەزانین نووسەرو هونەرمەندەکانمان مەحکەمە بکەین». سەمیمی و بێ پێشەکی گوتبووی. ئەوسا پێکەنیبوو. نەشمیلیش پێکەنیبوو. ئەو سەیری نەشمیلی کردبوو، سەیرکردنێکی بەپرسیار: «ئەم خانمە کێیە؟» دڵنیا بوو دەستەخوشکی نییە. بەتەمەنتر بوو. کچە نەیهێشتبوو نەشمیل بیناسێنێ. خۆی گوتبووی: «من لەیلام. لەیلا تلووعی. ساڵێکە لەگەڵ چیرۆکەکانتدا ئاشنام و بۆ ئەم ئاشنایەتییەش سوپاسی نەشمیلی خوشکەزات دەکەم». چاوەکانی بریسکابوونەوە. چاوەکانی نەشمیلیش بریسکابوونەوە. لەیلا گوتبووی: «نەشمیل قوتابییمە و مونیرە خانمی دایکی...» ویستبووی بڵێ هاوڕێمە و، نەیگوتبوو.

مونیرە گوتبووی: «لەیلا خانمێکی میهرەبان و هەست ناسکە. ئێمە ساڵێکە دەیناسین و لەم ماوەدا...».

ئەو بۆ دووهەم جار لەیلای لە ماڵی مونیرە دیبووەوە. بەڕێکەوت؟ ڕەنگە ڕێکەوتیش نەبووبێ. خۆشحاڵ بوو کە دیبوویەوە. لەیلاش خۆشحاڵ بوو. دیسان زەردەخەنەو، ڕوومەتی سپی و سووری لە قاپێکی ڕەشداو... پێکەوە قسەیان کردبوو. دەربارەی شێعر و ئەدەب و دەربارەی ئەو شتانە کە لەو کاتەدا باسیان هاتبووە گۆڕێ. ئەو هەستی



بەخەمێکی تەنک لە ڕوومەت و گوتنی لەیلادا کردبوو. ئەو کاتەش کە شێعری خوێندبووەوە، خەمێکی تەنک لە ڕوومەت و گوتنیدا بوو. زەردەخەنەکەشی پێی نەشاردرابووەوە. پێکەنینەکەشی... دوا ڕۆشتنی، مونیرە گوتبووی: «باوکی نەماوە؛ کوژراوە. ئەوکاتە لەیلا منداڵ بووە». ڕەنگە ئەو خەمە لەو کاتەوە نیشتبێتە سەر ڕوومەت و گوتنی. ئەمەیان مونیرە نەیگوتبوو. نەشمیل گوتبووی: «یەکەم جار کە باسی تۆو چیرۆکەکانتی دەکرد، نەیدەزانی باسی خاڵۆی من دەکا». ئەو پێکەنیبوو. مونیرە گوتبووی: «تۆی زۆر خۆش دەوێ. تەنانەت بەر لەوە زانیبێتی کەسی ئێمەی، تۆی خۆش ویستووە. گوایە گوتوویەتی...».

«دەیگوت ئاواتم ئەوەیە ڕۆژێک بیبینم. لە نزیکەوە بیبینم و...» نەشمیل گوتبووی. ئەو گوتبووی: «کەواتە ڕۆژێک لەگەڵ خۆتان بیهێنن بۆماڵەوە». بەمونیرەی گوتبوو. هەر ئەو ڕۆژەش قەراری ئیمڕۆیان دانابوو.

مونیرە و کچەکان بێ دەنگ و بێ چرپە هاتبوونە حەسار و پاشان بەپلیکانەکاندا هەڵگەڕابوون. مونیرە کلیلی دەرکەی حەساری پێبوو، دەرکە ئاسنییەکەی سەر شەقام. گوتبووی: «نایکوتین، خۆمان دەیکەینەوە». گوتبووی: «خوشکی بمرێ! کە میوانی دەچێ دەبێ بەو هەموو پلیکانەدا داگەڕێ و دەرکەی لێ بکاتەوە». لەیلا بیری کردبووەوە، خۆشە بێ خەبەر خۆی بەماڵ و ژووری نووسەرێکدا بکا و لە پشت مێزەکەی، لە کاتی نووسیندا بیبینێ. بیری لەوە نەکردبووەوە ڕەنگە ئەو لە پشت مێزەکەی نەبێ. بەڵام ئەو لە پشت مێزەکەی نەبوو. لە ژوورەکەش نەبوو. بۆ کڕینی هەندێک کەلوپەلی پێویست لە ماڵ ڕۆشتبووە دەر و کە گەڕایەوە مونیرە خەریکی شتنەوەی هەیوان بوو. نەشمیل و لەیلاش شانیان دابووە بەر کۆڵەکەکان و چاویان لە دەرکە ئاسنییەکەی حەسار بڕیبوو. ئەو لە دەروازەی سەر کۆڵانەوە هاتبووە ژوور. تا نەگەیشتبووە ناوەڕاستی حەسارەکە کەسیان نەیاندیبوو. لەیلا پێشتر بەهۆی نەشمیلەوە بەحەسارەکەدا گەڕابوو. بەناو ماڵ و ژوورەکاندا و چەپکێک گوڵی نێرگس – کە خۆی هێنابووی – خستبوویە گوڵدانێکی بلوورەوە و لەسەر مێزەکەی دایینابوو.

مونیرە گوتی: «میوانداری کردن هەر لە خۆی جوانە. ئێمە هیچ، لەیلا خانم یەکەم جارە دێت بۆ ئەم ماڵە. نەدەبوو...»

لەیلا چارشێوی ڕەشی بەسەرەوە نەبوو. کراس و دامەنێکی بنەوشی مێڵداری لە بەردا

بوو. بالاّی بەرزتر دیار بوو. باخەیەک قژی نەرم و کالّی بەسەر شانیدا بەردابووەوە. ئەگەرچی یەکەم جار بوو هاتبوو بۆ ئەم مالّە، بەلاّم ئاسوودە و ڕەحەت بەژوورەکەدا دەگەڕاو دادەنیشت. دیمەنێکی جوان بوو. دیمەنی کچێک کە کراس و دامەنی بنەوشی لەبەردا بێ، باخەیەک قژی نەرم و کالّی بەسەر شانیدا بەردابێتەوە و ئاسوودەو ڕەحەت بەژوورەکەیدا – ژووری ئەو – بگەڕێ و دانیشێ. دیمەنی مێزێک کە چەپکێ گولّی نێرگسی لە گولّدانێکی بلووردا لەسەر بێ و...

لەیلا گوتی: «کە بەژوورەکاندا دەگەڕام بیرم لەوە دەکردەوە، بۆ نووسەرێکی وەک ئێوە ئەم مالّ و حەسارە گەورە – نەیگوت ئەم مالّ و حەسارە چۆلّ و کاولە باشترین شوێنە بۆ نووسین».

ئەو بەبزەیەکی تالّەوە سەری لەقاند. گوتی: «کارێک کە من دەیکەم».

چارەنووسێکی سەیر بوو. مالّ و حەسارێکی چۆلّ و کاول و... ئەو کچە چەندە دلّنیا دەیگوت باشترین شوێنە بۆ نووسین. نەشمیل گوتی: «باشترین شوێنیش بۆ شایی و زەماوەند».

مونیرە بەکەشەفەیەک چاوە لە ئاشپەزخانە هاتە دەر. قسەکانی بیستبوو. گوتی: «کارێک کە بەم زووانە دەبێ بیکەی».

دایک و کچ پێکەنین و، ئەو هێشتا لە بیری مابوو باسی ژنهێنان و زەماوەند لە لای کچێکی غەریب و میوان جوان نییە. ڕەنگە شەرم بکا و لە شەرما کولّمەکانی سوور هەلّگەڕێن. بەلاّم لەیلا کولّمەکانی سوور هەلّنەگەڕان. تەنها باسەکەی گۆڕی. گوتی: «وتووێژەکەتم خوێندەوە. خۆشحالّم کتێبەکانت لێرە چاپ دەکەیتەوە».

لەوەتی گەڕابووەوە ئەمە دووهەم وتووێژ بوو لەگەلّ ڕۆژنامە و گۆچارە کوردییەکاندا کردبووی. وتووێژێکی تێر و تەسەل کە هێشتا خۆی بەچاپکراوی نەیدیبوو.

لەیلا گوتی: «هەروەها خۆشحالّم کارێکی تازەشت بەدەستەوەیە. چیرۆکێکی تازە...».

ئەو داچلّەکی. سەیری سەر مێزەکەی کرد. بەرلەوە میوانەکانی بێن دەستنووسەکانی کۆ کردبووەوە و هەلّیگرتبوون. لەیلا چۆنی زانیبوو کاری تازەی بەدەستەوەیە؟ لە وتووێژەکەدا گوتبووی؟ چیتریشی گوتبوو؟

من پێکەنیم. چووم لەسەر مۆبلەکە شان بەشانی دانیشتم و گوتم: «پێم خۆشە درکاندووتە».



چەند ڕۆژ لەمەبەر گوتبووی جارێکە لای کەس باسی فەرهاد و چیرۆکەکەی ناکات. دەترسا لە نووسینی ڕێوان ببێتەوە. دەترسا پێی تەواو نەکرێ. گوتی: «نابێ هیچم گوتبێ. نابێ درکاندبێتم».

بە دەنگی بەرز گوتی. لەیلا سەری سوورماوی هەلّبڕی و گوتی:

– بەلّێ...؟

مونیرەو نەشمیل هیچیان نەگوت. ئەو بەخۆیدا شکایەوە. گوتی: «بیستوومە تۆش بەتەمای شێعرەکانت چاپ و بلاّو بکەیتەوە».

لەیلا لەو بەریەوە دانیشتبوو. پیالّەیەک چای بەدەستەوە بوو. زەردەخەنە کەویەکەی سەر لێوی پشکووت و، بۆ ساتێک بێ دەنگ ما. پاشان گوتی: «هێشتا دلّنیا نیم. دوودلّم... پێموایە...».

گومان و دوودلّی لە چاو و نیگاشیدا بوو. ئەو دەیدی؛ لە گوتنیشیدا. لەیلا پیالّە چاکەی دانا. دەفتەری شێعرەکانی لە کیفەکەی دەرهێنا و بەشەرمەوە لەسەر مێزە شیشەییەکەی بەردەستی داینا. ئەوسا بەنووکی پەنجە بەرەو لای ئەو پالّی پێوەنا.

– حەز دەکەم ئێوەش بیخوێننەوە. ئەگەر بەپێویستتان زانی....

ئەو دەستی بردو دەفتەرەکەی هەلّگرت. دەفتەرێکی جوان بوو. بەرگەکەی بەسەلیقەی کچانە ڕازابووەوە. لێوەکانی لەیلا بێ ئەوە زەردەخەنەکەیان تاراندبێ، بەحاستەم لەرینەوە. نیگای لە جێی چۆلّی دەفتەرەکە لەسەر مێزە شیشەییەکەوە شوێن دەستی ئەو کەوت. ئەو یەکەم کەس بوو دەفتەرەکەی دەکردەوە؟ یەکەم پیاو بوو؟ لەیلا گوتی: «بەشێک لە شێعرەکان...».

نەیزانی بلّێ چی. گوتی: «بەشێک لە شێعرەکان بەلای خۆشمەوە لاوازن».

ئەو دەفتەرەکەی کردبووەوە. یەکەم لاپەڕە و یەکەم شێعر...

دەفتەرەکەی دانابوو کە میوانەکانی ڕۆشتبوون. مونیرەو نەشمیل و.... لەیلا قژە نەرم و کالّەکەی لە چنگیدا کۆ کردبووەوە. لە پشت سەریەوە بەستبووی و لەژێر لەچکەیەکی خۆلّەمێشی گولّداردا شاردبوویەوە. کراس و دامەنە بنەوشەکەشی لەژێر چارشێوە ڕەشەکەیدا شاردبووەوە. ئەوسا گوتبووی: «حەز دەکەم بەچاوێکی ڕەخنەگرانەوە بیانخوێنیتەوە». ئاماژەی بۆ دەفتەری شێعرەکانی کردبوو. بەدەم زەردەخەنەوە و لێوەکانی دیسان لەریبوونەوە. ئەو تا دەرەوە بەڕێی کردبوون. لە حەسار، لەیلا بۆ جارێکی تر سەیری

ئەملاولای کردبوو. گوتبووی: «ئێستا بیرم دەکەوێتەوە، من پێشتر ئەم باخچە و حەسارەم دیوە. حەوزێکی گەورەی پڕ لە ئاوی ڕوون، ڕیزی گوڵە ڕەنگاوڕەنگەکان و ئەم دارو درەختەش... پێموابوو ئەو دارتووە گەورەش کە هێلانەی لەقلەقەکانی لە سەرە، دەبێ لەم حەسارەدا بێ». لە چیرۆکێکدا دیبووی. خوێندبوویەوە. ئەو نەیپرسیبوو کامە چیرۆک؟ گوتبووی: «بەڵام ئێستا، وەک دەیبینی چۆڵ و کاولە». مەبەستی حەسارەکە بوو. لەیلا بەهێلانەی چۆڵی لەقلەقەکان تێگەیشتبوو. گوتبووی: «لەقلەقەکان کە گەڕانەوە ئاوەدانی دەکەنەوە». لەیلا نەیگوتبوو، مونیرە گوتبووی.

من گوتم: «شێعرەکانی چۆنن؟ شێعرەکانی لەیلا».

ئەو هێشتا دەفتەرەکەی بەدەستەوە بوو. دواهەم لاپەڕەی خوێندەوە. کۆپلەیەک لە دواهەم شێعری.

قامووسەکان بدڕێنە و
وشە ساردو مردووەکان دەم با بدە،
من جوانترین شێعری بوونت لە دێڕێکدا دەنووسمەوە.
ڕابوردوو بسڕەوەو
ڕۆژە تاریکەکانی فەرامۆش کە،
هەمیشەییترین خەونت لە ساتێکدا دەهێنمە دی.

لەیلا ئەم شێعرەی تازە نووسیبوو.



# هەشت

گوتم: «لەیلا خەونێکە مونیرەی خوشکت و نەشمیلی خۆشکەزات بۆیان دیوی».

سەری هەڵبڕی. لە پشت هەوری دووکەڵی جگەرەکەیەوە من پێدەکەنیم. ڕەنگە پێکەنینێکی گاڵتەجاڕیانە و... قەڵس نەبوو. گوتی: «وشیار نەبی، چیرۆکەکە لە گرێژنە دەردەچێ».

گوتم: «کامە چیرۆک؟ چیرۆکی تۆ یان چیرۆکی فەرهاد؟»

تێفکری. نەیدەزانی لە ماڵ و ژووری خۆیەتی یان لە ماڵ و ژووری فەرهاد. ساتەکانی خۆی دەژی یان ساتە فەرامۆش بووەکانی فەرهاد. ڕەنگە هیچیان...

– یان هەردووکیان.

لەو قسەی خۆی داچڵەکی. بۆ پشت مێزەکەی چووەوە. من هێشتا لەوێ بووم. ڕووی لێ کردم و گوتی: «دەمەوێ دواهەم تابلۆی فەرهاد ببینم. ئەوەی وا دەیویست کاڵێی تێدا بدۆزێتەوە».

بۆ چەندەمین جار گوتم: «نەیدۆزییەوە. تابلۆکەی پێ تەواو نەکرا. جگە لە چەند هێڵی باریک و خوار و خێچ ...».

گوتی: «دەمەوێ بیبینم. هەر ئێستا».

بینی. بیری کردەوە، حەق بەمن بوو. چەند هێڵی باریک و خوار و خێچ... گوتی: «ئەم هێڵەیان گەیاندییە کوێ؟»

ئاماژەی بۆ درێژترین هێڵی تابلۆکە کرد. ئەو هێڵە کە گەیاندبوویە ژوورێکی تەنگ و تاریک... نووسی:

لە ژوورێکی تەنگ و تاریکدا هۆش خۆی دێتەوە فەرهاد. ژوورێک بەقەدەر مەباڵێک. بەبێ هیچ دەلاقەو ڕۆچنەیەک. لادیوارێکی ژوورەکە ئاسنە. بەهەناسەی وشک و ساردیدا تێدەگات فەرهاد. دەرکەی ئاسنی کە دەکوترێت دەنگدانەوەی سەیر و ترسناکی هەیە. وەک زرنگەی ناقووسی کلێسەکان. دەیهەوێت هەستێتە سەر پێ. ناتوانێت. هەموو

ئەندامەکانی لەشی دەزیڕێن. سەری... دەستی... پێی... پێ دەچێت تا بیری دەکەوێتەوە لە کوێیەو، چی بەسەر هاتووە. بیری ئوتومبێلەکە و سێ پیاوە تەرپۆشەکەش دەکەوێتەوە. بیری ئەو شەق و مستانەش کە بەچاوی بەستراوەوە لێیان داوە. جگە لە چەند پرسیاری ئاسایی چیتریان لێ نەپرسیوە. خۆشحاڵە فەرهاد. خۆشحاڵە گرتنەکەی پەیوەندی بەڕابوردوویەوە نییە. پەیوەندی نییە؟ لە خۆی دەپرسێت. ئەی بۆ گرتوویانە؟

ناو دەمی تاڵە. چڵم و خوێن کونە لووتەکانی ئاخنیوە. دڵەمەیەکیش بەقوڕگییەوە نووساوە. هەناسەی بەگران دێت و دەچێت. دانێکی شکاو زمانی دەگەزێت. بڵێی بەوەندە لە کۆڵی ببنەوە؟ وڕو کاسە فەرهاد. وەڵامی ئەو پرسیارە و هیچ پرسیارێکی تری پێنادرێتەوە. ڕادەکشێتەوە.

– لە گەڵ خۆت بمبە. بمبە بۆ شوێنێک کەس نەمانناسێ و کەس نەماندۆزێتەوە...».

کەسێک ئەوەی پێ دەڵێت. نازانێت کێ.

– بە جێم مەهێڵە. من ئەم خەمەم پێ هەڵناگیرێ.

لە هۆش خۆی چۆتەوە یان خەوی لێکەوتووە؟ ئەمجارەش زرنگەی ناقووسی کلێسەیەک چاوی پێهەڵدێنێت. لە گوێیدا و لە ژوورەکەدا دەنگ دەداتەوە.

– هەستە و، پشت لە دەرکە بکە».

هەڵدەخزێت، بەڵام هەستانی بۆ ناکرێت. وەردەسووڕێت و پشت لە دەرکە دەکات. دەرکەی ئاسنی بەدەم جیڕەی سارد و وشکیەوە دەکرێتەوە. ژوورەکە ڕوون دەبێتەوە. سێبەری پیاوێکی دانیشتووی داماو دەکەوێتە سەر دیوارەکەی بەر دەمی. سێبەری گەورەی پیاوێکی تر دایدەپۆشێت. ئەوسا دوو دەست، دوو دەستی گەورە و گۆشتن چاوی دەبەستن. هەڵی دەستێنن. ناتوانێت بەپێی خۆی بڕوات. بەرۆکی دەگرن و بەشوێنێکدا ڕایدەکێشن... لەسەر کورسییەک دایدەنیشێنن. چاوی هەروا بەستراوە فەرهاد. دوو، یان سێ کەسی بەدەورەوەیە. بەدەنگیاندا و بەتەقە تەقی پێڵاوەکانیاندا دەزانێت.

– ناوت؟

– فەرهاد.

– پیشەت؟

– نەقاش.

– نەقاش یان خوێندکار؟»



لە دەمی دەدەن. ناو دەمی دەکوڵێتەوە و، دەزوولە لیکێکی گەرم بەلا لێوییەوە شۆڕ دەبێتەوە.

– نەقاش یان خوێندکاری ئاژاوەگێڕ؟

دەڵێت: «خوێندکار بووم، وازم هێناوە و، ئێستا کار دەکەم».

– وازت هێناوە یان هەڵاتووی؟ کار دەکەی یان ڕێکخراوە دادەمەزرێنی؟

ئەو پرسیارانە دڵخۆشییەکەی بزر دەکەن. کەواتە زانیویانە... هیوابڕاو دەبێت. نائومێد خۆی بەچارەنووسی نادیاری دەسپێرێت فەرهاد...

گوتم: «پیاو دەبێ گێل بێ کە پێی وابێ ئەوان دوا ماوەیەک هەموو شتێکیان لە بیر دەچێتەوە. لە یەکەم ڕۆژی هەڵاتنەکەی لە زانکۆ، بەشوێنییەوە بوون و لێی گەڕابوون».

ئەوسا لە قۆری سەر مەنگەڵێکە پیاڵەیەک چایم بۆ ئەو و پیاڵەیەکیشم بۆ خۆم تێکرد.

کەواتە لە ماڵی فەرهاد بوو. ماڵی فەرهاد یان ماڵی من؟ فەرهاد چووبوو لەناو دەرکە، لە کەوشکەنەکە دانیشتبوو. وەک منداڵێکی کزو نەخۆش، تەنانەت تاقەتی نەبوو یاری بەکەوشەکانیش بکا. ئەو بەسەرسووڕمانەوە گوتی: «لە زانکۆ؟ ... بۆ مەگەر فەرهاد...»

خوێندکار بوو. لە پەیمانگەی هونەرە جوانەکان، لە تاران، هونەری دەخوێند و... دوا دوو ساڵ دیسان لە تاقیکردنەوەی کونکور بەشداری کردەوە و، بۆ ماف وەرگیرا. زۆربەی هاوڕێکانیشی مافیان دەخوێند. جگە لە خەوگەی زانکۆ، لە ناوشاریش خانوویەکی بچووکیان بەکرێ گرتبوو. زۆربەی شەوان لەوێ لە دەوری یەکتر کۆ دەبوونەوە. دەستەیەکی هاوبیر و ڕا بوون و کتێب و بڵاوکراوەی نهێنی ڕێکخراوە سیاسی و چەکدارییەکانی ئەو دەمەیان دەخوێندەوە. لە بەریان دەنووسییەوە و، لە زانکۆ، بەدزییەوە بڵاویان دەکردەوە. تا ئەوەی ڕۆژێک پۆلیس پێی زانین و بۆ شەوێدا چەند کەسێکی لێگرتن. گوتم: «ئەو شەوە کە هاوڕێکانی گیران، فەرهادیان لە گەڵ نەبوو. بەیانی بۆی چووبوونە زانکۆ بەڵام ئەو زانیبووی و بەرلەوە دەستیان بیگاتێ، هەڵاتبوو».

فەرهاد ماوەیەک لەوێ، لە تاران، خۆی شاردەوە. چەند شەو لە ماڵی برادەرەکانی و چەند شەویش لە هوتێل مایەوە. کە پارەی لێ بڕا ناچار گەڕایەوە بۆ ئێرە. بۆ ماڵی باوکی. زۆر زوو تێگەیی کە لە ماڵی باوکیشی ئەمین نییە. زیاتر بۆ ئەوەی کەس بەئاگری ئەوەوە نەسووتێ، لەوێش ڕۆیی.

– بۆ کوێ؟

گوتی ژیانێکی نوێ دەست پێدەکا. ژیانێکی نهێنی. داوای لە هاوڕێکانی ئێرەی کرد یارمەتی بدەن. لە کارگەیەک لە دەرەوەی شار کارێکیان بۆ دۆزییەوە. بەڵام لەوێش زۆر نەمایەوە. وەڕس بوو. گەڕایەوە بۆ ناوشار. بۆ گەڕەکە کۆن و هەژارنشینەکان و تاوی دایە نەقاشی کردنی ماڵان. پیشەیەکی خۆش بوو، هەر ڕۆژە لە ماڵێک و...

– دەبێ لە یەکێک لەو ماڵانە عاشقی کاڵێ بووبێ.

فەرهاد لە کەوشکەنەکەوە هاتبووە ژوور و، لە بەر پەنجەرە بچووکەکەدا چوار مێلکەی دابووەوە. ژوورەکە وەک هەمیشە تاریک و توێ توێ دووکەڵ بەژوور سەریەوە لەنگەری گرتبوو.

گوتم: «کاڵێ کچێکی شۆخ و شەنگ و جوان بوو. بەهرەیەکی خودا پێداوی سەیری بۆ دڵداری و شەیدایی بوو. نەیدەزانی، تا ئەو کاتە فەرهادی نەدیبوو، نەیزانیبوو. نەیزانیبوو نیگایەکی عاشقانە دەتوانێ ژیان و چارەنووسی بگۆڕێ. نیگای عاشقانەی فەرهاد...»

گوتی: «پاشان چی؟»

گوتم: «پاشان؟ ساڵێکی نەخایاند فەرهاد گیراو بەر نەبوو تا ئەو ڕۆژە خەڵک لەگەڵ هەموو دیلە سیاسییەکانی تر ئازادیان کرد».

هاوینە ڕۆژێکی گەرم بوو. ئەو ڕۆژە کە دیلە سیاسییە ئازاد کراوەکان، ئەو پیاوە لەڕ و لاوازو ڕەنگ پەڕیوانە بەئاڵقە گوڵی دەوری ملیانەوە، بەسەر شانی شەپۆلی خەڵکەکەوە، لە شەقامی زیندانەوە بەرەو مەیدانی ئازادی دەچوون. خۆشحاڵ بەڵام سەراسیمە و حەپەساو دەستە باریک و سپییەکانیان بۆ جەماوەرەکەو، بۆ ئەو ڕادەوەشاند. ئەو لەناو قەرەباڵغی جەماوەردا لە ئەفسانە دەگەڕا. ئەفسانە؟ نەیدەدی. ئەی لە کوێ بوو؟ شەپۆلی جەماوەر، لە نیگای وێڵ و وەیلانی ئەوی شاردبووەوە.

خەڵک لە شەوی ڕابوردووەوە، لەو کاتەوە کە بیستبوویان دیلە سیاسییەکان بەر دەبن، دەستە دەستە لە ماڵەکانیان هاتبوونە دەر. لە بەر دەرکەی زیندان و لە شەقام و کۆڵانەکانی ئەو ناوە کۆ بووبوونەوە. ئەو لەگەڵ چەند برادەرێکی لە مزگەوت بوون. مزگەوتیش قەرەباڵغ بوو. خەڵک تەدارەکی پێشوازییەکەی سبەینێیان دەگرت. دەستەیەک دروشمەکانیان دەنووسییەوە. دەستەیەک تاج و ئاڵقە گوڵەکانیان دەڕازاندەوە. دەستەیەکی بەتەمەنتریش لەگەڵ مەلای مزگەوتەکە لای مینبەرەکە خەریکی نووسینی بەیاننامە بوون. کۆمەڵێ کوڕی تازە پێگەیشتووش لە دەوری دیلێک کە پێشتر ئازاد کرابوو، کۆ



بووبوونەوە. ئەوان بەخۆشی و سەرسووڕمانەوە گوێیان بۆ ئازایەتی و خۆڕاگری دیلەکان،

– ئەو پاڵەوانانە کە سبەینێ بەبینینیان شاد دەبوون – شل کردبوو. کابرا یەکە یەکە دیلەکانی دەناسی و باسی ئازایەتیانی لەژێر ئەشکەنجەدا دەکرد. باسی فەرهادیشی کردبوو؟ ئەو لە بیری نەمابوو. کوڕەکان بەریان بۆ خەیاڵی مێرمنداڵانەیان شل کردبوو. خۆزگە لە بری ئەو دیلانە دەبوون. گیران و ئەشکەنجە بەلایانەوە خەونێکی دووری خۆش بوو.

هەواڵی کۆبوونەوەی خەڵک لە بەر دەرکەی زیندان گەیشتنە مزگەوت. گەنجەکان و، تەنانەت پیاوە بەتەمەنەکانی لای مینبەرەکەش خۆشحاڵ بوون. ئەویش خۆشحاڵ بوو. گوتی: «حەتمەن ئەفسانەش لەوێیە». لە بەر خۆیەوە گوتی. دەبوو لەوێ بێ. شۆڕش میهرەبان بوو. لە بەر دڵی ئەویش بووبێ، دەبوو ئەفسانەی لە ماڵ کێشابێتە دەر. بێ گومان کێشابوویە دەر. ئەفسانە بەشێک لە شۆڕش بوو. کچی بوو. کچە چکۆلەی. لە زۆربەی خۆپیشاندانەکاندا ئامادە بوو. وەک خۆی کە لە هەموو خۆپیشاندان و کۆبوونەوەیەکدا ئامادە بوو. ئەویش کوڕی شۆڕش بوو. خۆزگە شۆڕش زوو سەر دەکەوت. گوتبووی: «تا ڕۆژی سەرکەوتنی شۆڕش دان بەجەرگمدا دەنێم و ئەفسانە نادوێنم». بەجەلالی هاوڕێی گوتبوو. گوتبووی: «لەو ڕۆژە خۆش و پیرۆزەدا ئەگەر ئەفسانە لەناو هەزاران کەسیشدا بێ، ئەگەر لە ماڵەوە و، لە باوەشی کەسوکاریشیدا بێ، دەچم و ڕازی خۆشەویستییەکەمی لە لا دەدرکێنم».

نزیکەو نیوە شەو ئەو خۆی گەیاندبووە دەوروبەری زیندان. کەسوکاری دیلەکان خۆشحاڵ و چاوەڕوان لە بەر دەرکەی زیندان دانیشتبوون. کۆبوونەوەکە سات لە دوا سات پەرەی دەساند. گەنجەکان بەکۆڕ سروودیان دەخوێند. پۆلیس لە بلێندگۆکانەوە تکای لێ دەکردن بڵاوە بکەن و بگەڕێنەوە بۆ ماڵەکانیان. سەدان سەرباز لە سەربان و سەر دیوارەکانی زیندان بەچەکەوە ڕاوەستابوون. نوورئەفکەنە گەورەکان ئەو ناوەیان وەک ڕۆژ ڕووناک کردبووەوە. ئەفسانە لە سووچێک لەناو کچەکاندا بوو. وەک هەمیشە جامانەی کردبوو بە لەچکە. ئەوی دیبوو؟ حەتمەن دیبووی. نیگاکانیان لە ڕووناکی نوورئەفکەنەکاندا کۆتری نامەبەر بوون. پۆلیس دیسان لە بلێندگۆکانەوە...

بەیانی دەرکەی زیندان کرایەوە و، دیلەکان یەکە یەکە لێی هاتنە دەر. جەماوەر بووبوون بەدوو دەستە. ژنان و کچان لە پێش دیلەکانەوە و، کوڕان و پیاوانیش بەدوایاندا. ئەو لە مابەینی دوو دەستەکەدا بوو. لە قەرەباڵغی دەستەی پێشەوە ئەفسانەی لێ ون بووبوو.

نەیدەدی. یان دەیدی و... چ دوور بوو ئەفسانە. نیگای شەیدا و سەرگەردانی ئەوی نەدەگەیشتێ. چ دوور بوون ئەو ڕۆژانە. سات بەساتی وەبیر نەدەهاتەوە. بەو حاڵەش دەبوو ئەو ڕۆژانە بنووسێتەوە. دەبوو سات بەساتی ئەو ڕۆژە دوورانە بژیەنێتەوە. نووسی:

خەڵک، بەژن و پیاو و منداڵ و مێرمنداڵەوە ڕژاونەتە شەقامەکان. پیرێژن و پیرەپیاوە خانەنشینەکانیش لە پەنجەرەو باڵکۆنی ماڵەکانیانەوە چەپکە چەپکە گوڵ هەڵدەڕێژن. بەسەر خەڵکە خرۆشاوەکەدا و بەسەر دیلە ئازاد کراوەکاندا. گوڵبارانیان دەکەن. شار دەمێکەو بەخێرهاتنەوەی ڕۆڵە بەندییەکانی دەکات. ڕۆژ، ڕۆژی حەشرە. حەشری خەڵکێکی ئیماندار. خۆشحاڵ و سەرکەوتوون خەڵک. تەنانەت پۆلیس و سەربازەکانیش بەسەر تانگ و نەفەربەرەکانیانەوە خۆشحاڵن.

ئەو لافاوە کە دیلەکان و بەتایبەت فەرهادی لە زیندان، لە ژوورە تاریک و بچووکەکەی هێناوەتە دەر، بۆ هەر شوێنێک پێی خۆش بێت دەیبات. حەپەساوە فەرهاد. هاوارەکان، سروودەکان، دروشم و پێکوتانی توندی گەنجە خرۆشاوەکان دەیترسێنن. ترساوە فەرهاد. لەو هەموو خۆشی و شەیداییە ترساوە. دەیهەوێ هەڵێت. لەو کەرنەواڵی شادی و لەو گۆوەندە کە بەبۆنەی ئازادی ئەو و برادەرەکانییەوە بەرپا بووە، هەڵێت. لە دەست ئەو پیاوانە کە ناهێڵن خێری چوونە ژێر تابووتی مردوویان لە کیس بچێت و بەنۆرە دەیخەنە سەر شانیان هەڵێت. هەڵێت و پەنا بۆ تەنهایی و بێ دەنگییەکەی خۆی بباتەوە. ئەو تەنهایی و بێ دەنگییە کە ساڵەهایە خووی پێگرتووە. هەڵێت و خۆی بەخەڵوەتی یەکێک لەو کۆڵانانە بسپێرێت. ئەو کۆڵانە کە کاڵێی تێدا ون کردووە. لە خەڵوەتی یەکێک لەو کۆڵانە تەنگەبەرانەدایە کاڵێ. دەڵێت: «بەجێم مەهێڵە... من ئەم خەمەم پێ هەڵناگیرێ... دەرەقەت نایەم». کاڵێ دەڵێت. فەرهاد گوتوویە: «تۆ دنیایەک خەمت هەڵگرتووە کاڵێ. تەمەنێک ئازارت کێشاوە. ئازا بەکچێ، ئازا بە... دەرەقەت دێیی». گوتوویەتی؟

پڕ بەهەموو کۆڵانەکە هاواری کردووە کاڵێ: «ئەم خەمەم پێ هەڵناگیرێ». ئەوسا لە پرمەی گریانی داوە «دەرەقەت نایەم».

ئەو قەڵەمەکەی لەسەر کاغەزەکە داناو، لە پشت مێزەکەی هەستا. هەر دوو پێی سڕ بووبوون. سەر و خوارێکی ژوورەکەی کرد و گوتی: «فەرهاد لە کەیەوە لە ماڵ نەچووەتە دەر؟»

من ماندوو بووم. ماندوو، وەڕس وەڵامم دایەوە. ئەوسا ئەو بڕیاری دا ڕۆژێک لەم ڕۆژانە بێت و دەستی فەرهاد بگرێ و لەگەڵ خۆی لە ماڵ بیباتە دەر.



# نۆ

گوتم: «تۆ بەڵێنت داوە. بەڵێنت داوە لە نووسینی چیرۆکەکە بەردەوام بی و...»

نەیدەنووسی. چەند ڕۆژ بوو هیچی نەنووسیبوو. نەیاندەهێشت؛ نەیاندەهێشت بچێتە پشت مێزەکەی و کە دەچوو، کە دەستی بۆ قەڵەمەکەی دەبرد، لە دەرکەیان دەدا. دەرکەکەی دادەخست. هەموو دەرکەکان و پەنجەرەکانیش. تەلەفوونەکەشی دەقرتاند. کە ئاوڕی دەدایەوە دەیدی لە حەسار و ماڵەکەدان. باوکی، دایکی، براو خوشکەکانی، هاوڕێیانی کۆن و تازەی... ماوەیەک بوو لەیلاشیان دەهێنا. لەیلا تلووعی. مونیرەو نەشمیلی کچی دەیانهێناو، بەحەسارو ژوورەکاندا دەیانگێڕا. ئەوسا ئەویش چەپکێک گوڵی نێرگسی لەسەر مێزەکەی دادەنا. هەموو ڕۆژێک چەپکێک گوڵی نێرگسی هێنابوو، لەسەر مێزەکەی دانابوو. هەموو ڕۆژێک چارشێوە ڕەشەکەی لەسەر خۆی داماڵیبوو. قژە نەرم و کاڵەکەی بەسەر شانیدا بەردابووەوە. هەموو ڕۆژێک بەدەم زەردەخەنەوە گوتبووی: «بۆ کەسێکی وەک ئێوە ئەم ماڵ و حەسارە گەورە – نەیگوتبوو ئەم ماڵ و حەسارە چۆڵ و کاولە – باشترین شوێنە بۆ نووسین».

باشترین شوێنە ئەگەر بهێڵن و نەیاندەهێشت. ناسری نەیدەهێشت. ناسری کە زەمانێک سوار پڕۆیەکی سەوزی مودێل باڵا دەبوو، جاروباریش سێ تاری دەژەند، ئێستا سواڵی جگەرەی دەکرد. ئەفسانەی کلۆڵ...

گوتم: «واز لە ئەفسانە بێنە. خەریکی نووسینی چیرۆکەکەت بە».

گوتی: «ناتوانم. چەند شەوە دیسان ئەو قیژە تیژو ترسناکە...»

نەمدەزانی ئەو قیژە تیژ و ترسناکە چ پەیوەندیەکی بەئەفسانەوە هەیە. گوتم: «درەنگە. ڕۆژەکان یەک لە دوا یەک دێن و دەڕۆن. دەترسم...»

قسەکەی پێ بڕیم و گوتی: «دەترسی؟ لە چی دەترسی؟»

ئەوسا بیری کردەوە، بلێیی من بۆ بترسم؟ لەچی بترسم؟ نەکا پێموابێ ئەویش وەک فەرهاد... خۆزگە دەیزانی کاتێک فەرهاد لە ژوورە تاریک و دووکەڵاوییەکەی کە بۆکۆن و بۆنی زبڵی سووتاوی لێدێ، لە بەر ڕۆشنایی کز و لاوازی پەنجەرە بچووکەکەی دادەنیشێ

و سەری بەملیەوە شۆڕ دەبێتەوە، بیر لە چی دەکاتەوە؟ لە کێ؟... یەک، دووجار گوێی لە قسەکانی گرتبوو. کۆمەڵێ وشەو ڕستەی ناتەواوی پچڕ پچڕ... چی گوتبوو؟ باسی چی کردبوو؟ ئەو لە بیری نەماوە. شتێکی نەگوتبوو کە لە بیری بمێنێ.

گوتم: «جاری وایە قسە دەکا. لە بەر خۆی شتێک دەڵێ کە منیش تێی ناگەم، خۆشی تێی ناگات. چونکا لە پشت ئەو قسانەوە هیچ شتێکی لە بیر نەماوە. بیر لە هیچ شت و هیچ کەس ناکاتەوە».

ئەو پێی وەرنەدەگیرا پیاوێک، ئەگەرچی تووشی فەرامۆشیش بووبێ بیر لە هیچ شتێک و هیچ کەسێک نەکاتەوە. گوتی: «دڵنیام بیر لە کەسێک دەکاتەوە... کاڵێ...»

خۆزگە دەیزانی ناسری بیر لە چی دەکاتەوە. ناسری نابێ هیچی فەرامۆش کردبێ. ڕەنگە بیر لە ئەفسانە بکاتەوە. لە منداڵەکانی. بڵێی ئەفسانە منداڵی بووبێ؟ کچ یان کوڕ؟ ڕەنگە کوڕ و کچێک. هیوا و هێرۆ... هیواو هێرۆی ناسری. لە بیری نەماوە ئەو دەمانە ئەو و ئەفسانە باسی منداڵیان کردووە یان نا. ئەو دەمانە ئەو و ئەفسانە تەنها باسی خۆیان دەکرد. باسی خۆیان و ئەو ڕۆژانە کە تێیدا دەژیان. ڕۆژانی دوا سەرکەوتنی شۆڕش. ئەو ڕۆژانە کە شار دەبوو پشوو بدا. پشووی دوا ماندووییەکی سەدان ساڵەو کێ بوو نەیهێشتبوو خەونی خەڵکی شار بێتە دی؟ ئەو ڕۆژانە هەمووی هەرا و هوریا و شەڕ و شۆڕ و بگەرەو بەردە بوو. ئەفسانە گوتبووی:«شار خەریکە خوو بەم شەڕ و شۆرە دەگرێ. وەرە با ئێمە لێرە بڕۆین. بڕۆین بۆ...» ئەو گوتبووی: «چارەنووسی شۆڕش و چارەنووسی گەل و...» چیتری گوتبوو؟ ئەفسانە چ وەڵامێکی دابووەوە؟ چەند ڕۆژ لەمەبەر نووسیبووی: «کاڵێ گوتی: من ئەم خەمەم پێ هەڵناگیرێ. دەرەقەت نایەم».

دەمێکە بوو دەرکەیان دەکوتا. گوتم: «هەستە. هەستە بڕۆ دەرکەکە بکەرەوە».

تازە دەیبیست. بڵێی کێ بێ ؟ بارام ؟ بارام گوتبووی: «سبەینێ وەستایەک دەهێنم بانی ماڵەکە چاک بکاتەوە». بەڵام ئەوە قسەی چەند ڕۆژ لەمەبەر بوو. وەستای هێنابوو. بانەکەشی چاک کردبووەوە. کەواتە...

جەلالی بوو. گوتی: «کوڕی باش، سەعاتێکە ئەو دەرکە کلۆڵە دەکوتم. ئیتر خەریک بوو نائومێد دەبووم».

ئەو دیسان لە بیری چووبووەوە. سێ ڕۆژ بوو ئیدارەی میراتی فەرهەنگی لە مۆزەخانەی شار پیشانگای بۆ گەنجینەکەی زێویە کردبووەوە. گەنجینەیەک کە دوا سێ هەزار ساڵ



دۆزرابووەوە. لەژێر خاک دەرکێشرابوو. لەژێر پێی ئەو خەڵکە... سامانی نەتەوەیەک... ئەو هەموو ڕۆژێک گوتبووی دێم و نەچووبوو. ئەم بەیانییە جەلالی تەلەفوونی بۆکردبوو. گوتبووی عەسر دێت بەشوێنیداو هاتبوو.

گوتی: «لەوە ناچی زۆر دڵت بەمیراتی فەرهەنگی پێشوونیانت خۆش بێ».

جەلالی بەپێکەنینەوە گوتی. ئەو قسەکەی بارامی برای بیر کەوتەوە.

– «دەترسم میراتی پێشوونیانیش وەک میراتی بنەماڵەکەم....

ترسەکەی لە خۆوە نەبوو. پێشتر لە مۆزەخانەکانی دەرەوەی وڵات بەشێکی زۆر لە شتە کۆن و عەنتیکەکانی زێویەی دیبوو. خەنجەر و تیرو کەوان... گورز و گۆپاڵ... زین و کڵاوخود و سوپەر و مەتاڵ...

جەلالی گوتی: «بێگانە هەموو چەک و سیلاحەکانیان بردووە. مۆر و لۆحە مێژووییەکانیش. تەنانەت کاسەو کەوچک و قاپ و قاچاغەکانیش... هەموویان لەناو خۆیاندا دابەش کردووە. ئەوەی ماوە...».

ئەوەی مابوو لەناو مەحفەزە شیشەییەکاندا بوو. لە هۆڵی مۆزەخانەکە و... ئەو لەو خشڵ و زێڕ و زیوانە ورد بووبووەوە کە دوا سێ هەزار ساڵ هێشتا شوێن ئەنگوستی زێڕینگەرەکانی لەسەر دیار بوو. ئارەقەی ناوچاوانیشیان نەیسڕیبووەوە. خاکیش وەک هەمیشە ئەمانەتدار، میراتەکەی پاراستبوو. بەڵام بیرەوەریەکان، حەزەکان و حەسرەتەکان... تەنانەت ناوەکان و ناونیشانەکان، کامیەک لە پێشوونیانی سێ هەزار ساڵ لەمەبەر ئەو تۆقە زێڕە گەورە و پڕ وردەکارییەی دروست کردبوو؟ بۆ گەردنی کێ؟ کامە نازدار و خۆشەویست؟ ئەو بازنە توولە مارییە قۆڵی کێی ڕازاندبووەوە؟ ئەو گوارە گوڵ نێلوپەڕییە بەگوێی کێدا شۆڕ بووبووەوە؟

جەلالی پارچە عاجێکی شکاوی بچووک، بەقەدەر بەرە دەستی منداڵێکی ساوای نیشان داو، گوتی: «بڕوانە ئەم هەموو کەژاوە و عارەبانەو شا و وەزیر و سوار و پیادە، لەسەر ئەم پارچە عاجە بچووکە هەڵکەندراوە. هونەرمەندێکی لای خۆمان نەخشێکی دیواری گەورەی لێ ساز کردووە. حەتمەن دیوتە. ئیتر پێویست ناکا قورئانێک بەدەستەوە بگرین و بڵێین بەم قورئانە لە سێ هەزار ساڵ لەمەبەرەوە ئێمە لێرە ژیاوین. خاوەنی لەشکر و سوپا و شاو شاژنی خۆمان بووین».

تۆقەکە ئێستاش لە پشت شیشەی ئەستووری مەحفەزەکەوە بۆنی نامرادی لێدەهات.

توولە مارەکەش دەیفیشکاند و گوڵە نێلووپەڕییەکانیش حەسرەتی چرپەیەکی عاشقانەیان سێهەزار ساڵ لەو ژێر خاکە هەڵگرتبوو.

ئەو گوتی: «مێژووی ئەم وڵاتە، مێژووی عاشقە بەمراد نەگەیشتووەکانە».

جەلالی گوتی: «دوا دۆزینەوەی ئەم سامانەش هێشتا بڕوا بەمێژوومان ناکەن».

ترپەی دڵی هونەرمەندە زێڕینگەرەکە، ئەو پیاوە عاشقە کە سێ هەزار ساڵ لەمەبەر ژیابوو دەبیسترا. ئەو دەیبیست و ڕەنگە کچێکی چارشێو بەسەریش کە لە دەرکەی مۆزەخانەکە دەهاتە ژوور. لەیلا؟

گوتم: «لەیلا بۆ بینینی تۆ هاتووە. بڕوانە چەندە خۆشحاڵە کە دەتبینێ».

ئەو سەری هەڵبڕی و لەیلای دی. دەتگوت لە ڕێگەیەکی دوورەوە هاتووە. هەنگاوەکانی ماندوو بوون. ماندوو بەڵام قورس و قایم. ئەو خۆشحاڵ نەبوو؛ حەپەسا. سەیری هاتێ. نەیگوت بەچیدا دیارە بۆ بینینی من هاتبێ؟ نەیگوت چۆنی زانیوە من لێرەم؟ هیچی نەگوت.

لەیلا بەرەوپیری هات، گورج و بەپەلە. چاوەکانی دەبریسکانەوە. زەردەخەنەکەی سەر لێویشی بەشێک لە ڕوومەتی بوو. بەشێک لە ڕوومەتە سپی و سوورەکەی و، بەدەگمەن نەدەبیندرا. کە تەواو لێیان نزیک بووەوە، گوتی: «ڕێکەوتێکی سەیرە، پێموانەبوو ئێوەش لێرە بن».

نزیک و سەمیمانە گوتی. وەک ناسیاوێکی کۆن. ئەویش بەخێرهاتنی لێ کرد. ڕووی لە جەلالی کرد و گوتی: «حەز دەکەم یەکتر بناسن. لەیلاخانمی تلووعی...».

یەکتریان دەناسی. ڕەنگە لە دەمێکەوە. جەلالیش خۆشحاڵ بوو. گوتی: «سێ ڕۆژە ئەم پیشانگایەمان کردووەتەوە و، لەیلا هەر سێ ڕۆژەکە هاتووە».

بە زەردەخەنەیەکی ئەمەکدارانەوە گوتی و سوپاسی لێ کرد. سوپاس بۆ ئەوەی کە هەموو ڕۆژێک هاتبوو، سەیری سامان و میراتی پێشوونیانی خۆی کردبوو. لەیلا چارشێوەکەی گورج کردەوە و، چاوی بەهۆڵەکەدا گێڕا. هۆڵەکە چۆڵ بوو. خەرمانێک ڕووناکی ڕەنگنامە لە هەزاران چاوەی بچووکی عورووسیە گەورەکەوە دەهاتە ژوور. مۆسیقایەکی نەرم و کز بڵاو دەبووەوە. دەنگی پیانۆ... دەتگوت باریکە ئاوێکە لە شیوەڵێکەوە دەگوزەرێ و گۆرانی دەخوێنێ. گۆرانی بۆ هۆڵێکی چۆڵ. لەیلا نیگای بۆ مەحفەزە شیشەییەکان گوێزایەوە. گوتی:



«بەدڵنیاییەوە تا ئەم پیشانگایە ببێ، هەموو ڕۆژێک دێم. من هەرگیز ئەوەندە شتی جوانم نەدیوە. شتی جوانی سێ هەزار ساڵە...».

لە دەوامەی قسەکەی جەلالیدا گوتی و ئەوسا ڕووی لە ئەو کرد.

– «من پێشتر پێم وا نەبووە داهێنانی خەڵکی سێ هەزار ساڵ لەمەبەر ئەوەندە جوان بێ».

ئەویش زەردەخەنەی کرد. گوتی: «مرۆڤ لە سەرەتای پەیدابوونیەوە حەزی لە داهێنانی شتی جوان کردووە».

لەیلا گوتی: «بۆچی؟»

بە شەرمەوە گوتی. گوتی: «ببوورن ئەم پرسیارە کەمێک گێلانەیە، بەڵام بەڕاست بۆچی؟»

ئەو دەستبەجێ وەڵامی نەدایەوە. کورتەیەک ڕاما، ئەوسا گوتی: «ڕەنگە بۆ ئەوەی دنیای دەوروبەری خۆی پێ برازێنێتەوە. ڕازاندنەوە هەمیشە بەشێک لە تەقەلای مرۆڤ بووە. ڕازاندنەوەی خۆی و دنیای دەوروبەری».

خزمەتکاری مۆزەخانەکە لێیان نزیک بووەوە. کاری بەجەلالی بوو. شتێکی بەگوێیدا چرپاند. ئەوانیش بیستیان «چا ئامادەیە. بۆتان بێنم بۆ ئێرە یان...»

جەلالی گوتی: «نا، دەڕۆینە سەر».

لەیلا گوتی: «وەک ئێستا».

ژن و پیاوێک لە دەرکەی هۆڵەکەوە هاتنە ژوور. ژن و پیاوێکی گەنج. بەناو مەحفەزە شیشەییەکاندا گەڕان و نزیک لە ئەوان لای تۆقە زێڕەکە و بازنە و گوارەکان ڕاوەستان. ژنەکە سەرەتا بەحەز و پاشان بەحەسرەتەوە لە خشڵەکان ورد بووەوە. جوانی خشڵەکان لە چاویدا بریسکانەوە. لە چاوی پیاوەکەشدا. پیاوەکە بەشەرمەوە لە ژنەکەی ڕوانی. خۆزگە دەیزانی ئەو ژن و پیاوە لەو کاتەدا بیر لە چی دەکەنەوە...

گوتم: «ژنەکە نازانم. بەڵام پیاوەکە بیر لەوە دەکاتەوە کە بۆ نەیتوانیوە ژنەکەی بەختەوەر بکا».

ناسری بۆ نەیتوانیبوو ئەفسانە بەختەوەر بکات؟ ئەفسانە گوتبووی: «ماڵەوە زۆریان هێناوە، دەڵێن دەبێ شوو بە ناسری بکەم. ئەو پیاوە کە سوار پڕۆیەکی...» گوتبووی:

«دەڵێن لە ڕۆژی وەک ئیمڕۆدا تەنها ناسری دەتوانێ بەختەوەرت بکا. ئەو کوڕی سیاسەت و گەل و نیشتمان و شتی وا نییە...» بەپێکەنینەوە گوتبووی؛ بەخەمەوە. «دەڵێن ئەو پیاوێکی ساماندارە و قەرارە لە تۆقی سەرمەوە تا بەری پێم لە زێڕ بگرێ». بەپێکەنینەوە گوتبووی. بەپێکەنینەوە؟ ڕەنگە بەحەسرەتەوە...

جەلالی گوتی: «بڕۆینە سەر چایەکەمان بخۆینەوە».

کە بەرەو پلیکانەکان دەچوون خەڵک تاک و تەرا دەهاتنە ژوور. کوڕێکی تەنهای ڕەشتاڵەش دەهاتە ژوور. سەرنجی ئەوی ڕاکێشا. کوڕە خۆی لە نیگای شاردەوە. ئەو کوڕە ڕەشتاڵەی پێشتر لە کوێ دیبوو؟ بەپلیکانەکاندا هەڵگەڕان. بۆ ژووری مودیری مۆزەخانەکە. جەلالی لە پشت مێزەکەی دانیشت. ئەو لەمبەر مێزەکەوە لە پەیکەری بچووکی ژنێک بەسەر چوارپایەیەکەوە ڕاما. چوارپایەکە لە قوڕنەی لای خوارووی ژوورەکە بوو. ژنە سەری قوڕینەی خستبووە نێو کاسەی قوڕینەی هەردوو بەرە دەستیەوە، چاوە قوڕینەکانی لە زەوی بڕیبوو. لەیلاش بەرامبەر بەئەو دانیشت و لە پەیکەرەکە ورد بووەوە. چەندە لە یەکتر دوور بوون لەیلا و ئەو ژنە قوڕینە کە سەری خستبووە ناو کاسەی بەرە دەستەکانیەوە؟ ئەو لە خۆی پرسی و، چەند جار نێوانی ئەو دوانەی بەنیگا پێوا. لە گڵەوە بۆ گۆشت و خوێن. لە گۆشت و خوێنەوە بۆ گڵ. لە ئەفسانەوە بۆ لەیلا. لە لەیلاوە بۆ ئەفسانە. چەندە لە یەکتر دوور بوون لەیلا و ئەفسانە؟ ئەو ڕۆژە کە بۆ دواجار ئەفسانەی دیبوو. ڕەنگە دوا ڕۆشتنی ئەو، ئەفسانە سەری خستبێتە کاسەی بەرە دەستەکانیەوە و، چاوی لە زەوی بڕیبێ.

خزمەتکارەکە چای بۆ هێنا بوون. جەلالی گوتی: «وا دیارە ئەو پەیکەرە سەرنجی ڕاکێشاوی».

بە دەم خواردنەوەی چایەکەوە گوتی: «پەیکەرێکی جوانە. کاری هونەرمەندێکی...»

جوان؟ کەواتە ئەو پەیکەرەش بۆ ڕازاندنەوەی شوێنێک ساز کرابوو. ڕازاندنەوەی دنیای دەوروبەری هونەرمەندە پەیکەرسازەکە. کاتێک دنیا بەبەرهەمی حەسرەت و مەراقی مرۆڤەکان بڕازێتەوە...

جەلالی گوتی: «پێشتریش گوتوومە ئەم شارە پڕە لە هونەرمەندی گەنج و خاوەن بەهرە».

ئەوسا باسی لەیلای کرد. باسی شێعرەکانی لەیلا. ئەو کچە دەمێک بوو چاوەڕوانی ئەم



ساتە بوو. وەخۆی هاتەوە. لە جەلالی ڕوانی و، لێوەکانی وەلەرزین کەوتن. ئەو لە ئان و ساتدا بیری کردەوە، نەکا ئەم کچە بۆ بیستنی قسەی ئەو دەربارەی دەفتەری شێعرەکانی هاتبێ؟ سێ ڕۆژی بەردەوام هاتبوو. بەو هیوایە کە ئەو لێرە بێ و... حەتمەن زۆر خەمی خواردووە کە ئەوی لێرە نەدیوە. ئەو بەخۆیدا شکایەوە. دەبوو زووتر لە ئێستا، لانی کەم کاتێک لەیلا بەپەلە خۆی بەهۆڵی مۆزەخانەکەدا کردبوو، باسی شێعرەکانی بکردایە. بۆ گوێی نەدابوویە؟ بۆ پەی بەچاوەڕوانییەکەی نەبردبوو؟ چاوەڕوانییەک کە لە چاوەکانیدا بوو. لە نیگای پڕ لە پرسیاریدا. گوتی: «حەفتەیەکە لەگەڵ شێعرەکانی...»

نەیگوت لەیلا. گوتی: «حەفتەیەکە لە شێعرەکانی خانمی تلووعیدا دەژیم»

خانمی تلووعی؟ ناوبردنێکی سارد بوو. گوتی: «لەم حەفتەیەدا چەند جار دەفتەری شێعرەکانیم خوێندووەتەوە».

ئەوسا نیگای بۆ لەیلا گوێزایەوە. لەیلا خۆشحاڵ بوو. خۆشحاڵ بۆ ئەوەی کە ئەو شێعرەکانی خوێندبووەوە و چاوەڕوانی بیستنی باقی قسەکانی بوو. جەلالیش چاوەڕوان بوو. ئەو تێگەیی، بۆیە باسی شێعرەکانی کرد. سەرەتا باسی زمان و فۆڕمی شێعرەکان و، پاشان ئاوڕی لە بابەت و تێمی شێعرەکان دایەوە. تووڕەو دەمارگرژ دیار بوو. ڕەنگە بۆ ئەوە کە چەند ڕۆژ ئەو کچەی چاوەڕوان هێشتبووەوە؛ یان بۆ ئەوە کە دەیزانی لەیلا پێی خۆشە زۆر شت دەربارەی شێعرەکانی ببیستێ. بەتایبەت دەربارەی بابەت و تێمی شێعرەکان و، هەڵوێستی لە بەرامبەر چەمکەکاندا. چەمکی وەک خۆشەویستی و تاوان و... گوتی: «تێمی سەرەکی زۆربەی شێعرەکان عەشق و خۆشەویستییە...»

گوتی: «یەکەم شێعرەکان دەربڕینی سۆزێکی کچانەو تا ڕادەیەک منداڵانەیە بەنیسبەت باوکی کۆچ کردوویەوە. باوکێک کە شاعیر دان بەمردنیدا ناهێنێ. باوکێک کە لە زەین و دەروونی شاعیردا دەژی و، شاعیر وەک بەشێک لە بوونی خۆی دەیگێڕێ».

*ئەو دەستە قورس و گەرمە بۆ هەمیشە لەسەر شانم دەبێ و*
*سۆزی ئەو چاوە خەمبارانە لەگەڵ خۆم دەگێڕم.*
*لە گەڵ خۆم دەتبەم*
*بۆ هەموو شوێنێک*
*تەنانەت بۆ شوێنێکیش کە نابێ تۆی لێ بی.*

ئەو لە کاتی گوتنی شێعرەکەدا سەیری لەیلای دەکرد و ئەو دڵۆپە فرمێسکانەی دەدی کە

کاتی گوتنی ئەم شێعرە لە چاویدا پەنگی خواردووەتەوە. ئێستا ئیتر ئەو دڵۆپە فرمێسکانە لە چاویدا نەبوو. ئەو خۆی لە ئاوێنەی بیلبیلەکانیدا دەدی. گوتی: «لەم نموونە شێعرانەدا شتێکی شاز و نوێ نییە. هەموو کەس باوکی خۆی خۆش دەوێ و هەموو کەس، تەنانەت ئەوانەی کە شاعیریش نین بەوەها زمانێک باسی ئەو خۆشەویستە دەکەن. بەڵام لەیلا...»

ئەو خۆشحاڵ بوو کە گوتی لەیلا. گوتی: «بەڵام لەیلا وردە وردە ئەم قۆناغە تێدەپەڕێنێ و، هەڵوێستی لە بەرامبەر چەمکە گشتییەکان و تێمی سەرەکی شێعرەکانی دەگۆڕێ. لەمەدوا ئیتر بەزمانی هەموو کەس و بەشێوەی هەموو کەس لە عەشق و خۆشەویستی نادوێ. لەمەدوا واز لەو ڕێگە گشتییە دێنێ کە هەموو خەڵک پیایدا دەڕۆن و تێدەکۆشێ ڕێگەی خۆی لە ڕێگەی خەڵکی تر و، زمانی خۆی لە زمانی خەڵکی تر و تەنانەت بۆچوونی خۆی لە بۆچوونی خەڵکی تر جیا بکاتەوە. ئەم هەوڵە بۆ کچە شاعیرێک لە کۆمەڵگەیەکی سوننەتی وەک کۆمەڵگەی ئێمەدا کە هەموو شتێک، تەنانەت خۆشەویستیش پێناسە و مانای داسەپاو و وەرگیراو، گشتی و نەگۆڕی هەیە، هەوڵێکی ئازایانەیە. لەمەدوا مامڵەی شاعیر لەگەڵ هەموو شتێکدا و لەگەڵ تێمی سەرەکی شێعرەکانیدا مامڵەیەکی تایبەت و شەخسیترە کە بەپێی ساتەکان و دۆخە دەروونییە جیاوازەکان، لە گۆڕاندایە. بۆ نموونە لە شێعرێکیدا دەڵێ:

*بۆ هەمیشە خۆشم دەوێی*

*تۆ شایستەی ئەوەی ئەم خەڵاتە پیرۆزەت پێشکەش کەم.*

بەڵام لە شێعرێکی تردا

*داوێکت بۆ دەنێمەوە لە خۆشەویستی و*

*نەفرەتی هەموو خواکانت بەسەردا دەبارێنم.*

ئەو شێعرەکانی وەک خۆیان لە بیر نەمابوو. بەهیوا بوو لەیلا یارمەتی بدا، بەڵام لەیلا سەری داخستبوو، هیچی نەدەگوت. ئەو گوتی: «ئیتر ناکرێ بەڕاشکاوی بڵێین شاعیر ئەم شێعرانەی تەنها بۆ باوکی گوتووە. گریمان بۆ باوکیشی گوتبێ، ئەم باوکە هەمان باوکی شێعرەکانی پێشووی نییە. پیاوێکی نموونەیی پیرۆز لە زەین و دەروونی شاعیردا. بەڵکو خۆشەویستێکە کە لە دەرەوەی زەین و دەروونی شاعیریش بوونی هەیە...».

ئەوسا گوتی: «ئەگەر لەم ڕوانگەوە درێژە بەخوێندنەوەی شێعرەکان بدەین، بۆمان



دەردەکەوێ شاعیر وردە وردە ئەو پیاوە نموونەییە پیرۆزە، ئەو خۆشەویستە، لە زەین و دەروونی خۆی دەهێنێتە دەرو لە بەرامبەر خۆی دایدەنێ.

بەڕای من دوو تایبەتمەندی سەرەکی ئەم پرۆسەیە بریتین لە یەکەم، شاعیر بەدابڕان لەو پیاوە زەینییە لە خۆی نزیک دەبێتەوە؛ لە ناسینی خۆی؛ لە سەربەخۆیی خۆی وەک مرۆڤ و ئافرەت نزیک دەبێتەوە. دووهەم، لەگەڵ ئەو پیاوە خۆشەویستە دەکەوێتە وتووێژ و دیالۆگ. ئەمە سەرەتای ئازادی شاعیرە. شاعیر بۆ ئەوەی بتوانێ بژی و بنووسێ و تەجرەبەی شێعری تایبەت بەخۆی ببێ، پێویستی بەم ئازادی و سەربەخۆییە هەیە. تەنانەت ئەگەر لەم ئازادی و سەربەخۆییەدا، لەم ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ بەرامبەرەکەیدا، جۆرێک دەمارگرژی و هەڵچوونیش ببێ. بەڕای من ئەمە تا ڕادەیەک سروشتییە. هەڵچوونێکی ئافرەتانە لە سەرەتای ئازادی و سەربەخۆییدا. بۆ نموونە:

*مار نەبوو کە فریوی دایت*

*سێوە لاسوورە و ئیشتیای گەنم و*

*داری تێگەیشتن هەمووی بەهانە بوون.*

*مار نەبوو کە فریوی دایت*

*من بووم*

*من بووم ویستم تۆ دابەزیت*

*من بووم ویستم تاوان بکەیت*

*تاوان بکەیت و تۆبە بکەیت*

*تاوان، تۆبە*

*تاوان، تۆبە*

*حەوا تۆبە لە تاوانەکەی خۆی ناکات*».

ئێستا ئیتر دڵنیا بوو ئەم شێعرە زۆر لەوە جوانتر بوو کە ئەو گوتبوویەوە. هێشتا لە لەیلای دەڕوانی. هێشتا بەهیوا بوو لەیلا یارمەتی بدا و هەڵەکانی بۆ ڕاست بکاتەوە. هێشتا لەیلا سەری داخستبوو، هیچی نەدەگوت. ئەو هەستی بەشەرمێکی غەریب لە ڕوومەتیدا دەکرد. پێشتریش هەستی پێکردبوو. لە ماڵی خۆی، ئەو ڕۆژە کە دەفتەری شێعرەکانی لێ وەرگرتبوو. لێوەکانی لەیلا لەریبوونەوە. ئێستاش لێوەکانی دەلەرینەوە. لە

کچێک دەچوو لە بەر چاوی بێگانەدا ڕووتیان کردبێتەوە. یان بەتەما بن ڕووتی بکەنەوە. ئەو تێنەدەگەیی؛ یان تێدەگەیی و پێی وابوو یادەوەری ساتەکانی ڕابوردووی، ئەو ساتانە کە ئەم شێعرانەیان تێدا نووسرابوو، یان ئەو ڕووداوانە کە بووبوونە هۆی نووسینی ئەم شێعرانە، پاڵیان بەتەوژمی خوێنی پشت پێستە سپی و سوورەکەی ڕوومەتیەوە دەنا. ئەو درێژەی بەقسەکانی دا. زیاتر بۆ ئەوەی هەموو شتێکی دەربارەی شێعرەکانی گوتبێ. یان پاکانەی بۆ کەمتەرخەمییەکەی کردبێ. یان ڕەنگە خۆی چێژی لە گوتنەکەی دەبرد. لە گوتنی خۆی. جەلالیش قسەکانی پێخۆش بوو. ئەو گوتی: «بە داخەوە من شێعرەکانم لە بەر نییە و لەیلاش یارمەتیم نادا».

لەیلا سەری بەرز کردەوە. ئان و سات شەرمەکەی ڕەوییەوە و زەردەخەنە بۆ لێوەکانی گەڕایەوە. ئەوسا نیگایان لە یەکتر هەڵەنگووت. بۆ ساتێک و ئەو لەو ساتە کورتەدا شتێکی سەیری دی. لە نیگای لەیلادا. دڵی داخورپا. گوتی:

*قامووسەکان بدڕێنە و*

*وشە ساردو مردووەکان دەم با بدە*

*من جوانترین شێعری بوونت لە دێڕێکدا دەنووسمەوە.*

*رابوردوو بسڕەوە و*

*ڕۆژە تاریکەکان فەرامۆش کە*

*هەمیشەییترین خەونت لە ساتێکدا دەهێنمە دی.*

ئەو گوتی یان لەیلا؟ جەلالی کە تا ئێستا گوێگر بوو گوتی: «من پێشتر هیچ کام لەم شێعرانەم نەبیستبوو. ئەوەی بیستبووم کۆمەڵێ شێعری جوانی بەسۆز بوون کە...».

نەیگوت کە بۆ باوکی نووسیبوو. گوتی: «ئەڵبەت ئەم شێعرانەش جوانن. بەڵام ئەم شێعرەی ئاخر داخوازییەکی ترسناکە. دڕاندنی قامووسەکان و سڕینەوەی ڕابوردوو... ئەگەر ئێمە بەقسەی شاعیرەکانمان بکەین چیمان بۆ دەمێنێتەوە؟»

بەپێکەنینەوە گوتی. ڕەنگە لەو کاتەدا لە بیری گەنجینەکەی زێوبە و، میراتی پێشوونیانیدا بووبێ کە لە نهۆمی خواروو، لە هۆڵی مۆزەخانەکە، لەناو مەحفەزە شیشەییەکاندا بوون. ڕەنگە خۆشحاڵ بووبێ کە لەیلا دەسەڵاتی لەنێوبردنیانی نەبوو. گوتی: «مرۆڤ بەبێ زمان و بەبێ ڕابوردوو چی هەیە؟»

لەیلا گوتی: «شێعرێکی کورت و ساتێکی هەتا هەتایی...»



ئەویش پێکەنی. دەرکەی ژوورەکە کرابووەوە و، خزمەتکارەکە هاتبووە ژوور. کەسێک لە دەرەوە جەلالی خواستبوو. گوتی: «ئەوە هاتم و...» ڕۆشتە دەر ماوەیەک لەوە دوا خزمەتکارەکە دیسان بەکەشەفەیەک و دوو پیاڵە چاوە هاتە ژوور. ئەو گوتی: «جەلالی چی لێهات؟»

خزمەتکارەکە گوتی: «نیو سەعات دەبێ ڕۆشتووەتە دەر. برادەرێکی هاتبوو بەشوێنیدا و ناچار بوو لە گەڵی بڕوا».

ئەوسا بەسەرسوڕمانەوە گوتی: «مەگەر خواحافیزی نەکرد؟»

– خواحافیزی کرد؟

لەیلا گوتی: «ببوورە! وادیارە زۆر ماتڵم کردووی».

ئەو تێنەگەیی. ئایا مەبەستی لەیلا ئەوە بوو کە جەلالی خواحافیزی کردووە، یان نا؟ لەیلا سەیری سەعاتەکەی دەستی کرد. درەنگ بوو. هەستا و چارشێوەکەی گورج کردەوە. ئەویش هەستا. ئەوسا لە ژوورەکە هاتنە دەرو بەپلیکانەکاندا داگەڕان. هۆڵی مۆزەخانەکە قەرەباڵغ بوو. ژن و پیاوەکە هێشتا لە سەیرکردنی تۆقی زێڕ و بازنەی توولە ماری و گوارە گوڵە نیلووپەڕەکان نەبووبوونەوە. ئەوان بەبێ هیچ نیگا و سەرنجێک لە هۆڵەکە ڕۆشتنە دەر.

## ده

ئیمڕۆ ئەو ڕۆژەیە کە گوتبووی دەستی فەرهاد دەگرێ و لە ماڵ دەیباتە دەر. بۆ کوێ؟ بۆ ناوشار. بۆ کۆڵان و شەقامەکان و... ئەو دنیایە کە فەرامۆشی کردبوو. فەرهاد لە کەیەوە لەو ژووورە تاریک و دووکەڵاوییە، کە بۆکۆن و بۆنی زبڵی سووتاوی لێدەهات نەچووبووە دەر؟ من گوتبووم: «لە ساڵانێک لەمەو بەرەوە».

گوتم: «بردنە دەرەوەی فەرهاد، گەڕاندنی تەرمێکە بەناوشاردا. نابێ بەهیوا بی هیچی وەبیر بێتەوە، یان هیچ وەبیر کەس بێنێتەوە».

گوتی: «ئەی بۆ دەتەوێ چیرۆکەکەی بنووسم؟»

بە خەمەوە گوتی. ئەوسا سەیری فەرهادی کرد. پێدەچوو زانیبێتی دەیبەنە دەر. چاوە چاوی بوو.

گوتم: «چۆنی دەبەی؟ بەئۆتومبێل؟»

گوتی: «دەترسم قەرەباڵغی شەقامەکان و هات و چوو، هەراو هوریای خەڵک و ئۆتومبێلەکان ماندووی بکەن. بیتۆقێنن».

دەمزانی دەیبا بۆ کوێ. بەئیشارەت تێی گەیاندم ئامادەی بکەم. تێدا مابووم چی بۆ لە بەر بکەم. ژوورەکەم پشکنی. سەری سندووق و مجریە کۆنەکانم هەڵدایەوە و، پاڵتۆ کۆنەکەیم دۆزییەوە و، بۆم لە بەر کرد. ملپێچ و کڵاوە کۆنەکەشی.

ئەو هێشتا سەیری دەکرد. بزەیەکی تاڵ نیشتبووە سەر لێوی. گوتی: «کاتێ خەڵک بەم شێوە و بەم جلوبەرگەوە بیبینن...»

نەیگوت کاتێک خەڵک بەم شێوە و، بەم جلوبەرگەوە بیبینن چییان بیر دەکەوێتەوە؟ فەرهاد ئێستا ئامادە بوو. ئەوی پێش خۆی خست و لە ژوورەکە ڕۆشتنە دەر. منیش ناچار شوێنیان کەوتم. دەرەوە سارد بوو. کزەبایەک هەڵیکردبوو. پەڵە هەورە خۆڵەمێشییەکان لە باوەشی ئاسماندا تێک چرژا بوون. خۆمان بەکۆڵانێکدا کرد. نووسی:

کۆڵانەکان باریک و تەنگەبەرن. ماڵەکان بچووک و گوێسپانە داتەپیو. دیوارەکان کاگڵ



و پەنجەرەکان شینن. گوڵدانەکانی ئەمدیو و ئەو دیوی پەنجەرەکان و گوێ باڵکۆن و هەیوانەکان تەنەکە پووتی گەورە و بچووکی سەرهەڵبڕاون. پڕ لە شەمدانی و ڕێحانە و... بەرامەی نانی تازەی نانەواخانەی سەر سووچی چوار ڕێیانەکە بەهەموو گەڕەکدا بڵاو بووەتەوە.

ئەو لە چەقی چوار ڕێیانەکە ڕاوەستا. گوتی: «ئێستا دەبێ بەکامە کۆڵاندا بڕۆین؟»

دوودڵ بوو. ئاوڕی دایەوە، بەڵکو من پێی بڵـــێم. بەڵام من بەدوایەوە نەبووم. من بەشوێن فەرهاددا خۆم بەیەکێک لەو کۆڵانە تەنگەبەرانەدا کردبوو. پێی هەڵگرت، بەڵکو پێمان بگاتەوە.

– ئەم کۆڵانە تەنگەبەرانە زۆر لە یەکتر دەچن. وریا بن ڕێگەمان لێ تێکنەچێ.

– کامە ڕێگە؟

خۆی گوتی و خۆی پرسی. بەڵام وەڵامی خۆی پێ نەدرایەوە».

فەرهاد زیندوو بووبووەوە. گەنج بووبووەوە و، وەک ساڵانێک لەمەبەر دەستی ئاخنیبووە ناو گیرفانی پاڵتۆ کۆنەکەی و، گورج و بەپەلە، بەپێچاو پلووچی کۆڵانەکەدا تێدەپەڕی. کزەی سەرما ڕوومەت و بناگوێی دەگەست. ئەو بەمن گەیشتەوە. گوتی: «پیاو لەم کۆڵانانەدا ون دەبێ. دەیەوێ تا کوێ بەشوێن خۆیدا ڕامانکێشێ؟»

گوتم: «زۆرمان نەماوە بیگەینێ. لە کۆتایی ئەم کۆڵانە داخراوەدایە. دەرکەیەکی چێوی کۆن...».

گوتم: «ئەڵبەت ئەگەر دوا ئەم هەموو ساڵە هێشتا بەسەر پێوە مابێ».

کامە دەرکە؟ دەرکەی کامە ماڵ؟ دەرفەتی پرسیار نەبوو. ژنێکی نێوان ساڵ لە دەرکەی یەکێک لە ماڵەکانەوە هاتە دەر. فەرهادی دی و ڕاوەستا. ژنە بزەیەکی سوپاسگوزارانە، وەک پەروانەیەکی جوان و سووکەڵەی بەسەر لێوەوە بوو. شتێکی لە فەرهاد پرسی. فەرهاد بەشەرم و شکۆیەکی پیاوانەوە وەڵامی دایەوە. بەولاوەتر پیرەپیاوێکی ڕەقەڵە لەسەر خواجەنشینی بەر دەروازەی ماڵێکی تر دانیشتبوو. لە پشتێن بەرەوژوور بەسەر تەنەکە پووتێکی پڕ لە ئاگردا نەوی بووەوە. لەبەری هەڵنەستا. پێدەچوو نەیدیبێ.

– گەیشتین.

لە کۆتایی کۆڵانەکە، لەبەر دەرکەی چێوی ماڵێک ڕادەوەستێت فەرهاد. دەرکە پێوەدراوە بەڵام دانەخراوە. دەزانێت فەرهاد. بەر لەوە دەستی بۆ ببات بەحاستەم، وەها کە تاوانێک

له خەڵوەتی کۆڵانەکە وەشێرێت، ئاوڕ دەداتەوە. بەسیلەی چاو لە پەنجەرەی ماڵەکەی ئەو بەر دەڕوانێت. پەنجەرەیەکی بچووک و شین. لە پشت شیشەی پەنجەرەکەوە گوڵدانێکی سواڵەت دەبینێت. گوڵدانێک و گوڵە هەنارێک. وردتر دەبێتەوە. هەنارێکی سووری بچووک، گەورەتر لە بەلاڵووکێک بەشیشەی پەنجەرەکەوە نەنووساوە.

– نەکا وەریبێت؟

دڵی دادەخورپێت فەرهاد. دەست بۆ تەقولبابی دەرکەکە دەبات و یەک دوو، سێ جار نزم نزم دەیکوتێت. ئەوەندە نزم کە تەنها کەسێک لە پشت پەنجەرەی بچووکی ماڵەکەی ئەو بەر ببیبیستێت.

گوتم: «ئێستا دەستێکی سپی و ناسک لەو دیو پەنجەرە بچووکەکەوە پەردە لادەدا و پەرداخێک ئاو دەکاتە بنکی گوڵە هەنارەکە. ئەوسا فەرهاد خۆشحاڵ و دڵنیا دەرکە چێوییەکە دەکاتەوە و، دەڕواتە ژوور».

ئەو پێی خۆش بوو. گوتی: «وێنەیەکی جوان و عاشقانەیە».

نووسی:

دیسان سەیری پەنجەرەی ماڵەکەی ئەو بەر دەکاتەوە. هیچ دەستێکی سپی و ناسک پەردەی دادراوەی پەنجەرەکە لانادات و پەرداخێک ئاو ناکاتە بن گوڵە هەنارەکە. دەترسێت فەرهاد. دەرکە دەکوتێتەوە. تەقەی ئەمجارەی بەرزترە. چاو قایمتر لە پەنجەرە و پاشان لە دەرکەی تەنەکەی ماڵەکەی ئەو بەر دەڕوانێت. هیچ نابزوێت.

– نەکا لە ماڵ نەبێ؟

ڕەنگێک دەبا و دێنێت فەرهاد. بەرزتر لە جاری پێشوو دەرکە دەکوتێت. پیرەمێردە ڕەقەڵەکە سەر لە تەنەکە پووتە ئاگرەکەی هەڵدەبڕێت و قیت دەبێتەوە. کۆترێک لەسەر بانی ماڵەکەی ئەو بەر هەڵدەفڕێت و دەنیشێتەوە. لەو دیو دەرکە چێوییەکەوە کەسێک هەرا دەکات: «کێیە؟ دەرکە ئاوەڵایە».

دەنگی پیرێژنی خاوەن ماڵە. دەخەجڵێت فەرهاد. نائومێد پاڵ بەتای کراوەی دەرکەکەوە دەنێت. خۆی بەدالانێکی تاریکدا دەکات. پلیکانەی نهۆمی ژووروو لەسەر ئەو تونێلە تاریکەیە. بەر لەوە پیایدا هەڵگەڕێت، هەرای پیرێژن لەو دیو دالانەکەو لەوبەر حەسارێکی بچووکەوە ڕایدەوەستێنێت. سەری لە پەنجەرەی ژوورەکەی خۆیەوە دەرکێشاوە، پیرێژن. دەم لێک نانێت:



– کێیە؟ کێ بوو؟

– منم. فەرهاد.

هەست بەکزی و خەمۆکی دەنگی فەرهاد دەکات پیرێژن. وەک هەمیشە میهرەبان دەڵێت: «کوڕم، خۆ تۆ دەزانی من دەرکە داناخەم. لەبەر ئێشی پێ و پشتم...»

باقی قسەکانی نابیستێت فەرهاد. بەپلیکانەکاندا هەڵدەگەڕێت. بەپەلەیە. لە سەرەوە دەرکەی هەردوو ژوورەکەی ئاوەڵایە. خۆی بەژووری سەر کۆڵانەکەدا دەکات. دەڕواتە بەر پەنجەرەکە و لەوێوە لە ماڵەکەی ئەوبەر کۆڵان دەڕوانێت. ماڵێکی بچووکی یەک نهۆم. کۆترخانێکی گەورە لەسەر بانی ماڵەکەیە. قەفەسێکی تۆڕی. کۆترەکان، جگە لە دوو، سێیەک بەسەر بانەکەدا بڵاو بوونەتەوە. کۆترستانە بانەکە. کۆتری سپی، شین، خاڵوو بەڵەک، پۆپنەدار و بێ پۆپنە. تاکە تاکە دەگمێنن. لە دەوری یەکتر دەگەڕێن. لە خوار بانەکەوە پەنجەرەی بچووکی سەر کۆڵانەکە دیارە. گوڵە هەنارەکەش هێشتا ئاوی بن نەکراوە. نیگای وەیلانی بۆ حەساری ماڵەکە دەگوێزێتەوە فەرهاد. حەسارێکی بچووک و دەرکەیەکی تەنەکە. ئەوێش چەند کۆتری لێیە. کۆترێکی باڵ نەخشین لەسەر لێواری حەوزێکی بچووک سەری هەڵبڕیوە. دەندووکی بۆ تنۆکی ئاوی شێرەکە کردووەتەوە.

نا، کەس لە ماڵ نییە. دڵتەنگ و نیگەران دەڕواتە ژوورەکەی تر فەرهاد. ژووری ڕوو لە ماڵ و حەساری پیرێژن. کلۆڵە پیرێژن! هێشتا نەیزانیوە فەرهاد ڕۆشتووەتە سەر. لێکدا لێکدا قسەی بۆ دەکات. ڕەنگە لە تاو ئێشی پێ و پشتی... چاو بەژوورەکەیدا دەگێڕێت فەرهاد. سەتڵێکی خاڵی سەرنجی دەنێتەوە. تاوی دەداتێ. بەبیانووی ئاو هێنانەوە هەمدیس بەپلیکانەکاندا دادەگەڕێت. بۆ دالانە تاریکەکە و لەوێوە بۆ حەسار.

حەساری ماڵی پیرێژن وەک خۆی مابوو. هەروا شپرزە و هەڵنەپەردێراو. دارمێوی بن دیوارەکەش... پیرێژن هەمیشە لەو مێوە بەگلەیی بوو. گوتبووی: «زڕە مێوە. حاشا لە بۆڵێک بەرسیلەش». پەیژەکەش هەروا هەڵپەسێردرابوو. پلەیەکی ناوەڕاستی شکابوو. پیرێژن گوتبووی: «چڵێک دارو دوو دەنک بزماری دەوێ، بەڵام...»

ئەو چوو لە لای پەیژە هەڵپەسێردراوەکە ڕاوەستا. هەردوو دەستی خستە سەر پلەیەک و سەری بەرزکردەوە. دەتگوت لە چاڵێکدایە کە تەنها پلەکانی ئەو پەیژە دەیگەیەننەوە سەر زەوی.

سەتڵەکەی دەخاتە بەر شێری ئاوەکەی حەسار. دەمی لێکناوە پیرێژن. تای کراوەی

پەنجەرەکەی پێوە دەدات. بەبیستنی شۆڕەی ئاوەکە ڕێوان دەبێتەوە. چاو دەگێڕێت.

– لێرەی کوڕم؟

سەتڵەکە بەجێدەهێڵێت و بەرەو پیری دەڕوات فەرهاد. بزەیەکی شەرمێونی لەسەر لێوە. لێبووردنی لێ دەخوازێت. بۆ ئەوە کە دەرکەی کوتاوە و بۆ ئەوەی لە بیری چووەتەوە پیرێژن دەرکە داناخات. دەڵێت: «نازانم بۆچی پێموابوو ڕەنگە کەسێکت لە لابێ کە دەرکەم لێ بکاتەوە».

دەزانێت بۆچی پیرێژن. شتێک وەکو زەردەخەنە بەچرچوو لۆچی ڕوومەتیدا تێدەپەڕێت. تێگەییوە. لە مەرامی دڵی فەرهاد گەیشتووە. دەڵێت: «کێم هەیە لە لام بێ کوڕم؟ جاروبار ئەو زەعیفەی دراوسێمان لایەکم لێدەکاتەوە، ئەویش ئیمڕۆ...»

– نەکا نەخۆش بێ؟

لەو قسەی خۆی دادەچڵەکێت فەرهاد. بزەی دێتێ پیرێژن. دەڵێت: «بەرلە نیوەڕۆ بەسەر پێوە هاتە لام، لە نەخۆش نەدەچوو. تەنانەت زۆریش بەدەماخ بوو».

– نەکا بۆ شوێنێک چووبێ؟

– قەرار بوو عەسرەو دوا بێت و حەسارەکەم بۆ هەڵپەردێوێ. بەبەختی چاک بێ. قەرار بوو ئەگەر تۆش لە ماڵ نەبی دەستێک بەژوورەکەتدا بێنێ.

دەزانێ چی دەڵێت پیرێژن. هەمیشە زانیویە دەبێ چی بڵێت. بۆ ئەوەی دڵی فەرهاد، ئەو کوڕە گەنجە کە پێی دەڵێت دایە و جاروباریش دایەگیان، ڕابگرێت. میهرەبانە پیرێژن. هەمیشە میهرەبان بووە. پشووی دڵنیایی دەدا فەرهاد. ڕەنگ بۆ ڕوخساری و بریسکە بۆ چاوەکانی دەگەڕێتەوە.

ئێمە بەر لە فەرهاد لە دالانە تاریکەکەوە بەپلیکانەکاندا هەڵگەڕاین. کە گەیشتینە سەر، گوتم: «ئێرە ماڵی فەرهاد بووە، سالانێک لەمەبەر».

ماڵی فەرهاد بوو. دوو ژوور لە سەر ڕاڕەوێکی بچووک.

گوتم: «ئەم ژوورە کارگەیەتی».

لە ژووری سەر کۆڵانەکە بووین. هەر چوار دیوارەکەی بەتابلۆ داپۆشرابوو. سێپایەی ناوەڕاستی ژوورەکەش تابلۆیەکی نیوەتەواوی لەسەر بوو. کۆگایەک ڕەنگ و فلچە لە خوار سێپایەکە هەڵڕژا بوو. ئەو لە نێوان هێڵی توند و ڕوخساری گرژ و مۆن و ڕەنگی ساردی تابلۆکاندا سەرمای بوو. موچڕکەی بەلەشدا دەهات. جگەرەیەکی داگیرساند و



لەسەر کورسی بەر سێپایەکە دانیشت. دووکەڵی خەستی جگەرەکەی بەژوورەکەدا بڵاو بووەوە.

گوتم: «زۆربەی ئەم تابلۆیانەی بەر لە هاتنی بۆ ئەم ماڵە کێشاوە. لێرەش چەند کارێکی تازەی کردووە کە هێشتا هەڵی نەواسیوە».

ئەو سەیری تابلۆی نیوە تەواوی سەر سێپایەکەی کرد. پیاوێک لە زەمینەی ڕەش و شینی... ئەوسا هەستا و ڕۆشتە ژوورەکەی تر. منیش شوێنی کەوتم. گوتم: «ئێرەش ژووری خەوتن و خواردن و جاروباریش میوانداری کردنە».

ئەو قونچکی جگەرەکەی لە پەنجەرەوە بۆ حەساری پیرێژن فڕێ دا و چاوی بەژوورەکەدا خشاند. جگە لە یەک، دوو ڕەسمی کۆن و سەعاتێکی دیواری کە مێڵەکانی کەوتبوون، هیچی تر سەرنجی ڕانەکێشا. گوتی: «ئەوانە ڕەسمی کێن؟»

من ماندوو بووم. ڕۆشتم لەسەر چرپاکەی فەرهاد ڕاکشام. گوتم: «ئەوەیان ڕەسمی باوکیەتی».

پیاوێکی بەسەرو سیما لە پشت شیشەی تۆز لێنیشتووی ڕەسمەکەوە، لە بن سێبەری درەختێکدا دانیشتبوو. گوتم: «ئەوی تریشیان...»

وشەکان پچڕ پچڕ بەلالێومەوە هەڵوەرین. پێڵووەکانم ئارام لەسەر یەکتر نیشتن...

فەرهاد هاتبووە سەر. لە بەر پەنجەرەی ژوورەکەی تر چاوی لە چۆڵی کۆڵان و ماڵەکەی ئەوبەر بڕیبوو. ئێستا یان ساتێکی تر... دوا دڵۆپی ئاو بەدەم شێری حەساری ماڵەکەوە بەستی. دڵۆپی پێشتریش بەر لەوە بگاتە دەندووکی کۆترە باڵ نەخشینەکە لە جمین کەوت و بەحەواوە هەڵواسرا. بزوەی ئارامی هەورە چڵکن و تێکچڕژاوەکانیش نەما. ساتەکان مانیان گرت و هەموو شتێک ڕاوەستا...

خەڵووزی قەڵەمەکەی ئەو لە گۆشتە چێوییەکەیدا ون بووبوو. قەڵەمەکەی دانا و جگەرەیەکی داگیرساند. پەلەی بوو. کەمتر لە سەعاتێکی تر دەبوو لەو ماڵە کە سالانێک لەمەبەر ماڵی پیرێژنێکی نەخۆش و تەنها بووە و فەرهاد ماوەیەک لە دوو ژووریدا ژیاوە، بڕواتە دەر. دەبوو فەرهادیش لەگەڵ خۆی بباتە دەر. بیباتەوە بۆ ماڵەکەی ئێستای. بۆ ژوورە تاریک و دووکەڵاوییەکەی ئێستای. دەبوو بەکۆڵانە تەنگەبەرو پێچاو پلووچەکاندا، لە پاڵ دیوارە کاگڵەکانەوە، لەژێر پەنجەرە شینەکانەوە... «هەندێک لە گەڕەک و کۆڵانەکان لەم هەموو ساڵەدا نەگۆڕاون». ڕۆژانی سەرەتای گەڕانەوەی ئەوەی گوتبوو. گوتبووی:

«هەندێک شوێن پێناچێ هەرگیز بگۆڕێن». بەهەڵە چووبوو. ئەو ڕۆژە زانیبووی بەهەڵە چووە کە بۆ یەکەم جار دوا گەڕانەوەی، بەکۆڵانەکاندا گەڕابوو. ماڵەکان، کاگڵی دیوارەکان، ڕەنگی شینی پەنجەرەکان، شەمدانی و ڕێحانەی ناو گوڵدانە تەنەکەکان و... بگرە خەڵکەکەش گۆڕابوون. کەسیانی نەناسیبووەوە. وەک فەرهاد... فەرهادی ساڵانێک لەمەبەر نا، وەک تەرمەکەی فەرهاد کە کەسی نەدەناسییەوە. هەموو کەس و هەموو شتێکی فەرامۆش کردبوو. ئەو بیری کردەوە: «نەکا منیش وەک فەرهاد...»

لەو بیرە داچڵەکی؛ تۆقا. لە پشت مێزەکەی هەستا و سووڕێک بەناو ژوورەکە و، بەناو هەموو ژوورەکانی ماڵەکەدا گەڕا. هەموو سووچ و قوڕنەیەکی ماڵەکە شتێکی وەبیر دەهێنایەوە. کەسێک. شوێن یادەوەرییەکانی نەکەوت. گەڕایەوە بۆ پشت مێزەکەی. کاغەزەکان لەسەر یەکتر کەڵەکە بووبوون. پەڕە سپییەکان لە لایەک و پەڕە نووسراوەکان لە بەر دەستیدا. چاوی بەپەڕە نووسراوەکاندا خشاند. وشەکان وەک منداڵی سەرچڵ و لاسار لە ڕیزی نارێکوپێکدا وەستا بوون. ڕستەکان وەک هێڵی دوا تابلۆکەی فەرهاد خوارو خێچ بوون. نەیاندەگەیاندە...

گوتم: «تۆ هەمیشە خەتت ناخۆش بووە. تەڕە شووڵەکانی مامۆستا و گوێ بادانەکانی باوکیشت هیچیان پێنەکرا».

بەپێکەنینەوە گوتم. ئەو سەری بەرز کردەوە و سەیری کردم. چاوم هەڵێنا بوو. هەستا بووم و لەسەر چرپاکەی فەرهاد دانیشتبووم. گوتم: «سووکە وەنەوزێکی خۆش بوو. ماندوویی لە لەشم دەرچوو».

گوتی: «درەنگە. زۆر درەنگە. ماوەیەکی زۆرە لێرەم، بەبێ ئەوەی زانیبێتم فەرهاد لە چی دەگەڕێ، یان چاوەڕوانی کێیە».

چەند دڵۆپ باران نیشتنە سەر پەنجەرەی ژوورەکە و بەهێڵی خوار و خێچدا شۆڕ بوونەوە.

گوتی: «ئەوە بارانیش دایکرد».

– چاوەڕوانی فەرهادیش کۆتایی هات.

ئەو بەخۆشییەوە تاوی دایە قەڵەمبڕەکەی. تا لە تاشینی قەڵەمەکەی بووەوە، هێڵە خوار و خێچەکانی سەر شیشەی پەنجەرەکەش پەرەیان سەند. ئەو هەستا و ڕۆشتە ژوورەکەی تر.



هێشتا لە بەر پەنجەرەکەدایە فەرهاد. لە کۆڵان و لە ڕێژنەی زولاڵی خوڕەمە بارانەکە ڕاماوە. کۆترەکانی سەربانی ماڵەکەی ئەوبەر، تەڕ و تلێس خزاونەتە کۆترخان و بەکۆرس دەگمێن. ترساون کۆترەکان. خوڕەی باران و تەپ و کوتی سەر بانی کۆترخانەکەیان ترساندوونی. پیاوێک و دوو کوڕی مێرمنداڵە لەو سەری کۆڵانەوە دەردەکەون. بەبینینیان شاد دەبێت فەرهاد. بۆ ئەوەی نەبیندرێت هەنگاوێک لە پەنجەرەکە دەکشێتەوە. پیاوەکە گەنجە. دەستی هەردوو مێرمنداڵەکەی گرتووە و ڕاکێش ڕاکێش بەکۆڵانەکەدا ڕایاندەکێشێت. لە دەرکەی تەنەکەی ماڵەکەی ئەوبەریان نزیک دەخاتەوە. دوا ئاوا بوونیان، لە پەنجەرەکە نزیک دەبێتەوە فەرهاد. مل بۆ ئەو سەری کۆڵان درێژ دەکاتەوە هەمدیس. لەو سەری کۆڵانەوە کچێک لە بەر ڕێژنەکەدا وردو بەکاوەخۆ دێت. کچی ئاو و بارانە. هەنگاوی نەرم و سووک هەڵدەهێنێت. ناوە ناوەش سەر بۆ ماڵی فەرهاد و بۆ پەنجەرەی ژوورەکەی هەڵدەبڕێت. پێناچێت بیبینێت. تا دێت خەرامانتر دێت. کراسێکی ئاودامێنی تەخت شینی لە بەردایە کچەکە. گوڵە وردە سوورەکانی بەدەم با و بارانەکەوە دەشەکێنەوە. بەسەر یەکتردا دەخزێن. تەنها گوڵەکانی سەر سنگ و بەرۆکی وەک پەپوولەی قیرسیچمە بەمەمکەکانیەوە نووساون. بەدەم لەرینەوەیانەوە دەلەرنەوە. دوگمەی سوخمەکەیان ترازاندووە مەمکە قوتەکانی. هەموو گیانی چاوە فەرهاد. بێ بیانوو دەست بۆ دەستگرەی پەنجەرەکە دەبات و تایەکی دەکاتەوە. بەرامەی باران و بۆگڵی ناو کۆڵان و سەربانەکان خۆی بەژوورەکەدا دەکات. بەحەزەوە هەڵی دەمژێت فەرهاد. کچە نایبینێت، هەستی پێدەکات. دیسان سەر هەڵدەبڕێتەوە. باران لە سەرو قژیەوە بەتەوێڵ و هەنیەیداو لەمەلاولای چاوە گەشەکانییەوە بەگۆنا و دەم و لێویدا دادەچۆڕێت. شیلەی بزە و زەردەخەندەی پێیە باران. بەلامل و بەرۆکیدا دەیباتە خوار.

فەرهاد بەترس و بەحاستەم سەری سەلامی بۆ دادەنەوێنێت. کچە دەبینێت و لە خۆشیدا دەخنێتەوە. دەست هەڵدەبڕێت و بێ پەرواتر لێی ڕادەتەکێنێت. هەوداکانی باران بەدەم پەنجەکانیەوە دەئاڵۆزێن. خونچەی لێوی بۆ سەلامێکی بێ دەنگ دەپشکوێت. ئەوسا لەژێر ڕێژنەی باران و لە بەر نیگای جووتێک چاوی تینوودا، لە دەرکەی تەنەکەی حەساری ماڵەکە ئاوا دەبێت. لە دەرکەی ماڵەکەش.

بەر پەنجەرەکە چۆڵ دەکات فەرهاد. سەراسیمە و هەڵوەدا لە ژوورەکەش دەڕواتە دەر. بۆ کوێ؟ ئان و سات دەگەڕێتەوە. حەجمینی نییە. ئارامی لێ بڕاوە...

گوتی: «فەرهاد بۆ وا دەکا؟ بۆ وەک شێت بەدەوری خۆیدا هەڵدەسووڕێ؟»

گوتم: «عاشقە».

– عاشق؟

بۆ بەر پەنجەرەکە دەگەڕێتەوە هەمدیس. لە پەنجەرەی ماڵی کچە دەڕوانێت. لە پشت پەنجەرەکە، هەنارێکی بچووک، گەورەتر لە بەلاڵووکێک، لەناو لقوپۆپی ناسکی گوڵە هەنارەکە بەچاوە شیشەکەوە نووساوە. شیرینی ماچی پشت شیشە وەبیر دەهێنێتەوە. دەیبینێت فەرهاد. لەو دیو ڕوونی و زولاڵی ڕێژنەکەوە دەیبینێت و ئۆخەی دێتێ.

عاشقان لە خووی خۆیان نانێن. ڕەمز و نیشانەی نابێ لە بیر بکرێ. کاری ئەو دەستە سپی و ناسکەیە. حەتمەن پەرداخێک ئاویشی کردووەتە بن گوڵە هەنارەکە.

کردبووی. ئەو نەیدیبوو. گوتی: «نەکا ئەو کچە کاڵێ بێ!»

کاڵێ کچێکی دراوسێیان بوو. کچۆڵەیەکی منداڵکار. ڕەسمێک لە قاپی شینی پەنجەرەیەکدا. ئەو دەمە فەرهاد تازە پێدەگەیی. تازە خەتی سمێڵی دابوو. دەنگی بۆر بووبوو. دوو دەنک چواڵە لەژێر پێستی سەر سنگیەوە هەڵتۆقیبوون. شەوان... هەموو شەوێک دوا ئەوەی گەڕەک دەنووست، دوور لە چاوی دایکی و باوکی، بێ چرپە دەڕۆشتە سەر بان و، تا ڕوون بوونەوەی بەیانی لە پەنجەرەی ماڵی کاڵێ ورد دەبووەوە. لە تاریکی پشت شیشەکانی و...

گوتی: «چیرۆکی یەکەم حەزی مێرمنداڵی... پاشان چی بوو؟»

گوتم: «وەک هەموو چیرۆکێکی تری لەم بابەتە، دوا ماوەیەک باوکی کچە ماڵەکەی فرۆشت و لەو گەڕەکە، تەنانەت لەم شارەش ڕۆیی. ژن و منداڵەکەشی لەگەڵ خۆی برد. فەرهاد کاتێک بەوەی زانی نەخۆش کەوت. نەخۆشی لە جێدا خستی. کە هەستایەوە تاوی دایە قەڵەم و کاغەز و شەو و ڕۆژ خەریکی کێشانەوەی ڕوخساری کچێک بوو کە هەرگیز تێر نەیدیبوو».

– دەی لەوە دوا؟

لەوە دوا فەرهاد گەورە بوو. قوتابخانەی تەواو کرد و لە زانکۆ وەرگیرا. ئێوارەی ڕۆژێک کە بۆ تاران دەچوو، لە ئوتوبووسەکەدا دیسان کاڵێی دییەوە. ئەمجارە کاڵێ کچێکی فارسی تارانی بوو. لەگەڵ دایکی بۆ سەردانی برا سەربازەکەی هاتبوو، دەگەڕایەوە. دایک و کچ کراوە و میهرەبان بوون. لە لاشانی فەرهادەوە لەسەر دوو کورسی



دانیشتبوون. کچە لە دواندنی کوڕێکی خوێندکار کە وەک برا سەربازەکەی شەرمن و بەئەدەب بوو، تێر نەدەبوو. ئەو شەوە فەرهاد تا درەنگان لەبەر ڕووناکایی کزی گلۆپێکی بچووکدا، یان گوێی بەچرپەی ناسکی کاڵێ سپارد، یان بەسیلەی چاوە برسییەکانی لە ڕوومەتی ورد بووەوە. دوانیوەشەو کاڵێ پەتوویەکی ئاوریشمی لە خۆی ئالاند و، سەری خستە سەر شانی دایکی و خەوت. شەوێکی ئەفسووناوی بوو بۆ فەرهاد. تا بەیانی خەو لە چاوی نەکەوت. بەیانی زوو بەر لە خۆرکەوتن گەیشتن. کە دابەزین دایکی کاڵێ تاکسییەکی ڕاگرت. «شەقامی ئەمیرئاباد». ئەو کاتە بوو فەرهاد بیرییکردەوە، ناوو نیشانی کاڵێی نەپرسیبوو. دەستی هەڵبڕی و شوێن تاکسییەکە کەوت. تاکسی دووروو دوورتر بووەوە. فەرهاد دیسان کاڵێی بێ ناونیشان ون کرد.

تیزە بزەیەکی تاڵ وەک کەکرە نیشتبووە سەر لێوی ئەو و بەخەم و مەراقەوە گوتی: «ئیتر هەرگیز نەیدییەوە؟»

گوتم: «زۆری بۆ گەڕا. چەند مانگ هەموو ڕۆژێک لە زانکۆ دەڕۆشتە دەر و بەشەقامی ئەمیرئاباددا دەسووڕایەوە. ئەمیرابادی سەروو، ئەمیرئابادی خواروو... ئەگەرچی دەیزانی کچە دەرسی تەواو کردووە، بەو حاڵەش هەر ڕۆژە و لە بەر دەرکەی قوتابخانەیەکی کچانەی ئەو ناوە ڕادەوەستا و یەکە یەکە لە کچە قوتابییەکان ورد دەبووەوە. بەڵام نەیدییەوە. وەها کە کچێکی وا هەرگیز نەبووبێ تا ئەو بیبینێتەوە. وەها کە ئەو شەوە نەک بەواقیع، بەڵکو بەخەون کاڵێی دیبێ. کێ چووزانێ؟!»

نابارێت ئیتر. لەو دیو پەنجەرەی ژوورەکەی فەرهاد، کچە کراس تەخت شینەکە هاتووەتە دەر. حەساری ماڵەکەیان دەماڵێت. پیاوە گەنجەکەش بەپەیژەدا هەڵگەڕاوە و لەسەر بان، دان بۆ کۆترەکان ڕۆ دەکات. تاک و تەرا لە کۆترخان هاتوونەتە دەر کۆترەکان. بەسەر بانی هێشتا تەڕی ماڵەکەدا وەر بوون. دوو کوڕە مێرمنداڵەکەش ڕادەستی یەکتریان گرتووە و کوێرە کوێر، بەترس و گومانی هەڵخلیسکانەوە، لە دەرکەی تەنەکەی حەسارەکە دێنە دەر. لە بەر پەنجەرە نەماوە فەرهاد. لە ژوورەکەش ڕۆشتووەتە دەر.

گوتی: «ئەی ئەو کچە جوانە کێیە؟»

ماندوو بووبووم، بەڵام سەر خۆم نەهێنا. لەزەتی یادەوەری ساتە فەرامۆش کراوەکانی ڕابوردووی فەرهاد و، مەیلی ئەو بۆ زانین، بۆ بیستن و نووسین... گوتم: «کاڵێ؟ ماوەیەکە دیسان کاڵێی دیوەتەوە».

نەیپرسی چۆن؟ پێشتر گوتبووم. ڕۆژێک لە شوێنێک. گوتبووم: «فەرهاد کاتێک لە زانکۆ هەڵات و گەڕایەوە بۆ ئێرە پیشەی نەقاشی هەڵبژارد. تاوی دایە ڕەنگکردنی دەرکەو پەنجەرەی ماڵی گەڕەکە کۆن و قەدیمییەکان».

گوتم: «ناو ماڵ و پەنجەرەی زۆربەی ماڵەکانی ئەم گەڕەکە فەرهاد ڕەنگی کردووە».

گوتی: «ئەوسا شەیدای ئەم کچە بووە و...»



## یانزدە

دانیشتووە بەژیانیدا بچێتەوە. وەک هەمووو جارێکی ترکە دادەنیشت و بەژیانیدا دەچووەوە. هەستی بە مەترسی دەکرد. هەستێکی ئاشنا کە هەمیشە لە گەڵیدا بوو. لە سووچێکی دووری دەروونیدا و هەموو جارێک لە وەها کاتێکدا سەری هەڵدەدایەوە و هەڕەشەی لێدەکرد. کام مەترسی هەڕەشەی لە ژیانی دەکرد؟ هەموو ژیانی بیرەوەرییە پچڕ پچڕەکانی ڕابوردووی بوون و ئێستاش... لەوەتی گەڕابووەوە دووروو نزیک کۆمەڵێ کەسی بەدەورەوە بوو، هەندێک ڕووداویش لەملاولایەوە دەقەوما کە زۆربەیان کەس و ڕووداوی ڕابوردووی بوون. جگە لە لەیلا.

لەیلا دوێنێش هاتبووەوە. لەگەڵ نەشمیل، بۆ ئەوەی دەفتەری شێعرەکانی لێ وەربگرێتەوە. گوایە بەتەمایە شێعرەکانی پیتچنی بکا و، گوتبووی: «دەمەوێ یەکەم کۆمەڵە شێعرم پێشکەش بەتۆ بکەم». گوتبووی «تۆ»، ئەو داچڵەکیبوو. پێشکەش بەمن؟ نەیپرسیبوو. تەنانەت نەیگوتبوو بەڵام لە یەکەم لاپەڕەی دەفتەرەکەدا پێشکەشت کردووە بەباوکت. لەیلا گوتبووی: «من گەلێ شت لە تۆ فێر بووم. لە چیرۆکەکانت و لەم یەک، دوو دیدارەشدا، لە قسەکانت». ئەوسا ڕۆشتبوو. بۆ شەوێدا مونیرە تەلەفوونی بۆ کردبوو. مونیرە خۆشحاڵ بوو. بیستبووی لەیلا بەتەمایە شێعرەکانی پێشکەش بەئەو بکا و باسی لەیلای کردبوو. باسی بنەماڵەی لەیلا. باسی باوکی کە ساڵانێک لەمەبەر کوژرابوو. دایکی کە شووی کردبووەوە. لەیلا کچێکی ئازاو بەجەوهەر بووە کە لەوەها وەزعێکی ناخۆشدا دەرسی خوێندووە، لیسانسی وەرگرتووە و ئێستاش ئەگەر مەجال و ئیمکانی ببێ درێژە بەخوێندنەکەی دەدا. گوتبووی: «تۆ دەبێ لە گەڵی میهرەبانتر بی». بەپێکەنینەوە گوتبووی. گوتبووی: «دەبێ لەگەڵ ئێمەش میهرەبانتر بی». پاشان بۆ سبەینێ نیوەڕۆ لێی گێڕابووەوە. ئەو پێی نەدەکرا بچێ. یەک، دوو حەفتەی داهاتوو پێی نەدەکرا زوو زوو سەریان لێ بداو، هەواڵیان بپرسێ. گوتبووی: «ئەگەر تەلەفوونتان بۆ کردم و هەڵمنەگرت نیگەران مەبن. جاروبار تەلەفوونەکە دەقرتێنم». گوتبووی: «دەبێ...» نەیگوتبوو دەبێ چیرۆکی فەرهاد بنووسم. گوتبووی: «گەلێک کاری ناتەواو هەیە کە دەبێ تەواوی کەم».

مونیره گوتبووی: «باشترین کار ئەوەیە کە دوا ساڵانێک گەڕاویتەوە. ئێستاش دەبێ تۆزێک بەئێمەو بەژیانی خۆتدا ڕابگەی».

– ژیانی چیرۆکنووس چیرۆکێکە کە دەینووسێ.

پێشتر لە شوێنێک ئەوەی گوتبوو؛ یان نووسیبووی. کەواتە دانیشتبوو بەچیرۆکەکەیدا بچێتەوە. ئەو چیرۆکە کە قەرار بوو بینووسێ. خەریک بوو دەینووسی و لە بەشەکانی سەرەتایدا تووشی ژنێک بووبوو. ژنێک کە نەیدەناسی. بیری کردەوە، جگە لە دایکی و خوشکەکانی، تەنانەت دایک و خوشکەکانیشی نەدەناسی. ئەی ئەفسانە؟ ئەفسانەی دەناسی؟

گوتم: «بۆ ئەوەی کەسێکت خۆش بوێ پێویست ناکا بیناسی. بەڵام بۆ ئەوەی چیرۆکی کەسێک بنووسی دەبێ حەتمەن بیناسی. ناسینێکی هەمەلایەنە و تێر و تەسەل».

تیزە بزەی هاتێ. گوتی: «چۆن دەکرێ کەسێک بناسی کە نەبووبێ؟»

نەبووبێ؟ کاڵێ کەسێک نییە نەبووبێ. حەتمەن بووە. تەنانەت ئەگەر نەقاش لە دواهەم تابلۆکەشیدا نەیتوانیبێ نەخشی ڕوخساری بکێشێتەوە، بووە. هەزار و یەک نیشانە بوونی دەسەلمێنن. کۆڵانێکی تەنگەبەری داخراو و دیوارە کاگڵەکان... پەنجەرەیەکی بچووکی شین و گوڵە هەنارێک لە گوڵدانێکی سواڵەتدا. هەنارێکی بچووک، گەورەتر لە بەڵاڵووکێک کە جاروبار بەشیشەی پەنجەرەکەوە دەنووسێ و زۆر شتی تر. کوڕێکی نەقاش کاتێک دەگەڕێتەوە بۆ ماڵ، سێ جار دەرکەی کراوە دەکوتێ و چاوەڕوان دەبێ دەستێکی سپی و ناسک لەو دیو پەنجەرەکەوە پەرداخێک ئاو بکاتە بن گوڵە هەنارەکە. لە هەر کۆڵانێک کوڕێکی نەقاش سێ جار دەرکەی کراوەی ماڵەکەی بکوتێ، دەبێ دەستێکی سپی و ناسک... کەواتە کاڵێ بووە. بووە بۆیە هاتووەتە ناو ئەم چیرۆکەوە.

ئەو بیری کردەوە، ڕەنگە من زۆر شت دەربارەی کاڵێ بزانم. بەڵام هیچی لێ نەپرسیم. ڕووی کردە کاڵێ و گوتی: «خۆت قسەم بۆ بکە کاڵێ. باسی ڕابوردووتم بۆ بکە».

– ڕابوردوو؟ هیچ ڕابوردوویەک لە ئارادا نییە. هەموو شتێک لە ئێستاوە دەست پێدەکا. لەو ساتەوە کە فەرهادی تێدا دەبینم.

کاڵێ گوتی. لە زەینی ئەودا، بەتووڕەییەوە گوتی. ئەو سەری بەکاغەزەکانی سەر مێزەکەدا شۆڕ کردبووەوە. من پێکەنیم. وەک هەمیشە کە پێدەکەنیم و... گوتم: «بە خۆتدا شکایتەوە؟»



ئەو بەخۆیدا شکابووەوە. هەستی بەکەمبوون دەکرد. نەوەک لە بەرامبەر کاڵێ و تووڕەبوونەکەی، بەڵکو لە بەرامبەر خۆی و کارێک کە دەبوو بیکا. شتێکی کەم بوو. بۆ بەردەوام بوون لە نووسینی چیرۆکی فەرهاد، چیرۆکی فەرهاد و کاڵێ، شتێکی کەم بوو. بەبێزارییەوە گوتی: «تێناگەم. ئەم کچە بۆ ئاوا لە ڕابوردووی خۆی دابڕاوە؟ بۆ ئاوا لە ڕابوردووی خۆی بێزارە؟»

گوتم: «تێناگەی؟»

گوتی: «نابێ... دەبێ لانی کەم سووکە ئاوڕێک لە ڕابوردووی بدەمەوە. بەڵام من هیچ لە ڕابوردووی نازانم».

گوتم: «دەزانی. هەندێ شتی لێ دەزانی. دەزانی کە دایک و باوکی نەماوە و لەگەڵ براکانیدا دەژی...».

گوتی: «برا گەورەکەی کۆترباز و قومارچییە و دوو برا بچووکەکەشی کوێرن... بەم سووکە ئاگادارییە هیچ چیرۆکێک نانووسرێ».

تا من هاتم شتێک بڵێم، ئەو بەردەوام بوو: «یان با بڵێم دەیان چیرۆکی جیاواز دەنووسرێ».

گوتم: «تۆ یەکێک لەو دەیان چیرۆکە بنووسە».

– کە چۆن کۆتایی پێ بێ؟

چۆن کۆتایی پێ بێ؟ گوتم: «ئەمەیان بەدەست تۆ نییە. تۆ بەر لەوە دەست بەنووسینی بکەیت کۆتایی پێ هاتووە. هەموومان دەزانین. تەنانەت کاڵێش دەزانێ کە کۆتایی پێ هاتووە».

ئەو سەری لەسەر کاغەزەکانی سەر مێزەکە هەڵبڕی. هێشتا نیشانەی بێزاربوون بەڕوومەتییەوە بوو. جگەرەیەکی داگیرساند و گوتی: «تێناگەم. تۆ دەڵێی هەموو شتێک لە ڕابوردوودا کۆتایی هاتووە و کاڵێ دەڵێ هیچ ڕابوردوویەک لە ئارادا نییە. ئەم چیرۆکە چۆن چۆنی دەخوێندرێتەوە؟!»

گوتم: «تۆ دەربەستی خوێندنەوەی مەبە. تۆ بینووسە».

نووسی:

بەکۆڵانەکەدا تێدەپەڕێت کە دەبینێت پەنجەرەیەکی تر لە ڕیزی پەنجەرەی ماڵەکانی کۆڵان ڕەنگ کراوە. شینێکی ئاسمانی. بیر دەکاتەوە کچەکە. ئەوە کێیە هەر ڕۆژە پەنجەرەی ماڵێک ڕەنگ دەکات؟ ئەوسا لە دەرکەوە دەڕواتە ژوور. دەرکەی ماڵێک کە تازە

پەنجەرەی ڕەنگ کراوە. کچانی ماڵەکە لە ژێرخان تەون دەکەن. بەرۆشتنە ژووری تەپ و کوتی تەونکردنیان نامێنێت. کۆرسی بەرتەونەیان دەقرتێت. بەخۆشییەوە پێشوازی لێدەکەن کچە تەونکەرەکان. ئەویش وەک وەستایەکی کارامە لە گوڵی قاڵییەکەیان ورد دەبێتەوە. یەکیان چەند گرێی سووری گوڵێکی بەزەرد چنیوە. لچی لێ هەڵدەقرچێنێت:

– دیسان هەتیوە بێ وەفایی کردووە؟

پێدەکەنێت و کچەکانیش بەشوێنیدا پێدەکەنن. لە نهۆمی سەرووەوە قاقایان دەبیستێت فەرهاد. دایکی کچە تەونکەرەکانیش دەیبیستێت. قاقای کچانی پێخۆشە دایکی کچە تەونکەرەکان. هەمیشە پێی خۆش بووە. دەڵێت: «ئەو کچەی دراوسێمان پێو قەدەمی شادە. بریا دەهاتە سەر».

لە ژێرخان دێتە دەر کچەکە. بەپلیکانەکاندا هەڵدەگەڕێت. بەدەنگی پێیدا دیارە، نزیک و نزیکتر دەبێتەوە. دەرکە ئاوەڵایە. فەرهاد لە ناوەڕاستی ژوورەکە ڕوو لە دەرکەی ئاوەڵا دانیشتووە و ڕەنگ دەگرێتەوە.

– ئەوە تۆی پەنجەرەی ماڵان شین دەکەی؟

بەرز نەیگوتووە کە فەرهاد بیبیستێت. دادەچڵەکێت فەرهاد.

بە بینینی دادەچڵەکێت. دڵی دادەخورپێت.

– ئەوەتۆی کاڵێ؟!

گوتوویە کاڵێ؟ گوتبێتی یان نا، وەک گوڵ دەگەشێتەوە کچە. کاڵێ... چ سیحرێک لەو ناوەدایە؟ بەبیستنی ناوی خۆی لە بیر دەچێتەوە.

گوتم: «لەو ڕۆژە و لەو کاتەوە ئەو کچە بوو بەکاڵێ».

کاڵێ ماوەیەک دواتر، ڕۆژێک کە هەموو خەڵکی کۆڵان و تەنانەت گەڕەکیش ناوی پێشوویان لەبیر چووبووەوە و، بەناوی تازە بانگیان دەکرد بەفەرهادی گوت: «دەمەوێ لە سجیلەکەشمدا ناوم بگۆڕم».

ئەو ڕۆژە فەرهاد لە ماڵی پیرێژنێک، بەرامبەر بەماڵی کاڵێ کاری دەکرد. ماڵی پیرێژن دوو دەستە بوو، لە ئەمبەراوبەری حەسارێکی بچووک. دەستەی ئەو بەر حەسارەکە دوو ژوور بوو کە پیرێژن بەتەنها تیایاندا دەژیا. دەستەکەی تر سەرخان و ژێرخانێک بوو لەسەر کۆڵان. ژێرخان باریکە دالانێکی تاریک و کۆنە عەمارێکی چۆڵ بوو. سەرخان دوو ژوور و، ڕاژەوێکی بچووک. پێشتر کرێچییان تێدا بوو. ژن و مێردێکی گەنج کە ماوەیەک بوو



چۆڵیان کردبوو. پیرێژن بەتەمای بەکرێدانەوە ڕەنگی دەکردن. فەرهاد گوتبووی: «من ئامادەم بەکرێیان بگرم».

پیرێژن ژوورەکانی بەکرێ دابوو، فەرهادیش بۆ یەکەم جار بووبووە خاوەنی ماڵی خۆی.

گوتم: «ماڵی پیرێژن دواهەم ماڵی ئەو کۆڵانە بوو کە فەرهاد پەنجەرەکانی ڕەنگ کرد».

ئەو سەری بەرز کردەوە. جگەرەیەکی تری داگیرساند. ئەوسا بەگومانەوە گوتی: «دواهەم ماڵ؟ کەواتە پێشتر پەنجەرەی ماڵی کاڵێشی...»

درێژەی بەقسەکەی نەدا. دەستی بۆ قەڵەمەکەی بردەوە. ڕەنگە بەتەمای ڕۆشتن بۆ ماڵی کاڵێ. بەڵام کاڵێ لە ماڵ نەبوو.

نووسی:

لە ماڵی فەرهادە کاڵێ. گوتوویە: «ئەجری دراوسێ لەسەر دراوسێیە. دەچم دەستێک بەماڵەکەیدا دێنم و، کەلوپەلی ژوورەکانی بۆ دادەمەزرێنم». بەپیرێژنی خاوەن ماڵیش دەڵێت. پیرێژن بەلایەوە سەیر نییە. دەزانێت ئازا و ڕۆح سووکە کاڵێ. هەموو ڕۆژێک دەچێت و یارمەتی ئەویش دەدات. ژوورەکان و تەنانەت حەسارەکەشی بۆ خاوێن دەکاتەوە.

– بڕۆم؟

بە شەرم و زەردەخەنەوە دەیلێت. پیرێژن دوودڵە.

– دەترسم پێی گران بێ.

– پێی گران بێ؟ پێی گران بوایە دەرکەی ژوورەکانی دادەخست.

تەسلیمە پیرێژن. میهرەبانە. سەری ڕەزامەندی بۆ دەلەقێنێت. کاڵێ لە دالانە تاریکەکەوە بەپلیکانەکاندا هەڵدەگەڕێت. سەرەتا بۆ ژووری سەر کۆڵان. ژووری سەر کۆڵان کارگەیە. پەنجەرەکەی هێشتا پەردەی پێوە نییە. لەو دیو پەنجەرەکە دەڕوانێت. لە کۆڵان و بەولاوەتر لە ماڵی خۆیان. لە سەر بان و لە کۆترخانی ڕەحیمی برای. ناڕواتە پێش. دەترسێت کەسێک لە کۆڵانەوە تێپەڕێت و... لە کۆڵانی داخراوەوە تێپەڕێت؟ چاو بەژوورەکەدا دەگێڕێت کاڵێ. کۆمەڵێک تابلۆی گەورە و بچووک بەدیوارەکانەوە هەڵواسراون. نیگای لە تابلۆکان دەسوێت. ڕەنگی زەرد و بۆرەقنەی تابلۆکان و ڕوخساری تێکشکاو و چاوی خێل و دەرتۆقیوی کەسەکان دەیترسێنن. خۆی لە شەڕگەی گەرمە شەڕی چەند دەستە ژن و پیاوی شەل و شێتدا دەبینێتەوە کاڵێ. ناوبژیانی پێناکرێت، بەناچار لە بەریان هەڵدێت. دەڕواتە ژوورەکەی تر. قەرەوێڵەیەک لە لایەکی ژوورەکەیە.

کەلوپەلی لەسەر کەڵەکە بووە. قۆڵ هەڵدەماڵێت و داوێنی هەڵدەکات. سەرەتا ناو ژوورەکەی و داڵانەکەش گەسک دەدات. چاو دەگێڕێت. جگە لە پەتووە شڕێک ڕاخەری تری لێ نییە، ڕایدەخات. یەکە یەکە کەلوپەلی سەر قەرەوێڵەکە دادەگرێت. سەعاتە دیوارییەکە و پاشان ڕەسمەکان. ڕەسمی کێن؟ هەڵیاندەواسێت. ئەوسا چراو قاپ و قاچاغ و قۆری و پیاڵە و... هەموویان تازەن. تازە کڕدراون. لەسەر تاقی پەنجەرەکە هەڵیاندەچنێت. دەمێنێتەوە چەند کارتۆن. یەکیان باوەشێک کاغەزی تێدایە. ڕۆی دەکات. هەر پەڕە کاغەزێک نەخشێکی لەسەر کێشراوە. کارتۆنەکانی تریش پڕن لە کتێب. لە هیچ ماڵێک ئەوەندە کتێبی نەبینیوە کاڵێ. کتێبەکان لەسەر کارتۆنە خاڵییەکان لە پاڵ دیوارەکە ڕیز دەکات.

چی ماوە بیکات؟ گوتوویە: «دەچم کەلوپەلی ژوورەکانی بۆ دادەمەزرێنم...» بیر دەکاتەوە کاڵێ. بڵێی هەموو ماڵ و سامانی فەرهاد ئەمەندە بێت؟ چەند تابلۆی ناحەز و کۆمەڵێک کتێب و... لە پەنجەرەوە دەڕوانێت. پیرێژن هێشتا لە حەسارە. خێشکە خێشک خۆی بۆ ژوورەکەی ڕادەکێشێت. «خۆزگە ئێستا فەرهاد دەهاتەوە». لەبەر خۆیەوە دەیڵێت. بەشوێن ترووسکەی بیرێکدا بەرەو ژوورەکەی تر هەڵدێت. بۆ بەر پەنجەرەکە هەمدیس. کۆترەکانی ڕەحیم لە کۆترخان هاتوونەتە دەر. کوڕە کوێرەکان لە حەسار، شان بەشانی یەکتر هەڵتووتاون. سەر بۆ کۆڵان دەکێشێت. کۆڵان چۆڵە و فەرهاد دیار نییە. چاوەڕێی ناکات کاڵێ. نائومێد بۆ ژوورەکەی تر دەڕواتەوە. «خۆزگە فەرهاد لە ماڵ بوایە». لەسەر پەتووەکە، لە پاڵ ڕیزی کتێبەکاندا دادەنیشێت. کتێبێکی گەورە لە ڕیزەکە دەردەکێشێت. «ژان... کریس...تۆف». دایدەنێت و کتێبێکی تر هەڵدەگرێت. بە خەت و زمانێکی تر. ڕەنگە ئینگلیسی. «بڵێی بزانێ ئەم کتێبانەش بخوێنێتەوە؟» کتێبەکە لێک دەکاتەوە. پڕە لە ڕەسم. ڕەسمی پەیکەری جۆراوجۆر. پەیکەری ژنێکی ڕووت سەرنجی دەژنێتەوە. دادەچڵەکێت. سەر لە کتێبەکە هەڵدەبڕێت و چاو بەژوورەکەدا دەگێڕێت. ژوورێکی بەبێ ئاوێنە! سەیری دێتێ. «بۆچی فەرهاد...» سەیری پەیکەری ژنەکە دەکاتەوە. لە کەڵەموستی پێییەوە تا تۆقی سەری. «بڵێی...» هیچ ناڵێت کاڵێ. لاپەڕە هەڵدەداتەوە. پەیکەری ژن و پیاوێکی ڕووت و عوریان. ژنە لە باوەشی پیاوەکەدا بوردووەتەوە. لێوی خۆی دەگەزێت کاڵێ. شەرمی دێتێ. کتێبەکە لێک دەنێت و، دووبارە دەیکاتەوە. ئەمجارە بەپەلە و ترسەوە لاپەڕەکان هەڵدەداتەوە...

فەرهاد هاتووەتەوە. لەسەر پلیکانەکانەوە دەنگێک دەبیستێت. دەنگێکی نامۆ بەچۆڵی



ماڵەکەو تاریکی ڕاڕەوو پلیکانەکان. سەری سووڕ دەمێنێت فەرهاد. دەنگێکی ژنانەیە. گۆرانییەک کە ژنێک لە بەر خۆیەوە دەیخوێنێت. شەپۆلی دڵڕفێنی خوێندنەکە لە کۆتایی پلیکانەکاندا ڕایدەوەستێنێت. هەناسەی لە سنگیدا حەپس دەکات. دەرکەی هەردوو ژوورەکەی لەسەر پشتە. دەنگەکە لە کارگەوە نایەت. بێ چرپەو بەحاستەم سەر بۆ ژوورەکەی تر هەڵدەبڕێت. لەودیو دەرکەکە دانیشتووە کاڵێ. پشتی لە ئەوە. بسکی لەسەر شانییەوە بەلا مل و سەرسنگیدا بەرداوەتەوە. پشتە مل و بناگوێی سپی دەدرەوشێنەوە. سەمای درەوشانەوەیان لە چاوی فەرهاددا ئاگر لە شەرم و سەرکۆنەی بەردەدەن. پێڵوو ناترووکێنێت فەرهاد. نیگای بەدوو هێڵی تەریبی گەردنیدا، بۆ سەر شان و ناو پشتی شۆڕ دەبێتەوە. کراسێکی ڕەشی پیاوانەی لە بەردایە کاڵێ. تان و پۆی بەپێستی لەشییەوە چەسپاوە. دەنگی و بۆنی خۆشی لەشی بەڕاڕەوو ژوورەکاندا بڵاو بووەتەوە.

دەنگی وردە وردە نزم دەبێتەوە کاڵێ. ئێستا ئیتر چرپەیە. چرپەی کاڵێ و تەپ و کوتی دڵی خۆی تێکەڵ دەبن. دەترسێت فەرهاد. هەست بەلەرزینی ئەژنۆی دەکات. بەبیریدا دێت، هەروا بێ دەنگ بگەڕێتەوە. هەنگاوی لەرزۆکی بەرەو دوا هەڵدێنێتەوە. خشپەی پێناشاردرێتەوە فەرهاد؛ خشپەی پێی. دادەچڵەکێت کاڵێ. تەزوویەک لە گیانی دەگەڕێت. وەک ئاسکێکی سرک و سلۆک وەردەسووڕێت...

فەرهاد نازانێ کاڵێ چۆنی بینیوە. شپرزە و هەراسان، یان خۆشحاڵ و تامەزرۆ؟

– خۆزگە دەکرا هەزار ساڵ ئاوا سەیرت کەم و گوێ لە دەنگت بگرم.

بەرز گوتوویە؟ تەریق دەبێتەوە فەرهاد. شەرم دەکات. لە خۆی و لە کاڵێ کە لە بەرامبەری ڕاوەستاوە و پەنجەکانی لە یەکتر گرێداوە. زەردەخەنەیەکی شیرین لەسەر لێوە ڕەنگ پەڕیوەکانی کاڵێیە. ترسەکەی هێشتا نەڕەویوەتەوە. فەرهاد بەشەرمەوە دەڕواتە ژوور. ژوورەکەی دامەزرا و و خاوێنە. سوپاسی ئەو پەنجە سپی و ناسکانە دەکات. ئەوسا بێ ئیختیار لەسەر قەرەوێڵەکەی دادەنیشێت. کاڵێ هەروا بەپێوەیە. بۆ دانانیشێت؟ ئاماژە بۆ لایەکی تری قەرەوێڵەکە دەکات فەرهاد.

– دەزانم زۆر ماندووی...

هیچی تری پێناگوترێت. بیشیڵێت کاڵێ نایبیستێت. هێشتا مەست و سەرخۆشی یەکەم گوتنیەتی کاڵێ. دادەنیشێت. لەسەر قەرەوێڵەکە نا، لەسەر پەتووە ڕاخراوەکە دادەنیشێت. پاڵ بەدیوارەکەوە دەدات. فەرهادیش دادەخزێت و پاڵ بەقەرەوێڵەکەوە دەدات...

بێ دەنگی لە ژوورەکەدا پەنگی خواردووەتەوە. کچ و کوڕ نازانن دەبێ چی بڵێن. خۆیان لە نیگای تامەزرۆی یەکتر دەشارنەوە. سەر دادەخات و لە گرێی پەنجەکانی ورد دەبێتەوە کاڵێ. لەشی بەئامێزی نیگای شەرمنی فەرهاد دەسپێرێت. بێ دەنگی کوولەکەی ڕۆحی غەریبییە، بەزەویدا دەکوتێت کاڵێ. دەیشکێنێت.

– پیرێژن پێی وابوو پێت گران دەبێ بێمە ژوورەکەت.

پێدەکەنێت. هەستێکی سەیر و نامۆی هەیە. دەمێکەیە چاوەڕوانیی پرسیارێک ئازاری دەدات. خۆی ڕادەگرێت و نایدرکێنێت. پرسیارێکی تری لێدەکات: «پیرێژن زانیویەتی هاتوویتەوە؟»

دەرفەتی وەڵامی پێنادات.

– گوتم دەچم دەستێک بەژوورەکانیدا دێنم و، بەرلەوەی بگەڕێتەوە...

بە دەم گوتنەوە هەڵدەستێت کاڵێ. بۆ جارێکی تر چاو بەژوورەکەدا دەگێڕێت. بەتەمایە بڵێت، کارێک نەماوە بیکەم. بەڵام نایڵێت. فەرهاد دەڵێت: «نەیدیوم. پیرێژن نازانێ کە هاتوومەتەوە».

بزەی دێتێ کاڵێ. ئان و سات هەست بەئاسوودەیی دەکات. غەریب نامێنێت. پێدەکەنێت و دەڕوات لەسەر لێواری قەرەوێڵەکە دادەنیشێت.

ئەو قەڵەمەکەی دانا و جگەرەکەی لە تەپڵەکی سەر مێزەکەدا کووژاندەوە. تەپڵەک پڕ بوو لە قونچکە جگەرە و لەملایەوە چەند پاکەتی خاڵی. ئەگەر مونیرەی خوشکی لێرە بوایەو ئەم دیمەنەی بدیبایە... هەستا و تەپڵەکەکەی ڕۆ کرد. چەند پاکەتە خاڵییەکەش. نەگەڕایەوە بۆ پشت مێزەکەی. ماندوو بوو. لەسەر مۆبلێک دانیشت و پێی ڕاکێشا. من بەرامبەری دانیشتبووم، سەیری کردم. گوتی: «بێ سوودە. ئەم دیدارە بەم شێوە...»

نەیگوت، ئەم دیدارە بەم شێوە بەلاڕێمدا دەبا. گوتی: «ئافرەتی ئەم دیدارە لە کاڵێ ناچێ».

– لە کاڵێ ناچێ؟!

بە سەرسووڕمانەوە گوتم.

– چۆن دەزانی؟ خۆ تۆ کاڵێ ناناسی. دەیناسی؟

گوتی: «نایناسم. بەڵام فەرهاد دەناسم و هێشتا هەندێک بۆچوونی ئەخلاقی ئەو



ساڵانەم لە بیرە. ئەو ساڵانە، ڕەنگە ئێستاش؛ بۆ هونەرمەندێکی وەک فەرهاد... خوێندکارێکی سیاسی و بەرپرس...».

گوتی: «کاڵێ نابێ وەها کچێک بووبێ. کارەکەرێکی سووک و ساویلکە... دەبێ لە کەسایەتی کاڵێدا شتێکی سەیر بووبێ کە فەرهادی شەیدای خۆی کردبێ».

– شتێکی سەیر؟!

بیرم کردەوە، لە کەسایەتی ئافرەتدا چ شتێکی سەیر هەیە؟ شتێکی وا کە گەنجێکی وەک فەرهاد شەیدای خۆی بکا؟ ئەوسا گوتم: «لە کەسایەتی ئەفسانەدا چ شتێکی سەیر بوو، کە تۆی شەیدای خۆی کردبوو؟ لە کەسایەتی ئەفسانەدا...».

قسەی پێ بڕیم. گوتی: «من نامەوێ نەخشی کاڵێ لە ڕووی ئەفسانەوە بکێشمەوە. نامەوێ کاڵێ هەمان ئەفسانە بێ. یان لە ئەفسانە بچێ. نامەوێ چیرۆکی فەرهاد و کاڵێ، چیرۆکی خۆم و ئەفسانە بێ...».

لە بەر خۆیەوە گوتی. لە دڵی خۆیدا. گوتی: «فەرهاد دەبێ خۆی بێ. پیاوێک کە ساڵانێکە تووشی فەرامۆشی بووەو لە ژوورێکی تاریک و دووکەڵاوی کە بۆکۆن و بۆنی زبڵی سووتاوی لێدێ، دەژی. کاڵێش دەبێ خۆی بێ. کچێک کە ساڵانێک لەمەبەر...»

گوتم: «لە کۆڵانێکی تەنگەبەر و داخراودا لەگەڵ برایەکی کۆترباز و قومارچی و دوو برای بچووکی کوێری ژیاوە. شەیدای کوڕێکی نەقاش بووە و ڕۆژێک لە ڕۆژان ڕۆشتووەتە ژوورەکەی. لەسەر لێواری چرپاکەی دانیشتووەو...».

خۆشە دوو دڵدار لە ژوورێکدا، لەسەر لێواری چرپایەک، شان بەشانی یەکتر دانیشن و...

من پێکەنیم. ئەو وەک هەموو جارێکی تر ڕیزێک دانی زەرد و پیسی دی. گوتی:

– هێشتا پێموایە دەبێ لە کەسایەتی کاڵێدا شتێکی سەیر بووبێ. من تا تێنەگەم ناتوانم درێژە بەنووسینی چیرۆکەکە بدەم.

گوتم: «تا درێژەی پێنەدەی لەو شتە سەیرە ناگەی».

بە تەوسەوە گوتم؟ ئەو نەیزانی. هەستا و دیسان بۆ پشت مێزەکەی چووەوە. دیسان دوا لاپەڕەی نووسینەکەی خوێندەوە.

بزەی دێتێ کاڵێ. ئان و سات هەست بەئاسوودەیی دەکات. غەریب نامێنێت. پێدەکەنێت و دەڕوات لەسەر لێواری قەرەوێڵەکە...

## دوانزه

گوتبووی: «دەمەوێ هەموو تابلۆکانی فەرهاد ببینم». نیوە شەوێک گوتبووی ومن هەموو تابلۆکانم بۆ هێنابوو. هەموو تابلۆکان جگە لەوانە کە پێشتر لە ماڵی فەرهاد دیبووی؛ لە ماڵەکەی سالانێک لەمەبەری. کۆمەڵێ پورترێت کە دیواری کارگەیان داپۆشیبوو. کۆمەڵێ ڕوخساری تێکشکاو و تووڕە و هەڵچوو کە کاڵێیان ترساندبوو. گوتبووی: «ئەم تابلۆیانەم ناوێ. فەرهادیان تێدا نابینم». من ئەو تابلۆیانەم بۆ هێنابوو کە فەرهاد دوا ناسینی کاڵێ کێشابوونی. ئەویش یەکە یەکە تۆز و خۆڵی کۆنی لێ سڕیبوون و بەدیواری ژوورەکەیەوە – ژوورەکەی خۆی – هەڵیواسیبوون. تابلۆکان کۆن بوون. ڕەنگەکان لەسەر قوماشە سپییەکان درزیان بردبوو، لە چەند لاوە وەریبوون. قوماشەکانیش لە چەند لاوە دڕابوون. بەهەودا دەزووی باریک، بەتەقەڵی ورد دروابوونەوە. گوتبووی: «ئەم تابلۆیانە تا ئێستا لە کوێ بوون؟» ئەوسا لێیان ورد بووبووەوە. لە دانە دانەیان. سەرەتا لە نزیکەوە لە درز و برینەکانیان ورد بووبووەوە، لە هەڵوەرینی ڕەنگە وشکەکان. پاشان لێیان دوور کەوتبووەوە. چووبووە پشت مێزەکەی و لەوێوە تێیان فکریبوو. هەموو ڕۆژێک تێیان دەفکری و ئەگەر کەسێک، بارام، مونیرە یان هەر کەسێکی تر دەهاتە لای، دەیدی لە دیواری سپی ژوورەکەی ورد بووەتەوە و بیر لە شتێک دەکاتەوە.

گوتم: «بیر لە چی دەکەیتەوە؟»

گوتی: «لە کاڵێ».

گوتی: «کاڵێ دەبێ لە پشت ئەو پەنجەرە شینە زۆر چاوەڕێی هاتنەوەی فەرهاد بووبێ».

ئەوسا قامکی بۆ یەکێک لە تابلۆکان درێژ کرد. ئەوە یەکەم تابلۆ بوو کە فەرهاد لە ماڵی کاڵێی کێشابووەوە. نووسی:

لە پشت پەنجەرەی ژوورەکەیەتی کاڵێ. لە خەڵوەت و سێبەردا، ساتە برووسکەیییەکانی ڕۆژانی ڕابوردووی بیر دەکاتەوە. ڕابوردووی دووری نا؛ ڕابوردووی دووری فەرامۆش کردووە کاڵێ. لەو کاتەوە فەرهادی بینیوە... چاوەڕێی هاتنەوەی فەرهادە کاڵێ. چاوەڕوان لە ترپەی دڵی چاوەڕوان دەگات. بەتینوویەتی گوڵی نێو گوڵدانەکان دەزانێت. ئاویان



دەدات. دوا پەرداخی بۆ گوڵە هەناری سەر تاقی پەنجەرەکە بەدەستەوەیە. یەک، دوو، سێ جار دەنگی کوترانی دەرکە دەبیستێت. تەقەی ئاشنای دەرکەی ماڵی پیرێژنە. ماڵی فەرهاد. پەردەی پەنجەرەکەی لا دەدات کاڵێ. دەستێک لەسەر لێواری وشکی گوڵدانەکە و دەستەکەی تری پەرداخێک ئاو ڕۆدەکاتە بن گوڵەکە. لە کۆڵان، لە پشت دەرکەی چێوی فەرهاد دەبینێت. دەستی بەدەم ڕوانینەوە دەلەرزێت کاڵێ. گوڵدانەکە سووڕ دەخوات و لقوپۆپی ناسکی گوڵە هەنارەکەش. هەنارێکی بچووک، گەورەتر لە بەلالووکێک بەشیشەی ساردی پەنجەرەکەوە دەنووسێت. فەرهاد دەیبینێت و کاڵێ لە خۆشیدا دەخنێتەوە. پەرداخەکە دادەنێت و تایەکی پەنجەرەکە دەکاتەوە. فەرهاد ڕۆشتووەتە ژوور. بەڵام دەرکەی چێوی هێشتا بەڕووی تاریکی دالانەکە لەسەر پشتە. سەر بۆ پەنجەرەی ژوورەکەی فەرهاد هەڵدەبڕێت کاڵێ. لە شیشەی پەنجەرەکە و لە زەمینەی سپیواشی پەردەی هێشتا دادراوەیدا، جووتێک کۆتر لەسەر بانی کۆترخان لە دەوری یەکتر دەگەڕێن. ئەوسا پەردەکە لادەدرێت. فەرهاد لەو دیو پەنجەرەوە دەردەکەوێت. ئێستا ئیتر کۆترەکان لەسەر سنگی فەرهاد هەڵدەسووڕێن. ئیشارەتی بۆ دەکات فەرهاد. کاڵێ دەیبینێت و بەخۆشییەوە تای کراوەی پەنجەرەکەی پێوە دەدات. لە ژوورەکەش دەڕواتە دەر.... ڕەحیمی برای لە ماڵ نییە. پێناچێت وا زوو بێتەوە. کوڕە کوێرەکانیش لە حەسار لە پاڵ یەکتر دانیشتوون و...

– تا دێمەوە لە دەرکەی حەسار نەچنە دەر.

کاڵێ دەیڵێت. بەو حاڵەش متمانەیان پێناکات و لە دەرەوە دەرکەیان لێ هەڵدەپێکێت. کۆڵان چۆڵە. دەرکەی چێوی هێشتا ئاوەڵایە. کاڵێ دەڕواتە ژوور و دەرکە لە چۆڵی کۆڵان دادەخات.

چۆڵی کۆڵان بیانوویەکە بۆ ئەوەی خۆشەویستی ئەو دوو گەنجە هەروا بەشاردراوەیی بمێنێتەوە. گوتم: «بە تەمای تاکەی عەشقی فەرهاد و کاڵێ لە خەڵکی کۆڵان بشاریتەوە؟ خەڵکی کۆڵان دەبێ تاکەی کاتی ژوانی ئەو دوو دڵدارە لە ماڵەکانیان بخزێن و دەرکە و پەنجەرە لەسەر خۆیان دابخەن؟

بە پێکەنینەوە گوتم؛ بەتوانجەوە. ئەو هیچی نەگوت. جگەرەیەکی داگیرساند و بیری کردەوە، ڕێی تێناچێ خەڵکی کۆڵان لە حاست هاتوچووی کاڵێ بۆ ماڵی فەرهاد کوێر بن. نووسی:

خۆشەویستی پەنهان ناکرێت. لە کۆڵانێکی تەنگەبەر و داخراودا، نیگا و چرپەی

عاشقانه و دزه ژوانی پەنامەکی لە چاو و گوێی کەس ون نابێت، دەزانێت کاڵێ. بێ دەربەستە. بۆ بێ دەربەست؟ خۆشحاڵە. با کۆڵان عەشقی لە قاو بدات. چرپە و زەردەخەنەی خەڵک دۆستانەیە. با کچە تەونکەرەکان بەرزتر بچرن. نیگای پیرێژنی خاوەن ماڵی فەرهاد میهرەبانە. بەڵام فەرهاد... کز و ماتە فەرهاد.

کز و مات؟

گوتی: «بۆ دەبێ فەرهاد لە کاتی وادا کزو مات بێ؟»

لە بەر خۆیەوە گوتی. قەڵەمەکەی دانا و سەری لە دەستنووسەکەی هەڵبڕی. ماوەیەک لە من و پاشان لە دیواری ژوورەکە ورد بووەوە. ئەوسا هەستا. وەک زۆر جاری تر سەرو خوارێکی ژوورەکەی کرد و بەرەو یەکێک لە پەنجەرەکان چوو. لەوێشەوە بۆ هەیوان.

بایەکی توند هەڵیکردبوو. دوێ شەویش ئەم با و گەردەلوولە بوو. تا بەیانی لووراندبووی و پاڵی بەدەرکە و پەنجەرەی ماڵەکەوە نابوو. ئێستاش پاڵی بەخۆیەوە دەنا. ئەو باڵندە ڕەش و گەورە کە لەم کاتانەدا بەژوور ماڵ و حەسارەکەوە هەڵدەسووڕا، دیار نەبوو. لە کوێ بوو؟ نەیپرسی. با لقوپۆپی نیوە ڕووتی درەختەکانی حەساری دەهێنا و دەبرد. گەڵای وشک و وەریو، تۆز و خۆڵی حەساری بۆ سووچێک ڕادەماڵی. نیگای ئەویشی ڕاماڵی. نیگای منیش. من یەکەم جار بوو لەو سووچە، خانوویەکی کۆن و بچووکم دەدی. خانوو؟ ژوورێک کە تەنها پەنجەرەیەکی بچووکی ڕوو لەم حەسار و ماڵە بوو. ویستم بپرسم کێ لەو ژوورە کۆن و بچووکەدا دەژی؟ نەمپرسی. بیری فەرهاد کەوتمەوە کە لە ژوورێکی تاریک و بچووک، ژوورێک کە بۆکۆن و بۆنی زبڵی سووتاوی لێدەهات و بەدووکەڵ قانگ درابوو، لە بەر ڕۆشنایی کزی پەنجەرە دوودە و دووکەڵ گرتووەکەیدا دادەنیشت. لە زەینی نووسەرێکدا. نووسەرێک کە بەپەلە بوو بەر لە مردنی (مردنی کێ؟) چیرۆکەکەی بنووسێ. چیرۆکێک کە ساڵانێک بوو لە بیر چووبووەوە.

ئەو زۆر لە هەیوان بەند نەبوو. با ئازاری دەدا و سەرمای بوو. ناچار ڕۆشتە ژوور. دیار بوو لەم ماوەدا بیری لە پرسیارەکەی خۆی کردبووەوە. لە وەڵامی پرسیارەکەی.

– بۆ دەبێ فەرهاد لە کاتی وادا کزو مات بێ؟

گوتم: «هەزار و یەک هۆ بۆ کزی و ماتی کەسێکی وەک فەرهاد هەیە».

لای لێ کردمەوە. من بەدوایدا هاتبوومە ژوور. سەیری کردم. لە چاومدا و لە نیگای ماندوومدا بۆ یەکێک لەو هەزار و یەک هۆیە گەڕا.

گوتم: «فەرهاد خوێندکارێکی هەڵاتووە و ڕێی تێدەچێ ئێستا یان ساتێکی تر پۆلیس



بەشوێنی بزانی و...»

ئەو سەری لەقاند. وەها کە شتێکی بیر کەوتبێتەوە. دیار بوو لە بیری چووبووەوە فەرهاد خوێندکارێکی هەڵاتووە و لەگەڵ هاوڕێکانی... بەڵام فەرهاد لە بیری نەچووبووەوە. فەرهاد هێشتا هیچی فەرامۆش نەکردبوو. هەڵاتنەکەی لە زانکۆ، گەڕانەوە و، هەڵبژاردنی ژیانی نهێنی، بەڵێنێک کە بەهاوڕێکانی دابوو، ئەو کوڕە گەنجانە کە شەریک و هاوبەشی خەون و ئاواتەکانی بوون.

هاوڕێکانی چەند کوڕی گەنجی هاوتەمەنی خۆی بوون. سەرەتا حەفتەی جارێک لە تاریکی شەودا، یەکە یەکە لەو سەری کۆڵانەوە دەردەکەوتن و گورج و بەپەلە بەقەراغ دیوارە کاگڵەکاندا تێدەپەڕین و خۆیان بەماڵی فەرهادا دەکرد. کاڵێ چەند جار دیبوونی. لە پشت پەنجەرەی ژوورەکەیەوە، کاتێک لە دەرکە چێوییەکە ڕۆشتبوونە ژوور؛ یان کاتێک دوا سەرەتاتکەکردن بۆ ناو کۆڵان، هاتبوونە دەر. کاڵێ لێیان ترسابوو. لێیان دەترسا. هاوڕێکانی فەرهاد لە کەس نەدەچوون. لەو کەسانە کە کاڵێ دەیناسین. جارێک بەفەرهادی گوتبوو: «هاوڕێکانت لە دز دەچن. وەک دز خۆیان...» بەگاڵتەو پێکەنینەوە گوتبووی. فەرهاد نەیهێشتبوو قسەکەی تەواو بکا. گوتبووی: «ئەوان پاکترین و بەشەرەفترین کوڕانی ئەم شارەن». بەتووڕەییەوە گوتبووی. کاڵێ ئیتر هیچی نەگوتبوو. بەڵام پیرێژنی خاوەن ماڵ دەیگوت: «کوڕم ئاگات لە خۆت بێ! تۆ کرێکارێکی هەژاری. دەبێ سەرت بەکاری خۆتەوە قاڵ بێ. دەبێ تەنها لە بیری ژیان و داهاتووی خۆتدا بی». پیرێژن بۆ ئەوەی دەگوت؟ فەرهاد بیری دەکردەوە. خۆزگە کرێکارێکی هەژار بوایە؛ وەک هەموو کرێکارێکی هەژاری تر. کەسێک کە پیرێژنی خاوەن ماڵی و کاڵێ پێیان وابوو. خۆزگە دەکرا تەنها لە بیری ژیانی خۆیدا بێ؛ ژیانی خۆی و کاڵێ؛ داهاتووی خۆی و کاڵێ. دەبوو بەکاڵێ بڵێ خوێندکارە. خوێندکارێکی هەڵاتوو. دەبوو پێی بڵێ بەنهێنی دەژی.

ئەو دیسان لە پشت مێزەکەی بوو. سەری بە کاغەزەکاندا شۆڕ کردبووەوە. نووسی:

کزو ماتە فەرهاد؛ کەیل و دڵتەنگ. لە پشت سێپایە و تابلۆکەی دانیشتووە. ڕەنگی گرتووەتەوە. ڕەش و شین و... دەمە فڵچەیەکی لێ هەڵدەگرێت و بەتابلۆکەیدا دەسوێت. هێڵێکی تر و مێڵەیەکی تر. ئەوسا دەکشێتەوە و لە تابلۆکەی ڕادەمێنێت. پیاوێک لە پشت هێڵەکاندا... یەخسیرە پیاوەکە؛ دیلە. لە زەمینەی ڕەش و شینی تابلۆکەدا، لە

هەناری ئەمدیو مێڵەکان دەڕوانێت. هەنارێکی سووری گەورە. نە بەلقێکەوە بەر بووەتەوە نە لەسەر دەفرێک داندراوە. لەمدیو مێڵەکاندایە یان لە خەیاڵی پیاوەکەدا؟ لە تەڕایی چاوە بێ تینەکانیدایە.

تەنگەتاوە پیاوەکە. دەستی بەمێڵەکانەوە نووساوە. پەنجەی باریک و ئێسکنی مێڵەکان دەگوشن.

هێشتا کشاوەتەوە فەرهاد. هێشتا لە تابلۆکەی ڕاماوە، لە پیاوی دیلی پشت مێڵەکان. لە خۆی دەچێت پیاوەکە، ئەگەر دیل بێت. ئەگەر لە پشت مێڵەکانەوە لە کاڵێ بڕوانێت. خشپەی پێی کاڵێ دەبیستێت فەرهاد. دادەچڵەکێت. کاڵێ نابێ ئەو تابلۆیە ببینێت. جارێکە نابێ بیبینێت. هەڵدەستێت. پشت لە تابلۆ و پشت لە پیاوی پشت مێڵەکان...

– فەرهاد تاکەی ئەو تابلۆیە لە کاڵێ دەشاریتەوە؟ تاکەی خۆی پێ ناناسێنێ؟

ئەو گوتی یا من؟

– تا کۆتایی ئەو ژوانە.

فەرهاد لە ژوورەکەی تریش خەمگینە. لە لای کاڵێش. دەڵێی قورسی پرسیارێک کەوتووەتە سەر گیانی. یان وەڵامێک. تێناگات کاڵێ. سەرەتا پێی وایە لە ئەو نیگەرانە. لە ڕەحیمی برای. لە برادەرەکانی ڕەحیم کە هاتوچوویان دەکەن. فەرهاد پێشتر پێی گوتووە: «ڕەحیم نابێ ڕێگە بەخۆی بدا لە ماڵێکدا تۆی لێ دەژی قومار بکا». گوتوویە: «تۆ نابێ بێڵی هەموو لات و بەڕەڵایەک هاتوچووی ماڵتان بکا». بەتووڕەییەوە گوتوویە. «حەیفە. حەیفە تۆ خوشکی ڕەحیم تەکەی قومارچی بیو...» بەخەم و مەراقەوە گوتوویە. کاڵێ گریاوە. «ڕەحیم پیاوی ماڵەکەیە. خاوەنی ماڵەکەیە. من هیچ دەسەڵاتێکم نییە جگە لەوەی خۆم لە برادەرەکانی نەگەیەنم و لە ژوورەکەی خۆم لەگەڵ کوڕە کوێرەکاندا سەر بەسەری یەکەوە بنێین». فەرهاد بڕوای پێکردووە. بڕوای پێدەکات. بیر دەکاتەوە کاڵێ. دوێشەو لەگەڵ ڕەحیمی برای شەڕی بووە. لێی ویستووە واز لە قومار و، واز لە برادەرە هەرزەو بەڕەڵاکانی بێنێت. ڕەنگە فەرهاد قرموو قاڵ و هەراو هوریایانی بیستبێت. ڕەنگە لەوە نیگەران بێت. دەڵێت: «دوێ شەو هەموو قسەیەکم لەگەڵ ڕەحیم براندەوە. گوتم ئیتر حەقت نییە لەم ماڵەدا قومار بکەی. گوتم تا من لەم ماڵەدا بم...»

بە جەسارەتەوە دەیڵێت. بەخۆشی و جەسارەتەوە. بەو هیوایە گرێی ناوچاوانی فەرهاد بکرێتەوە. ئەو خەم و نیگەرانییەی لێ بتارێت؛ لێی ناتارێت. کەواتە لە شتێکی تر



نیگەرانە. بۆ شتێکی تر خەمگینە. بۆچی؟ پاڵی بەدیوارەکەوە داوە کاڵێ. لە بەرامبەری فەرهاد، لە چاوەکانی دەڕوانێت. نیگای دەدۆزێت. نیگای وەک هەمیشە میهرەبان و عاشقانەیە. عاشقانە و ماندوو. ماندووی شاردنەوەی ڕازێک. ئەمجارە تێدەگات کاڵێ.

– بۆ لە منی دەشاریتەوە؟

فەرهاد دادەچڵەکێت.

– چی؟

– ئەو ڕازە کە چاوی میهرەبانتی ماندوو کردووە.

بزەیەک وەک سێبەری تاوان، ئان و سات بەلێو و بەڕوومەتیدا دەگوزەرێت.

– هیچ ڕازێک لە چاومدا نییە.

لەرەی دەنگ و شەرمی نیگای بەدرۆی دەکەنەوە.

– بەڵام ڕازێک لە دڵمدایە. ڕاز نا، نەگوتراوێک.

ئەو نەگوتراوە چییە؟ لێی ناپرسێت کاڵێ. ناوێرێت. باوەش بەجەستەی خۆیدا دەکات. بەسنگیدا. وەها کە بیهەوێ لە بوونی دڵنیا بێت.

فەرهاد دەڵێت: – من ئەو کەسە نیم تۆ پێت وایە. من کرێکارێکی هەژار نیم.

دەبێ پێیبکەنێت کاڵێ. وەک هەموو جارێکی تر. دەبێ بتریقێتەوە.

– من خوێندکارم. خوێندکارێکی...

باقی قسەکەی نابیستێت؛ دەتاسێت. چاو بەژوورەکەدا دەخشێنێت. ژوورەکە هەندێک کەلوپەلی پێ زیاد بووە. کۆمەڵێک کتێب و... ڕقی لە کتێبەکان دەبێتەوە. یەکەم جارە ڕقی لە شتێکی فەرهاد دەبێتەوە.

– کەواتە من و تۆ...

کەواتە من و تۆ چی؟ ئەو سەری لە کاغەزەکان هەڵبڕی. نیگای بۆ یەکێک لە پەنجەرەکانی ژوورەکە گوێزایەوە. دیسان باران. دەبوو بمانزانیایە ئەو باو گەردەلوولە تاوە بارانێکی خۆشی بەدواوەیە. ئەو قەڵەمەکەی دانا و وازی لە نووسین هێنا. گوتی:

– نازانم کاڵێ لە چی تاساوە. لەوەی کە فەرهاد خوێندکارە؛ یان لەوەی کە خوێندکارێکی هەڵاتووە؟

کاڵێ تا ئەو کاتەش لە مەبەستی فەرهاد نەگەیشتبوو. نەیدەزانی خوێندکاری هەڵاتوو

واتە خوێندکارێکی تاوانبار. کەسێک کە پۆلیس لێی دەگەڕا بیگرێ. وەک پیاوی تابلۆکە کە گیرا بوو. کاڵێ تا ئەو کاتە تابلۆی پیاوە دیلەکەی نەدیبوو.

تابلۆی پیاوە دیلەکە ئێستا وەک زۆربەی تابلۆکانی تری فەرهاد، بەدیواری ژوورەکەی ئەوەوە بوو. ئەو سەیری کرد. لە مێڵەکانی ورد بووەوە. لە پیاوی پشت مێڵەکان. پیاوەکە هێشتا لە هەناری ئەمدیو مێڵەکانی دەڕوانی. هەنارەکە وەک ئەو دەمانە سوور نەبوو. ڕەنگی گۆڕابوو. سوور و زەرد و... نارنجی؟ ئاگری بوو. ئەو هەستا. لە تابلۆکە نزیک بووەوە. ئەو پیاوە دیلە چەندە لە خۆی دەچوو. لە ئەو، لە ئێستای، کاتێک لە پشت ساڵەهاوە لە ئەفسانەی دەڕوانی. گوتی: «دەبێ بڕۆمە دەر».



## سیانزە

دەبوو بڕواتە دەر. بەم ڕۆژە ساردە و، ئەم ڕۆژە ساردانە سەرەتای وەرزی سەرما بوون. وەرزی سەرما لەم وڵاتە کوێستانییە کە دەست پێدەکا کۆتایی نایەت. جلەکانی لە بەر کردو ملپێچێکی خوری کە ڕووناکی خوشکی بۆی چنیبوو، لە تارانەوە بۆی ناردبوو، لە ملی ئاڵاند.

گوتم: «دیسان بۆ کوێ؟»

ئاوڕی لێدامەوە. بەنیگایدا زانیم دەیەوێ بڵێ: «وازم لێ بێنە. خۆ تۆ دەزانی...» بەڵام نەیگوت. هیچی نەگوت. من دەمزانی وەڕس و ماندووە و، مادام وەڕس و ماندوو بوو، دەبوو بڕواتە دەر. بەشەقام و کۆڵانەکاندا بگەڕێ. یان بەپارک و سەیرانگەکاندا بسووڕێتەوە. ئەو پارک و سەیرانگانە کە ژوانگەی چۆڵی دوانیوەژوانیان بوون. ڕۆژانی پاییز و زستانی ساڵانێک لەمەبەر دەستیان دەخستە ناو دەستی یەکتر، ئەو و ئەفسانە.

لە دەرکە چووبووە دەر کە تەلەفوونەکە زەنگی لێدا. گوتم: «ئێستا دەگەڕێتەوە و هەڵیدەگرێ». نەگەڕایەوە. بەپلیکانەکاندا داگەڕا. بەحەسارەکەدا تێپەڕی. گەڵا وەریوەکان تەڕو تلیس بەخشتی ڕاڕەوی حەسارەکەوە لکابوون. لە دەروازەی سەر کۆڵانەکەوە ڕۆشتە دەر و دایخست. هەمیشە لە دەروازە چێوییەکەی سەر کۆڵانەوە دەهات و دەڕۆشت. زۆری نەخایاند کە دیسان کردییەوە. تەلەفوونەکە ئیتر زەنگی لێ نەدەدا. بۆچی گەڕابووەوە؟ مونیرە و مێردەکەی بەدوایدا هاتنە ژوور. مێردەکەی مونیرە لە سەفەر هاتبووەوە. لە کوێت یان دوبەی. ڕادیۆیزەبتێکی بچووکی بەدیاری بۆ هێنابوو. لەسەر تاقی ژوورەکە، لە پاڵ ڕادیۆ گەورەکەی باوکی داینا. گوتی: «بە داخەوە لێرە شریتیشی لێ نییە».

مێردەکەی مونیرە پێکەنی. سێ شریتیشی لە گیرفان دەرهێنا.

– ئەم سێ شریتە هی خۆمن. هی ئەو دەمانە... بیرەوەری کۆنت لێ دەژیەننەوە. دڵنیام پێت خۆش دەبێ.

مێردەکەی مونیرە خۆشحاڵ بوو؛ بەڵام مونیرە...

مونیرە گوتی: «ئەو ژن و پیاوە لە دەرەوەی وڵاتەوە تەلەفوونیان بۆ کردیەوە».

ئەنوەر و نەسرین. دۆست و دراوسێی بوون. ڕۆژی بەر لە گەڕانەوەی گوتبوویان:

– ئەوەندەی لە ئێران بمێنینەوە حەفتەی جارێک ئێمە تەلەفوونت بۆ دەکەین و، حەفتەی جارێکیش.... بەڵام ئەو تەنها جارێک تەلەفوونی بۆ کردبوون.

مونیرە گوتی: «لەمەدوا هەرکەس تەلەفوونت بۆ بکا ژمارەی ئێرەی دەدەمێ. بەمن چی تۆ دەتەوێ چیرۆک بنووسی و، حەز ناکەی کەس تەلەفوونت بۆ بکا. حەیام چوو ئەوەندە گوتم ببوورن لە ماڵ نییە. کە هاتەوە پێی دەڵێم...».

مێردەکەی مونیرە یەکێک لە شریتەکانی لێدا. تایەر تۆفیق بوو. «ڕۆژێ وا ڕێکەوت کە ڕێگەم کەوتە ماڵی یارەکەم. دیم کە وەستاوە بەتەنها نەونەمامی...».

گوتی: «پێت خۆشە، وانییە؟»

مونیرە هەستا و دەنگی زەبتەکەی کز کرد. گوتی: «تەلەفوونێکی تریشیان بۆ کردووی».

مونیرە نیگەران بوو. لەوەتی هاتبوو نیگەران و کەمێک تووڕە بوو.

ئەو گوتی: «کێ؟ لە کوێوە؟»

– نازانم کێ. بەڵام دەیگوت لە ئوستانداریەوەیە. دەیگوت سبەینێ دەبێ سەرێک لە ئیدارەی...

بە ترسەوە گوتی. گوتی: «بڵێی کاریان چی بێ؟ نەکا دیسان...»

ئەو زەردەخەنەیەکی کرد. زیاتر بۆ ئەوەی دڵخۆشی بداتەوە. گوتی: «مەترسە. دڵنیام شتێکی وا نییە. ڕەنگە بیانەوێ وەبیرم بێننەوە مۆڵەتی سێ مانگەم لە تەواو بوونە و دەبێ...»

مونیرە قسەکەی پێ بڕی. گوتی: «ئەی ژن هێنانەکەت؟ ئەی وەسیەتەکەی باوکم؟»

مونیرە سەیری ڕەسمەکەی باوکی بەسەر سنگی دیوارەکەوە کرد. ماوەیەک بوو ئەو نەیدەدی. میرزا سەعید لە حەسار، لەژێر سێبەری درەختەکاندا، لەسەر چرپاکەی دانیشتبوو قلیانی دەکێشا.

– ئیمڕۆ هاتووم پێت بڵێم لەیلا...

ئەو گوتی: «مونیرە بارام سوورە لەسەر فرۆشتنی ئەم ماڵ و حەسارە. ئەم بەیانییە مشتەری بۆ هێنابوو».

مشتەرییەکان فەرمانبەری بانک بوون. بانکی میللی، یان میللەت... نوێنەر و



کارشناس و... لە دەرکەی ئاسنی سەر شەقامەوە هاتبوون. بەحەسارەکەدا گەڕا بوون. یەکیان گوتبووی: «گەورەترین بانکی ئەم شارەی لێ ساز دەکرێ». پاشان بەپلیکانەکاندا هەڵگەڕا بوون. ئەو بەخێرهاتنی کردبوون. بارام بەچرپە پێی گوتبوو: «ئەم دوو پیاوە هەموو ئیختیارێکیان دراوەتێ. دەم و قەڵەمیان قەپانە». ئەو هیچی نەگوتبوو. بارام پێکەنیبوو. گوتبووی: «حەز دەکەم چاوێک بەناو ماڵ و ژوورەکانیشدا بخشێنن. ئەم ماڵە یەکێک لە ماڵە کۆن و قەدیمییەکانە. ئەگەرچی چەند جار دەسکاری ناو ژوورەکانمان کردووە، بەڵام ئێستاش بەشێکی زۆر لە گەچبڕی و پەنجەرەکانی دەسکردی باشوەستای سەد ساڵ لەمەبەرە». ئەویتریان گوتبووی: «ئاغای میهرەبان، ئێمە دەرکە و پەنجەرەی شکاو ناکڕین. ئێمە زەوی دەکڕین. هەرکاتێ مامڵەکەمان سەری گرت، بۆ بەیانیدا ماڵەکە دەڕووخێنین. بەگەچبڕی و پەنجەرەو...»

بارام بیری کردبووەوە، دەبێ مامڵەکە سەر بگرێ. بانک پارەی باشی دەداو ئەو پێویستی بەپارەی باش بوو. مشتەریەکان ماڵ و حەسارەکەیان پەسند کردبوو، ڕوشتبوون. بارام تا دەرەوەی حەسار بەڕێی کردبوون. کە گەڕابووەوە گوتبووی: «نەمزانی میوە و شیرینی لێ نییە. پێم خۆش نەبوو بەچایی تاڵ میوانداریمان کردن». ئەو پیاڵە خاڵیەکانی کۆ کردبووەوە و بۆ ئاشپەزخانەی بردبووەوە.

«دەزانی یەکی چەند ملوێنمان بەر دەکەوێ؟»

بارام بەرز گوتبووی. بۆ ئەوەی ئەو بیبیستێ. ئەو پیاڵەکانی شتبوو. بارام ویستبووی بڕواتە ئاشپەزخانە. نیگای لە ڕەسمەکەی باوکی هەڵەنگووتبوو. لێی چووبووە پێش. گوتبووی: «یەکی هەشتا ملوێن تمەن. ڕەنگە زیاتریش. بەڵام من بەهەشتا ملوێن دەیمە خاوەنی شەش دانگی کارخانەکەو ئەو هەتیوە تازە پیاکەوتووەی شەریکم دەردەپەڕێنم».

میرزا سەعید قلیانی کێشابوو. نەیبیستبوو. قوڵتە قوڵتی ئاوی قلیانەکە نەیهێشتبوو بیبیستێ، یان تەپ و کوتی مونیرە و ڕووناک کە لە ژێرخان تەونیان دەکرد؟ ڕەنگە دوا عەسر بووبێ کە مونیرە و ڕووناک لە قوتابخانە گەڕابوونەوە و ڕۆشتبوونە ژێرخان. ڕەنگە خەریکی چنینی یەکێک لە قاڵیە گەورەکانی میوانخانە بووبێتن. حەتمەن خەریکی چنینی یەکێک لەو قاڵیە گەورانە بوون، تا ساڵانێک لەوە دوا بڵێن: «ئەو قاڵیانە کە بارام فرۆشتنی دەسترەنجی ئێمە بوون».

بارام ترسا بوو. نەکا دیسان مونیرە و ڕووناک... ئەی ئەو؟ پێکەنیبوو. پارەی زۆر بەرد

نەرم دەکا. بەو مەرجە... گوتبووی: «دەڵێن ساڵی جارێک بەخت لە دەرکەی ماڵان دەدا. بەڵام ئێمە لە هەموو ژیانماندا ئەمە یەکەم جارە بەخت دەرکەی ماڵمان دەکوتێ. ئەم ماڵ و حەسارە بەم بانکە نەبێ ناکڕدرێ. من کارشناسەکانم ڕازی کردووە. ڕازی کردنی مونیرە و ڕووناک لە ئەستۆی تۆیە».

مونیرە و ڕووناک پێشتر گوتبوویان: «ئەم ماڵ و حەسارە هێشتا بەناوی باوکمانەوەیە. میراتی دوو برا و دوو خوشکە. تا براکەی ترمان لە غەریبایەتی نەگەڕێتەوە...» بارام گوتبووی: «من نامەوێ تەما لە برا غەریبەکەم بکەم. دڵنیام ئەو لە من زیاتر پێویستی بەپارەیە». مونیرە و ڕووناک گوتبوویان: «ئەی ئێمە؟»

– بەشی ئێوەش دەدەم. بەپێی شەرع و قانوون بەشی ئێوەش دەدەم.

گوتبوویان: «بەشی ئێمە لە ماڵی باوکمان ئەوەیە مانگی جارێک سەری لێبدەین. ناو ماڵ و حەسارەکەی خاوێن بکەینەوە. ئاوی حەوزەکەی بگۆڕین. بەگوڵ و گوڵدانەکاندا ڕابگەین. لە هەر ژوورێکی تۆزێک دانیشین و بەیادی باوک و دایکمانەوە چاوێک هەڵپاڵێوین». بارام بیری کردبووەوە؛ ئێستا کە ئەم ماڵ و حەسارە چەند ساڵە چۆڵ و کاولە، حەوزەکەی وشک و لاڕووخاوە، گوڵ و گوڵدانەکەی نەماوە، حەتمەن مل بەفرۆشتنی دەدەن. بەتایبەت ئەگەر بزانن بانک چەندیان دەداتێ. گوتبووی: «ساڵانێکە بەئاواتەوەم سێ دانگەکەی تری کارخانە بکڕم و تابلۆی سەر دەرکەکەی بێنمە خوار. ئەوسا تابلۆیەکی تری بۆ ساز دەکەم و لەسەری دەنووسم کارخانەی ڕەنگسازی میهرەبان». ئەو نەیبیستبوو. یان بیستبووی و هیچی نەگوتبوو. لە ئاشپەزخانە هاتبووە دەر. بارام هەروا خۆشحاڵ لە بەرامبەر ڕەسمەکەی باوکی ڕاوەستا بوو؛ لە بەرامبەر باوکی. بەگەشکەو خۆشییەوە گوتبووی: «میهرەبانەکەی بەخەتێکی گەورە و ڕێنووسی کوردی دەنووسم. وەها کە لە دوورەوە سەرنجی خەڵک ڕاکێشێ و بیخوێننەوە. ئەم کارە بۆ تۆ دەکەم. دڵنیام پێت خۆش دەبێ. دڵنیام ئەگەر بمایتایە شانازیت پێوە دەکردم». بەدەم گوتنەوە دەستەکانی بەملاولادا جووڵاندبوو. ئەو پشتی تێهەڵکردبوون و ڕۆشتبووە ژوورەکەی تر. میرزا سەعید تووژ بووبوو. دوا مژی لە قلیانەکەی دابوو، داینابوو.

– شانازی بەچیتانەوە بکەم؟ یەکێکتان شەو و ڕۆژ ماڵ ناکەوێتەوەو ئەوی تریشتان بەزیندوویی داوای میراتم لێدەکا. بڕۆن هەردووکتان لە بەر چاوم ون بن».

بارام پاشەو پاش کشابووەوە. چاوی لێبوو دایکی لە ژێرخان هاتبووە دەر. کەوگیری



بەدەستەوە بوو؟ مونیرەو ڕووناکیش بەدوایدا هاتبوونە دەر. مونیرە و ڕووناک هەمیشە بەدوای دایکیاندا دەهاتنە دەر. کە دەیاندی باوکیان تووڕەیە، دیسان بەدوای دایکیاندا دەڕۆشتنەوە ژوور.

ئەو ڕۆژە میرزا سەعید لە چی تووڕە بوو؟ هیچیان لە بیریان نەمابوو.

مونیرە گوتی: «باوکم لە داخی بارام سەری نایەوە».

سەرمای دەرەوە لە کەلووکونی پەنجەرەکانەوە هەڵیکوتابووە ژوور. مێردەکەی مونیرە گوتی: «ئەم ماڵە زۆر ساردە. بۆ زۆپاکەت هەڵنەکردووە؟»

نەوتی نەمابوو. ماوەیەک لەمەبەر مونیرە بەرمیلێک نەوتی بۆ ناردبوو، دوێ شەو تەواو بوو.

گوتی: «بەتەمابووم بڕۆمە دەر بەرمیلێک نەوت بکڕم».

مێردەکەی مونیرە بڕوای پێ نەکرد. بەتیزەوە گوتی: «کەس نا تۆ! دڵنیام ئێستا کە من باسی دەکەم بیرت دەکەوێتەوە».

ڕاستی دەکرد، ئێستا کە باسی کرابوو ئەو بیری نەوت و تەنانەت سەرماش کەوتبووەوە.

مونیرە گوتی: «بەم عەسرە نەوتت دەست ناکەوێ. ئیمشەو دەچینە ماڵی ئێمە و سبەینێ دەسپێرم کەسێک نەوتت بۆ بێنێ. هەروەها دەچین بەشوێن وەستایەکی دارتاشیشدا کە بێ و دەستێک بەم دەرکە و پەنجەرانەدا بێنێ. ماوەیەکی تر کە هەوا تەواو ساردی کرد، کەس لەم ماڵەدا هەڵناکا».

ئەو زەردەخەنەیەکی کرد و، گوتی: «بارام بەهیوایە ماڵەکە چۆڵ کەم و بیفرۆشێ، ئەوسا تۆ دەتەوێ دەرکەو پەنجەرەکانی...»

مێردەکەی مونیرەش زەردەخەنەی کرد. مونیرە هەڵچوو. گوتی: «تا لەم ماڵەدا بووکت بۆ دانەبەزێ، بارام دەبێ خەون بەفرۆشتنیەوە ببینێ».

گوتی: «ئەمە هەر قسەی من نییە. قسەو بەڵێنی ڕووناکیشە. خوشکی بمرێ، هەموو ڕۆژێک لە تارانەوە تەلەفوونم بۆ دەکا و لێم دەپرسێ زەماوەندەکە بوو بە چی؟»

ئەو نەیگوت، کام زەماوەند؟ نەیپرسی، زەماوەندی کێ؟ زەبتەکەی کووژاندەوە و لەگەڵ مونیرە و مێردەکەی لە ماڵ ڕۆشتە دەر.

# چوارده

که میوانەکانی ڕۆشتن، گوتم: «قەرارە کەسێک بێت بۆ لات؟»

میوانەکانی ژنێک و دوو پیاو بوون. ژنەکەی پێشتر دیبوو. لە ئیدارەی میراتی فەرهەنگی یان... ژنەکە گوتبووی: «لە پیشانگەی نەقاشی. پێم گوتیت، دۆستێکم دەرهێنەرە و پێی خۆشە یەکێک لە چیرۆکەکانت بکاتە فیلمی سینەمایی».

دەرهێنەر پیاوێکی ڕۆمانتیک بوو. عەینەکێکی لە ملیەوەو بۆ سەر سنگی بەردابووەوە. دوا بەدوای هەموو قسەیەک دەیگوت: «مەحشەرە... بێ وێنەیە...» خەڵکی تاران بوو. گوتبووی لە ئاڵمان گرافیکی خوێندووە و لەوەتی گەڕاوەتەوە چەند فیلمی کورتی ساز کردووە. حەزی کردبوو بەئاڵمانی بدوێ و ناوە ناوەش دوا بوو. من تێنەگەیشتبووم. ئەو ژن و پیاوەش کە لە گەڵیدا بوون تێنەگەیشتبوون. گوتبووی: «پێم خۆشە یەکەم تەجرەبەی سینەمایییم لە کوردستان بێ. کارێکی کوردی». گەلاڵەی چیرۆکەکەی ئەوی لەو ژن و پیاوە بیستبوو. هاوڕێی بوون یان هاوکاری؟ گوتبووی: «کە باسیان کرد زانیم چیرۆکێکی مەحشەرە... بێ وێنەیە. تکام لێکردن بۆم تەرجەمە بکەنەوە».

چیرۆکەکە چیرۆکی پیاوێکی گوندی بوو. برایمۆک ساڵانێک بەر لەو ڕووداوە، حەز لە پەریخان ناوێک دەکا. ئەو ناوەکانی لە جووتە دڵداری بەیتێک وەر گرتبوو. لە بێ بەختی برایمۆک، کەسوکاری پەریخان لە گەڵیدا نەیارن. چەند جار مەلاو ڕیش سپی دەنێرێتە خوازبێنی و نایدەنێ. گریانی پەریخانیش سوودی نابێ. بەزۆر و بەپەلە بەشووی دەدەن، بەپیاوێکی.... برایمۆک لە داخ و مەراقدا سەری خۆی هەڵدەگرێ. ساڵانێک بێ سەرو شوێن گونداو گوند و شارە و شار دەکا. پاشان پەککەوتە و لێقەوماو دەگەڕێتەوە. ناچێتەوە بۆ ئاوایی، لە قۆخە چۆڵێکی ئەو ناوە بەتەنها دەژی...

دەرهێنەر گوتبووی: «فیلمەکە لێرەوە دەست پێدەکا. برایمۆک سەری بەکاری خۆیەوە قاڵە. کە هاژە و نرکەی تەیارەکان دەبیستێ، سەر هەڵدەبڕێ. ئاسمان تاو و ساوە. لە پڕ نرکەی تەقینەوەیەک دایدەچڵەکێنێ. نیگای – کە هەمان نیگای دووربینە – لە ئاسمانەوە بۆ گوندەکە شۆڕ دەبێتەوە. گوند لەناو تۆز و خۆڵ و پاشان دووکەڵێکی خەستدا ون بووە.



بەژوور خێوەتی دووکەڵەکەوە چەند داڵەکەرخۆرە بەباڵە ڕەشەکانیانەوە دەردەکەون...» گوتبووی: «ئەمە دەسپێکێکی مەحشەرە... بێ وێنەیە...».

ئەو ساڵانێک لەمەبەر ئەو چیرۆکەی نووسیبوو. ئەو دەمەی کە ئێران و عێراق لە شەڕدا بوون و تەیارەکان هەموو ڕۆژێک شار، یان گوندێکیان بۆمباران کردبوو.

برایمۆک بەبینینی ئەو دیمەنە دڵی دادەکەوێ. نەکا پەریخان... تف لە دەست و قەوەت لە پێ، یەکەم کەس دەبێ دەگاتە گوندەکە. گوند ئاداری بەسەر پاداریەوە نەماوە. زۆربەی دانیشتووانی کوژراون، یان بێهۆش و بریندار کەوتوون. ئەوانەش کە ماون بەقڵخە قڵخ بەشاخەکاندا هەڵگەڕاون. تۆز و خۆڵ نیشتووەتەوە. دووکەڵی خەست ڕەویوەتەوە. بۆگەنێکی کەسکوند بەهەموو ئەو ناوەدا بڵاوبووەتەوە. بۆمبەکان شیمیایی بوون، برایمۆک زانیویە. شێت و سەراسیمە بەسەر کەلاوەکاندا تێدەپەڕێ. بەسەر مەیت و برینداری خزم و ناسیاویدا هەنگاو دەنێ. هێشتا بەماڵی پەریخان دەزانێ. بەماڵی مێردەکەشی. پەریخان و یەک دوو کەسی تر لە حەساری ماڵەکە کەوتوون. کوژراون یان بریندار؟ برایمۆک تێنافکرێ. باوەشی پێدا دەکا. پەریخان قورس بووە، قورس و قەڵەو. تین و توانای لاویەتی بۆ گیانی برایمۆک دەگەڕێتەوە. دەیخاتە سەر شانی و هەڵدێ. دەیڕفێنێ...

ژنەکە گوتبووی: «کارێک دەکا کە ساڵانێک لەوە بەر، ئەو دەمە کە لاو بوو دەبوو بیکردایە». ئەوسا سەیری پیاوەکەی تری کردبوو. ئەویش سەری بۆ لەقاندبوو. دەرهێنەر گوتبووی: «مەحشەرە...»

برایمۆک تا قۆخەکەی خۆی پەریخان دانانێ. لەوێ لەسەر بەردە نوێژی پاڵکانی و ئەستێرەکە ڕایدەکێشێ. دوا ساڵانێک یەکەمجارە دەیبینێ. بەژن و باڵا و ڕوخساری... بلۆق هەموو دەست و پەل و ڕوخساریان داپۆشیوە. چرچ و لۆچی پیریەتیان شاردووەتەوە. پێڵووەکانی لەسەر یەکتر نیشتوون. هەناسەی کزی سوارە. برایمۆک بەبیریدا دێ کە دەبێ جلەکانی لە بەر داکەنێ. ئەو بیرە موچڕکەی بەلەشدا دێنێ. ناچارە، دەبێ جلەکانی لە بەر دادڕێ. دەست بۆ سنگ و بەرۆکی کراسەکەی دەبا. دەستەکانی دەلەرزن. ئەژنۆشی دەلەرزێ. شەرم تەنگەی پێ هەڵدەچنێ. چاوی دەقووچێنێ و کوێرە کوێر ڕووتی دەکاتەوە. لە ئەستێرەکەی هەڵدەکێشێ. ئاوی ڕوونی ئەستێر خۆڵ و دووکەڵی لەشی دەشواتەوە. بۆ دەرکێشانەوەی لە ئەستێرەکە ناچارە چاوی هەڵێنێ. چاو هەڵدێنێ. لەشی سپی و نەرم و شلی پەریخان لەسەر بەردە نوێژەکە ڕادەکێشێتەوە. ئەمە هەر ئەو لەشەیە کە ساڵانێک

غیرەتی بیر لێکردنەوەی نەبووە؟ گورج ڕووی لێ وەردەگێڕێ و دەڕوا، لەقۆخەکەی کراس و پانتۆڵێکی خۆی بۆ دێنێ. بەمێزەرەکەی سەر و قژی بۆ وشک دەکاتەوە. بسکی بەمێزەرەکەوە دێ. پەریخان سەری دەڕووتێتەوە. جاروبارە کۆخەیەک سەرو سنگی هەڵدەتەکێنێ و کێم و خوێن بەلا لێویەوە دەزوولە دەبەستێ...

ئەم دیمەنانە بەشێوەی فلاشبەک دەگێڕدرێنەوە. چیرۆکەکە لەوێوە دەست پێدەکا کە برایمۆک لە لووتکەی شاخێکی بڵێند لە مابەینی دوو دار بەڕوودا جیلانەی هەڵبەستووە. دۆشەکێکی هەرزنیشی ڕاخستووە و پەریخانی لەسەر ڕاکێشاوە. ئاخر ڕۆژی ڕووداوەکەیە. سێ یان چوار ڕۆژ دوا کارەساتی بۆمبارانەکە و... برایمۆک نەوەک لە ترسی شالاوی ژارە شیمیاییەکە، بەڵکو لە ترسی حەقدار و کەسوکاری پەریخان زۆر لە قۆخەکەی بەند نابێ. دوا شتنی پەریخان بارو بنەی دەپێچێتەوە. تایەک هەرزن و شڕو شاتاڵەکەی لە پشتی ولاخێک دەبەستێ. لەناو باردا لێفە شڕێک ڕادەخاو، پەریخانی لەسەر ڕادەکێشێ. ئەوسا بەبڵێندترین شاخی ئەو ناوەدا هەڵدەگەڕێ.

لە چیرۆکەکەدا پەریخان بۆ ساتێکیش هۆش خۆی نەهاتووەتەوە. برایمۆک شەوو ڕۆژ جیلانەی ڕاژەندووە و بەسۆز و خەمەوە کۆنە گۆرانییەکی دڵداری چڕیوە. جاروبارە مێزەرەکەی تەڕ کردووە و کێم و خوێنی برینەکانی لەشی پەریخانی خاوێن کردووەتەوە.

دەرهێنەر گوتبووی: «لە فیلمەکەدا برایمۆکیش تووش دەبێ. هەناسە و زووخاوی برینەکانی پەریخان تووشی دەکا. وردە وردە هەموو لەشی وەخارشت دەکەوێ. وەها کە چنگنە لێی دابێ. بلۆق بەپێستە بەهەتاو برژاوەکەیدا هەڵدەپەڕێ و، هەناسەی...» گوتبووی: «فیلمەکە بەمردنی هاوکاتی ئەو دوو پیرە دڵدارە کۆتایی دێ. کۆتاییەکی تاڵە، بەڵام مەحشەرە...» ئەوسا لە ژن و پیاوە هاوڕێکەی ورد بووبووەوە. ئەوانیش سەری ڕەزامەندی و مەحشەربوونیان بۆ لەقاندبوو. لە ئەو ورد بووبووەوە. ئەو هیچی نەگوتبوو. ئەو پێشتر قسەکانی کردبوو. دەربارەی چیرۆکەکە و، دەربارەی دەرهێنانی سینەمایی و...، گوتبووی دەبێ سیناریۆکە ببینێ. ژن و دوو پیاوەکە هەستا بوون بڕۆن. دەرهێنەر گوتبووی: «دەمەوێ کەمێک بەناو شاردا بگەڕێم». لەویشی گێڕابووەوە. ئەو داوای لێبووردنی کردبوو. گوتبووی قەرارە کەسێک بێت بۆ لای. ئەوسا میوانەکان مالاواییيان کردبوو. ئەو تا دەرەوە بەڕێی کردبوون. کە هاتەوە هێشتا خەمی یادەوەری ئەو چیرۆکە تاڵە، لە نیگا و ڕوخساریدا بوو. سەیری منی کرد. منیش خەمبار بووم. گوتی: «پێمونانەبوو ئاوا بەوردی چیرۆکەکەی برایمۆک و پەریخان بگێڕێتەوە. تێناگەم ئەو ئێپیزۆدە



زیادییە چ پەیوەندییەکی بەم چیرۆکەوە هەیە کە خەریکە دەینووسی؟»

من بیرم کردەوە، ئایا چیرۆکی برایمۆک و پەریخان پەیوەندی بەچیرۆکی ئەوەوە، کە من خەریکی نووسینی بووم، نییە؟ پرسیارەکەم دووبارە کردەوە، گوتم: «بە ڕاست قەرارە کەسێک بێت بۆ لات؟ لەیلا؟»

ئەو داچڵەکی. گوتی: «بۆ ئیمڕۆ چەند شەنبەیە؟»

گوتم: «چوار شەنبە».

لەیلا چەند ڕۆژ لەمەبەر تەلەفوونی بۆ کردبوو. گوتبووی: «ئەگەر لە کارت ناکەم، حەز دەکەم دوانیوەڕۆی ڕۆژی جومعە بێم بۆ لات». ئەو گوتبووی: «بەڵام دوانیوەڕۆی ڕۆژانی جومعە من دەڕۆمە دەر. دەچم بۆ پارکی...» ئەوسا گوتبووی: «خۆشحاڵ دەبم ئەگەر تۆش بێییت». لەیلا گوتبووی: «دێم».

ئەو پشوویەکی هاتەوە بەر. زەردەخەنەیەکی کرد و گوتی: «قەرارە من بڕۆم بۆ لای کەسێک».

پێم ناخۆش بوو. زۆرم پێ ناخۆش بوو. گوتم: «ئەم هات و چووە زیادییانە لە کارت دەکەن. تۆ دەبێ بزانی ماوەیەکی زۆرت بۆ تەواو کردنی...»

چاوەڕوان بووم ئەو قسە بیترسێنێ، بەڵام نەترسا. بەخەمەوە سەری لەقاند و، گوتی: «دەزانم. دەمەوێ بڕۆم بۆ لای فەرهاد و، ئەگەر بکرێ دیسان لە گەڵ خۆم بیبەمە دەر».

ئەوسا جگەرەیەکی لە پاکەتی سەر مێزەکە دەرهێنا و دانیشت. گوتی: «پێم ناڵێی فەرهاد چۆنە؟ چەند ڕۆژە سەرم لێ نەداوە».

گوتم: «چاک نییە. هەرگیز وەک ئەم چەند ڕۆژە شپرزە نەبووە. جاران یان ڕادەکشا، یان لەبەر ڕۆشنایی کزی پەنجەرەی ژوورەکەی دادەنیشت و سەری بە ملیەوە شۆڕ دەبووەوە. بەڵام ئێستا...»

فەرهاد وەک حەیوانێک هەستی بەبورکان یان بوومەلەرزە کردبێ، نائارام و بێ قەرار، بەژوورەکەیدا، بەناو دووکەڵی جگەرەی من و ئەودا، دەهات و دەچوو. خۆی بەدیوارە ڕەش و تاریکەکاندا دەکوتا. لە پڕ شانی ئێسکنی بەر سەعاتە کۆن و لەکار کەوتووەکەی سەر سنگی دیوارەکە کەوت. سەعات زرینگەیەکی لێ بەرز بووەوە کەوتە خوار. ئەو چوو هەڵیگرتەوە. شیشە ڕەش و تاریکەکەی نەشکابوو، دیسان هەڵیواسیوە. فەرهاد گوێی پێنەدا. ئاگای لێنەبوو؟ وەک خەوگەڕی لەڕ و لاواز و بێ تەکان خۆی بەملاو لادا

دەپەلۆسی و پچڕ پچڕ وڕێنەی دەکرد. شتێکی دەگوت کە ئەو تێی نەدەگەیشت. من باوەشم پێداکرد و بردمە لای پەنجەرە بچووکەکەو دامنیشاند. خۆشم دانیشتم. لە باوەشمدا بوو، هەستم بەلەرزینی لەشی کرد. لێوە بێ ڕەنگ و قڵشاوەکانیشی دەلەرزین. پێڵووی چاوە تۆقاوەکانیشی. بەسنگی خۆمەوە نووساند. وەک منداڵ، دەستم بەسەرو شانیدا هێنا. گوتم: «خۆزگە دەمزانی چییەتی... خۆزگە دەمزانی کوێی دێشێ».

ئەو هێشتا لای سەعاتە دیوارییەکە ڕاوەستابوو. ئەویش هەموو گیانی دەلەرزی. گوتی:

– بلێیی ئەم با و گەردەلوولە...

قسەکەی پێ تەواو نەکرا. گوتی: «نەکا گەڕاندنی بەو کۆڵانە باریک و تەنگەبەرانەدا... نەکا نووسینی چیرۆکەکەی...»

ئەمجارەش قسەکەی تەواو نەکرد. ڕۆشتە بەر پەنجەرەکە.

– «دەترسم ئەم چیرۆکە، چیرۆکی ئەو نەبێ. دەترسم چیرۆکی خۆم بێ... چیرۆکی تۆ... یان هەرکەسێکی تر».

ئەم با و گەردەلوولە بۆ دوایی نەدەهات؟ لەو دیو پەنجەرەی ژوورەکەی فەرهاد، لەو فەزا تاڵ و خۆڵەمێشییەدا، گەڵای درەختەکانی ئەو حەسارە کە پێشتر گوتبووی بەلامەوە غەریب نییە، بەدەم باو گەردەلوولەکەوە بوون. وەک پۆلە باڵندەیەکی کوێر و سەر لێشێواو، هەر یەکە بەلایەکدا دەفڕین و لە شوێنێک (لە کوێ؟) دەگیرسانەوە.

ئەم باڵندە کوێر و سەر لێشێواوانە، ئەم ڕەسمە کۆن و هەڵپرووکاوانە، ئەم یادە کاڵ و بێ ڕەنگانە، ئەم ڕۆژە دوور و فەرامۆش کراوانە، ئەم ساتانەی دەم با و گەردەلوول چۆن کۆ دەبنەوە؟ ئەم ڕووداوە قەوماو و نەقەوماوانە چۆن یەک دەگرنەوە؟ ئەم جەستە پارچەپارچەبووانە چۆن دەبنەوە بەیەک جەستە؟ ئەم زەمەنە پرژو بڵاوانە چۆن دێنەوە سەر هێڵێکی ڕاست؟ ئەم هەموو چیرۆکە فەرامۆشبووانە چۆن وەبیر دێنەوە و چۆن لە چوارچێوەی چیرۆکێکدا دەنووسرێنەوە؟

گوتی: «چۆن دەکرێ متمانە بەم نووسینە بکەم؟»

پێشتر نووسیبووی، فەرهاد جەستەیەکی بێ گیانە... تەرمێکی بەڕواڵەت زیندوو... بەڵام ئەم بێ قەرارییە کەی لە جەستەیەکی بێ گیان دەوەشێتەوە؟ ئەو گوتی یان من؟

گوتی: «بریا بۆ ساتێکیش بووە دەمتوانی سەر لە دنیای ئەو دیو چاوە تۆقاوەکانی فەرهاد خوار بکەمەوە».



چاوەکانی فەرهاد پڕ بوون لە ترس و نیگای وەک هەمیشە بەهیچ شتێکی ئەم ژوورەوە، بەهیچ شتێکی ئەم دنیایەوە بەند نەدەبوو. بەزۆر جلەکانم بۆ لە بەر کرد و گوتم:

– ئەگەر بەتەمای بیبەیتە دەر، ئامادەیە.

ئەو لەسەر تا پێی ورد بووەوە. جلەکانی فەرهاد وەک جاری پێشوو پیس و ڕەنگاوی نەبوون. گوتی: «کێ جلوبەرگی بۆ دەشوا. کاڵێ؟»

من پێکەنیم. گوتم: «کاڵێ کچێکی سەیرە. هەموو جارێک کە جلوبەرگی بۆ دەشواو، ماڵەکەی بۆ خاوێن دەکاتەوە، بەپیرێژنی خاوەن ماڵ دەڵێ: لای فەرهاد باسی مەکە. تکای لێدەکا: بڵێ بۆ خۆم بۆم شتووی».

گوتی: «بۆ لە فەرهادی دەشارێتەوە؟»

بەرزتر پێکەنیم. گوتم: «سەیرەکە لەوەدایە کە لێی ناشارێتەوە».

گوتم: «گەمەیەکی بەڕواڵەت منداڵانەیە. کاتێک فەرهاد دەڕواتە دەر، کاڵێ هەموو کارەکانی بۆ دەکاو، کە فەرهاد دەگەڕێتەوە، بەشەرمێکی درۆزنانەوە سوپاس لە پیرێژن دەکا. ئەوسا تاوێکی تر، یان ڕۆژێکی تر کە فەرهاد و کاڵێ یەک دەگرنەوە بەو گەمەیە پێدەکەنن».

ئەویش پێکەنی و گوتی: «کاڵێ کچێکی زیرەکە. ڕەنگە بەو شێوە بیەوێ...»

قسەکەم پێبڕی و گوتم: «هیچ زیرەکییەک لە ئارادا نییە. ئەوە گەمەیە و هیچی تر. گەمەیەکی سێ قۆڵی».

– گەمەیەکی سێ قۆڵی؟ کەواتە پیرێژنیش...

گوتم: «ئەرێ. پیرێژنیش دەزانێ گەمەیە و، لەزەتی لێ دەبا. دەڵێ: چیم کردووە کوڕم؟ دوو کوت جلم بۆ شتووی و گەسکێکم بەژوورەکەتدا هێناوە. کامە دایک ئەوە بۆ کوڕی خۆی ناکا؟ فەرهادیش دەڵێ: سوپاس دایەگیان. پیرێژن لە خۆشی ئەو دایەگیانە گەشکەی لێدێ. فەرهادیش بێ دڕێغی دووبارەی دەکاتەوە».

گوتی: «پیرێژن منداڵی نییە؟»

پیرێژن دوو کچی بەشووی بوو، بەڵام کوڕی نەبوو. نەیبووە؟ ڕەنگە بوویێتی. ڕەنگە سێ چوار کوڕی بووبێ و لە منداڵیدا بەسوورێژە مردبێتن. ڕەنگە یەکیان لە سوورێژەش خەلستبێ؛ گەورەش بووبێ، بەڵام دواتر لە گۆمێکدا خنکابێ. یان لەگەڵ باوکی لە

شاخێک هەڵدێرابن. یان... هەرچی بوو ئێستا بەتەنها دەژیا. چەند ساڵێک بوو بەتەنها دەژیا و کچەکانی بەخەم و مەینەتی ژیانی خۆیاندا کەوتبوون و پێیان نەدەکرا بەقەدەر پێویست لای لێ بکەنەوە. بەڵام کالێ... پیرێژن گوتبووی: ئەگەر کوڕێکی ببوایە کالێی لێ مارە دەکرد. بەخەمەوە گوتبووی. وەها کە بووکێکی چاکی لە کیس چووبێ. گوتبووی: «ئافرەت دەبێ دڵپاک و میهرەبان بێ. کالێ جگە لەوەی دڵپاک و میهرەبانە، جوانیشە. ئەگەر ساحیبی ببوایە، باوکێک، براچاکێک... کالێ حەیفە خوشکی ڕەحیم تەکەی قومارچییە». پیرێژن ئەوەی بەفەرهاد گوتبوو. گوتبووی: «ماڵی هەژاریم بەقوڕ گرت...»

فەرهاد گوتبووی: «ماڵی زاڵم. ماڵی حکوومەتی زاڵم بەقوڕ بگرە».

گوتبووی؟ حەتمەن گوتبووی. لە هەموو شوێنێک و لای هەموو کەس دەیگوت. سەرەتا کالێ ئەو قسانەی نەدەبیست. گوێی پێنەدەدا. بەڵام کە زانی فەرهاد، ئەو کرێکارە هەژارە خوێندکار بووە داچڵەکی، تاسا. ماوەیەک لێی ڕاماو، پاشان بەدڵپڕییەوە گوتی: «تۆ خوێندکاری؟ کەواتە من و تۆ...»

فەرهاد نەیهێشت قسەکەی تەواو بکا. لێی چووە پێش، دەستی خستە سەر دەمی و، گوتی: «گرینگ نییە من کێم و چکارەم. گرینگ ئەوەیە ئێمە یەکترمان خۆش دەوێ. تا هەتا هەتایە...»

نووسیبووی:

تا هەتا هەتایە؟ پرسیارێکی سەختە. سەختتر لەو بڕیارەی ژیانی پیاوی پێوە بەندە. یەکەم جارە لە خۆی دەپرسێت. یەکەم جارە بیر لە ئەنجامی ئەو خۆشەویستی و تووشبوونەی دەکاتەوە. ئەو شەوە و شەوانی لەوە دواش خەوی لێ ناکەوێت فەرهاد. بەژوورەکەیدا دێت و دەچێت. گینگڵ دەدات. لە خۆی دەئاڵێت. وەک مار، نەوەک ماری بریندار، وەک پیاوی عاشق. چۆن لە کالێ بگەیەنێت ئەم بەڵێنە بەمانای وەدیهاتنی خەونەکانیان نییە؟ خەونەکانی کالێ و... کێ دەزانێت کالێ خەون بەچییەوە دەبینێت؟ کێ دەزانێت لە دەروونی ژندا چی ڕادەبرێت؟ نایدرکێنێت. نەیدرکاندووە کالێ. ڕەنگە چاوەڕێی بیستنی ئەو قسە لە زمانی فەرهاد بووبێت.

تا هەتا هەتایە. وەڵامێکی شیرین. شیرینتر لەوەی ژن بەتەمای بیستنی بووبێت. بیستوویەتی کالێ و ئاخی شیرینی ئارخەیانی وەک کۆترێکی هەمیشە دیل، لە قەفەسی سنگییەوە دەرباز بووە. پێناکەنێت، ناتریقێتەوە، نە ئەو ڕۆژە و نە ڕۆژانی لەوە دواش.



خۆی بەچارەنووسی باوەشی فەرهاد دەسپێرێت.

لە ژوورەکە ڕۆشتبووینە دەر؛ لە ژوورەکەی فەرهاد. فەرهاد وەک جارانی پێشوو لە بەرمانەوە دەڕۆیی. هێشتا نائارام بوو. لە کۆڵانێکەوە بۆ کۆڵانێکی تر و...

لە کۆڵانە تەنگەبەرەکانەوە بەرەو ماڵ دەبێتەوە فەرهاد. هەردوو دەستی ئاخنیوەتە گیرفانەکانی. شەقاوی قورس و قایم هەڵدەهێنێتەوە. شەقاوی دڵنیایی؟ لای خۆی بڕاندوویەتیەوە، بەندبازی پێناکرێت. دەوامەی ئەم وەزعە دەشێ ترسناک بێت. ترسناکە بۆ کالێ. ژن ئەگەر دڵ بەخەونەکانی ببەستێت، ئەگەر چارەنووسی بەپیاوەوە گرێ بدات، بەچارەنووسی پیاوەوە، بەچارەنووسی وشەیەکەوە. وشەکان مانای جیاوازیان هەیە لە لای ژن و لە لای پیاو؛ بەڵێنەکانیش. دەبێ مانای خۆی لەو بەڵێنە بەکالێ بڵێت فەرهاد. دەیلێت. دەمێکەیە خۆی بۆ ئامادە کردووە. زۆر جار لەبەرخۆیەوە گوتوویە: «کالێ نازدار! ڕاستە دەزانی خوێندکارم؛ بەڵام نازانی خوێندکارێکی هەڵاتووم و پۆلیس و ساواک لێم دەگەڕێن». گوتوویە: «مەپرسە تاوانم چییە. تەنها تاوانم ئەوەیە کە ناتوانم خەونەکانت، خەونەکانمان بهێنمە دی. بۆیە دەبێ من و تۆ...» لە بیری چووە دەبێ ئەو و کالێ چی بکەن، یان بۆی نەگوتراوە؟ بەڵام ئیمڕۆ دەیلێت، دەبێ بیلێت، بڵێت: «کالێ، نازدار، دەزانم ڕۆژانێکی سەخت و ڕابوردوویەکی تاڵت بووە. دەزانم ئێستاش لە نسێی ئەم خۆشەویستییەدا پشوو دەدەی. نامەوێ، هەرگیز نامەوێ ئەو ڕابوردووە بگەڕێتەوە و، ئەم خۆشەویستییە بدۆڕێنیت. دەکرێ ئەم دڵدارییە بکەیتە هەوێنی ژیانی داهاتووت. ژیان و داهاتووی بەبێ من. ژیان و داهاتووی...» شاعیرانەیە ئەوەی دەیلێت. دەزانێت لە لای کالێ زمانی ئاوا پاراو و شاعیرانە بۆ ناگەڕێت. دەگاتە چوارڕێیانەکە. نازانێت گەیشتووە. بۆنی نانی تازە ناکات. نانەواخانەی سەر سووچی کۆڵانەکەش نابینێت. یەک، دوو هەنگاو تێدەپەڕێت. نانەواکە هەرای لێدەکات.

– ئیمڕۆ نانت ناوێ کاکە فەرهاد؟

ئاوڕی لێ دەداتەوە فەرهاد.

ڕستەی ئاخری نووسینەکەی ڕەش کردەوە. ویستی بنووسێ: «نایبیستێت کە ئاوڕی لێ بداتەوە».

گوتم: «ئاگای لە خۆی نییە. دڵی لە لای کۆترەکانی سەر بانی ماڵی کالێیە».

ئەو لە بەر نانەواخانەکەوە چاوی بۆ ماڵی کالێ گێڕا؛ نەیدی. سەربانەکەشی نەدی.

بەڵام کۆترەکانی دیکە بەژوور بانەکەوە، بەژوور بانەکانی کۆڵانەوە دەفڕین و دەسووڕانەوە. کەواتە ڕەحیمی برای کاڵێ لە ماڵەوە بوو. لەسەر بان و، خەریکی کۆتربازی بوو.

فەرهاد نانەکەی وەرگرت و ڕێ کەوتەوە. ئەویش شوێنی کەوت. ئێستا ئەویش ماڵ بەماڵی کۆڵانەکەی دەناسی. یەکەم ماڵ ماڵی دەروێش فەتاح بوو. سێ دەستە ماڵی تووناوتوون لەسەر حەسارێکی درێژ و باریک. خەڵکی گەڕەک پێیان دەگوت "دێوانە". کە فەرهادی دەدی دەیگوت: «پیری تەریقەت دەست بەعومرتەوە بگرێ. ڕەسمێکی حاجی کاک ئەحمەدی شێخم بۆ بکێشەوە، با بەدیواری ژوورەکەمدا، لە مابەینی دەفە و شمشێرەکان هەڵیواسم». هاوڕێکانی فەرهاد پێیان وابوو ساواکییە. دەیانگوت: «هەموو ئەو ماڵانە کە لە سەرەتای کۆڵانە داخراوەکاندان، ماڵە ساواکین». چەند ماڵ بەولاوەتر ماڵی ڕەعنا حەوت دەرپێ بوو. سەرەتا فەرهاد پێی وابوو خات ڕەعنا دەبێ حەوت دەرپێی لە پێدا بێ. یان ڕۆژێک لە ڕۆژان حەوت دەرپێی لە پێدا بووبێ. بەڵام دواتر بۆی دەرکەوت خات ڕەعنا حەوت کچی هەیە و دەچێتە هەر کوێ دەست بەکڕووزانەوە دەکا و دەڵێ: «مەسرەف گرانە، دەرەقەت نایەم. خەڵک دەرپێیەک دەکڕن، من دەبێ حەوت دەرپێ بکڕم». فەرهاد نەیدەزانی بۆ ناڵێ حەوت کراس، یان حەوت جووت کەوش. بەولاوەتر ماڵی ماشەڵا پۆستچی بوو. ئەو پیرە پیاوە ڕەقەڵە کە هەموو ڕۆژێک لە خواجەنشینی بەر دەرکەی ماڵەکەی دادەنیشت. تەنەکە پووتێک ئاگری دەکردەوە و باوەشی پێدا دەکرد. هاوڕێکانی فەرهاد تێکڕا لە ساواکیبوونی ئەو کۆنە پۆستچییە دڵنیا بوون و لێی تۆقا بوون. بەرامبەر بەماڵی ماشەڵا، ماڵی خات پەریزاد بوو. ژنێکی ڕووخۆش و میهرەبان. فەرهاد یەکەم جار کاڵێی لە ماڵی ئەوا دیبوو. دیسان بەولاوەتر، لە پشت دووهەم پێچی کۆڵانەوە ماڵی حاجی شەلە بوو. پیاوێکی گەڕاوە کە سەرو سمێڵی ڕەنگ دەکرد. برۆکانیشی ڕەنگ دەکرد. شەوان بەپەیژەدا هەڵدەگەڕا و، خۆی لە ژن و مێردان دادەگرت. دەیانگووت خۆی لە مامۆستای مزگەوتەکەش داگرتووە. کوڕێکی گولەکەی کوڕی بوو پێیان دەگوت حاجی کارلۆس؛ دز بوو. ڕۆڵەی لە باوەشی دایکی دەفڕاند و جورەی بەحەواوە ناڵ دەکرد. بەڵام وەزەندی بۆ خەڵکی کۆڵان نەبوو. وەستا تورکەی دەلاکیش دراوسێی ماڵی کاڵێ بوو. ژنەکەی شانازی بەوەوە دەکرد کە هەموو کوڕان و پیاوان و زۆربەی کچان و ژنانی گەڕەک، وەستا خەتێنەی کردبوون. کەسانێکی تریش بوون. بنەماڵەی تریش کە ئێستا ئەو دەیناسین. ئەو ڕۆژێک بەمنی گوتبوو: «ئەم هەموو ساڵە، بۆچی دەربارەی خەڵکی ئەم کۆڵانە هیچت نەنووسیوە؟» من گوتبووم: «ڕەنگە دوا



نووسینی چیرۆکی تۆ، چیرۆکی خەڵکی ئەم کۆڵانە بنووسم». نووسی:

دەنگی کچە تەونکەرەکان لە ژێرخانی ماڵەکانەوە دێت. سۆزی بەرتەونانەیان لە کۆڵان پەنگی خواردووەتەوە. دەیبیستێت فەرهاد. دەنگی کچەکان دەبیستێت و بەناو شەپۆلی سۆزی گوتنیاندا تێدەپەڕێت. لە ماڵ نزیک دەبێتەوە فەرهاد. لە دەرکەی چێوی ماڵی پیرێژن و پەنجەرەی بچووکی ماڵی کاڵێ. برا کوێرەکانی کاڵێ لە بەر دەرکەن. خشپەی پێی دەناسنەوە. دەست لە کاگڵی دیوارەکان دەسوون و بەرەو پیری دێن. بزەی دێتێ فەرهاد؛ خۆشەویستی کوڕە کوێرەکان خۆشی دەکات. شوێن خشپەی پێی کەوتوون کوڕە کوێرەکان. بەپێیەوە شەتڵ دەبن. فەرهاد دەست بەسەریاندا دەهێنێت. دەنەوێتەوە و سەرو نوقڵێکیان دەداتێ. ڕەحیم لەسەر بانەوە چاوی لێیە. دەنگ هەڵدەبڕێت: «چێشتەت کردوون کاک فەرهاد».

ڕەحیم دەسڕەیەکی گەورەی یەزدی بەدەستەوەیە. ڕایدەوەشێنێت و کۆترەکانی فڕ دەدات. کۆترەکان ماندوو بێ مەبەست بەحەواوە دەسووڕێنەوە. بەسەر بانی ماڵی کاڵێ و بەسەر بانەکانی کۆڵانەوە. لە ترسی هەڕەشەی دەسڕەکەی ڕەحیم ناوێرن بنیشن. خۆشەویستترینیان شاباڵ ڕەشێکە و یەک لە دوا یەک سەرمەقولات دەدات. خاوەنەکەی شاد دەکات.

مەرحەبایی ڕەحیم دەکات فەرهاد. نیگای لە کۆترەکانەوە بۆ ئەو و لە ویشەوە بۆ پەنجەرەی بچووکی ماڵەکەیان شۆڕ دەبێتەوە. شیشەی پەنجەرەکان ڕەسمی دیواری کاگڵ و تایەکی دەرکەی چێوی ماڵی پیرێژنیان لە خۆیاندا کێشاوەتەوە. گوڵە هەنارەکە لەناو تای دەرکەکەدایە. بەرزتر مەرحەبایی ڕەحیم دەکات. دەستە سپی و ناسکەکە لە پشت پەنجەرەکەو لە پشت گوڵدان و گوڵە هەنارەکەوە پەردە لادەدات.

ڕەحیم دەڵێت: «دەڵێن بەتەمای تابلۆیەک لەو کوڕە کوێرانە بکێشیتەوە».

هێشتا لە کۆڵانن کوڕە کوێرەکان. وەک هەمیشە دەست لەناو دەستی یەکتر. زمانیان دەرکێشاوە و نوقڵەکانیان دەلێسنەوە.

کێ دەڵێت؟ ناپرسێت فەرهاد. کێ گوتوویە؟ ئەو ڕۆژە کە نەخشی کاڵێی لە قەراغ حەوزەکە کێشاوەتەوە، گوتوویە: «بەتەمام تابلۆیەکیش لەو دوو کوڕە کلۆڵە بکێشمەوە...» سەیری پەنجەرەکە دەکاتەوە. کاڵێ خۆی پیشان نادات. لێی تۆراوە؟ خەم دایدەگرێت. لە بیری دەچێتەوە بۆچی هاتووەتەوە و بەتەمایە چی پێ بڵێت. یەک، دوو، سێ جار دەرکەی

چێوی ماڵی پیرێژن، ماڵی خۆی، دەکوتێت.

ڕەحیم دەڵێت: «لە کوێیی کاک فەرهاد؟ خۆ دەرکەکە دانەخراوە...»

من پێکەنیم. گوتم: «خووی پێ گرتووە».

فەرهاد تەریق بووەوە. بەنائومێدیەوە ڕۆشتە ژوور. ئەویش شوێنی کەوت و منیش بەدوایاندا. پیرێژن لە حەساری ئەو دیو دالانە تاریکەکە بوو. نەیگوت: «خۆ دەرکەکە دانەخرابوو، کوڕم». دەمێکە بوو نەیدەگوت. گوتی: «مەڕۆرە سەر. کارم پێتە کوڕم».

فەرهاد بێ واز بەرەو ڕووی چوو. بۆ حەسارە بچووکەکە و، پیرێژن پاکەتێکی گەورەی بۆ هێناو، دایە دەستی.

– پێش پێیی تۆ برادەرە عەینەکییەکەت بۆی هێنای.

بەنیگەرانییەوە گوتی. فەرهاد تێگەیی. دەیزانی کتێبە. لێی وەرگرت و گوتی:

– نەدەبوو...

پیرێژن گوتی: «دوێ شەو لە کوێ بووی؟ بریا لە ماڵ بوویتایە».

چی ڕووی داوە؟ ئەو نیگای لە پیرێژنەوە بۆ فەرهاد گوێزایەوە و، لە منی پرسی: «چی ڕووی داوە؟»

من هیچم نەگوت. پیرێژن گوتی: «دیسان شەڕیان بووەوە. شەڕێکی قورس. هەموو خەڵکی کۆڵانیان سەر ڕژایەوە».

پیرێژن نەیگوت کێ و کێ شەڕیان بووەتەوە و، خەڵکی کۆڵانیان سەر ڕژاوە.

فەرهاد تێگەیشتبوو. سەری لەقاند و ئاخێکی ساردی هەڵکێشا. ئەو پرسیارەکەی دووبارە کردەوە: «چی ڕووی داوە؟»

گوتم: «وەرە سەر با بۆت بگێڕمەوە».

فەرهاد و پیرێژن قسەیان دەکرد کە ئێمە بەپلیکانەکاندا هەڵگەڕاین و، خۆمان بەژووری سەر حەسارەکەدا کرد. ئێستا ئیتر ژوورێکی پۆشتە و پەرداخ بوو. ئەو لەسەر چرپاکەی فەرهاد دانیشت و چاوی لە دەمم بڕی. گوتم:

شەڕو قڕەی کالێ و ڕەحیمی برای قسە و هەواڵێکی تازە نییە. بەڵام لەوەتی فەرهاد هاتووەتە ئەم کۆڵانە، کێشەی ئەوانیش پەرەی سەندووە. هەر شەوە لەسەر شتێک شەڕیان دەبێ و پێکدا هەڵدەپڕژێن. سەرەتا لەسەر ئەوەی کالێ نەیدەهێشت لە ماڵەکەیاندا قومار



بکەن. دواتر گوتبووی، نابێ برادەرە لات و لووتەکانی ڕەحیم بەو ماڵەدا بچن. دوێشەویش پیلەی پێگرتبوو، گوتبووی: «دەبێ کارێک بدۆزیتەوە و، دەست لە...»

شەڕەکەیان قووڵ بووبووەوە. کالێ گوتبووی: «دەڕۆم شکایەتت لێدەکەم و بەگرتت دەدەم». گوتبووی: «ئەگەر دادم نەپرسن، بەجێتان دێڵم و سەری خۆم هەڵدەگرم». بەگریانەوە گوتبووی. ڕەحیم مەست بوو. لێی دابوو. کالێ لە ژوورەکە دەرپەڕیبوو. بەپەیژەدا هەڵگەڕابوو. گوتبووی، دەچێ سەری کۆترەکانی هەڵدەکەنێ. ڕەحیم لە پەیژەکە خستبوویە خوار. چەقۆی لێ کێشابوو. ویستبووی بەورگیدا بکا. دراوسێکان فریا کەوتبوون و چەقۆکەیان لە دەست دەرهێنا بوو. کالێ خۆی ڕنیبوو، گریابوو. کوڕە کوێرەکانیش گریابوون. پیرێژنی خاوەنی ماڵی فەرهاد، کالێیی بردبووەوە ماڵی خۆی. تا بەیانی لە لای خۆی خەواندبووی.

ئەو گوێیی گرتبوو. فرمێسک لە چاویدا پەنگی خواردبووەوە. فەرهاد هێشتا لە حەسار لە لای پیرێژن بوو. ڕەنگە فرمێسک لە چاوی ئەویشدا پەنگی خواردبێتەوە. ئەو هەستا و لە پەنجەرەکەوە سەیری کرد. سەیری پیرێژن و فەرهاد. ئەوسا ئاوڕی لە من دایەوە. گوتی: «باشە بۆ کالێ لە فەرهاد تۆراوە؟ بۆ خۆی نیشان فەرهاد نادا؟»

گوتم: «لە فەرهاد نەتۆراوە. دوێ شەو بەشەقی ڕەحیم ژێر چاوی ڕەش بووەتەوە و، ماسیوە. حەز ناکا فەرهاد بەو شێوە بیبینێ».

ئەوسا هەستام. دەبوو بەشوێن کارێکدا لە ماڵ بڕۆمە دەر. لە ماڵی فەرهاد و ئەو بەجێ بێڵم. گوتم: «من دەڕۆمە دەر. تا دەگەڕێمەوە تۆ بەوردی ڕووداوی ئەو شەوە و ئەو شەڕ و قڕە بنووسە».

ئەو هێشتا لە پشت مێزەکەی بوو. لە پشت مێزی ژوورەکەی خۆی و هێشتا قەڵەمەکەی بەدەستەوە بوو. لە دوا ڕستەی نووسینەکەی ورد بووەوە. نووسیبووی:

ڕەحیم دەڵێت: «لە کوێیی کاک فەرهاد؟ خۆ دەرکە دانەخراوە».

# پانزه

دیسان گڕ و دیسان با و خەڵوەتی ڕچیوی کۆڵان. دیسان سەمای گڕ و با و قیژەی تیژ و ترسناکی... قیژەی تیژ و ترسناکی کێ بوو خەوی شەوانی لێ حەرام کردبوو؟

ئەو بەیانی بەر لە خۆرکەوتن لە خەو ڕاپەڕیبوو. سەرەگێژە و... ماوەیەک بوو جاروبار تووشی سەرەگێژە دەبوو. بەڵام ئەم بەیانییە... سەرەگێژەی خواردنەوەی دوێ شەو بوو ڕەنگە. دوێ شەو جەلالی هاوڕێی لێرە بوو. بەبۆنەی شەوی یەلداوە، لە ئێوارەوە هاتبوو. بتریەکیشی لەگەڵ خۆی هێنابوو. گوتبووی: «لە درێژترین شەوی ساڵدا هاتووم خەمی ژیانت لەگەڵ بەبا دەم». وەک زۆربەی شەوانی جومعە کە دەهات و خەمی ژیانی لەگەڵ بەبا دەدا. لەو سەری حەسارەوە بەگۆرانی خوێندن هاتبوو. لە ژوورەوە زەبتەکەی دیبوو. پێکەنیبوو، گوتبووی: «وادیارە لەم دوو، سێ حەفتەدا کە من نەهاتووم، هەوێم بەسەر هاتووە. پیرۆزت بێ، خەریکە دەبی بە ماڵ. لەوە ناچێ بەتەمای گەڕانەوە بی». ئەو گوتبووی: «مێردەکەی مونیرە بەدیاری بۆی هێناوم. سێ شریتیشی لە گەڵە. تایەر تۆفیق، عەلی مەردان و، بەنان. کامیانت پێ خۆشە؟»

– ئیلاهەی ناز.

دەنگی گەرمی بەنان بەژوورەکەدا بڵاو بووبووەوە. پیاڵەکان پڕ و خاڵی بووبوونەوە. جەلالی لەگەڵ شریتەکە خوێندبووی: «ای الهە ناز... با دل من بساز... کین غم جانگداز... برود ز برم». ئەو گوتبووی: «دەمێکەیە گوێم لە دەنگی بەنان نەبووە. لەو دەمەوە کە...»

لە بیری نەمابوو لە کەیەوە. جەلالی لە بیری بوو. ئەو ڕۆژانە کە بەنان ئیلاهەی نازی دەخوێند و، ئەو بەیادی ئەفسانەوە خۆی ڕادەژەند. لە ژوورەکەی ئەو بوون یان لە ماڵی جەلالی؟ دەرکەیان لەسەر خۆیان دادەخست. «با کەمێکیش لە ئەی ڕەقیب بێینە دەر». ئەو گوتبووی یان جەلالی؟ جەلالی ڕۆژانی خۆپیشاندان و ڕێپێوانەکانیشی لە بیر بوو. ئەو ڕۆژانە کە خەڵک بەهەر بیانوویەکەوە دەڕژانە ناو شەقامەکان و... هەمیشە بیانوویەک بوو. کوشتارێک لە شارێک دەکرا و خەڵک ناڕەزایەتیان دەردەبڕی. بەیانێک لە سەرکردایەتی شۆڕشەوە دەدراو، خەڵک بەپیریەوە دەچوون. کەس یان کەسانێک شەهید



دەبوون و خەڵک تەرمی شەهیدەکانیان دەخستە سەر شانیان و بەرەو گۆڕستانیان دەبردن. ئەو لەگەڵ خەڵک بوو. لەناو خۆپیشاندانەکاندا و وەک هەمیشە چاوی بەشوێن ئەفسانەوە بوو. جەلالیش...

جەلالی گوتبووی: «سێ ڕۆژانەی شەهیدەکان و حەفتە و چلە و...» جەلالی حسابی هەموو ئەو ڕۆژانەی کردبوو کە خەڵک لە ماڵەکانیان دەڕژانە دەر. بۆ ناو شەقامەکان و... گوتبووی: «هەموو ڕۆژێک ژوانت دەبێ. ژوانی شۆڕشگێڕانە». ئەو شەرمەزار بووبووەوە. شەرمەزار دەبوو. لەو خەڵکە کە گەمەیان بەژیانیان دەکرد و... لە خۆی. تەنانەت لەنیگای ئەفسانەش. ئەو نەیدەزانی نیگای ئەفسانە سەرکۆنەکەرە یان عاشقانە.

جەلالی ئەفسانەشی لە بیر بوو. کچێک کە ڕووپۆشێکی شینی لە بەردا بوو، جامانەی کردبوو بەلەچکە و لە هەموو ڕێپێوان و خۆپیشاندانێکدا دەستی هەڵدەبڕی. وەک هەموو گەنجەکان سروودی دەخوێند و کە ڕێپێوانیش دوایی دەهات، بەتەنها لە کۆڵانە تەنگەبەرەکانەوە بەرەو ماڵ دەچووەوە. هەنگاوی سووکی هەڵدەهێنایەوە. جاروبار بەبیانوویەکەوە ئاوڕی دەدایەوە و دووراودوور ئەوی بەدوای خۆیەوە دەبینی. ئەو و جەلالی. جەلالی گوتبووی: «تۆ دەبێ لەوە شەرمەزار بی کە ئەو کچە کلۆڵەت لە گومان و چاوەڕوانیدا هێشتووەتەوە. دەبێ لەوە شەرمەزار بی کە ناچی...»

ئەو گوتبووی: «ڕۆژی سەرکەوتنی شۆڕش. ئەو ڕۆژە دەچم و لە هەر کوێ بێ...»

جەلالی ئەو ڕۆژەشی لە بیر بوو، ئەو ڕۆژە کە هەموو خەڵکی شار ڕژابوونە دەر و لە شەقام و مەیدانەکان کۆڕی سەما و هەڵپەڕکێیان ساز کردبوو. سەرچۆپیکێشەکان لە بری دەسرۆکە دەمانچەیان پێبوو. ناوەناوە بەئاسماندا دەیانتەقاند. ئەفسانە و دەستەیەک ژن و کچی تر لە دەوری مەیدانی ئازادی بوون. ئەو دوور لە ئەوان لە سووچی کۆڵانێک ڕاوەستابوو. ڕۆژێکی خۆش بوو. خۆشترین ڕۆژی ژیانی. جەلالی گوتبووی: «تۆ سوێندت خواردووە ئیمڕۆ قسەی لەگەڵ بکەیت». ئەو گوتبووی: «لە ناو ئەو هەموو خەڵک و قەرەباڵغییەدا؟» جەلالی هیچی تری نەگوتبوو. چووبووە قەرەباڵغییەکەوە. چووبووە لای دەستەی ژن و کچەکان. چووبووە لای ئەفسانە و، گوتبووی: «خانم ئەو برادەرە کاری پێتە». بەقامک ئیشارەتی بۆ ئەو کردبوو. ئەو بەو ڕۆژە ساردە هەموو گیانی سەر ئارەق نیشتبوو. ئەژنۆی لەرزیبوو؛ ویستبووی هەڵێ، بەڵام هەڵنەهاتبوو، سەری داخستبوو. ئەفسانەش بەترس و شەرم و سەرسوڕمانەوە سەیری ژن و کچەکانی کردبوو. وەها کە

داوای یارمەتییان لێ بکا. گوتبووی: «کاری بەمنە؟!» جەلالی بەگران تفی قووت دابووەوە و، گوتبووی: «بەڵێ».

– بەڵام من...

ئەفسانە نەیزانی دەبێ بڵێ چی. ناچار سەر ڕێ کەوت. بەشەرم و... ئەو دەیدی کە گۆناکانی سوور هەڵگەڕاون. بەترسەوە لەملاولای دەڕوانێ و هەنگاوی سووک... گوتی:

– بەڵێ فەرموو.

ئەو شەپلە لێی دابوو، دەلەرزی. گوتی: «سەلام».

ئەفسانە دەبوو پێبکەنێ، بەڵام پێنەکەنی. جەلالی لە دوورەوە حەتمەن پێدەکەنی. ئەو گوتی: «من سوێندم خواردووە...»

هەرا هەرای جەماوەر و، دەسرێژی گوللەی شادییانە نەیدەهێشت قسەی یەکتر ببیستن. ئەفسانە گوتی: «دەبێ لە شوێنێکی چۆڵتر قسە بکەین».

ئەفسانە گوتبووی؟ ئەوسا ڕۆشتبوو. ئەویش شوێنی کەوتبوو.

جەلالی تەواو سەرخۆش بوو. دوا چەند جار ئەمبەراوبەر کردن بەشریتەکەی بەنان، دەریهێنابوو. عەلی مەردانی لێدابوو. «پێم دەڵێ خالۆ... گوایە من پیرم...»

ئەو تا چێشتەنگاو دوو حەبی ژانەسەری خوارد. پاشان بارام هات. بارام دەسگایەک کامپیوتێری بۆ هێنابوو. کامپیوتێری کوڕەکەی بوو. گوتی: «جگە لە یاری هیچی تری پێناکا. ئێستاش کاتی تاقیکردنەوەی قوتابخانەیە. واچاکە ماوەیەک لێرە بێ. لە لای تۆ».

بارام برای چاک بوو. زەردەخەنە و جووڵەی میهرەبانانەی دەستەکانی دەیانسەلماند برای چاکە.

– پێموابێ بەکەڵکی تۆ بێ.

ئەوسا بردیە ژوور و، لەسەر مێزەکەی داینا.

– تەریق دەبمەوە برا نووسەرەکەم کامپیوتێرێک لەسەر مێزەکەی نەبێ.

ئەو گوتی: «من ئەگەر پێویستم بەکامپیوتێر بێ دەیکڕم».

بە تووڕەییەوە گوتی. بارام سەرخۆی نەهێنا. گوتی: «دەزانم. نەتکڕیوە چونکا بەتەمای مانەوە نەبووی».



بارام کامپیوتێرەکەی لە بەرق دا و، هەڵی کرد. چەپکێک گوڵی سوور دەرکەوت. گوتی: «باسی فرۆشتنی ماڵەکەت بۆ مونیرە کرد؟»

ئەو باسی کردبوو. بەڵام گوتی: «نا، لە بیریشم چووبووەوە».

بارام پێکەنی. ڕەنگە زانیبێتی درۆ دەکا. دەیزانی ئازاری دەدا. گوتی: «دەبێ لە دەرفەتێکدا بتبەمە لای دوکتۆرێکی چاک. ئاوا بڕۆیتە پێش تووشی فەرامۆشی دەبی».

ئەو داچڵەکی. نەیزانی دەبێ چی بڵێ. بارام گوتی: «من دەڕۆم بۆ تاران. سەر لە ماڵی ڕووناکیش دەدەم. تەنانەت ئەگەر مێردە بوغزاوییەکەشی لە ماڵ بێ. دەزانم هەواڵی فرۆشتنی ماڵەکە خۆشحاڵیان دەکا. تۆش بەمونیرە بڵێ. بەفرۆشتنی ئەم ماڵ و حەسارە هەموومان بەنان و نەوایەک دەگەین. ئەوسا سوێنەی پڕ...»

بارام هەروا کە بەپەلە هاتبوو، بەپەلەش ڕۆیی. ئەو هێشتا سەری دێشا. سەری دێشا؟ ویستی حەبێکی تر بخوا کە زیرەی تەلەفوونەکەی بیست. بەرزی کردەوە. مونیرە بوو. گوتی: «دەبوو دوێشەو بهاتیتایە؛ شەوی یەلدا بوو. خۆش بوو پێکەوە بین».

مونیرە بەگلەیی بوو. گوتی: «خواردنی شەوی یەلدام ساز کردبوو. شووتی و کوڵێ شەوچەلەم کڕیبوو. نەشمیل بەتەما بوو لە لەیلا بگێڕێتەوە. قەرار بوو ئەگەر تۆ بێی لە بنەماڵەکەشی بگێڕینەوە. دایە گەورە و مامە و مامۆژنی...»

ئەو داوای لێبووردنی لێ کرد. گوتی: «میوانم بوو».

نەیگوت جەلالی. مونیرە گوتی: «خۆ ئێستا میوانت نییە. نیوەڕۆ وەرە بۆ ئێرە».

– بۆچی؟

– ڕۆژی جومعەیە و حەز دەکەین لانی کەم ئەم نیوەڕۆیە پێکەوە بین.

جومعە؟ چەند ڕۆژ بوو چاوەڕوانی جومعە بوو، کەچی ئیمڕۆ لە بیری چووبووەوە. ترسا. هێشتا توانجەکەی بارام لە گوێیدا بوو. «ئاوا بڕۆیتە پێش تووشی فەرامۆشی دەبی». قسەکەی منیشی بیر کەوتەوە. گوتبووم: «کاتێکی زۆرت بۆ تەواو کردنی چیرۆکەکە نەماوە». بیری هەموو ئەو شەو و ڕۆژانە کەوتەوە کە ترسا بوو وەک فەرهاد...

ئەوە چ قەدەرێکە لێرە هەموو کەس تووشی فەرامۆشی دەبێ، یان بووە. هەموو کەس؟ شەوی ڕابوردوو جەلالی گوتبووی: «منیش تووشی فەرامۆشی بووم». دەمەو نیوەشەو جەلالی تەواو سەرخۆش بوو. هەستا بوو بڕوا، ئەو بەری پێگرتبوو. گوتبووی: «چاک نییە بەم حاڵەتەوە بڕۆیتە دەر. دەترسم...» جەلالی هەڵی دابوویە: «من پیاوێکی ژن و

منداڵداری عالوو سالم...» وشەکان بەلالێویەوە بەربووبوونەوە. ئەو پێکەنیبوو.

گوتبووی: «تەلەفوون بۆ خێزانت دەکەم. دەڵێم من بەزۆر گلم داوەتەوە». خێزانی جەلالی ژنێکی خانم و میهرەبانە. لەو ژنانە کە هەرکەس دەیبینێ، دەڵێ: «چەندە لە دایکم دەچێ».

ئەو تاوی دابووە تەلەفوونەکە. جەلالی نەیهێشتبوو. گوتبووی: «لەم سێ، چوار ساڵەدا کە بوومەتە پیاوی ماڵ، شەو نەبووە لای ژن و منداڵەکەم ڕۆژم نەکردبێتەوە». ئەوسا هەستا بوو. لەتری دابوو. ئەو گوتبووی: «ئەی لەوە پێش؟»

– لەوە پێشم لە بیر نەماوە. فەرامۆشم کردووە.

جەلالی دەمێک ساڵ بوو ژنی هێنابوو. بەڵام دەیگوت: «لەوەتی ناتوانم خەیاڵ بکەم و خەون ببینم، هەست دەکەم ژن و سێ منداڵم هەیە» ئەو تێنەگەیشتبوو. من گوتبووم: «تەنها ئەو ژن و پیاوانە کە ساڵانێک بەبێ عەشق پێکەوە ژیاون تێدەگەن». منیش سەرخۆش بووم؟

ئەو دەمەونیوەڕۆ چوو بۆ ماڵی مونیرە. پێشتر پێی گوتبوو: «دوانیوەڕۆ دەڕۆم بۆ پارک. قەرارە لەیلاش...» کە هەستا بڕوا، دیسان دووبارەی کردەوە: «دڵنیای کە دەکرێ لەگەڵ کچێکی گەنج لە پارک پێکەوە بین؟»

مونیرە گوتی: «تا پار و پێرار جاروبار پۆلیس بەری بەو کچ و کوڕانە دەگرت کە کەسوکاری یەکتر نەبوون و پێکەوە دەگەڕان».

ئەوسا پێکەنی و گوتی: «مەترسە ئێوە گومانی هیچتان لێ ناکرێ».

ئەو تێگەیشت. پیاوێکی گەڕاوەی وەک ئەو... کێ گومان لە پیاوێکی گەڕاوە دەکا؟ تا گەیشتە پارکەکە چەند جار ئەو پرسیارە تاڵەی دووبارە کردەوە.

– کێ گومان لە پیاوێکی...

پارکەکە بەبەرزاییەکەوە بوو. ساڵانێک لەمەبەر کاتێک لەگەڵ ئەفسانە هاتبووە ئێرە، درەختەکانی ئەوەندە بەرز و هەڵکشاو بوو، پاییز ئەوەندە مات و خەمۆک نەبوو. پاییز؟ ئیمڕۆ یەکەم ڕۆژی زستان بوو. دوێنێ پاییز و ئیمڕۆ زستان؛ بەڵام هیچ شتێک نەگۆڕابوو. بەیەکێک لە شەقامە بەرتەسکەکاندا بەرەو بڵیندایی پارکەکە هەڵگەڕا. ماندوو بووبوو. لەسەر کورسییەکی سیمانی دانیشت و جگەرەیەکی داگیرساند. شار لەو خواریەوە سەرنجی نەقۆستەوە. شەقامە بەرتەسکەکە و درەختەکانی ئەمبەراوبەری، تیژ بەرەو ئەو



هەڵدەکشان و، ڕیزی بنە گوڵە وشکەکان و سەوزە و چیمەنی پێخوست و گەڵای وشک و وەریوی ناو جۆگەلە سیمانییەکان... میراتی پاییز لە هەموو لایەکەوە لە ئەو ورد بووبووەوە. لە ئەو و لەو ژن و پیاوانە کە تاک و تەرا، دووراو دوور لەسەر کورسییە ڕەق و ساردە سیمانییەکان دانیشتبوون. یان بەناو درەختە ڕووتەکاندا پیاسەیان دەکرد.

ئەو مژێکی قووڵی لە جگەرەکەی داو، نیگای چاوەڕوانی بەسەرەو لێژی شەقامەکەدا شۆڕ کردەوە. چاوەڕوان؟ لەیلای لە خوار شەقامەکە دی. گورج و خێرا دەهات. دەتگوت کەسێکی بەشوێنەوەیە. وەک ئەفسانە کە گورج و خێرا دەهات و ئەو دەیزانی ناسری بەشوێنەوە بووە. ناسری کە سوار پڕۆیەکی سەوزی مودێل باڵا دەبوو، جاروبارەیش لە کۆشکی لاوان تاری دەژەند.

ئەفسانە دەیگوت: «واز ناهێنێ. هەموو ڕۆژێک شوێنم دەکەوێ. هەموو شەوێک کەسێک دەنێرێتە خوازبێنیم. دەترسم ئاخرەکەی...» ئەو تووڕە دەبوو. هەڵدەچوو. دەیگوت: «دەڵێم ڕۆژێک لە ناوەڕاستی شەقامدا بەری پێبگرن، لە ئوتومبێلەکەی بیهێننە خوار و، کام لات دێشێ... بیکوتن». ئەفسانە دەترسا. دەترسا و پێدەکەنی. دەیگوت: «بە شەڕ و لێدان ناکرێ. خەڵک پێدەزانن و حەیامان دەچێ». ئەو دەیگوت: «چەند هاوڕێی چەکدارم هەیە. دەڵێم شەوێک بڕۆنە گیانی و... بیتۆقێنن. ئەو بێچووە سەرمایەدارە و هاوڕێکانم...» ئەفسانە دەیگوت...

لە بیری نەماوە ئەفسانە چی گوتبوو. ڕەنگە گوتبێتی: «خۆشەویستی چ پەیوەندییەکی بەکوڕە هەژار و کوڕە سەرمایەدارەوە هەیە؟ خۆ تۆش کوڕە هەژار نیت. دەڵێن باوکت...» یان ڕەنگە هیچی نەگوتبێ.

لەیلا لێی نزیک بووەوە. هێشتا نەیگەیشتبوویە، بەدەم زەردەخەنەیەکەوە دەستی لەژێر چارشێوە ڕەشەکەی دەرهێنا و لێی ڕاتەکاند. ئەفسانە چارشێوی ڕەشی بەسەردا نەدەدا. مانتۆی شینی لە بەر دەکرد و جامانەی دەکردە لەچکە. لەیلا گەیشتە لای. کولمەکانی سوور هەڵگەڕابوون و چاوە گەشەکانی دەدرەوشانەوە. گوتی: «ببوورە. دەزانم موزاحیمم. دەزانم حەزت کردووە بەتەنها بی. بەتەنها لەگەڵ بیرەوەرییەکانی ڕابوردووت...»

لە گەڵ بیرەوەرییەکانی ڕابوردوو؟ ئەو بیری کردەوە، ئەفسانە ساڵانێک بوو لەژێر خاکدا بوو. نەوەک لەم شارە. لە شارێکی تر. لە تاران. بۆیە زەردەخەنەیەکی تاڵی کرد. لەیلا چاوی بەملاولادا گێڕا. لە بەرزترین شوێنی شار بوو. پێشتر هاتبووە ئێرە؟ لەو خواریەوە

ماڵەکان، شەقامەکان و تەنانەت ئەو ئوتومبێلانە کە بەشەقامەکاندا تێدەپەڕین دیار بوون. دەتگوت سوار تەیارە بووە و بەئاسمانەوەیە؛ ترسا. زەردەخەنەکەی سەر لێوی کاڵ بووەوە. دەتگوت خەریکە بەردەبێتەوە و دەکەوێتە خوار. لەژێر پێیدا هەستی بەهیچ نەکرد. دانیشت. لەسەر کورسییە سیمانییەکە و بەرە دەستی لە قەراغەکانی توند کرد. سەرما و قایمی سیمانەکە دڵنیایی بۆ گەڕاندەوە. ئاهێکی خۆشی هاتێ. گوتی: «ئێرە شوێنێکی زۆر خۆشە، بەڵام...»

ئەوسا هەناسەیەکی قووڵی کێشاو، ماندوو بوونی پێ ئاشکرا کرد. هەموو وزەی خۆی کۆکردبووەوە کە بەسەر ترسەکەیدا زاڵ بێ. گوتی: «لە بیری چیدا بووی؟»

ئەو هیچی نەگوت. یان شتێکی گوت کە پەیوەندی بەپرسیارەکەی لەیلاوە نەبوو. لە پەنایدا دانیشتبوو. باسکی خستبووە سەر پاڵپشتی سیمانی کورسییەکە. لە ڕوومەتە سەرما گەستەکەی لەیلا ورد بووبووەوە. زەردەخەنە هێشتا ڕوومەتە سوور و سپییەکەی نەخشاندبوو. بەڵام ترس و... ترس؟ شەرم و دڵەڕاوکەی پێ نەدەشاردرایەوە. ئەو چاوی لێ نەدەترووکاند. نیگای قورس بوو. ڕوخساری لەیلا بەنیگای قورسی پیاوێکی گەڕاوە ڕانەهاتبوو. ئەو تێگەیی. سەری وەرسووڕاند و لە بەرامبەری ڕوانی. لە باریکە شەقامەکەوە... کەسی پێدا نەدەهات. جگەرەیەکی تری داگیرساند. لەیلاش داوای جگەرەی لێ کرد، بەشەرمەوە. ئەو یەکەم جار بوو دەیدی لەیلا جگەرە دەکێشی. گوتی...

لەیلا نەیهێشت قسە بکا. گوتی: «تاک و تەرا. ئەویش بەدزییەوە».

ئەوسا هەستا؛ هەستان. دوو بەدوو شان بەشانی یەکتر بەشەقامی سەر تەختاوکەکەدا، بەقەراغ بنە گوڵە وشکەکان و، درەختە ڕووتەکاندا، ئارام و بەکاوەخۆ ڕێکەوتن. چی بڵێن؟ هیچیان قسەیان بۆ گوتن پێنەبوو؛ یان...

– تارایەکی زەرد... چەپکێ گوڵی سیس... گۆنای تەڕ کردم، فرمێسکی پاییز».

گوتی: «فولکلۆرە؟»

لەیلا لای لێکردەوە. زەردەخەنە هەمیشەییەکە و... ئەو تێگەیی. بۆ دەبێ کچێکی گەنجی وەک لەیلا باسی تارای زەرد و گوڵی سیس بکا؟ گوتی: «تۆ دەتوانی لەمانە شادتر شێعر بڵێیی. تۆ هێشتا لە سەرەتای ژیان و لاوەتیتدای. ئەم قسانە قسەی کەسی چیرۆکەکانی منن. ئەو کەسانە کە ژیان و لاوەتییان...»

لەیلا ڕاوەستا. چەند هەنگاو بەولاوەتر، ئەویش ڕاوەستا و ئاوڕی دایەوە.



– قسەیەکی خراپم کرد؟

لەیلا نەیبیست. ئەو هەردوو دەستی ئاخنیبووە گیرفانی پاڵتۆکەی و، ملپێچێکی خوری شینی بەملاو لای شانیدا بەردابووەوە. لە چاوی لەیلاوە پیاوێکی ئارام و بەویقار، بەڵام نیگەران و خەمۆک بوو. لێی ڕاما. بیری کردەوە، «میهرەبان بۆ لای کەسایەتی چیرۆکەکانی گەڕاوەتەوە». نیگای بێ ئیختیار لە ئەوەوە بۆ زەمینەکەی پشتی، بۆ دەشتێکی یەکپارچە زەرد لە خوار پارکەکەوە و، شاخێکی خۆڵەمێشی دوور و، ئاسمانێکی گرژ و مۆن فڕی. ڕوانگەیەکی سارد و تاڵ بوو. تاڵتر لەو بەیتە شێعرە کە چەند ساڵ لەمەبەر بەبۆنەیەکەوە گوتبووی. بە چ بۆنەیەکەوە؟ گوتی: «دەتەوێ بڵێیی کچێکی لاوی وەک من ناتوانێ کەسی چیرۆکەکانی تۆ بێ؟»

بۆ دەیپرسی؟ ئەو چەند هەنگاوەکە گەڕایەوە. بەرەو ڕووی لەیلاو ئێستا ئیتر بەتەواوی لێی نزیک بووبووەوە. لە بەرامبەری ڕاوەستابوو. لە چاوەکانی ورد بووبووەوە. چاوەکان پڕ پرسیار و نیگەران، بیلبیلەکان لە سپیەنەیەکی تۆخ سپیدا و نیگای ئەو بەسەر گۆناکانیدا خزی. گۆنای سوور و سپی وەک پەڕەی گوڵەباخ ناسک بوون. لێوەکانیشی دەلەرزین. ڕەنگە لەشیشی لەرزیبێ. لەشێک کە ئامادە بوو خۆی بەباوەشی ئەو بسپێرێ و ئەو هێشتا دەستەکانی لە گیرفانی پاڵتۆکەی ئاخنیبوو.

لەیلا پرسیارەکەی دووبارە کردەوە. ئەمجارە بەشەرم و پەروایەکی زیاترەوە گوتی: «من ناتوانم کەسی چیرۆکەکانت بم؟ ئەو چیرۆکە تازانە کە لەمەدوا دەیاننووسی؟»

ئەو گوتی: «نا...»

تاڵ و جیدی گوتی. بەخەم و حەسرەتەوە. گوتی: «من دەرفەتێکی زۆرم بۆ نووسینی چیرۆکی تازە نەماوە. تەنها دەتوانم بەچیرۆکە کۆنەکانمدا بێمەوە. یان چیرۆکە کۆنە نەنووسراوەکانم بنووسم».

ئەو هەروا لە ڕوومەتی لەیلا ورد بووبووەوە. بیلبیلەکان لە سپیەنەیەکی تەڕ و تۆخ سپیدا... لە پشت ئەو ڕوومەتەوە نیگای بۆ شار گوێزایەوە. بۆ قەرەباڵغی و هەرا و هوریای نەدیوی ماڵ و کۆڵان و شەقامەکانی شار. لەیلا هێشتا لە بەرامبەریدا بوو. نزیک، ئەوەندە نزیک کە پیرە پیاوێکی تەنها کە لە باریکە شەقامەکەوە تێدەپەڕی، بۆ ئەوەی لە یەکتر جیایان بکاتەوە، کۆکی.

ئەوان سەر ڕێ کەوتبوونەوە. دیسان شان بەشانی یەکتر، بەقەراغ درەختەکان و بنە گوڵە

وشکەڵەکاندا گەڕابوون و ئێستا لەسەر کورسییە سیمانییەکە دانیشتبوونەوە. هەوا سارد بوو. بەتایبەت لەو بەرزاییەیە و، ئەو لەو سەرمایەدا چیرۆکی فەرهاد و کاڵێی بۆ لەیلا دەگێڕایەوە. یەکەمجار بوو دەربارەی چیرۆکەکە و دەربارەی فەرهاد و کاڵێ بۆ کەسێک دەدوا. گوتی: «قەدەرێکی سەیرە. قەدەرێکی نەگۆڕ. ئەوان دەبێ لە یەکتر جیا ببنەوە. لە یەکتر هەڵبڕێن و هەریەکە شوێن چارەنووسی خۆیان کەون. من بەچارەنووسی فەرهاد دەزانم. فەرهاد خوێندکارێکی هەڵاتووە و پۆلیس و ساواک لێی دەگەڕێن. دڵنیام ئیمڕۆ یان سبەینێ دەیگرن و...»

لەیلا گوتی: ئەی کاڵێ. کاڵێ چی بەسەر دێ؟

– هێشتا نازانم. من چیرۆکی کاڵێ ڕۆژ بەڕۆژ دەنووسم. واتە تەنها ئاگاداری ئیمڕۆیم و لە سبەینێی بێ خەبەرم. وەک خۆی کە لە ئیمڕۆیدا دەژی و، ئاگای لە سبەینێی نییە.

هەمیشە وابووە. ژنان لە ئیمڕۆ و ئێستایاندا ژیاون و، ئاگایان لە سبەینێ و داهاتوویان نەبووە.

– بە پێچەوانەی پیاوانەوە. پیاوان لانی کەم دەزانن کە سبەینێ دەگیرێن، دەکوژرێن، یان تووشی فەرامۆشی دەبن.

لەیلا گوتی؟

سەرما زۆری هێنابوو. ئەوان هەستان و بەسەرەو لێژی باریکە شەقامەکەدا داگەڕان.



# شانزە

لەوەتی هاتبووەوە پەستا پەستا دەیگوت: «دوو سێ مانگ زۆر کەمە. دەترسم فریا نەکەوم».

فریای چی؟ نەمدەپرسی، دەمزانی. دوو حەفتە لە یەکەم هاتنی فەرمانبەرەکانی بانک تێپەڕیبوو، ئەو هێشتا مەسەلەکەی بەجیدی وەرنەگرتبوو. مەسەلەی فرۆشتنی ماڵ و حەسارەکە و... تەنانەت لە بیریشی چووبووەوە. تەنها جاروبار کە قسەی لێکرابوو، بارام باسی کردبوو یان مونیرە و مێردەکەی، بیری کەوتبووەوە. ترسا بوو؛ بەڵام دیسان لە بیری چووبووەوە. دەتگوت بەئەنقەست لە بیر خۆی دەباتەوە. بەپێچەوانەی ئەوەوە، بارام لە هەموو ئەم ماوەدا دەستی لە ماڵ و منداڵ و کار و کارخانەی هەڵگرتبوو. بەفرۆشتنی ماڵ و حەسارەکەوە نووسابوو.

دەبوو بیزانیایە، ئەو ئەگەر تا ئەو ڕادەیە بەنیسبەت ڕووداوەکانی دەورو بەریەوە بێ مەبالات نەبوایە، دەبوو بیزانیایە. بارام جارێکی تریش فەرمانبەرەکانی بانکی لەگەڵ خۆی هێنابووەوە. ئەمجارە خۆمانە و سەمیمی تر بوون. بارام باسی کۆنی ماڵەکەو دەرکەو پەنجەرە و گەچبڕیەکانی بۆ نەکردبوون و ئەوانیش قسەیان لە ڕووخاندنی نەکردبوو. ماڵ و حەسارەکەیان میترپێو کردبوو، میوە و شیرینییان خواردبوو، ڕۆشتبوون. بۆ سبەینێدا بارامیش چووبوو بۆ تاران. لە تاران دوا چەند ساڵ دووری و دەنگ دابڕان، چووبوو بۆ ماڵی ڕووناک. دوای ئەوە کە گەڕابووەوە چووبوو بۆلای مونیرەش. بۆ سەر گۆڕی باوک و دایکیشی. گوایە سپاردبووی کێلێکی تازەش بۆ گۆڕی باوکی ساز بکەن. بارام ئەم هەموو کارەی لەم ماوەدا کردبوو. بەڵام ئەو...

ئەو هەموو ئەم ماوە لە بیری فەرهاد و کاڵێدا بوو. لە بیری ئەفسانە و...

ئیمڕۆ ڕووناکی خوشکی لە تاران هاتبووەوە. دوا چەند ساڵ بەبۆنەی... ئەو نەیدەزانی بەبۆنەی چییەوە. ئەوەندەی دەزانی کە ئێستا هەموویان لە ماڵی مونیرە بوون و سبەی شەو لەماڵی ئەو... ماڵی ئەو؟ لە ماڵی میرزا سەعیدی باوکیان کۆ دەبوونەوە. هەر چوار خوشک و برا لە دەوری سفرەیەک، سفرەی ماڵی میرزا سەعید. بەیادی ڕابوردوو، بەیادی ئەو ساڵانە کە هێشتا میرزا سەعید مابوو؛ ڕەعنا خانمی ژنیشی مابوو، کۆ دەبوونەوە. ئەم

ئێواره له گۆڕستان لەسەر گۆڕی دایک و باوکیان یەکیان گرتبووەوە. فاتیحایەکی بەکۆمەڵیان دادابوو. ئەوسا ئەملاولای یەکتریان ماچ کردبوو. یەکتریان لە باوەش گرتبوو. بەسەر یەکتردا گریابوون. بەسەر ئەویشدا گریابوون. کە ژێر بووبوونەوە، مونیرە گوتبووی: «هەمووومان دەچین بۆ ماڵی ئێمە». ئەو و ڕووناک چووبوون. بەڵام بارام و ژن و منداڵەکەی... بارام و ژن و منداڵەکەی دوا نان خواردن هاتبوون. گوتبوویان: «هەرچیمان کرد لە ماڵەوە خۆمان پێ نەگیرا. ئێوە لێرە لە دەوری یەکتر کۆ بووبێتنەوە و ئێمەش بەتەنها...»

بارام گوتی: «دوا مەرگی باوکم ئیمشەو یەکەم شەوە هەست بەئاسوودەیی دەکەم».

ئاسوودەیی؟ گوتی: «دڵنیام باوک و دایکیشم ئیمشەویان لە هەموو شەوێک خۆشترە. ڕۆحیان ئاسوودەترە».

ڕووناک گوتی: «ڕۆحی باوک و دایکم...»

مونیرە قسەکەی لێ وەرگرت: «ڕۆحی باوک و دایکم کاتێک ئاسوودە دەبێ کە...»

بارام هەڵیدایە، گوتی: «سبحەی شەو».

گوتی: «سبحەی شەو کە لە ماڵی خۆمان کۆ بووینەوە، هەموو قسەیەک و بەتایبەت ئەو قسەش دەبڕێنینەوە».

کامە قسە؟ هەر سێکیان لە ئەویان ڕوانی. بەزەردەخەنەوە... میهرەبان بوون. هەموویان میهرەبان بوون. ژن و منداڵەکانی بارام. مێرد و کچەکەی مونیرە و ڕووناک بەتەنها، بەبێ مێرد و منداڵەکانی هاتبووەوە. مێردەکەی گوتبووی، لە بەر دەرس و قوتابخانەی منداڵەکان ناتوانێ بێ. داوای لێبووردنی کردبوو. لە هەموویان و بەتایبەت لە بارام. گوتبووی کە دەرفەتێکی بۆ بڕەخسێ، دێ و درێژە بەیاری نیوەتەواوی شاترینجەکەی لەگەڵ بارام دەدا.

ماوەیەک لەوە بەر، شەوێک کە بارام لە تاران چووبوو بۆ ماڵیان دەستیان بەو یارییە کردبوو. دەمەو نیوەشەو، کاتێک لە دەمە قڕە و بۆڵە و بناشتی چەند ساڵەیان بووبوونەوە و، لەگەڵ یەکتر ڕێکەوتبوون. شاترینجەکەیان هێنابووە پێش و داشەکانیان چنیبوو. ئەو شەوە بارام لە تارانەوە تەلەفوونی بۆ ئەو کردبوو. گوتبووی: «لە ماڵی ڕووناکم. مێردو منداڵەکانیشی لێت دەپرسن». ئەو بەسەرسوڕمانەوە گوتبووی: «ماڵی ڕووناک؟ خۆ تۆ و مێردی ڕووناک...» نەیگوتبوو خۆ تۆ و مێردی ڕووناک شیرو تیرتان لە یەک دەسوو...



ڕۆژی دوایی بارام لە تاران گەڕابووەوە. لە ڕێوە هاتبوو بۆلای ئەو و، گوتبووی: «سەگباب مێردی ڕووناک، کە بیستی بانک بۆکڕینی ئەم ماڵ و حەسارە چەندەمان دەداتێ، بوو بەپیاوێکی تر. پیاوێک جگە لەو پیاوە کە لەم هەموو ساڵەدا ناسیومانە».

بەڵام ئەو مێردی ڕووناکی نەدەناسی. هەرگیز نەیدیبوو. تا ئەو ڕۆژە کە گەڕابووەوە و چەند شەوێک لە تاران لە ماڵیان مابووەوە. مێردی ڕووناک پیاوێکی بەڕواڵەت ئەهوەند و لە سەرخۆ بوو. فەرمانبەرێک کە سەری بەکارو ژیانی خۆیەوە قاڵ بوو. ڕووناک دەیگوت: «پیاوێکی خراپ نییە». بەڵام بارام دەیگوت: «لە بنەوە بڕەیە. ئاگری ژێر کایە». بارام گوتبووی: «تۆ چیت کردووە؟ مونیرەت دواندووە؟ باسی فرۆشتنی ماڵ و حەسارەکەت بۆ کردووە؟» ئەو دیسان گوتبووی: «نا، لە بیرم چووبووەوە». ئەو ئەمجارە درۆی نەکردبوو. بارامیش خۆشحاڵ لە سەرکەوتنەکەی تارانی، نەیگوتبوو دەبێ خۆت پیشان دوکتۆر بدەی. نەیگوتبوو ئاوا بڕۆیتە پێش تووشی فەرامۆشی دەبی. گوتبووی: «گوێ مەدەرێ. واچاکە خۆم بچمە ماڵی و ئاشتی بکەمەوە. چاک نییە خوشک و برا لەگەڵ یەکتر...» ئەوسا وەک هەموو جارێکی تر چووبوو، لە بەرامبەر ڕەسمەکەی میرزا سەعید بەسەر سنگی دیوارەکەوە ڕاوەستابوو. میرزا سەعید هیچی نەگوتبوو. ماوەیەک بوو میرزا سەعید هیچی نەدەگوت. لەوەتی ڕەعناخانمی ژنی مردبوو، بەکەمی دەدوا. کە دەهاتەوە بۆ ماڵ، کە دەرکەی حەساری دەکردەوە، بێ ئەوەی وەک جاران بڕواتە ناو باخچەکە و ڕیزی گوڵە ڕەنگاو ڕەنگەکان، بێ ئەوەی چاو بەگوڵدانەکانی دەوری حەوزەکەدا بخشێنێ، یەکەوڕێ دەچووە سەر چرپاکەی لەژێر سێبەری درەختەکان و، چاوەڕوان دەبوو ڕووناکی کچی قلیانەکەی بۆ ئامادە بکا. لەوەتی ڕەعناخانم مردبوو، ڕووناک خزمەتی باوکی دەکرد. ئەی دوای ئەوە کە ڕووناک شووی کرد؟ ساڵێک دوا ڕۆشتنی ئەو ڕووناک شووی کردبوو.

مونیرە دەیگوت: «خوشکی بمرێ، بەزۆر بەشوومان دا. بەتەما بوو تا باوکم ماوە...» مونیرە خۆی پێ نەدەگیرا. فرمێسک بەچاویدا دەهاتە خوار. دەیگوت: «ئەو ڕۆژە کە بەبووکی بردیان شینی حەوت برای گێڕا. منیش لە ئەو خراپتر. ناحەقمان نەبوو. باوکم بۆ دووهەم جار لێی دەقەوما. بۆ دووهەم جار نازی دەشێوا». ئەو دەیگوت: «ئەی بارام و خێزانی؟ ئەوان خزمەتیان نەدەکرد؟» مونیرە دەیگوت: «خزمەت؟ کوێراییم دایەت. هیچ کە خزمەتیان نەدەکرد، ئازاریشیان دەدا. دەیانویست بەزیندوویی هەست و نیستی لە چنگ دەربێنن. دووکانەکانیان پێ فرۆشتبوو، دەیانویست ماڵ و حەسارەکەشی پێ بفرۆشن. کە باوکم ملی نەدا، ئەوانیش پشتیان تێکرد. گوێیان نەدەدایە. نەیاندەدواند.

عەسراو عەسر بۆ خۆم بەدووگیانی دەچووم قلیانەکەم بۆ ساز دەکرد و پیاڵەیەک چایم دەدایە». مونیرە دەیگوت: «هەرچی بیری کردەوەی بارام و ژنەکەی لەگەڵ باوکم دەکەمەوە کسپە لە جەرگمەوە دێ. حاشا نە دەچمە ماڵیان و نە بێنە ماڵم. هەرگیز لێیان خۆش نابم و لە گەڵیان ئاشت نابمەوە».

بەڵام ئێستا لێیان خۆش بووبوو، لە گەڵیان ئاشت بووبووەوە. ئێستا هەموویان لە ماڵی مونیرە بوون و باسی کۆبوونەوەی سبەی شەویان دەکرد.

بارام دەیگوت: «میوانی من دەبن. بەیانی زوو گۆشت و برینج و کەلوپەلی پێویست دەکڕم و دوانیوەڕۆش خێزانم دەچێ خواردنێکی خۆشمان بۆ ساز دەکا».

مونیرە گوتی: «نا، براژن بەتەنها پێڕاناگا. من و ڕووناک دەچین و...»

ئەو ملی نەدا. گوتی: «میوانی منن. کەواتە...»

هەموویان پێکەنین: «بڵێی ئەوەندە ئازا بی و، خواردنی ئەو عالەمەت پێ ساز بکردرێ؟!»

ئەو گوتی: «لە ڕستووران بۆتان دێنم. پێم خۆشە نمەکی منیش بکەن».

ئەوان ڕازی نەدەبوون. دەیانگوت: «عەیبە... داوەشانە...» مێردی مونیرە گوتی: «عەیب ئەوەیە قوڵی لێ هەڵنامالن و ژنێکی بۆ ناهێنن. عەیب ئەوەیە چۆن هاتووەتەوە هەرواش...» مونیرە نەیهێشت بڵێ هەرواش بگەڕێتەوە. ناچار گوتی: «هەرواش بمێنێتەوە».

ئەو گوتی: «من بەتەما نیم ژن بێنم».

بە جیدی گوتی. لانی کەم ئێستا و ئێستا لە هەمیشە زیاتر بێزی لە خۆی و لەوان دەبووەوە. نەوەک لە بەر ئەوەی ماڵ و حەسارەکەیان دەفرۆشت و میراتی باوکیان بەش دەکرد. ئەو ماڵ و حەسارە لە هەر حاڵدا دەبوو بفرۆشرایە و میراتەکەش... مونیرە گوتی: «بە بارامم گوتووە، بەرلەوە ماڵ و حەسارەکە بفرۆشین دەبێ بووکی بۆ تۆ تێدا دابەزێنین».

ڕووناکیش بەنیشانەی پەسندی قسەکەی سەری بۆ لەقاند. بەڵام بارام گوتی: «قەرار نەبوو ئیمشەو باسی ئەو قسانە بکەین. قەرار بوو سبحەی شەو...»

ئەو تازە دەیزانی براو خوشکەکانی هەموو قسەیەکیان بڕاندووەتەوە. قسەی فرۆشتنی ماڵ و حەسارەکە و...



شەو درەنگ بوو. بارام و ژن و منداڵەکەی هەستان و ڕۆشتن. ئەویش هەستا بڕوا. مونیرە تکای لێ کرد بمێنێتەوە. گوتی: «من و ڕووناک کارمان پێتە».

کاریان چییە؟ ئەو بیری کردەوە، ڕەنگە ئەوەش بەشێک لە ڕێکەوتننامەکەیان بێ. «ئێمە ناچار بووین مل بەفرۆشتنی ئەو ماڵ و حەسارە بدەین». ئەگەر وا بڵێن ئەو چی دەکا؟ پێدەکەنێ. پێکەنینێکی تاڵ و دەڵێ: «من نەگەڕاومەتەوە زێویەوانی ئەو کۆشکە کاولە بکەم». ئەی ئەگەر داوای ژن هێنانی لێ بکەن؟ بۆ؟ لە بەر ئەوەی وەسیەتی دایک و باوکیانە. ئەوسا دەگری. گریانێکی بەکوڵ و، دەڵێ: «من نەگەڕاومەتەوە وەسیەتی مردووەکان پیادە بکەم». مونیرە دەیگوت: «ئێمە هیچ کارێکمان بۆ دایک و باوکمان نەکردووە. لانی کەم با لە چاوەڕوانیدا نەیانهێڵینەوە. با داخوازییەکانیان بەڕێوە ببەین».

کامە داخوازی؟ ئەو مردنی دایکی لە بیر بوو. دوا سەرکەوتنی شۆڕش، یەکەم ڕۆژی شەڕی ناوخۆ دایکی مردبوو. ئەو ڕۆژە ئەو لە ماڵ نەبوو. لەگەڵ چەند کەس لە هاوڕێکانی خەریکی ڕاگوێزانی بریندارەکان بوون. لە کۆڵان و شەقامەکانەوە، لە پشت سەنگەرە بەتاگڵ هەڵچنراوەکانەوە، بۆ نەخۆشخانە. نەخۆشخانە قەرەباڵغ بوو. قەرەباڵغتر لە هەمیشە. بریندارەکان زۆر بوون و کەسوکاری بریندارەکانیش... لەوێ بارامی دیبوو. سەیری هاتبوویە. بارام دەبوو لە ماڵەوە بوایە. لە ژێرخان و خۆی لە شەڕ و تەقو تۆق شاردبایە. ئەو لێی چووبووە پێش. تەنها بارام نەبوو. هەموو کەسوکاری لەوێ بوون. ئەو تۆقا بوو: «نەکا کەسمان بریندار بووبێ؟» بەرەو پیریان چووبوو. لەو کاتەدا دوکتۆرێک لە ژوورێک هاتبووە دەر. کەسوکارەکەی هۆمەنیان بۆ بردبوو. «چی بووە دوکتۆر؟» دوکتۆر خەمبار سەری بادابوو: «بە داخەوە...» قیژەی مونیرە و ڕووناک لە هەراو هوریای نەخۆشخانەکەدا ون بووبوو. ئەو هەروا حەپەسا بوو: «کێمان مردووە؟»

دایکی بەدەم یەکەم گوللەکانی شەڕی ناوخۆوە دڵی ڕاوەستابوو. کەس، تەنانەت ڕووناکیش کە لەو کاتەدا لە لای بوو، تاقە وشەیەکیان لێ نەبیستبوو. مەرگی کوت و پڕ. مونیرە گوتبووی: «بەڵام باوکم حەفتەیەک بەگیاندانەوە بوو. تا ئەوساتە گیانی دەرچوو قسەی دەکرد. زیاتر لە هەمووان بانگی تۆی دەکرد».

ئەو گوتی: «ماندووم. سەرم ئێشێ. دەبێ بڕۆم». مونیرە گوتی: «پێویستە هەندێک قسەی خوشک و برایانە بکەین». ئەوسا بردیە ژوورێکی چۆڵ و ڕووناکیش بەدوایاندا چوو. ئەو بەڕاست ماندوو بوو، سەری ئێشا. گوتی: ئەگەر دەکرێ با قسەکان دانێین بۆ

سبەینێ. یان سبەی شەوی. خوشکەکانی گوتیان: «ناکرێ. دەمانەوێ بزانین تۆ دەتەوێ چی بکەی؟»

«دەمەوێ چیرۆکەکەم تەواو بکەم. چیرۆکی فەرهاد و...» نەیگوت. خوشکەکانی گوتیان: «دەمانەوێ بزانین بەتەمای بڕۆیتەوە، یان لێرە دەمێنیتەوە؟»

پێشتریش ئەوەیان لێ پرسیبوو. لە ئوستانداری و لە... نەیزانیبوو. نەیدەزانی. گوتبووی: «جارێکە بۆ سێ مانگی تریش مۆڵەتەکەم تازە دەکەمەوە». جەلالی هاوڕێی گوتبووی: «لێرە بمێنەوە. ئێستا وەزعەکە گۆڕاوە. وەک جاران نەماوە. دەتوانی لە زانکۆ، یان تەنانەت لە ئیدارەکەی ئێمە دابمەزرێیت و...» خوشکەکانی گوتیان: «بمێنیتەوە یان بڕۆیتەوە، هەر دەبێ ژن بێنی. ئەم شارە کەمی کچی جوان و خوێندەوار تێدا نییە».

ڕووناک گوتی: «کچێک کە تێت بگا و، وەک خۆت...»

مونیرە گوتی: «کچێکی وام لە شکە. زۆریش تۆی خۆش دەوێ».

ئەو تاقەتی بەسەر چوو. گوتی: «دایدەنێین بۆ شەوێکی تر و دەرفەتێکی تر». ئەوسا هەستا. خوشکەکانیشی هەستان. گوتیان، کارو باری فرۆشتنی ماڵ و حەسارەکە دوو سێ مانگ دەخایەنێ. گوتیان: «دەبێ لەم دوو سێ مانگەدا...»

ئەو دیسان گوتیەوە: «دوو سێ مانگ زۆر کەمە. دەترسم فریا نەکەوم».

فریای چی؟ ناچار لێم پرسی. گوتم: «دەترسی فریای چی نەکەوی؟ ژن هێنان؟»

ئەو نەیبیست. یانی بیستی و وەڵامی نەدامەوە. تەنانەت سەریشی هەڵنەبڕی. لە پشت مێزەکەی دانیشتبوو. لەوەتی لە ماڵی مونیرە هاتبووەوە لە پشت مێزەکەی دانیشتبوو، بەسەر دەستنووسەکانیدا نەوی بووەوە. بەسەر چیرۆکەکەی فەرهاددا.

گوتم: «مەترسە فریا دەکەوی. چیرۆکی فەرهاد لە ئاخر و ئۆخریدایە».

ئەو بزەیەکی تاڵی کرد. من نەمدی، بەجووڵەی شانیدا زانیم.

گوتی: «کەس لە بیری فەرهاددا نییە».



# حەڤدە

هەموویان کۆ بووبوونەوە؛ لە ماڵی باوکیان؛ لە ماڵی میرزا سەعید.... ساڵانێک بوو ماڵی میرزا سەعیدی میهرەبان قەرەباڵغییەکی ئاوای بەخۆیەوە نەدیبوو. کوڕ و کچەکانی میرزا سەعید لە عەسرەوە هاتبوون؛ تەبا و سەر لەیەک؛ بەماڵ و منداڵەوە. ژنەکان دەستیان بەماڵەکەدا هێنابوو. هۆڵ و ئاشپەزخانەکەیان خاوێن کردبووەوە. پیاوەکان سەریان بەسەری یەکترەوە نابوو، قسەیان کردبوو. منداڵەکانیش، بەتایبەت منداڵە بچووکەکانی بارام لە حەسار، لە سەرمای دەرەوە، لەناو درەختەکاندا یارییان کردبوو. دایکیان چەند جار لە هەیوانەوە دەنگی دابوون. ویستبووی بێنە ژوور. گوتبووی سەرمایان دەبێ. خۆیان پیس دەکەن. بارام گوتبووی: «وازیان لێ بێنە. ئێستا تاریک دەبێ و خۆیان دێنە ژوور». گوتبووی: «لێیان گەڕێ با بۆ ئاخر جار بەدڵی خۆیان لە حەسار و ماڵەکەدا یاری بکەن».

بۆ ئاخر جار؟ مونیرە و ڕووناک بیستبوویان. داچڵەکیبوون؛ بەڵام هیچیان نەگوتبوو. ئەویش بیستبووی و هیچی نەگوتبوو. چی بڵێ؟ ئەویش دەیزانی ئەو منداڵانە بۆ ئاخر جارە لە حەسار و ماڵەکەدا یاری دەکەن. دەیزانی ماوەیەکی تر حەسار و ماڵێک نامێنێ یاری لێ بکەن. ماوەیەکی تر حەسار و ماڵەکە دەڕووخا؛ دەیانڕووخاند. حەتمەن لە پێشدا درەختەکانی حەساریان دەبڕییەوە و چۆلەکەکان سەریان لێ دەشێوا. پشیلەی ماڵە دراوسێکانیش.... دوو پشیلەی لەڕ و لاواز کە لە ترسی ئازاری منداڵەکان، دەهاتن و لە قوڕنەیەکی حەوزە وشک و لاڕووخاوەکە هەڵدەکورمان، حەوزەکەیان لێ پڕ دەبووەوە. حەساریان تەخت دەکرد. ئەوسا دەکەوتنە گیان ماڵەکە. دەرکەو پەنجەرە کۆن و قەدیمییەکان، گەچبڕی دیوار و سەرتاقەکان، کۆڵەکە گەورەکانی هەیوانیان دەڕووخاند. ماڵەکەشیان تەخت دەکرد. ئەوسا بینایەکی گەورە؛ نە وەک ئێستا ڕوو لە قیبلە و خۆرەتاو، بەڵکو ڕوو لە شەقام، لە جێی ئەم حەسار و ماڵە خشت خشت باڵای هەڵدەکشا. بینای گەورەترین بانکی شار. بانکی میللی یان میللەت؟

تاریک بووبوو. منداڵەکان هاتبوونە ژوور و هەموویان، گەورە و بچووک لە دەوری

سفرەیەک کۆ بووبوونەوە. لە دەوری سفرەی کۆنی ماڵی میرزا سەعید. لە ڕستوورانەوە خواردنیان بۆ هاتبوو، خواردبوویان. ئەوسا دەستیان کردبوو بەقسەکردن. سەرەتا لە بیرەوەرییەکانیان دوابوون. لە بیرەوەرییەکانی کۆنیان لەم ماڵ و حەسارەدا و... ئێستاش باسی فرۆشتنی ماڵ و حەسارەکە و باسی بەشکردنی میرات و ژن هێنانی ئەویان دەکرد. بارام دەیگوت: «خێزانم پوورزایەکی بێوەژنی هەیە. خانمێکی خوێندەوار و فەرمانبەرە. سی ساڵ دەبێ و نابێ. نەزۆکە بۆیە...»

مونیرە داچڵەکی. «نەزۆکە،»

بارام گوتی: «ئەو چاکتر کە نەزۆکە».

گوتی: «پێم ناڵێی خێری منداڵ چییە؟ جگە لەوە شەو و ڕۆژ دەست دەگرنەوە و داوای پارە...»

بارام بەپێکەنینەوە گوتی. بەڵام مونیرە تووڕە بوو. گوتی: «هەر باسیشی مەکە».

خێزانی بارام قەڵس بوو. لچی هەڵقرچاند و ڕوو لە بارام گوتی: «عەمە مونیرە ڕاست دەکا. هەر باسیشی مەکە. پەروانە خوازبێنیکەری زۆرە. شوو بە لە خۆی بەتەمەنتر ناکا...»

بارام بێ دەنگ بوو. ئەو پێکەنی. بەدزییەوە، بەخۆی و بەئەوان پێکەنی. مونیرە گوتی: «خۆم کچێکم بۆ دۆزیوەتەوە وەک پەڕی تاوس. کچێکی گەنج و جوان کە بەدڵنیاییەوە لەشکرێک کوڕی ساغ و تەندروستی لێی دەبێ».

لەشکرێک؟! ئەو سەیری منداڵەکانی کرد. منداڵەکانی بارام و، نەشمیلی کچی مونیرە. ئاخێکی هەڵکێشا، ئاخێکی سارد. میوانەکان بۆ ساتێک بێ دەنگ بوون. لەو بێ دەنگییەدا ئەو کرمە کرمی مشکەکەی بیست. ئەو مشکە بچووکە ماڵەکییە کە بەقەراغ دیوارەکاندا هەڵدەهات و دەیگەیاندە پشت مێزەکەی. ئەو مشکەکەی دی، بەڵام نەیتوانی شوێنی بکەوێ. دوا ڕۆشتنی میوانەکانیش نەیدەتوانی. ڕووناکی خوشکی نەڕۆشتبوو. گوتبووی: «من ئیمشەو لێرە دەمێنمەوە. لە ماڵی...» نەیگوتبوو لە ماڵی باوکم. گوتبووی: «لە لای خاڵە». ڕووناک لە زمانی منداڵەکانی خۆیەوە و لە زمانی نەشمیلی خوشکەزایەوە پێی دەگوت خاڵە. نەشمیلیش حەزی کردبوو بمێنێتەوە. کوڕە گەورەکەی بارامیش. بەباوکی گوتبوو: «حەز دەکەم ئیمشەو لێرە بمێنمەوە. لە لای پوورم و مامەم». گوتبووی پوورم و مامەم، نەیگوتبوو عەمە و عەمووم. دایکی چاوی لێ هەڵتەکاندبوو کە



ناکرێ. باوکی گوتبووی ئەوان حەز ناکەن کوڕم. ئەوان حەز دەکەن دوو بەدوو بن. کۆڵێ قسەی تایبەتییان بۆ یەکتر پێیە. قسەی خوشک و برایانە».

بارام گوتبووی: «کەس نازانێ ئەم دوانە شەو و ڕۆژ چی بەگوێی یەکتردا دەچرپێنن». ساڵانێک لەمەبەر گوتبووی. بۆ ئەوەی باوکی بەگژیاندا بچێ. میرزا سەعید هیچی نەدەگوت. بەنیەتی بارامی دەزانی. بەڵام ڕەعنا خانم دەیگوت: «ئەوان خوشک و بران. بۆ لێیان ناگەڕێی...؟» بارام دەیگوت: «بۆ من و مونیرە خوشک و برا نین؟» ڕەعنا خانم دەیگوت: «ئەوان خوشک و برای بچووکن. بەدوای یەکتردا هاتوون. تەنها دوو ساڵیان بەینە». خوشک و برای بچووک لەگەڵ یەک سەمیمی و کراوەتر بوون. بەهەموو سرێکی یەکتریان دەزانی و هەموو دەردە دڵێکیان بۆ یەکتر دەکرد، ئەو دەمە کە هێشتا مێرمنداڵ بوون و تەنانەت کاتێک گەورەش بووبوون. کاتێک ئەو چووبووە زانکۆ، هەموو پێنج شەنبە و جومعەیەک دەهاتەوە ماڵ و... ڕەعنا خانم دەیگوت: «تۆ و مونیرەش لەوانەوە فێر ببن. وەک ئەوان لەگەڵ یەک میهرەبان بن». مونیرە لەگەڵ هەموویان میهرەبان بوو. وەک دایکی. بەڵام بارام... بارام زیاتر لاسایی باوکی دەکردەوە. کەم دوێن و زۆرجار تووڕە و تووتڕکە سەر بوو.

ڕووناک ژوورەکەی خاوێن کردبووەوە. جێگەو بانی ڕاخستبوو. ئەوسا دانیشت. گوتی: «دەی خاڵە قسەم بۆ بکە. قسەی ساڵانی غوربەت و...»

ئەو سەرەتای گەڕانەوەی حەفتەیەک لە تاران مابووەوە، لە ماڵی ڕووناک. شەوانە تا درەنگانێک قسەی بۆ کردبوو. قسەی ساڵانی غوربەت و... لەو ئازارانە دوابوو کە لە غوربەت کێشابوونی. ئازاری دووری و دابڕان. ئازاری وەدی نەهاتنی خەون و خەیاڵەکانی. ئازاری نووسین. نووسینی خەم و مەراقی خۆی و خەڵکی تر. خەم و مەراقی ئەو ژن و پیاوانە کە خەون و خەیاڵەکانیان دۆڕاندبوو. گەمەکانیان دۆڕاندبوو. گەمەی ژیان و خۆشەویستی و... ڕووناک گوێی گرتبوو. بەدەمیەوە فرمێسکی ڕشتبوو. گوتبووی: «خوشکت بمرێ، کەواتە ژیانێکی ئاسوودە نەژیاوی...».

«ئەوەی شتێک یان کەسێکی لە ڕابوردوویدا ون کردبێ ناتوانێ ئاسوودە بژی».

کێ گوتبووی؟ ئەو؟ ئەو چی، یان کێی لە ڕابوردوویدا ون کردبوو؟ نەیدەزانی. دەیزانی بەڵام دڵنیا نەبوو.

ڕووناک گوتی: «بۆ ژنت نەهێناوە؟ بڵێی لەم هەموو ساڵەدا تووشی کەسێک نەبوویێتی جێگەی خاڵی ئەفسانەت بۆ پڕ کاتەوە؟»

ڕووناک تەنها کەسێکی بنەماڵە بوو بەخۆشەویستی ئەو و ئەفسانەی دەزانی. ئەفسانەشی دەناسی. سەرەتا بەهۆی شێعرەکانیەوە؛ شێعرەکانی ئەو. ئەو ساڵانە ئەو شێعری دەگوت. شێعری شۆڕشگێڕانە و بۆ هاوڕێکانی دەخوێندەوە. شێعرە عاشقانەکانی بۆ کەس نەخوێندبووەوە. جگە لە جەلالی و جاروباریش ڕووناک. ڕووناک گوتبووی: «دەبێ ئەم کچی ئاوەم پێ بناسێنی» . کچی ئاو؟ ناوی شێعرێکی بوو. ئەو گوتبووی: «ڕۆژی سەرکەوتنی شۆڕش...» و ساڵێک زیاتر لەو ڕۆژە تێپەڕیبوو، بەڵام هێشتا ڕووناک ئەفسانەی نەدیبوو. یەکەم جار لە پرسەی دایکیدا دیبووی. کچێکی نەناسراو کە بەتەنها هاتبوو لە سووچی یەکێک لە ژوورەکان دانیشتبوو. چاوی لە ڕەسمەکەی ئەو بڕیبوو. کاتێک هەستا بوو بڕوا، لەبەر دەرکە ڕووی کردبووە ڕووناک و گوتبووی: «خەمی ئاخرتان بێ. خۆتان خۆش بن. براکانت...» ماوەیەک دواتر ڕووناک گوتبووی: «دڵنیام ئەو کچە ئەفسانە بووە» .

ئەو کچە ئەفسانە بوو. ڕووناک دیسان دیبوویەوە. لە گەڵیدا بووبووە دۆست و دەستەخوشک و، جارێکیش چووبووە ماڵیان. ماڵێکی بچووک لە کۆتایی کۆڵانێکی...

ئەو گوتی: «تۆ هێشتا ئەو چیرۆکەت لە بیرە؟»

ڕووناک لە بیری بوو. بەشێکی زۆر لە چیرۆکەکەو بەتایبەت دواهەم بەشی چیرۆکەکەی لە بیر بوو. دواهەم بەش؟ ڕووداوێک کە ساڵانێک لەمەبەر لە ڕۆژێکی ساردی پاییزدا ڕووی دابوو. ڕووداوێکی سادە. کچێک کە دڵدارەکەی بەجێی دەهێشت و لێی دادەبڕا. ڕووناک ساڵانێک ئەو ڕووداوەی لە شوێنێکی دووری دەروونیدا شاردبووەوە. بۆ کەسی نەگێڕابووەوە. بۆ ئەویشی نەدەگێڕایەوە.

ساڵێک و چەند مانگ دوا سەرکەوتنی شۆڕش، حکوومەتی تازە بەئێجگاری شاری گرتبووەوە. دوا شەڕێکی قورسی ماڵ بەماڵ. دوا کوژرانی سەدان و هەزاران گەنج کە تا دوێنێ لە سەنگەرێکدا بۆ سەرکەوتنی شۆڕشێک تێکۆشابوون. چەکدارەکانی ناوشار هەڵاتبوون و چەکدارەکانی حکوومەت جێگەی ئەوانیان گرتبووەوە. ئەو ڕۆژانە کوڕە گەنجەکانی شار دەستە دەستە گیرا بوون و ئەو بەتکای میرزا سەعیدی باوکی ماوەیەک لە ماڵ نەچووبووە دەر. دوا ئەو ماوە ڕۆژێک کە بۆ بینینی ئەفسانە لە ماڵ ڕۆشتبووە دەر، گیرابوو. ئەو زۆر لە زیندان نەمابووەوە. مانگ و نیوێک و... زانیبوویان چەکدار نەبووە بەریان دابوو. ئەو گیرانە و گیرانی لەوە دوای هاوڕێکانی و کوژرانی هەندێک کەس،



ترساندبوویان. ئەو ترسا بوو. بیری لە ڕۆشتن کردبووەوە. ڕووناک زانیبووی. گوتبووی: «ئەی ئەفسانە؟ ئەو کچە کلۆڵە...» ڕۆژێک کە ئەو بەئێجگاری ئامادەی ڕۆشتن بوو، ئەفسانە خۆی بەماڵیاندا کردبوو. ئەو ڕۆژە تەنها ڕووناک لە ماڵەوە بوو. خۆشحاڵ بوو ئەفسانەی دەدی. ئەفسانە نەڕۆشتە ژوور. لە حەسار، لە قەراغ حەوزەکە نامەیەکی لە کیفەکەی دەرهێنا و ڕووناک نامەکەی خوێندەوە. نامەی ئەو بوو بۆ ئەفسانە. نامەی دوا ماڵاوایی... ئەفسانە لە پڕمەی گریانی دا. فرمێسک بەگۆنایدا هاتنە خوار. ڕووناک باوەشی پێدا کرد و دڵخۆشی دایەوە. زۆری نەخایاند ئەویش هاتەوە. ساکێکی بەتاڵی گەورەی بەدەستەوە بوو. کە ئەفسانەی دی داچڵەکی. بەخۆیدا شکایەوە و لە شەرما سەری داخست. ڕووناک ئەو ساتەی لە بیر بوو. ئەو ساتە ناخۆشە. قسەکانی ئەویشی لە بیر بوو. ئەو گوتبووی: «دەبێ بڕۆم. هیچ چارێکی ترم نییە» . ئەوسا چووبوو لەسەر چرپاکەی باوکی، لە بن درەختەکانی حەسار دانیشتبوو. درەختەکان گەڵای وشکیان ڕژابوو. بەسەر ئەودا و ڕووناک ئەو دیمەنەشی لەبیر بوو. ویستبووی بەبیانوویەکەوە بەجێیان بێڵێ. ئەفسانە دەستی گرتبوو. دەستی لەرزۆک و تکاکاری ئەفسانە نەیهێشتبوو بڕوا. ڕەنگە بەهیوای یارمەتییەک، قسەیەکی خێر... ئەو گوتی: «لێرە بمێنمەوە دەگیرێم. هەر ڕۆژە و دەستەیەک دەگیرێن. هەر شەوە برادەرێکم...»

ئەو قسەکەی پێ تەواو نەکرا. ڕووناک هەڵیدایە: «تۆش گیرایت و دوا ماوەیەک بەر بووی. تۆ چەکدار نەبووی، لە خۆوە دەترسی» .

ئەو گوتی: «لێرە بمێنمەوە تیا دەچم. ژیان و داهاتووم...»

ئەفسانە گوتی: «ئەی ژیان و داهاتووی من؟»

بە دەم هەنیسکەوە گوتی. گوتی: «تۆ بڕۆی بەزۆر دەمدەن بەناسری» .

ئەو چی گوت؟ گوتی: «هیوادارم بەختەوەر بی» .

بە شەرمەوە گوتی. بەترسەوە. ئەوسا هەستا. دەوری حەوزەکەی دایەوە و بەپلیکانەکاندا هەڵگەڕا. ئەفسانە هێشتا دەگریا. هەموو هیواو ئاواتەکانی چۆڕاییبیان داهاتبوو. بەقەراغ حەوزەکەدا و، بەسەر گەڵای وشک و وەریوی درەختەکانی حەساردا، لە دەروازەکە ڕۆشتە دەر. بەکۆڵانەکەدا...

ڕووناک لە بیری بوو. ئەفسانە لە کۆڵان دوور و دوورتر بووبووەوە. شانەکانی بەدەم هەنیسکەوە لەریبوونەوە...

ئەو گوتی: «تۆ چی لە ئەفسانە دەزانی ڕووناک؟ دوا ڕۆشتنی من. دوا شووکردنی بەناسری...»

ڕووناک گوتی: «کە شووی کرد لێرە ڕۆیی. یەک دوو جار هەواڵیم لە دەستە خوشکەکانی پرسی. گوتیان چووە بۆ تاران. گوتیان بەختەوەر بووە.

– نازانی چۆن و بۆچی مرد؟

یەکەم جار بوو ئەوەی دەپرسی. ڕووناک نەیدەزانی. ئەگەرچی ڕووناکیش ماوەیەک دوا شووکردنی چووبوو بۆ تاران، بەڵام ئەفسانەی نەدیبوو. هەواڵیشی نەبیستبوو. تا ئەوەی ڕۆژێک لە ستوونی پرسەی ڕۆژنامەیەکدا خوێندبوویەوە «انا لله وانا الیە راجعون» هەر ئەو ڕۆژە تەلەفوونی بۆ ئەو کردبوو.

ڕووناک گوتی: «چەند ساڵ لەمەبەر بوو؟»

ئەو لە بیری نەبوو. گوتی: «زۆر زوو مرد. ئەفسانە زۆر زوو مرد».

بەیانی کە ڕووناکی خوشکی تا بەر دەروازەکەی سەر کۆڵان بەڕێ کرد، منی لەگەڵ نەبووم. بەڵام لە گەڕانەوەیدا... بەپەلە گەڕایەوە. بەحەسار و بەقەراغ حەوزە وشک و لا ڕووخاوەکەدا و بەپەلە بەپلیکانەکاندا هەڵگەڕا. پێدەچوو دیسان کرمە کرمی مشکەکەی بیستبێ؛ بیستبووی. شوێنی کەوت. چووە پشت مێزەکەی. کەشەوی مێزەکەی کردەوە و، چەپکێ کاغەزی دەرهێنا. دوێ شەو بەر لەوە دەستنووسەکانی کۆ بکاتەوە و هەڵیانگرێ، دەستی منداڵە بچووکەکەی بارامی گەیشتبوویە. منداڵەکە پەڕەکانی تێکەڵ کردبوو. دیسان ڕێکوپێکی کردنەوە. تا دواهەم لاپەڕە و دواهەم لاپەڕەی خوێندەوە.

وەڕس و بێ تاقەتن کوڕە کوێرەکان. دەستی یەکتر دەگرن و لە سووچێکی حەساری بچووکی ماڵەکەیان، شان بەشانی یەکتر دادەنیشن. هەر یەکەو چەند دەنک دانیان لە مستدایە. دەست هەڵدەبڕن کوڕە کوێرەکان. لەپە دەستیان دەکەنەوە و چاوەڕوان دەبن. بەبێ چاو و بەبێ ڕوانین چاوەڕوان دەبن کۆترێک لە کۆترەکانی سەربان لەسەر دەستیان بنیشێت و...

گوتم: «ئەمە ئەو تابلۆیەیە کە فەرهاد لە کوڕە کوێرەکانی کێشابووەوە».

ئەو هیچی نەگوت. سەری بەرز کردەوە و لە دیواری ژوورەکەی ڕوانی.

لە تابلۆی کوڕە کوێرەکان. هێشتا دەستیان هەڵبڕیبوو. نووسی:

بەولاوەتر کاڵێ لەناو دەرکە، یان لە سووچێکی تری حەسارەکە دادەنیشێت. لە براکانی



ڕادەمێنێت. ئەو چاوەڕوانییە کەی کۆتایی دێت؟ چاوەڕوانی کوڕە کوێرەکان و چاوەڕوانی کاڵێ. کاڵێ...

کاڵێ چی؟ ئەو بیری کردەوە. جگەرەیەکی داگیرساند و بەدەم بیرکردنەوەوە نووکی قەڵەمەکەی بەسپییەتی کاغەزەکەدا کوتا. چەند جار ئەوەی دووبارە کردەوە. خاڵ و نوختەکانیش هیچیان وەبیر نەهێنایەوە. گوتی: «خۆزگە فەرهاد تابلۆی تریشی ببوایە».

گوتی: «کاڵێ چاوەڕوانی چی بوو؟»

# هەژدە

کالێ ئاواتی خواستبوو، ڕۆژێک فەرهاد لەگەڵ خۆی لە ماڵ بیباتە دەر. بۆ کوێ؟ وەک هەموو دۆست و دەسگیرانێک دەستی بگرێ و بەکۆڵانەکەی خۆیاندا، بەکۆڵانەکانی گەڕەکدا بیگێڕێ. ئەوسا بیبا بۆ بازاڕ. کالێ ئاواتەخواز بوو، بۆ تەنها جارێکیش بووە لەگەڵ فەرهاد بڕۆن بۆ بازاڕ. دووکانەو دووکان بگەڕێن. عەترفرۆشی... جلوو بەرگ فرۆشی... ئاڵتوونفرۆشی... نەیدەویست هیچی پێ بکڕێ. پێی خۆش بوو فەرهاد وەک هەموو پیاوێکی تر بلێ: «چیت دەوێ بۆت بکڕم، جوانێ؟» کالێ دەیگوت: «هیچ». فەرهاد دەیگوت: «ملوانکەیەک، جووتێک گوارە، لانی کەم ئەنگوستیلەیەک...» دەیگوت: «ئەم ملوانکە زۆر جوانە. لە گەردنت دەکاڵێتەوە». فرۆشیارەکە گورج دەیخستە بەر دەستی. فەرهاد هەڵیدەگرت و بۆی لە مل دەکرد. فرۆشیارەکە ئاوێنەیەکی لە بەرامبەر ڕادەگرت. زەردی ملوانکەکە لەسەر سپیەتی گەردنی دەدرەوشایەوە. چاوە گەشەکانیشی دەبریسکانەوە. نیگای لە ملوانکەوە بۆ فەرهاد دەگوێزایەوە. فەرهاد لە پشتیەوە وەستابوو. بستێک بالاّ بلیندتر. بزەی لەسەر لێو بوو. چاوی لە گەردنی کالێ نەدەترووکاند. دەیگوت: «زۆر لێت جوانە». بریسکەی چاوە شەیداکانیشی دەیسەلماند. دەیگوت: «با لە گەردنتا بێ». ئەوسا ڕووی لە فرۆشیارەکە دەکرد و دەیگوت: «دەکاتە چەند؟» کالێ ملوانکەکەی دادەنایەوە. نەوەک نابەدڵخۆشی. دەیگوت: «نامەوێ». نەیدەویست. هیچی نەدەویست، جگە لەوەی فەرهاد لەگەڵ خۆی بیباتە دەر. بۆ پارکێک، سەیرانگەیەک... بەناو دارو درەختەکاندا، بەناو ڕیزی گوڵە ڕەنگاوڕەنگەکاندا، بەقەراغ حەوز و فوارەکاندا بگەڕێن. وەک هەموو جووتە دڵدارێک کە دەست دەخەنە ناو دەستی یەک و دەگەڕێن. کە ماندووش بوون لە سێبەری درەختێکدا، لەسەر چیمەنێکی سەوز، دادەنیشن و بەگوێی یەکدا دەچرپێنن. لە چی دەدوێن؟

کالێ گوتبووی: «لە خۆیان، لە خۆشەویستیان، لە ژیان و داهاتوویان». کالێ لە پەنای فەرهاددا، لەسەر چرپای ژوورەکەی دانیشتبوو. فەرهاد دەستی لە گەردنی ئاڵاندبوو. گوتبووی: «ئێمە نیازمان بەپارک و سەیرانگە و ناو خەڵک نییە. ئێمە ئەم تۆزە



خەڵوەتەمان بەسە». کالێ لە باوەشیدا، بۆ ناو کۆشی شۆڕ بووبووەوە. گوتبووی: «ئەم تۆزە خەڵوەتە و...» گوتبووی: «ڕاستم پێبڵێ فەرهاد، هێشتا پێت وایە پۆلیس...» فەرهاد دەمی خستبووە ناو دەمی و... بێ دەنگ بووبوون.

پیرێژنی خاوەن ماڵ دەکۆکی. لە حەسار، یان لە بەر پەنجەرەی ژوورەکەی چاوەڕوان بوو فەرهاد و کالێ بێنە خوار. پیرێژن دەیزانی ئەوان لە سەرەوەن. لە ژوورەکەی فەرهاد و ئێستا یان ساتێکی تر دێنە خوار. بەپلیکانەکاندا بۆ دالانە تاریکەکە و ئەوسا فەرهاد دەرکەی چێوی دەکاتەوە. سەرەتاتکەیەک دەکا و کە کەس بەدەرەوە نەبوو کالێ گورجێک لە دەرکەوە دەڕواتە دەر. فەرهاد لەو ساتە تیژ تێپەڕەدا کە کالێ لە بن باڵیەوە دەردەچوو، ماچێکی لە گۆناو، لە گەردنی دەدزی و کالێ پێدەکەنی.

پیرێژن بەوەی نەدەزانی. ئەوەندەی دەزانی دەرکە دەکرێتەوە. کالێی لێ ئاوا دەبێ و دیسان پێوە دەدرێتەوە. ئەوسا فەرهاد... پیرێژن چاوەڕوان بوو فەرهاد دوا بەڕێکردنی کالێ بێت بۆ لای و وەک کوڕێکی شەرمن سەری داخاو بلێ: «من و کالێ بڕیارمان داوە پێکەوە زەماوەند بکەین». بلێ: «دایە دەبێ بچی کاڵێم بۆ بخوازی».

پیرێژن دەمێکە بوو چاوەڕوانی بیستنی ئەو هەواڵە بوو. لەو ڕۆژەوە کە ڕەحیمی برای کالێ وازی لە قومار هێنا بوو، لەسەر کارێک دامەزرابوو. فەرهاد دایمەزراندبوو. چەند ڕۆژ دوای شەڕە قورسەکەی نێوان ڕەحیم و کالێ. دوا ئەو شەوە کە خەڵکی گەڕەکیان سەر ڕژابوو. پیرێژن کاتێک چۆنیەتی شەڕەکەی بۆ فەرهاد گێڕابووەوە، گوتبووی: «کالێ دەڵێ ئەگەر ڕەحیم واز لە قومار و بەرەڵایی نەهێنێ و لەسەر کارێکی ئابڕوومەند دانەمەزرێ، بەڵایەک بەسەر خۆی دێنێ». کالێ گوتبووی. بەگریانەوە گوتبووی: «ئێمە تاکەی دەتوانین ئاوا بژین؟ من تاکەی دەبێ میوانداری لە برادەرە هەرزە و قومارچییەکانی بکەم؟» گوتبووی: «بێ عەقڵ بووم کە تا ئێستا کردوومە. لەمەدوا...» ڕەحیم گوتبووی: «کار کوا؟ کارێکم بۆ بدۆزنەوە...» حەفتەیەک لەوەدوا فەرهاد بەپیرێژنی خاوەن ماڵدا لێی ڕاسپاردبوو، لە دووکانی برادەرێکی کارێکی باشی بۆ دۆزیوەتەوە. پیرێژن خۆشحاڵ بووبوو. ئێشی پشت و پێی لە بیر چووبووەوە. گوتبووی: «خێر لە جوانییەکەت ببینی کوڕم. بەم هەوڵەت نەوەک هەر ڕەحیم، کاڵێشت دامەزراندووە». فەرهاد تێ نەگەیشتبوو. پیرێژن گوتبووی: «خەڵک تا ئێستا لە ترسی بەرەڵایی ڕەحیم نەیانوێراوەتە کالێ. ئەگەر ڕەحیم دابمەزرێ، ئەوەندەت زانی ڕۆژێک هاتم و گوتم کوڕم کالێ شووی کرد».

شووی کرد؟ پیرێژن بەتایبەت ئەوەی گوتبوو. فەرهاد ترسابوو. ڕەنگ بەڕوخساریەوە نەمابوو.

دوێنێ و دوێ شەو، ئەو تا درەنگان لە پشت مێزەکەی دانیشتبوو، بەڵام هیچی نەنووسیبوو. نەینووسیبوو؟ نووسیبووی و ڕەشی کردبووەوە. نووسیبووی و گرمۆڵەی کردبوو، فڕێیدا بوو. نووسیبووی و...

گوتبووم: «وادیارە...» زانیبووم نایبیستێ. نەمگوتبوو وا دیارە چی. قسەکەم تەواو نەکردبوو. سەیرم کردبوو. وەک کەسێک بوو، بێگاریبیەکی سەختی پێ کرابێ. وەک کەسێک بوو زۆری بۆ هاتبێ. بەتووڕەییەوە قەڵەمەکەی فڕێدابووە سەر مێزەکە. قەڵەم گلۆر بووبووەوە. لەو سەری مێزەکەوە کەوتبووە خوار. ئەو جگەرەیەکی لە پاکەتەکەی دەرهێنابوو دایگیرساندبوو. گوتبووی: «بێ سوودە...» لەبەرخۆیە گوتبووی. گوتبوویەوە: «فریا ناکەوم». ئەوسا شەکەت لە پشت مێزەکەی هەستا بوو. سەرو خوارێکی ژوورەکەی کردبوو، لە حاست تاقی کتێبەکان ڕاوەستابوو.

– ئەو هەموو کتێبە چۆن نووسراون؟» لە خۆی پرسیبوو. کتێبەکان کەمیان چیرۆک بوون. چیرۆکەکانی خوێندبووەوە. ئەو کاتانە کە نەیتوانیبوو بنووسێ، خوێندبوویەوە. دەیان چیرۆکی کورت و درێژی خوێندبووەوە. چیرۆکی کوردی، فارسی، ئێرانی و هەندەرانی... سەیر بوو ئەویش چیرۆکەکانی بەپێی زمانەکەیان دابەش کردبوو. حەتمەن چیرۆکنووسەکانیش ... زۆر جار گوتبووی: «من چیرۆکنووسێکی ڕۆژهەڵاتیم». لە دەرەوەی وڵات گوتبووی. لێرەش دەیگوت: «من چیرۆکنووسێکی کوردم». سەیرە چیرۆکنووسەکان بەپێی زمان و نەتەوەیان دابەش بکرێن. چیرۆکنووسی ڕۆژاوایی و ڕۆژهەڵاتی... چیرۆکنووسی فارس و کورد... چیرۆکنووسی زمان و نەتەوەی باڵادەست و زمان و نەتەوەی... بریا هەموو مرۆڤەکان بەزمانێک دەدوان. هەروا کە بەزمانێک پێدەکەنین و بەزمانێک دەگریان. بریا هەموو چیرۆکنووسەکان بەزمانێک دەیاننووسی. هەروا کە بەزمانێک ئازاریان دەکێشا. ئازاری نووسین و نەنووسین. ئازاری نووسین و ڕەشکردنەوە. نووسین و گرمۆڵەکردن و فڕێدان...

بەیانی زوو لە خەو هەستا. مشتێک ئاوی بەڕوومەتیدا کرد و لە ئاشپەزخانە بەسەر پێوە پاروویەک نانی خوارد. ئەوسا گەڕایەوە بۆ ژوورەکەی. بۆ پشت مێزەکە و، یەکەم جگەرەی ئەو ڕۆژەی داگیرساند. گوتم... نا، من هیچم نەگوت. ئەو گوتی: «دەبێ بڕۆم بۆ لای فەرهاد».



من لە ژوورەکەی فەرهاد بووم. دانیشتبووم و چام دەخواردەوە. پیاڵەیەکم بۆ ئەویش تێ کرد. گوتم: «چای دوا ناشتا».

گوتم: «تۆ جگەرە زۆر دەکێشی، بەڵام چا کەم دەخۆیتەوە».

بە پێکەنینەوە گوتم. ئەویش زەردەخەنەیەکی کرد و گوتی: «غوربەت میزاجی شێواندووم».

نەمگوت غوربەت ژیانیشی شێواندووی. ئاگری مەنگەڵییەکە دامرکابوو. خۆڵەکەم ڕۆ کرد و هەندێک خەڵووزی تازەم گەشاندەوە. پاشان مەقاشم لە پشکۆکان ڕۆ کرد و پشکۆیەکی گەشاوەی لەبارم هەڵگرت. ئەو سەیری هاتێ. گوتی: «بەم بەیانییە...» ئەوسا نیگای لە منەوە بۆ فەرهاد گوێزایەوە. فەرهاد هێشتا هەڵنەستابوو. لە بەر پەنجەرەی بچووکی ژوورەکە، لە بەر ڕۆشنایی کزی بەیانیدا ڕاکشا بوو. گوتی: «ماوەیەکە فەرهاد بەیانییان درەنگ هەڵدەستێ».

لە گەڵ منی بوو. گوتم: «پیاو کە ناچار بێ لە ماڵ نەچێتە دەر، کە دەستی نەچێتە هیچ کارێک...».

نووسی:

لە ماڵ ناڕواتە دەر فەرهاد. حەفتەیەکە لە ماڵ نەڕۆشتووەتە دەر. هاوڕێکانی گوتوویانە پێدەچێت لەژێر چاودێری پۆلیسدا بن. هەموویان؟ گوتوویانە تا ماوەیەک دەبێ هەموو پەیوەندییەک لەگەڵ خۆیان و لەگەڵ خەڵک بقرتێنن. فەرهاد گوتوویە: «من دەبێ چی بکەم؟» دەبێ لەو ماڵە بڕوات. یان ئەگەر ڕۆشتنی پێناکرێت، دەبێ چی کتێب و کاغەزی مەترسیداری لە لایە بیفەوتێنێت. دەبێ لە ماڵ نەڕواتە دەر. دەبێ وا بکات خەڵکی گەڕەک پێیان وابێت لە ماڵ نییە. تەنانەت خاوەن ماڵەکەشی...

چ پێویستە؟ لە پیرێژنی خاوەن ماڵی دڵنیایە فەرهاد. وەک چۆن لە باوەشی دایکی دڵنیایە. هەر ئەو شەوە چی کتێب و کاغەزە کۆی دەکاتەوە و لە حەسار هەڵیاندەڕێژێت. پیرێژن دەیبینێت. لە پشت پەنجەرەی ژوورەکەی سووسەی شتێک دەکات. هەواڵێکی ناخۆش. بەرایی کارەساتێک. پیرێژن لە ژوورەکەی دێتە دەر. شەمچەی بەدەستەوەیە فەرهاد. بەرایی سووتمانێک. پیرێژن دادەچڵەکێت. کەواتە... ناڵێت کەواتە چی. لە دڵی خۆشیدا نایڵێت. بەخەمەوە لە کۆگای کتێبە هەڵڕژاوەکان دەڕوانێت. دەڵێت: «ئەگەر بوونیان پێویستە دەتوانم بیانشارمەوە. یان بۆ هەر شوێنێک حەز بکەی بیانگوێزمەوە».

نزم دەیلێت. لە گوێچکەی دوژمن و دڵی تاریکی دەترسێت. سەیری دێتێ فەرهاد. پیرێژن بەهەموو شتێک دەزانێت. لە کەنگێوە؟ میهرەبان وەڵامی میهرەبانییەکەی دەداتەوە.

– نا دایەگیان.

شەمچە بەکتێب و کاغەزەکانەوە دەنێت. گڕ لە دڵخۆش یەکانی بەر دەدات. پیرێژن هێشتا بەدیاریەوە ڕاوەستاوە. هەڵدەلەرزێت پیرێژن؛ سەرمایەتی. ئاگرەکە گەرمی ناکاتەوە. بڵێسەکان لەسەر چرچ و لۆچی ڕوخساری سەما دەکەن. وەک سەمای قێزەونی پیرێژنێک لەناو پێچ و خولی گەزارەی ئاگردا.

فەرهاد دەڵێت: «دەبێ چەند ڕۆژ لە ماڵ نەڕۆمە دەر».

پیرێژن تێدەگات. لەو ترسەش دەگات کە لە گیانی گوتنی نیشتووە. چاو لە گژەکە هەڵدەبڕێت و لە چاوی فەرهاد دەڕوانێت. بڵێسەکان لە چاوی فەرهاددا دادەمرکێنەوە.
پیرێژن دەڵێت: «چاکتر. با چەند ڕۆژیش لە لای ئەم دایکە پیرەی خۆت...

– بەڵام نابێ کەس بزانێ لە ماڵەوەم. ئەگەر کەسێکیش سۆراخم بگرێ....

– دەبێ بڵێم لە ماڵ نییە. دەبێ بڵێم ڕۆشتووە بۆ... ئەی چی بە کاڵێ بڵێم؟

چی بە کاڵێ دەڵێت فەرهاد؟ چۆنی تێدەگەیەنێت کە ڕەنگە ڕۆژانی خۆشی پێکەوەبوونیان کۆتایی هاتبێ؟ ئەم پرسیارەیە ئازاری دەدات. ئەم پرسیارەیە کە سبحەینێ و سبحەینێیەکی تریش بێ وەڵام دەمێنێتەوە.

مات و خەمبار خۆی بەژووری فەرهاددا دەکات کاڵێ. گریاوە، چاوە گەشەکانی تەڕن. دەڵێت: «گوڵە هەنارەکە وشک بووە فەرهاد».

ماوەیەک لەوەبەر گوتوویە هەنارەکە لە لقی ناسکی بووەتەوە و، کەوتووە. دەگرێ کاڵێ. لەوە دوا چۆنی تێ بگەیەنێت ئاگای لە هاتنەوەی هەیە؟ دەڵێت: «دەترسم فەرهاد. دەترسم بەنەمانی ئەم ڕەمز و ئیشارەتە».

چاو بەژوورەکەی فەرهاددا دەگێڕێت کاڵێ. بەهەر دوو ژوورەکەیدا. لە کەنگێوە لە ماڵ نەڕۆشتووەتە دەر؟ لە تابلۆی سەر سێ پایەکە ڕادەمێنێت. هەست بەڕووداوێک دەکات. هەست بەکارەساتێک.

– چی ڕووی داوە فەرهاد؟



– نەخۆشم. ماندووم. دەبێ چەند ڕۆژ لە ماڵ نەڕۆمە دەر و...

نەخۆشە. ماندوو دیارە. بەڵام ڕووداوەکە شتێکی ترە. نیگای ڕاستگۆی دەیدرکێنێت.

– چی قەوماوە؟

ناچار پێ لە ڕاستی دەنێت و چی لە هاوڕێکانی بیستووە بۆ کاڵێی دەگێڕێتەوە فەرهاد. گریانی کاڵێ دەبێتە شینگێڕی. دڵی مانەوەی نامێنێت. لە ژوورەکە دەڕواتە دەر...

فەرهاد نەیدەزانی کاڵێ لە کۆڵان و تەنانەت لە هەموو گەڕەکەکەدا هەواڵی ڕۆشتنی ئەوی بڵاوکردبووەوە. بەڵام دەیزانی هەموو ڕۆژێک، لەگەڵ خۆرکەوتنی بەیانی، کاڵێش لە دەرکەی تەنەکەی حەساری ماڵەکەیان هەڵدەهات و تا ئێوارە وەک لەیلەدۆنێ بەکۆڵان و کۆڵانەکانی گەڕەکدا دەسووڕایەوە. جاروباریش کە دەرفەتێکی بۆ دەڕەخسا...

بەگومان و وەسواسەوە دێت بۆ لای فەرهاد، کاڵێ. دڵ لە دوایە. وەک بزیشکەی سەر ساج بێ ئارامە. دوا هەواڵی کۆڵانی بۆ دەگێڕێتەوە. پەردە و پشت پەردەی ژوورەکەی درزبڕ دەکات. ئەوسا...

– مەڕۆ کاڵێ. تۆزێک لە لام بمێنەوە.

نامێنێتەوە؛ بەند نابێت. دەنگە دەنگێک لە کۆڵان دێت. دەبێ بڕوات. نەکا پیاوخراپێک، گومان لێکراوێک بەکۆڵاندا گوزەر بکات و ئەو نەزانێت.

– مەڕۆ کاڵێ...

گوتم: «ئەی پیرێژن؟ ناکرێ ئەو ڕۆژانە بگێڕیتەوە و باسی پیرێژنی خاوەن ماڵی نەکەی».

گوتی: کڵۆڵ پیرێژن.

پیرێژن زانیبووی ئەو ئاواتەی نایەتە دی کە کاڵێ بۆ فەرهاد بخوازێ. بەکەمی لە ژوورەکەی دەهاتە دەر. نەوەک لە بەر ئێشی پشت و پێی، نەیدەویست چاوی بەکاڵێ بکەوێ. نیگای خەمبار و چاوی ترساوو هەراسانی کاڵێ ئازاری دەدا. بۆیە لە ژوورەکەی دەمایەوە و تێدەکۆشا چیرۆکی فەرامۆش بووی خۆی وەبیر بێنێتەوە. یان وەبیر نەهێنێتەوە.

فەرهاد لە ناکاو لە خەو ڕاپەڕی. وەک کەسێک قیژەیەکی تیژ و ترسناک لە خەو ڕایپەڕاندبێ. چاوە تۆقیوەکانی بەژوورەکەدا گێڕا. لەشە لاواز و ئێسکنەکەی دەلەرزی.

گوتم: «حەتمەن دیسان خەونی دیوە. ماوەیەکە قیژەیەکی تیژ و ترسناک...».

ئەو داچڵەکیبوو. نیگای لە فەرهادەوە بۆ من و لە منەوە بۆ فەرهاد گوێزایەوە. گوتی:

– قیژەیەکی تیژ و ترسناک؟

گوتی: «کەواتە فەرهادیش ئەو قیژە تیژ و ترسناکە دەبیستێ».

فەرهاد هەستا. بەگران. قاچە باریک و ئێسکنەکانی بەگران لەشە پەرپووتەکەیان پێ ڕادەگیرا؛ پێیان ڕانەدەگیرا. ئەو جگەرەکەی فڕێدا. ویستی هەستێ و باوەشی پێدا بکا. نەمهێشت. گوتم: «وازی لێ بێنە».

دەڕواتە بەر پەنجەرەکە و بەحاستەم لۆی پەردەکەی هەڵدەداتەوە فەرهاد. لەو دیو پەنجەرە لە کۆڵان و لە ماڵی کاڵێ دەڕوانێت. لە پەنجەرەی شین و بچووکی ماڵی کاڵێ. جێگەی خاڵی گوڵە هەنارەکە دیارە. پەردەکەشی دادراوەیە. چاو دەگێڕێت فەرهاد. کاڵێ لە حەسار و، لە بەر دەرکەی تەنەکەی ماڵەکەشیان نییە. کوڕە کوێرەکانیش لە سووچێک دانەنیشتوون و دەستە بچووکەکانیان هەڵنەبڕیوە. کۆترەکانیش لە سەربان... ڕەحیم زۆربەی کۆترەکانی فرۆشتووە. جووتێکی هێشتووەتەوە. جووتێکی باڵ نەخشینی پۆپنەدار و... ویستوویە ئەوانیش بفرۆشێت. کاڵێ نەیهێشتووە.

نیگای بۆ ئەو سەری کۆڵان دەگوێزێتەوە فەرهاد. کاڵێ لەو سەری کۆڵانەوە دەردەکەوێت. چارشێوی لەسەر کردووەتەوە و بن هەنگڵی داوە. گورج و بەپەلەیە. جاروباریش ئاوڕ دەداتەوە. لە جووڵەیدا ترس و گومان دەبینێت فەرهاد. کە نزیکتر دەبێتەوە لە چاویدا. سەر هەڵدەبڕێت کاڵێ. با چنگ لە بسکی ڕۆ دەکات. دەیبینێت فەرهاد. سەمای بسکی ئاڵۆزی دەبینێت. ئیشارەتی دەستی دەبینێت. لۆی هەڵدراوەی پەردەکە بەردەبێتەوە و، ناو پەنجەرەکە چۆڵ دەکات فەرهاد. لە ژوورەکەش دەڕواتە دەر.

گوتی: «بڕوانە چۆن هەڵوەداو سەراسیمە بەرەو پیری دەچێ. ئێستاش دەڵێی یەکەم جارە دەچێ دەرکەی لێ بکاتەوە».

بە بزەو حەسرەتەوە گوتی. بەخۆشی و مەراقەوە.

گوتم: «یەکەم جار نییە، بەڵام پێدەچێ دواهەم جار بێ».

– دواهەم جار؟ بەخەم و سەرسوڕمانەوە پرسی.

گوتم: «کاڵێ هەواڵی ناخۆشی پێیە. هەواڵی گیرانی دووکەس لە هاوڕێکانی فەرهاد و ڕێی تێدەچێ پۆلیس و ساواک بەشوێنی ئەویشیان زانیبێ».



کاڵێ گوتبووی: «تۆ تاکەی دەبێ لە ماڵ نەچیتە دەر؟» دوێنێ گوتبووی. فەرهاد پێکەنیبوو. زیاتر بۆ ئەوەی نیگەرانی لە چاوی کاڵێ بتارێنێ. گوتبووی: «حەز دەکەی ئێستا دەڕۆمە دەر». ئەو قسە زیاتر کاڵێی ترساندبوو. تووڕە بووبوو. گوتبووی: «ئێمە دەبێ چۆن بزانین ئەو مەترسییە کە باسی دەکەی هێشتا ماوە یان نا؟» ئەوسا گریا بوو. «دەترسم فەرهاد. تۆ ئاوا بێ خەم و خەیاڵ لەم ژوورە دانیشتووی، دەترسم پۆلیس بڕژێنە ناو ماڵەکە و...» قسەکەی پێ تەواو نەکرابوو. کاڵێ پێشتر بەیارمەتی پیرێژن چی بۆ وەها ڕۆژ و وەها ڕووداوێک پێویست بێ، کردبووی. پەیژەکەی لە حەسارەوە بۆ سەربانی ژوورەکانی پیرێژن هەڵپەساردبوو. لەوێشەوە چەند ڕێگەی بۆ هەڵاتن و دەربازبوون دەستنیشان کردبوو. تەنانەت... پیرێژن دڵی نەهاتبوو بڵێ: بێ سوودە. نەیگوتبوو پۆلیس ئەگەر بەتەمای گرتنی بێن، بەر لە هەموو شتێک سەربانەکانی لێ دەگرن. پیرێژن پێشتر دیبووی. ساڵانێک لەوەبەر پۆلیس سەربانەکانیان لە پیاوێکی هەڵاتووی خەڵکی گەڕەک گرتبوو.

کاڵێ پرسیارەکەی دووبارە کردبووەوە: «ئێمە دەبێ چۆن بزانین کە مەترسی گیرانت نەماوە؟» فەرهاد گوتبووی: «یەکێک لە هاوڕێکانم هەواڵم بۆ دێنێ». کاڵێ گوتبووی: «کامەیان؟ عەینەک لە چاوەکەیان؟» گوتبووی: «ناونیشانەکەیم بدەرێ، خۆم دەچم بۆ لای». فەرهاد نەیدابوویە. گوتبووی: «پێویست بەچوونی تۆ ناکا. دڵنیام دێ. دڵنیام یەکێکیان دێ».

کەی؟ فەرهاد حەفتەیەک بوو چاوەڕوان بوو. لە جومعەی ڕابوردووەوە. دوێنێکەش جومعە بوو. گوتبووی: «ئیمڕۆ حەتمەن یەکێکیان دێ. ئەگەر هیچ...» نەیگوتبوو ئەگەر هیچ نەقەومابێ. کاڵێ تێگەیشتبوو. «ئەگەر نەهاتن چی؟» فەرهاد ترسەکەی پێ نەشاردرابووەوە. کاڵێ گوتبووی: «ئەوان من دەناسن. چەند جار لە کۆڵان و لە بەر دەرکە دیویانم. دەچم دەڵێم...» فەرهاد ملی نەدابوو. گوتبووی: «حەز ناکەم کەس بەئاگری منەوە بسووتێ. حەز ناکەم تۆ...» کاڵێ لە پڕمەی گریانی دابوو.

– من بەئاگری تۆوە سووتاوم فەرهاد». کاڵێ دوێ شەوە گوتبووی. کاتێک بەبۆنەی سەردانی پیرێژنەوە چووبووە لای. گوتبووی: «ئیمڕۆش نەهاتن». گوتبووی: «ناونیشانی هاوڕێکەتم نەدەیتێ لەم ژوورە ناچمە دەر».

ئەو گوتی: «بۆ نەهاتنە سەر؟»

شەقاوەکانیان ماندووە و داماو. خشپەی پێیان بێ دەنگی پلیکانەکانی پێ ناشکێت. وەنەوزە کوتەی ژوورەکانی پێ ناقرتێت. نائومێد خۆی بەژوورەکەیدا دەکات فەرهاد. کاڵێی بەدواوەیە. وەک هەمیشە... نە وەک هەمیشە، سێبەرێکە و لەگەڵ کاڵبوونەوەی دوا گزەنگەکاندا، کاڵ بووەتەوە کاڵێ. چاوە بێ تینەکانی چی فرمێسکیان پێبووە لە حەسار هەڵیانڕشتووە. حەساری ماڵی پیرێژن تەڕە. تەڕی فرمێسکی کاڵێ و پیرێژن کێشکی دوا ماڵاوایی دڵدارەکان دەگرێت.

– دەبێ بڕۆم.

بە شەرمەوە دەیڵێت فەرهاد. بەشەرم و گریانەوە. دەربەستی شکۆی پیاوانەی نییە.

– تۆ تێدەگەی، ناچارم بڕۆم. ئێستا یان ساتێکی تر پۆلیس دەڕژێنە ئەم ماڵە و...

– منیش دێم. لەگەڵ خۆت مبە فەرهاد. بۆ هەر شوێنێک دەچی لەگەڵ خۆت مبە.

باوەشی پێدا دەکات کاڵێ. بەباڵای ترساویەوە شەتڵ دەبێت.

بە پاو پلیەوە. هەرەس دێنێت فەرهاد. دەڕووخێت.

ئەو نیگای لەو دیمەنە هەڵبڕی و گوتی: «من دەڕۆم».

لە ژووری فەرهاد بوو. ژوورەکەی ئێستای نا. لە ماڵی پیرێژن بوو. نیگای شەرمەزار و، چاوەکانی تەڕ بوون. گوتم: «بەڵام هێشتا...»

ڕانەوەستا بەردەوام بم. بەپەلە لە ژوورەکە چووە دەر و، بەپلیکانەکاندا داگەڕا. منیش شوێنی کەوتم. پیرێژن لە خوار پلیکانەکان، لە تاریکی داڵانەکە ڕاوەستابوو. دەگریا؟ ئەو بەلایدا تێپەڕی. دەرکە چێوییەکەی کردەوە و...

لە کۆڵان بووین. گوتم: «بریا نەدەهاتیە دەر و، دوا قسەکانیانت دەبیست».

دوا قسەی کاڵێ، دوا ساڵانێک هێشتا لە خەڵوەتی کۆڵاندا دەنگی دەدایەوە.

– من ئەم خەمەم پێ هەڵناگیرێ. دەرەقەت نایەم.

ئەو قەڵەمەکەی دانابوو. ئانیشکی خستبووە سەر مێزەکە و پەنجەی لە قژە سەری ڕۆ کردبوو. ئەفسانەی بیر کەوتبووەوە. دوا ماڵاوایی خۆی و ئەفسانە.

گوتم: «ناتەوێ ئەم بەشەی چیرۆکەکە تەواو بکەی؟»

گوتی: «ئەم بەشە هەرگیز تەواو نابێ».



## نۆزدە

ڕۆژێکی تریش ناسری بینییەوە. عەسرێکی سارد لە چایخانەیەکی قەرەباڵغی دەوری مەیدانە قەدیمییەکەی شار. ماوەیەک بوو بەکەمی لە ماڵ دەچووە دەر. بەدووسێ ڕۆژ جارێک، بۆ کڕینی هەندێک کەلوپەلی پێویست و... بەپەلە دەگەڕایەوە. دەگەڕایەوە بۆ ماڵەوە. بۆ پشت مێزی نووسینەکەی. مونیرە گوتبووی: «سێ حەفتەیە ڕووناک ڕۆشتووەتەوە و، تۆ لەم ماوەدا تەنها جارێک، ئەویش بەسەر پێوە سەری ماڵی ئێمەت داوە...». مونیرە ئەم بەیانییە بەدڵپڕییەوە گوتبووی. تەلەفوونی بۆ کردبوو، گوتبووی: «نایەی بۆ ماڵمان. کە تەلەفوونیشت بۆ دەکەین هەڵیناگری. کە دێین بۆلات...» مونیرە گریابوو. گوتبووی: «لەسەر چی لێمان تۆراوی؟ ئەگەر لە بەر فرۆشتنی ماڵ و حەسارەکەیە، هێشتا مامڵەکە نەبڕاوەتەوە. هێشتا قەباڵە نەنووسراوە و پارە وەرنەگیراوە. من ئامادەم لە گفتی خۆم ژێوان ببمەوە. ئەگەر تۆ حەز بەفرۆشتنی ئەو ماڵ و حەسارە نەکەی، منیش حەز ناکەم. ڕووناکیش...» ئەو گوتبووی: «باسی ماڵ و حەسارەکە نییە مونیرە. ئەم ماڵ و حەسارە ئێمرۆ یان سبەی دەبێ بفرۆشرێ و، دەفرۆشرێ...» مونیرە گوتبووی: «ئەی باسی چییە؟ دڵت لە چی ئێشاوە؟ لە کێ؟ بۆ وەک جاران...» مونیرە بەگریانەوە گوتبووی. ئەو دڵخۆشی دابووەوە: «بڕوا بکە دڵم لە کەس و لە هیچ نەئێشاوە. ئەگەر ئەم ماوە بەکەمی سەرم لێداون، سەرقاڵ بووم. کارم بووە. ئێستاش...» گوتبووی: «من دەبێ تا وادەی چۆڵکردنی ماڵەکە دێ کارەکەم تەواو بکەم». مونیرە گوتبووی: «منیش دەمەوێ تا ئەو کاتە کارەکە یەکلایی بکەینەوە».

کامە کار؟ ئەو سەیری هاتبوویە. بەسەرسووڕمانەوە پرسیبووی. مونیرە گوتبووی: «ژن هێنانەکەت». ئەو پێکەنیبوو. وەک هەمیشە گوتبووی: «من ژنهێنەر نیم مونیرە». مونیرە توورە بووبوو. گوتبووی: «لە کیست دەچێ. چاکتر و جوانتر لە لەیلات دەست ناکەوێ. ڕووناکیش لەوەتی دیویەتی شەیدای بووە. خوشکی بمرێ ڕووناک. هەموو ڕۆژێک لە تارانەوە تەلەفوونم بۆ دەکا و دەڵێ خوازبێنییەکە بوو بە چی؟»

خوازبێنی؟ مونیرە گوتبووی: «ئێمشەو دەبێ بێیت بۆ ماڵمان. ئەگەر نەیەیت...» ئەو

گوتبووی: «بەڵام من ئیمشەو...» مونیرە تەلەفوونەکەی دانابوو.

گوتم: «لەوە دەچێ ئەم چیرۆکە بەخۆشییەوە تەواو ببێ. خوازبێنی و زەماوەند و...».

بەپێکەنینەوە گوتم. ئەو سەری هەڵبڕی و سەیری کردم. لە پشت مێزەکەی بوو. گوتی: «دەترسم ئەم چیرۆکە هەرگیز تەواو نەبێ».

لەبەر خۆیەوە گوتی. ماندوو بوو. ماوەیەک بوو شەو و ڕۆژ نووسیبووی و گەیشتبووە دوا ماڵاوایی فەرهاد و کاڵێ.

فەرهاد کەلوپەلی ماڵەکەی بەپیرێژنی خاوەن ماڵی سپاردبوو. بۆ خۆی. چیان لێ دەکا با بیکا. تابلۆکانیشی... پیرێژن گوتبووی دەست لە کەلوپەل و تابلۆکانی نادا. هەروا لە ژوورەکاندا دەیانهێڵێتەوە و دەرکەیان لەسەر دادەخا. تا ڕۆژێک کە خۆی دەگەڕێتەوە. پیرێژن بەهیوای گەڕانەوەی فەرهاد بوو. گوتبووی چاوەڕوانی دەبێ. بەڵام کاڵێ زانیبووی گەڕانەوەیەک لە ئارادا نییە. گریا بوو. گوتبووی: «ئەم خەمەم پێ هەڵناگیرێ، دەرەقەت نایەم». ئەوسا ون بووبوو. لە خەڵوەتی ئەو کۆڵانە داخراوو تەنگەبەرەدا بۆ دووهەم جار ون بووبووەوە. یەکەم جار لە سپیەتی دواهەم تابلۆکەی فەرهاددا و، ئێستاش لەچیرۆکەکەیدا. چیرۆکی فەرهاد لەسەر مێزەکەی ئەو بوو. چەند مانگ بوو وشە بەوشە و دێڕ بەدێڕ ژیابووەوە. لەسەر سەدو ئەوەندە لاپەڕە و ئەو نیگای لە دەستنووسەکەیەوە بۆ دواهەم تابلۆکەی فەرهاد گوێزایەوە. دواهەم تابلۆکەی فەرهاد هێشتا بەدیواری ژوورەکەوە بوو. ئەو لێی ورد بووەوە. نیگای ماندوو و هەراسان بوو؛ وەک نیگای فەرهاد. ئەو دەمە کە ویستبووی لە سپیەتی تابلۆی سەر سێپایەکەیدا کاڵێ ببینێتەوە و، نەیدیبووەوە. تابلۆکە هێشتا چەند هێڵی ڕەش و باریک و خوار و خێچ بوو. ئەو گوتی: «وەک چیرۆکەکەی. چیرۆکەکەشی گێڕانەوەیەکی بێ سەر و بنی...».

ئەو بەنائومێدییەوە گوتی. من ترسام. هەستام و لێی نزیک بوومەوە. لە مێزەکەی و، دەستم بۆ کاغەزەکان درێژ کرد. چیرۆکی فەرهاد لە دەستمدا قورس بوو. قورستر لەوەی چاوەڕوانیم دەکرد. ئەوسا پێکەنیم. دیمەنێک کە هەمیشە دووبارە دەبووەوە. گوتم: «ئەم چیرۆکە تەواو بووە».

لە قسەکەی خۆم داچڵەکیم.

– تەواو بووە؟!

ئەویش داچڵەکیبوو. بەسەرسوورمانەوە گوتبووی. ئەوسا بەداخەوە سەری ڕاوەشاند:



– دوا چەند مانگ کاری بەردەوام دیسان گەیشتوومەتەوە بۆ یەکەم ڕۆژ و یەکەم دێڕێک کە نووسیومە.

دەستم لەژێر قورسایی دەستنووسەکەیدا لەرزی و پەڕە کاغەزەکان بۆ سەر مێزەکە شۆڕ بوونەوە. گوتم: «دەبوو وابێ. تۆ چیرۆکەکەت لە دوا ڕۆژەکانی ژیانی فەرهادەوە دەست پێکردووە، دەبوو دوا پێداچوونەوەیەک...».

گوتی: «فەرهاد هێشتا لە خەڵوەتی ئەو کۆڵانە تەنگەبەر و داخراوەدایە».

فەرهاد لە بەر ڕۆشنایی کزی پەنجەرەی ژوورەکەیدا بوو. دەستە باریک و ئێسکنەکانی لە دەوری ئەژنۆی ئاڵاندبوو. سەری بەملیەوە بۆ سەر شانی شۆڕ بووبووەوە. وەک تەرمێکی دانیشتوو. تەرمی مۆمیایی پیاوێک. ئەو هەستا؛ لە پەنجەرەکە نزیک بووەوە. پەنجەرەی ژوورەکەی خۆی یان ژووری فەرهاد؟ لەو دیو پەنجەرەکەی ڕوانی. دەرەوە سارد بوو. ئەو تەنکە بەفرە کە دوێ شەو باریبوو هێشتا لەسەر زەوی و لەسەر لقی ڕووتی درەختەکانی حەساری ئەو دیو پەنجەرەکە نەتوابووەوە، بەستبووی. باڵندەیەکی ڕەشی گەورە بەسەر حەسارەکەو بەسەر ماڵەکەی ئەوبەر حەسارەکەوە دەسووڕایەوە. ئەو ماوەیەک لێی ڕاما. بەو هیوایە کە ون ببێ. کە وەک هەموو جارێکی تر لە قاپی پەنجەرەکە بڕواتە دەر. ئەوسا ئاوڕی دایەوە، وەها کە کەسێک بانگی کردبێ. پاڵتۆکەی لەبەر کرد و ملپێچەکەی لە ملی ئاڵاند. گوتم: «بۆ کوێ؟»

گوتی: «دەڕۆمە دەر. دەمەوێ بزانم کاڵێ دوا ڕۆشتنی فەرهاد چی بەسەر هاتووە».

گوتی کاڵێ؟ گوتی ئەفسانە؟ من هیچم نەگوت. تێدا مابووم. لەبەر ڕۆشنایی کزی پەنجەرەی ژوورەکەم دانیشم یان پاڵتۆکەم لەبەر بکەم، مل پێچەکەم لە مل بئاڵێنم و لە ژوورەکەم بڕۆمە دەر؟

ئەو ئێستا لە دەرەوە بوو؛ دەمێکە بوو لە دەرەوە بوو. وەکو پیاوێک کەسێ یان شتێکی ون کردبێ و لە کۆڵان و لە شەقامەکاندا لێی بگەڕێ، لە ڕوومەتی ڕێبوارەکان ورد دەبووەوە. ژن و پیاوو... ئاپۆرەی تاپۆگەلێک کە گورج و بەپەلە بەلایدا تێدەپەڕین. ئەو دەیبینین و نەیدەبینین. ڕوومەتی سەرماگەستەیانی دەدی و نەیدەدی. ڕوومەتی مۆن و گرژ، بەبزەو پێکەنین. جووڵەی گورج و بەپەلەی دەست و پێیان کە تێکەڵ دەبوو. گەمەیەکی سەرسووڕهێنەر. هەوری هەناسەیان کە لەبەر دەمیاندا کەرت کەرت دەبوو. چپە و ژاوە ژاوو دەنگەدەنگیانی دەبیست و نەیدەبیست. وشەی خزیلک، ڕستەی تێکەڵ و

ئالۆز و سەروو گوێ قرتاو... لە کێ دەگەڕا؟ چەند جار لەبەر خۆیەوە دووبارەی کردبووەوە. «لە کێ دەگەڕێم؟ لە کالێ؟»

کالێ لەم کۆڵان و شەقامانەدا نەبوو. ئەو دەیزانی؛ لەم کۆڵان و شەقامانەدا ون نەبووبوو. کالێ لە شوێنێکی تر ون بووبوو. لە کۆڵانێکی داخراوی تەنگەبەر. لە شارێکی تر؛ شاری چیرۆکەکەی فەرهاد. ئەو سالانێک بوو ئەو شارەی بەجێ هێشتبوو. ئێستاش کە گەڕابووەوە لە کەسانێکی تر دەگەڕا. لە کەسانێک کە کەسی ئەو شارە بوون. کە کەسی کالێ بوون. لە ڕەحیمی برای، لە کوڕە کوێرەکان. کوڕە کوێرەکانی چیرۆکەکە دوو مێرمندالی داماو بوون کە لە سووچێک، لە پاڵ یەکتر دادەنیشتن و دەستیان هەڵدەبڕی. بۆ ئەوەی کۆترێک لەسەر دەستیان بنیشێ. ڕەنگە ئێستاش لە سووچێک لە پاڵ یەکتر دانیشتبێتن و دەستیان هەڵبڕیبێ. بۆ ئەوەی ڕێبوارێکی بەپەلەی خێرومەند، وردە پوولێکی بنکی گیرفانی بخاتە ناو دەستیانەوە؛ لە کوێ؟

ئەو پیاوێکی دی کە لە پێشیەوە دەڕۆیشت. سەلەیەک گلۆپی بەدەستەوە بوو دەیفرۆشت. پێی هەڵگرت و لێی نزیک بووەوە: «کاکە من لە دوو پیاوی کوێر دەگەڕێم. دوو پیاوی...».

کابرا ئاوڕی لێ دایەوە

– یەکیان من نیم؟

بە پێکەنینەوە گوتی. ئەو داچڵەکی. پیاوێکی ئاوڵەڕوو، قاپووژی پووچەڵی چاوەکانی دوو کونی ترسناک بوون. ئەو گوتی: «نا، ئەوان هیچیان ئاوڵەڕوو نەبوون. هیچیان دوو کونی ترسناک...»

نەیگوت. گوتی: «لە کوێ دەبێ لێیان بگەڕێم؟»

کابرا گوتی: «ئەم شارە پڕە لە ژن و پیاوی کوێر. لە هەموو کۆڵان و شەقامێک، لەبەر دەرکەی هەموو مزگەوتێک، لە دەوری هەموو مەیدانێک...».

ئەوسا گوتی: «دەوری ئەو مەیدانە پڕە لە پیاوی کوێر».

ئەو بەرەو مەیدانەکە چوو. مەیدان و پیادەڕۆی دەوری مەیدانەکە وەک هەمیشە قەرەباڵغ بوو. تاکسی و ئۆتومبێلە شەخسییەکان قەتارەیان بەستبوو. لە هەر چوارلای مەیدانەکە و لە سەرەتای ئەو شەقامانە کە هەر کامیان بەرەو لایەکی شار دەچوون. خەڵک بەکۆمەڵ ڕاوەستابوون و چاوەڕێی تاکسی بوون. لە پیادەڕۆکەشدا خەڵکێکی زۆر شتومەکی



جۆراوجۆریان لەسەر زەوی بۆ فرۆشتن بڵاوکردبووەوە و هەرا هەرا بانگی مشتەرییان دەکرد. چەند کەسێکیش... ئەو لێیان ورد بووەوە. کەسیان کوێر نەبوون. تەنانەت ئەوانەش کە لە گوێ جۆگەی شەقامەکە دانیشتبوون و سواڵیان دەکرد، کوێر نەبوون. ئەو لە یەکێکیان نزیک بووەوە. نەویەوە و گوتی: «تۆ دوو پیاوی کوێر ناناسی دەستیان گرتبێتەوە و...».

کابرا سەری هەڵبڕی. گوتی: «دوو پیاوی کوێر؟»

بە تووڕەییەوە پرسی. گوتی: «بۆ پێت وایە پیاو کوێر نەبێ خێری پێ ناشێ؟ منیش مستەحەقم. چی دەدەی بەئەوان بیدە بەم».

ئەوسا قاچە قرتاوەکەی نیشان دا. لەولاشیەوە یەکێکی تر دەستە کۆڵەکانی هەڵبڕی. ئەو نائومێد هەستا و، بەناو قەرەباڵغی خەڵکەکەدا تێپەڕی. دەنگێکی ناسکی ژنانە ڕایوەستاند.

– خێری جوانییەکەت.

دەنگی ژنە قەرەچێکی قەڵەویچکە و ڕەشتاڵە بوو. لەگەڵ ئەوی نەبوو. بەری بەکابرایەکی باریک و چڵکنە گرتبوو. کابرا چاوی بووبووە چوار چاو.

– خوا قەزاکەت...

ژنە قەرەچ سیوای لە چاوی حیز بووبووەوە. گوتی: «پەنجا تمەن».

کابرا دەستی لە گیرفانی خالی ڕۆ کرد و، دەری هێنایەوە. گوتی: «پارەم نییە. بەلام ئامادەم بتخەمە سەر قەلاندۆشم و چوار سوور بەم دەورە مەیدانەدا بتگێڕم».

ئەو پێکەنی. ژنە قەرەچیش پێکەنی و کولمە و غەبغەبی ڕەش و گۆشتنی لەرییەوە. گوتی: «ڕاست دەکەی بەتەنها سووڕێک بەم دەورە مەیدانەدا بگەڕێ و مەکەوە زەوی».

ژنە قەرەچ بەدەم پێکەنینەوە لە قەرەباڵغییەکەدا ون بوو. کابراش ون بوو. سێ مندالی بچووک لە دەوری ئەو ئالان. «پێلاوەکانت بۆ واکس کەین».

هەریەکەو سندووقێکی بچووکیان بەشانەوە بوو. ئەو لێیان ورد بووەوە و هیچی نەگوت.

– خاسی واکس دەکەین. بیست تمەن... پانزدە تمەن...

هەرە بچووکەکەیان بەپاڕانەوەوە گوتی: «دە تمەن».

لە شوێنێکەوە، ڕەنگە لە تۆمارگەیەکەوە گۆرانییەک بڵاو دەبووەوە. «تۆ چاوت نەیشێ...» لە ڕیزی ئەو خەڵکەدا کە چاوەڕوانی تاکسی بوون قرم و قالێک بەرز بووەوە.

پیرێژنێکی کۆڵوانە لە کۆڵی شەدە لە سەر، حۆقێ تفی ڕۆ کرد. «ئاخر زەمانە... بەڕۆژی ڕووناک...» کچێکی جوان، ترساو لە ڕیزەکە هاتە دەر. کوڕێکی گەنج بەولاوەتر هەرای لێکرد: «ئافەرەم... ئەمەش شێوەیەکی تازەی بازاڕگەرمی و مشتەری دۆزینەوەیە». کچەکەش ون بوو. ئەو دیسان هەنگاوی هەڵێنایەوە. دیسان لە خەڵکەکە و لە ڕوخساری... پەیکەری ناوەڕاستی مەیدانەکە سەرنجی ڕاکێشا. پەیکەری لە سنگ بەرەو ژووری ژنێک. ژنەکە چارشێوی بەسەرەوە بوو. دەستی هەڵبڕیبوو. بەقامک ئیشارەی بۆ شوێنێک دەکرد. بۆ کوێ؟ لە دامێنی پەیکەرەکە بەخەتێکی ڕەش نووسرابوو «حیجاب زینەتی ژنانە». ئەوە تەنها نووسین نەبوو. ڕیزێک نووسراوەی سەر پارچە بەدەوری نەردەی مەیدانەکەوە هەڵواسرابوون. «یەکەمین کۆنگرەی ژن لە کۆمەڵگەی مەدەنیدا». بەولاوەتر «گەڕانەوەی پاڵەوانی کاراتەی وڵات بۆ شارەکەمان...» دەنگدان بە... دەنگدانی دووبارەیە بەئیسلاحات و...» ئەو شوێن ئیشارەتی قامکی پەیکەرەکە کەوتبوو. هێشتا گۆرانییەکەی دەبیست. «با چاو من بێشێ...» ناوی خۆی بیست. «میهرەبان... میهرەبان» ڕاوەستا و ئاوڕی دایەوە. دوو پیاو دەست لەناو دەستی یەکتر بەلایدا تێپەڕین. کوێر بوون؟ وردو بەسڵەوە بەناو خەڵکەکەدا دەڕۆشتن.

– میهرەبان...

کەسێک لەناو دەرکەی چایخانەیەکەوە دەستی لێ هەڵدەتەکاند. دەنگی ئاشنا بوو. زەردەخەنەکەشی. ئەو نەیناسییەوە. گوتی: «لە گەڵ منتە».

کابرا بەرەو پیری هات.

– نامناسییەوە؟

ئێستا ئیتر لە باوەشی کابرادا بوو. لە قەرەباڵغییەکەدا. ئەملاولای یەکتریان ماچ دەکرد. ڕوومەت و لێوەکانی کابرا سارد بوون. بەڵام هەناسەی...

– تۆ بۆچی نامناسییەوە؟ تۆ بۆچی هاوڕێ دلێر ناناسییەوە؟

کابرا بەتوانجەوە گوتی و ئەو بیری کەوتەوە. بزەی بزووت. گوتی: «ئەوە تۆی کوورش؟»

جارێکی تریش ئەملاولای یەکتریان ماچ کردەوە. حەماڵێک بەکۆڵەوە خۆی پێدا کێشان. ژنێکی تر لەناو ئاپۆرەی خەڵکەکەدا قیژاندی. کوڕێکی مێرمنداڵ بەترس و خۆشییەوە هەڵات.

– ئەوە تۆ لێرە چی دەکەی؟



کوورش خۆشحاڵ بوو. ئەو گوتی: «لە دوو پیاوی کوێر دەگەڕێم».

ئەویش خۆشحاڵ بوو. ئەوسا دوو بەدوو خۆیان بەچایخانەکەدا کرد. ئەو پێشتریش هاتبووە ئەم چایخانە. لە سووچێک دانیشتن. کوورش داوای دوو چای کرد و گوتی: «لە دوو پیاوی کوێر دەگەڕایت؟!»

ئەو داچڵەکی. کوورش پێکەنی. گوتی: «لەناو ئەم هەموو کوێرەدا...»

بەردەوام نەبوو. قسەکەی گۆڕی و، گوتی: «من پێموایە ئێرە ئێستاش خۆشترین چایخانەی دنیایە. تۆش وا نالێی؟»

ئەو چاوی بەناو چایخانەکەدا گێڕا. دیوارە کاشیکاریەکان و ڕەسمی پاڵەوانە قەدیمییەکان. ڕیزی مێز و کورسییە چێوییەکان و زرنگەی پیاڵە و ژێرپیاڵە و قوڵتەقوڵتی قلیان و... ناو چایخانەکە گەرم بوو. گەرم و قەرەباڵغ. ئەو گوتی: «جگە لە چایچی و مشتەریەکان، هیچ شتێکی ئەم چایخانە نەگۆڕاوە».

کوورش گوتی: «ئەڵبەت ئێستا دوو کەس لە مشتەریەکانیش...»

کوورش خۆشحاڵ بوو. دەستی خستبووە سەر شانی ئەو و بەردەوام بوو: «لێرە تەنها مرۆڤەکان دەگۆڕێن».

دیسان لاڕوومەتی ماچ کردەوە. گوتی: «بڵێ بزانم تۆ لێرە چی دەکەی؟ تۆ بۆ لێرەی؟»

ئەو لای لێ کردەوە. کوورش قژی بەسەرەوە نەمابوو. ڕیش و سمێڵی سپی بووبوو. کەمێک قەڵەو بووبوو. بەڵام... لە بەر خۆیەوە گوتی: «بەڵام نیگای، نیگای کوورشەکەی جارانە. هاوڕێ دلێرەکەی جاران».

ئەو و کوورش پێکەوە لێرە ڕۆشتبوون، ساڵانێک لەمەبەر. لە دەرەوەش چەند مانگێک پێکەوە بووبوون. ئەوسا ئەو ڕۆشتبوو بۆ تورکیە و...کوورش گوتی:«مەگەر تۆ لە ئورووپا نەبوویت. کەی گەڕاویتەوە؟»

ئەو گوتی: «نزیکەی پێنج مانگە».

– بەئێجگاری؟

ئەو نەیدەزانی. زەردەخەنەیەکی کرد و هیچی نەگوت. کوورش گوتی: «بەو هیوایەش گەڕابێتیەوە دوا چەند مانگی تر دەڕۆیتەوە. پێموانییە ژن و منداڵەکەت...»

قسەکەی تەواو نەکرد. بەپێکەنینەکەی ئەودا تێگەیی. گوتی: «کەواتە بۆ ژنهێنان گەڕاویتەوە».

گوتی: «ئێمەمانان لە هەر کوێ بین، لەگەڵ ئافرەتی لای خۆمان نەبێ هەڵناکەین. تەنها ئافرەتی لای خۆمان دەتوانێ گوزەرانمان لەگەڵ بکا. تەنانەت لە دەرەوەی وڵاتیش. لە ئورووپاش».

گوتی: «رەمەزانیش یەک دوو ساڵ لەمەبەر لێرە ژنی خواست. مەنسووری ڕەمەزانی. دەتناسی؟ ئەو نەهاتەوە. لێرەوە پوورزایەکی خۆیان بۆ نارد. کچێکی هەژدە ساڵە...».

کوورش قاقا پێکەنی. مشتەری چایخانەکە بەسەرسوورِمانەوە لایان لێ کردەوە. ئەو گوتی: «من بەتەما نیم ژن بێنم».

بەمونیرەشی گوتبوو. مونیرە پێکەنیبوو. گوتبووی: «تۆ هەر بەتەما مەبە. ئەگەر من خوشکە گەورەت بم دەزانم چۆن ملت بەپەتەوە بکەم و، کچێکی...» نەیگوتبوو کچێکی هەژدە ساڵەت بۆ بێنم. گوتبووی: «لەیلا زۆر کچی چاکە. تۆشی زۆر خۆش دەوێ». نەکا مونیرە بەبێ ئاگاداری ئەو...

کوورش گوتی: «بڵێ بزانم ئەم هەموو ساڵە لە دەرەوەی وڵات چۆن ژیاوی؟ چیت کردووە؟»

ئەو نەیگوت دەرسم خوێندووە. نەیگوت لە ماڵێکی چل و ئەوەندە مەتریدا... تەنانەت نەیگوت چیرۆکم نووسیوە. هیچی دەربارەی خۆی و ئەو هەموو ساڵە نەگوت. گوتی:

– باسی خۆتم بۆ بکە کوورش.

کە ئەو ڕۆشتبوو بۆ تورکیە، کوورشیش دوا چەند مانگ گەڕابووەوە بۆ ئێرە. زۆر لە شاخ و لە عێراق نەمابووەوە و چەکیشی هەڵنەگرتبوو. بۆیە لێی خۆش بووبوون. چەند شەو گرتبوویان و بەریاندابوو. کوورش ویستبووی بگەڕێتەوە بۆ زانکۆ و خوێندنەکەی تەواو بکا. نەیتوانیبوو؛ نەیانهێشتبوو. ماوەیەک لەسەر سفرەی باوکی خواردبووی. سفرەیەکی هەژارانە. باوکی هەژار بوو. بەو حاڵەش لە ترسی ئەوە نەکا دیسان بڕواتەوە و بۆ ئەوەی هۆ بداتەوە سەر کار و ژیانی، چی پاشەکەوتی تەمەنی بوو دابووی و ژنێکی بۆ خواستبوو. کچێکی خزمی خۆیان کە ئەلف و بێیەکی خوێندبوو هیچی تر.

کوورش گوتی: «پیاوانە هۆم دایەوە سەر ژیانم و ئێستا باوکی شەش کچ و کوڕێکم».

کوورش پێکەنی و ئەو بەخەمێکی شاردراوەوە لێی ڕاما. کوورش گوتی: «کچە گەورەکەم چواردە ساڵانەیەو کوڕەکەشم تازە پێی هەڵگرتووە».

ئەوسا دەستی کرد بەگێڕانەوەی هەندێک ڕووداوی ژیانی لەم هەموو ساڵەدا... کە ژنی



خواستبوو کلۆڵی و لێقەومانی لێ دەرکەوتبوو. ژن و منداڵ نانیان دەویست. جل وبەرگیان دەویست و ئەویش کوڕە هەژارێکی دەست و پێ سپی بێ پارە و بێ دەسمایە... چەند ساڵێک خۆی بەئەم برادەرو ئەو برادەرەوە هەڵواسیبوو، بەڵام هیچی بەهیچ نەبووبوو.
گوتی: «هەر ئەو برادەرانە کە مافی هەژار و کرێکاریان دەویست و گوریسیان بەدەستەوە دەگرت و زەویوزاریان لەناو جووتیاراندا بەش دەکرد، بەشێکیان بوون بەتاجر و قاچاغچی و خاوەن کارگە و... لە بەیانییەوە تا ئێوارە وەک سەگ دەیانڕەتاندم و تێر سکی خۆم و ماڵ و منداڵمیان نەدەدامێ».

کوورش ئێستا لە هەمیشە تێر و تەسەلتر بوو. شەوان تا بەیانی لە پیادەڕۆی دەوری ئەو مەیدانە جگەرە و شیری گەرم و کێکی دەفرۆشت بەو موسافیرە غەریبانە کە نیوەشەوان دەگەیشتن و لە دەوری مەیدانەکە دادەبەزین؛ بەشۆفیری ئەو تاکسی و ئوتومبێلانە کە چاوەڕوانی موسافیری شەوانە بوون. بەکەسانی لانەواز و...

ئەو گوتی: «ئەی ڕۆژان چی دەکەی؟»

– ڕۆژان دەخەوم. یان دێم بۆ ئەم چایخانە و...

چایخانە قەرەباڵغ بوو. سەرمای دەرەوە پاڵی بەخەڵکەکەوە دەنا و دەستە دەستە دەهاتنە ژوور. ئەو لە ڕوومەتی یەکە یەکەیان ورد دەبووەوە. ڕوومەتی مات و تێکشکاو و ئێسکن، لە پشت هەڵم و دووکەڵی ناو چایخانەکەوە. ڕوومەتی ماندوو وەڕس. وەک ئەو ساڵانە، وەک پۆرترەکانی فەرهاد. ئەو بیری کردەوە، دەبێ فەرهاد ئەو ساڵانە بەزۆری هاتبێتە ئێرە و لە بەر ئەم ڕوومەتانەوە پۆرترێتی کێشابێتەوە. کوورش قسەی بۆ دەکرد و لەو کاتەدا ئەو کەسێکی دی کە خۆی بەچایخانەکەدا کرد، کەسێکی ئاشنا، ناسری بوو. وەک جاری پێشوو سەروو قژی ئاڵۆز و تەنکە ڕیشێکی سپی و... ئەمجارە پاڵتۆیەکی کۆنیشی لە بەردا بوو. ناسری چوو لە سووچێک لەسەر چوارپایەیەک دانیشت. سەرمای بوو. خۆی گرمۆڵە کردبوو. دەستی ئاخنیبووە گیرفانی پاڵتۆکەی و جگەرەیەکی نیوە سووتاوی بەدەمەوە بوو. لە کێی وەرگرتبوو؟

– کوورش ئەو پیاوە دەناسی؟

ئەو گوتی و بەدزییەوە قامکی بەرەو ناسری درێژ کرد. کوورش شوێن ئیشارەتی قامکی کەوت. گوتی: «بۆ تۆ نایناسیەوە؟ ناسری... کاوەی ناسری... کوڕی...»

ئەوسا زەردەخەنەیەکی تاڵی کرد و، بەداخەوە سەری ڕاوەشاند. گوتی: «ناحەقت نییە

نەیناسیەوە. گەمەی ڕۆژگار وای لێ کردووە خۆشی خۆی نەناسێتەوە».

ئەو گوتی: «ناسری کوڕێکی جوان و تەڕپۆش بوو. پژۆیەکی سەوزی مودێل باڵای لەژێر پێدا بوو. جاروباریش سێ تاری دەژەند...».

لەبەر خۆیەوە گوتی. وەک جاری پێشوو کە لەبەر خۆیەوە گوتبووی و ئەمجارەش کوورش گوێی لێبوو. گوتی: «پیاو بەبینینی کەسێکی وا حاڵ و ڕۆژی خراپی خۆی لەبیر دەچێتەوە. ئێمەمانان لە پێناوی خەونێکی خۆش و ئینسانیدا ئاوامان بەسەر هاتووە. بەڵام کەسێکی وەک ناسری...»

بە خەمەوە گوتی. قسەکەی تەواو نەکرد. ئەو هەڵیدایە: «ناسری چی بەسەر هاتووە؟»

– تێکچووە، دەمێک ساڵە تێکچووە. پاش ئەوەی هەموو سەروەت و سامانی باوکی داناوە، پاش ئەوەی ژنەکەی مردووە، تێکچووە. ماوەیەکی زۆر لە تاران لە نەخۆشخانەیەکی دەروونی بووە و ئێستاش، ساڵێکە گەڕاوەتەوە بۆ ئێرە. پیاوێکی کڵۆڵ و بێ ئازارە. کاری بەکاری کەس نییە. تەنانەت لەگەڵ کەسیش نادوێ.

– ئەی لە کوێ دەژی؟ لە لای کێ؟ لە لای خزم و کەسوکارەکەی؟

– خزم و کەسوکارێکی وای نییە. باوکی دەمێکەیە مردووە. مامەکانیشی لێرە نین. گوایە لای پوورێکی پیری دەژی. پیرێژن ژوورێکی پێداوە و ژەماو ژەم...

کەسێک هات و لە لاشانی ئەوەوە دانیشت. پیاوێکی کەتە بوو. جێی پێ تەنگ کرد. کوورش گوتی: «پێت خۆشە بڕۆینە دەر؟»

ئەو هێشتا چاوی لە ناسری بڕیبوو. ناسری خەمۆک و داماو جگەرەی دەکێشا. ئەویش جگەرەیەکی داگیرساند و گوتی: «نا. ئەگەر دەکرێ داوای دوو چای تر بکە».

کوورش داوای دوو چای تری کرد. ئەو گوتی: «ناڵێن بۆ وای لێ هاتووە؟»

کوورش سەری ڕاوەشاند؛ بەخەمەوە. گوتی: «چیرۆکی ناسری چیرۆکێکی سەیرە. هەرکەس شتێکی لێ دەزانێ و بەجۆرێک دەیگێڕێتەوە. زۆر کەس دەڵێن ئەم نەخۆشییە لە بنەماڵەیاندا بووە. لە بنەماڵەی دایکیدا. دەڵێن تاقە خاڵەکەشی لە شێتخانە مردووە. دایکیشی بەر لە مردنی...»

ئەو گوتی: «بەڵام ناسری ئەو ساڵانە گەنجێکی ماقووڵ دیار بوو».

کوورش پێکەنی. وەک ئەوەی بڵێ ئەم هەموو پرسیارە بۆ چییە؟ یان بڵێ نێوانی



ماقووڵ و ناماقووڵی... بەڵام نەیگوت. گوتی: «پارە سرپۆشە. دەڵێن ئەو ساڵانەش ناتەواو بووە. لە منداڵییەوە ناتەواو بووە. کوڕێکی تەنها و دوورە پەرێز کە هەمیشە لە ماڵەوە خزاوە و خەریکی سێ تار ژەنین بووە. دەڵێن ئەو ساڵانە، تەنانەت ئەو ڕۆژانەش کە هەموو خەڵکی شار، شێت و عاقڵ ڕژاونەتە ناو شەقامەکان و لە خۆپیشاندانەکاندا بەشدارییان کردووە، ئەو بەدەگمەن لە ماڵ هاتووەتە دەر. ڕۆژێکیش کە هاتووەتە دەر، کچێکی دیوە و شەیدای بووە. کچێک لە بنەماڵەیەکی هەژار. دەڵێن ئەو شەیداییە تا ڕادەیەکی زۆر ژیانی گۆڕیوە. لەو خەڵوەت و خەمۆکییە هێناویەتە دەر...».

کوورش گوتی: «ئەو دەمانە کە من و تۆ دیومانە. ئەو دەمانە کە خۆی ڕازاندووەتەوە و سوار پڕۆیەکی سەوزی مودێل باڵا بووە و یەک دووجاریش لە بۆنەکاندا سێ تاری ژەندووە... ئەو دەمانە عاشق بووە...».

– واتە بۆ ڕازی کردنی کچەکە...

«کڵۆڵ ئەفسانە».

من گوتم. کاتێک ئەو گەڕابووەوە بۆ ماڵ و قسەکانی کوورشی بۆ دەگێڕامەوە، گوتم: «کڵۆڵ ئەفسانە... کەواتە شووی بەپیاوێکی ناتەواو کردووە».

ئەو هیچی نەگووت. هێشتا بڕوای بەقسەکانی کوورش نەکردبوو؛ بەگوایە و دەڵێنەکانی. پیاوێکی لێقەوماوی وەک ناسری، پیاوێکی سامانداری لێکەوتوو. کەسێک کە هیچ ناڵێ جگە لەوەی جاروبار داوای جگەرە دەکا، سروشتییە کە لە پشت سەدان گوایە و دەڵێنی ڕاست و درۆوە ون بووبێ و نەناسرێتەوە. ئەو بیری کردەوە، حەمەن جەلالی لە کوورش باشتری دەناسێ. بێ گومان ئەو بەڕاستییەکان دەزانێ. بۆ تا ئێستا دەربارەی ناسری هیچی لە جەلالی نەپرسیبوو؟ بۆ جەلالی لەم ماوەدا هیچی دەربارەی ئەفسانە نەگوتبوو؟

گوتی: «شەوی جومعە جەلالی دێ بۆ ئێرە و هەموو شتێکی لێ دەپرسم. دەربارەی ناسری... تێکچوونی ناسری... دەربارەی ئەفسانە...»

بەترسەوە گوتی. گوتی: «من هێشتا نازانم ئەفسانە چۆن و بۆچی مردووە. حەمەن جەلالی دەزانێ».

لەبەر خۆیەوە گوتی.

– ئەفسانە دوا ڕۆشتنی ئەو چی بەسەر هاتبوو؟

# بیست

ئێوارەی یەکشەنبە یان دووشەنبە بوو کە ئەو کوورشی دیبوو؟ هاورێ دلێر کورتەی چیرۆکێکی بۆ گێڕابووەوە، پەرێشانی کردبوو. کورتەی چیرۆکی ناسری. گوتبووی: «هەرکەس بەشێوەیەک چیرۆکی ناسری دەگێڕێتەوە». نەیگوتبوو چیرۆکی ناسری و ئەفسانە. کوورش ئەفسانەی نەدەناسی و ئاگاداری خۆشەویستی نێوان ئەو و ئەفسانە نەبوو. تەنها جەلالی بوو کە ئەفسانەی دەناسی و جەلالیش حەتمەن چیرۆکی ناسری بیستبوو. چیرۆکی ژیانی هاوبەشی ئەفسانە و ناسری. جەلالی حەتمەن دەیزانی ئەفسانە دوای ڕۆشتنی ئەو، دوای شووکردنی بەناسری چی بەسەر هاتووە. ئەی بۆ تا ئێستا هیچی نەگوتبوو؟ بۆ باسی ناسری و تەنانەت باسی ئەفسانەشی نەکردبوو؟ جگە لە چەند ئیشارەت و گێڕانەوەی هەندێک بیرەوەری کۆن کە ئەفسانەش کەسی ئەو بیرەوەرییانە بوو. ڕەنگە چونکا ئەو هیچی نەپرسیبوو. ئەو گوتبووی: «ئەمجارە کە جەلالی بێت بۆ ئێرە هەموو شتێکی دەربارەی ناسری و ئەفسانە لێ دەپرسم». ئایا جەلالیش قسەکانی کوورشی دووبارە دەکردەوە؟ کوورش گوتبووی: «ناسری لە منداڵییەوە شێت و ناتەواو بووە». ئایا ئەو ئەفسانەی بەپیاوێکی شێت و ناتەواو سپاردووە؟

ئەو دەبوو تا ئێوارەی پێنج شەنبە، تا شەوی جومعە چاوەڕوانی وەڵامی ئەو پرسیارانە بێ، بەڵام لە توانایدا نەبوو. یەکەم شەو، دوا ئەوەی گەڕابووەوە بۆ ماڵ، ویستبووی هەموو قسەکانی کوورش فەرامۆش بکا. ناسری و ئەفسانە و... هەموو ئەو کەسانە کە کەسی ڕابوردووی بوون لە بیر بباتەوە. سەرەتا ویستبووی بیر لە لەیلا بکاتەوە. چەند ڕۆژ لەوەبەر لەیلا پێتچنی شێعرەکانی بەنەشمیلدا بۆ ناردبوو. گوتبووی: «حەز دەکەم سەیرێکیان بکاتەوە. سەیری دەرهێنانی هونەری و ڕازاندنەوەی لاپەڕەکان و...» لەیلا بەپێی ئامۆژگارییەکانی ئەو بەچەند شێعرێکدا چووبووەوە. چەند وشەیەکی گۆڕیبوو. ئەو جارێکی تریش شێعرەکانی خوێندبووەوە. ئەو کاتەی کە دەستنووس بوون سەمیمی تر بوون. ناوی دەفتەرەکەش «حەوا تۆبە لە تاوانەکەی خۆی ناکات». کامە تاوان؟ ئەو لە خۆی پرسیبوو. تاوانی خەڵەتاندنی ئادەم؟ بەخەم و داخەوە سەری ڕاوەشاندبوو. ئەو کچە



دەیویست چی بڵێ؟ چۆن سەیری ژیانی دەکرد؟ ئەو تێنەگەیشتبوو. نەیناسیبوو. لەیلا نووسیبووی: «پێشکەش بەمیهرەبانییەکانی...» سەرەتا پێشکەشی کردبوو بەمیهرەبانییەکانی باوکی. دواجار پێشکەشی کردبوو بەمیهرەبانییەکانی ئەو. ئەو چ میهرەبانییەکی دەرحەق بەلەیلا کردبوو؟ باوکیشی میهرەبانی پێ نەکردبوو. بەرلەوە میهرەبانی پێ بکا مردبوو. کوژرابوو. لەیلا گوتبووی: «تۆ زۆر لە باوکم دەچی». بەشەرمەوە گوتبووی. گوتبووی: «باوکم عاشقی دایکم بوو». کەی ئەوەی گوتبوو؟ گوتبووی؟ مونیرە گوتبووی: «لە لەیلا چاکتر و جوانترت دەست ناکەوێ. لەیلا تۆی زۆر خۆش دەوێ». بۆ دەبوو لەیلا ئەوی خۆش بوێ؟ ئەفسانەش ئەوی خۆش ویستبوو، بەڵام ئەو بەجێی هێشتبوو. ساڵانێک لەمەبەر. وەک فەرهاد کە کاڵێی بەجێ هێشتبوو. لە کۆڵانێکی داخراو و تەنگەبەردا.

من گوتبووم: «بەڵام فەرهاد ناچار بوو کاڵێ بەجێ بێڵێ». ئەو شەوە نەمگوتبوو. ڕۆژی دوایی گوتم. دوا ئەوەی تەلەفوونی بۆ جەلالی کرد و گوتی حەز دەکا ئێمشەو پێکەوە بن. گوتم: «فەرهاد بەحەزو خواستی خۆی کاڵێی بەجێ نەهێشت. فەرهادیان گرت. گرتیان و...»

ئەو لە هەیوان بوو. دەمێکە بوو دەرکەی ئاسنی حەساری کردبووەوە و لە هەیوان، لەبەر سەرمادا چاوەڕوان بوو. چاوەڕوانی هاتنی جەلالی و هاوکات چاوەڕوانی کەسانێکی تری ڕابوردووی. ئەفسانە؟ ئەفسانە ڕۆشتبوو. بەگریانەوە لە دەروازەی چێوی حەسارەکە چووبووە دەر و، ئەو چاوەڕوانی هاتنەوەی باوکی بوو. بۆ ئەوەی خواحافیزی لێ بکا. ئەملاو لای ماچ بکا، دەستی ماچ بکا. تا ئەو کاتە بەباوکی نەگوتبوو بەتەمایە بڕوا. باوکی هاتەوە. ئەوی دی و دڵی داکەوت. باوکی لە هەمیشە پیرتر و کەنەفتتر بوو. لە هەمیشە ماندووتر. چاوی بەحەسارەکەدا نەگێڕا. لە ئاوی حەوزەکە دەستنوێژی نەگرت. ئاوی حەوزەکە سارد بوو. ڕوون و زوڵاڵ نەبوو، قەوزە گرتبووی. باوکی بەپلیکانەکاندا هەڵگەڕا. بۆ هەیوان. لەسەر کورسییەکەی هەیوان دانیشت. بۆ ئەوەی پشوویەک بدا. چاوی بەهێلانەی لەقلەقەکان بەبەرزایی دارتووەکەی ماڵی دراوسێکەیان کەوت. هێلانەکە چۆڵ بوو. لەقلەقەکان کۆچیان کردبوو. ئەو لە باوکی نزیک بووەوە. بەترس و دوودڵییەوە هەواڵی پرسی. باوکی سەری لەقاند. گوتی: «ئیمساڵ لەقلەقەکان زوو کۆچیان کرد. زوو بەجێیان هێشتین».

ئەو گوتی: «منیش دەمەوێ بەجێتان بێڵم بابە. دەمەوێ بڕۆم».

باوکی ئاوڕی لێ دایەوە. لە نووکی پێیەوە تا تۆقی سەری. دوو دڵۆپ فرمێسک لە چاویدا کۆ بووبووەوە. فرمێسکەکان بەئارامی ڕژان. باوکی گوتی: «نەدەبوو بڕۆی. نەدەبوو بڕۆشتیتایە».

باوکی لە بیری چووبووەوە ئەو هێشتا نەڕۆشتووە؟ ئەو ڕۆشتبوو.

جەلالی هاتبوو. کەمێک خواردن و خواردنەوەی لەگەڵ خۆی هێنابوو. چەند شریتی کۆنیش کە هەرکامەیان بیرەوەرییەکی ساڵانێک لەمەبەریان لێ دەژیاندنەوە. جەلالی گوتی: «کە تەلەفوونت کرد و گوتت حەز دەکەی ئیمشەو پێکەوە بین، ترسام».

ئەو لە ئاشپەزخانە بوو. گوتی: «لە چی ترسای؟ نەکا پێت وابووبێ ئیمشەو ئاخر شەوە پێکەوە دادەنیشین؟»

جەلالی شوێنی کەوت. ترسەکەی ئاشکراتر بوو. گوتی: «دەتەوێ بڕۆیتەوە؟»

ئەو ئاوڕی لێدایەوە: «بۆ کوێ؟»

ئەویش ترسا. لە نیگای جەلالی. لە پرسیارەکەی کە وەک سەهۆڵ سارد بوو. گوتی: «بۆ پێت وایە دەمەوێ بڕۆمەوە؟»

جەلالی گوتی: «بیستوومە خەریکن ماڵەکەتان دەفرۆشن. بیستوومە دوا ئەوەی بەشە میراتی خۆت وەرگرت...»

درێژەی پێ نەدا. ئەو مانگێک بوو لەگەڵ جەلالی دانەنیشتبوو ئێستا خۆشحاڵ بوو لێرەیە. خۆشحاڵ بوو پێکەوەن. گوتی: «چی تریشت بیستووە؟ نەتبیستووە بەرلەوە ماڵەکەمان بفرۆشن و بەشە میراتم بدەنێ، بەتەمان ژنم بۆ بێنن؟»

جەلالی گەشایەوە. بیستبووی. گوتی: «ژنت بۆ بێنن؟ کێ؟ لەیلا؟»

– لەیلا؟! کەواتە ئەوەشت بیستووە.

ئەو بەنیگەرانییەوە گوتی و لە ئاشپەزخانە هاتە دەر. بەبۆنەی ڕاخستنی سفرەوە هاتە دەر و لە ژوورەکەی، لەسەر مێزەکە جگەرەیەکی هەڵگرت و دایگیرساند.

گوتم: «مونیرە دەیەوێ بەهەر شێوەیەک بووە تۆ لەیلا بخوازی».

ئەو نەیبیست. دڵی لە لای ئەفسانە بوو، لای ناسری، لای ئەو چیرۆکە کە تا ساتێکی تر جەلالی بەسەرخۆشی بۆی دەگێڕایەوە.

جەلالیش لە ئاشپەزخانە هاتە دەر. ئەو سفرەکەی لای زۆپاکە پان کردەوە. بتریەک و



دوو پیاڵە و کەمێک... جەلالی گلۆپی ژوورەکەی هەڵکرد. زوو تاریک بووبوو. ئەو لە پەنجەرەیەکەوە لە دەرەوەی ڕوانی. لە تاریکی ناوەختی دەرەوەدا بەفر پرووشەی دەکرد. جەلالی گوتی: «من دەمێکەیە لەیلا تلووعی دەناسم. لە دوو، سێ ساڵ لەمەبەرەوە. لەیلا دوا ئەوەی دەرسی تەواو کرد، بەهیوا بوو لە ئیدارەی ئێمە دابمەزرێ».

بەزەردەخەنەوە گوتی. گوتی: «لەیلا کچێکی عاقڵ و پڕ بەهرەیە. ڕاستە لە تۆ گەنجترە، بەڵام...».

لە سەر سفرەکە دانیشتن و یەکەم پێکیان هەڵدا.

– ئەو ڕۆژە لە مۆزەخانە کە بەو شێوە تاریفی شێعرەکانت کرد، گوتم...

ئەو گوتی: «دەمەوێ باسی کەسێکی ترم بۆ بکەی».

– کەسێکی تر؟ دەتەوێ باسی کێت بۆ بکەم؟»

– ئەفسانە.

جەلالی داچڵەکی. نەک لە قسەکەی، لە دۆخی ڕوخساری داچڵەکی. جیدی و نیگەران بوو. نیگای هەڵوەدای، هەڵچوونی دەروونی دەنواند. دەتگوت تازە دەیدی. تازە پەی بەو هەراسانییە دەبرد. گوتی: «تۆ هێشتا ئەفسانەت فەرامۆش نەکردووە؟»

ئەو گوتی: «تۆ ناسریت دیوە، وانییە؟ دیوتە چی بەسەر هاتووە؟»

جەلالی گوتی: «هەموو ڕۆژێک دەیبینم. ناسری لە ماڵی دراوسێیەکی ئێمە دەژی».

– لە ماڵی پووری؟

گوتی: «کەواتە چیرۆکەکەیت بیستووە. زۆرکەس دەیزانن».

جەلالیش دەیزانی. چیرۆکێکی تاڵ بوو. دانیشتنەکەیانی تاڵ دەکرد. گوتی: «هەندێ چیرۆک دەبێ فەرامۆش بکرێن».

جەلالی هێشتا تاڵاوی یەکەم پێکی لە قوڕگدا بوو. گوتی: «بۆ نموونە چیرۆکی ناسری. گێڕانەوەی ئەو چیرۆکە دوا ساڵانێک چ سوودێکی هەیە؟»

خۆی پرسی و خۆی وەڵامی دایەوە.

– دڵنیا بە هیچ سوودێکی نییە. نە بۆ تۆ و...

نەیگوت نە بۆ ناسری، یان ئەفسانە. گوتی: «من هاتووم خەمی ژیانت لەگەڵ بە با بدەم. نەهاتووم...»

ئەو گوتی: «دەبێ بۆم بگێڕیتەوە».

جەلالی بۆی گێڕایەوە. یەک دوو مانگ دوا ڕۆشتنی ئەو، ئەفسانە شووی بەناسری کردبوو. زەماوەندێکی سادە و بچووک. بەخواستی ئەفسانە، یان بەپێی نەریتی خەمباری ئەو سالانە؟ زەماوەندێکی بەبێ دەهۆڵ و زوڕنا و هەڵپەڕکێ و چۆپی کێشان. زاوا دەستی بووکی گرتبوو لەگەڵ خۆی بردبووی بۆ تاران. بۆ ماڵێک کە گوایە پێشتر باوکی بۆی کڕیبوو. ماڵێکی خۆش لە گەڕەکێکی لای ژوورووی شار.

جەلالی نەیگوت ماوەیەک دواتر، ڕۆژێک کە بووک و زاوای تازە بۆ سەردانی کەسوکاریان هاتبوونەوە، دیبوونی. لە ئوتومبێلێکی جواندا دیبوونی. لای قەیسەرییەکە دابەزیبوون. ئەفسانە لە هەمیشە جوانتر، مانتۆ و لەچکەیەکی گرانبایی لەبەردا بوو. کیفێکی جوانی بەشانەوە بوو. عەینەکێکی ڕەشی قاپ زێڕی لە چاودا بوو. ئارایشتێکی تۆخی کردبوو. جەلالی ئەفسانەی نەناسیبووەوە، بەڵام ناسری ناسیبووەوە. ناسریش وەک هەمیشە تەڕپۆش بوو. پیاوێکی بەختەوەر. بەبینینی جەلالی داچڵەکیبوو. بۆ ساتێک ڕەنگی پەڕیبوو. نیگای لە ئەوەوە بۆ ئەفسانە گوێزابووەوە. پێدەچوو ئەفسانە جەلالی نەدیبێ. ناسری دەستی گرتبوو. بووک و زاوا بەپەلە تێپەڕیبوون و خۆیان بەقەیسەرییەکەدا کردبوو. جەلالی نەیگوت ئەو ڕۆژە بەبینینی ناسری و ئەفسانە بیری ئەو کەوتووەتەوە. بیری هاوڕێی هەڵاتووی. یەکەو ڕێ چووەتەوە بۆ ماڵ و بەیادی ئەوەوە تێر گریاوە. گوتی: «ئەوان بۆ هەمیشە لە تاران مانەوە. تەنانەت دوا مەرگی باوکی ناسریش...».

باوکی ناسری ساڵێک دوا زەماوەندی کوڕەکەی مردبوو. لێرە، لە مزگەوتی گەورە پرسەیان بۆ دانابوو. جەلالیش چووبوو. ڕەنگە بۆ ئەوەی ناسری ببینێتەوە. بۆ ئەوەی بیری ئەو بکەوێتەوە و یەکەو ڕێ بڕواتەوە بۆ ماڵ و بەیادی ئەوەوە.... ئەمجارە ناسری هیچی لە پیاوێکی بەختەوەر نەچووبوو. مات و خەمۆک بوو. خەمۆکتر لە تاقانە کوڕێک کە باوکی مردبێ. لەسووچێکی لای خوارووی مزگەوتەکە دانیشتبوو. سەرنجی بەهیچ و بەکەس نەدابوو. تەنانەت ئەویشی نەدیبوو. مامەکانی بەخێرهاتنی خەڵکیان کردبوو. وەڵامی سەرخۆشی خەڵکیان دابووەوە.

چەند ڕۆژ دوا پرسە، ناسری گەڕابووەوە بۆ تاران. حەتمەن لەگەڵ ئەفسانە. گوایە هەموو ماڵ و میراتی باوکی بەمامەکانی فرۆشتبوو. گوایە ئیتر هەرگیز نەگەڕابووەوە. یان ئەگەر گەڕابێتیشەوە جەلالی نەیدیبوو. نەیبیستبوو. تا ئەو ڕۆژە کە هەواڵی مەرگی ئەفسانەی بیستبوو.



ئەو گوتی: «هەواڵەکەت چۆن بیست؟ ئەفسانە چۆن و بە چی مرد؟»

جەلالی نەیدەزانی. ئەویش وەک ڕووناک هەواڵەکەی لە ڕۆژنامەدا دیبوو. سەرەتا سەیری هاتبوویە. ئەفسانە مرد؟ ئەوسا کەمێک گریابوو؛ یان نەگریابوو. کەوتبووە پرس و جۆکردن. گەڕابوو بزانێ لە کوێ، لە کام مزگەوت پرسەیان بۆ داناوە. لە هیچ مزگەوتێک پرسەیان بۆ دانەنابوو. سۆراخی مامەکانی ناسری کردبوو، هیچیان لێرە نەمابوون. جەلالی ئەوەدەمە پووری ناسری نەدەناسی و دراوسێیان نەبوو.

ئەو گوتی: «کەواتە بەهەموو چیرۆکەکە نازانی؟!»

بە خەمەوە گوتی. جگەرەیەکی داگیرساند و، لەگەڵ جەلالی پێکێکی تری هەڵدا.

جەلالی گوتی: «تا ئەو کاتە چیرۆکێک نەبوو کە من یان کەسێکی تر پێی بزانین. تا ئەو کاتە ژیانێک بوو لە قەرەباڵغی هەزاران هەزار ژیانی تردا ون بووبوو».

گوتی: «چیرۆکەکان دوا ڕووداوەکان دەگێڕدرێنەوە، یان دەنووسرێن. چیرۆکی ناسری و ئەفسانەش دوا ئەو ڕووداوانە کە تۆ چاوەڕێی بیستنیانی، دوا مەرگی ئەفسانە و پاشان دوا گەڕانەوەی ناسری بۆ ئێرە سەر زمان کەوت».

ناسری چەند ساڵ دوا مەرگی ئەفسانە گەڕابووەوە. جەلالی یەکەم جار نەوەک لە قەرەباڵغی دەوری مەیدان، بەڵکو لە کۆڵانەکەی خۆیان دیبووی. جەلالی تازە ئەو ماڵەی کڕیبوو. ڕۆژێک کە هاتبووە دەر پیاوێکی پەککەوتەی کەنەفتی دیبوو کە لە دەرکەی یەکێک لە ماڵە دراوسێکانی هاتبووە دەر. سەرنجی نەدابوویە. بەڵام پیاوەکە بەری پێگرتبوو. «جگەرەیەکم بدەرێ». جەلالی دەستبەجێ ناسیبوویەوە. «ناسری؟!» نەیگوتبوو. گوتبووی من جگەرەکێش نیم. ناسری تێپەڕیبوو. جەلالیش واق وڕماو شوێنی کەوتبوو. شوێنی نەکەوتبوو. لە دووکاندارەکەی سەر کۆڵانی پرسیبوو: «ئەو پیاوە کێیە؟ ئەو پیاوە داماوە». دووکاندارەکە بەداخەوە سەری ڕاوەشاندبوو. گوتبووی: «کوڕی حاجی ناسری. لە پیاوە سامانداراەکانی ئەم شارە بوو».

– ئەی بۆ وای لێهاتووە؟ لێرە، لەم کۆڵانە چی دەکا؟

– چیرۆکەکەی دوورو درێژە. ماوەیەکە لە شێتخانە دەریان کردووە و لێرە لەگەڵ حاجی فاتمەی پووری دەژی...

ئەو گوتی: «دەڵێن لە منداڵییەوە وابووە. دەڵێن پیرێژنەکەی پووریشی هەروا شێت و ناتەواوە».

کوورش گوتبووی. بەڵام جەلالی گوتی: «حاجی فاتمە پیرێژنێکی مەزڵووم و کەم دوێنە. هات و چووی کەس ناکا. لەگەڵ ژنانی گەڕەکیش زۆر تەبا نییە. بەڵام لەگەڵ خێزانم... جاروبار کە من لە ماڵ نەبم سەر لە خێزانم دەدا و دەربارەی خۆی و کەسوکاری، دەربارەی خوشکەزا کلۆڵەکەی قسەی بۆ دەکا. دەربارەی ناسری...».

گوتی: «ناسری هەمیشە کلۆڵ بووە. لە منداڵییەوە، لەو دەمەوە کە دایکی مردووە و... خەڵک پێیان وابووە لە هیچ شتێکی کەم نییە. بەڵام لە ڕاستیدا هیچی نەبووە دڵی پێی خۆش بێ. تەنانەت ئەودەمە کە ئەفسانەشی بووە...»

ناسری ئەفسانەی خۆش ویستبوو. لە یەکەم کاتەوە کە دیبووی، شەو و ڕۆژ شوێنی کەوتبوو. ئەو کاتەش کە خواستبووی وەک پەروانە لە دەوری گەڕابوو. بەڵام ئەفسانە...

ئەفسانە دەبێ زۆری هەوڵ دابێ ناسری خۆش بوێ. دەبێ بەدەمیەوە پێکەنیبێ. بەدڵی بزوابێتەوە. ئارایشتی کردبێ. خۆی ڕازاندبێتەوە و لە بەرامبەری دانیشتبێ. دەبێ گوێی بۆ دەنگی سێ تارەکەی شل کردبێ و بەدەم هەوای مۆسیقاکەیەوە چاوی لێک نابێ و خۆی ڕاژەندبێ. دەبێ جاروباریش چاوی هەڵێنابێتەوە و خومار لێی ڕوانیبێ. نەرمە بزەیەکی عاشقانەی بۆ کردبێ و... ئەفسانە دەبێ وای کردبێ. ژن کە مێردەکەی خۆش بوێ وادەکا. جووڵەی، نیگای، هەناسەی لەگەڵ سازی مۆسیقای مێردەکەی کۆک دەکا. لەگەڵ ترپەی دڵی مێردەکەی. بەڵام پیاو تەنها دڵی لە لای لەنجەو بزەو نیگای ژنەکەی نییە. پیاو ترپەی دڵی ژنەکەشی دەبیستێ. دەبێ ترپەی دڵی ئەفسانە لەگەڵ ناسری کۆک نەبووبێ. دڵی ئەفسانە لای ناسری نەبووە حەتمەن.

– ئەی لای کێیە؟ لای ئەو هەتیوە بەڕەڵایە؟

– کام هەتیوە بەڕەڵایە؟

دەبێ مەبەستی ئەو بووبێ. لەو کاتەدا ئەو لە دەرەوەی وڵات بووە. لە تورکیە.

– نەکا تەلەفوونی بۆ کردبێتی؟ نەکا بەهیوا بێ من بەجێ بێڵێ و شوێن ئەو کەوێ؟ نەکا شووکردنەکەت بەمن پیلان بووبێ؟ نەکا...

جەلالی ئەمانەی نەگوت. گوتی: «ناسری دڵپیسی لە ئەفسانە کردووە. گوایە پێی وابووە...»

پێی وابوو ژنەکەی هێشتا دڵی لەلای یەکەم دڵداریەتی. پێی وابوو ئەو هەتیوە بەڕەڵایە وازیان لێ ناهێنێ و دەگەڕێتەوە. لەبەر ئەوەش لێرە ڕۆشتبوو. بەبیانووی پاراستنی خۆی



و ژنەکەی لە شەڕو شۆڕی ئێرە و بەبیانووی کاسبی و تەجارەتەوە لێرە ڕۆشتبوو. بەڵام ناسری تاجرێکی زیرەک و سەرکەوتوو نەبووبوو. باوکی دووراودوور پێی گوتبوو چی بکڕێ و چی بفرۆشێ. کە باوکی مردبوو، مامەکانی. مامەکانی...

جەلالی گوتی: «ساڵێک دوا مردنی باوکی، مامەکانیشی سەروەت و سامانەکەیان نەخت کردووەتەوە و لێرە ڕۆشتوون. بۆ دەرەوەی وڵات. گوایە لە ناسریشیان گێڕاوەتەوە. گوایە قەرار بووە پێکەوە بڕۆن... بەڵام ناسری...»

ناسری نەیوێرابوو. ترسابوو لەوێ ئەفسانە...

دەبێ ئەفسانە زۆری لەگەڵ گوتبێ. دەبێ گوتبێتی، کاسبی ئێستا وەک گەمەی شەیتان وایە؛ تۆ نایزانی. دەبێ گوتبێتی، تۆ لێرە کەس دڵسۆزت نەماوە. منیش کەسێکی وام نییە. دەبێ گوتبێتی، چیمان هەیە با بیفرۆشین و ئێمەش بڕۆین. دەبێ ناسری بەقسەی نەکردبێ. ناسری لە پشت ئەو قسانەوە هەستی بەپیلان کردووە.

– دەتەوێ بمبەی بۆ ئوروپا و لەوێ لێم جیا ببیەوە؟ دەتەوێ لەگەڵ ئەو هەتیوە بەڕەڵایە...

لەو کاتەدا ئەو لە ئوروپا بووە. ناسری چۆنی زانیوە.

«دەستی خۆت بکە بە سەرین. من هەرگیز لەم وڵاتە ناڕۆم».

جەلالی گوتی: «لە ئاشتییەکەی ئێران و عێراقدا ناسری تیاچووە. وەک زۆر تاجرو دەوڵەمەندی تر هەموو سەروەت و سامانی لە دەست بووەتەوە و...»

جەلالی وردە وردە سەرخۆش دەبوو. ئەویش سەرخۆش بوو. بەڵام بتریەکە هێشتا نیوە پڕ بوو. دەنگی زەبتەکە کز بوو. دەنگێکی بەسۆزی ژنانە کە کەسیان نەیاندەبیست.

دڵ پیسییەکەی ناسری دوا ئەو تیاچوونە تەواو پەرەی سەندبوو. ئیتر نەک هەر لە ئەو کە لە دەرەوەی وڵات بوو، لە هەموو پیاوێک بەگومان بوو. لە هەموو ئەو پیاوانە کە لە شارێکی دە – پانزە ملوێن کەسیدا ژیابوون. لە ڕێبواری شەقامەکان. لەو دووکاندارانە کە ئەفسانە شتی لێ کڕیبوون. لە دراوسێکان. لەو ڕۆژەوە کە بەناچاری ماڵەکەی فرۆشتبوو، هەر بەدوو سێ مانگ جارێک ماڵی گوێزابووەوە. ئەفسانەش...

دەبێ ئەفسانە ئیجازەی لە ماڵ ڕۆشتنەدەری نەبووبێ. دەبێ نەیوێرابێ پەردەی پەنجەرەی ژوورەکەی هەڵبداتەوە و تەلەفوون هەڵبگرێ. دەبێ ئەفسانە زۆری بۆ هاتبێ. ژن زۆری بۆ دێ کاتێک نیگای پیس و چڵکنی مێردەکەی شوێن هەموو جووڵە و جمینێکی دەکەوێ. دەبێ ئەفسانە گریابێ. دەبێ سوێندی بۆ خواردبێ کە جگە لە ناسری کەس بەپیاو نازانێ.

دەبێ سوێندی خواردبێ ناسری لە هەموو کەس زیاتر خۆش دەوێ. تەنانەت لە کچەکەشی...

جەلالی گوتی: «کچێکی بچکۆلەی جوانیشیان بووە. ئاوات. گوایە هەردووکیان زۆریان خۆش ویستووە».

ئەفسانە لە پێناوی ئاواتی کچیدا ئەو عەزیەت و ئازارەی کێشابوو. ترسابوو، ئەگەر لە ناسری جیا بێتەوە... ئەگەر کچەکەی بەجێ بێڵێ...

دەبێ ناسری بەوەی زانیبێ. دەبێ بەژنەکەی گوتبێ ئەگەر لێی جیا ببێتەوە، ناهێڵێ هەرگیز چاوی بەکچەکەی بکەوێ. دەبێ گوتبێتی بەلایەک بەسەر خۆی و کچەکەی دێنێ. دەبێ ترساندبێتی. پیاو دەزانێ ژن دایکەو دایک ناتوانێ دەستبەرداری جگەرگۆشەی ببێ. بەرگی بەرەندە بەلای پیـــاوەوەیە؛ بۆیە دەتوانێ ژنەکـــەی ئازار بدا. دەتوانێ سووکایەتی پێ بکا. دەتوانێ هەموو بەلایەکی...

ئەو نەیگوت بۆ ئەفسانە شکایەتی لێ نەکردووە. ئەو دەترسا. لە دەوامەی ڕووداوەکان، لە کۆتایی چیرۆکەکە دەترسا. ئەم چیرۆکە چۆن کۆتایی دێ؟ بەکارەسات؟ ئەو لە کارەسات دەترسا.

جەلالی گوتی: «ئەفسانە ئاخریەکەی ناچار بووە شکایەتی لێ بکا. ڕۆژێک لەو ڕۆژانە کە ناسری لێیی داوە، دەم و چاوی بریندار کردووە، کچەکەی تۆقاندووە، ئەفسانە دەستی ئاواتی گرتووە و...»

ئەفسانە لە مەحکەمە داوای تەلاقی کردبوو. گوتبووی لەوە زیاتر ناتوانێ لەگەڵ پیاوێکی شێت و نەخۆش بژی. بەڵام ناسری تەلاقی نەدابوو. گوتبووی ژن و منداڵەکەی خۆش دەوێ و چی کردووە لە پێناوی مەسڵەحەتی ئەواندا کردوویەتی. ئەوسا بەڵێنی دابوو ڕەفتاری بگۆڕێ و ئازاریان نەدا. قازی کاغەزی لێ سەندبوو. ئاشتی کردبوونەوە. بەڵام بۆ دووهەم جار...

جەلالی تەواو سەرخۆش بوو. ئەویش. بتریەکە خاڵی بووبووەوە و شەوی درێژی زستان هاتبووە ناوقەدی. ئەوان، یەکیان بەگوتنی ئەوەی بیستبووی و یەکیان بەخەیاڵ و وێناکردنی ئەوەی دەبوو ڕوویدابێ، چیرۆکی ناسریان دەگێڕایەوە. چیرۆکی ناسری و ئەفسانە...

جەلالی گوتی: «بەڵام بۆ دووهەم جار...»

ئەفسانە بۆ دووهەم جار داوای تەلاقی کردبووەوە. لە مەحکەمە گریابوو. خۆی بەسەر



پێڵاوەکانی قازیدا خستبوو. گوتبووی مارەیی و هەموو حەقێکی خۆی دەبەخشێ، بەو مەرجە کچەکەی لێ نەستێنن. گوتبووی مێردەکەی شێتە و نابێ سەرپەرشتی ئاواتی پێ بسپێرن. قازی بەزەیی پێدا هاتبوو. ژنێکی گەنج و جوان، دایکێکی میهرەبان کە هەموو حەقێکی خۆی بەکچەکەی دەگۆڕییەوە. قازی سەیری ناسری کردبوو. ناسری تا ئەو کاتە هیچی نەگوتبوو. سەری داخستبوو، لێو و سمێڵی خۆی کرۆشتبوو. قازی مۆڵەتی قسەکردنی پێدابوو. ناسری هەستابوو. بەشەرمەوە سەیری قازی و سەیری دانیشتوانی مەحکەمەکەی کردبوو. بەترس و گومانەوە لێیان ورد بووبووەوە. ئەوسا گوتبووی ئامادەیە ژنەکەی تەلاق بدا. بەگریانەوە گوتبووی. ئەفسانە گەشابووەوە. قازیش زەردەخەنەی کردبوو. ناسری گوتبووی ئامادەیە ژنەکەی تەلاق بدا، لە بەر ئەوەی خۆی و کچەکەی لە مەترسییەکی گەورە ڕزگار بکا. مەترسی؟ ئەفسانە داچڵەکیبوو. قازی گوتبووی: «کام مەترسی؟ مەترسی چی؟» ناسری ماوەیەک بێ دەنگ بووبوو. وەک کەسێک خۆی بۆ درکاندنی ڕازێکی گەورە ئامادە بکا. درکاندبووی. باسی ڕۆژانی بەر لە زەماوەندی خۆی و ئەفسانەی کردبوو. باسی خۆشەویستی ئەفسانەو کوڕێکی گەنج؛ کوڕێکی یاخی و ئاژاوەگێڕ کە لە سزای تاوانەکانی هەڵاتبوو. لە وڵات ڕۆشتبووە دەر و ئێستا ئەو کاتە لە ئورووپا بوو. ناسری باسی ئەوی کردبوو. باسی میهرەبان. گوتبووی لە یەکەم ڕۆژی ژن هێنانیەوە سێبەری ڕەشی ئەو پیاوە یاخییە لە ژیانیاندا بووە. گوتبووی، لە ترسی گەڕانەوەی ئەو پیاوە یاخییە شارو کەسوکاری خۆی بەجێ هێشتووە. چی سامانی باوکی بووە هەراجی کردووە و...

ئەفسانە تاسابوو. نیگای هەراسانی بەملاولادا گێڕابوو. بەناو هۆڵی مەحکەمەکەدا و لە چاوی پڕ لە پرسیاری دانیشتووانی مەحکەمەکەی ڕوانیبوو. لە چاوی قازی. چاوی قازی زەردەخەنەکەی تاراندبوو. نیگای سارد بوو. وەک سەهۆڵی سارد. ئەفسانە گوتبووی: «درۆیە... ئەو پیاوە درۆ دەکا». ناسری درێژەی بەقسەکانی دابوو. بەبێ گریان. بەبێ شەرم و شوورەیی. بەڕق و نەفرەتەوە درێژەی پێدابوو. گوتبووی لەو ڕۆژەوە تا ئێستا ئەو پیاوە یاخییە بێ پسانەوە تەلەفوونی بۆ ژنەکەی کردووە. لە تورکیا و پاشان لە ئورووپاوە نامەی بۆ نووسیوە. خەڵکی لێ ڕاسپاردووە. خەڵکی یاخی. ویستوویەتی ژنەکەی دەست لە ماڵ و مێردەکەی هەڵگرێ و شوێن ئەو بکەوێ...

ئەفسانە هەڵچووبوو. وەک مرۆڤی تووڕە و دەمارگرژ نا، وەک ژنی بێ تاوان کە بوختانی بۆ دەکرێ. وەک شێت شاڵاوی بۆ ناسری بردبوو. ویستبووی بیخنکێنێ. بێ

دەنگی بکا. دانیشتوانی مەحکەمەکە نەیانهێشتبوو. هەڕەشەی قازی بەری پێگرتبوو. قازی تووڕە بووبوو. ئەفسانە گریا بوو. قیژاندبووی. گوتبووی: «بوختانە. ئەو پیاوە بوختانم بۆ دەکا».

ناسری هەروا بەردەوام بووبوو. سێ پەڕە کاغەزی لە گیرفانی دەرهێنابوو. گوتبووی ئەو سێ نامەی لە مجری ژنەکەیدا، لەناو شتە شەخسییەکانیدا دۆزیوەتەوە. گوتبووی ئەوانە نامەی ئەو پیاوە یاخییەن کە بۆ ژنەکەی ناردووە. دوو نامەی کۆن و نامەیەکی تازە. نامە تازەکەی خوێندبووەوە.

– دڵدارە خۆشەویستەکەم...

ئەفسانە هەرەسی هێنابوو. بەدەم لەرزینی لەشییەوە ڕووخابوو. بەدەم ڕووخانی جەستەیەوە...

ژن دەڕووخێ، کاتێک باری سزای تاوانی نەکراوی قورستر لە وزەی ڕۆح و لەشی بێ. نەفرەت لە ڕۆح و لە لەشی دەکا. دەبێ ئەفسانە نەفرەتی لە ڕۆح و لەشی خۆی کردبێ. دەبێ نەفرەتی لە دڵ و لە جەستەی کردبێ. لە ڕابوردووی و لە ئێستای. دەبێ ئەفسانە نەفرەتی لە...

جەلالی گوتی: «ئەفسانە قوربانیی وەهم بوو. قوربانیی چیرۆکی پیاوێکی شێت و عاشق. ناسری ئەو چیرۆکەی لەسەر بونیادی وەهم ساز کردبوو».

ئەو گوتی...

ئەو هیچی نەگوت. ئەو ئیتر نەیدەتوانی ئەو ساتانە وێنا بکاتەوە. بیری ئەو ڕۆژە ڕەشە و ڕۆژانی ڕەشی لەوەدوا، لە تاقەتی بەهرەی خەیاڵی تاڵیدا نەبوو. جەلالی تێگەیی. هەستا. ئەو پێشتر هەستابوو. لە ژوورەکەدا کە پڕ بوو لە ژاری گوتنی جەلالی و خەیاڵی خۆی دەهات و دەچوو. چیرۆکی ناسری هێشتا تەواو نەبووبوو. چیرۆکی ناسری و ئەفسانە. جەلالی لە ژوورەکە چووە دەر. ئەویش شوێنی کەوت. من مابوومەوە. من و چارەنووسی تاڵی نووسینی چیرۆکەکەم. چیرۆکی ئەو؟ چیرۆکی خۆم. چیرۆکی هەموو ئەو کەسانە کە کەسی چیرۆکیی خۆم بوون. چیرۆکی هەموو ئەو عەشقە دۆڕاوانە کە عەشقی دۆڕاوی خۆم بوون. چیرۆکی پارچە پارچەبووی ئەو ژیانە فەرامۆش بووانە کە ژیانی فەرامۆشبووی خۆم بوون. من مابوومەوە و تەقەلای خەمباری نووسینی چیرۆکی خۆم. جارێکی تریش قسەکەی ئەوم بیر کەوتەوە. ئەم چیرۆکە چۆن دەخوێندرێتەوە؟



# بیست و یەک

دەمەو بەیانی گەڕایەوە بۆ ماڵ. ئەو کاتە کە دەنگی بانگبێژەکان لە بڵێندگۆی هەموو مزگەوتەکانی شارەوە بەرز بووبووەوە: «حي علي الحلاه... حي علي الفلاح...» دەنگی بانگبێژەکان بەخەڵوەت و تاریکی شاردا و بەناو کڵووە بەفرەکاندا، کە لە سەرەتای شەوەوە بێ ڕاوەستان داباریبوون و پێدەچوو تا هەتا هەتایە داببارێن، بڵاو بووبووەوە. ماندوو هیلاک گەڕایەوە بۆ ماڵ. بەڵام هەستی بەماندوویی نەدەکرد. هەستی بەسەرماش نەدەکرد. هەستی بەهیچ نەدەکرد. لە حەسار ڕچەیەکی باریکی بەرەو پلیکانەکان کردەوە و لە ڕاڕەوی ماڵەکە بەفری سەرو سەر شانەکانی تەکاندو، هاتە ژوور. جێگەکەی ڕاخست و خزایە ژێر لێفە و پەتوەکەوە. ژوورەکە سارد بوو. زۆپاکە نەوتی لێ بڕابوو، کوژابووەوە. گوتم: «ئاوا بخەوی لە سەرمادا ڕەق هەڵدێیی».

نەیبیست. لێفە و پەتوەکەی لە خۆیەوە پێچا و...

گوتم: «لانی کەم هەستە چۆڕێک نەوت بکەرە زۆپاکەوە».

نەیتوانی هەستێ. نەخۆش کەوتبوو. جەلالی گوتبووی: «نەخۆش دەکەوی». چەند سەعات لەمەبەر گوتبووی. کاتێک لە ژوورەکە ڕۆشتبووە دەر. ئەویش پاڵتۆکەی لەبەر کردبوو. ملپێچەکەی لە ملی ئاڵاندبوو، بەشوێنیدا ڕۆشتبووە دەر. جەلالی گوتبووی: «تۆ بۆ کوێ؟» بەسەرخۆشی گوتبووی. کاتێک دەرکەی حەسارەکەی پێوەدابوو، بەرەو ئوتومبێلەکەی چووبوو. گوتبووی: «بەم بەفرو کڕێوە تۆ بۆ هاتوویتە دەر؟» ئەو گوتبووی: «هەوایەکی تازە هەڵدەمژم. خەریکە دەخنکێم». خەریک بوو دەخنکا. ژاری چیرۆکی ناسری... چیرۆکی ناسری و ئەفسانە. لە سییەکانیدا کۆ بووبووەوە. لە هەموو دەمارەکانیدا.

جەلالی بەفری سەر شیشەی ئوتومبێلەکەی ماڵیبوو. ئەوسا سوار بووبوو. گوتبووی: «تۆش وەرە سوار بە، دەورێک دەگەڕێین و...» ئەو گوتبووی: «دەمەوێ بەپێ بگەڕێم، بەتەنها...» جەلالی گوتبووی: «نەخۆش دەکەوی...» ئەوسا ڕۆشتبوو. ئەویش ڕێ کەوتبوو. دەستی ئاخنیبووە گیرفانی پاڵتۆکەی و بەسەرەو لێژی شەقامە چۆڵەکەدا، لەژێر بارشتی

بەفرەکەدا، داگەڕابوو. یەکەم بەفری ساڵ نەبوو. بەڵام یەکەم بەفری قورسی ساڵ بوو. تا ئەو کاتە بستێک زیاتر باریبوو. پێی لە بستێک زیاتر بەفری نەرم و سپی ڕۆ دەچوو. شوێن پێی لە قەراغ شەقامەکە، شوێن پێی کەسێک بوو کە ئەهوەند و لەسەرخۆ ڕۆشتبوو. هەنگاوی سووک و نزیکی هەڵێنابووەوە. خەتێکی دوورو درێژ بوو کە لە زۆر جێ بەملاو لادا لادرابوو. لە چەند جێ خزابوو. شوێنی سمت و ئانیشکی لەسەر بەفرەکە دیار بوو. ئەو هەروا ڕۆشتبوو. بەسەر فەرشی سپی و لە خەڵوەتی تاریک و ڕوونی شەقامەکە و بەناو کوڵووە وردو درشتەکاندا ڕۆشتبوو. جارێک ئوتومبێلێک لە شەقامەکەوە تێپەڕیبوو. شوێن تەگەرەکانی جۆگەی باریک بوون. زوو پڕ نەبووبوونەوە، بەڵام زوو ون بووبوون. جارێکیش تاکسییەک لێی نزیک بووبووەوە. سیگناڵی بۆ لێدابوو. ئەو لای لێ نەکردبووەوە. نەیبیستبوو یان دڵی نەهاتبوو لا بکاتەوە؟ هەروا لە بەرامبەری خۆی، لە سەمای کوڵووە سپییە سووکەڵەکانی ڕوانیبوو. کوڵووەکان وردو درشت، بەکۆمەڵ لە دڵی ڕەشی ئاسمانەوە داباریبوون. لە بەر ڕۆشنایی گڵۆپی دارتێلەکاندا سەمایان کردبوو، هاتبوونە خوار. لەسەر بانی دووکان و ماڵەکان، لەسەر لقی درەختەکانی ئەمبەراوبەری شەقام و لەسەر ئەو، لەسەر سەرو شانی، تەنانەت برۆ و سمێڵی نیشتبوون. ئەو هەروا نەرم و ئەهوەند، بەسەر بەفرەکەدا کە توێ توێ بەرز بووبووەوە، هەنگاوی هەڵێنابوو، ڕۆشتبوو. بۆ کوێ؟ لەو شەقامەوە بۆ شەقامێکی تر و... لەو شەوەوە بۆ شەوانێکی تر. شەوانێکی تری ساڵانێک لەمەبەر. شەوانێک کە ئەو لێرە نەبووبوو. لەم شارە و لەم وڵاتە نەبووبوو. بەڵام سێبەری ڕەشی لە ماڵی ئەفسانە، ژیانی ئەفسانەو ناسری شێواندبوو. سێبەری ڕەشی بەسەر سپیەتی بەفرەکەدا ڕاکشابوو. لەبەر پێیەوە بۆ...

ئەو ڕاوەستابوو. سەری هەڵبڕیبوو. کلیلەی سەر برۆکانی هەرەسیان هێنابوو. بەفری سەر پێڵوو، مژۆڵەکانی ڕژابوو. لەملاو لای خۆی ورد بووبووەوە. لە کۆڵانێکی تەنگەبەردا بوو. کۆڵانێکی ئاشنا. ئاشنا؟ لە ئەمبەراوبەریەوە چەند گڵۆپێک بەژوور دەرکەی هەندێک لە ماڵەکانی کۆڵانەوە بەزمی سەمای کڵووە بەفرەکانیان ڕووناک کردبووەوە. ئەو لە گەمارۆی گڵۆپەکاندا بوو. لە گەمارۆی ڕووناکایی کزی سەر دەرکەی داخراوی ماڵەکان. لە گەمارۆی سێبەرەکانی خۆیدا بوو. کۆمەڵێک سێبەری ڕەش، لێڵ و لێڵتر لەبەر پێیەوە بۆ...

ئەو ڕێ کەوتبووەوە. سێبەرەکان بەدەوریدا سووڕابوونەوە. وەک سەما و هەڵپەڕکێی دەستەیەک جنۆکە لە خەڵوەتی شەوانەی کۆڵانێکدا. سێبەرەکان ئەمبەراوبەر بەدیواری



ماڵەکاندا هەڵگەڕابوون. بەدەرکەو پەنجەرەی گاڵەدراوی ماڵەکاندا. سەرەتاتکەیان بۆ ئەو دیو پەنجەرەکان کردبوو. بۆ ژوورە تاریکەکان. حەتمەن زۆر کەس لەو ژوورە تاریکانەدا خەوتبوون. کەسیان ئاگایان لە ئەو نەبوو. کەسیان چاوەڕوانی ئەو نەبوون. ئەو هەروا ئەهوەند و ئارام بەکۆڵانەکەدا ڕۆشتبوو. لە کۆتایی کۆڵانەکە ڕووناکایی ژوورێک سەرنجی ڕاکێشابوو. ئەو دیو پەنجەرەیەک ڕۆشن بوو. وەها کە ساڵانێک ڕۆشن بووبێ و ئەو بەهیوا بوو سێبەرێک، سێبەری کەسێک بکەوێتە سەر پەردە و پشت پەردەی دادراوەی. سێبەری کێ؟ ساڵانێک لەوەبەر سێبەری ئەفسانە بوو کەوتبووە سەر پەردە و پشت پەردەی دادراوەی پەنجەرەکە. ئەفسانە کراسێکی تەخت شینی لەبەردا بوو؛ ئەو زانیبووی. قژی پەخش و بڵاوی بەسەر شانیدا بەردابووەوە؛ ئەو دیبووی. سێبەرەکەی دیبوو. سێبەری ئەفسانە لە پشتێن بەرەو ژوور، گەورە و لێڵ بوو. وردە وردە بچووک و خەستتر بووبووەوە. تا گەیشتبووە باڵای و، ئەوسا دەستێک، دەستێکی سپی و ناسک لۆیەکی پەردە دادراوەکەی هەڵدابووەوە.

– شێتە بەو نیوەشەوە، لەبەر ئەو بەفرو سەرمایە لە کۆڵانی ئێمە چیت دەکرد؟

ئەفسانە گوتبووی. ساڵانێک لەوەبەر گوتبووی. ڕۆژانی دوا ئەو شەوانە کە ئەو تا دەمەو بەیانی چەند جار بەکۆڵانەکەیاندا تێپەڕیبوو. بەرامبەر پەنجەرەی ژوورەکەی ئەفسانە، لەبەر نوای گوێسپانەی ماڵێکدا ڕاوەستابوو. ئەو گوتبووی: «تاسەم کردبووی. دەزانی چەند ڕۆژە ئێمە یەکترمان نەدیوە؟» ئەفسانە زەردەخەنەی کردبوو. گوتبووی: «بۆ قەرارە هەموو ڕۆژێک یەکتر ببینین؟» ئەو گوتبووی: «هەموو سەعاتێک. بەمن بێ، هەموو ساتێک». ئەفسانە پێکەنیبوو؛ پێکەنینێکی خۆش. گوتبووی: «مادام وایە بۆچی نابیتە دراوسێمان؟ بۆ ماڵەکەی بەرامبەرمان بەکرێ ناگری؟ ماڵی ئەو پیرێژنە کە پەنجەرەی ژوورەکەی بەرامبەر بەپەنجەرەی ژوورەکەی منەو...» ئەفسانە بەگاڵتەو شۆخییەوە گوتبووی.

ئەو گوتی: «وەک فەرهاد...».

گوتی: ...

ئەو دەیژاواند. لەوەتی گەڕابووەوە، لەوەتی خزابووە ژێر لێفەو پەتوەکەیەوە دەیژاواند. ڕەنگە خەونی دەدی. خەونی ئەفسانە... خەونی کاڵێ... من لە ژوور سەریەوە دانیشتبووم و سەیرم دەکرد. ئەو دەیژاواند و بەدەمییەوە هەڵدەلەرزی. وەک برێشکەی سەر ساج

هەڵدەچۆقی. هەوا وردە وردە ڕوون دەبووەوە. گوتم: «بەیانییە. ڕوون بووەتەوە».

بە ئاگام کردەوە. بەحاستەم سەری لە بن لێفەو پەتوەکەی دەرکێشا. پێڵووە بێ هێزەکانی وەک پەردەی ڕەش و چڵکنی پەنجەرەی ژوورێکی مژگرتوو هەڵدرانەوە. سەیری کردم.

گوتم: «دەتوانی هەستی؟»

هیچی نەگوت. هەروا بێ هێز چاوی بەژوورەکەدا گێڕا. ڕۆشنایی دەرەوە لە پشت پەنجەرەو پەردە چیندارەکانەوە هاتبووە ژوور. گەش بەژوورەکەدا بڵاو بووبووەوە. ژوورەکە سارد بوو. هەناسە لەبەر دەمیدا دەیبەست.

گوتم: «ئەگەر دەتوانی هەستە. هەستە و...»

قسەکەم تەواو نەکرد؛ نەیدەتوانی. دیسان چاوی لێکنایەوە. پێڵووەکانی تەڕ بوون. ناوچاوانیشی تەڕ بوو. دڵۆپەی عارەقە وەک شەونم، ڕوون و زوڵاڵ نیشتبووە سەر ڕوومەتی. سەری بۆ ژێر لێفەو پەتووەکەی بردەوە.

ئەفسانە گوتبووی: «ئەگەر ماڵی ئەو پیرێژنە بەکرێ بگری، ئیتر دەتوانین هەموو ڕۆژێک و، تەنانەت هەموو سەعاتێک یەکتر ببینین. تۆ لەناو پەنجەرەی ژوورەکەت و من لەبەر پەنجەرەی ژوورەکەم...» ئەو گوتبووی: «ڕۆژێکیش کە کەستان لە ماڵ نەبێ بەدزییەوە بێیتە لام و...» ئەفسانە گوتبووی: «ئەوسا پێکەوە لە ژوورێک، دوور لە چاو و گوێی خەڵک تێر دڵی خۆمان قسە بکەین و...» ئەفسانە ساڵانێک لەوەبەر گوتبووی. ئەو لە بیری چووبووەوە. لەو ڕۆژەوە لێرە ڕۆشتبوو، لە هەموو ساڵانی غوربەت و ئاوارەیی، لەو ڕۆژەوە گەڕابووەوە، تەنانەت ئەو کاتەش کە چیرۆکی فەرهادی دەنووسی، بیری نەکەوتبووەوە. نەیزانیبوو... نەیدەزانی ئەو بەشە لە چیرۆکی فەرهاد و کاڵێ، بەشێک لە خەونێکی خۆشی خۆی بووە. خەون و خەیاڵێکی خۆشی خۆی و ئەفسانە، کە ساڵانێک لەوەبەر فەرامۆشی کردووە.

گوتی: «ئەفسانە... خۆزگە ئەو دەستە سپی و ناسکە...».

ئەو دیسان دەیژاواند. وەک نەخۆشی بەگیانەڵاوە بانگی ئازیزی دەکرد.

گوتی: «کاڵێ...».

من ترسابووم. نیگەران بووم. نەمدەزانی دەبێ چی بکەم. نەمدەزانی دەبێ چۆن یارمەتی بدەم. هەستام و سەروو خوارێکی ژوورەکەم کرد. چوومە بەر پەنجەرەکەو لۆیەکی پەردەکەم هەڵدایەوە. چێشتەنگاو بوو. بارشتەکە نەمابوو. ئاسمان تاوو ساو بوو. حەسار



پڕ لە بەفرو، پەلی درەختەکان لەژێر قورسایی بەفرەکەدا نەوی بوونەوە. دنیا سپی بوو. تیشکی خۆر لەسەر ڕوومەتی سپی بەفرەکە دەدرەوشایەوە. چاوی ئازار دەدا. پەردەکەم دادایەوە.

– کاڵێ گیان...

خۆزگە کەسێک دەهات. خۆزگە دەمتوانی برۆم بەشوێن کەسێکدا، یان تەلەفوون بۆ کەسێک بکەم. خۆزگە چیرۆکنووس دەیتوانی تەلەفوون بۆ کەسێکی چیرۆکەکەی بکا و بیخوازێ. ناتوانێ؟

گوتم: «ئێستا یان ساتێکی تر کەسێک دێ».

لەبەر خۆمەوە گوتم. گوتم: «دەنگێک لە دەرەوە دێ، حەتمەن مونیرەیە».

مونیرە بوو. دەرکەی حەساری کردبووەوە و، بەناو بەفرەکەدا هاتبوو. لەسەر پلیکانەکان، لە ڕاڕەوەکە، لە پشت دەرکەی ژوورەکە پێی بەزەویدا کوتاو خۆی تەکاند. دەرکەی ژوورەکەی کردەوە. داوێنی تا سەر ئەژنۆ تەڕ بوو. گوتی: «ماشەڵڵا چ بەفرێک باریوە».

مونیرە لەناو دەرکەکەوە چاوی بەژوورەکەدا گێڕا. سفرەی دوێ شەو هێشتا هەڵنەگیرابوو. ئەو هێشتا لەناو جێگەکەیدا بوو. سەیری هاتێ. دەرکەی ژوورەکەی پێوەدا. «بڕوانە ئەم ژوورە!» لەبەر خۆیەوە گوتی. ژوورەکە تەنها پیس و شپرزە نەبوو، ساردیش بوو. بەرەو زۆپاکە چوو. زۆپاکە کوژابووەوە. دیار بوو دەمێکەیە کوژاوەتەوە. مونیرە داچڵەکی. ترسا. گوتی: «ئەم زۆپایە...»

بە ترسەوە لە ئەو نزیک بووەوە. ئەو لەژێر لێفەو پەتوەکەی هەڵدەلەرزی. لێفەکەی لەسەر ڕوومەتی لادا. وەها کە مردووی دیبی، ئان و سات ڕەنگی پەڕی و بەسنگی خۆیدا کێشا.

ئەو بەئاگا بووبووەوە. تەپ و کوتی پێی مونیرە و جیڕەی کرانەوەی دەرکەکە بەئاگای کردبووەوە. گوتی: «سەرمامە».

مونیرە خەجاڵ بوو. باوەشی بەسەریدا کرد. دەستی بەڕوومەتیدا هێنا. سەری شەڵاڵی عارەق بوو. ڕوومەتی هەڵمی لێ هەڵدەستا.

– خوشکت کوێر بێ... چیت بەسەر هاتووە؟

مونیرە گریاو، ئەو زەردەخەنەی کرد. زەردەخەنەیەکی کزو بێ تین. بۆ ئەوە ئارامی بکاتەوە. گوتی: «هیچ نییە... نەخۆشم... سەرمامە...»

بە حاستەم دەنگی دەردەهات. مونیرە هەستاو سەراسیمە لە ژوورەکە چووە دەر. نەوتی هێناو زۆپاکەی هەڵکرد. دیسان هاتەوە. باوەشی بەسەریدا کردەوە و، دەستی بەڕوومەتیدا هێنایەوە.

– کوێر بم... نەمێنم...

ئەو هیچی نەگوت. مونیرە چوو بۆ ئاشپەزخانە. یەخچاڵەکە شیری تێدا بوو. بەپەلە گەرمی کردەوە و بۆی هێنا. ئەو بەگران تۆزێک هەڵخزا. بەیارمەتی مونیرە. نیوە پەرداخێک لە شیرەکەی هەڵقوڕاند. گەرمای شیرەکە سەهۆڵی دەروونی تواندەوە. گەرمای زۆپاکەش. مونیرە وەک دایکێک منداڵەکەی نەخۆش کەوتبێ دەگریا و خۆی کەڕ و کوێر دەکرد. پاشماوەی شیرە گەرمەکەشی دەرخوارد دەدا.

– دەمزانی نەخۆشی. وەها کە کەسێک پێی گوتبێتم، لە خۆرکەوتنی بەیانییەوە سەد جار تەلەفوونم بۆ کردی و هەڵت نەگرت.

ئەوسا بەرەو تەلەفوونەکە چوو. قرتابوو. لێی دایەوە و تەلەفوونی بۆ مێردەکەی کرد. پاشان تەلەفوونی بۆ بارامیش کرد.

– دەبێ بەپەلە بتگەیەنینە لای دوکتۆر. دەبێ...

زۆپاکە نێڵە نێڵ دەئایسا. دەنگی خۆشی بەژوورەکەدا بڵاو بووبووەوە. ئەو تینێکی هاتبوویە. لەرزەکەی ڕەویبووەوە. مونیرە چاوی وشک کردبووەوە. فرمێسکی سڕیبوو.

– خوشکت بمرێ. بریا بەیانی زوو بهاتمایە.

مونیرە دەستی بەشێلانی کرد. ئەو کۆڵنجێکی سەیری کردبوو. دەمارەکانی ناو پشت و پشتەملی ڕوو کەوتبوون. لەژێر بەرە دەستیدا وەک مار دەخزان. ئەو خۆی پێنەگیرا. سەرەگێژە... ژوورەکە بەدەوریدا خولایەوە. کەلوپەلی ژوورەکە... مونیرەش... ئەو ناچار درێژ بووەوە. مونیرە ویستی لێفەو پەتووەکەی پێدا بداتەوە. ئەو بەجلو بەرگی دەرەوە خەوتبوو. مونیرە دی. دەرەلنگی شەڕواڵەکەی هێشتا تەڕ بوو. مونیرە تۆقا. گوتی: «نەکا دوێ شەو لە دەرەوە بووبێتی؟»

دیسان بەڕان و سەرسنگی خۆیدا کێشا.

– بەو بەفر و کرێوە... بەسەرخۆشی...؟

ئەو کۆکی. کۆکەیەکی وشک و بەدەوام. مونیرە هەستاو دەستێک جلی وشکی بۆ هێنا. گوتی: «ئەم هەموو ساڵە لە غوربەت چۆن ژیاوی؟»



بە گریانەوە گوتی. جلوبەرگی بۆ گۆڕی. ئەو تەرمێک بوو لەبەر دەستیدا. تەرمی پیاوێکی.... مونیرە لێفەو پەتووەکەی پێدا دایەوە. گوتی: «تۆ نەگۆڕاوی. چۆن ڕۆشتبووی هەروا گەڕاویتەوە. هەروا شپرزە و بێ مەبالات... لەڕو لاوازتر بووی، کزو ماتتر، ئەم هەموو ساڵە لە خۆوە پێموابووە تۆ گۆڕاوی. وەک هەموو کەسی تر بەخۆت و بەژیانتدا ڕاگەیشتووی...»

گوتی: «ئێستا دەزانم ئەم هەموو ساڵە بەهەڵە چووم. تۆ هێشتا گەنجی، گەورە نەبووی. دوا ساڵەها، دوا ئەو هەموو نووسین و خوێندنە، دوا چل، پەنجا ساڵ تەمەن، هێشتا گەورە نەبووی. بەپێچەوانەی خەڵکی ترکە گەورە بوون. بەپێچەوانەی خەڵکی ترکە...»

مونیرە پێی وابوو ئەو دەیبیستێ، بەڵام نەیدەبیست. مونیرە تەقەی دەرکە ئاسنییەکەی حەساری بیست. بەپەلە لە ژوورەکە چووە دەر. مێردەکەی دوکتۆری هێنابوو. دوکتۆرێکی ناسیاو. دوکتۆر گوتی: «چییە پیاو؟ دوا ساڵانێک گەڕاویتەوە لێرە نەخۆش بکەوی؟»

بە شۆخییەوە گوتی. ئەوسا لێفەو پەتوەکەی لەسەر هەڵدایەوە. ئەو لاوازتر لە هەمیشە ڕاکشابوو. هەموو لەشی سەر ئارەق نیشتبوو. دیسان کۆکییەوە. کۆکەیەکی وشک و بەدەوام. دوکتۆر گوتی: «سییەکانی ئاوساون».

دەرزییەکی لێ داو پاشان گوتی: «دەبێ بیگەیەنینە نەخۆشخانە. دەبێ...»

دوکتۆر قسەکانی تەواو نەکردبوو کە بارامیش هات. گورج بەکۆڵیدا دا و، لە ژوورەکە بردیە دەر. لە حەسارەکەش...

# بیست و دوو

گوتی: «دەڕۆمەوە بۆ ماڵی خۆمان. دەڕۆمەوە بۆ ماڵی خۆم».

ئەو دیسان لە بیری چووبووەوە بۆ ئاخرجار لەو ماڵ و حەسارە هاتووەتە دەر. لە بیری چووبووەوە؟ لەو ڕۆژەوە لە ماڵ و حەسارەکە بردبوویانە دەر، لەو ڕۆژەوە بردبوویان بۆ نەخۆشخانە. سێ حەفتە بوو لە نەخۆشخانە کەوتبوو، ئیمڕۆ مۆڵەتی ڕۆشتنەوەیان دەدا.

دوکتۆر گوتی: «ئیتر دەتوانن بیبەنەوە».

بارام گوتی: «بیبەینەوە؟»

بە سەرسووڕمانەوە گوتی. گوتی: «بەڵام دوکتۆر، ئەو هێشتا...».

مونیرە تووڕە بوو. گوتی: «ئەو هێشتا چی؟»

ئەو هێشتا تەواو چاک نەبووبووەوە. هێشتا کز و خەمۆک بوو. لەم ماوەدا دوکتۆر و پەرستارەکان وەک کەسی خۆیان خزمەتیان کردبوو، نە وەک نەخۆشەکانی تر. بیستبوویان نووسەرە. هاوشارییەکی چیرۆکنووس کە دوا ساڵانێک غوربەت و دووری گەڕاوەتەوە و نەخۆش کەوتووە. ئەو تا حەفتەیەک تا و لەرزەکەی مابوو. ئاوسانی سییەکانیشی. دوو حەفتەی خایاندبوو تا دوکتۆر لە سییەکانی و لە هەندێک مەترسی تر کە پێشبینی کردبوو، دڵنیا بووبوو. بۆ سەرئێشە و سەرەگێژەکەشی دوکتۆر گوتبووی: «سەرئێشەو سەرەگێژەکەی پەیوەندییان بەئەعسابییەوە هەیە».

مونیرە گوتی: «ئەی ئەو کز و ماتییە؟ ئەی ئەوە کە جاروبار هەندێک شتی لە بیر دەچێتەوە و...».

دوکتۆر گوتی: «پێشتر وانەبووە؟»

پێشتر وابووە؟ مونیرە نەیدەزانی. سەیری مێردەکەی کرد. سەیری بارامی برای. هیچیان نەیاندەزانی. ئەو ساڵانێک لێیان دابڕابوو، ئەم ماوەش کە گەڕابووەوە، لەگەڵ ئەوان نەژیابوو. دوکتۆر گوتی: «لاواز و کەم خوێنە. زیاتر پێی ڕابگەن. خواردنی باشی بدەنێ. بۆ کزی و خەمۆکییەکەشی، دەوری چۆڵ مەکەن. قسەی خۆشی بۆ بکەن. بیرەوەری خۆشی



بیر بهێننەوە. لێرە ئێمە هیچی ترمان پێ ناکرێ. بەڵکو خۆتان لە ماڵەوە...».

گوتی: «بریا ماڵەکەتان نەفرۆشتایە. ئەو ڕۆژەش پێم گوتن، فرۆشتنی ئەو ماڵ و حەسارە...»

حەفتەیەک دوا ئەوە کە نەخۆش کەوتبوو، قەباڵەی فرۆشتنی ماڵەکە ئامادە بووبوو. تەنها ئیمزای فرۆشیارەکانی مابوو. ئیمزای فرۆشیارەکان و دوو سەدو چل ملوێن تمەن کە بانک نەخت دەیدا. کێچ کەوتبووە کەوڵی بارامەوە. پێیەکی لە بانک و پێیەکی تری لە نەخۆشخانە، لە ماڵی مونیرە. ڕووناکیش بۆ سەردانی ئەو هاتبووەوە؛ مێردەکەشی. ئیتر بارام بەتەنها نەبوو. مێردی مونیرە و مێردی ڕووناکیش. شەوێک هەموویان لە ماڵی مونیرە کۆ بووبوونەوە. هەموویان جگە لە ئەو. بارام گوتبووی: «ئێستا کە هەموومان کۆ بووینەتەوە، وا چاکە کێشەی فرۆشتنی ماڵەکە بەلایەکدا بخەین. ئەم یەک، دوو ڕۆژە قەباڵەکە ئیمزا نەکەین، دەکەوێتەوە ساڵێکی تر و، ڕەنجی ئەم ماوەمان بە با دەچێ».

گوتبووی: «خودا دەزانێ، ڕەنگە تا ئەو ماوە بانک لێمان ژێوان ببێتەوە و...»

مونیرە گوتبووی: «براکەمان خوشکی بمرێ، لە نەخۆشخانە کەوتووە و، تۆ باسی فرۆشتنی ماڵ و حەسارەکە دەکەی؟ من سەد جار گوتوومە تا براکەم چاک نەبێتەوە، تا لە نەخۆشخانە نەیەتە دەرو لەو ماڵ و حەسارەدا زەماوەندی بۆ نەگێڕم، تا وەسیەتی دایک و باوکم...» مونیرە لە بەر گریان قسەکەی پێ تەواو نەکرابوو. ڕووناکیش گریابوو. بارام گوتبووی: «براکەمان شوکور چاکە. تا حەفتەیەکی تر لە نەخۆشخانە دەیهێنمە دەر».

گوتبووی: «لە نەخۆشخانە بیهێنمە دەر، هەرگیز ناهێڵم بەتەنها لەو ماڵ و حەسارە چۆڵ و کاولە...» مێردەکەی مونیرە گوتبووی: «ئەم ماوەش نەدەبوو بمانهێشتایە بەتەنها لەو ماڵ و حەسارە چۆڵ و کاولە بژی». مێردەکەی ڕووناکیش هەڵیدابوویە: «ئەگەر ئەم ماوە لەو ماڵ و حەسارە نەبوایە، ئەگەر لە ماڵی بارام، یان لە ماڵی ئێوە بوایە، هەرگیز نەتاندەهێشت نیوەشەو لە ماڵ بچێتە دەرو، تا بەیانی لەناو بەفرو کرێوەدا بمێنێتەوە». گوتبووی: «بە قسەی من دەکەن تا ئەو لە نەخۆشخانەیە، ماڵ و حەسارەکە بفرۆشن. با کە ئینشاڵڵا هاتە دەر...» مونیرە گوتبووی: «ئەی زەماوەندەکەی؟ ئەی وەسیەتی دایک و باوکم؟»

بەیانی ئەو شەوە بارام و مونیرە و ڕووناک قەباڵەی فرۆشتنی ماڵەکەیان ئیمزا کردبوو. مابووەوە ئەو. چەند ڕۆژ دواتر قەباڵەکەیان بۆ ئەویش بردبووە نەخۆشخانە و، داوایان لێ کردبوو ئیمزای بکا.

«قەباڵەی فرۆشتنی ماڵەکەیە؟» ئەو پرسیبووی. نەیگوتبوو ئیمزای ناکەم. گوتبووی: «من شەو و ڕۆژێک لەو ماڵەدا کارم ماوە». بارام پێکەنیبوو. گوتبووی: «تا مانگێکی تریش کلیلی ماڵەکە بەخۆمان دەبێ. ئینشاڵلا کە چاک بوویتەوە...» ئەو ئیمزای کردبوو. دیسان سەرەگێژە... ڕووی لە ئەوان وەرگێڕابوو. لە دەرەوەی ڕوانیبوو. لەو دیو پەنجەرەی ژوورەکە، لە حەساری نەخۆشخانەکەی ڕوانیبوو. لەو بەفرە کە دنیای سپی پۆش کردبوو.

مونیرە گوتبووی: «کەمێک چاو لێک نێ و بخەوە. ئەوەندە لەو بەفرە سپییە ڕامەمێنە». مێردەکەی گوتبووی: «تۆ لە پشت ئەو پەنجەرە، لەناو ئەو بەفرەدا لە چی دەگەڕێی؟» بارامیش، بارام گوتبووی: «ببوورە نەمتوانی وەعدەکەم سەر بەرم. بانک دوا ئەوەی پارەکەی پێداین، کلیلی دەرکەو دەروازەی حەسار و کلیلی هەموو ژوورەکانی لێ وەرگرتین». گوتبووی: «دوێنێ هەموو کەلوپەلی ماڵەکەمان پێچایەوە و بۆ ماڵی مونیرەمان گوێزایەوە».

لە ماڵی مونیرە، لە میوانخانە جێگەیان بۆ ڕاخست. ژوورێکی گەورە کە جاروبار پڕ دەبوو لە میوان. میوانەکان جگە لە خزم و برادەرەکانی، زۆربەیان شاعیر و نووسەر و هونەرمەند بوون. زۆربەیان گەنج بوون. لەیلاش سەری لێدەدا. تا لە نەخۆشخانە بوو بەدوو، سێ ڕۆژ جارێک سەری لێدابوو. ئێستاش لە ماڵی مونیرە...

ئەو بەکەمی میوانەکانی دەدواند. لە بەر خۆیەوە وەڵامی هەواڵپرسیانی دەدایەوە و ئەوسا بێ دەنگ دەبوو. کە میوانەکان دەڕۆشتن و ماڵەکە چۆڵ دەبوو، هەڵدەستا. دەچووە ژوورێکی تر. ژوورێکی بچووکی لاپەڕ کە تاقە پەنجەرەکەی ڕوو لە حەسار بوو. لەوێش لە بەر پەنجەرەکە دادەنیشت و لە دەرەوەی دەڕوانی. بەفری حەسار وردە وردە دەتوایەوە. لە توانەوەی بەفرەکەی دەڕوانی. بیری دەکردەوە. بیری ئەفسانە، بیری ئەو ڕۆژانە کە ئەفسانەی بەجێ هێشتبوو، ئەو ڕۆژە تاڵانە. هێشتا نەیدەزانی ئەفسانە چۆن و بۆچی مردبوو. هێشتا نەیدەزانی کاڵێ دوای ڕۆشتنی فەرهاد...

گوتی: «دەبێ بڕۆم. دەبێ بڕۆم بۆ لای فەرهاد».

بۆ لای فەرهاد؟ مونیرە بەترس و سەرسووڕمانەوە سەیری کرد.

گوتی: «دەبێ بڕۆم چیرۆکەکەم تەواو بکەم».

مونیرە بەپەلە لە ژوورەکە چووە دەر. چەپکێک کاغەز و قەڵەمی بۆ هێنا و لە بەر دەستیدا داینا. گوتی: «ئەمە قەڵەم و کاغەز. دانیشە چیرۆکەکەت...»



ئەو قەڵەمەکەی هەڵگرت و سەری بەسەر کاغەزەکاندا شۆڕ کردەوە. بەسەر پەڕە سپییەکاندا. هەموو ڕۆژێک سەری بەسەر پەڕە سپییەکاندا شۆڕ دەکردەوە و هیچی نەدەنووسی. هیچی بۆ نەدەنووسرا. مونیرە دەیگوت: «تۆ کە هیچ نانووسی، بۆ ئەوەندە لەم ژوورە چۆڵە دادەنیشی و لەو کاغەزە سپییە ورد دەبیتەوە؟» دەیگوت: «تۆ هێشتا نەخۆشی. پێویستت بەپشوودان و حەسانەوەیە. تۆ کز و خەمۆکی. پێویستت بەناو قەرەباڵغی و...»

دیسان سەرەگێژە، ئەو تاقەتی قەرەباڵغی نەبوو. دەیگوت: «حەز دەکەم بەتەنها بم. خووم پێ گرتووە». بەوەڕسییەوە دەیگوت. مونیرە دەیگوت: «خوویەکی خراپە. دەبێ وازی لێ بێنی». بەخەمەوە دەیگوت. ئەو دیسان لە کاغەزە سپییەکەی بەر دەستی ورد دەبووەوە. دیسان بیری ئەفسانە دەکەوتەوە. بیری کاڵێ...

مونیرە بەدڵپڕییەوە لە ژوورەکە دەچووە دەر. بۆلای نەشمیل و مێردەکەی. دەگریا و دەیگوت: «ئاوا بڕواتە پێش...» نەیدەگوت، ئاوا بڕواتە پێش چی دەبێ. مێردەکەی دەیگوت: «مەترسە. ئێمە نەماننناسیوە. ئەو هەمیشە وابووە. هەمیشە...» دڵخۆشی دەدایەوە. دەیگوت: «ئەو پێویستی بەگۆڕانێکە لە ژیانیدا. ئەگەر ژن بێنێ...» دەیگوت: «ئەگەر ژن بێنێ چاک دەبێ. ژن دەرمانی هەموو دەردێکە. کزی و ماتی... خەمۆکی... فەرامۆشی...» بەپێکەنینەوە دەیگوت. نەشمیل دەیگوت: «لەیلاخانمی تلووعی هەموو ڕۆژێک هەواڵی دەپرسێ و...»

مونیرە بیری کردەوە. لەیلا کچێکی فیداکار و لە خۆ بوردووە. لەیلا ئەوی خۆش دەوێ و تەنها خۆشەویستی کچێکی وەک لەیلا دەتوانێ ژیانی ئەو بگۆڕێ. دەبێ خوازبێنی لە لەیلا بکا. دەبوو زووتر خوازبێنی لێ بکردایە. گوتی: «ئەم ماوە لە خۆوە خاوە خاوم کردووە. دەبێ تا درەنگتر نەبووە و...»

مونیرە لە بەر خۆیەوە گوتی. بەزەردەخەنەوە. گوتی: «ئەگەر لەیلا ئەمجارە بێ...»

لەیلا هات. مونیرە دەرکەی لێ کردەوە. وەک هەمیشە میهرەبان باوەشی پێدا کرد و ئەملاو لای ماچ کرد. لەیلا سەیری نەهاتێ. نەیپرسی چی ڕووی داوە؟ گوتی: «کێی لێیە؟»

کەسی لێ نەبوو. جگە لە مونیرە و، ئەو لە ژوورە بچووکەکە بوو. لەیلا گوتی: «ئێستا چۆنە؟»

مونیرە گوتی: «شوکور زۆر چاکە. خەوتووە. لەو ژوورە بچووکە خەوتووە».

ئەوسا دەستی خستە سەر شانی لەیلا و پێش خۆی دا.

– نامەوێ بەئاگای بکەمەوە. هاتم بەسەر پێوە هەواڵێکی بپرسم و...

مونیرە گوتی: «بەئاگای ناکەینەوە، کارم پێتە. دەبێ پێکەوە قسە بکەین، دوو بەدوو.

لەیلا سەیری هاتێ. مونیرە خۆشحاڵ بوو. پێدەکەنی. دەمێکە بوو پێکەنینی بەمونیرەوە نەدیبوو. لەوەتی ئەو نەخۆش کەوتبوو. حەتمەن ئەو زۆر چاک بوو. لەیلاش خۆشحاڵ بوو. بیری کردەوە، مونیرە چ کارێکی پێیەتی؟ لێی ورد بووەوە. نیگا و زەردەخەنەکەی وەک هەمیشە میهرەبانانە بوو. وەک هەمیشە؟ پێدەچوو ئەمجارە میهرەبانانەتر بێ. مونیرە بردیە ژوورێکی تر. داینیشاند و بۆ ساتێک بەجێی هێشت. ڕەسمێکی ئەو بەدیواری ژوورەکەوە بوو. ڕەسمێکی کۆن. ڕەسمی تافی لاویەتی. لەیلا لە ڕەسمەکە ورد بووەوە. ئەویش لە لەیلای دەڕوانی. نیگایەکی مات و... مات؟ نیگایەکی ئاشنا. نیگای ئەو چاوانە کە ساڵانێک بەدیواری ژوورەکەی خۆیەوە هەڵواسرابوو. چاوی باوکی.

مونیرە بەچاو شیرینییەوە هاتەوە. هەموو گیانی پێدەکەنی. گوتی: «دڵنیام لە خۆت دەپرسی بڵێی چ کارێکم پێت بێ؟»

لەیلا هیچی نەگوت. مونیرە گوتی: «دەمەوێ دەربارەی ئەو قسە بکەین». نزم گوتی. بەچاو ئیشارەتی بۆ ژوورەکەی ئەو کرد. ژوورێک کە ئەو دەبوو لێی خەوتبێ. لەیلا داچڵەکی. «دەربارەی ئەو؟»

مونیرە سەری لەقاند. گوتی: «دەزانی بۆچی نەخۆش کەوت؟»

مەجالی وەڵامدانەوەی پێ نەدا. گوتی: «شەوی بەفرو کڕێوەکە...»

ئەوسا بیری کەوتەوە لەیلا دەزانێ و درێژەی پێ نەدا. مونیرە بەپەلە بوو. قسەیەکی لە دڵدا بوو کە دەبوو زوو بیدرکێنێ. بەرلەوە ئەو بەئاگا بێتەوە. گوتی: «پیاو کە بەتەنها بژی...»

مونیرە ئیتر پێنەدەکەنی. بزەیەکی کزی لەسەر لێو بوو. لەیلا تێگەیی. ئێستا ئیتر دەیزانی مونیرە دەیەوێ چی بڵێ.

مونیرە گوتی: «ئێمە دەمێکەیە یەکتر دەناسین. پێموایە بزانی چەندەم خۆش دەوێی و، چەندە لەلام بەڕێزی. نەوەک هەر لەلای من، لەلای هەموو بنەماڵەکەم. لەلای مێرد و برا و تەنانەت لای ڕووناکی خوشکم کە تەنها جارێک تۆی دیوە».



لەیلا سوپاسی لێ کرد.

مونیرە گوتی: «بڕوام پێ بکە بەقەدەر نەشمیل خۆشم دەوێیت و بەقەدەر نەشمیل دەربەستی ژیان و بەختەوەریتم. تۆ خانمێکی خوێندەوار و تێگەیشتوو و خاوەن بەهرەیت. نامەوێ تاریفت لێ بکەم. تاریفی بەرامبەر خۆش نییە. بەڵام تۆ تێگەیشتووتر لەوەی کە...»

لەیلا سەری داخستبوو. مات بوو. زەردەخەنەکە بەلێویەوە وشک بووبوو. مونیرە نەیدەزانی بۆ. گوتی...

لەیلا سەری بەرز کردەوە. نیگای سارد و جیدی بوو. مونیرە داچڵەکی. لەیلا گوتی: «دەتەوێ خوازبێنیم لێ بکەی؟»

بە خەمێکی ئاشکراوە گوتی. لەیلا یەکەم جار نەبوو خوازبێنی لێ دەکرا، بەڵام مونیرە یەکەم جار بوو خوازبێنی لە کەسێک دەکرد. گوتی: «ئەرێ».

هیچی تری نەگوت. نەیدەزانی دەبێ لە دەوامەی ئەو وشەدا چی تر بڵێ. لەیلا پرسیارێکی ڕاستەوخۆی لێ کردبوو، ئەویش وەڵامی دابووەوە. نەیدەزانی ئەنجامی ئەو پرسیار و وەڵامە ڕاستەوخۆیە چی دەبێ. لەیلا ئاخێکی هەڵکێشا. ئێستا ئیتر تەواو کز بوو. مونیرە داچڵەکی. بەڵام زوو وەخۆی هاتەوە. گوتی:

«دەزانم ئەو لە تۆ بەتەمەنترە، بەڵام...»

لەیلا زەردەخەنەیەکی تاڵی کرد. ئەوەندە تاڵ کە مونیرە پێی وابوو ئێستا لە پرمەی گریان دەدا. لەیلا گوتی: «ئەو ژن هێنەر نییە مونیرەخانم. ئەو بۆ ژن هێنان نەگەڕاوەتەوە».

گوتی: «دڵنیام ئاگای لەم خوازبێنی کردنەی تۆش نییە».

ئەو کچە چی دەگوت؟ چۆنی دەزانی؟ مونیرە نەیپرسی. گوتی: «تۆ ڕاست دەکەی. بەڵام ئەو پیاوێکی شەرمن و بەحەیایە. لە هەموو ژیانیدا پیاوێکی شەرمن و بەحەیا بووە. ڕەنگە لە ڕووی نەیەت قسە بکا. لە بەر ئەوە لە تۆ بەتەمەنترە، ڕەنگە لە وەڵامی نا بترسێ».

گوتی: «ئەو برای منە؛ ئەگەرچی ساڵانێک لە یەکتر دوور بووین، بەڵام زۆر چاک دەیناسم. ئەو تۆی خۆش دەوێ. من دەزانم. لە یەکەم ڕۆژەوە کە تۆی دیوە...»

لەیلا خۆشحاڵ بوو ئەو قسەی دەبیست. شیرینییەکی خۆش لە گیانی گەڕا. مونیرە

هەستی پێکرد. هەستی بەو خۆشییە ئان و ساتییە کرد. چاوەکانی لەیلا پڕ بووبوو لە فرمێسک. گوتی: «منیش خۆشم دەوێ. لە یەکەم ڕۆژەوە کە دیومە، تەنانەت لەوە پێشیش خۆشم ویستووە».

دان پیانانێکی سەخت و خۆش بوو. بەشەرمەوە گوتی. گۆناکانی سوور هەڵگەڕان. زەردەخەنە تاڵەکەی نەمابوو. مونیرە گەشایەوە.

– کەواتە هەردووکتان یەکترتان خۆش دەوێ و...

گوتی: «نەکا لە بەر نەخۆشییەکەی... ئەو تەواو چاک بووەتەوە. ئەوەش کە تۆزێک کز و مات و بێ دەنگە...».

لەیلا دووبارەی کردەوە.

– ئەو ژن هێنەر نییە مونیرە خانم.

ئەوسا ڕووی لێ وەرگێڕا. پشت لە ئەو چاوەکانی سڕی. مونیرە گوتی: «بۆ وا دەڵێی؟ من دڵنیام...»

لەیلا نەیگوت بەرلەوەی مونیرە خوازبێنی لێ بکا، ئەو خوازبێنی لێ کردووە، لە میهرەبان. خوازبێنی لێ کردبوو؟ کەی و لە کوێ؟ ڕۆژێک لە شوێنێکی بەرز و بڵیند. گوتبووی: «دەمەوێ کەسی چیرۆکە تازەکانت بم». هێشتا دەنگی خەمباری ئەوی لە گوێدا بوو.

– من دەرفەتێکم بۆ نووسینی چیرۆکی تازە نەماوە.

گوتی: «با وازی لێ بێنین مونیرە خانم. با وازی لێ بێنین چیرۆکەکەی تەواو بکا».

نەیگوت ئاخر چیرۆکەکەی. گوتی: «ئەو بۆ نووسینی چیرۆکەکەی گەڕاوەتەوە».

لەیلا قسەیەکی کرد کە مونیرە دەیان جار لە ئەوی بیستبوو. ئەوسا هەستا. چارشێوەکەی بەسەر خۆیدا دایەوە و لە ژوورەکە چووە دەر. مونیرەش بەشوێنیدا چووە دەر. هەردووکیان بێ دەنگ، وەها کە هیچ قسەیەکیان بۆ کردن پێ نەمابێ. هەردووکیان مات. لەیلا کاتێک لە هۆڵەکە تێدەپەڕی بۆ ساتێک دەنگی ئەوی بیست. ئەو لە ژوورە بچووکەکە دەگریا.



# بیست و سێ

کە سەرم لەسەر مەنگەڵییەکە هەڵبڕی، ئەو لە ژوورەکەدا بوو. ژووری من یان ژووری فەرهاد؟ ژوورێکی تاریک و پڕ لە دووکەڵ کە بۆکۆن و بۆنی زبڵی سووتاوی لێ دەهات. لە کەیەوە هاتبوو؟

گوتم: «چاوەڕوانت بووم. دەمزانی دێی».

دەمزانی دێ. لەو ڕۆژەوە کە بردبوویان بۆ نەخۆشخانە. لەو ڕۆژەوە کە بردبوویان بۆ ماڵی مونیرە. هەمموو ئەو ماوە گوتبووی: «من دەبێ بڕۆم بۆ لای فەرهاد. دەبێ بڕۆم چیرۆکەکەم تەواو بکەم». ئێستا هاتبوو. لەبەر ڕۆشنایی کزی پەنجەرەکەدا دانیشتبوو. لەبەر ڕۆشنایی کزی پەنجەرەی ژوورەکەی فەرهاد. لە جێی فەرهاد. دەستە باریک و ئێسکنەکانی لە دەوری ئەژنۆی ئاڵاندبوو. سەری بەملییەوە بۆ سەر شانی شۆڕ بووبووەوە. وەک فەرهاد کە دەستە باریک و ئێسکنەکانی لە دەوری ئەژنۆی دەئاڵاندو... چەندە لە فەرهاد دەچوو. قژی خۆڵەمێشی سەر و ڕیشی. ڕوومەتی تێک قوپاو و چاوی بەقووڵدا چووی. دەتگوت لە پشت فەرهادەوە خۆی شاردووەتەوە. یان فەرهاد لە پشت ئەوەوە. چیرۆکنووس و کەسی چیرۆکەکەی ئێستا یەک کەس بوون. کەسێک کە ساڵانێک بوو تووشی فەرامۆشی بووبوو. فەرامۆشی؟ کەسێک کە ساڵانێک بوو لە خۆی و لە ژیان و ڕابوردووی دابڕابوو. لە دایک و باوک و... لە خۆشەویستەکەی دابڕابوو. لە ئەفسانە. ئەفسانە؟ لە کاڵێ.

ئەو گوتبووی: «من نامەوێ نەخشی کاڵێ لە ڕووی ئەفسانەوە بکێشمەوە. نامەوێ کاڵێ هەمان ئەفسانە بێ. یان لە ئەفسانە بچێ». سەرەتا کە دەستی بەنووسینی چیرۆکەکە کردبوو، گوتبووی. گوتبووی: «من نامەوێ چیرۆکی فەرهاد و کاڵێ، چیرۆکی خۆم و...».

ئەو هێشتا چیرۆکەکەی تەواو نەکردبوو. چیرۆکی فەرهاد و کاڵێ. زۆری هەوڵ دابوو تەواوی بکا. بەتایبەت ئەم ماوە کە لە ماڵی مونیرە بوو. لە ژوورێکی بچووک و لاپەڕ، دانیشتبوو، لە سپیەتی تۆخ و قیرسیچمەی کاغەزەکان ورد بووبووەوە. وەک فەرهاد کە ساڵانێک لەمەبەر لە سپیەتی تابلۆکەی ورد بووبووەوە. فەرهادیش تابلۆکەی تەواو نەکردبوو. دواهەم تابلۆکەی.

گوتم: «بەڵام من چیرۆکەکەم تەواو دەکەم. چیرۆکی میهرەبان. چیرۆکی پیاوێکی چیرۆکنووس کە دوا ساڵانێک غوربەت و دووری گەڕاوەتەوە دواهەم چیرۆکەکەی بنووسێ».

دواهەم چیرۆکەکەی؟ هەستام. بەدەم هەستانەوە لە ئەوم ڕوانی. ئەو هەروا دەستەو ئەژنۆ دانیشتبوو. هەورێک دووکەڵ بەژوور سەریەوە لەنگەری گرتبوو. لێی نزیک بوومەوە. لەبەر پەنجەرەی ژوورەکە ڕاوەستام. وەک ئەو کە لە بەر پەنجەرەی ژوورەکە ڕادەوەستا و بەبەرەدەست توێخێک دوودە و دووکەڵی چاوەیەکی بچووکی پەنجەرەکەی خاوێن دەکردەوە. لەو دیو پەنجەرەکەم ڕوانی. لە حەسارێکی کاول. لە درەختەکان کە لە بنکەوە بڕدرابوونەوە. درەختەکان بەلق و پەلی ڕووتیانەوە کەوتبوونە زەوی. حەسارەکەیان داپۆشیبوو. لەوبەر حەسارەکەشەوە بینایەکی گەورە ڕووخابوو. کۆڵەکەکانی هەرەسیان هێنابوو. بان و هەیوانەکەی تەپیبوو. باڵندەیەکی ڕەش و گەورەش لەسەر ترۆپکی کەلاوەکە هەڵنیشتبوو. دیمەنێکی ترسناک بوو. ترسناک؟ دیمەنێکی خەمبار و دڵتەزێن بوو. ڕووم لێ وەرگێڕا. ڕووم لە پەنجەرەکە وەرگێڕا و گوتم: «هەستە. دەبێ بڕۆینە دەر».

– بۆ کوێ؟ ئەو نەیپرسی.

گوتم: «دەبێ بڕۆین بۆ ئەو کۆڵانە تەنگەبەر و داخراوە کە فەرهاد...»

هەواڵی ڕۆشتنی فەرهاد هەواڵێک نییە لە خەڵکی کۆڵان و گەڕەک شاردراوە بێت. سۆراخی لە یەکتر دەگرن. پیاوان کە یەکتر دەبینن، لە چایخانە یان لە هەر شوێنێکی تر، خەبەری لە یەکتر دەپرسن.

– بیستووتە فەرهاد ڕۆشتووە؟

– نازانی بۆ کوێ چووە؟

– پێت وانییە...

درێژەی پێ نادەن. دەترسن پیاوەکان. لە یەکتر دەترسن. لە شۆفارێک کە ڕەنگە لە ناخی یەکێکیاندا خۆی حەشار دابێت. بەڵام ژنەکان ناترسن. نیگەرانن ژنانی کۆڵان. نیگەرانتر دەبن کاتێک لە چاوی کاڵێ ورد دەبنەوە. چاوەڕوان نین چاوە تەڕەکانی کاڵێ. لەو ڕۆژەوە سێ پیاوی تەڕپۆش دەرکەی ژوورەکەی فەرهادیان شکاندووە و کەلوکونی ژوورەکانیان پشکنیوە، پرسیاریان لێ تۆراوە نیگای تازیەباری کاڵێ. هەنگاوەکانیشی لە تەکان کەوتوون. بەکەمی لە ماڵ دەچێتە دەر. بەکەمی لە کۆڵانەوە تێدەپەڕێت. بۆ هیچ



ماڵێک ناچێت کاڵێ. بەپیر تەپ و کوتی تەونی کچە تەونکەرەکانیشەوە ناچێت. کزن کچە تەونکەرەکان. لە دایک و باوکیان کزترن. لە براکانیشیان کزترن. هەواڵی گیرانی فەرهادیان لە براکانیان بیستووە. گریاون کاتێک زانیویانە فەرهاد گیراوە. بۆ کاڵێ گریاون. بۆ هەرەسی خەونەکانی. خەونەکانی کاڵێ خەونی خۆشی خۆیان بووە. بۆ هەرەسی خەونەکانی خۆیان دەگرین. مان لە تەونکردن دەگرن. مان لەو گوڵە سوورانە دەگرن کە بەدەم جووڵەی پەنجەو ترپەی دڵیانەوە لە تەختی شینی قاڵی دەڕوێن. مان لە بەرتەونانە دەگرن کچە تەونکەرەکان. لە ئاوازی بەکۆمەڵیان کە لە درزی دەرکە و پەنجەرەی ژێرخانەکانەوە بەکۆڵاندا بڵاو دەبووەوە. پێی بەڕێبواران شل دەکرد ئاوازی بەرتەونانەیان. تێپەڕبوونی لە هەنگاویان دەدزییەوە. پێی بەعاشقان شل دەکرد. مان لە عاشقەکانیان دەگرن کچە تەونکەرەکان. بەبێ هەڕەشەی باوک و برا و بەبێ تکای دایکەکانیان نارۆنە پشت داری قاڵی. بێ فرمێسک پەنجە نابزێون. قاڵی ڕمێنی نابێت ئیمساڵ. فەرشێک گوڵەکانی زەرد بن نافرۆشرێت...

ئەو لە تاریکە بازاڕەکەوە تێپەڕی. لەبەر دووکانەکانەوە. قاڵی فرۆشی، جلوبەرگ فرۆشی، عەترفرۆشی لەبەر دووکانی زێڕینگەرەکانەوە. ناو بازاڕ قەرەباڵغ نەبوو. هەوا سارد بوو. خەڵک لە ماڵەکانیان نەهاتبوونە دەر.

من لە چەقی چوار ڕێیانێک ڕاوەستام و گوتم: «ئێستا دەبێ بەکامە کۆڵاندا بڕۆین؟»

دوودڵ بووم. جارەکانی پێشوو فەرهادمان لەگەڵ بوو. فەرهاد پێشمان کەوتبوو. بەڵام ئەمجارە... بەشوێن ئەودا خۆم بەکۆڵانێکی تەنگەبەردا کرد. پێم هەڵگرت بەڵکو پێی بگەمەوە. گوتم: «ئەم کۆڵانە تەنگەبەرانە زۆر لە یەکتر دەچن. وریا بە...»

ئەو دەستی ئاخنیبووە ناو گیرفانی پاڵتۆکەی و گورج و بەپەلە بەپێچاو پلووچی کۆڵانەکەدا تێدەپەڕی. وەک فەرهاد. وەک ئەو یەکەم جارە کە زیندوو بووبووەوە. گەنج بووبووە و... کۆڵان چۆڵ بوو.

چۆڵە کۆڵان؛ چۆڵ و خەمبار. دەڵێی خۆڵی گۆڕستانی بەسەردا ڕژاوە. بەسەر بان و گوێسپانەی سەرو مل شۆڕ و داتەپیوی ماڵەکاندا. بەسەر دیوارە کاگڵەکاندا. بەسەر پەنجەرە و... هێشتا شینن پەنجەرەکان. شین؟ خۆڵەمێشین. تاکانیان قایم پێوە دراوە. درزو برینەکانیان بەکاغەز و سریش شاردراوەتەوە. کەس لەناو پەنجەرەکاندا نییە. تەنانەت کچە عازەبەکانیش. پەردە و پشت پەردەکان دادراونەتەوە. لە ترسی سەرما، دەرکە و

دەروازەی چێوی و تەنەکەی ماڵەکانیش پێوە دراون. لە ترسی با، تەنها بایە تووڕە و قیرسیچمە بەکۆڵانەکەدا تێدەپەڕێت. لەم سەری کۆڵانەوە بۆ ئەو سەری و... ئەو سەری کۆڵان داخراوە. دەرکەی چێوی ماڵی پیرێژنیش داخراوە. دەرکەی تەنەکەی ماڵی کاڵێش. دەرفەتی دەربازبوونی نییە با. تووڕە و هەڵچوو خۆی بەدیوارەکاندا دەپەلۆسێت. خۆی بەدەرکە و پەنجەرەی ماڵەکاندا دەپەلۆسێت. خۆی بەگوێسپانەکاندا دەپەلۆسێت. هەڵدەکشێت. لەسەر بانی ماڵی کاڵێ کۆترەکانی ڕەحیم پێش خۆی دەدات. کۆترەکان دەستەیەکی ماندوو، ترساون. بەدەم باوە، لە ئاسمانی کۆڵان و گەڕەک لە یەکتر هەڵدەبڕێن. جووتەکان لە یەکتر هەڵدەبڕێن...

گوتم: «لە بیرت نەچێتەوە ڕەحیم کۆترەکانی فرۆشتبوو. کاتێک فەرهاد کاری بۆ دۆزیبووەوە...»

ڕاوەستا. بەرامبەر بەماڵی کاڵێ پاڵی بەدەرکەی چێوی ماڵی پیرێژنەوە دا. ماندوو بوو. دیار بوو ماندووە و ئەگەر دەرکە ئاوەڵا بوایە، دەچووە ژوور. بۆ داڵانە تاریکەکەو بەپلیکانەکاندا هەڵدەگەڕا. بۆ ژوورەکەی فەرهاد. ئەو نەیدەزانی ژوورەکەی فەرهاد چی بەسەر هاتووە. لەو شەوەوە کە ئەو سێ پیاوە پۆلیسە بێ دەنگ و بێ چرپە خۆیان بەماڵی پیرێژندا کردبوو، دەرکەی ژوورەکانی فەرهادیان شکاندبوو، ڕۆشتبوونە ژوور... دەبێ کەلوکونیان سنگ و سووژن دابێ. کەلوپەلی ژوورەکانیان هەڵڕشتبێ. چییان لەگەڵ خۆیان بردووە؟

پیرێژن گوتبووی: «ناهێڵم هیچ شتێک لەم ماڵە ببەنە دەر. ماڵی ئەمانەتە. نامەوێ ڕوو زەردی خاوەنەکەی بم». گوتبوویان: «خاوەنەکەی خرابکارە».

«خرابکار؟!» پیرێژن گوتبووی: «خرابکار ئێوەن کە بەزۆر دەرکەی ماڵان دەشکێنن و...» پیاوەکان لێی ڕاسابوون. یەکیان پاڵی پێوە نابوو خستبووی. یەکیان جنێوی پێدابوو. سێهەمینیشیان کە بەتەمەنتر بوو، گوتبووی:

– تۆ پیرێژنێکی گێل و کلۆڵی. تێناگەی. خاوەنی ئەو ژوورانە گەنجێکی نەفامی خوێندکارە. لە زانکۆ هەڵاتووە. جاسووسە. پیاوی بێگانەیە. ئێمە گرتوومانەو دەیکوژین. دڵنیا بە هەرگیز نایبینیەوە کە ڕوو زەردی ببی. دڵنیا بە...

پیرێژن باقی قسەکەی نەبیستبوو. بەدەم گریان و ناڵاندنەوە لە ژوورەکە چووبووە دەر و بەپلیکانەکاندا داگەڕابوو. کاڵێ لە حەساری ماڵەکەی بوو. لە حەساری ماڵی پیرێژن.



وەک شەپڵە لێدراو هەڵلەرزیبوو. ئەویش قسەکانیانی بیستبوو. کە پیرێژنی دیبوو، گریا بوو. پیرێژن لە ترسا بەپەلە پێش خۆی دابوو، بردبوویە ژوور. ژوورەکەی خۆی. کاڵێ گوتبووی: «دەیکوژن. دەزانم دەیکوژن». بەدەم گریانەوە گوتبووی. پیرێژنیش گریا بوو. بۆ فەرهاد. جوانە مەرگ فەرهاد. بۆ کاڵێ. کلۆڵ کاڵێ...

دەرکەی تەنەکەی ماڵی کاڵێ کرایەوە. ڕەحیم و سێ، چوار کەسی تر لێی هاتنە دەر. هاوڕێکانی بوون. لەسەر قومار هەستابوون؟ ئەویان نەدی. نەدەبوو بیبینن. پێدەکەنین. قاقایان دەکێشا. سەرخۆش بوون؟

گوتم: «وا دیارە ڕەحیم وازی لە کارەکەی هێناوە و گەڕاوەتەوە سەر دۆخی پێشووی».

وازی لە کارەکەی هێنابوو. کە زانیبووی فەرهاد ڕۆشتووە، کە زانیبووی گیراوە، وازی لە کارەکەی هێنابوو گەڕابووەوە بۆ ماڵ. کاڵێ نەیپرسیبوو بۆ؟ لە گەڵی بەشەڕ نەهاتبوو. ڕەحیم گوتبووی: «کێ دەیزانی ئەو کوڕە نەقاشە خرابکارە؟» بەترسەوە گوتبووی. کاڵێ لە سووچێک دانیشتبوو. سەری خستبووە ناو کاسەی لەپە دەستەکانیەوە و لە شوێنێک ڕاما بوو. کوڕە کوێرەکانیش شان بەشانی یەکتر دانیشتبوون. ڕەحیم گوتبووی: «خاوەن کارەکەشم برادەریەتی. دەترسم ئەویش خرابکار بێ. دەترسم بێن و ئەویش بگرن». کاڵێ سەری هەڵنەبڕیبوو. هیچی نەگوتبوو. کوڕە کوێرەکانیش هیچیان نەگوتبوو. ڕەحیم تووڕە بووبوو. گوتبووی: «خۆ برای باوکمان نەگیراوە. بۆ چی ئاوا دەستەوئەژنۆ...» ئەوسا هەستابوو ڕۆشتبوو. لە بەیانی ئەو ڕۆژەوە چووبوو بەشوێن هاوڕێکانی جارانیداو... کاڵێ هەروا کزو بێ دەنگ لە شوێنێک ڕامابوو. لە کوێ؟ ڕەحیم گوتبووی: «تاکەی ئاوا تازیەبار دادەنیشی؟ ئەو کوڕانە بۆ پرسە نایەن. هەستە دەستێک بەخۆتدا بێنەو وەک جاران میوانداریان بکە». نەڕاندبووی: «نەکا تۆش لەگەڵ ئەو هەتیوە نەقاشە هاودەست بووبی؟ نەکا تۆش خرابکار بی؟» دەرکەی تەنەکە هێشتا ئاوەڵابوو. ئەو بێ چرپە لێی چووە ژوور. ماڵی کاڵێ...

چۆڵە ماڵی کاڵێش. ڕەحیم ڕۆشتووە و کوڕە کوێرەکانیش لە ماڵ نین. تەنهایە کاڵێ. دەترسێت. لەو ڕۆژەوە فەرهاد ڕۆشتووە، لەو ڕۆژەوە مات و خەمبار لە سووچێکی ژوورە بچووکەکەی دانیشتووە و سەری لە کاسەی بەرە دەستیدا داناوە. دەترسێت، نازانێت لە چی. ترسێکی غەریب لە گیانی نیشتووە. نازانێت بۆچی. نازانێت؟ هەڵدەستێت کاڵێ. دەستێک بەدیوارەکە دەگرێت و هەڵدەستێت. لەو ژوورەوە بۆ ژوورەکەی تر و نامۆیی لێ

دەکەن ژوورەکان. کەلوپەلەکانیش نامۆیی لێ دەکەن. ڕەسمی سەر سنگی دیوارەکان، چل تیکەو دەستچنی سەر تاقەکان، گوڵدانی ناو پەنجەرەکان، تەنانەت ئاوێنەکانیش. بیری دەکەوێتەوە، چی ئاوێنەی گەورە و بچووکی ناو ماڵەکەیە کۆی دەکاتەوە. لە ژوورە بچووکەکەی خۆی، ئەوەی دەبێ هەڵواسرێت، هەڵی دەواسێت. ئەوەی دەبێ هەڵپەسێردرێت، هەڵی دەپەسەرێت. لە چوار قوڕنەی ژوورەکەش چوار ئاوێنەی باڵانوێن دادەنێت. گەمە دەکات کاڵێ. پێشتریش کردوویە. سەدان جار، لەوەتی خۆی ناسیوە. لە قەرەباڵغی ئەو ئاوێنانەدا خۆی ناسیوە کاڵێ. لە گەمارۆی ئەو وێنانەدا کە هەموویان وێنەی خۆی بوون. وێنەی ئەندامەکانی لەشی لە چوارلاوە. گەمەیەکی منداڵانەیە. پێشتریش گوتوویە. سەدان جار، هەموو جارێک بڕیاری داوە وازی لێ بهێنێت. واز لە کڕینی ئاوێنە و وازی نەهێناوە کاڵێ. تەنانەت کە گەورەش بووە وازی نەهێناوە. کە فەرهادیشی ناسیوە... یەکەم جار لە ماڵی فەرهاد کە لە ئاوێنە دەگەڕێت و لێی نییە دادەچڵەکێت.

– چۆن دەتوانی بەبێ ئاوێنە بژی؟

– بەبێ ئاوێنە؟!

– چۆن دەتوانی لە خۆت و لە ئەندامەکانی لەشت غافڵ بیت؟

لە ناویاندا ڕادەوەستێت. لە ئاوێنەکاندا. لە ناوەڕاستی ژوورەکە و پێشتریش ڕاوەستاوە کاڵێ. سەدان جار، هەموو جارێک پەردەی پەنجەرەی داداوەتەوە. ئاڵقەی دەرکەی هەڵپێکاوە. گلۆپەکەی هەڵکردووە و ڕووت بووەتەوە. لە بەر چاوی خۆیدا ڕووت بووەتەوە. لە بەر شاڵاوی نیگای تۆقاویدا، لە هەموو ئاوێنەکاندا ڕووت بووەتەوە. لە هەموو ئاوێنەکاندا لە خۆی ڕوانیوە. یەکەم جار کە بۆ فەرهاد دەگێڕێتەوە، پێدەکەنێت. بەسەیر و سەرسووڕمانەوە پێدەکەنێت فەرهاد.

– تۆ لەو ئاوێنانەدا لە چی دەگەڕێی؟

– لە خۆم. لە ئەندامەکانی لەشم. دەترسم لێم ون بن.

– لێت ون بن؟

دادەچڵەکێت فەرهاد. سەیری دێتێ. ئیتر هیچی لێ ناپرسێت.

بەرەو پەنجەرەکە دەڕوات کاڵێ. پەردەکە دادەداتەوە. ئاڵقەی دەرکەش هەڵدەپێکێت...

گوتم: «ئەو کچە دەیەوێ چی بکا؟»



# بیست و چوار

ئەم بەیانییەش قیژەیەکی تیژو ترسناک لە خەو ڕایپەڕاند. قیژەی وشک و جەرگبڕ...

گوتی: «ئەفسانە...»

بە هاوارەوە گوتی. بەترسەوە هەڵخزا. بەوەحشەتەوە. چاوی بەچوار دەوری خۆیدا گێڕا. بەناو ژوورە تاریک و دووکەڵاوییەکەدا. نیگای وەیلان و تۆقاوی بەهیچەوە بەند نەدەبوو. بەدیوارە ڕەشەکانەوە. بەقاپی ڕەسم و ئاوێنەی شکاوی سەر تاقەکانەوە کە دوودەو دووکەڵ داپۆشیبوون. ڕەش و تاریکی کردبوون. سەعاتە لە کار کەوتووەکەی سەر سنگی دیوارەکەش ڕەش و تاریک بوو. پەنجەرەکەش... دەرەوە تازە ڕوون بووبووەوە. ڕۆشناییەکی کز و لاواز تازە لە چاوە بچووکەکانەوە هاتبووە ژوور. ڕۆشناییەکە هێشتا ژەنگی سەرما و تاریکی پێوە بوو. سەرما و تاریکی شەوێکی درێژ. پاییز و زستانێکی درێژ.

گوتی: «ئەرێ ئەفسانە بوو...»

وەک کەسێک لە گوتنەکەی دڵنیا نەبێ، چەند جار دووبارەی کردەوە.

من لەو لایەوە دانیشتبووم. وەک هەمیشە لە پاڵ مەنگەڵێیەکەدا. مەنگەڵی تینی نەمابوو. پشکۆکان دامرکابوون و بووبوونە خۆڵەمێش.

گوتی: «قیژەی ئەفسانە بوو. هەموو ئەم ماوە...»

دەنگی دەلەرزی. بەگران قسەی بۆ دەکرا. من دەربەستی قسەکردنی نەبووم. ماندوو بووم. دوێ شەو نەخەوتبووم. لە ئێوارەوە کە لە ماڵی کاڵێ هاتبووینەوە، لەو کاتەوە کە ئەو خەوتبوو، من دانیشتبووم و دەستم بەخوێندنەوەی چیرۆکەکەی کردبوو. چیرۆکی فەرهاد.

گوتی: «من هەموو ئەم ماوە خەونی ئەفسانەم دیوە».

فەرهادیش خەونی کاڵێی دیبوو. لە دواهەم بەشی چیرۆکەکەیدا. ئەو کەی دواهەم بەشی چیرۆکەکەی نووسیبوو؟ دواهەم خەونی فەرهاد. دواهەم خەونی پیاوێکی نەقاش کە...

هەروا بەرامبەر تابلۆو سێ پایەکەی دانیشتووە نەقاش. لە سپییەتی زەق و قیرسیچمەی

قوماشەکە ورد بووەتەوە. لەو چەند هێڵە خوارو خێچ و ڕەش و باریکە. هەروا بەشوێن هێڵەکانەوەیە نەقاش. لە دەوامەی هێڵەکاندا لە کاڵێ دەگەڕێت فەرهاد.

– لە کوێی کاڵێ؟ من هەموو ئازارەکانم کێشاوە. لە پێناوی ئەم ساتەدا، لە پێناوی گەیشتنەوە بە تۆ، هەموو سووکایەتییەکم پێکراوە...

دەنگ هەڵدەبڕێت: «بۆچی خۆتم نیشان نادەی؟ بۆ خۆتم لێ دەیشاریەوە؟»

سپیەتی تابلۆکە چاوی ئازار دەدات. سەرەگێژە و تەزوویەک وەک تیر بەلاجانگیدا تێدەپەڕێت.

– بۆ لە پشت ئەم هێڵانەوە دەرناکەویت؟

دەستی شل دەبێت فەرهاد. فڵچەی نێوان ئەنگوستەکانی دەخزێت. دەکەوێتە زەوی. سەرەگێژە و تابلۆ سپیایەکە بەژوور سەریەوە دەخولێنەوە؛ دەڕووخێت فەرهاد. هەرەس دێنێت و تەختی زەوی دەبێت. پێڵووەکانی دەنیشن. تابلۆکەی لێ ون دەبێت. تەنها دەنگەکان دەبیستێت. وازی لێ ناهێنن دەنگە مووزیییەکان. لە خەو و بێ هۆشیشدا واز ناهێنن و شاڵاوی بۆ دەبەن. هەموو لایەکیان لێ تەنیوە دەنگە وەهمییەکان. ناهێڵن دەنگی کاڵێی بگاتێ.

– دەنگ هەڵبڕە کاڵێ. لەو زوڵمەتە وەرە دەر، خۆت بنوێنە. دەمەوێ بتبینم. دەمەوێ بزانم ئەم هەموو ساڵە چیت بەسەر هاتووە. دەمەوێ بتکێشمەوە کاڵێ. ڕوخسار و ئەندامی نیانت بکێشمەوە... وەک ئەو جارە کاڵێ، نەوەک لەناو ئاوی ڕوونی حەوزو ئەستێرێکدا، دەمەوێ ئەمجارە لەناو...

دەگری فەرهاد. خەوتووە و دەگری. لەوە زیاتر خۆی پێ ناگیرێت کاڵێ. دەردەکەوێت. نەوەک لە پشت هێڵەکانی دوا تابلۆکەی فەرهاد، لە خەونیدا، لە دوا خەونیدا دەردەکەوێت.

– کاڵێ... ئازیز...

دەنگی فەرهاد نابیستێت کاڵێ. دەنگی پیاوێک کە لە دواهەم خەونیدا دەرکەوتووە. هیچ دەنگێک نابیستێت کاڵێ. ڕاوەستاوە. لە ژوورێکی بچووکدا کراسێکی تەخت شینی لەبەردایە. بەگوڵی وردی سوورەوە، لەناو دەیان ئاوێنەی گەورە و بچووکدا ڕاوەستاوە. لەناو دەیان تابلۆی گەورە و بچووکدا بەش بووە.

– نازدارەکەم!...



پێدەکەنێت فەرهاد. خۆشحاڵە.

– ڕۆژانی تاڵی دووری بەسەر چووە. من دەمزانی دەرەقەت دێیی.

نایبینێت کاڵێ. ئەو پیاوە نابینێت کە لە خەونیدا دەرکەوتووە. هیچ کەس نابینێت جگە لە خۆی. جگە لە ئەندامی لەشی ماندووی. نامۆیی دەکەن ئەندامەکانی لەشی. دەست و پێ و سک و ناوپشت و، تەنانەت سەرو ڕوخساریشی غەریبی لێ دەکەن. بەئەمری نابزوێن. ڕووت نابنەوە. سەما ناکەن. چاوەکانیشی بەئەمری ناڕوانن. لە ئاوێنەکان ناڕوانن. لە وێنە نامۆکان ورد نابنەوە. لە ئاگری زۆپاکە ورد دەبنەوە چاوەکانی. لە سەمای بڵێسەکان ڕادەمێنن.

– وەرزی سەرما بەسەر چوو کاڵێ. پێویستمان بەئاگر نییە. پێکەوەبوونمان نەک هەر خۆمان، شارەکە گەرم دەکاتەوە.

گوێی ناداتێ کاڵێ. گوێ بەو پیاوە نادات کە لە خەونیدا دەرکەوتووە. گوێ بەهیچ نادات جگە لە پووتی پڕ لە نەوتی زۆپاکە. پێی بەرەو زۆپاکەی دەبەن. دەستی بۆ پووتە نەوتەکە درێژ دەبێت. قامکەکانی سەری پووتەکە هەڵدەدەنەوە. دەربیجەیەکی بچووک دەردەکەوێت. دەنەوێتەوە کاڵێ. لە نەوتی ناو پووتەکە ڕادەمێنێت. لە جەغزی دەربیجەکەوە خۆی لەناو نەوتەکەدا دەبینێت. ڕوخساری خۆی، لە ڕەشایی ئاویلکەی نەوتەکەدا. پووتەکە بەرز دەکاتەوە.

– چی دەکەی کاڵێ؟!

پووتەکە بەژوور سەریەوە لەنگەر دەگرێت. بەژوور سەری کاڵێوە. دەستی چەپی هێزی نامێنێت. پووت لار دەبێتەوە و نەوتەکە دەڕژێت. بەسەر کاڵێدا دەڕژێت. بەسەر بسکی خاو و ئالۆزیدا. بەسەر شان و سنگ و بەرۆکیدا. بەهەموو لەشیدا. نەوتەکە ساردە، موچڕکەی بەلەشدا دێنێت.

– کاڵێ...

دەقیژێنێت فەرهاد. هەموو لەشی تەڕە کاڵێ. بسکی بەگەردن و سەرشانیدا تلیساوەتەوە. کراسە تەختشینەکەی بەلەشییەوە نووساوە. ڕووت بووەتەوە کاڵێ. لە هەموو ئاوێنەکاندا ڕووت بووەتەوە. لەشی سارد و تەڕی لە هەموو ئاوێنەکاندا بەش بووە. ڕوومەتی مات و چاوە بێ تینەکانی، گۆناو لێو و... ئەو هەموو ڕوخسارە نامۆیە کە لە یەکتر ڕاماون، لە سنگ و بەرۆک و مەمکی تورت و قوتی یەکتر ڕاماون، لەناو پشت و

سمتی یەکتر ڕاماون، لە پێستی شین و باخێکی نامۆی پڕ لە گوڵی وردی سوور ڕاماون و... ناترسن. نەتۆقاون. هیچ هەستێکیان لە خۆیاندا هەڵنەگرتووە چاوە بێ تینەکانی کاڵێ.

– کاڵێ...

داماوە فەرهاد. نازانێت لە کوێیە و، نازانێت چۆن دەبێ بەر بەو مەرگەساتە بگرێت کە تا ساتێکی تر ڕوو دەدات. شەمچەی بەدەستەوەیە کاڵێ. چلێکی لێ دەردەهێنێت و...

– نەکەی کاڵێ...

داوێنی کراسەکەی گڕ دەگرێت. گڕ بەداوێنیدا هەڵدەگەڕێت. چاوە بێ تینەکانی دەردەتۆقن. ڕوخساری ماتی دەگەشێتەوە، وەک پشکۆ. دەستەکانی بەرز دەبنەوە و سەر سەما دەکەوێت کاڵێ.

– کاڵێ...

کاڵێ گڵۆڵە گڕێکە و لەناو دەیان ئاوێنەی گەورە و بچووکدا سەما دەکات. ئاوێنەکان مەیدانێکی تەنگەبەر و تەسکن. ژوورەکەش. لە ژوورەکە دەردەپەڕێت. گڵۆڵە گڕێک خۆی بەدار و دیواری حەساردا دەکوتێت. خۆی بەدەرکەی تەنەکەو... کاڵێ گڵۆڵە گڕێکەو خۆی بەسەرما و خەڵوەتی کۆڵان دەسپێرێت. بەباوەشی تامەزرۆی با. بڵێسەکان بەدەم باوە هەڵدەچن. دووکەڵ کۆڵانەکە دەتەنێتەوە و، بەقیژەی کاڵێ، بەدوا قیژەی تیژ و ترسناکی کاڵێ، لە خەو ڕادەپەڕێت فەرهاد.

هەروا کە پێشبینیم دەکرد ئەو چیرۆکەکەی تەواو کردبوو. چیرۆکی فەرهاد لە دوارۆژەکانی زستاندا تەواو بووبوو. دوارۆژەکانی زستانی چساڵێک؟

گوتم: «منیش چیرۆکەکەم تەواو دەکەم. چیرۆکی میهرەبان».

ئەوسا سەرم بەرز کردەوە. ئەو لە ژوورەکەدا نەبوو. من تەنها بووم. تەنها لەبەر ڕۆشنایی کزی پەنجەرەکە دانیشتبووم و، دەستە باریک و ئێسکنەکانم لە دەوری ئەژنۆم ئاڵاندبوو.

تەواو

١٣٨٠/١/٦